زانكۆی بینگۆل
ئینستیتیۆتی زمانە زیندووەکان
بەشی زمان و ئەدەبی کوردی

# گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی "هێمن"دا

تێزی دکتۆرا

لەلایەن توێژەر:
رزگار عبدالقادر سعيد

بەسەرپەرشتی:
د. هێمن عومەر ئەحمەد

بینگۆل 2025

**BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ**

**YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ**

**KÜRT DİLİ VE EDEBİYATI ANABİLİM DALI**

# HEMIN'IN ŞİİRLERİNDE MİLLİYETÇİ SÖYLEM

**DOKTORA TEZİ**

**Hazırlayan**

**Rizgar Abdulkadir Saeed Saeed**

**TEZ DANIŞMANI**

**Dr. Öğr. Üyesi Hemin Omar AHMAD**

**Bingöl-2025**

**پێشکەشە بە:**

هەموو خۆشەویستانم،

هەموو کەسێکی چاکەکار و پاك و دڵسۆز،

## سوپاس و پێزانین بۆ:

- خودای گەورە و میهرەبان، کە دەرفەت و هێز و توانای کاری پێبەخشیم
- زانکۆی بینگۆل، بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، کە دەرفەتی خوێندنی باڵا (دکتۆرا) یان بۆ ڕەخساندم.
- سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (د. هێمن عومەر ئەحمەد)، کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی گرتنەئەستۆ و بە سەرنج و تێبینی و پێشنیارە وردەکانی باسەکەی دەوڵەمەنتر کرد.
- سەرۆکی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و سەرجەم مامۆستاکانی بەشی زمانی کوردی زانکۆی بینگۆل، کە دڵسۆزانە هەوڵیان لەگەڵداین و فێریان کردین.
- کەسوکار و دۆستانی ئازیزم، بەرامبەر بە دڵسۆزی و هاوکاریەکانیان
- هەموو ئەوانەی کە بە هەرجۆریک لە جۆرەکان هاوکاریان کردووین.

# Table of Contents


**پێشکەشە بە: ........ iii**

**سوپاس و پێزانین بۆ: ........ İV**

**BİLİMSEL ETİK BİLDİRİMİ ........ V**

**TEZ KABUL VE ONAY ........ Vİ**

**پوختە ........ Vİİ**

**ABSTRACT ........ Vİİ**

**ÖZET ........ Vİİİ**

**پێشەکی ........ 1**

**پێشەکی ........ 2**

**بەشی یەکەم ........ 6**

**1. گوتاری نەتەوەگەرایی ........ 7**

1-1. پێناسەکردن و خستنەڕووی چەند چەمك و زاراوەیەکی گوتاری نەتەوەگەرایی ........ 7

*1-1-1. گوتار چییە؟ ........ 7*

*1-1-2. چەمکی نەتەوەگەرایی (ناسیۆنالیزم) ........ 13*

*1-1-3. مەبەست لە چەمکی گوتاری نەتەوەگەرایی ........ 18*

1-2. مێژووی سەرەتای سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی ........ 19

*1-2-1. لە ڕۆژئاوا و ئەوروپادا ........ 24*

*1-2-2. لە ڕۆژهەڵاتدا ........ 29*

1-2-2-1. لە لای تورك ........ 31

1-2-2-2. لای عەرەب ........ 34

1-2-2-3. لە لای فارس ........ 37

1-2-2-4. لە لای کورد ........ 38

1-3. کازیوەی گوتاری نەتەوەگەرایی لە دونیای شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا ........ 46

*1-3-1 بابا تاهیر و ترووسکایی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە شیعری کوردیدا ........ 47*

*1-3-2. خانی و سەرەتای درەوشانەوەی هەست و هزری نەتەوەگەرایی بە چەمکە کۆنەکەی لە شیعری کوردیدا ........ 49*

*1-3-3. حاجی بەردەوامی و گەشەپێدەری هەست و هزری (خانی) بە شێوەزاری سۆرانی ........ 59*

*1-3-4. سەرەتای دەرکەوتنی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە (ڕەخنە)ی شیعری کوردیدا ........ 62*

**بەشی دووەم ........ 63**

**2. بەرجەستەبوونی گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی "هێمن"دا ...................................................... 64**

2-1. "هێمن" و شیعرو نەتەوەگەرایی................................................................................... 64

*2-1-1. کورتە هەڵوەستەیەك لەسەر ژیان و کەسایەتی "هێمن" ........................................................ 64*

*2-1-2. دیوان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی "هێمن" ......................................................................... 67*

*2-1-3. هێمن و ئەزموونی شیعری ................................................................................................. 68*

*2-1-4. "هێمن" لە باوەشی نەتەوەگەرایەتی دا ........................................................................ 70*

2-1-4-1. خەباتی سیاسی و ئیداری.............................................................................................. 70

2-1-4-2. خەباتی رۆشنبیری و نووسین و شیعرو ئەدەبیات............................................................ 73

*2-1-5. گوتاری نەتەوەگەرایی و کاریگەری لە بنیاتی شیعرەکانی "هێمن"دا ..................................... 74*

2-1-5-1. کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرایی لە سەر روخساری شیعری "هێمن"دا ............................ 75

**2-1-5-1-1. بەرجەستەبوونی کاریگەی گوتاری نەتەوەگەرایی لەسەر کێش و سەروا:.......................... 76**

**2-1-5-1-2. بەرجەستەبوونی کاریگەی گوتاری نەتەوەگەرایی لەسەر وێنەی شیعری:............................ 78**

**2-1-5-1-3 بەرجەستەبوونی کاریگەی گوتاری نەتەوەگەرایی لەسەر زمانی شیعری: .......................... 79**

2-1-5-2. گوتاری نەتەوەگەرایی و کاریگەریی و رەنگدانەوەکانی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی "هێمن"دا ................ 80

**2-1-5-2-1. پەیوەستکردنی خۆشەویستی ئافرەت بە خۆشەویستی نیشتمان: ........................................ 82**

**2-1-5-2-2. بەرزتر راگرتنی خۆشەویستی نیشتمان بەسەر خۆشەویستی ئافرەت:.................................. 84**

**2-1-5-2-3. ئامادەبوونی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە پاڵ هەموو هەستێکدا:................................ 85**

**2-1-5-2-4. بەرجەستەکردنی چەندین وشە و هێما و زاراوەی گوتاری نەتەوەگەرایی:............................ 86**

**2-1-5-2-5. لە خۆگرتن و خستنەڕووی بابەت و باس و بنەماکانی نەتەوەگەرایی ................................. 87**

**2-1-5-2-6. فەرهەنگ و تۆماری مێژوویی بۆ چەندین رووداو و کەسایەتی نەتەوەیی............................ 88**

**2-1-5-2-7. یەکبوونی ئەرك و پەیامی شیعری لەگەڵ ئەرك و پەیامی نەتەوەگەرایی............................ 89**

**2-1-5-2-8. رەهەندی نەتەوەگەرایی وەکو پێوانەی نوێ بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر .................................. 90**

2-2. گوتارە نەتەوەگەراییەکانی شیعرەکانی "هێمن" لە تای تەرازووی تیۆری نەتەوەگەراییدا ........................ 93

*2-2-1. تیۆری پێشینەگەر................................................................................................................ 95*

*2-2-2. تیۆری مۆدێرنیست ........................................................................................................... 100*

*2-2-3 تیۆری ئیتنۆسمبۆلیزم ....................................................................................................... 104*

**بەشی سێیەم ........................................................................................................................ 107**

**3. بنیادی گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی "هێمن"دا ............................................................ 108**

3-1. بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی "هێمن"دا ......................................................... 108

*3-1-1. ئیتنیك (نەژاد، رەگەز، بنەچە و رەچەڵەك، تورمە،....) ................................................... 110*

3-1-1-1. زاراوە و چەمك و پێناسەی (ئیتنیك) وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی ............................ 110

3-1-1-2. نزیکایەتی و تێکەڵکردنی وشەی (ئیتنیك) لەگەل (نەتەوە، گەل،... هیتر)................................. 111

3-1-1-3. شانازی کردن بە ئیتنیك و نەژاد و رەگەز و نەتەوە و میللەتی کورد....................................... 120

3-1-1-4. هاندان و هەستبزواندنی نەتەوەکەی وەکو گەلێکی ستەملێکراو ........................................... 121

3-1-1-5. پیاهەڵدان بە کورد وەکو قارەمان و سوککردنی دوژمنانی ................................................. 122

3-1-1-6. خستنەڕووی ئامۆژگاری و ڕێنمایی بۆ کۆمەڵگای ئیتنیکی و نەتەوەیی کورد ........................ 123

*3-1-2. خاك (زێد و هەرێم و نیشتیمان و وڵات) ........................ 124*

3-1-2-1. وشە و زاراوە و چەمك و پێناسەی (خاك، زێد، هەرێم، نیشتیمان و وڵات) ........................ 124

3-1-2-2. بەرجەستەکردنی خاوەندارێتی و کۆنی و ڕەسەنایەتی خاکی کورد........................ 128

3-1-2-3. شانازی و خۆشەویستی و گیانفیدایی بۆ خاك ........................ 129

3-1-2-4. هاندان بۆ خەبات و شۆرش و فیداکاری بۆ ئازادکردنی خاك........................ 130

3-1-2-5. پیاهەڵدان و وەسف و نەخشاندنی تابلۆی ڕەنگینی نیشمان........................ 132

3-1-2-6. ناوهێنان و باسکردنی چەند شوێنێك لە نیشتمان ........................ 133

3-1-2-.7 باسی سنوور و بەرجەستەکردنی خاکی نیشتمان........................ 134

3-1-2-8. خەفەتباری و تازیەداری بۆ داگیرکراوی و ژێردەستی خاکی نیشتمان ........................ 135

3-1-2-9. وێرانکردن و تاڵانکردنی نیشتمان........................ 136

*3-1-3. زمانی نەتەوەیی........................ 138*

3-1-3-1. پشتگیری کردنی (حاجی قادر) لە دانانی زمان بە بنەما و ناسنامەی کوردبوون........................ 139

3-1-3-2. بە گرینگ زانین و خەمخۆری بۆ نووسین و خوێندن بە زمانی دایك........................ 139

3-1-3-3. وەسف و پیاهەڵدان و خۆشەویستنی زمانی دایك........................ 140

3-1-3-4. بەکارهێنان و تۆمارکردن و لە خۆگرتنی سەدان وشە و زاراوەی کوردی پەتی........................ 141

*3-1-4. کەلتور (داب و نەریت، فەرهەنگ، چاند)ی نەتەوەیی ........................ 142*

3-1-4-1. هاندان و پشتگیری کردنی کەلتوری ڕەسەنی کوردی........................ 144

3-1-4-2. پیاهەڵدان و شانازی کردن بە کەلتوری کوردەواری........................ 144

3-1-4-3. خستنەڕووی چەند خەسلەتێکی کەلتوری ڕەسەنی کۆمەڵگە و تاکی کوردی........................ 146

3-1-4-4. ڕەخنەگرتن و داوای بەرەو پێشەوە چوونی نەریتە دواکەوتووە کوردییەکان ........................ 147

3-1-4-5. ئاماژەکردن بە کەسایەتی و چیرۆکە میللی و فۆلکلۆرییەکان ........................ 149

3-1-4-6. یادکردنەوە و لە خۆگرتن و ناوهێنانی یاد و بۆنەی کەلتوری و نەتەوەیی........................ 151

*3-1-5. مێژووی هاوبەش........................ 152*

3-1-5-1. شانازیکردن و پیاهەڵدان بە مێژووی ڕابردوو و ڕەگەزی دێرینی کورد ........................ 153

3-1-5-2. یاد و ئاماژەکردن بە چەند ڕووداو، کارەسات، ڕەمز و کەسایەتیی مێژوویی کورد........................ 153

3-1-5-3. بەرجەستەکردنی شیعر وەکو تۆمارگە و پەڕاوێکی مێژوویی ڕووداو و بەسەرهاتەکان ........................ 155

*3-1-6. ئابووریی نەتەوەیی........................ 157*

3-1-6-1. هەڵوەستەکردن و ئاوڕدانەوە لە ئامراز و هۆکارەکانی وەبەرهێنانی مۆدێرن ........................ 157

3-1-6-2. ئاماژەکردن و خستنەڕووی تاڵانکردن و بەزۆربردنی بەرهەم و ئابووریی گەل ........................ 158

3-1-6-3. باسی دەستی کار و جوتیار و گرینگییان بۆ بەرهەم و ئابووریی وڵات........................ 159

3-1-6-4. پاڵپشتی و ئاوڕدانەوە لە بەرهەمی خۆماڵی و پشتکردن لە بەرهەمی بیانی ........................ 160

*3-1-7. ئاین و باوەڕ ........................ 160*

3-1-7-1. کۆکردنەوەی نزا و هێزی ڕوحی ئایین لە پاڵ شۆڕش و خەباتی نەتەوایەتی........................ 161

3-1-7-2. پەردە لەڕوولادان و ڕەخنەگرتن لە شێخ و کەسایەتییە ئاینییەکان ........................ 162

3-1-7-3. نزای خێر و بەرەکەت بۆ دۆستانی گەلەکەی و نزای شەڕ لە نەیارانی........................ 163

*3-1-8. یەکبوون و هەست و ویست و ئیرادەی هاوبەش........................ 164*

3-1-8-1. داوای یەکبوون و یەك ئیرادەیی لە نێوان ڕۆشەنبیر و لاو و جەنگاوەر ........ 165
3-1-8-2. داوای یەکبوون و یەکخستنی ویست و ئیرادەی نێوان نێر و مێ ........ 165
3-1-8-3. هاندان و یەککخستنی توانای جوتیار و کرێکار لەگەڵ هێزی ڕۆشەنبیری ........ 166
3-1-8-4. یەکخستن و کۆکردنەوەی ویست و ئیرادەی ئاینەکان ........ 166
3-1-8-5. داوای نەمانی دووبەرەکی و هاندان بۆ یەکبوون ........ 167
*3-1-9. هۆشیاری و وەحیی نەتەوەیی ........ 167*
3-1-9-1. خستنە بەرچاوی زوڵم و زۆرداری نەیاران بەرامبەر گەل و نەتەوە ........ 169
3-1-9-2. هۆشیارکردنەوەی کچان و هاندان و ڕێنمایی بۆ خوێندن و خەبات ........ 170
3-1-9-3. بەرجەستەکردنی هۆشیاری لە لای چینی کرێکار و جوتیار ........ 171
3-1-9-4. هاندان و وریاکردنەوە و ڕاچڵەکاندنی کۆمەلگا و لاو بۆ خەبات ........ 172
3-1-9-5. بەرجەستەکردنی هۆشیاری کۆمەڵگا لە ڕێگەی بنەماکانی تری نەتەوەگەرایی ........ 173
3-2. هۆکارەکانی بە ئامانج نەگەیشتنی نەتەوەگەرایی، لە شیعرەکانی (هێمن)دا ........ 174
*3-2-1. هۆکار و بەربەستە دەرەکییەکان ........ 175*
3-2-1-1. پیلان و دژایەتی نەیاران بە هاوکاریی زلهێزەکان ........ 175
3-2-1-2. کوشتن و لەناوبردن و بەتاڵانبردنی سامان و بەرهەمی کوردەواری ........ 176
*3-2-2. هۆکار و بەربەستە ناوەکییەکان ........ 177*
3-2-2-1. لەخەومان و دواکەوتن و سستی لە خەبات ........ 177
3-2-2-2. هەبوونی دووبەرەکی و ناکۆکی  لە نێو کۆمەڵگە ........ 178
3-2-2-3. بەڵای خاین و خۆفرۆش و جاش و نەفسنزمەکانی کۆمەڵگا ........ 178
3-2-2-4. دیاردەی کۆیلەکردن و بەندکردنی ڕەگەزی مێینە ........ 179
3-2-2-5. بەجێماوی و ناهۆشیاری و دواکەوتوویی و نەزانی و نەخوێندەواری کچان ........ 180
3-2-2-6. زوڵم و زۆری و چەوسانەوەکانی ئاغا و دەرەبەگی کۆمەڵگە ........ 180
3-3. چارەسەری پێشکەشکراو بۆ پرسی نەتەوەگەرایی، لە شیعرەکانی (هێمن)دا ........ 181
*3-3-1. هێز و ڕووبەڕووبوونەوە و جەنگ و خەبات و شۆرشی لاوەکان ........ 181*
*3-3-2 یەکبوون و یەکگرتن و یەکڕیزی و برایەتی لە نێوان تاکەکان ........ 183*
*3-3-3 ڕابوون و هەستان و ڕاپەڕینی جەماوەر ........ 183*
*3-3-4 چوونە قوتابخانە و دەستکردن بە خوێندن و فێربوون ........ 184*
*3-3-5 هۆشیاربوونەوەی چینی جوتیار و کرێکار و ڕەنجدەران ........ 184*
*3-3-6 هەبوونی تاکی پاك و شارەزا و لێهاتوو بەتوانا ........ 185*
*3-3-7 فەراهەمبوونی ئازادی و هۆشیاری ڕەگەزی مێینە ........ 185*

**ئەنجام ........ 188**

**سەرچاوەکان ........ 192**

# BİLİMSEL ETİK BİLDİRİMİ

Doktora tezi olarak hazırladığım *Gutarî Netewegerayî le Şirekanî Hêmin da* adlı çalışmanın öneri aşamasından sonuçlanmasına kadar geçen süreçte bilimsel etiğe ve akademik kurallara özenle uyduğumu, tez içindeki tüm bilgileri bilimsel ahlak ve gelenek çerçevesinde elde ettiğimi, tez yazım kurallarına uygun olarak hazırladığım bu çalışmamda doğrudan veya dolaylı olarak yaptığım her alıntıya kaynak gösterdiğimi ve yararlandığım eserlerin kaynakçada gösterilenlerden oluştuğunu beyan ederim.

24/02/2025

**Rizgar Abdulkadir Saeed Saeed**

# TEZ KABUL Ve ONAY

**BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ**

**YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ MÜDÜRLÜĞÜNE**

**Rizgar ABDULKADIR SAEED** tarafından hazırlanan ***Gotarî Netewegerayî le Şirekanî Hêmin da*** başlıklı bu çalışma, *24.02.2025* tarihinde yapılan tez savunma sınavı sonucunda ***[oybirliği]*** ile başarılı bulunarak jürimiz tarafından Kürt Dili ve Edebiyatı Anabilim Dalı'nda Doktora tezi olarak kabul edilmiştir.

**<u>TEZ JÜRİSİ ÜYELERİ (Unvanı, Adı ve Soyadı)</u>**

**Başkan :** Prof Dr. M. Zahir ERTEKİN İmza ……………………

**Danışman :** Dr. Öğr. Üyesi Hemin Omar AHMAD İmza ………..………………

**Üye :** Doç. Dr. Bedrettin BASUĞUL İmza ………………………

**Üye :** Doç. Dr. Zafer AÇAR İmza ………………………

**Üye :** Dr. Öğr. Üyesi Şeyhmus ORKİN İmza ………………………

**ONAY**

Bu Tez, Bingöl Üniversitesi Yaşayan Diller Enstitüsü Yönetim Kurulunun ...../..../ 20….. tarih ve ........... sayılı oturumunda belirlenen jüri tarafından kabul edilmiştir.

Dr. Öğr. Üyesi Abdullah BEDEVA

Enstitü Müdürü

# پوختە


ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تێزێکی پێشکەشکراو لەسەر (گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی "هێمن"دا)، لە ناوەڕۆکی ئەم تێزەدا کار لەسەر نەتەوەگەرایی ناو گوتاری شیعری بەشێوەیەکی گشتی و لەناو گوتارە شیعرییەکانی شاعیرێکی خەڵکی گوندی لاچینی شاری سابلاخی وڵاتی ئێران بە ناوی (محەمەد ئەمین شێخولئیسلامی موکری) ناسراو بە (هێمن)ی شاعیر (1921 سابلاخ/ئێران-1986 ئێران) بە تایبەتی دەکات و هەوڵدەدات گوتاری نەتەوەگەرایی لە چەند ڕەهەندێکەوە بەرجەستەبکات، بە تایبەت خستنەڕووی چەمك، پێناسە، مێژوو، تیۆر، پێکهاتە،... هیترەوە. هەروەها دەیەوێت هەڵبستێت بە شیکردنەوە و تاوتوێکردنی گوتاری نەتەوەگەرایی ناو شیعر بە گشتی و شیعری (هێمن)ی شاعیر بە تایبەتی. تاوەکو لە میانەی بەدواچوونەکانی پەنجە بخاتە سەر دەرهاویشتن و کاریگەرییەکانی گوتاری نەتەوەگەرایی لەسەر ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعری. هەروەها کاردەکات لەسەر پێوانەی شیعرەکانی شاعیر بەپێوانەی تیۆرەکانی نەتەوەگەرایی و باسکردن و دیاریکردنی بنەماکانی نەتەوەگەرایی لە گوتارە شیعرییەکانی شاعیردا.

هەروەها هەوڵدەدات دەست لەسەر هۆکار و بەربەستەکان و خاڵە چارەسەرییەکانیش، کەوا شاعیر لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بۆ بەئامانجنەگەیشتنی نەتەوەگەرایی کۆمەڵگاکەی خستویەتیەڕوو، دابنێت و بە نموونەی شیعری ئاماژەیان پێبکات.

هەڵبەتە تەرکیزی کارەکە، وەکو کۆمەڵگا و مەودای توێژینەوە، زیاتر لەسەر تێکستی شیعری (هێمن)ـە، ئەگەر زۆر پێویست نەبێ ناچێتە سەر تێکستی شیعری شاعیرەکانی تر. لەڕاستیدا هۆکاری وەرگرتنی شیعرەکانی ئەم شاعیرە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا ئەم شاعیرە زۆر ناسراوە و بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو شیعرەکانی بۆ بابەتی نیشتمانی و خۆشەویستی خاك تەرخانکردووە.

ئەم توێژینەوەیە بەگشتی لە پێشەکیەك و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا، بە سێ تەوەرە باسی چەمك و مێژوو، هەروەها ڕەنگدانەوەی گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعردا خراوەتەڕوو.

لە بەشی دووەمدا، باس لە بەرجەستەبوونی گوتاری نەتەوەگەرایی لە شعرەکانی (هێمن) و هەڵسەنگاندنی گوتارەکانی شاعیر لە تای تەرازووی تیۆرەکانی نەتەوەگەراییدا دەکرێت.

لە بەشی سێیەمدا، بە سێ تەوەرە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی و هۆکار و بەربەستە دەستنیشانکراوەکان و چارەسەرییە پێشکەشکراوەکانی ناو شیعرەکانی شاعیر بەرجەستەدەکریت.

لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا چەند ئەنجامێك بەرجستەکراوە، وەکو: خستنەڕووی کاریگەرییەکانی گوتاری نەتەوەگەرایی لەسەر ڕووخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیردا، هەوەرها نیشاندانی پێوانە و بارستەی گوتاری نەتەوەگەرییەکانی شاعیر لە تای تەرازووی تیۆرەکانی نەتەوەگەراییدا. هەروەها دیاریکردنی ئەو هۆکار و بەربەست و چارەسەرییانەی کەوا لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیر پێشکەشکراون وەکو بنەمایەك بۆ بەئامانجنەگەیشتنی نەتەوەگەرایی کۆمەلگاکەی و... هیتر.

وشە کلیلەکان: گوتاری نەتەوەگەرایی، نەتەوەگەرایی، (هێمن)، نیشتمان، شیعری نەتەوەگەرایی.

# ABSTRACT

This paper is a thesis on the discourse of nationalism in Hemn's poems. The content of this thesis is to work on nationalism in poetic discourse in general, and in the poetic discourses of a poet from Lachin village of Sablakh city of Iran named Mohammad Amin Sheikholeslami Mukri, also known as Hemn (1921). Sablakh/Iran-1986 Iran) in particular. It also tries to present the discourse of nationalism from several dimensions, especially concepts, definitions, history, theories, structures, etc. It also wants to analyze and discuss the nationalist discourse in poetry in general and Hemn's poems in particular. In order to point out the effects of nationalist discourse on the appearance and content of the poet's poems. He also works on measuring the poet's poems against nationalist theories. It also presents the principles of nationalism in the poet's poetic discourses.

It also explores the reasons, obstacles, and solutions presented by the poet in his poems regarding the failure to achieve the goal of nationalism in his society, illustrating them with poetic examples.

Of course, the focus of our work, as a society and scope of research, is more on Hemn's poetry texts. Unless it is very necessary, we will not go to other poets' poetry texts. In fact, the reason for choosing this poet's poems for our thesis sample is that he is very well known, and he has devoted a significant amount of his poems to the subject of the country and love of the land.

This paper consists of an introduction, three sections, conclusions and a list of sources:

In the first part, it is presented in three topics: the concept and history of nationalism, and the reflection of nationalist discourse in the content of poetry.

In the second part, the embodiment of nationalist discourse in Hemn's poems is discussed, and the poet's discourses are evaluated in the light of nationalist theories.

In the third part, he presents the principles of nation and nationalism, the causes and obstacles identified, and the solutions offered in the content of the poet's poems.

During this research, several results have been presented, such as: presenting the effects of nationalist discourse on the face and content of the poet's poems. It also shows the measurement of the poet's nationalist discourses in terms of nationalist theories. It also identifies the reasons, obstacles and solutions that are presented in the content of the poet's poems as a basis for the failure to achieve the goal of nationalism in his society, etc.


**Keywords:** Nationalist Discourse, Nationalism, (Hemn), Country, Nationalist Poetry

# ÖZET

Bu çalışma Hemin'in şiirlerindeki milliyetçilik söylemi üzerine bir tezdir. Bu tezin içeriği, genel olarak şiirsel söylemde milliyetçilik, özel olarak da İran'ın Sablağ şehrinin Laçin köyünden Muhammed Emin Şeyholislami Mukri isimli (1921 Sablağ/İran-1986 İran) (Hemin) olarak bilinen şairin şiirsel söylemleri üzerinde çalışmaktır. Çalışmamız milliyetçilik söylemini çeşitli boyutlarıyla, özellikle kavramlar, tanımlar, tarih, teoriler, yapılar vb. açısından ortaya koymaktadır. Ayrıca genel olarak şiirdeki milliyetçi söylemi ve özel olarak Hemin'in şiirlerini analiz etmek ve tartışmak bununla birlikte şairin şiirlerinin görünüm ve içeriği üzerinde milliyetçi söylemin etkilerini ortaya koymak istiyor. Yine şairin şiirlerinin milliyetçi teorilerle kıyaslanması konusunda da çalışmalar yaparak Hemin'in şiirsel söylemlerinde milliyetçilik ilkelerini de ortaya koyar. Ayrıca şairin şiirlerinin içeriğinde ortaya koyduğu milliyetçilik hedefine toplumda ulaşılamamasının sebepleri, engelleri ve çözüm yolları (şiirsel örneklerle desteklenerek) tespit edilmeye çalışılmıştır.

Elbette, bir çerçeve ve araştırma kapsamı olarak çalışmamızın odağı daha çok Hemin'in şiir metinleri üzerindedir. Çok gerekli olmadıkça, diğer şairlerin şiir metinlerine gitmeyeceğiz. Aslında bu şairin şiirlerini tez örneğimiz için seçmemizin nedeni, şairin çok tanınmış bir şair olması ve şiirlerinin önemli bir kısmını vatan ve toprak sevgisi konusuna ayırmasıdır.

Bu çalışma bir giriş, üç bölüm, sonuçlar ve kaynak listesinden oluşmaktadır:

Birinci bölümde milliyetçilik kavramı ve tarihçesi ile milliyetçi söylemin şiir içeriğine yansıması olmak üzere üç başlık altında ele alınmıştır.

İkinci bölümde Hemin'in şiirlerinde milliyetçi söylemin somutlaşması ele alınmakta ve şairin söylemleri milliyetçi teoriler ışığında değerlendirilmektedir.

Üçüncü bölümde ise şairin şiirlerinin içeriğinde millet ve milliyetçilik ilkeleri, tespit edilen sebep ve engeller, çözüm önerileri sunulmaktadır.

Bu araştırma sırasında; milliyetçi söylemin şairin şiirlerinin yüz ve içeriği üzerindeki etkilerinin ortaya konulması gibi çeşitli sonuçlar ortaya konulmuştur. Ayrıca şairin milliyetçi söylemlerinin milliyetçilik kuramları açısından ölçülmesini de göstermektedir. Ayrıca şairin şiirlerinin içeriğinde toplumda milliyetçilik hedefine ulaşılamamasının sebepleri, engelleri ve çözüm önerileri vb. ortaya konulmaktadır.

**Anahtar kelimeler:** Milliyetçi Söylem, Milliyetçilik, (Hemin), Ülke, Milliyetçi şiir

# پێشەکی

# پێشـەکی

گوتاری نەتەوەگەرایی یەکێکی لە بابەتە سەرەکی و بەرچاوەکانی ناوەڕۆکی شیعری دوای قۆناغی کلاسیك. تەنانەت چەندێتی و چۆنیەتی بەرجەستەکردنی نەتەوەگەرایی لە گوتاری شیعریدا بووەتە پێوانە و بنەمایەك بۆ رەخنەی شیعری کوردی. دیارە ئەمەش لەبەر ئەو گۆڕانکاری و پێشهات و هزر و بیرکردنەوە مۆدێرنەکانی جیهانییەوەیە، بەتایبەتی گۆرانکارییەکانی وڵاتانی ئەورووپا، هەر لە ڕێنسانەوە بگرە هەتاوەکو شۆڕشە پیشەسازی و رۆشەنبیری و سەرهەڵدانی سەرمایەداری و مۆدێرنێتە، کەوا هەموو ئەمانە بوونە هۆی درەوشانەوەی ئەستێرەی نەتەوەگەرایەتی و بڵاوبوونەوەی بە جیهاندا.

شیعرەکانی (هێمن)ی شاعیر یەکێکە لەو شیعرانەی کە زۆر بە گەرم و گوڕی باوەشی بۆ پرسی نەتەوەگەرایی کۆمەڵگاکەی خۆی واڵاکردووە و پانتاییەکی زۆری پێشکەشکردووە.

شاعیر هەم وەکو کەسێکی نەتەوەگەر و هەمیش وەکو کەسێکی خوێندەوار و ڕۆشەنبیر و وریا هەوڵیداوە شیعرەکانی بکاتە سەکۆی هۆشیاری و بەخەبەرهێنانەوەی کۆمەڵکاکەی و ڕاچڵەکاندنی لە خەوی غەفلەت و بێئاگایی.

هەڵبەتە شیعرەکانی شاعیر مینبەر و فێرگەیەك نیین بۆ لە باوەشگرتنی گفتوگۆی زانستی و بابەتی نەتەوەگەرایی و لاواندنەوەی تیۆر و بنەما و پێکهاتە و بنیادی نەتەوەگەرایی، بەڵکو زەنگی وریاکردنەوە و ڕاچڵەکاندنێکی نەتەوەگەراییە بۆ بەخەبەرهێنانەوە و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و هانداین لەسەر ڕاپەڕین و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ زوڵم و زۆرداری و تاڵانی و وێرانکارییەکانی دوژمنان و زۆرداران، هەروەها ڕێبەری کردنی کۆمەڵگاکەی لە ژێر تروسکایی نەتەوەگەرایی و پێناساندنی ئەرك و مافە نیشتمانییەکان و فاکتەر و بەربەستەکانی بەردەم سەروەری نیشتمانەکەیان و پێشکەشکردنی کۆمەڵێك چارەسەری بۆ بەئامانجگەیشتنی نەتەوەگەرایەتییەکەیان. کەواتە شیعرەکانی شاعیر ئەگەرچی ڕاستەوخۆ باس لە نەتەوەگەرایی نەکات و نەبووبێتە فێرگەیەك بۆ پێشکەشکردنی زانستی نەتەوەگەرایی، بەڵام بێگومان شاعیر بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی و بنەماکانی نەتەوەگەرایی هەوڵیداوە ئامانجەکەی خۆی بهۆنێتەوە و ببێتە ڕابەر و ڕێنمایکاری کۆمەڵگاکەی.

**ناونیشانی تێز:** بریتییە لە (گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی "هێمن"دا) لە خستەڕووی ئەم ناونیشانەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا لە ناوەڕۆکی ئەم تێزەدا کار لەسەر گوتاری نەتەوەگەرایی بە شێوەیەکی گشتی و گوتاری نەتەوەگەرایی لە ناو ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا ئەنجامدراوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** دەتوانین بڵێین زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ خودی گرنگی بابەتی گوتاری نەتەوەگەرایی، بە تایبەت لە دونیای شیعر و ئەدەبیاتدا، تایبەتتریش لە ناو شیعرەکانی (هێمن)دا، شاعیرك کە هەر لە ماوەی تەمەنی خۆیدا توانی بەرهەمی گوتاری نەتەوەگەرایی شیعرەکانی بهۆنێتەوە و لە دەمی ئاپۆڕای خەڵك و گۆرانی بێژ و سروود خوازانی کۆمەڵگاکەیدا گوێی لە شیعرە ئاگرینەکانی خۆی ببێتەوە و بە شاعیری نیشتمانی و مامۆستای شیعری نیشتمانی بانگ بکرێت. هەروەها شیعرەکانی بە پێی بنەما و تیۆری نەتەوەگەرایی، بەتایبەت تیۆری (پێشینەگەر)، ئاستێکی باشی نەتەوەگەرایی مسۆگەربکات و خۆشی وەکو شاعیرێکی نیشتمانی ستایش بکرێت، هۆکارێکی سەرەکی بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی بابەتی ئەم تێزە بوون.

**میتۆد و ڕێبازی نووسینی ئەم تێزە:** هەڵبەتە بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە بە پێی پێویستی و شوێن ڕێباز و میتۆدی توێژینەوە بڕیاری لەسەر دراوە، هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی پشت بە میتودی وەسفی و ڕافەکاری بەستراوە. هەروەها نموونەکان بە هەڵبژاردنی نائەگەری و بە شێوەی مەبەستدارانە بەپێی گرنگیان بۆ خزمەتی باسەکە، کە بە پێی کۆنتێین ئەنەلایز (ناوەڕۆك شیکاری) کاریان لەسەر کراوە.

**تیۆری پشتپێبەستراوی ئەم تێزە:** بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە تیۆر و سەرچاوە سیاسی و مێژوویی و ئەدەبی و فەرهەنگییەکان بەگشتی و تیۆرەکانی نەتەوەگەرایی بەتایبەت تیۆری (پێشینەگەر).

**سنووری ئەم تێزە:** لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی گشتی و سەرەکی کار لەسەر هەموو ئەو شیعرانەی (هێمن) کراوە کەوا لە یەك بەرگدا، لە پاش وەفاتی شاعیردا، کۆکراونەتەوە و بڵاوکراونەتەوە.[1]

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی.سلێمانی: پەخشانگای نازەنین، 2008، ل.89-420.

**ئامانجی ئەم تێزە:** پەردە لادان لەسەر چەند لایەن و ڕەهەندێکی گوتاری نەتەوەگەرایی بە شێوەیەکی گشتی و گوتاری نەتەوەگەرایی ناو شیعرەکانی (هێمن) بەتایبەتی. ئیتر لە ئەنجامدا دەتوانین ئاشنابین بە چەند لایەنێکی بەرچاوی گوتاری نەتەوەگەرایی، بەتایبەت ڕەهەندەکانی گوتارە نەتەوەگەرایییەکانی ناو ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیر، وەکو: کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرایی لەسەر بنیادی شیعری شاعیر و چۆنیەتی دەقگرتنی ناوەڕۆك و ڕوخساری شیعرەکانی بە هۆکاری لاواندنەوەی هەست و هزری نەتەوەگەرایی. هەروەها کاریگەری و ڕۆڵی شیعرەکانی شاعیر لە بەرجەستەکردن و ڕەنگکردنی کۆمەڵگاکەی بە ڕەنگی نەتەوەگەرایی. سەرەڕای پێوانەکردنی شیعرەکانی شاعیر بە تیۆری نەتەوەگەرایی و خستنەڕووی هۆکار و چارەسەری و ئەو دەرد و دەرمانەی شاعیر لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی خۆیدا وەکو نیشتمانخوازێك خستوتییەڕوو لەپاڵ دەستنیشانکردنی بنەما بەرجەستەکراوەکانی نەتەوەگەرایی لە ناوەڕۆکی شیعرەکاندا.

**گرفت و بەربەستەکانی ئەم تێزە:** کەوتن بەسەر گرفتدا مانای هەڵنانی هەنگاوە، بۆیە بوونی گرفتەکان هاوشێوەی هەنگاوەکان لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە جیاوازن. هەرچۆنێك بێت گرفتەکان زۆرن، یەکێك لە بەرچاوەکان ئەگەر بە نموونە بخەینەڕوو؛ زۆری بیر و بۆچوونەکانی ناو دونیای نەتەوەگەرایی و کۆنترۆڵنەکردنییانە بە شێوەیەکی ئاسان، بەتایبەت کاتێك نەتەوەگەرایی دەخنکێنرێت لە ناو دەریای شیعردا. سەرەڕای ئەوەی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی خاوەنی هەست و هزر و تەجروبە و مێژوو کەلتور و هەست و هزری نەتەوەگەرایی تایبەت و سەربەخۆیە، بەشێوەیەکی وا کە دەتوانین بڵێین کەوا هیچ کۆمەڵگایەك تەواو بە کۆمەڵگاکەی تر ناچێت و ناتوانین بەیەك بار و تێڕوانین مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

هەروەها کێشە و بەربەستێکی تری بەرچاو؛ نەبوونی بیبیلیۆگرافیایەکی یەکانگیر بۆ لێکۆڵینەوە کوردی و کوردیناسییە بڵاوکراوەکانی گشت سەکتەر و شوێنەکان، تەنانەت هەندێکجار لە خودی بڵاوکراوەکانی شوێنێکی دیاریکراودا لیستی بڵاوکراوەکانیان نییە، یان بەتەواوی ئامادە نییە، کە ئەمەش هەم زۆر ماندوکەربوو هەمیش دەکرێت بێئاگایی لە سەرچاوانێك لەئارادابێت.

**گرنگی ئەم تێزە:** گرنگی ئەم تێزە زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەوا ڕاستەوخۆ تەرکیز لەسەر خستنەڕووی چەند لایەنێکی گوتاری نەتەوایەتی، بەتایبەتی لای (هێمن)ی شاعیری نیشتمانپەروەر دەکات و لە گۆشەنیگای تیۆر و بنیاد و پێکهاتەی نەتەوەگەرایی دەڕوانێتە شیعرەکانی شاعیر و پەنجە دەخاتە سەر کار و کاردانەوە و پردی پەیوەندی نێوان شیعری شاعیر و گوتاری نەتەوەگەرایی.

**پرسیار و ئاریشەی ئەم تێزە:** بەشێوەیەکی گشتی ئەم تێزە هەوڵی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی سەرەکی دەدات، وەکو:

- بەرجەستەکردنی گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن)دا چ کاریگەر و کاردانەوەیەکی بەرچاوی لەسەر ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا دروستکردووە؟
- لە تای تەرازووی نەتەوەگەراییدا شیعرەکانی شاعیر چ پێوانە و پارستەیەکیان هەیە؟
- بنەماکانی نەتەوەگەرایی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیردا چەند و چۆنن؟
- (هێمن) لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا هۆکارەکانی بەردەم بەئامانجنەگەیشتنی نەتەوەگەرایی کۆمەڵگاکەی بۆچی دەگەڕێنێتەوە؟
- ئەو دەرمان و چارەسەرییە پێشکەشکراوانە چین کەوا شاعیر لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بۆ چارەی دەردی نەتەوەگەرایی کۆمەڵگاکەی دەیخاتەڕوو؟

ئیتر توێژەر دەیەوێ لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکییانە چەند ئەنجامێکی زانستی بەدەست بهێنێت.

**پاشخانی ئەم تێزە:**

هەڵبەتە تا ئەو شوێنەی ئێمە ئاگاداربین، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زۆر نزیك و هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە تا ئێستا پێشکەش نەکراوە، ئەگەرچی هەروەکو لە کێشەو بەربەستەکانیش خسترایەڕوو لەبەر نەبوونی بیبلۆگرافییایەکی یەکانگیر بۆ لێکۆڵینەوە کوردییە بڵاوکراوەکانی گشت شوێن و سەکتەرەکان ناتوانین ئەم بڕیارە کۆنکرێتی بێت و هیچ جۆرە گومانێك هەڵنەگرێت. بەهەرحاڵ چەندین سەرچاوەی یەکتربڕ لەگەڵ لایەنێك یان زیاتر لە لایەنەکانی ئەم توێژینەوەیە لە ئارادایە و بەرچاومان کەوتوون، جا ئەم هاوتابوونە لە باسی بابەتی

نەتەوەگەرایی دابێت، یان تەنیا بەهۆی کارکردن بێت لەسەر شیعرەکانی (هێمن)، یان کارکردنی راستەوخۆبێت لەسەر لایەنێك لە لایەنکانی نەتەوەگەرایی لە شیعرکانی هێمندا. ئیتر لێرەدا بۆ ئەوەی پێشەکییەکەما نەبێتە بیبلۆگرافییا تەنیا چەند نموونەیەك دەخەینەپێشچاو:

**- ئەو سەرچاوانەی لە گۆشەنیگایەك یان زیاترەوە باس لە هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن)دا دەکەن، بۆ نموونە:**

- نەبی، کامیران محەمەد. قوناغێن وەرارا هزرا نەتەوایەتی د هوزانا کوردی دا - ژ دەست پێکێ تاکو دوماهی یا سەدێ بیستێ - نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، 2005.
- نێعمەت مەلا. **مامۆستا هێمن، شاعیری گەل. لە یادی ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی هونەری کوردەواری.** ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی، ٢٠١٢.
- خضر، عثمان حمد. **ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شیعری هێمن.** نامەی ماجستێر، زانکۆی سەڵاحەدیین، کۆلێجی ئاداب، 2001.

ئەم سەرچاوانە راستەوخۆ باسی لایەنێك لە لایەنەکانی بابەتی نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی شاعیریان کردووە، بەڵام جیاوازی ئەوان لەگەڵ ئەم تێزە ئەوەیە کەوا توێژینەوەکەیان تەنیا تایبەت نەکردووە بە پرسی نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی هێمندا و لە چەند رەهەندێکی جۆرا و جۆر باسیان نەکردووە و پەنجەیان نەخستۆتە سەر یەك بەیەکی لایەنە گرنگەکانی نەتەوەگەرایی. ئیتر دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی تاڕادەیەکی زۆر بەرتەسك هەڵوەستەیان لەسەر کردووە، هەڵبەتە لە چاو ئەم تێزە.

**- ئەو سەرچاوانەی باس لە شیعرەکانی (هێمن) دەکەن، بەڵام ناپرژێنە سەر گوتاری نەتەوەگەرایی، بەڵکو زیاتر باس لە لایەنی هونەری شیعری و بنیادی شیعری شاعیر دەکەن، هەروەك:**

- فەتاح، رزگار عومەر. **رۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نووری دا.** هەولێر: چاپخانەی موکریانی
- فەتاح، رزگار عومەر. **رۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نووری دا.** هەولێر: چاپخانەی موکریانی
- حەسەن، **محەمەج فەریق. هێمن و بۆنی غەریبی.** هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس، 2008.
- قارەمانی، جەعفەر و ئەحمەدی، سەید ئەسعەد شێخ. **جوانیناسی و شیعری هێمن.** گۆڤاری توێژینەوەی ئەدەبی کوردی، ساڵی 3، ژمارە 4، پایز و زستانی 2016.

**- ئەو سەرچاوانەی باس هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە شیعری کۆمەڵگەی کوردیدا دەکەن و ڕەنگدانەوەی ئەم هەست و هزرە لە شیعری شاعیرانی تردا دەخەنەڕوو، هەروەك:**

- ساڵح, مەجید. **بیری نەتەوەیی لای شێخ نوری شێخ ساڵح.** سلێمانی: ؟، 2016.
- یەلدم، د. قەدری. **حاجی قادری کۆیی خانی دووەم.** گۆڕینی لە پیتی لاتینییەوە: د.عوسمان دەشتی. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، 2016.
- ئامێدی، د. عەبدوڵڵا یاسین عەلی. **هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا (1939-1970).** هەولێر: وەزارەتی پەروەردە، 2005.
- ساڵح, مەجید. **بیری نەتەوەیی لای شێخ نوری شێخ ساڵح.** سلێمانی: ؟، 2016.
- عەبدوڵڵا، فەهمی شوکری. **نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی (1650-1707)دا.** نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،2009.
- ئاگرین، عەبدوڵڵا عەزیز. **شیعری سیاسی کوردی لە خوارووی کوردستان ( 1918-1830).** نامەی ماستەر. کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، 1994.
- سلیمان، اسماعیل حمدامین. **پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا.** نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدیین، هەولێر، 2012.
- ئەرگون، زولکوف. **نەریتا نەتەوەیی د هەڵبەستا نوویا کوردیدە (1880-1970).** نامەی دکتورا، زانکۆی زاخۆ، 2017.
- محمد، محمد بکر. **تیۆریزەکرنا هزرا نەتەوەگەری لە هۆزانا کلاسیکا کوردیدا.** گۆڤاری مەتین. ژمارە 118، چریا دووێ،2001.
- محمد, محمد بکر. **تیۆریزەکرنا هزرا نەتەوەگەری لە هۆزانا کلاسیکا کوردیدا.** گۆڤاری مەتین، ژمارە 116، 2001.

- ڕۆحانی، ئیحسان مەردۆخ. **نەتەوەخوازی و کێشی شیعری کوردی.** گۆڤاری ئەدەبیاتی کوردی، ساڵی 6، ژمارە 1، زنجیرەی 9، بەهارو هاوینی 2020.
- سعدون، سامان عزالدین. **رۆڵی شیعری سیاسی لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورددا.** گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە3، خول 5، رەزبەر 2018.
- سەعید، د. محەمەد ئەحمەد. **بیری نیشتمانی و گیانی نەتەوەیی لە شیعری دیالێکتی گۆراندا.** گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە 12، بەشیB، 2003.

هەرچۆنێك بێت ئەمە چەند سەرچاوەیەکی بەرچاوبوو کە لە نووسینی ئەم تێزەدا راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، کەم و زۆر سوودی لێبینراوە.

**بنیاد و پێکهاتەی ئەم تێزە.** ئەم تێزە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و پوختەك، بە سی زمانی: کوردی و تورکی و ئینگلیزیی، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. کە لەسەرەتادا بە پێشەکییەک لە چەند لایەنێکەوە تێزەکە ناسێنراوە. پاشان بەشەکان بەم شێوەیە خراوەنەتەڕوو:

**بەشی یەکەم:** گوتاری نەتەوەگەرایی

ئەم بەشە بە سێ تەوەرە خراوەتەڕوو. لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە زاراوە و چەمك و پێناسەی چەند چەمکێکی پێویست کراوە. پاشان لە تەوەری دووەم باس لە مێژووی سەرەتای سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی کراوە و لە دوا تەوەرەشدا باس لە کازیوەی گوتاری نەتەوەگەرایی لە ناو شیعرو ئەدەبیاتی کۆمەڵگەی کوردی کراوە.

**بەشی دووەم:** بەرجەستەبوونی گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی "هێمن"دا

ئەم بەشەش بە دوو تەوەرە پۆلێن کراوە، لە تەوەری یەکەمدا (هێمن) و شیعر و نەتەوەگەرایی خراوەتەڕوو. لە تەوەرەکەی تریشدا کار لەسەر گوتارە نەتەوەگەراییەکانی شیعرەکانی (هێمن) لە تای تەرازووی تیۆری نەتەوەگەرایدا کراوە.

**بەشی سێیەم:** بنیادی گوتاری نەتەوەگەریی لە شیعری "هێمن"دا

لەم دوابەشەشدا بە سێ تەوەرە کار لەسەر بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن)دا، هۆکارەکانی بەئامانجنەگەیشتنی نەتەوەگەرایی کورد، لە شیعرەکانی (هێمن)دا و هەروەها چارەسەری پێشکەشکراو بۆ پرسی نەتەوەگەرایی کورد، لە ناو ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا، یەك لەدوای یەك کراوە.

ئیتر لە کۆتایی ئەم تێزەیەشدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک بەشێوەیەکی کورت و پوخت خستومانەتەڕو. هەروەها سەرچاوە هەمەجۆرە سوودلێبینراوەکانیش لە کۆتایدا ئاماژەی بۆ کراوە..

# بەشی یەکەم

# 1. گوتاری نەتەوەگەرایی

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین لە چەند لاینێکەوە باس لە نەتەوەگەرایی بەشێوەیەکی گشتی و نەتەوەگەرایی کوردی بە تایبەتی بەپێی پێویست بکەین. هەرچۆنێك بێت سەرەتای ئەم بەشە بە خستنەڕووی چەند چەمێك دەستپێدەیکەین و پاشان دەچینە سەر بابەتی تر:

## 1-1. پێناسەکردن و خستنەڕووی چەند چەمك و زاراوەیەکی گوتاری نەتەوەگەرایی

لەم تەوەرەیەدا هەوڵدەدەین چەند وشە و زاراوە و چەمکێکی گوتاری نەتەوەگەرایی بناسێنین و لە چەند لایەن و ڕەهەندێکەوە بیانخەینەڕوو، لە بەش و تەوەرەکانی ئایندەشدا وشە و زاراوە و چەمکی زیاتریش بە پێی پێویست و لە شوێنی خۆیاندا دەناسێنین و باسیان لێوەدەکەین. هەرچۆنێك بێت ئێستا چەمك و زاراوەی گوتار دەخەینەڕوو پاشانیش دەچینە سەر زاراوە و چەمکی تر:

### 1-1-1. گوتار چییە؟

گوتار بابەتێکی دەوڵەمەندە، دەتوانین بڵێین لە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤدا پێویستی خۆی دەنوێنێت. بە تایبەتی بەهۆی ئەو ئەرکە گرنگەی لە خۆی گرتووە، کە سەرەکی ترینیان ئەرکی گەیاندنی پەیام و واتا و مەبەست و کارتێکردن و گفتوگۆو پەیوەندی و ڕێکخستنەکانە.[1]

بە واتایەکی تر گوتار وەکو زاراوەیەك لە زۆر بواری وەکو زانستی زمان و ئەدەب و کۆمەڵناسی و... هیتر دەبینرێت. ئەم چەمك و مانای ئەم زاراوەیە بە پێی جیاوازی بوارەکان و سەردەم و مێژو و پاشخانی نووسەر و بەکارهێنەرەکانی دەگۆڕێت. واتە: گوتار نوێنەرایەتی ئامرازی پێشکەشکردنی بابەت و مێتۆد و ڕوونکردنەوەی نەزەریەکانی هەموو زانستەکان دەکات. هەروەکو دەفرێکە کە ئەدەب و هونەرە جیاوازەکان لە خۆ دەگرێت.[2]

زاراوەی ((گوتار discourse – لەوشەی (discurer)ی لاتینیەوە وەرگیراوە، ئەم وشەیەش لەسەرەتادا هیچ پەیوەندیەك نەیبەستووەتەوە بەو واتایەی ئێستا هەیەتی واتا گوتار لەزمانی لاتینی دا بەواتای (ڕێرۆیشتن بێرە و بەوێ دا)هاتووە، دواتر واتاکەی گۆڕاوە بۆ ئەو تێکستانەی گوزارشت لەبیرێکی دیاریکراو دەکەن)).[3] بەم شێوەیە زاراوەی گوتار لە فەرهەنگی لاتینیدا چەمك و واتای نوێی خۆی بەرجەستە دەکات. پاشان لە زانستی زمانی هاوچەرخدا دووبارە چەمکی گوتار خۆی نوێ دەکاتەوە. واتە: ((ئەگەرچی زاراوەی گوتار لە فەرهەنگی لاتینیدا بە واتای گفتوگۆ، هەروەها بە واتاکانی گوتارخوێندن (خوتبەدان) ئاماژەی بۆکراوە، ئەوا لە زانستی زمانی هاوچەرخدا نەخشەو چێوەی گوتار لە سنووری سەروی رستەوە دیاریکراوە، ئەمەش بە جۆرێك بۆتە جێگەی بایەخپێدان و دیراسەکردنی بەوەی کە یەکەیەکە گشت مەرجەکانی بەسیستەمکردنی زمانی تێدا بەرجەستەکراوە، هەروەها وەکو پارچەیەکی یەکگرتو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، واتە شایەنی لەتکردن نییە.))[4]. ئیتر زاراوەی گوتار بەردەوام چەمك و پێناسەی جیاوازی، بە پێی جیاوازی بوار و کات و کەسەکان، لێ بارکراوە و لەوە دەرچووە کە چەمکی گوتار بە تاکە پێناسەیەك بخرێتەڕوو.

زاراوەی گوتار لە زمانەکانی جیهاندا وشە و ناوی جیاوازی بۆ داتاشراوە، بۆ نموونە: لە زمانی ئینگلیزی (Discourse)ی پێدەگوترێ، لە زمانی فەرەنسیش بە (Discours) ناو دەبرێت، کە لە

---

[1] ئاهەنگ شەفیق حەمە بچکۆل. گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو ساڵانی (١٩٩٥ - ٢٠٠٥). نامەی دکتۆرا، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، 2019، ل.5.

[2] عیدی، منیة (٢٠١٦). التحلیل النقدی للخطاب، الطبعة الاولی، دار الکنوز، عمان، ص.15.

[3] میران جلال محمد، گوتار لە ڕۆمانی کوردیدا (1975 -2000) باشووری کوردستان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، 2014، ل.31.

[4] د. تالیب حوسێن عەلی. شیکردنەوەی گوتار (شانۆگەری- ڕۆمان- تەنز- شیعر). هەولێر: هێڤی، 2019، ل.19.

بنچینەدا هەریەکەیان لە زاراوەی (Discoursus) ی لاتینی دارێژراون، کە بە مانای دیالۆگ و گفتوگۆ دێ، یان ناردنی وتە و گفتوگۆی ئازاد دەگەیەنێت. لە زمانی عەرەبی( خطاب) ی پێدەگوترێ. لە فارسیش (گفتمان)ی پێدەڵێن. هەروەها لە زمانی کوردیش (گوتار ) یان (وتار)ی بۆ بەکاردێت، کە تاوەکو ئەم ساڵانەی دواییدا لەبەر نەبوونی زمانێکی ستانداردی کوردی، تێکەڵییەك لە نێوان ئەم دوو وشەیەدا هەبووە، کە لە ئێستادا تارادەیەك جیاوازی لە نێوان ئەم دوو وشەیەدا دەکرێت بەوەی کە وشەی (گوتار) لە بەرامبەر وشەی (الخطاب)ی زمانی عەرەبی و (وتار)یش بۆ وشەی (الخطبە)ی عەرەبی بەکاردێت.[1] زاراوەی گوتار (الخطاب) لە فەرهەنگەکانی عەرەبیدا بە مانای ئاماژەدان بەو گفتوگۆیەی کە لە نێوان دوو کەسدا روودەدات هاتووە.[2]

دەتوانین بڵێین ئەم زاراوەیە مێژوویەکی دێرینی هەیە، هەر لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە گوتار بوونی هەبووە. واتە، لە سەرەتا چەمکی گوتار لە ناو دونیای فەلسەفەدا لە لای یۆنانییەکان خۆی بەرجەستە دەکات. بەتایبەت لای سەفستاییەکاندا کە لە پێشخستنی گوتاردا رۆڵێکی گرنگیان هەبووە. گوتاریان وەکو هونەرێکی سەربەخۆ بەرجەستەکرد و ئەوەندە گرنگیان بە گوتار دەدا بە رادەیەك لە پێش هەموو زانست و هونەرەکانی تردا دایان دەنا. چونکە لای ئەوان گوتار ئەو تاکە رێگا گونجاوەیە کە دەتوانێت بۆ هەر باس و خواسێك بەرامبەر رازی بکات. بە شێوەیەك کە هیچ تاکە زانست و هونەرێکی تر نییە کە بتوانێت لە هەموو بوارەکاندا رێگاکانی رازیکردن بەرجەستە بکات.[3] لە دواتردا گوتار لە زانست و زمان و ئەدەب و بوارەکانی تردا دێتە پێشەوە. بۆ نموونە، لە بواری لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا چەمکی گوتار لە رۆژئاوا بەدەردەکەوێت و گەشەدەسەنێت، بەتایبەت دوای دەرکەوتنی کتێبەکەی دی سۆسێر (محاضرات في لسانيات العامة)[4]

زاراوە و چەمکی گوتار لەگەڵ هەندێك زاراوە و چەمك و بابەتی تر نزیکایەتی و لێکچوون و تێکەلاوی هەیە و تەنانەت جاری وا هەیە لە شوێنی یەك بەکار دەهێنرێن و بە هاو واتای یەکتر هەژماردەکرێن. بۆ نموونە: گوتار لەگەڵ قسە و دەربڕین، دەق و تێکست،... هیتر.

هەروەك (میران جلال محمد) دەڵێت: ((...یە کیك لە و زاراوانە ی لە گە ل (گوتار)دا هاوسییەتییەکی گەورەی هەیەو تەنانەت لای هەندێك توێژ هەر ئاویتەی یەکتر دەبن، یاخود لە بڕی یەك بەکاردین، زاراوەکانی (قسە یان دەربڕاو)ن هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیەش دەگەڕیتەوە بۆ کارەکانی ئەو توێژەرانەی تیروانینەکانیان بۆ زاراوەکانی (دەربڕین – گوتار)و دەلالەتەکانیان، لەو گورانکارییەوە سەرچاوەی گرتووە کە (گوستاڤ گیوم) لە دوانەی (زمان – ئاخاوتن)ی (دی سۆسێر)دا بەرپای کرد و زاراوەی (ئاخاوتن)ی گۆڕی بە(گوتار).))[5] لەبەرئەوە گوتارو ئاخاوتن وەکو هاوواتاو جێگرەوەیەکی یەکتر تەماشادەکران.

هەروەها زاراوەی (گوتار و دەق)یش ئەم تێکەلاوییەیان لە نێواندا هەیە، تەنانەت ((زاراوەکانی گوتار، دەق زۆر جار لە بری یەکتر و بۆیەك مەبەست بەکاردێن.))[6] جاری واش هەیە هەریەکەیان بە چەمك و مەبەستی جیاواز بەکاردێن. لەسەر جیاوازی و هاو واتابوونی نێوان چەمکی گوتار و دەق دا

---

[1] بۆ ئەم زانیارییانە پشت بەستراوە بەم دوو سەرچاوەی خوارەوە:
- عەدنان حەمەدەمین یونس. ڕەهەندەکانی گوتاری سیاسیی کوردی لە هەرێمی کوردستان (سەردەمی شەڕی داعش بە نمونە).کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، ٢٠٢٠، ل.4.
- هیوا کریم حسین. کاریگەری گوتاری ئەدەبی لەسەر ڕای گشتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا)بە نموونە ی باشوری کوردستان 1992-2003). نامە دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2020، ل.4.

[2] جماليات الإشارة النفسية في الخطاب القرآني، صالح ملا عزيز، اطروحة دكتورا، العراق: جامعة الموصل، 2007، ص.35.

[3]. یوسف نوری محەمەدئەمین. ئەرگۆمێنت لە گوتاری ئاینی ئیسلامدا.، نامەی دکتۆرا، هەولێر، 2022، ل.20.

[4] بۆ زیاتر زانیاری پڕوان: هاوکار یاسین شەریف کاریگەری گوتاری ڕۆژنامەوانیی کوردی و ڕۆڵی لە پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی پرسی ڕیفراندۆم لەڕۆژنامەی "خەبات". نامەی دکتۆرا، هەولێر، 2022. ل.33-34.

[5] میران جلال محمد، گوتار لە ڕۆمانی کوردیدا (1975 -2000) باشووری کوردستان، تێزی دکتۆرا، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، 2014، ل.48.

[6] شیرکو حەمە ئەمین قادر. شیکارکردنیکی گوتاریی چیروکە هە واڵ. نامەی دکتۆرا، کۆیە: زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زمان، 2009، ل.20.

زمانەوانەکان هەمان بۆچوون و ڕایان نییە و بە چەندین شێوە پێناسە و باسی هەریەکەیان کردووە و بە بۆچوونی جیاواز پەیوەندی نێوانیانیان خستۆتەڕوو.[1]

دەتوانتین بڵێین کە دەق، زیاتر ڕۆنانی ناوەوەی ئاخاوتنێکە و تارادەیەك دابراو و سەربەخۆیە. بەڵام گوتار زیاتر بەرجەستەکردنی ڕۆنانی ناوەوەی ئاخاوتنێکە لە پەیوەندی دەوروبەری ئاخاوتنەکەدا. واتە: گوتار وەکو سیستەمێك کە زمانی مرۆڤی تێدا دەردەکەوێت، یەکەیەکی پەیوەندییە، بریتییە لە کارلێکردنی دەق لەگەڵ دەرەوەدا، وەکو یەکەیەك کە پەیوەندی زمانی تێیدا ڕێك دەخرێت، بە ڕەچاوکردنی باروو دۆخی بەرهەمهێنان، بە مەبەستی ئەنجامدانی ئاخاوتن و پەیوەندی کردن و گەیاندن و گواستنەوەی پەیام و واتاو و هەست و کاریگەری بۆ بەرامبەر.[2] کە دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی گوتار = (دەق + بارودۆخی بەرهەم هێنان)[3].

سەبارەت بە پێناسەو ناساندنی گوتاریش ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو سەرچاوانەی پەیوستن بەم باسەوە دەبینین چەندین پێناسەی بۆ خراوەتەڕوو، بە شێوەیەك کە بە پێی جیاوازی کات و پسپۆری و گۆشەنیگای کەسەکان جیاوازی زۆر و دیدی هەمەجۆر لە پێناسەکاندا بەدیدەکەین. هەروەك سارە میلز (Sara Mills)، ئاماژە بەوە دەکات کە پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ گوتار تاڕادەیەک گرانە، چونکە بەپێی بۆچوونەکان گۆڕانی بەسەردادێت.[4] ((کەواتە گۆتار ل دویڤ دیتن و گرنگیا ڤە کۆلەرێن ئەوێ ب شێوەیێن جیاواز هاتییە پێناسەکرن. هندەکان وەکو کەرەستەیەکێ دڕکاندی یێ پێکهاتی ژ پەیڤ و ڕستەیان سەرەدەری ل گەل کرییە. هندەکێن دی گرنگی دایە لایەنێ بکارهاتنا ئەوێ و پەیوەندییا ئەوێ ل گەل دەوروبەری و گەهاندنێ . ژ لایەکێ دیڤە وەکو کەرەستەیەکێ سیمیۆتیکی ژ لایێ دیتن و ڕەوتێن جیاوازڤە گرنگی پێ هاتییەدان.))[5]. هەبوونی ئەم بینین و ناساندانەی گوتار لە گۆشە نیگای جیاوازەکانەوە ناچارمان دەکات کە زیاتر لە پێناسەیەك بۆ گوتار بخەینەڕوو، تاوەکو بتوانین بەرچاو ڕوونییەك لەم بارەیەوە پێشکەشبکەین:

یەکێك لە پێناسەکان لە بارەی گوتارەوە دەڵێت: ((گوتار زاراوەیەکی گشتی یە، تایبەتە بەهەر نموونەیەك لەبارەی بەکارهێنانی زمان واتا ئەو زمانەی لەئەنجامی کردەی پەیوەندیکردن بەرهەمدێت، زاراوەی گوتار، دەق، زۆرجار لەبری یەکتر و بۆیەك مەبەست بەکاردێن، هەروەها گوتار سیستمێکی گوتەییە جەخت کردنەوە لەسیمای گوتەیی گوتاریش لە بنەڕەتدا لەکارکردنی زمانەکانەوە لە زمانی ئاخاوتنەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ئاخاوتن سیمایەکی گوتەیی تایبەتی تاکە لەنێو سیستمە ئاماژەییەکاندا، گوتار لەهەموویان پتر گوزارشت لەزمان دەکات)).[6] لەم پێناسەیەدا گوتار پەیوەند دەکات بە گوتن و ئاخاوتن و بەکارهێنانی زمان و هەروەها لە پاڵ بەکارهێنانیشدا لەگەڵ دەق تێکەڵی دەکات و بە گوزارشتکەرێکی بەرچاوی زمان دەیناسێنێت.

(میشێل فۆکۆ) پێی وایە کە، گوتار بریتییە لەو دەق و دەربڕینانەی کە کۆی واتای وشە و سیستەمی بنیات و بنیاتی لۆجیکی و ڕێکخستنە ڕۆنانیەکان لەخۆ دەگرێت(عبدالواحید مشیر: 2014:

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری پڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- دیارعەلی کەمال. گوتاری سیاسی کوردی لەڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە. نامەی دکتۆرا، هەولێر: کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، 2010، ل.6.
- شۆڕەشڤان عادل ئەحمەد. شڕۆڤەکرنا گۆتارا سینەمایی یا فیلمێ کوردی "دەربازبوون ژ غوبارێ" ل دویڤ مۆدێلا (جۆن فێسك)ی. نامەی دکتۆرا، زاخۆ: زانکۆی زاخۆ، فاکەڵتی زانستی مرۆڤایەتی، 2022، ل.42-46.
- پ.ی.د. دارا حە مید محە مە د. دە ق و گوتار لە زمانی کوردیدا، چە مک و جیاوازی. کۆنفرانس. زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، بەرواری بڵاوکردنەوە: 29/10/2020، لینکی ماڵپەڕی بڵاوکراوە: [دەق و گوتار لە زمانی کوردیدا چەمك و جیاوازی – SUE Conferences]

[2] محمود عكاشة، لغة الخطاب السياسي: دراسة لغوية تطبيقية في ضوء نظرية الاتصال، مصر: دار النشر للجامعات،. 2005، ص.37-39.

[3] عەدنان حەمەدەمین یونس. ڕەهەندەکانی گوتاری سیاسیی کوردی لە هەرێمی کوردستان (سەردەمی شەڕی داعش بە نمونە). زانکۆی سەڵاحەددین، ٢٠٢٠، ل.18.

[4] دزەیی، عبدالواحد موشیر،(٢٠١٤). پراگماتیکی دەق و گوتار، چاپی یەکەم، هەولێر: ناوەندی ئاوێر، ل.77.

[5] شۆڕەشڤان عادل ئەحمەد. شڕۆڤەکرنا گۆتارا سینەمایی یا فیلمێ کوردی "دەربازبوون ژ غوبارێ" ل دویڤ مۆدێلا (جۆن فێسك)ی، ل.11.

[6] شێرکۆ حمە أمین قادر، شیکارکردنێکی گوتاریی هەواڵ، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، 2009، ل.31-32.

77).[1] لەم پێناسەیەی فۆکۆشدا گوتار زیاتر لە چوارچێوەی دەق بەرجەستەدەکرێت، بە رەچاوکردنی لایەنەکانی بنیات و لۆجیك و... هیتری.

(ئۆلیڤیی ڕۆبۆل)، لە پێناسەی گوتاردا دەڵێت: گوتار هەموو بەرهەمێکی ئاخاوتنە، چ نووسراو بێت یان زارەکی، کە رستەیەک یان زیاتر لە رستەیەکی یەك بە دوای یەکی لەخۆگرتبێت و سەرەتاو کۆتایی هەبێت و خاوەنی ماناو واتایەکی یەکگرتوو بێت.[2] بەپێی ئەم پێناسەیە هەموو بەرهەمێکی ئاخاوتن گوتارە، بە مەرجێ واتادارو یەك پارچە بێت.

هەروەها (طه عبدالرحمن)، لە بارەی گوتارەوە دەڵێت: هەر وتەو ئاخاوتنێك ئاراستەی بەرامبەر بکرێت، بە مەبەستی پەیوەندی و گەیاندن و تێگەیاندنی پەیام و واتا و مەبەستی دیاریکراو پێی دەوترێت گوتار.[3] بە پێی ئەم پێناسەیەدا گوتار بریتییە لە وتە و ئاخاوتن، بەمەرجێ دەبێ بەرامبەر، یان بڵێین وەرگرێك هەبێ ئەم وتە و ئاخاوتنە وەربگرێت، هەروەها دەشبێت گوتار مەبەست و پەیامی تایبەتی لە خۆگرتبێت. کەواتە گوتار تەنیا ئاخاوتنێکی رووت و دوور لە پەیام و مەبەست نییە و هەروەکو پێناسەی پێشوو ناتوانین بە هەموو ئاخاوتنێك بڵێین گوتار، ئەگەر پەیام و ئامانجێکی مەبەستداری لە پشت نەبێت.

لە سەرچاوەیەکی تردا گوتار وا پێناسەکراوە کە ((بریتییە لەو باس و بەڵگەهێنانەوەیەی کە لە شێوازی ئامانجیانەی گفتوگۆدا ئامادەیی هەیە.))[4] کە لێرەدا گوتار لە سەر دەربڕین و خستنەڕوو توخم و بنەماکانی رازی کردن و قەناعەت پێهێنان بەرجەستەدەکات و جیای دەکاتەوە لە خودی گفتوگۆ و زمان و ئاخاوتن بە شێوەیەکی گشتی.

هەرچی (د.ڕەحیم سورخی) لە بارەی پێناسەی گوتاردا دەڵێت: ((ئێمە گوتار وەك پێکهاتەیەکی سیستماتیکی زمان و هێماکان تێدەگەین کە لەگەڵ کردە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتورییەکان تێکئاڵاوە و دەیان نوێنێتەوە، و کۆمەك بە بنیاتنان، بەرهەمهێنان و پاراستنی جیهانبینی، ئایدۆلۆژی و پەیوەندی و ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان دەکات))[5]. هەروەها دکتۆر سورخی هەر لە درێژەی ئەم باسەدا، ئەوە دەخاتەڕوو کە ((... شیکارانی گوتار لەسەر ئەوە کۆکن، کە گوتار بە واتای زمان لە بەکارهێناندایە))[6]. ئەم پێناسەیە چوارچێوەیەکی فراوانتر و دەوڵەمەنتر بۆ گوتار دیاریدەکات، بەوەی کە گوتار هاوتا دەکات لەگەڵ زمان، زمانێك کە لە بەکارهێنان و ئاخاوتندا بەرجەستەدەبێت. واتە یەکگرتنی ناوەوەی دەق لەگەڵ دەوروبەر و دەرەوەی دەقدا لە بونیادێکی کلتوری و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی و سیاسیدا.

هەروەها لە پەرتووکی دەروازەی چەمکەکانیشدا گوتار وا پێناسە دەکرێت کە ((بریتیە لە گروپێکی تایبەت لە گوزارشتەکان کە بە وەزیفە کۆمەڵایەتییەکەی و پرۆژە ئایدۆلۆجییەکەی دیاری دەکرێن بەم جورە زاراوەیە ئاماژە دەکات بۆ سیستمێکی فیکری کە چەندان چەمک و وتەی تیۆری دەگرێتە خۆی لە پاڵ چەند ڕەهەندێکیشدا بۆ پراکتیك هەمووی لە دەوری یەکێك لە پانتاییەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی و بگرە نا کۆمەڵایەتیش بە مەبەستی نزیکبوونەوە و تێگەیشتن و کارلێك کردن لە گەڵیدا.))[7] ئەم پێناسەیەش لە گۆشەنیگایەکی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆجیی و فکری و پەیوەندی و تێگەیاندن و کاریگەری دەڕوانێتە گوتار، هەڵبەتە لە پاڵ تایبەتمەندێتی زمانی و دەربڕین و ئاخاوتندا.

لە ناساندنی گوتاردا (عەتا قەرەداغی) دەڵێت: ((گوتار بریتیە لە پەیوەندیکردنی بیر و مەعریفە لە رێکای وشە، رستە، قسە، گفتوگۆکردنەوە. کەواتە گوتار پێکهاتەیەکی زمانیە بە مەرجێ بارگاوی کرابێت بە بیرو مەعریفە، کە ئەوەش ئەو پەیامەیە کە پێکهاتەیەکی زمانی دەکات بە گوتار و زمان لە دەربڕینی بێ واتاو ناکاریگەرەوە دەکاتە پێکهاتەیەکی واتادار و کاریگەر. هەر لێرەشەوە زمان دەبێتە

---

[1] دزەیی، عبدالواحد موشیر،(٢٠١٤). پراگماتیکی دەق و گوتار، چاپی یەکەم، هەولێر: ناوەندی ئاوێر، ل.77.

[2] روبول، اوليفيي مدخل الى الخطابة، ت:رضوان العصبة، الطبعة الاولى، أ فريقيا الشرق، دارالبيضاء، المغرب، ٢٠١٧، ص.20..

[3] عبدالرحمن، طه اللسان والميزان والتكوثر العقلي، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، دارالبيضاء، المغرب، ١٩٩٨، ص.215..

[4] مێژووی هزری سیاسی لە ئەوروپا، بەرگی 3، ل.79.

[5] ڕەحیم سورخی،، شیکردنەوەیێکی ڕەخنەیی گوتاری ڕۆژنامەنووسی کوردی، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، 2013، ل.54.

[6] هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[7] فارس نەورۆلی. دەروازەی چەمکەکان. چاپی چوارەم، تاران، چاپخانەی تاران، 2020. ل.647.

ئامرازی پەیوەندیکردن چونکە بە بێ بینینی ئەرکی گواستنەوەی پەیام یان ناوەرۆکی پەیوەندیکردن زمان هیچ مانایەکی نابێت.))[1] لەم پێناسەیەدا جەخت لەسەر گوتار وەکو زمان لە بەکارهێناندا دەکاتەوە، بەڵام بۆ مەبەستی گواستنەوە و گەیاندنی بیرو مەعریفە لە ئاستێکی بەهێز و کاریگەر، نەوەك تەنیا بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستێکی سادە و ئاسایی. هەروەها بە پێی ئەم پێناسەیە زمان لە گوتاردا ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی بیر و پەیامی قسەکەر. واتە: گرنگی و جەوهەری بنەرەتی گوتار گەیاندنی پەیام و کاریگەرییە نەوەك قسەکردن و ئاخاوتنێکی رووت.

جگە لەم پێناسانەی خستمانەڕوو، هەموو پێناسەکانی تریش کە لە لێکۆڵینەوە و سەرچاوەکانی تر بۆ گوتار پێشکەشکراون، دڵنیایی لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە گوتار پێکهاتە و بونیاد و سیما و مەبەستی تایبەت بە خۆی هەیە. بەڵام هەریەکەیان لە دیدگایەکی جیاوازەوە بەرجەستەی دەکەن. بە شێوەیەك کە هەندێکیان لێکچوون و نزیکایەتیان لەگەڵ یەکدا هەیە و لە چەند خاڵێکەوە یەکدەگرنەوە، بەڵام هەندێکی تریان زۆر لێك جیاوازن و خاڵی هاوبەشیان دەگمەنە.

بە شێوەیەکی گشتی توخمەکانی گوتار دەبن بە چوار توخم و پێکهاتەی سەرەکی وەکو: (نێرەر، وەرگر، دەورووبەر، هۆکار و ئامرازی گەیاندن)[2]. هەریەکە لەم توخمانە رۆڵی سەرەکی و گرنگ دەگێرن لە بونیادی گوتاردا.

نێرەر وەکو یەکێك لە توخمە سەرەکییەکانی گوتار و بە چەقی بەرهەمهێنانی گوتاردا دادەنرێت و بەبێ ئەو رستەکانی زمان و ئاخاوتن دروست نابێت و زمان کارا و بەرجەستە نابێت. چونکە نێرەر پەیام و واتا و مەبەستەکانی خۆی دەکاتە درکاندن، کە لە هێما و کۆدی زمانی هەڵبژێردراو و دیاریکراو باریان دەکات و ئاراستەیان دەکات. هەر لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییەی نێوان هێمای زمانی و بەکارهێنەرانی هێما زمانییەکاندا، لێکۆڵینەوە سیمانتیکەکان لە میانەی هێما زمانییەکاندا بەرەو پراگماتیك دەباتەوە.[3]

هەروەها نێرەر بەرێژەیەکی بەرچاو ستراتیجییەتی بونیاتی گوتار لە خۆ دەگرێت. لەبەر ئەوەی بیرو باوەر و راو بۆچون و خود و کەسایەتی و سیاسەت و ئەجندای نێرەر کار لە بەرجەستەبوونی دەربڕینەکانی گوتارەکە دەکات.[4] کەواتە دەتوانین بڵێین نێرەر هەم تەوەرەی سەرەکی بەرهەمهێنانە و هەمیش ستراتیجییەتی ئاراستەکردن و قاڵبی بەرجەستەکردنی گوتارە.

دووەمین لایەن و توخمی سەرەکی گوتار (وەرگر)ـە، مەبەستیش لە وەرگر ئەو کەسەیە کە گوتارەکەی ئاراستە دەکرێت، کە نێرەر بە شێوەیەکی راستەوخۆ، لە میانەی ئاخاوتن و قسەکردندا، یان بە ناراستەوخۆ، لە رێگەی نووسین و تۆمارکردندا، پەیام و هێما و دەربڕینە زمانییەکانی بۆ ئاراستە دەکات. جا ئەو وەرگرە دەکرێت تاکە کەسێك بێت، یان کۆمەڵێك کەس و گروپێك بێت. بە تایبەت لە گوتارە سیاسی و نەتەوایەتییەکاندا وەرگر زیاتر لە کەسێکە و بریتییە لە هاوڵاتی و نەتەوە و جەماوەر و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، چونکە ئەم جۆرە گوتارانە لە رێگەی کەسایەتییە سیاسییەکانەوە بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستێکی سیاسی و نیشتمانی و کارتێکردن و خرۆشانی هاوڵاتی و هاونیشتمانی دیاریکراوەوە، بە شێوەیەکی گشتی، بە ئامانجی کارکردنە سەر رای گشتی و بەرجەستەکردنی مەرامە سیاسییەکانیان ئاراستە دەکرێن.[5]

وەرگر گرنگییەکی بەرچاوی هەیە لە بونیاد و بەرجەستەکردنی گوتاردا. کە ((... تەنها لەبەر ئەوە گرنگییەکی زۆری نییە، کە ئامانجی نێرەرە، بەڵکو زۆربەی کردەکانی لێکدانەوەی واتا، دەکەونە

---

[1] عەتا قەرەداخی. گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی. بەرگی3، سلێمانی: چاپخانەی رەنج، 2007، ل.7.

[2] بۆ زیاتر زانیاری پروانە: دیارعەلی کەمال. گوتاری سیاسی کوردی لەروانگەی ڕێشگریمانەکانەوە، ل.11-15.

[3] عبد الهادي بن ظافر الشهري استراجيتيات الخطاب: مقاربة لغوية تداولية، بيروت: دار الكتاب الجديد، 2004، ص.47.

[4] محمود عكاشة. لغة الخطاب السياسي: دراسة لغوية تطبيقية في ضوء نظرية الاتصال. مصر: دار النشر للجامعات، 2005، 25-26.

[5] محمد علي العوني، العلوم السياسية، دراسة في الاصول و النظريات و التطبيق،1988، ط1، بيروت: عالم الكتب، 1988، ص.361.

لای وەرگر، بەم جۆرە وەرگر لێکدانەوە دەکا و بەدیهاتنی کردەی زمانی دەکەوێتە لای وەرگر.))[1]. بۆیە بەبێ ڕەچاوکردنی وەرگر ستراتیجییەتی گوتار دانامەزرێت.

سەبارەت بە توخمی ((دەوروبەر، ئەو زانیارییە پێشینانە دەگرێتەوە، کە گریمانە دەکرێت هاوبەش بن لە نێوان قسەکەر و وەرگر، ئەو زانیارییانە یارمەتی گوێگر دەدەن بۆ ئەوەی بگات بە مەبەستی قسەکان لە هەر گوتنێکی دیارکراودا ( Leech ,1983: 13)،))[2]ئەمەش مانای وایە کە دەورووبەریش کاریگەری لەسەر ئاراستەی واتا و کاریگەری گوتاردا هەیە. واتە: دەوروبەریش وەکو لایەن و توخمێکی سەرەکی تری گوتار کارتێکردنێکی ئاشکرای هەیە لەسەر مانا و مەبەستی دەربڕینی زمان، بە شێوەیەکی گشتیش لێکۆڵینەوەکان دەوروبەر بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکەن، کە ئەوانیش بریتین لە: دەوروبەری کەلتوری، دەوروبەری بار، پەرە زمانییەکان. هەریەکە لە مانە کاریگەری لەسەر دیاریکردنی ئاراستە واتاو مەبەستی گوتار بەرجەستەدەکەن.[3]

سەبارەت بە هۆکار یاخود ئامرازیش وەکو دوا توخمی سەرەکی گوتار ((مەبەست لەو هۆکارەیە یاخود ئەو ئامرازەیە کە مەبەست و واتا و هەواڵەکانی پێ لە نێرەرەوە بۆ وەرگر دەگوازرێتەوە، (ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە هێما زمانییەکان، کە هەندێ جار بە ـ کۆد ـ یش ناو دەبرێن).))[4]. واتە: هێما و کۆدە زمانییەکان ئامراز و هۆکارێکن بۆ گواستنەوەی وتە و پەیام و مەبەستی نێرەر بۆ وەرگر و لەم ڕێگەیەوە گوتار بونیادی خۆی بەرجەستەدەکات.

هەریەکە لە هۆکارە نازمانییەکان چ دەوروبەر بێت و چ هێما و کۆد و ئاماژەکان بێت رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە کاریگەربوونی گوتارەکاندا. هەروەکو (شێرکۆ حمە امین قادر) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((گوتار خاوەنی ئەرك و گەیاندنی پەیامە بۆ بەرامبەر، لەپێناو باش گەیاندن و کاریگەری زیاتردا، پێویستی بەهۆکاری نازمانی دەبێت، وەکو دەوروبەر و ئاماژەکان)).[5] بۆیە بەبێ ئەم هۆکارانە ناتوانێت ئامانجی خۆی زامن بکات.

هەموو گوتارێك بنەماو ستراتیجییەتی خۆی هەیە بە پێی توخمەکان و پەیوەندی نێوانیان و ئامانج و پەیامی گوتار دەگۆرێت. بە شێوەیەکی گشتی ستراتیجییەتی گوتار لەسەر دوو هۆکار بنیات دەنرێت، کە ئەوانیش: (( ١- پەیوەندیی پێشووتر لە نێوان نێرەر و وەرگر: کە بە هاوسۆزی دەستپێدەکات تا ئەمانی هیچ پەیوەندییەک، لەم بارەدا نێرەر هەوڵدەدا قەرەبووی بکاتەوە بە ستراتیجییەتی گوتارەکەی. ٢- دەسەڵات: کە یەکێک لەلایەنەکانی گوتار (نێرەر-وەرگر)، دەسەڵاتی بەسەر ئەویتردا هەبێ، پلەی بەرزتربێ، یان کەسیان دەسەڵاتیان بەسەر ئەویتر نەبێ و پلەیان وەکو یەک بێ، یان هیچ پەیوەندییەک بەیەکیان نەبەستێتەوە.))[6]. بە رەچاوکردنی هەریەکە لەم هۆکارانە کە لەسەر پەیوەندیی نێوان نێرە و وەرگر دادەمەزرێن، ستراتیجیەتی گوتار بەرجەستە دەکرێت.

گوتار بە پێی چوارچێوەی پۆلێنکردنەکانی، کە بە پێی بابەت و بنیات و رۆنان و میکانیزم و تەکنیکەکانی گوتارەکە دیاریدەکرێت و دەبێتە چەند جۆرێك، وەکو: گوتاری گوزارشتی، گوتاری ئەرگومێنتی، گوتاری وەسفی، گوتاری گێرانەوە، گوتاری زانستی، گوتاری سیاسی، گوتاری ئەدەبی، گوتاری فەلسەفی،.... هیتر.[7] هەریەکە لەم جۆرانەش دەکرێت چەند لق و پۆپێك لەخۆبگرن. بۆ نموونە: گوتاری ئەدەبی، بە پێی ژانرە ئەدەبییەکان دەکرێن بە

---

[1] لە دیارعەلی کەمال. گوتاری سیاسی کوردی لەڕوانگەی ڕێشگریمانەکانەوە، ل.12.

[2] London longman, 1983, P.13. ،GEOFFREY, LEECH. Principle of pragmatics
وەرگیراو لە: یوسف نوری محەمەدئەمین. ئەرگۆمێنت لە گوتاری ئاینی ئیسلامدا. نامەی دکتۆرا. زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2022، ل.100.

[3] بۆ زیاتر زانیاری بروانە: دیارعەلی کەمال. گوتاری سیاسی کوردی لەڕوانگەی ڕێشگریمانەکانەوە، ل.13-15.

[4]: سەرچاوەی پێشوو، ل.16.

[5]شێرکۆ حمە أمین قادر، شیکارکردنێکی گوتاریی هەواڵ، ل. 31-32.

[6]:یوسف نوری محەمەدئەمین. ئەرگۆمێنت لە گوتاری ئاینی ئیسلامدا. نامەی دکتۆرا. زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2022، ل.108.

[7] بۆ زیاتر زانیاری بروانە:: یوسف نوری محەمەدئەمین. ئەرگۆمێنت لە گوتاری ئاینی ئیسلامدا. نامەی دکتۆرا. زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2022، ل.115-122.

دوو لقی سەرەکی کە ئەوانیش، گوتاری شیعری و گوتاری پەخشانی ئەدەبی. کە هەریەکەیان خاوەنی بونیاد و پێکهاتەو ستراتیجییەتی تایبەت بە خۆیەتی.[1]

هەرچۆنێك بێت لەبەر ئەوی کاری سەرەکی ئێمە کارکردن نییە لەسەر خودی زانستی گوتار بۆیە بە باشی دەزانین کە زیاتر درێژە بە باسەکەمان نادەین و بەوەندە بروسکە زانیارییانە کۆتایی بەم بابەتە بهێنین.

## 2-1-1. چەمکی نەتەوەگەرایی (ناسیۆنالیزم)

لەم تەوەرەیەدا باس لە چەمك و زاراوەی نەتەوەگەرایی (ناسیۆنالیزم) دەکەین و لە چەند روویەکەوە تیشکی دەخەینە سەر. نەتەوەگەرایی وەکو زاراوە لە وشەی نەتەوە Nation وەرگیراوە.[2] ئاسایی بۆ زاراوەی نەتەوەگەرایی لە زمانی کوردیدا چەند زاراوەی تریش بەکاردێت کە هەموویان بە هەمان مەبەست دەخرێنەڕوو. واتە، لە زمانی کوردیدا جگە لە وشەی نەتەوەگەرایی ((... پەیڤا بیری نەتەوەیی، هزرا نەتەوەیی، مللەت پەروەری، نەتەوایەتی، کوردایەتی ل هەمبەر (القومیە) یان (الفکر القومی)یا عەرەبی و(Nationalism)یا رۆژئاڤایی بکار دئینن.

دیسان پەیڤا (Nationality) بو هەمان مەبەست بکارتێ. ئەگەر چی دبنیات دا مەبەستا (Nationality) ئانکۆ (رەگەز، توخم، نفش، بنەڕە، دوینده، رەچەلەك، زریەت، جنس، جنسیە) لێ ئەڤ پەیڤە مانایا نەتەوەیی (قومی، قومیە) ژی ددەت.))[3]. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین زاراوەی نەتەوەگەرایی بە زیاتر لە وشەیەك بەرامبەر کراوە، کە هەموو وشەکانیش ئاماژە بە هزر و بیرو هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی دەکەن. هەر لە خودی ناوە کوردییەدا چەمکی نەتەوەگەرایی بەرجەستەبووە، بەوەی کە ئەم ناوە کوردییە (نەتەوەگەرایی) لە وشەیەك (نەتەوە) لەگەڵ پاشگری (گەرایی) پێکهاتووە. ئاسایی وشەی (نەتەوە) دیارە وەکو ناوێکە بۆ ئاماژەکردن بە کۆمەڵە خەڵکێکی هاو رەگەزو زێد و زمان و کلتور و هۆشیاری و مێژوو... هیتر، بۆ نموونە: کورد، عەرەب، فارس،... هیتر. کە لە بابەتەکانی تر زیاتر هەڵوەستەی لەسەر دەکەین. پاشگری (گەرایی) لە وشەی فارسی (گراییدن) وەرگیراوە، لە بنەڕەتدا بە مانای (مەیل کردن) یان (بەلای شتێکدا چوون)، یان (خولکردنەوە بۆ سەر شتێك) دێت. هەرکە ئەم پاشگرە دەچێتە سەر وشەیەک، چەمکێکی نوێ بەرجەستەدەکات کە واتای ڕێباز، یان بیرۆکە، یان ئایدۆلۆژیا زیاد دەکات بۆ سەر مانای وشەکە، یان بڵێین مانای مەیل و ویست و ئارەزوو بەلای ئەم شتە بەرجەستە دەکات. ئەم پاشگرە لە زمانی فارسیش (گرا) بەکاردێت و دەچێتە سەرناو و یەکێك لە ماناکانی بۆ ویست و ئارەزووکردن دەخاتە پاڵ ئەو ناوە[4]، وەکو وشەی (لیبرالگرا) لە فارسی کە مانای ویست و ئارەزوو بۆ سەربەخۆیی و ئازادی، یان زاراوەی: لیبرالیست، سەربەخۆخواز، وەکو هاو واتا لە کوردییدا بۆ بەکاردێ. هەرچۆنێك بێت ئەم پاشگرە هاوشێوەی فارستی بۆ مانای مەیل و ئارەزووکرد بۆ ناوە زیادکراوەکەی دەدات بۆیە کە کاتێك ئەم پاشگرە دەچێتە سەر وشەی (نەتەوە)، مانای (بەلاداچوون و گەرانەوە و بیرو باوەڕ و مەیل و ویست و ئارەزوو بۆ نەتەوە)

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری پڕوانە: هیوا کریم حسین. کاریگەری گوتاری ئەدەبی لەسەر ڕای گشتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا)بە نموونە ی باشوری کوردستان 1992-2003). نامە دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2020، ل.18-152

[2] ئەحمەد شەبانی. فەرهەنگی زانستی- سیاسی، (فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان)، کوردی-فارسی – ئینگلیزی. سنە: پاساژ عێزەتی. ل.315.

[3] کامیران محەمەد نەبی. قۆناغێن وەرارا هزرا نەتەوایەتی د هوزانا کوردی دا - ژ دەست پێکێ تاکو دوماهی یا سەدێ بیستێ - نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، 2005، ل.13.

[4] بروانە: بەشی (لغت نامەها)، ماڵپەڕی (لام تاکام)، لە ڕێگەی ئەم لینکە: معنی گرا - لغت‌نامە دهخدا

دیت. كە ئاماژە بە ڕێباز، بیرۆكە یان ئایدۆلۆژیایەكی تایبەت دەكات كەواتە: هەر لە خودی مانای زاراوە و فەرهەنگی وشەی (نەتەوەگەرایی)دا چەمك و ماناو وێنەكەشمان بۆ ڕۆشن دەبێتەوەو ماناو مەفهومی گشتی وشەكەمان لە لای گەڵاڵە دەبێت.

سەبارەت بە مێژووی نەتەوەگەرایی[1] ئەگەر بە شێوەیەكی خێرا ئاوڕێك لە مێژووی نەتەوەگەرایی لە جیهان بدەینەوە دەبینین زیاتر لە بیرو بۆچونێك لە لایەن نووسەرە و لێكۆڵەرەوانی نەتەوەگەرایی لە سەرچاوەكان خراونەتەڕوو. د. جەعفەر عەلی پاش تاوتوێكردنی كۆمەڵێك بیروراو بۆچوون دەگاتە ئەو ئەنجامەی كە بڵێت: (( ناسیۆنالیزم و گوتاری ناسسیۆنالیزم زادەی قۆناغی مۆدێرنەیەو دیاردەیەكە لە منداڵدانی ئەو قۆناغەدا لە دایكبووەو، بە حەقیقیش لە كۆتاییەكانی سەدەی هەژدەو سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەدا پراكتیزە كراوەو، بگرە تێكڕای مێژووی سەدەی نۆزدەشی لە هەر گوتارێكی دیكە زیاتر كۆنترۆڵكردووە، هەر بۆیە ئەم سەدەیە (19ز) بە سەدەی ناسیۆنالیزم ناودێركراوە.)) [2]. هەرچۆنێك بێت دواتر تیشكی زیاتر دەخەینە سەر ئەم مێژووە.

ئێستاش ئەگەر بێینە سەر پێناسەی نەتەوەگەرایی، دەبێ ئەوە بزانین كە ((ناسیۆنالیزم دیاردەیەكی هێجگار ئاڵۆزە و تا ئێستا بەچەندان شێوە پێناس و ڕاڤە و لێكدانەوەی جیاوازی بۆ كراوە. سەرەڕای درێژی تەمەنی دیاردەی ناسیۆنالیزم كەچی لە ئاستی تیۆریدا كەمتر گرنگی پێدراوە...... ناسیۆنالیزم تا ناوەڕاستی هەشتاكانی سەدەی بیست بێ فەیلەسوف و بێ ڕۆشنبیر ماوەتەوە. ڕاستە لێرە و لەوێ، ئەم فەیلەسوف یان ئەویدی، فلان یان فیسا تیۆریست، شتێكیان لەسەر ئەم لایەن یان ئەو لایەنی ناسیۆنالیزم گووتوە. بەڵام لای كەسیان ناسیۆنالیزم بابەتی سەرەكی بیركردنەوەو ڕاڤەكردن نەبووە. تەنها لەسەرەتای هەشتاكانەوە ناسیۆنالیزم..... سەرنجی ژمارەیەكی زۆر لێكۆڵەرەوە و زانای كۆمەڵایەتی ڕادەكێشێت و دەبێتە بابەتی شیكردنەوە و ڕاڤەكردن.))[3]. ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ بابەتی ناسیۆنالیزم و نەتەوەگەرایی زیاتر دەبێتە جێگای سەرنج و گفتوگۆ و لێكۆڵینەوەكانی بواری زانستی كۆمەڵاتی و سیاسی و... هیتر، و بەمەش تیۆر و نوسین و لێكۆڵینەوە بە شێوەیەكی بەرچاو بۆ دەخرێتەڕوو.

هەرچۆنێك بێت ئێستا دەبینین نەتەوەگەرایی بە پێی جیاوازی تیۆریست و لێكۆڵەر و كەس و دیدگاكان، لە سەرچاوەكاندا پێناسەی جیاوازی لەخۆگرتووە و بە شێوەی جیاواز خرایتەڕوو، كە لێرەدا چەند پێناسەیەكیان دەخەینەڕوو:

لە فەرهەنگی ئۆكسفۆرد دا نەتەوەگەرایی بەوە پێناسە دەكرێت كەوا ((ویست و ئارەزووی دەستەیەكی مرۆییە، كە هاوبەشن لە: ڕەگەز، كلتور، زمان،.....هتد، بۆ پێكهێنانی دەوڵەتێكی سەربەخۆ)) [4]. كەواتە بەپێی ئەم پێناسەیە نەتەوەگەرایی ئەو ویست و ئارەزووەیە كە بۆ پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، لە نێوان گروپێك مرۆڤی هاورەگەز، هاوكلتور و هاوزماندا بەرجەستە دەبێت.

(لینین)یش نەتەوەگەرایی بە دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی دادەنێت، كە كۆكبوون و یەكبوونی تاكەكانە لە قۆناغێكی دیاریكراوی مێژوویدا، كە لەسەر بنەمای پێویست بوونی لایەنی كۆمەڵایەتی و ئابووری سەرمایەداری خۆی بەرجەستەكردووە. كەواتە بەم پێیە سەرهەڵدانی هزری نەتەوەگەرایی و

---

[1] لە تەوەرەی تردا بە درێژی دەیخەینەڕوو.
[2] د. جەعفەر عەلی. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی كوردی. چاپی دووەم، هەولێر: ڕۆژهەڵات، 2013، ل.55-56.
[3] مەریوان وریا قانیع. ناسیۆنالیزم و سەفەر، كورد لە دیاسپۆرا. چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2005، ل.40-41.
[4] The Oxford English Dictionary, Sixth edited by Sally Weh meier Oxford University press Britain 2001, p.847.

دروستبوونی نەتەوە وەکو وەلامێك بۆ پێویستی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و... هیتری کۆمەڵگا سەر هەڵدەدات.[1]

لە فەرهەنگی نوێشدا بەم شێوەیە نەتەوەگەرایی خراوەتەڕوو: ((بیروباوەڕی نەتەوەییانە، نەتەوەپەرستی، ڕێزگرتنی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەکانی تردا، وەفاداریی تەواو بەرامبەر بە نەتەوەی خۆی، ڕێزگرتنی نەریت و یاسا نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی خۆی بەسەر نەتەوەکانی تردا.))[2]. لەم پێناسەیەشدا نەتەوایەتی زیاتر بەرەو هەستێکی رەگەزپەرستیانە دەباتەوە، بەوەی کە تاکەکانی نەتەوە لایەن و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەکەی خۆی بە پەسندترو ریزلێگیراوتر لە نەتەوەکانی تر دەزانێت.

هەروەها بە پێی قامووسی یاسای نێودەوڵەتی نەتەوەگەرایی (( بریتییە لە فەلسەفەیەکی سیاسی کە پێی وایە دەبێ نەتەوە، یەکەم هۆکار بێت بۆ پێناسەکردن و دامەزراندنی دامودەزگا سیاسییەکان بە تایبەت وڵاتەکان. لەم روانگەوە ناسیۆنالیزم دەبێتە هۆی دامەزرانی وڵاتێك یا بە ڕەسمییەت ناسینی مافە نەتەوەیی یەکانی گرووپێکی تایبەت لە ئاستی نێونەتەوەیی دا.))[3]. لەم پێناسەیەدا نەتەوەگەرایی بە دوو خاڵی سەرەکی خراوەتەڕوو، هەم بەوەی کە نەتەوەگەرایی فەلسەفەیەکی ساسییە و هەمیش نەتەوە بنەمای سەرەکی دەوڵەتە بە پێی فەلسەفەی نەتەوەگەرایی.

هەروەها نەتەوەگەرایی یان ((ناسیۆنالیزم، جۆرە وشیارییەکی کۆمەڵایەتییە بە مانای دڵبەندی بە نەتەوەیەك. ئەم وشیارییە پێی دەگوترێ "وشیاری نەتەوەیی". وشیاری نەتەوەیی، هەستی هاوخەمی و یەکگرتوویی بەدی دەهێنێت کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاوبەشی زمان و بایەخی ئەخلاقی، ئایین، رەگەز، ئەدەب، نەریتی کۆن، مێژوو، هێما و ئەزموونی هاوبەش. ناسیۆنالیزم هەروەها بەرپرسیارییەك لە بەردەم چارەنووسی نەتەوەیی و ئەمەگداری بە نیشتمان سازدەکات کە بەهێزترە لە وەفاداری بە خێزان.))[4]. بە پێی ئەم پێناسەیە نەتەوەگەرایی لە ئەنجامی هۆشیاری کۆمەڵگاوە دروست دەبێت. واتە هۆشیاری کۆمەڵگا لەسەر بنەمای یەکێتی زمان و مێژوو رەگەزو.... هیتر پەیوەندییەکی خۆشەویستی و بەرپرسیارێتی بەهێز لە لای تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ نەتەوە و ولاتەکەی دەسازێنێ، کە ئەم خۆشەویستییە بەهێزەش دەبێتە بونیادی نەتەوەگەرایی.

لە پەرتووکی دەروازەی چەمکەکان نەتەوەگەرایی وا پێناسەکراوە کە ((...بریتی یە لە چەمکێك کە لە سەدەی نۆزدەدا لەنێو ئەو گەلانە سەری هەڵدا کە هۆشیارییان پەیداکرد سەبارەت بە شوناسی نەتەوەی خۆیان بەبێ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەییان هەبێت یاخود بریتی یە لە سیستمێکی بڕوا یان عەقیدەیەك یان ئایدۆلۆجیای سیاسی کە پێکەوە بەستنێکی بەهێزی دەستەیەك لە تاکەکەس کە گوڵ لە نەتەوەدا فەراهەم دەکات.))[5] بە پێی ئەم پێناسەیەش نەتەوەگەرایی لە ئەنجامی هۆشداری تاك بە ناسنامەی نەتەوەی خۆی دروستدەبێت و وەکو بیر و بڕوابوون بە بوونی یەك نەتەوە و دەوڵەت خۆی بەرجەستەدەکات.

هەروەها لە فەرهەنگی راڤەی ئیزیزمەکاندا نەتەوەگەرایی پێناسەکراوە بە ((هەستی وەفاداری و هەبوونی حەز و هۆگرییەکی زۆر بە هیما نەتەوەییەکان (نەژاد، زمان، نەریتەکان، عادەتەکان،

1 فیدو سییف. القومیە والامیە والپرولیتاریە- الماركسیە فی القرن العشرین. ترجمە: د. نجاح الساعاتی، دمشق: مطبعە العلم، 1983، ص.5.
2 داریوش ئاشوری، دکتۆر بەهائەددین پازارگاد، روزبە. فەرهەنگی نوێ. بورهان قانع، لە فارسییەوە کردویەتی بە کوردی. سلێمانی: 2003، ل.57.
3 هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو
4 ئەحمەد شەبانی. فەرهەنگی زانستی- سیاسی، (فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان)، کوردی- فارسی – ئینگلیزی. ل.317.
5 فارس نەورۆلی. دەروازەی چەمکەکان. ل.752.

کولتوور، بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان، ئاو و خاك و شتی لەم جۆرە) و شانازیکردن پێیانەوە. دیارە لەم مەرامەدا هەر نەتەوەیەك خۆی بە نەتەوەی باشتر و سەرتر دەزانێ و رەچەڵەك و کولتوور و هونەر و ئەدەب و زمان و هێما نەتەوەییەکانی خۆی جیاواز و لە هەمان کاتدا بەنرختر لە هی نەتەوەکانی دیکە لەقەڵەم دەدات.))[1]. ئەم پێناسە نەتەوەگەرایی زیاتر بەو شانازییە هەست و دەروونییەی تاکەکانی نەتەوەیەك دادەنێت کە بەرامبەر بە رەمزە نەتەوەییەکانی وەکو زمان و خاك و کلتور و رەگەز و... هیتر هەیتیان، لە چاو پێکهاتەو رەمزە نەتەوەییەکانی تردا.

لە سەرچاوەکەی (ئەنتۆنی دی سمیس) دا نەتەوەگەرایی وا پێناسەکراوە کە ((... ئایدۆلۆجیەکە، کە نەتەوە لە نێوەندی بایەخی خۆی دادەنێ و هەوڵی گەشەسەندن و بەرەوپێشبردنی دەدات. (.....). بزووتنەوەیەکی ئایدۆلۆجییە هەوڵ بۆ بەدەستهێنان و هێشتنەوەی ئۆتۆنۆمی و یەکێتی و ناسنامەی دانیشتووانێك دەدات کە هەندێك لە ئەندامانی نەتەوەی ڕاستەقینە (تەواو) پێکدەهێنن یان لە ڕێگەی نەتەوە بوون دان.))[2]. لەم پێناسەیەدا نەتەوەگەرایی بە بزووتنەوەیەکی ئایدۆلۆجی بەرجەستە دەکات و ڕاستەوخۆ بە نەتەوە دەیبەستێتەوە، بە شێوەیەك کە نەتەوە دەبێتە رەوگەو ئامانج و هەوڵەکانی ئاراستە دەکات.

هەر لەبارەی پێناسەی نەتەوەگەراییەوە (عەتا قەرەداغی) کۆمەڵێك پێناسەی جیاواز لە سەرچاوەکەیدا دەخاتەڕوو پاشان دەرئەنجامی کۆی پێناسەکان نەتەوەگەرایی بەرجەستەدەکات لە خۆشەویستی ودڵسۆزی و پەیوەستبوون و خۆیەکلاییکردنەوە بۆ خاك و نەتەوە. پاشان پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێت لەسەر ئەو خۆشەویستی و دڵویستییە بۆ نەتەوە و نیشتمان، بەوەی کە ئایە ئەم هەستی خۆشەویستییە هەستێکی سروشتی و خۆرسکە و لە ناخی مرۆڤەکاندا رواوە، یان دەرهاویشتەی قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگایە؟ بۆ ئەم مەبەستە لێکدانەوەو گفتوگۆ بۆ گەیشتنە وەڵامی ئەو پرسیارە دەکات، کە دەرەنجام بە پێی دوو بۆچوون و تێڕوانین وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە. دوو تێروانینەکەش بریتییە لە تێروانینی پێش مۆدێرنێتە و پاش مۆدێرنێتە. کە بە پێی بۆچوونەکانی پێش مۆدێرنێتە نەتەوەگەرایی زیاتر بە هەستێکی خۆرسك و سروشتی دەناسێنێت و پێی وایە مرۆڤ بە سروشت بوونەوەرێکی ناسیۆنالیستە. کە ئەمەش لە تیۆری پەرەسەندی ئەسڵی جۆرەکانی داروین وەرگیراوە، کە نەتەوەگەرایی بە بەرهەمی پەرەسەندنی بایەلۆجی مرۆڤ هەژمارکراوە، یان تێروانینی ئیبن خەلدوون لە رووی کۆمەڵناسییەوە، کە لە نێوان دەستە و گروپێکی داخراوی وەکو خێزان و خێڵ و عەشیرەتدا رەچەڵەك و پەیوەندییەکی خوێنی و دەماری یەکیان دەکات و وەکو یەکەیەکی دامەزراوی یەکگرتووی هاو زمان و هاو داب و نەریت و بەرژەوەندی و بیروباوەر و فەرهەنگ و بەرژەوەندی و...هیتر، جیایان دەکاتەوە لە دەستە و گروپی تر. کە ئەم هەست و ئیدراکە سروشتی و خۆرسکەی بۆ یەکگری و یەکبوون لە نێوان گروپێك و جیاوازبوونی لەگەڵ گروپێکی تردا دەبینرێت وەکو جۆرێك لە هەستی نەتەوەگەرایی هەژماردەکرێت. بەڵام بە پێی تێروانینی دووەم هەستی خۆشەویستی نەتەوە و نیشتمان بە هەستێکی خۆرسکی مرۆڤ دانانێت، بەڵکو هەستی نەتەوەگەرایی دەیگەرێنێتەوە بۆ مۆدێرنێتەو قۆناغی کۆمەڵگای سەرمایەداری و پیشەسازی و ئابووری پێشکەوتووی سەدەی نۆزدەهەم. کەواتە بە پێی ئەم تێروانییە نەتەوەگەرایی و هەستی خۆشەویستی بۆ خاك و نەتەوە خۆرسك نییەو دروستکراوە.[3]

---

[1] محمد حاجی زادە. فەرهەنگی ڕاڤەیی "ئیزم"ـەکان. وەرگێرانی لە فارسییەوە: سیروان مووساپوور، شوێنی چاپ: تاران، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی، 2018، ل.280.

[2] ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو. وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: هوشیار عەبدورەحمان سیوەیلی، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، 2004، ل.18.

[3] عەتا قەرەداخی، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی دووەم، سلێمانی، 2013، ل.4-14.

نووسەرێکی کوردی وەکو (مسعود محمد) کوردایەتی وەکو نەتەوەگەرایی کوردی وا پێناسە دەکات: (( کوردایەتی وجودە، بوونە، کەینوونەیە لزومی بە کراس نییە، لزومی بەوە نییە پێستێکی لەبەر بکەی، کوردایەتی، بریتی یە لە حەقیقەتێك وەك خۆم ئینسانم هەروەها کوردم چەند ئینسانم چەند کوڕی باوکی خۆمم، ئەوەندەش کوردم کوردایەتیەکە جورئەتێکی ئەسلی یە لە گیانی مندا ممکین نییە بیسڕمەوە))[1]. لەم پێناسەیەشدا نەتەوەگەرایی وەکو ئیرادەو هەست و فترەتی کەسی تەماشادەکات و وەکو پێکهاتەیەك لە خوێن و بووندا دەیبینێت.

(ئێرنیست گێلنەر) لە بارەی پێناسەی نەتەوەگەراییەوە دەڵێ: ((نەتەوەگەرایی لە سەرووی هەموو شتێکەوە پرەنسیپێکی سیاسییە، بە پێی ئەم بنەمایە دەبێت یەکەی سیاسی لەگەڵ یەکەی نەتەوەدا هاوئاوازبێت. نەتەوەگەرایی وەکو هەستێك یان بزووتنەوەیەك، دەتوانرێت بە باشترین شێوە لە ڕێی ئەم پرەنسیپ و بنەمایەوە بناسرێنێت. هەستی نەتەوەگەراییەتی بریتییە لە هەستکردن بە تووڕەیی، کە لە ئەنجامی پێشێلکردنی ئەم بنەما و پرەنسیپە بەرجەستەبووە، یان هەستکردنە بە ڕەزامەندی کە لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی بەرجەستەبووە. بزووتنەوی نەتەوەگەراییەتی بزووتنەوەیەکە کە لەسەرە بنەمای هەستێکی لەم جۆرە دەجولێتەوە.))[2]. بە پێی ئەم پێناسەیە نەتەوەگەرایی بنەمایەکی سیاسییە و کە یەکەی سیاسی لەگەڵ نەتەوەدا هاوئاهەنگ دەکات و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئاراستەی هەستەکان دیاریدەکات.

لەو چەند پێناسانەی بۆ نەتەوەگەرایی خستمانەڕوو، بۆمان دەرکەوت کە زیاتر لە ناساندن و بۆچوون و لێکدانەوەك بۆ نەتەوەگەرایی لە ئارادایە، کە هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە لە ناسنامەی نەتەوەگەرایەتی دەڕوانن و تەرکیز زیاتر دەخەنە سەر لایەنێکی دیاریکراو. دیارە ئەم جیاوازی بینیەش هەروەك لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد، کە بۆ جیاوازی تیۆریس و لێکۆڵەر و نووسەرانی ئەم بوارە دەگەڕێتەوە. هۆکاری ئەم جیاوازیبوونەشیان هەم لە میانەی جیاوازی بینینەکانیتیان هەمیش لەبەر ئاڵۆزی و دەوڵەمەندی و ڕەنگاورەنگی خودی نەتەوەگەراییە، بە شێوەیەك کە نەتەوەگەرایی نەتەوە و ناوچەیەك جیاوازە لەویتر هەروەك (د. جەعفەر عەلی) بە پشتبەستن بە بیرورای (بوید شیفر، Boyd C. Shafer) دەنووسێت: ((ناسیۆنالیزمی هەر کۆمەڵگەیەک دەبێتە سیمبولێکی فیکری بۆ گوزارشت کردن لە خودی کۆمەڵگەکە بەجۆرێک، کە بەرگێکی جیاواز لە ژانی تر دەپۆشێت و بە ڕەنگێکی جیاوازتر لە ڕەنگی ناسیۆنالیزمی کۆمەڵگەکانی دی خۆی دەنوێنێت. بۆ نمونە ناسیۆنالیزمی ئەوروپی هەرگیز تەواو لە ناسیۆنالیزمی ئاسیایی یان ئەمریکایی ناچێت¸وە چۆن ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی تەواو لە ناسیۆنالیزمی فرەنسی ناچێت و، ناسیۆنالیزمی کوردیش هەڵگری تەواوی ئەدگارەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی، عەرەبی، یان فارسی و گەلانی باڵکان نییە.))[3]. واتا ئێمە ناتوانین بۆ نەتەوەگەرایی هەموو نەتەوەیەك هەمان چەمك و پێناسەمان هەبێت. بەڵکو دەبێت کەم یان زۆر بە پێی جۆری کۆمەڵگاو نەتەوەکان، نەتەوەگەرایش ناسنامەی تایبەت لە خۆی بگرێت و جیاوازبێت لە پێناسەی نەتەوەگەرایی کۆمەڵگاو نەتەوەیەکی تر. بۆ نموونە پێناسەی نەتەوەگەرایی بۆ هەریەکە لە نەتەوەی ئەڵمان، یان نەتەوەی فەرەنسا، یان نەتەوەکانی تری ولاتە ئەوروپییەکان تایبەتمەندی و جیاوازی خۆیان هەیە. ئەگەرچی لێکچوون و خاڵی هاوبەشی بەرچاویشیان هەبێ. هەروەها نەتەوەگەرایی لە لای نەتەوە ڕۆژهەلاتییەکان بە تایبەت نەتەوەیەکی وەکو کورد خاوەنی پێناسە و خەسڵەتی زۆر جیاوازترە لە چاو ولاتە ئەوروپییەکانەوە. دیارە ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری هەبوونی جیاوازی لە چین و پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی و جۆری بیرکردنەوەو جیاوازی هەڵکەوتی جوگرافی و کلتوریی و

---

[1] مەسعود محەمەد، (چاوپێکەوتن) گۆڤاری ڕامان ژمارە (17)ی 1997/11/5 ل: 64.

[2] Ernst Gellner. Nations and Nationalism. ithaca New York cornell University press, 1983, p.1.

[3] عەلی، د. جەعفەر. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل.14.

مێژوویی و.... هێتری لە چاو دەوڵەتەکانی ئەوروپی لە لایەك و لە لایەکی تر بەهۆی جیاوازی لە پێکهاتە و بوونی دەستەڵاتی سیاسی و رامیاری و ئابووری، بەوەی کە کورد تا ئێستا نەتەوەیەکی ژێردەسەیەو وەکو کەمینەو هاوڵاتی پلە دوو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و لە رووی ئابوریشەوە خاوەنی کارگەو پیشەسازی و تەکنەلۆجیای خۆی نییەو هێشتا کۆمەڵگای کوردی نەبۆتە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری و خاوەنی سەرخان و ژێرخانی خۆی. هەرچۆنێك بێت لە تەوەرەکانی ئایندەدە تیشکی زیاتر دەخەینە سەر نەتەوەگەرایی لە کۆمەڵگای کوردیدا.

بە شێوەیەکی گشتی چەمك و پێناسەی نەتەوەگەرایی دوو واتاو مەفهوم، بە پێی ئامانج و خەبات و نییەت و مەبەستی ئەو نەتەوەو کۆمەڵگایەی نەتەوەگەراییەکەی بەرجەستەکردووە، لەخۆدەگرێت، کە ئەوانیش بریتین لە:

((١.دەشێت هاوواتای ئازادی و یەکسانی هەقخوازی بێت، ئەوەش لەو کاتانەدا بێت کە کۆمەڵگەیەکی ژێردەست لە دژی ستەم و داگیرکردن و لەپێناوی ئازادی دا خەبات دەکات.

٢.دەشێت مانای شۆفێنیزم و ستەم و ڕەگەزپەرستی بێت کاتێک کۆمەڵگەیەکی سەردەست یان داگیرکەر و بۆ درێژەدان بە داگیرکردن یان چەوسانەوەی گەدایەتی کۆمەڵگەی یان پەلاماری کۆمەڵگەی دراوسێ ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم بەکاردێت.))[1]. ئەم دوو مانایە دژیەکەی نەتەوەگەرایی وایکردووە کە نەتەوەگەرایی سەرەڕای رەگەزپەرستی و خۆپەسندی دەبینین چەوسانەوەو سرینەوەو پاوانکاریشی تێدا رەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە هەروەك (سەلام ناوخۆش) لەبارەی نەتەوەگەرایی فارسی و تورکی و عەرەبیدا ئاماژە بە ناسروشتییەتی و کۆلۆنیالیستی و داگیرکاری لە بناغەی پێکهاتەی نەتەوەگەراییەکەیان دەکات و باس لەوە دەکات کە لە هزری هەریەکە لەم نەتەوەگەرایەتییەدا رەگەزپەرستی و خۆپەسندی رەنگی داوەتەوە و بە شێوەیەك کە نەتەوەکەی خۆیان بە بەرزتر و پیرۆزتر لە نەتەوەکانی تری جیهان دەزانن و تاکی نەتەوەکانی تر بە هاوڵاتی پلە دوو سێ تەماشادەکەن و رێز و مافی شایستەی خۆیان پێ رەوا نابینن. ئەم جۆرە نەتەوەگەرایەتییە لە دەرەوەی بنەماکانی مەدەنی و ئینسانی خۆی بنیاتناوە [2].

بنەما و بنیادی نەتەوەگەرایش بە پێی جیاوازی تیۆرو قوتابخانە و بۆچوون و نووسەرو لێکۆڵەرەوان دەگۆرێت. واتە: هەر تیۆرێ و قوتابخانە و بۆچوونێك بناغە و کۆڵەکەی نەتەوەگەرایی بۆ چەند لایەنێك دەگەرێنێتەوە، بۆ نموونە: (عەبدوڵا ئەبریشەمی) پێی وایە ((کۆمەڵگە، نیشتیمان و دەوڵەت سێ کۆمەڵەی سەرەکی ناسیۆنالیزمی هەر کۆمەڵگەیەکن))[3]کەواتە نەتەوەگەرایی بونیاتی خۆی لەسەر بنەمای کۆمەڵگا و نیشتمان و دەوڵەت بەرجەستەدەکات.

هەرچۆنێك بێت لە بابەتەکانی ئایندەدا لە چەند لایەنێکەوە بابەتی نەتەوەگەرایی تیشکی زیاتری دەخرێتە سەرو بەمەش زیاتر دەناسێنرێت.

### 3-1-1. مەبەست لە چەمکی گوتاری نەتەوەگەرایی

هەڵبەتە گوتاری نەتەوەگەرایی لە دوو وشەی لێکدراو: (گوتار + نەتەوەگەرایی) پێك دێت. بۆیە سەرەتا پێویستە یەکە یەکەی هەریەکە لەم دوو وشە لێکرداوانە بناسێنین و چەمك و پێناسەی بۆ بخەینەڕوو، ئینجا بە شێوەیەکی لێکدراو باسی بکەین. ئەمەش بۆ ئەوەی بە وردی مانا و چەمکی هەریەکە لەم وشە لێکدراوانەمان بۆ دەربکەوێت. بەڵام لەبەر ئەوەی لە بابەتی پێشوودا بە شێوەیەکی

[1] ڕەفیق سابیر، کلتور و ناسیۆنالیزم، چاپخانەی تیشک، چاپی سێیەم، ٢٠٠٨، ل١٦.
[2] سەڵام ناوخۆش، ئایین و ناسیۆنالیزم، نووسینگەی (التفسیر) هەولێر 2006، ل.19.
[3] صالح هەرکی، ئایا زمانی یەکگرتووی کوردی مومکینە، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە ١٥١، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٦.

گشتی باسی گوتار وەکو یەکەم وشەی ئەم وشە لێکدراوەمان کردووە و لە رووی زاراوە و چەمك و مێژوو پێناسە و جۆرو... هیترەوە بە کورتی خستمانەڕوو. هەروەها باسی چەمکی نەتەوەگەرایشمان خستۆتەڕوو، بۆیە ئێستا لێرەدا راستەوخۆ و بە شێوەیەکی تایبەت تەرکیز دەخەینە سەر وشەکە بە شێوەیەکی لێکدراوی، واتە: مانای (گوتاری نەتەوەگەرایی) هەمووی بەسەریەکەوە.

هەر کاتێك دەڵێین گوتاری نەتەوەگەرایی، مەبەستمان لەو گوتارەیە کە بۆ ئامانج و مەبەستی خزمەتکردن بە بابەتی نەتەوەگەرایی بەرهەم هاتوون. واتە گوتارێك لە پێناوی خستنەروو گواستنەوە و گەیاندنی کاریگەری و پەیام و واتاو مەبەستی بابەت و باسی نەتەوەگەرایی بەرجەستەکراوە. هەروەك (عەتا قەرەداغی) لە پێناسەی گوتاردا دەڵێت: ((کەواتە ئیمە لێرەدا دەمانەوێت قسە لە سەر بابەتێك بکەین کە لە سادەترین پێناسەیدا پێکهاتەیەکی زمانی نووسراوە یان تۆمارکراوە کە دەبێ بارگاوی کرابێت بە فیکر، مە عریفە جیهانبینی. کاتێ باسی گوتاری نەتەوەیی دەکەین دەبێ ئەو گوتارە هەڵگری فیکرو مەعریفە و جیهانبینی نەتەوەیی بێت.))[1] بەم پێیە گوتاری نەتەوەگەرایی دەبێ هەڵگری فیکر و مەعریفە و جیهانبینی خۆی بێت و لەم پێناوەدا ئەسپی خۆی تاودابێت.

بە واتایەکی تر لەبەرئەوەی گوتار لە پاڵ دەقی نووسراو یان گوتراودا، لەسەر بنەمای فیکرو مەعریفە و جیهانبینی بنیاتنراوە. هەر ئەو جۆری فیکر و مەعریفەیەش جۆر و ناسنامەی گوتارەکە دیاریدەکات. [2] بۆیە ئەگەر گوتارێك خاوەنی بیر و زانیاری و دونیا بینی نەتەوەگەرایی بێت، ئەوە دەبێتە گوتاری نەتەوەگەرایی و هەر بەو ناوەش ناوزەند دەکرێت.

ئێستا دەبێ ئەوەش بخرێتەڕوو کە کاتێ دێینە سەر بابەتی نەتەوەگەرایی هیچ پەیوەندییەکی بەرچاو و راستەوخۆی لەگەڵ خودی بابەتی گوتار وەکو زانستێکی سەربەخۆدا نییە. تەنیا ئەوە نەبێت کەوا بابەتی نەتەوەگەرایی گوتار دەکاتە ئامرازێك بۆ گەیاندنی پەیام و واتا و مەبەست و ئامانج و ئەجندای خۆی. واتە، بوونی گوتار دەخاتە خزمەتی خۆی و لە خزمەتی خۆیدا گوتار ئاراستە دەکات. ئەمەش مانای وانییە کە گوتار بونیادی خۆی بە پێی لە خۆگرتنی جۆری پەیام و فکر و جیهانبینییەکەی بەرجەستە ناکات. هەڵبەتە بۆ خستنەڕووی هەر جۆرە بیرو ئامانج و پەیامێك گوتار لەسەر ستراتیجییەتێکی تایبەت و گونجا و کاریگەر خۆی دادەمەزرێنێت. کەواتە ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لە باسی گوتاری نەتەوەگەراییدا بیخەینەڕوو بابەتی خودی زانستی گوتار نییە، بەڵکو باسی بابەتی نەتەوەگەراییە وەکو فکرو جیهانبینی و پەیام و مەبەستی گوتارە کە ئەو گوتارە خۆی لەسەر بنیات ناوە و ئاراستەی خۆی لەسەر بەرجەستەکردووە.

## 2-1. مێژووی سەرەتای سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی

نەتەوەگەرایی مێژووی خۆی هەیە. ئەم مێژووەش لە هەست و هزری نەتەوەگەرایەتییەوە دەستپێدەکات تاوەکو بەرجەستەبوونی لە ئەرزی واقیع و گەیشتن بە سەربەخۆیی و بنیاتنانی کیان، بەتایبەت کیانی نەتەوەیی. ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە سەیری سەرچاوەکان بکەین دەبینین ئەم مێژووە بە بیرو بۆچوونی جیاواز خراوەتەڕوو. جیاوازییەکانیش بە پێی جیاوازی لێکۆڵەر و نووسەر و مێژوونووسەکان بەرجەستەبووە، ئاسایی هۆکاری سەرەکی ئەم جیاوازیەش بۆ گۆشەنیگا و تێگەیشتنی تایبەت و جیاوازیان دەگەڕێتەوە. بە شێوەیەکی گشتیش بیروراکان بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبێت و هەریەکەشیان لە ناوە خۆیان بۆ جارێکی تر دەبنەوە چەند بیرو بۆچوونێکی جیاوازی تر، بەڵام هەر لە چوارچێوە گشتییەکەدا.

[1] عەتا قەرەداغی. گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی. چاپخانەی رەنج، سلێمانی، 2007، ل.7.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.14.

بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین کەوا بە شێوەیەکی گشتی سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی دابەش دەبێت بۆ دوو بیرو بۆچوون (1. پێش مێژوو. 2- پاش مێژوو).

ئێستا ئەگەر بێینە سەر باسی بیرو بۆچوونەکانی (پێش مێژوو)، واتە: ئەو بۆچوونەی کە سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی بۆ پێش مێژوو دەگەڕێننەوە. لێرەدا پێویستە بپرسین کە ئایە مەبەستمان لە سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایەتی بۆ پێش مێژوو کەیە؟ بنیاتی نەتەوەگەرایەتییەکە لە چ ئاست و شێوەیەك دابووە؟ ئایە دەکرێت سەرەتای مێژووی نەتەوەگەرایەتی پێ دیاریبکەین؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە و پرسیاری هاوشێوەی تر سەبارەت بەم مێژووە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لای پسپۆر و زانایانی سیاسی و نووسەر و لێکۆڵەرانەی باسی مێژووی نەتەوەگەرایەتی دەخەنەڕوو دەبینین هەندێکیان پێیان وایە کەوا نەتەوەگەرایی وەکو بیر و هەست و ئیدراك دیاردەیەکی زۆر کۆنە و مێژووی ئەم دیاردەیەش دەگەڕێننەوە بۆ پێش مێژوو و بۆ سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. واتە: ((مێژووی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لەگەڵ سەرەتایی دێرینترین مێژووی ژیانی مرۆڤدا هەبووە و تا مرۆڤیش بمێنێت هەست و سۆز و بیروباوەڕ و بەها بەرز و پیرۆزەکانی نەتەوایەتی دەمێنێت))[1]. کەواتە هەست و هزری نەتەوەگەرایەتی راستەوخۆ بە مێژووی مرۆڤایەتی بەستراوەتەوەو شتێکی دانە بڕاو سروشتیی مرۆڤە. بە واتایەکی تر هەروەك بەشێك لە لێکۆڵەرو نووسەران دەڵێن: ((هەستی نەتەوایەتی دیاردەیەکی سروشتییە و پەیوەستە بە مرۆڤەوە، هەر لەو سەردەمانەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دروست بووە ئەو هەستەش لە ناخیدا گەورە بووە))[2]. بەم پێیە ئەم هەستە سروشتییەی مرۆڤ لەگەڵ بە کۆمەڵ بوون و پێکەوە ژیان بووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیستەماتیك و پێشکەوت و گەشەسەندو، لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیشدا هەنگاوی بەرەو پێشەوەتر ناوەو ئەویش بەرەو گەورەبوون هەڵکشاوە.

هەر لەبارەی ئەم مێژووە دێرینەوە (هانز کۆهن، Hans Kohn) ئەوە دەخاتەڕوو کە ((مێژوو بە درێژایی چاخەکانی تۆوی هەستی نەتەوایەتی تێدا بەدی دەکرێت لە دەستگرتنی بەهێزی خەڵک بە زەوی و داب و نەریت و ئەو دەسەڵاتەی لە هەرێمێکی دیاریکراودا هەیانبووە خۆی دەنوێنێ))[3] کەواتە هەست و هزری نەتەوایەتی وەکو سروشتێکی مرۆڤایەتی لە هەموو چاخەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان بوونی هەبووەو لە شێوەیە هەستێکی سادەو دیاریکراو بەرەو بەرجەستەبوون و باڵابوون.

هەروەها تیۆری نەتەوەگەرایی ناسراو بە تیۆری (پرایمۆردیالیزم، پێشینەگەرەکان، کۆنخوازەکان) پاڵپشتی لەو بیروڕایەی پێش مێژوو دەکات و وەکو یەکێك لە تیۆرە ناسراوەکانی نەتەوەگەرایی پێی وایە کە نەتەوە شتێکی سروشتی و ئەزەلییە، هەر وەک چۆن مرۆڤ لەگەڵ هەست و هزرەکانی لەدایک دەبێت، هەر بەو شێوەیەش لە نەتەوەیەکی دیاریکراودا چاوی هەڵدێنێت. ئەم نەتەوەیەو هەموو بنەماکانی ئەم نەتەوەیە، وەکو: زمان و مێژوو کلتور.. هیتر دەبێتە بەشێك لە بنیاتی ئەو و مایەی هاوجەستەبوونی لەگەڵ هەست و هزری نەتەوەگەرایەتی، هەڵبەتە بە مانا کۆنەکە. هەروەها ئەم بیروبۆچوون و تیۆرە کەسانێکی وەك: رۆسۆ، فیختە، ئەڵمانە رۆمانتیکەکان و...هیتر بانگەشەی بۆ دەکەن و بیروڕایان وایە کەوا نەتەوە دروستکراوێکی سورشتەو لەوەتەی دونیا هەیە هەر هەیە و پەیوەست نییە بە مێژوویەکی دیاریکراو و دەستکرد و هەست و هزری نەتەوەگەراییش سروشتێکی ناخی مرۆڤە.[4]

هەرچۆنێك بێت ئەم سەرەتا مێژووییەی نەتەوەگەراییەی کە لە پێش مێژوودا هەبووە زیاتر سەرەتاییەکی هزری و هەستی بووە و بە پێی پێوانەی نەتەوەگەرایەتی نوێ و مۆدێرن تەنیا هەست و هزرێکی سروشتی و بایلۆجۆی و سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی تاك بووە بەرامبەر بە کۆمەڵگاکەی، نەوەك هەڵگری چەمکی نەتەوەگەرایی پێشکەوتووی وەك ئەمرۆ. هەر بۆیە دەستەیەکی بەرچاو لە نووسەرو

---

[1] ئاگرین, عەبدوڵڵا عەزیز. کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردیی کوردستانی عێراقدا 1961 ـ 1970، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین، 1999، ل27.

[2] موحەمەد فاتح، ناسیۆنالیزم و سیاسەت، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٤٠.

[3] عەلی، د. جەعفەر، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل.٣٥.

[4] پڕوانە: ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو. ل64-71.

تیۆرست و لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەگەرایی سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی ناگەڕێننەوە بۆ پێش مێژوو، دان بەو مێژووە دانانێن و نکوڵی لێدەکەن.

بۆ ئەم مەبەستە دەبێت ئەوەشمان لە پێشچاو بێت کە کاتێك دەڵێین هەست و هزری سەرەتایی نەتەوەگەرایی مەبەستمان ((لەو هەستە سەرەتاییەی کە کۆمەڵێک خەڵک هەیانە و خۆیان لە کۆمەڵەکانی تر جودا دەبینن, ئەمەش هەستێکی سەرەتایی سروشتییە کە لای هەموو کۆمەڵگەکاندا دەبینرێت))[1] هەر ئەم هەستەیە جیاوازی خستۆتە نێوان گەل و نەتەوەکانی جیهان و هەندێ جار هەڵکشاوە بەرەو ئاستی خۆپەرستی و پاوانکاری و پەلامارو شەڕی نێوان نەتەوەکان. یان بە شێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین کە هەست و هزری نەتەوەگەرایی ((خەسڵەتێکی مرۆڤانەیە و هەڵوێستی مرۆڤە بەرامبەر ئەو گەل و دەوروبەر و ژینگەیەی تێیدا دەژی, خۆشەویستی و شانازی کردن بە گەل و نیشتمان و هەوڵدان بۆ فەراهەم هێنانی بەرژەوەندی گشتی نەتەوە لە دیارترین سیماکانی ئەو هەستەن))[2]. هەر بۆیە ئەم هەستە هەر لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤەکان چەکەرەی کردووەو قۆناغ بە قۆناغ بەرەو گەشەسەندن و بەرجەستەبوونی زیاتر هەنگاوی ناوە. هەرچەندە باس کردن لە سەرەتایەك کە دەگەڕێتەوە پێش مێژوو هیچ بەڵگەو نموونە و دۆکیۆمێنتێکی نووسراو بۆ سەلماندنی ئەم راستییە لە بەردەست دانییە و ئەوەی هەیە زیاتر پشتبەستنە بە بنەمایەکی تیۆری کۆمەڵایەتی و سروشتی مرۆڤایەتی.

هەرچی سەبارەت بە دووەمین بۆچوونەکانی سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەراییە، مەبەستمان لەو بۆچوونانەی کە سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی (پاش مێژوو). واتە: ئەوانەی نکۆڵی لە بوونی هەست و هزری نەتەوەگەرایی پێش مێژوو و سەردەمی نووسینەوەو تۆمارکردنی مێژووی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لە جیهاندا دەکەن و پێیان وایە لە پێش مێژوودا هیچ هەست و هزرێکی نەتەوەگەرایەتی ناتوانرێت بەرجەستە بکرێت و بسەلمێنرێت. ئەم بیرو بۆچوونەش وەکو بیرو بۆچوونی پێشوو زیاتر لە جۆرە بیروراو بۆچوونێکی لە باوەشگرتووە، کە دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بیروڕاکانی، بە پێی مێژووی رۆشنگەری و مۆدێرنێتە، بەرسەر دوو مێژوو دابەش بکەین، ئەوانیش: (1- بیروڕاکانی سەردەمی پێش بەرجەستەبوونی رۆشنگەری و شۆرشی پیشەسازی و مۆدێرنێتە. 2- بیروڕاکانی سەردەمی شۆرشی پیشەسازی و رۆشنگەری و مۆدێرنێتە.)

مەبەستمان لە یەکەم بیروڕاکانی سەر بە بیروبۆچونی دووەمی سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایەتی، یان بڵێین: بیروبۆچوونەکانی (دوای مێژوو)، کە بە (بیروڕاکانی سەردەمی پێش بەرجەستەبوونی رۆشنگەری و شۆرشی پیشەسازی و مۆدێرنێتە) ناومان برد، مەبەستمان لەو بیرورایانەیە کە مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایەتی دیاریدەکەن بە سەرەداو و خاڵێکی مێژوویی کە دەکرێت بکەوێتە سەردەم و بەروارێك لە بەروارەکانی سەرەتاکانی نووسینەوەی مێژووی مرۆڤایەتی تاوەکو سەردەمی شۆرشی پیشەسازی و رۆشنگەری و دەرکەوتنی مۆدێرنێتە لە ئەورووپاودا. کە نووسەر و لێکۆڵەرانی هەڵگری ئەم بیروبۆچوونەش بە چەندین سەرەتاو سەرەداوی مێژوویی جیاواز، بە پێی گۆشەنیگاو لێکدانەوەو بیرو بۆچوونی خۆیان، ئەم مێژووەی نەتەوەگەرایەتی دیاریدەکەن. بۆ نموونە: زۆرێك لە نووسەرانی خاوەن ئەم بیروبۆچوونە باس لەوەدەکەن کە ریشەی نەتەوەگەرایی لە چوارچێوەی شێوەیەك لە وشیاری و هەستێکی نەتەوایەتی لە نێو میللەتانی یۆنان و جوولەکەدا بەرچاودەکەوێت. بۆ نموونە نەتەوەگەرایی لای جولەکەکان لەسەر بنەمای ئاینی خۆی بەرجەستەکردبوو، نەتەوەی باڵا لە لای ئەوان خاوەنی فۆرمێکی ئاینی بووەو مرۆڤەکانیان بۆ سەر "جوولەکەکان و بتپەرستەکان" دابەشکردووە. هەروەها نەتەوەگەرایی لە یۆنان خۆی باشتر بەرجەستەدەکات بە دابەشکردنی مرۆڤەکان بۆ "یۆنانییەکان و بەربەرەکان". نەتەوەگەرایی لە لای یۆنانییەکان هاوشێوەی نەتەوەگەرایی لای جولەکەکان بە فۆرم و رواڵەتی ئاینی دانەپۆشرابوو، بەڵکو

---

[1] اسماعیل حمدامین سلیمان. پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا. نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدیین، هەولێر، 2012، ل.59.

[2]هیوا عەزیز سەعید. ناسیۆنالیزمی کوردی(1880 ـ 1939)، سلێمانی: بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری(ی.ن.ک)، 2003، ل.51.

زیاتر لەسەر بنەمایەکی نەتەوایەتی بوو، نەتەوەی باڵا نەتەوەی یۆنانیی بوو. لە سەدەی پێنجەمی زاینیش سۆفستاییەکان بۆ یەکەمین جار دەنگی خۆیان لەبەرامبەر نەتەوەگەرایی توندڕەودا خستەڕوو. لە پاشاندا (رواقیون)ـەکان لە بە جیهانی بوونی مرۆڤەکان و پابەند نەکردنیان بە نەتەوەو کیانێکی دیاریکراودا لە فەلسەفەکەی خۆیاندا پێداگرییان دەکرد.[1]

هەندێکی تر لە هەوادارانی ئەم بۆچوونە مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایەتی بۆ مێژوویەکی نزیکتر یان دوورتر دەبەنەوە، هەروەك، (کیدووری) بۆ مێژووەکی دوورتری دەباتەوەو پێی وایە سەرەتای ئەم سەرهەڵدانە مێژووییە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم لە ئەڵمانیا، کە لە ساڵی (1806-1807) لە سەر دەستی فیختە لە میانەی بانگەوازەکەی بۆ نەتەوەی ئەڵمان دێتە بوون.[2] بەڵام هەرچۆنێك بێت لێرەدا نامانەوێت زیاتر لەسەر دیدە جیاوازەکانی ئەم راوبۆچوونە هەڵوەستە بکەین و لە بابەتەکانی ئایندە زیاتر دەگەڕێینەوە سەری.

هەرچی بەشەکەی تری بیروبۆچونەکانی (پاش مێژووە)، کە دەتوانین بڵێین رێژەیەکی زۆری لێکۆڵەرو نووسەرو تیۆریستی نەتەوەگەرایەتی پێکدەهێنن، کە ناومان بردن بە (بیروڕاکانی سەردەمی شۆرشی پیشەسازی و رۆشنگەری و مۆدێرنێتە.) پێیان وایە ((لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی بیری نەتەوەیی (Nationalism) لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەستیپێکرد، بەڵام بیری نەتەوەیی وەک ئایدیۆلۆژیا و بزوتنەوەی کۆمەلایەتی و سیاسی، دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دوەمی سەدەی هەژدەم. لەو کاتەوە مێژونوس و فەیلەسوفان هەوڵیانداوە لە چەمکی نەتەوە بگەن و پێناسەی بکەن، ئەو باوەڕەیان لا دروستبو کە بیری نەتەوەیی بابەتێکە، ناکرێ فەرامۆش بکرێ. بنچینەی زۆربەی توێژینەوەکانی بیر و باوەڕی (العقیدە) نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ بیری ڕۆمانسیی ئەڵمانی. واتە؛ بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم.))[3]. کەواتە مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی لە ئەوروپا بە سەرەتای مێژووی نەتەوەگەرایی لە جیهاندا دادەنێن.

کەواتە: بە پێی ئەم بیروبۆچوونە، بیری نەتەوایەتی یەکەمجار لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانەوە سەری هەڵدا. ئەم بیرە لە ڕێگەی چەند فاکتەرێکەوە وەک داگیرکاری، پەیوەندییە بازرگانییەکان و تێکەڵبوونی کۆمەڵگاکان بە یەکتر، بەرەبەرە لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو بووەوە .توێژەران و مێژوونووسان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە نەتەوایەتی بە شێوازی ئێستا دەستکردی مرۆڤە و سەرەتای لەدایکبوونی لە ڕۆژئاوا بووە. ئەم دیاردەیە دوای کۆمەڵێک گۆڕانکاری قووڵ لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی سەری هەڵدا کە کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان هەبوو، وەک: لایەنی ئابووری، سیاسی، کۆمەلایەتی و کەلتووری. ئەم شەپۆلە نوێیە بە خێرایی سنووری وڵاتانی ڕۆژئاوای بەزاند و گەیشتە نەتەوە و گەلانی تری جیهان. بەڵام گرنگە بزانین کە هزری نەتەوایەتی لە هەموو شوێنێک بە یەک شێوە پەرەی نەسەند و لە هەر شوێنێک بەپێی تایبەتمەندی و سروشتی ئەو شوێنە گەشەی کرد[4].

لە دواتردا لە باسی مێژووی نەتەوەگەرایی لە ئەوروپادا زیاتر لەسەر ئەم مێژووە هەڵوەستە دەکەین.

هەرچۆنێك بێت لە کۆتایی ئەم باسەدا ئەو پرسیارە لامان بەرجەستە دەبێت، کە ئاخۆ چارەنووسی نەتەوەگەرایی چی بەسەردێت و دەگات بە کوێ؟

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کەوا سەرەڕای کاریگەری و بەهێزی و زۆری لایەنگران و هەوادارانی نەتەوەگەرایی، بەڵام بەردەوامیش ڕووبەڕووی ڕەخنە و دژایەتی بووەتەوە. چەندین گروپی جیاواز دژایەتی نەتەوەگەرایی دەکەن، هەروەك: یەکەم/ ئیماندارە ئایینیەکان، کە پێیان وایە

---

[1] ئەحمەد شەبانی. فەرهەنگی زانستی- سیاسی، (فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان)، کوردی- فارسی – ئینگلیزی، ل315.

[2] ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو، ل18.

[3] عەدنان حەمەدەمین یونس. ڕەهەندەکانی گوتاری سیاسیی کوردی لە هەرێمی کوردستان (سەردەمی شەڕی داعش بە نمونە).نامەی ماستەر. هەولێر: زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠٢٠، ل73.

[4] اسماعیل حمدامین سلیمان. پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا. ل46.

نەتەوەگەرایی بە بەرزکردنەوەی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی ڕێگرە لە یەکبوونی نەتەوەو دەوڵەتەکان و دروستبوونی ئوممەتێکی ئاینی جیهانی. دووەم/ ئایدیالیستەکانی بواری سیاسەتی جیهانی، کە دەڵێن نەتەوەگەرایی دیاردەیەکی کاتییە و بە گەشەسەندنی پەیوەندی نێوان نەتەوە و دەوڵەتە جیاوازەکان بەرەو نەمان دەچێت. سێیەم/ لیبراڵە جیهانگەراکان، کە پێیان وایە نەتەوەگەرایی هۆکاری دروستکردنی سنووری دەستکرد و دابەشبوون و شەڕو ناتەبایی و خوێن ڕێشتن لە جیهاندا. چوارەم/ مارکسیست و چەپەکان، کە چاوەڕێی ئەوەن ململانێی چینایەتی جێگای نەتەوەگەرایی بگرێتەوەو ئەو سنوورانەی کە نەتەوەگەرایەتی دایناوە بیسرێتەوە. پێنجەم/ ئانارشیستەکان، کە دژی هەموو سیستەمێکی زاڵن. جگە لەم دەستە و گروپانەی ناومان بردن، بەراستی سەرنجڕاکێشە کە دەستەیەکی تریش هەن کە بە ڕواڵەت دژی نەتەوەگەراین، بەڵام لە ڕاستیدا خۆیان نەتەوەگەرێکی توندڕەون. ئەمانە تەنها کاتێک باسی خراپی نەتەوەگەرایەتی دەکەن کە لەگەڵ نەتەوە بێدەوڵەتەکان ڕووبەڕوو دەبنەوە، بۆ ئەوەی دەست بخەنە بینەقاقایان و نەهێڵن بە هەناسەی نەتەوەگەرایەتی ژیان بەبەر خەونی سەربەخۆگەرایی و دەوڵەتگەراییاندا بکەن. لە کاتێکدا خۆیان لە سیاسەتی وڵاتەکانیاندا پەیرەوی لە بنەماکانی نەتەوەگەرایی دەکەن. هەروەك لە لە (ترامپ)ی لیبراڵەوە بگرە تا (خامنەئیی) ئیماندار کە خۆیان نەتەوەگەران و کەچی دژایەتی نەتەوەگەرایەتی و نەتەوەگەرایی نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەکەن، لە ترسی لە دەستدانی بەرژەوەندییەکانیان، هەرچۆنێك بێت ئەم دوو ڕوویی و ناڕاستگۆییە لە دژایەتی نەتەوەگەراییدا، خۆی لە خۆیدا سەلمێنەری بەهێزی و کاریگەری بەردەوامی نەتەوەگەراییە لە جیهانی هاوچەرخدا.[1]

لە پاڵ هەموو دوژمنایەتییانەی نەتەوەگەرایی کە خستمانە ڕوو ناتوانین بڕیارێکی حەتمی لەسەر چارەنووسی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتگەریی بدەین، لەبەر ئەوەی ئەم باسە گفتو گۆی زۆر هەڵدەگرێت و پێشبینی و بۆچوونی جیاواز بە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە. دەتوانین بڵێین ئەو پێشبینییەی پشتگیری زۆری هەیەو دڵنیایی زۆری پێدراوە سەبارەت بە ئایندەی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتگەرایی پێشبینی لاوازبوون و نەمانە. کە سەرەرای دوژمنانی نەتەوەگەرایی، هۆکاری سەرەکی ئەم سەرئەنجامەش بۆ ئەو پێشوازییەی جیهان بۆ جیهانگیری (گڵۆبەلایزەیشن) لێکدەدرێتەوە. واتە: ((ئەو ئارگومێنتەی کە لایەنگیری لاوازبوونی دەوڵەت دەکا، وای بۆ دەچێ کە ڕۆڵی دەوڵەت لە ئەنجامی کاریگەریی گڵۆبەلایزەیشنەوە کەم دەبێتەوە.))[2] کەواتە وا پێشبینی دەکرێت کە هاتنەپێشەوەی دیاردەی جیهانگیری ڕەگی خەونی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتگەرایی وشك دەکات و ئاراستەیەکی تر دێنێتە پێشەوە و نمایشی یەکگرتن و یەکبوونی دەوڵەتان و نەمانی سنوورەکان دێنێتە سەر شانۆی ژیان و جیهان لە چوارچێوەی یەك سنوور بەرجەستەدەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبەتە دەبێ ئەوەش لە پێش چاوبێت کە هەرچەندە ((تەنانەت ئەگەر زیاتر کەلەبەر کەوتبێتە سنووری دەوڵەتانی نەتەوەیی لەم دەیانەی دواییدا، پەیوندی فراوان سنوورەکانی نەسڕیونەتەوە یان نەبۆتە هۆی نەهێشتنی کۆنترۆڵ و چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردن لە لایەن دەوڵەتی نەتەوەیی. بە پیچەوانەوە، بەڵگەی زۆر لە ئارادان دەری دەخەن کە ئیلیتەکانی دەوڵەت هەوڵی سەپاندنی دەستەڵاتی خۆیان داوە بەسەر بڵاوبوونەوەی زانیاری و بەرهەمە کەلتوورییەکان هەتا ئەگەر ئەمە لە ڕێگەی ڕێککەوتننامە و پەیمانە فرە لایەنەکانەوە بێت، لەگەڵ دەوڵەتانی تر.))[3] بۆیە چارەنووسی نەتەوەگەرایی و سەربەخۆگەرایی و دەوڵەتگەرایی هێشتا نەگەیشتووە بە پێشبینی چاوەڕوان کراو و تا ئێستا پێویستی هەبوونی خۆی پاراستووە. هەرچۆنێك بێت ئایندەش زیاتر ئەم ڕاستییەمان بۆ یەکلایی دەکاتەوە. هەروەها تا ئێستا بەردەوام نەتەوەگەرایی و دەوڵەتگەرایی بە شێوەیەکی پراکتیکی و بەرچاو لە گەشەسەندن دایە. واتە: ((ئەو ڕەوتە لە هەموو جیهاندا پەرەی سەند، بە شێوەیەک کە تا ساڵی ١٩١٤ سیستەمی نێونەتەوەیی بە گشتی ٣٢ دەوڵەتی دەسەڵاتداری تێدا بوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٢٠دا هاوکات

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: حوسێن زادە، د. محەمەد. "ناسیۆنالیزمی نەمر." لە 22/ 02/ 2024، وەرگیراوە لە ماڵپەڕی: چاوی کورد، لە بەشی: نەتەوە و دەوڵەتسازی، لە بەرواری: 10/ 06/ 2024. بەم لینکەی خوارەوە:
ناسیۆنالیزمی نەمر Chawy Kurd -

[2] ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو. ل150.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل151.

لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵگەی نەتەوەکان، ئەو ڕێکخراوەیە ٤٢ ئەندامی هەبوو؛ لە ساڵی ١٩٤٥دا، ٥٢ ئەندام و لە ساڵی ١٩٨٨دا ئەو ژمارەیە گەیشتە ١٥٩ و لە ساڵی ١٩٩٧ زیاد کرا بۆ ١٨٥ ئەندام. لە ساڵی ٢٠٠٦یشدا ١٩٣ وڵات ئەندامی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون. ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ وڵات ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیەن. ئەوە نیشان دەدات کە نەتەوە و ناسیونالیزم لە کاتی سەرهەڵدانییەوە تا ئێستا سەرنج ڕاکێش بووە و وەک دیاردەیەکی جیهانیی ڕاستەقینە بەردەوام، کاریگەری خۆیان لەسەر دیاردە و ڕووداوەکان داناوە.))[1] پێش ناچێت ئاوا بە ئاسانی پاشەکشێ بکات و مەیدان بۆ مۆدێلێکی تری جیهانی چۆڵ بکات، ئەگەر چی نەیارەکانی و بیروبرای واش هەبێ تابوتی مەرگیان بۆ ئامادەکردبێت و چاوەروانی زەنگی کۆتایی هاتنی بن.

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین هاوشێوەی لێکۆڵەرێکی وەك (فالح عەبدولجەبار) لە بارەی کۆی بیروبۆچوونەکانی سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایەتی و دەوڵەتگەرایی بڵێین: ((پوختەی ئەمە ئەوەیە کەدەوڵەت-نەتەوە، ناسیۆنالیزم، دوو بەرهەمی مێژووکردی ئەم دواییەن، هەرچەندە لە پێکهاتەیاندا وادەردەکەون توخمگەلی زۆر کۆنیان تێدایەو تەمەنیان دەکەوێتە پێش مێژووشەوە!.))[2]. بۆیە هەموو بیروبۆچوونەکان زۆر یان کەم مەنتیق و ڕاستیان لەخۆگرتووە.

تا ئێرە باسی مێژووی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەییمان، بە شێوەیەکی گشتی، کرد و ئێستاش بە شێوەیەکی تایبەت و وردتر هەڵوەستە لەسەر سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتگەرایی لە: (ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات و لای کورد) دەکەین و زیاتر تیشکی دەخەینە سەر.

### 1-2-1. لە ڕۆژئاوا و ئەوروپادا

ئەگەر بمانەوێت باس لە مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی لە ڕۆژئاواو ئەوروپادا بکەین، ئەوە دەبێت ئەو ڕاستییە گشتییەمان لە پێش چاوبێت کەوا هاوشێوەی هەموو وڵاتانی جیهان، هەروەك لە پێش ئەم باسەدا بە شێوە گشتییەکەی خستمانەڕوو، ناتوانین لەسەر خاڵێکی مێژوویی ئۆقرە بگرین و بیکەین بە سەرەتای چەکەرەکردنی مێژووی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتگەرایی لە ئەوروپادا، چونکە بۆ ئەم مەبەستە بیروبۆچوونەکان لە لایەن نووسەر و لێکۆڵەرو تیۆریستەکانی ئەم باسە زۆر و جیاوازن، بە پێی گۆشە نیگاو لێکدانەوەکانیان. لەبەر ئەوە ناچارین زیاتر لە سەرەداوێکی مێژوویی بخەینەڕوو.

بە شێوەیەکی گشتی بیروبۆچوونەکان بۆ سەرهەڵدانی ئەم مێژووە لە ڕۆژئاوادا بە هەمان شێوە گشتییەکەی بیروبۆچوونەکانی سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایەتی لە جیهاندا، کە پێش ئەم باسە باسمانکرد، دەتوانین بیکەین بۆ دوو کۆمەڵە بیروبۆچوون: بیروبۆچوونەکانی (1-پێش مێژوو، 2- پاش مێژوو). هەروەها بیروبۆچوونی دووەم (پاش مێژوو)، ئەو بیروبۆچوونانەی سەرهەڵدانە مێژوویەکە دەگەرێننەوە دوای مێژوو، ئەوانیش بە پێی جیاوازی لێکۆڵەرو تیۆرستەکان بیروبۆچوونی جۆراو جۆر لەخۆدەگرن و بە گشتی دەبنە دوو کۆمەڵە بیروبۆچوون: (1- بیروڕاکانی سەردەمی پێش بەرجەستەبوونی ڕۆشنگەری و شۆرشی پیشەسازی و مۆدێرنێتە. 2- بیروڕاکانی سەردەمی شۆرشی پیشەسازی و ڕۆشنگەری و مۆدێرنێتە.).

سەبارەت بە بیروبۆچوونەکانی (پێش مێژوو) لێکۆلەرێکی وەکو (ئێرنست بارکەر) پێی وایە هەبوونی نەتەوەکان لە ئەوروپادا دەگەرێتەوە بۆ پێش مێژوو.[3] هەرچۆنێك بێت لێرەدا پێویست ناکات زیاتر هەڵوەستە لەسەر بیروبۆچوونەکانی (پێش مێژوو) بکەین، کە مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتگەرایی هەم لە ڕۆژئاوا هەمیش لە جیهاندا دەگەرێننەوە بۆ سروشتی مرۆڤ و سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. چونکە پێش ئەم باسە بە پێی پێویست خستمانەڕوو.

---

[1] حوسێن زادە، د. محەمەد. "ناسیۆنالیزمی نەمر." لە 22/ 02/ 2024، وەرگیراوە لە ماڵپەڕی: چاوی کورد، ؟.
[2] هۆبزباوم، ئێریك،... هیتر. رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم. وەرگێرانی: ئارام جەمال سابیر. سلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2004، ل.140.
[3] جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل35.

بەڵام لێرەدا راستەوخۆ دەچینە سەر بیروبۆچوونە زۆرەی کە پێی وایە مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەوێتە (پاش مێژوو)، کە ئەوانیش لە ناوەخۆیاندا بە شێوەیەکی گشتی دابەشی سەر دوو کۆمەڵە دەبنەوە. کە کۆمەڵەی یەکەمیان بە (بیروڕاکانی سەردەمی پێش بەرجەستەبوونی رۆشنگەری و شۆرشی پیشەسازی و مۆدێرنێتە.) دیاریمانکردن. مەبەستیشمان لەو بیروبۆچوونانەیە کە پێیان وایە مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی لە رۆژئاوادا دەگەرێتەوە بۆ پێش سەردەمی رۆشنگەری و شۆرشی پیشەسازی و مۆدێرنێتە، تەنانەت هەندێك لەم خاوەن بیروبۆچوونانەی (پاش مێژوو) بۆ سەردەمی پێش زاین دەگەرێننەوە. بەشێوەیەك کە ((سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتان لە ئۆرووپادا، پتر لە سێ هەزار ساڵی لەگەڵ سوومێر لە رۆژهەڵاتا نێوانە. شارستانیەتی یۆنانی کۆن 2500 ساڵ لێرەوبەر گەشەی کرد، ئەگەرچی بەرلەویش شوێنەواری ژیاری بەرچاو دەکەوێ.))[1]. بەپێی خاوەنی ئەم بیروبۆچوونانە: ((ناسیۆنالیزم دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان و شکسپیر))[2]، باتەیبەت یۆنانییەکان کە بەسەرەداوی نەتەوەگەرایەتی لە ئەوروپا دادەنێن. چونکە پێنج سەدە پێش زاین یۆنانییەکان خاوەنی (دەوڵەت-شار)ەکانی ئەسینا بوون. دەوڵەتانێك کە هاوڵاتیانی وڵاتەکە، جگە لە کۆیلەکان بەشداری و رۆڵیان هەبوو لە بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی دەستەڵاتدارو یاسادانەرانی وڵاتەکەیان و بنیات و بەردەوامی دەوڵەت.[3]

بیروبۆچوونی تر هەیە کە سەرهەڵدانی ئەم مێژووە لە رۆژئاواو ئەوروپادا بۆ سەردەمێکی درەنگتر دەبەنەوە، بۆ نموونە:))بۆ نمونە (ئۆگست تیری) دەڵێت: گیانی نەتەوەیی فرەنسی لە سەدەی (9ز)دا بە ئاگا هاتووە. (لونگتون) سەرەتای ئەو رابوونە دەگێڕێتەوە بۆ سەدەی (12ز) و، (رانکە)ش بۆ سەدەی (13)، واتە سەدەیەك دوای (لونگتون) دیاریدەکات. بەڵام (جیزو)و(میشیلیە) و زۆری دیکەیش شەڕی سەد ساڵە لە هەردوو سەدەی چواردەم و پازدە بۆ ئەو سەرەتایە دەست نیشاندەکەن. (.....). (کوهن) ئەو مێژووە بە ساڵی 1642،....))[4] دیاریدەکات. بەم شێوەیە دەبینین بە دەیان بیروبۆچوونی جیاواز ئەم مێژووی سەرهەڵدانە خراوەتەڕوو.

هەندێکی تر دەیگەرێننەوە بۆ سەردەمی دەستەڵاتی پاشاکان و بنەماڵە پادشاییەکان. هەروەك (د. جەعفەر عەلی) بە پشت بەست بە بیروڕاکانی مێژوونووسی فەرەنسی (رینیە جوهانە) وای دادەنێت کە بنەماڵە پادشاکان بنەماڵەیەکی دەرەبەگی و نەتەوەیی بوون و کاریگەرییان لەسەر هەستی نەتەوەگەراییدا هەبووە و فاکتەری یەکەم بوون لە بواری نەتەوەگەراییدا.[5]

بەشێوەیەکی گشتی پێیان وایە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی سەرهەڵدانی (رینسانس) کەوا ((بیروباوەڕی رینیسانس و ئەنجامەکانی بەشێوەی جۆراوبەجۆر هەستی نەتەوەییان لەناو گەلانی ئەوروپادا ژیاندەوە. چونکە زمانی نوێ بووە ئامرازێک و ئەو بەرهەمە فیکرییانەی پێ دەنووسرا کە لە بەر دەستی جەماوەردا بوون. بەمەیش زیاتر ئاستی هۆشیاری کۆمەڵانی خەڵك بەرز دەبووەوە. کارکردنی ئەم هۆیە بەزۆری لەوەدا دەردەکەوێ کە زۆربەی بەرهەمەکانی ڕۆژگاری ڕێنیسانس و ئەدەبیاتی ئەو قۆناغە، پەردەیان لەسەر خەوش و ناتەواوییەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی هەڵدەماڵی و پێشوازیان لە کەلەپووری کۆن دەکرد و بەشێوازێکی خۆش و ڕەوان سەرنجی خوێنەرانی ئاساییان ڕادەکێشا.))[6]. بەشیوەیەکی گشتی رینسانس، کە بە چەند قۆناغێك تێپەڕی، بووە هۆی چەندین گۆرانکاری و دەستکەوتی گەورەی وەك: (داهێنانی چاپ و بڵاوکراوە، بوژاندنەوەی زمانی نەتەوەیی ستاندار لە جێگای زمانی لاتینی لە ئەوروپا و هاتنە پێشەوەی ئەدەبی نەتەوەیی و نیشتمانی، دەرکەوتنی بیرمەندی سیاسی گەورە وەك: (مەکیاڤیلی)ی بیرمەندی ئیتاڵی سەرەتای سەدەی شانزە و دروستکەرو داهێنەری چەمکی (دەوڵەت)، هەروەها (بودان) و (ئەلتیسیۆس) رۆڵیان لە بەرەو پێشبردنی چەمکی سەروەری

---

[1] د. عەبدوڵلا ئەبریشەمی. نەتەوەخوازی. وەرگێرانی: سەلاحەدین ئاشتی.. ؟: چاپخانەی شفان،؟، ل101.

[2] عەبدال، عەبدال نوری، ناسیۆنالیزم و بەعەرب کردن، هەولێر: چاپخانەی هاوار، ٢٠٠٦، ل.١٧.

[3] د. عەبدوڵلا ئەبریشەمی. نەتەوەخوازی، ل101.

[4] جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل36.

[5] سەرچاوەی پێشوو، ل34.

[6] ئەحمەد، د. کەمال مەزهەر. رینیسانس، لەگەڵ باسێکی تر بە ناونیشانی ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چاپی سێیەم، 2006، ل.63.

(السياده) لە سەدەی شازدەو حەڤدەدا، هەروەها (شەکسپیر)ی شاعیرو دروامانووسی ناسراوی ئینگلیز... هیتر).[1] کە هەموو ئەمانەش بوونە دەرفەت و زەمینەیەك بۆ چەکەرەکردنی هەست و هزری نەتەوایەتی.

هەروەك دەزانرێت سەردەمەکانی تاریکی لە ئەوروپادا کە دەستەڵاتی ئاینی مەسیحی دەستی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەووپاو رۆژئاوا داگرتبوو. تاك و کۆمەڵگا پەیوەستبوون بە پاپاو بڕیارو ئیرادەی کەنیسەوە و دین و بیروباوەری ئاینی بنەمایەی دیلەمۆی وەزەو بزاوتنی هێزی کۆمەڵگابوو. ئەم بارودۆخە تا دابەشبوونی دونیای ئاین و باوەڕی مەسیحی بۆ دوو مەزهەب: (کاسۆلیك و پرۆتستانت) کە ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بەتاییەت بەهۆی یاخیبوونی (هنری هەشتەم)ی بەریتانیا و دامەزراندنی (کەنیسەی پرۆتستانتی ئینگلیزی) و دامەزراندنی (کەنیسەی ئەڵمانی)یش لە لایەن (مارتن لۆسەر) و هیتر. ئیتر بە هاتنە پێشەوەی مەزهەبێکی نوێی مەسیحی و دامەزراندنی (کەنیسەی نەتەوەگەرا) و دانی دەستەڵات بە پادشا ئاینییەکان و پراکتیزەکردنی دەستەڵاتی رەهایان بە سەر وڵاتانی ژێردەست و بەرجەستەبوونی هزری پیرۆژی دەستەڵاتی پادشایی، کە بەدوای خۆیدا، بەتاییەت دوای رێکەوتننامەی ویستڤاڵ، هزرو بیرۆکەی پیرۆزی (دەوڵەت) خۆی بەرجەستەکرد.[2]

هەروەها ئەم بۆچوونە پێی وایە ((لە شەڕی خاچیەکاندا مەبەستە ئاینیەکان گۆڕدران بۆ مەبەستی نیشتمانی و نەتەوەیی. هەروەها شەڕی سەد ساڵە لە نێوان ئینگلتەراو فرەنسا وە ناکۆکی نێوان بنەماڵە دەرەبەگیەکان دەستی پێکرد، بەڵام وەك شەڕێکی نەتەوەیی، کە (جاندارك JenneD’arc) سەرۆکایەتی دەکرد لە جۆشدانی حەماسی نەتەوەیی فرەنسیەکان بۆ دەرکردنی ئینگلیزەکان لە وڵاتەکەیان، کۆتاییهات.))[3]. کەواتە: بە پێی ئەم بۆچوون و بیرورایە پێش مۆدێرنێتە هزرو هەستی نیشتمانی لە دایك بووەو بەرەو گەشەکردن هەنگاوی ناوە.

هەروەها دەتوانین بڵێین: ((... دەوڵەتە نویکانی مێژووی نوێیە کە دەگەریتەوە بۆسەدەی حەڤدە و لەدوای ساڵی {١٦٤٨} و پاش شەرێکی خوێناوی لەنێوان گەلانی ئەوروپا سەرئەنجام کۆتای بە دەسەلاتی کڵێسا هات و ئیمپراتۆرەکان جلەوی دەسەڵاتیان گردە دەست.))[4] و سەردەمێکی تازەی حوکمرانی باوەشی بۆ ئەوروپا کردەوە.

هەروەها کەسێکی وەکو (کلێرانس گرین پراتۆن) لە بارەی مێژووی سەرهەڵدانی هەست و هزری نەتەوەگەرایی ((... پێی وایە بیری ناسیۆنالیزم لەناکاو لە ئەوروپا سەری هەڵنەداوە، بەڵکو ڕەگ و ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سێ سەدەی سەردەمی نوێ لە نێوان ساڵانی 1500 و 1800، بەڵام شۆڕشی فرەنسی گڕو تینێکی زۆری پێداوە.))[5] کەواتە بە پێی ئەم بیروباوەڕە مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی ئەوروپی پێش مۆدێڕنێتەو شۆڕشی پیشەسازی و فەرەنساشە.

سەبارەت بەو بیروباوەرانەی، کە وەکو جۆری دووەمی بیروباوەڕەکانی (پاش مێژوو) پۆلێنمانکردوو، هەروەها بە (بیروڕاکانی سەردەمی شۆرشی پیشەسازی و رۆشنگەری و مۆدێرنێتە.) ناومانبردن، لە راستیدا ئەو بیروباوەرانەش بە هەمان شێوە لە ناوخۆیاندا دەبنە خاونی چەند بۆچوونێکی جیاواز و هەریەکەو سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی رۆژئاواو ئەوروپا دیاریدەکەن. هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی ئەم سەرەتایە بۆ سەردەمی شۆرشی پیشەسازی و رۆشنگەری و مۆدێرنێتە دەگەرێننەوە. واتە: (( دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لە ئەوروپادا ئەنجامی ئەو گۆرانکارییە گەورە ئابوری, سیاسی, کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانە بوو, کە لە سەرەتایی سەدەی هەژدەیەمەوە ئەوروپا بە

[1] بۆ زیاتر زانیاری پروانە سەرچاوانە:
- جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل.44-49.
- ئەحمەد، د. کەمال مەزهەر. رینیسانس، لەگەڵ باسێکی تر بە ناونیشانی ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ. ل.33-123.
[2] جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل34-35.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل39.
[4] سامان رەشید. شورشی دەوڵەت بوون. 28-09-2015. لە ماڵپەڕی ئەرشیف، وەرگیراوە لە بەرواری (1/ 11/ 2022) بەم لینکە: شۆڕشی دەوڵەت بوون: Free Download, Borrow, and Streaming: Internet Archive
[5] قیس جەواد ئەلعەزاوی. رەگ و ریشەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی. و. د.موحسین ئەحمەد عومەر. چاپی دووە، تورکیا: بەردان-ئیستانبوڵ، 2015، ل.18.

خۆیەوە دیتن, گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پرۆسێسی بە سەنعەت کردن و مۆدێرنکردن و زۆربوونی دانیشتوانی شارەکان, گۆرانێکی فراوانیان لە وڵاتاتی ئەرۆپا دروست کرد))[1]. هەموو ئەم پێشهاتانە بوونە دەروازەیەك بۆ کۆمەڵێك گۆرانکاری و وەرچەرخانی گەورە لە ئەوروپادا، کە هەموویان بوونە دەرفەت و زەمینەیەکی گونجاو بۆ هاتنە پێشەوەو بەرجەستەبوونی دیاردەی نەتەوەگەرایەتی، بە شێوەیەکی وا کە وەکو مۆدێلێکی مۆدێرنێتە و لە سەردەمی ئەودا خۆی نمایش دەکات و دەبێتە یەکێك لە بەرچاوترین دەرهاویشتەی شۆرش و راپەرین و وەرچانەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدە.

خاڵی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم مێژووەش وەکو پێشتر باسمانکرد بە زیاتر لە مێژوویەك لە لایەن لێکۆڵەرو نووسەر و تیۆریستەکانەوە دیاریکراوە، بۆ نموونە: ((...،... ئەندرسۆن وای بۆدەچێت دەرکەوتنی کازیوەی ناسیۆنالیزمی ئەوروپایی هاوکاتە لەگەڵ ئاوابوونی دامەزراوەی ئاینیدا.))[2]. بەڵام ((.....، (ئاکتن) ساڵی 1772 (واتە ساڵی دابەشکردنی پۆڵەندا)، نوسەری تر هەیە ساڵی 1806 (واتە مێژووی بڵاوبوونەوەی گوتارەکانی فیختە بۆ نەتەوەی ئەڵمان).))[3]. یان کەسێکی وەك (ڕێنان) سەرەتای سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی لە بۆ ساڵی (١٧٨٠) دەگەڕێتەوە.[4] هەروەها ((زۆرێکیش هەن ساڵی 1789 (ساڵی شۆڕشی فەرەنسی) بۆ هەڵدەبژێرن))[5]. ئەو شۆرشەی رۆڵیکی بەرچاوی بینی لە سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی لە رۆژئاواو ئەوروپادا.

هەرچۆنێك بێت بە پێی ئەم بۆچوونە مێژووی نەتەوەگەرایی سەرەتای سەرهەڵدانی بۆ سەردەمی شۆرشی پیشەسازی و رۆشەنبیری و مۆدێرنێتە دەگەرێتەوە و رەدی هەر هەست و هیزرو بیرێکی نەتەوەگەرایی پێش ئەم مێژووە دەدەنەوەو بە هەست هزرێکی جیانەکراوە لە هەستەکانی تر دادەنێن و دانی خێری پێدانانێن. هەروەك (د. جەعفەر عەلی) بە پشت بەستن بە بۆچوونی (بوید شیفر) و چەند لێکۆڵەرێکی تر پێی وایە کە تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستیش جیاکردنەوەی هەستی نەتەوەگەریی لە هەستەکانی تر کارێکی ئاسان نییە و ناتوانین ئەو هەستە نەتەوەگەرییە بەرجەستە بکەین. ئەگەر ئەم هەستە بوونی هەبایە دەبایە لە جێگای مەیل و ویست بۆ دین و پادشا و ئیمپراتۆرەکان و بەرزکردنەوەی دروشم و لایەنگرییان، هەست و مەیل و ویستی نەتەوەگەرایی لە سەردەمی شەری خاچییەکاندا بدرەوشابایەوە، یان لە شەری سەد ساڵەدا مەیل و ئیرادە بۆ بوونی دەرەبەگی و ئاینەکان ئەوەندە بە هێزو پتەو نابوو. هەروەها (جاندارك) جگە لە مەسیحیەکی پادشایی نانەتەوەگەری فەرەنسی شتێکی تر نەبووە و هەوڵی داوە بۆ گەراندنەوەی پاشای شەرعی بۆ سەر کورسی دەستەڵات و کۆتاییهێنان بەم جەنگەی بە رۆکی فەرەنسای گرتبوو. تاکی نەتەوەگەر تەنیا دوای سەدەیەك و لە سەردەمی دواتر دەردەکەوێت. پێش ئەو سەردەمە سەروەری و دەستەڵاتی گەل و نەتەوە لە دەوڵەتەکاندا زامننەبوو، دەوڵەت و دەستەڵاتەکان لەسەر بنەمای خێلەکی و دەرەبەگی و ئاینی دامەزرابوون.[6]

زۆرێك لە لێکۆڵەران کۆکن لەسەر ئەوە کە شۆرشی فەرەنسی سەرەداوی هەڵگیرسانی ئاگری نەتەوەگەرایی بوو لە ئەوروپادا. واتە: ((ئەوە شۆڕشی فەڕەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ بوو کە بووە خاڵی سەرهەڵدانی ڕاستەقینەی ناسیونالیزم. ئەو شۆڕشە مەزنە، بنەمای پێکهاتنی سیستەمی سیاسی نوێی دابین کرد و کەوتە دژایەتی لەگەڵ سیستەمی خانەدانیی و ئەشرافی کۆن. لەوە بە دواوە، ناسیونالیزم بووە ئایدۆلۆژیای زەق و پیرۆز و لە پەیوەندی لەگەڵ چەمکگەلێکی وەک دیموکراسی و بەرابەریدا، ڕەوایی سیاسی بەدەست هێنا و زیاترین کارییگەریی دانا لەسەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی سیاسی.

[1] رەفیق سابیر. ئیمرتۆریای لم لەبارەی ئیسلام خێل و ناسیۆنالیزم. چاپی چوارەم، سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، 2014، ل.106.

[2] هۆبزباوم، ئێریك،... هیتر. رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم. وەرگێرانی: ئارام جەمال سابیر. سلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2004، ل.141.

[3] جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل36.

[4] ئەکرەمی میهرداد، ناسیۆنالیزم و گۆرانکاری تیۆری ڕەخنە، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٣٩.

[5] هۆبزباوم، ئێریك،... هیتر. رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم. ل.138.

[6] پروانە: جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل39-44.

ناسیونالیزم هەموو پاساوە پێشووەکانی وەلا نا و لەبەرانبەردا ڕوانگەیەکی هێنا ئاراوە کە تیایدا، حکومەتەکان لەبەر ئەوە ڕەواییان دەبێت، کە نوێنەری نەتەوەی خۆیانن. پێشتر، بنەمای ڕەوایی، نەک نەتەوە، بەڵکوو ئایین و پاشایەتی یاخود ئەندامبوون لە خانەدانێکدا بوو.))[1].

یەکێکی تر لە بیروبۆچوونەکان سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی بۆ دوای شۆرشی فەرەنسی دەباتەوەو دەڵێت: ((سەرەتای سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی وەکو بیروباوەڕێکی سیاسیی و کۆمەلایەتی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی پاش ڕوودانی شۆڕشی فەڕەنسا کە (جان جاک ڕۆسۆ) بە یەکەمین هەڵگری پەیامی نەتەوایەتی دادەنرێت، چونکە زۆر پێداگری کرد لەسەر ئەوەی کە دەبێت مرۆڤ زۆر بە توندی بە نیشتیمان و خاک و ئاوی خۆیەوە بچەسپێ بۆیە لە سەدەی نۆزدەیەم بە چاخی زێرینی ناودەبات))[2]. هەروەها شۆرشی فەرەنسی هزرو بیری نەتەوەگەرایی لە چوارچێوەیەکی رێکخراو و بەرچاوتر بەرجەستەکردبوو کە بە شێوەیەکی وا کە هەموو چینەکانی کۆمەڵگای لە پەیوەندییەکی هاوبەشتی یەکگرتووی پتەوی تەبا لە بۆتەی نەتەوەدا تواندبووەوە.[3] هەروەها ((... شۆڕشی فەرەنسی بووە وەرچەر خانێك بۆ کۆمەڵگای فەرەنسی بەتایبەتی و کۆمەڵگای ئەورووپی بەگشتی کە فورمیکی نوی بو دەولەت دابریژن،ئەوە بووە دواتر چەند وڵاتێك دامەزرا.))[4] و سەردەمێکی نوێی تۆمارکرد.

هەروەها تیۆرستە هاوچەرخە دیارو ناسراوەکانی نەتەوەگەرایی، وەکو: (ئیرنست گێڵنەر، بندیکت ئەندرسۆن، ئیریك هوبسباوم) سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی لە ئەوروپادا بۆ سەردەمی دەرکەوتنی مۆدێرنێتە دەگەڕێننەوە و کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەکەنە زەمەنی لە دایك بوونی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی. کە سەردەمی پیشەسازی و سەرمایەداری و کاپیتالیزمی چاپ و... هیتر سەردەمی چەکەرەکردن و دەرکەوتنی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەگەرابوون، بەتایبەت سەدەی نۆزدە کە بە سەدەی نەتەوەگەرایی ناوزەند کراوە.[5]

ئیتر سەدەی (19)م بووە سەدەی نەتەوەگەریی و دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان، بۆ نموونە: ((یونان لە ساڵی ١٨٣٠دا ڕایگەیاند کە لە عوسمانی جیا بووەتەوە و سەربەخۆیی ڕاگەیاند. تا ساڵی ١٨٧٨ ڕۆمانیا و سێربێستان سەربەخۆییان وەدەست هێنا. بۆلغارستان لە ڕووی یاساییەوە تا ساڵی ١٩٠٨ سەر بە عوسمانی بوو، بەڵام لە دەیەی ١٨٨٠وە بە کردەوە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ سیاسەتی دەکرد.))[6]... هیتر. ئیتر بەم شێوەیە نەتەوەگەرایی لە زەمینەی بووندا لە رۆژئاواو ئەوروپادا خۆی بەرجەستەکردوو لە وێشەوە بەرەو وڵاتانی رۆژهەڵات هەنگاوی نا.

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین هاوشێوەی بۆچوونی (شارل عیساوی) ((... سەرهەڵدانی پرینسیپی نەتەوەیی (مبدأ القومیات Nationalities Principle) بە شێوەیەکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەی زاینی، بەڵام هەستی نەتەوەیی کە پەیوەستە بە نەتەوەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان.))[7]. یان بە شێوەیەکی تر بڵێین نەتەوەگەرایی بە شێوەی مۆدێرن و لە چوارچێوەی گوتارێکی تەواو بەرجەستەکراو خاوەنی شێوازو سیستەم و پرەنسیپ بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، بەڵام نەتەوەگەرایی بە مانا کۆنەکەی لە شێوەی هزرو هەستی سادەو ساکاری تاکەکان بۆ نەتەوە و نیشتمان و زێدی خۆی، هەڵبەتە لە پاڵ هەستەکانی تردا، دەتوانرێت مێژووەکەی بۆ سەردەمێکی زۆر کۆنتر تەنانەت بۆ (پێش مێژوو)ش ببردرێتەوە.

---

[1] حوسێن زادە، د. محەمەد. "ناسیۆنالیزمی نەمر." لە 22/ 02/ 2024، وەرگیراوە لە ماڵپەڕی: چاوی کورد، ؟.
[2] عەلی باپیر. سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلامـــدا، هەولێر: نوسینگەی تـــەفسیر، ٢٠٠٥، ل.١٠١-١٠٢.
[3] هیوا عەزیز سەعید. ناسیۆنالیزمی کوردی(1880 ـ 1939)، سلێمانی: بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری(ی.ن.ک)، 2003، ل.59.
[4] سامان رەشید. شورشی دەوڵەت بوون. 28-09-2015. لە ماڵپەڕی ئەرشیف، ؟.
[5] بۆ زیاتر زانیاری پڕوانە: جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل51-56.
[6] حوسێن زادە، د. محەمەد. "ناسیۆنالیزمی نەمر." لە 22/ 02/ 2024، وەرگیراوە لە ماڵپەڕی: چاوی کورد، ؟.
[7] جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل41.

### 1-2-2. لە ڕۆژهەڵاتدا

سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی لە ڕۆژهەڵاتدا هاوشێوەی ڕۆژئاواو ئەوروپا خاوەنی گەلێك بۆچوون و بیرورای جیاوازو دژبەیەك و جوراو جۆرە. هەروەها هەر بەهەمان شێوەی مێژووی ڕۆژئاواو ئەوروپا بیروبۆچوونەکان سەبارەت بە سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی دەتوانین بیکەین بە دوو کۆمەڵەی سەرەکی، کە ئەوانیش: ( 1- پێش مێژوو. 2- پاش مێژوو)

سەبارەت بەو بیروبۆچوونانەی سەرهەڵدانی ئەو مێژووە لە ڕۆژهەڵات و هەموو جیهان دەگەڕێننە بۆ سەردەمی (پێش مێژوو)، ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە چاو بە سەرچاوەکاندا بگێرین دەبین کەوا ((بەشێك لە شرۆڤەکارانی بواری نەتەوە، مێژووی ناسیۆنالیزم دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای ژیان و کەونارای کۆن، چونکە لە سەرەتای زیندەگییەوە مرۆڤ هەوڵی مانەوەی لەسەر زەوی داوە و فکرەی خاوەنداریيەتی هەبووە و هەوڵی داوە سنووری دەسەڵاتی فراوان بکات.))[1]. کەواتە ئەم بۆچوونە پێی وایە نەتەوەگەرایی پەیوەندی بە سروشتی مرۆڤ هەیە، بەتایەت دوای دروستبوونی ژیانی بەکۆمەڵ و دروستبوونی ژیانی مرۆڤایەتی. هزرووبیری جیاوازبوون و سەربەخۆگەرایی بووە دیاردەیەکی سروشتی کۆمەڵگاکان، بەشێوەیەکە کە لە ژێر چەتری یەك بوون و کۆبوونەوە لە چوارچێوەی یەك کۆمەڵگاو نەتەوەی جیاواز و سەربەخۆ لە چوارچێوەی یەك دەستەڵات و دەوڵەتدا ڕەنگی دایەوە. ئیتر بە پێی ئەم بۆچوونە سەرەتای سەرهەلدانی مێژووی هزرو بیری نەتەوەگەرایی لە ڕۆژهەڵاتیشدا وەکو سروشتێکی مرۆڤەکان هەر لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات ئەم هەست و ئیدراکەش هاتوتە پێشەوە.

هەڵبەتە دەبێ ئەوە دوپات بکەینەوە کە ئەم هزر و بیرەش ئەگەر دروستیش بێت هەر ناتوانرێت هیچ بەڵگە و دۆکیۆمێنتێکی تۆمارکراو لە سەردەمی ژیانی (پێش مێژوو) بۆ بخرێتەڕوو. بەڵکو تەنیا بە سەلماندنێکی تیۆری دەتوانرێت پاڵپشتی بکرێت و بکرێت بە ڕاستییەکی بەرجەستەکراوە. هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بەو پاڵپشتییە تیۆرییەش بسەلمێنرێت، بەلام هەر ناتوانرێت ڕێك هاوشێوەی ئەو هزرو بیرە نەتەوگەرایی و سەربەخۆگەرایی و دەوڵەتگەراییەی کە ئەمرۆ بوونی هەیە حسابی بۆ بکرێت، بەڵکو وەکو هزر و بیرێکی سەرەتایی و ساکارو سادەی نەتەوەگەرایی بە چەمکە کۆنەکەی دەبێ تەماشابکرێت. دەبێ ئەوەش بڵێین کەوا کەم نین ئەو لێکۆڵەر و نووسەر و تیۆریستانەی کە دژایەتی ئەم بیرو بۆچوونە دەکەن و بە هەموو شێوەیەك ڕەتی دەکەنەوە.

سەبارەت بەو بیرورایانەی کە سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی بۆ سەردەمەکانی (پاش مێژوو) دەگەڕێننەوە، ئەوانیش لە نێوخۆیاندا جیاوازو ناتەباو جۆراو جۆر دەبنەوە. کە بە شێوەیەکی گشتی ئەم بیرورایانەش دەبنە دوو گروپی زەمەنی: (1- بیروڕاکانی پێش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی ڕۆژئاواو ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی. 2- بیروڕاکانی پاش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی ڕۆژئاوا و ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی).

لێکۆڵەرو نووسەرەکانی گروپی یەکەمی بیروبۆچوونەکانی (پاش مێژوو)، کە بە (بیروڕاکانی پێش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی ڕۆژئاواو ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی.) ناومان بردن، دیسان ئەوانیش لەسەر یەك سەردەم و بەروار کۆنابنەوەو هاوشێوەی مێژووی ڕۆژئاواو ئەوروپا زیاتر لە مێژوویەك دەستنیشاندەکەن. هەروەك بە پێی بۆچوونێك لە بۆچوونەکانی ئەم گروپە ((سەرەتای دروست بوونی دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی پێش زاین کە لەچەند ناوچەیەک هەبوون وەک ناوچەکانی بابل و ئەتیناو مەنفیس کە دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتیان پێک هینا بو.))[2] ئەم دەوڵەتانە وەکو سەرەتای سەرهەڵدانی دەوڵەتگەرایی و نەتەوەگەرایی بە مانا کۆنەکەی دادەنێن.

---

[1] زامدار ئەحمەد. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی. ساتیی وشە، 31/07/2017، لە ماڵپەڕی ئەنتەرنێتەوە وەرگیراوە لە: 19/ 12/ 2022، بەم لینکە: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی

[2] سامان ڕەشید. شورشی دەوڵەت بوون. 28-09-2015. لە ماڵپەڕی ئەرشیف، ؟.

هەرچی گروپی دووەمی بیروبۆچونەکانی (پاش مێژووە) کە ئەوانیشمان بە (بیروڕاکانی پاش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی ڕۆژئاوا و ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی.) دیاریکرد. هەم دیسان ئەم خاون بیروبۆچوونانەش هاوشێوەی ڕۆژئاو و ئەوروپا، بەتەواوی کۆك نین لەسەر بەروارێکی کۆنکرێتی و وردو دیاریکراو بۆ سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی لە ڕۆژهەڵات.

هەرچۆنێك بێت، بە شێوەیەکی گشتی، ئەم بیروبۆچوونە پێی وایە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گەورەدا بوو. لەو سەردەمەدا، خەڵک زیاتر خۆیان بە ئایین و عەشیرەت دەناسی نەک بە نەتەوە. سوڵتانی عوسمانی هەم پاشا و هەم خەلیفە بوو، واتە هەم دەسەڵاتی سیاسی و هەم دەسەڵاتی ئایینی هەبوو. هەر لە سەدەی نۆزدەهەمدا، کاتێک ئەوروپا گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە دەبینی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەستی بە گۆڕان کرد. محەمەد عەلی پاشا لە میسر چاکسازی دەکرد. لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم تەنزیماتی ڕاگەیاند. قوتابخانە نوێیەکان کرانەوە، چاپخانەکان دامەزران. ئیتر تا سەدەی نۆزدەهەم بەرەو ژوور هەڵدەکشا خۆری درەوشاوەی دەستەڵاتی عوسمانی بەرەو کزو ماتی دەچوو. لە سەردەمێکدا کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گەیشتبووە پایزی تەمەتی گەڵاکانی سیس و بێهیز ببون، لە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی ئەستەنبوڵەوە تا بازاڕە قەرەباڵغەکانی قاهیرە، گۆڕانکاری لە ئارادا بوو. لە قاوەخانەکاندا، گەنجە خوێندەوارەکان بە دزییەوە ڕۆژنامە نوێیەکانیان دەخوێندەوە. لە پاریسەوە نامە دەهات، باسی ئازادی و یەکسانی دەکرا. هەموو شەوێک لە ژووری تاریکی ماڵەکاندا، خەونی سەربەخۆیی دەبینرا. بەڵێ وا سەدەی نۆزدەهەمەو، کاروانی بازرگانی و قوتابیان لە نێوان ئەستەنبوڵ و پاریس هاتوچۆ دەکەن. لەگەڵ هەر گەشتێکدا، بیرێکی نوێ، کتێبێکی نوێ و خەونێکی نوێ دەگەڕێتەوە. ڕۆشنبیرە گەنجەکان، بە چاوی سەرسوڕمانەوە سەیری ئەو گۆڕانکارییانە دەکەن کە لە ئەوروپا ڕوودەدەن. لە قاهیرە، لە دیمەشق، لە تاران، لە کۆشک و قەڵاکاندا، لە قاوەخانە و مزگەوتەکاندا، دەنگی گۆڕان بەرز دەبووەوە. ڕۆژنامە نهێنییەکان وەک ئاگر بڵاو دەبوونەوە، کۆمەڵە نهێنییەکان وەک تۆڕی ژێرزەمینی پەرەیان دەسەند. لە نێو ئاپۆرای ئەو هەموو گۆرانکاری و پێشهاتانە نەتەوەگەرایی و دەوڵەتگەرایی بە چەمکی نوێ لەسەر زەمینی ڕۆژهەڵاتدا دەستی بە پێشکەشکردنی پەرەدەی یەکەمی نمایشی خۆی کرد و سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی بە چەمکی مۆدێرن بۆ ڕۆژهەڵات تۆمارکرد. جەنگی یەکەمی جیهانی وەک زریانێک هات و هەموو شتێکی گۆڕی. نەخشەی کۆن درا و نەخشەیەکی نوێ هاتە ئاراوە. لە ئەنقەرە، پیاوێک بە ناوی مستەفا کەمال هەستا و وڵاتێکی نوێی دروست کرد. لە تاران، بنەماڵەی پەهلەوی خەونی گەورەیان دەبینی. لە قاهیرە، جەمال عەبدولناسر وەک ڕەمزی خەونە عەرەبییەکان دەرکەوت. دەنگی لە ڕادیۆوە دەبیسترا، باسی یەکگرتنی عەرەبی دەکرد. خەڵک لە شەقامەکاندا هوتافیان دەکێشا، خەونیان بە داهاتوویەکی گەشەوە دەبینی. بەڵام وەک هەموو ڕۆمان و چیرۆکێکی گەورە، ئەم چیرۆکەش پڕ بوو لە خەم و شادی، بەرزی و نزمی، سەرکەوتن و شکست. هەندێک خەون هاتنە دی، هەندێکی تر وەک هەور ڕۆیشتن. هەندێك خەونی تر چاویان هەڵهێنا، بەڵام ئەوەی مایەوە، گۆڕانکارییە قووڵەکان بوون کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان گۆڕی. چرای نەتەوەگەرایی لە هەموو گۆشەیەك داگیرسا. تا ئەمرۆش ئەو چیرۆک و نمایشە هەر بەردەوامە. لە هەر گۆشەیەکی ئەم ڕۆژهەڵاتە، خەڵک هێشتا خەون دەبینێت، هێشتا هەوڵ دەدەن، هێشتا چاوەڕێی سپێدەیەکی تازەن. سپێدەیەك لە گۆشە نیگای نەتەوەگەرایەتییەوە تیشکی ئومێدی سەربەخۆگەرایی و دەوڵەتگەرایی لێهەڵبێت و داهاتوویەکی روناکتریان پێشکەشبکات. هەڵبەتە بۆ ئەوان نەتەوەگەرایەتی زامنی خەون و هیواکانە.[1]

سەبارەت بە سەرهەڵدانی مێژووی دەوڵەتگەرایی و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات، بە پێی ئەم دووەم بیروبۆچوونەی (پاش مێژوو)، لە دوای هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا دەوڵەتی نەتەوەگەری بەرجەستەبوو. هەروەك (سامان رەشید) لە بارەی

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بروانە: ئەلعەزاوی، قیس جەواد. ڕەگ و ریشەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی. و. د.موحسین ئەحمەد عومەر. چاپی دووە، تورکیا: بەردان-ئیستانبۆڵ، 2015، ل.4-66.

دابەشکردن و لکاندنی کوردی عێراق بە دەوڵەتی عێراقەوە ئەم بۆچوونە ئاماژە پێدەکات و لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت: ((بەڵام لە جەنگی جیهانی یەکەم عوسمانییەکان شکستیان خوارد و ئیمپراتۆرییەکیان هەڵوشایەوە و چەند وڵاتێکی نوێ دامەزرا لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی عوسمانییەکانی پێشوو، دەوڵەتی عێراقیش یەکێک بوو لەو دەوڵەتانە کە دامەزراو باشوری کوردستانیان لکانە ئەم دەوڵەتە.))[1]. ئیتر لەم مێژووەوە نەتەوەگەرایی و دەوڵەتگەرایی لە رۆژهەڵات لەسەر ئەرزی واقیع بەرجەستەبوون.

لە درێژەی ئەم بیروڕایانە دەکرێ بڵێین هەست و هزری نەتەوەگەرایی رۆژهەڵاتیش وەکو رۆژئاوا خاوەنی مێژوویەکی دێرینە و دەکرێت بگەرێتەوە بۆ (پێش مێژوو)ش، بەڵام بە مانا کۆنەکەی نەتەوەگەرایی و بە شێوەیەکی سادە و ساکار و نارێکخراو. بەڵام مێژووی سەرهەڵدانی گوتاری نوێی نەتەوەگەرایی لە پاش مۆدێرنێتەو سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی ئەوروپی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بە چەمکە نوێیەکەی، بە شێوەیەکی مۆدێرن خۆی بەرجەستەدەکات.

لێرەدا دەبێ ئەوەمان لە پێش چاو بێت بە پێی بیروبۆچوونی (پاش مێژوو) بۆ هەریەکە لە نەتەوەکانی رۆژهەڵات مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی هەیەو ناکرێت هەموویان بەیەك سەرەداو بەرجەستەبکەین. واتە: سەرهەڵدانی ئەم مێژوو لەلای نەتەوەیەکی وەکو تورك تایبەت و جیاوازە لە سەرهەڵدانی ئەم مێژووە لە لای عەرەبەکان، یان فارس، یان کورد... هیتر. بۆیە لێرەدا بە باشی دەزانین بە کورتی باس لە بیروبۆ چوونەکانی (پاش مێژوو) بۆ سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی لای (تورك، عەرەب و فارس) وەکو سێ نەتەوەی هاوسێ و تێکەڵاوی کورد بکەین، پاشان بە هەڵوەستەیەکی زیاتر لای کورد ئەم مێژووە بخەینەڕوو.

### 1-2-2-1. لە لای تورك

نەتەوەی تورك وەکو یەکێك لە نەتەوەکانی رۆژهەڵات و هاوسێ و تێکەڵاوی نەتەوەی کورد خاوەنی مێژوو و کلتوری خۆیەتی، هەروەها دەتوانین بڵێین: ((بنیاتێن تورکان (تورکێن ئوسمانی) دزڤریتەڤە بو هوزێن (مەنگول) و(جوانکۆ) ژێ پەیدابوین. ئەڤ هۆزە خومجهێن دەڤەرەکێ بوون دناڤبەرا سیبیریا ژ باکورڤە، وتبت و چین ژ رۆژهەلات و وەلاتێ ئوگور – ئوغور – ژ رۆژئاڤاڤە، لێ ئیرۆ ئەڤە ب تورك هاتینە ناسکرن. کەڤنترین شینوارێن زمانێ تورکی ل گورستانەکا مەنگولیا دیتی نە، دزڤرنەڤە بو سالا (730ز) ئەڤە وەکو نڤێسینا ئارامي و ئیرانی یە.))[2]. هەرچەندە بیروبۆچوونێکی تر هەیە، کە لە چاویلکەیەکی نەتەوەگەرایی تورك هەڵقوڵاوە، مێژووی تورکان بۆ سەردەمێکی زۆر کۆنتر دەباتەوە و پێی وایە تورك کۆنترین مرۆڤی سەر زەمینەو زمانی تورکیش کۆنترین زمانی جیهانە و (هیتی)یەکانی ئاسیای بچوك و (سوومێری)یەکانی هەرێمی نێوانی دوو رووباران تورك بووینە و تورك سەرچاوەی رەگەز و زمانەکانی جیهانە.[3] هەڵبەتە باسی مێژووی ئەسلی تورك و زمانی تورکی دەکرێت بیروڕای جیاواز لەخۆبگرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا هەر بەوەندە دەیخەینەڕوو، چونکە دەرفەتی زیاترمان نییە.

ئەگەر ئێستاش بێینە سەر باسی دەرکەوتنی سەرەتای مێژووی نەتەوەگەرایی لای تورك، بە پێی بیروبۆچوونەکانی (پاش مێژوو) کە ئەم بیروبۆچوونەش هاو شێوەی نەتەوەکانی تر، خۆی لە دوو گروپی زەمەنی جیاواز بە شێوە گشتییەکەی دەبینێتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە: (1- بیروڕاکانی پێش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاواو ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی. 2- بیروڕاکانی پاش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاوا و ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی).

یەکێك لە بۆچوونەکانی گروپی یەکەمی (پاش مێژوو)، واتە، گروپی: (بروڕاکانی پێش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاواو ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی.) پێی وایە ((... کە

---

[1] سامان رەشید. شورشی دەوڵەت بوون. 28-09-2015. لە ماڵپەڕی ئەرشیف، ؟.

[2] کامیران محمد نەبی. قۆناغەکانی گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی لە شیعری کوردیدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی سەدەی بیستەم. نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین. 2005، ل.23.

[3] د. عەبدوڵلا ئەبریشەمی. نەتەوەخوازی. وەرگێرانی: سەلاحەدین ئاشتی.. ؟: چاپخانەی شڤان،؟، ل144.

سەرەتایی دەرکەوتن و پەیدابوونی هزری نەتەوایەتی لای تورکەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان( مورادی دووەم 1421 ـ 1451).))[1] بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین بە پێی ئەم بۆچوونە: سەرەتای سەرهەڵدانی هەست و هزری نەتەوەگەرایی تورك لە شێوەی (هۆز-نەتەوە)دا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان مورادی دووەم (1421ز-1451ز)، کاتێك زمانی تورکی، بە لاهجەی ئەستەمبۆڵی لە شوێنی زمانەکانی عەرەبی و فارسی دانا و کردییە زمانی رسمی دەوڵەت.[2] کەواتە لە سەدەی پازدەهەمەوە هەست و هزری نەتەوەگەرایی تورك لە ناو دەوڵەتی عوسمانییەوە چەکەرە دەکات.

هەرچەندە زۆرێك لە لێکۆڵەران رەدی ئەم بۆچوونە دەدەنەوە و پێیان وایە نە لەسەردەمی عوسمانییەکان و نە لە سەردەمەکانی تری ئیسلام بیری نەتەوەگەرایی دەرنەکەوتبوو، بەڵکو لەگەڵ دەرکەوتنی بیری نەتەوەگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیست لە رۆژئاواو ئەوروپا و لە ژێر کاریگەری ئەوانەوە ئەم هەست و هزرو بیرە چەکەرە دەکات، چونکە ((... دەوڵەتی عوسمانی زیاتر مۆرکێکی ئاینی هەبووە، لەو سەردەمە و هەموو گەل و نەتەوەکانی تەنیا بیر و هزر و هەوڵدانیان بۆ سەرکەوتنی ئاینی ئیسلام بوو، زۆر نەپرژاونەتە سەر نەتەوە و گەلی خۆیان. ئەم خاڵە وای کردووە کە نەتەوەکانی رۆژهەڵات درەنگ هزری نەتەوایەتی لە مێشك و هزریان گەڵالە ببێت و دەربکەوێت. واتە هزری نەتەوایەتی تورکی پێش ئەو ماوەیە هیچ جۆرە هەست و هزرێکی نەتەوایەتی نەبووە, ئەوەشی کە هەبووە هەمووی کەلتوور و هزری ئیسلامی بووە و زاڵ بووە بەسەر فکر و هۆش و هزری تورکەکان.))[3] هەرچەندە ئەم رەتکردنەوەیە پشتی بە بنەمای تیۆری مۆدێرنیست و بیروبۆچوونی سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی لە رۆژئاواو ئەوروپا دوای سەردەمی شۆرشەکانی پیشەسازی و مۆدێرنێتە بەستووە، ئەگەرنا بوونی نەتەوەگەرایی بە شێوە کۆن و سادەو هەست و هزرییەکەی بە پێی تیۆری پێشینەگەرەکان، یان بڵێین تیۆری پێشینە و کۆن خوازەکان و ئەو بیروبۆچوونانەی لە سەرەوە خستمانەڕوو دەکرێت بە هەند وەربگیرێت و ئاماژەی بۆ بکرێت، واتە: مێژووی سەرهەڵدانی هەست و هزری نەتەوەگەرایی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنتر لەسەردەمی مۆدێرنێتەو رۆشنگەری.

هەروەها ئەگەر نەتەوەگەرایی تورك بە چەمکە نوێیەکەی نەتەوەگەرایی، بە دەرهاویشتەی سەردەمی دوای مۆدێرنێتەو سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی نەتەوەگەرایی ئەوروپا بزانرێت و نکۆڵی لە بوونی هەر هەست و هزرێکی نەتەوەگەرایی پێش ئەو سەردەمە بکرێت. بەڵام بوونی دەوڵەت و ئیمراتورییەتی عوسمانی نکوڵی لێناکرێت و دەکرێت وەك مێژووی دەوڵەتگەرایی تورك هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، هەڵبەت ئەگەر بە دەوڵەتێکی تورکی، یان ئاراستەکراو لە لایەن نەتەوەی تورکی دابنێین. بەتایبەت لە کۆتایی تەمەنی ئەم دەوڵەت و ئیمپراتورییەتە ئەم ئاراستەکردنەی تورکی بە ئاشکرا پێوە دیارە، بە تایبەت لە گۆرینی زمانی فەرمی دەوڵەت بۆ زمانی تورکی.

هەرچۆنێك بێت بیرو بۆچوونی دووەم گروپی (پاش مێژوو) کە بە (بیروڕاکانی پاش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاوا و ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی.) ناومانبردن، سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی هەست و هیزری نەتەوەگەرایی تورك بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیست دەگەڕێننەوە. بە واتایەکی تر پێیان وایە کەوا ((ناسیۆنالیزمی تورك کە لە کۆتایی سەدەی ١٩ سەریهەڵدا و بوو بە هێزێکی باڵادەستی روو لە گەشە لە ئاخێوی سیاسی و کلتووری عوسمانی لە سەرەتای سەدەی ٢٠دا، لەپاڵ عاقاریکی هاوشێوەدا لە لایەن بیرمەندەکانیەوە پێشکەوت، بیرمەندەلێك کە خاڵی هاوبەشی ژۆریان لەگەڵ بوونەوە ناسیۆنالیستەکانی کورد و گەلانی دیکەی عوسمانیدا هەبوو.))[4] دیارە ئەم سەرهەڵدانە مێژووەش بۆ ئەو پێشهات و گۆرانکارییانە دەگەڕێتەوە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی

---

[1] اسماعیل حمدامین سلیمان. پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا،ل.51.

[2] مجد بکر مجد. تیۆریزەکرنا هزرا نەتەوەگەری لە هۆزانا کلاسیکا کوردیدا. گۆڤاری مەتین، ژ. 116، 2001، ل.40.

[3] اسماعیل حمدامین سلیمان. پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا، ل.51-52.

[4] مارتین ڤان بروینسێن،... هیتر. ناسیۆنالیزمی کورد و ڕوانگەی ڕۆژئاوا. وەرگێرانی: وریا رەحمانی، سلێمانی: دەزگاو چاپ و پەخسی سەردەم، 2012، ل126.

نۆزدەهەم و لە دوا هەناسەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی خۆیان بەرجەستەکرد و بوونە دوابزماری تابووتی لاشەی ئەم ئیمپراتۆرە نەخۆشە.

یەکێك لە بیرو بۆچوونەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا لە نێوان ساڵانی (1868-1874) خۆرهەڵاتناسی هەنگاری (ڤامبێری) کتێب و تیۆرێکی تایبەتی خستەڕوو لەبارەی پێویستیی یەکێتی نەتەوەگەرایی تورکی (پان تورکیزم)، کە بە پانتایی خاکەکانی دەریای ئیجە (دەریای ئایۆن)وە دەستپێدەکات و تاوەکو سنوورەکانی چین، توانی وەکو سەرەداوی مێژووی سەر هەڵدانی هەست و هێزی نەتەوەگەرایی تورکی ئاماژەی پێ بکرێت. دوای پشتگیرکردنی ئەم تیۆرەی ڤامبێر لە لایەن دەوڵەتی بەریتانیا دژی دەستەڵاتی نەیارەکانی عوسمانی و رووسەکان. لەبەرئەوەی ئەم تیۆرە خاوەنی رەخنەیەکی توندە بەرامبەر ئیسلام و پێی وایە ئیسلام دژی نەتەوەگەراییە و نیشتمانە و ناتوانرێت نیشتمان لەسەر ئیسلام بنیات بنرێت. ئەم تیۆرەی ڤامبێری دوایی بووە بە مەشخەڵی رێی هەست و هزری نەتەوەگەرایی کەسایەت و نووسەرو ئەدیبانی نەتەوەگەری تورکی وەکو: (زیا گۆکئالپ، یوسف ئاکشور ئەحمەد غایف و خالیدە ئەدیب و... هیتر). پاشان هەر ئەم تیۆرو بیرو بۆچوونە لەسەر لاپەرەی رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئۆپۆزسیۆن، کە لە دەرەوەی دەستەڵاتی عوسمانی و پێش سەردەمی مەشروتییەت (1908) بڵاودەکرانەوە، رەنگیان دایەوە و بووە دیلەمۆی بەرەوپێشچوونی نەتەوەگەرایی تورکی و کە ئەمەش لە دوای سەردەمی مەشروتییەتە و گەیشتنە دەستەڵات، دەبێتە بنەمای بانگەشەی بیروباوەڕی (تۆرانی و تۆرانیزم) کە پاش مەشرووتییەی، ساڵی 1908 هەنگاو لە دوای هەنگاو زیاتر دەست دەگرێت بەسەر بنیاتی پێکهاتەی عەقلی عوسمانی و تا دەبێتە بیروباوەری رەسمی ئیمپراتۆرەکەیان و تورکچێتی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە ئاشکرا خۆی نمایش دەکات.[1]

بۆچوونێکی تر سەرەداوی سەرهەڵدانی ئەم مێژووەی نەتەوەگەرایی تورکی بۆ کۆمەڵەی (وەتەن)ی عوسمانی، کە (مستەفا کەمال ئەتاتورك) سەرۆکایەتی دەکرد دەگەرێنێتەوە. ئەم کۆمەڵەیە باوەریان لەسەر دوورکەوتنەوەی ئیسلام و نزیکبوونەوە لە رۆژئاواو گەیشتن بە دەوڵەتێکی تورکی عەلمانی دامەزرابوو. هەروەها ئەم کۆمەڵەیە ((... کۆمەڵەیەکی نهێنی بوو ساڵی ١٩٠٦ لەلایەن سوپایی ئەفسەر مستەفا کەمال دامەزرابوو، چالاکی ئەم کۆمەڵە نهێنییە لەناو ئەفسەران بڵاو بووبووەوە لە دیمەشقەوە تاکو یافا و قودس، تەواوی ئەفسەرانی سوپای پێنجەم کە بارەگایان لە دیمەشق بوو ئەندام بوون تێیدا. پاشان بارەگاکەی گوازرایەوە بۆ شاری سالۆنێك کە زۆربەی دانیشتوانی جوولەکە بوون.))[2] دەتوانین بڵێین بە پێی ئەم بۆچوونە سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی تورك بنەمایەکی سیاسی و ئاینی هەیە و دژایەتی ئایین و ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی خۆی لە پشت مەڵاس داوە و دەستی جولەکە و دوژمنانی عوسمانی لە پشت بووە.

هەروەها (ئینسکلۆپیدیای ئیسلام) ئاماژە بەوە دەکات کە ((تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم لە لای تورکەکان هیچ مەیلێکی ناسیۆنالیزمی نەبوو, بە پێچەوانەوە وشەی تورک وەک ناوێک بۆ کەسێکی گوندی کەللەپوت و روخسار گران دەهاتە بەرچاو))[3] کەواتە نەتەوەی تورك پێش سەدەی نۆزدەهەم هێشتا هەستێکی نەتەوەگەرییان لە لا گەڵاڵە نەبوو.

هەر لەسەر ئەم بۆچوونە ( ئەرمینۆس ڤامبێری) لە یەکەمین سەردانی بۆ تورکیادا باس لەوە دەکات کە (( لە ساڵی 1856 بەکارهێنانی وشەی (تورکلەک = تورک یان تورکەکان) لە لایەن خەڵکەوە بە هاوتای وشەی ناشیرین و بێ نرخ و کێوی بەکار دەهات و خەڵکەکە بەو چاوەوە سەریان دەکرد.))[4] ئەم گەواهیدانەش دڵنیایی لەسەر ئەو زانیارییەی ناو ئینسکلۆپیدیای ئیسلام لەسەر نەتەوەگەرایی تورك دوپات دەکاتەوە. جگە لەمەش مێژوونووسی ئەمریکی (لۆترۆپ ستودارد) لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەهەمدا دەڵێت: ((پێش سی چل ساڵ بەر لە ئەمڕۆ شتێك نەبوو بە ناوی پێشەنگانی ئەم

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: قیس جەواد ئەلعەزاوی. رەگ و ریشەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی. و. د.موحسین ئەحمەد عومەر،، ل.30-33.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.39.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.23.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.22-23.

بزوتنەوەیە، واتە ناسیۆنالیزم،....))[1] هەرچۆنێك بێت ئەم بیروبۆچوونە بە هەموو شێوەیەك دەرکەوتنی هەست و هزری نەتەوەگەرایی تورك لە پێش کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم رەتدەکەنەوە.

لە بارەی بەرجەستەکردنی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتگەرایی لە لایەن نەتەوەی تورك ئەم بیروبۆچوونە پێی وایە (( لە ساڵی 1923 کەمالییەکان یەکەم دەوڵەتی قەومی عەلمانیان لە تورکیا دامەزراند لە ساڵی 1924 خەلافەتی ئیسلامیان هەڵوەشاندەوە و ئەلف بایی عەرەبیان رەتکردەوە و ئەلف و بایی لاتینیان سەپاند.))[2] ئیتر لەم رۆژەوە تورك نەتەوەگەرایی و سەربەخۆگەرایی و دەوڵەتگەرایی لە ئەرزی واقیع لە بەرجەستەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پراکتیزە کردو ئیدامەی بەم دەستکەوتەی خۆیدا.

سەبارەت بە ئەدەبی نەتەوەگەرایی تورکیش باس لەوە دەکرێت کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم پاش کرانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە رووی ئەوروپا و شەپۆلی هزری نەتەوەگەرایی و مۆدیرنێتەی ئەوروپی گەیشتە رۆژهەڵات و ناو ئیمپارتۆریەت، بە تایبەت لە رێی ئەو قوتابیانەی کە لە خوێندگا نوێیەکانی عوسمانی و خوێندگای مسیۆنێرە خۆرئاواییەکان، یان ژیان و مانەوەیان لە وڵاتانی ئەوروپا و تێکەڵبوونی راستەوخۆیان بە نەتەوەگەرایی مۆدێرنی ئەوروپی، بە تایبەت ئەو سەربازە عوسمانییانەی کە پاش سەردەمی ریفۆرمی تەنزیمات و کرانەوە بە رووی رۆژئاو، لە ئەوروپا دەیانخوێند و بە گۆڕانکاری هزری و سیاسییەکانی ئەوروپا ئاوس بوون و بوون بە هەڵگری تۆوی هزری نەتەوەگەرایی مۆدێرنی ئەوروپی. پاشان گەرای ئەم هەست و هزرە نوێییەکان لە نێو ئەدەبی عوسمانی رواند، بەمەش کۆرپەی هەست و هزری نەتەوەگەراییان لە ناو ئەدەبی تورکی سەردەمی عوسمانی لێ لە دایك بوو. ئەو کەسایەتی و رۆشەنبیرانەش کە رۆڵیان هەبوو لە گواستنەوەی ئەم هزرە نوێیە لە ناو ئەدەبی عوسمانی و پاشان ئەدەبی تورکی، کەسانێکی وەکو: (شناسی و قوتابییەکەی نامیق کەمال و زیاپاشا و.. هیتر). ئیتر ئەدەبی عوسمانی بە هەست و هزری نەتەوەگەرایی و دەرکەوتنی چەندین وشەی ناو گوتاری نەتەوەگەرایی وەکو: نیشتمان و ئازادی و دەستور و یەکسانی و... هیتر بەرجەستەکرا. هەرچەندە سەرەتا ئەم هزرە نەتەوەگەراییتییە لەگەڵ هەست و هزری عوسمانگەرایی و ئاینگەرایی، بەتایبەت ئاینی ئیسلام وەکو تێکەڵەیەك لێکدرابوو. بەڵام وردە وردە لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، بەتایبەت پاش جەنگی جیهانی دووەم و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ چەند دەوڵەتێك، لە مانەش دامەزرانی دەوڵەتی تورکی لە لایەن کەمال ئەتاتورك هەست و هزری نەتەوەگەرایی بووە بەشێك لە ناوەرۆکی ئەدەبیاتی نەتەوەی تورك.[3]

### 2-2-2-1. لای عەرەب

نەتەوەی عەرەب یەکێکی تر لە نەتەوە کۆن و ناسراوەکانی رۆژهەڵات و هاوسێ و هاونزیکی نەتەوەی کورد. رەگەز و ئەسلی نەتەوەی عەرەب زیاتر لە بیروبۆچوونێکی لە خۆگرتووە. بەپێی یەکێك لە بیروبۆچوونەکان، کە لەسەر بنەمای ئەوەی کۆنترین شت لەبارەیەوە لەبەردەستدا بێت ئەو ئاسەوارەی یەمەن بووە، کە مێژووەکەی بە نۆ سەدە پێش زایین دیاریدەکرێت، مێژووی نەتەوەی عەرەب دەگەرێتەوە بۆ سەر سامییەکان و لە دەوروبەری یەمەندا ژیاون.[4]

هەرچی دەربارەی نەتەوەگەرایی عەرەبیشە بە تایبەت بیروبۆچوونەکانی (پێش مێژوو)، ئەوانیش وەك بیروراکانی پاش مێژووی نەتەوەکانی تر دابەشی سەر دوو گروپ دەبن، بەم شێوەیە: (1-بیروراکانی پێش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاواو ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی. 2-بیروراکانی پاش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاوا و ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی).

سەبارەت بە بیروبۆچوونەکانی یەکەمی (پێش مێژوو) کە بە (بیروبۆچوونەکانی پاش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاوا و ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی) خستمانەڕوو، ئەم

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.22.
[2] سەلام ناوخۆش. ئاین و ناسیۆنالیزم، ل.14.
[3] قیس جەواد ئەلعەزاوی. رەگ و ریشەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی. و. د.موحسین ئەحمەد عومەر. ل.41-57.
[4] اسماعیل حمدامین سلیمان. پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا. ل.52.

بیروڕایانە بەچەند بۆچوونێك سەرەتای سەرهەڵدانی هەست و هزری نەتەوەگەرایی و دەوڵەتگەرایی لای عەرەب دیاریدەکەن. بۆ نموونە: یەکێك لە بیروڕاکان پێی وایە ((هزری نەتەوایەتی لای عەرەبەکان بە درێژایی مێژوو هەبووە، بەڵام زۆر لاواز بووە لە چوارچێوە و سنووری وەفا و دڵسۆزی بۆ هۆز و عەشیرەتەکەی خۆیان تێپەری نەکردووە، تاوەکو بە کۆتایهاتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی....))[1]واتە: هەست و هزرە نەتەوەگەرییەی لای عەرەب هەبووە لە سەرەتای مێژوو، بەڵام تا کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، ئەم هەست و هزرە لە بە شێوەیەکی سادە بووەو لە چوارچێوەی چەمکی کۆنی نەتەوەگەراییدا بووە و نەبۆتە مایەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی نەتەوەیی.

لێکۆڵەر و نووسەرێکی وەکو: (د.محمد بكر محمد) هەست و هزری نەتەوەگەرایی عەرەب بۆ پێش ئیسلام دەگەرێنێتەوە و دوو هۆکار بۆ ئەم هەستەش دەخاتەڕوو کە ئەوانیش ناسینی نەسەب (نەسەب ناسی) واتە: هۆزە عەرەبەکان وەکو نەتەوەیەکی عەرەب سەیری خۆیان دەکرد و خۆیان جیادەکردەوە لە نەتەوەکانی تری غەیرە عەرەب. هەروەها دووەم هۆکار و بنەمای سەرەکی ئەم هەست و هزرە نەتەوەگەرایەتییە لای عەرەب بە بوونی دیاردەی هاوپەیمانی (سیستەمی هاوپەیمانی) لە نێوان هۆزە عەرەبەکان بۆ یەکگرتن و کۆبوونەوەی هۆز و عەشیرەتە عەرەبییەکان لە یەکەیەکی گەورەتر و بە هێزتر، لێکدەداتەوە. هەروەها هۆکارێکی تریش ئاماژەی بۆ کراوە کە ئەویش دروستکردنی چەند میرنشین و دەوڵەتی عەرەبییە لە لایەن دەستەڵاتی ساسانییەکان و بێزەنتییەکان بۆ بەرگریکردن لە سنوورەکانی دەستەڵاتی حوکمرانی خۆیان، هەڵبەتە کاتێك هێرشیان کردە سەر عەرەبەکان و خستیانە ژێر رکێفی چوارچێوەی سنووری دەستەڵاتی حوکمرانی خۆیان، ئەو کاتە بیریان لە بەکارهێنانی عەرەبەکان کردەوە بۆ پاراستنی سنووری دەستەڵاتی خۆیان و چەندین دەوڵەت و میرنشینیان بۆ دامەزراندن. ئیتر ئەم پێشهاتە بۆ عەرەب مایەی دروستبوون و دەرکەوتنی هەست و هزری نەتەوەگەرایەتییان بووە. ئیتر ئەم هۆکارانە و هۆکاری تریش رۆڵی سەرەکییان گێراوە لە چەکەرەکردنی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لای عەرەب لە پێش ئیسلامدا.[2]

بۆچوونێکی تر سەرهەڵدانی ئەم مێژووە بۆ سەردەمی دەستەڵات و قەڵەمڕەوی ئیسلام دەباتەوە، هەرچەندە ((تیبینی بوونی جۆرێك لە تێکەڵاوی و ناویتەبوون و پێکداچوون لەنێوان گوتاری ئیسلامیی و ناسیونالیزم بەفۆرمی جیاواز لەیەکتر دەکەین. نموونەی دەوڵەتی ئومەویی و روانین (41ك - 132ز / 662ك - 750ز)ی بۆ نەتەوە مسوڵمانە ناعەرەبەکان لەڕووی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەوە بەڵگەیەکی ئەم زانیارییەیە، کە دواتر هۆکار بوون بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوە نارەزاییە هزریی و سیاسییەکانی دژ بەدەوڵەتی ئومەویی. وەك بزوتنەوەی گەلانی ناعەرەب(شعووبییەت)و راپەڕین و شۆڕشی مەوالییەکان و دواتریش درێژبوونەوەی بزوتنەوەی نارەزایی خەواریجەکان و...تاد. جگە لەوەی دواتر فارسەکانیش جۆرێك لەهەست و بیری شانازیکردن بە بنەچەو رەچەڵەك و فەرهەنگی خۆیانیان بۆ دروستبوو دژ بەعەرەبەکان،....))[3] ئیتر ئەم روانینە نەتەوەگەرانەی ئەمەویەکان بۆ نەتەوەی عەرەب، کە ببووە مایەی نارەزایی نەتەوەکانی تری ناو دەستەڵاتی ئیسلام، وەکو هەست و هزرێکی نەتەوەگەرایی و جیاوازگەرایی نەتەوەی عەرەب هەژماردەکەن.

هەرچی گروپی دووەمی بیروڕاکانی (پاش مێژوو) واتە: (بیروڕاکانی پاش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاوا و ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی)، بە گشتی پێیان وایە مێژووی سەرهەڵدانی هەست هزری نەتەوەگەرایی لای عەرەب بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیست دەگەرێتەوە. هەروەها زیاتر لە سەرەداوێك بۆ ئەم مەبەستە دەخەنەڕوو. بۆ نموونە: هەر((وەك دەزانرێت ئیمپراتۆریای عوسمانی دەوڵەتێکی تەقلیدی، فرە نەتەوەو ئەتنیك و ئایین بوو، دەستی بەسەر هەموو جیهانی عەرەب (جگە لە مەغریب)دا گرتبوو لەگەڵ هەندێك بەشی کەم لە رۆژهەڵات و

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.53.

[2] محمد بكر محمد. تیۆریزەکرنا هزرا نەتەوەگەری لە هۆزانا کلاسیکا کوردیدا. گۆڤاری مەتین، ژ. 116، 2001، ل.36.

[3] سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵڵا. کورد لە ڕوانگە ی تێزی(ئاوێتە کردنی تورکیی ئیسلامیی/ Türk- Islam Sentenzi) لە تورکیا. گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی پەروەردەی زاستە مرۆڤایەتییەکان، 2019، ل.208.

ناوەڕاستی ئەوروپاش.))[1]بە ناوی ئیسلام و لە ژێر چەتری نەتەوەکانی موسڵمان حوکمی نەتەوەی عەرەب و چەندین نەتەوەی تری ڕۆژهەڵاتی دەکرد. بەڵام))پاش کودەتای ١٩٠٨ی تورکانی لاو، (جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی)، کە دەستەڵاتداری ڕاستەقینە بوو، بەڵام لەپشت پەردەوە حوکمڕانیی دەکرد، ئاشکرا برەوی بە بیری تورکە ناسیۆنالیستەکان دەدا و نەیدەتوانی بیشارێتەوە. پێدەچێت ناسیۆنالیزمی میللەتە موسڵمانەکانی دی ئیمپراتۆرێتەکە، وەرام و کاردانەوەیەك بووبن، لە ئاستی هەڵچوون و کەف و کوڵی بیری ناسیۆنالیزمی تورك و هەوڵی پانتورکیزەمانەیاندا.))[2] ئیتر لێرەوە هەست و هزری نەتەوەگەرایی نەتەوەی عەرەب دژ بە نەتەوەگەرایی و جیاکاری تورك بزوا و خۆی نمایش کرد. هەڵبەتە دەستی دوژمنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیشی لە پشت بووە و کردیووانە کارتێکی فشار بۆ لێکدابڕان و لێکترازانی نەتەوەکانی ناو ئەم ئیمپراتۆرییەتە، تاوەکو درز و کەلەن بخەنە ناو کۆشکی ئیمپراتۆریەتەکە و بە ئاسانی بیروخێنن.

لە سەرچاوەیکی وەکو (دەروازەی چەمکەکان)یشدا لە بارەی دەرکەوتنی نەتەوەگەرایی عەرەب نکۆڵی لە بوونی هەر نەتەوەگەرایەتییەکی عەرەب دەکات لە سەردەمی ئیسلام و پێش ئیسلامدا و پێی وایە لەم سەردەمەدا عەرەب لە چەند هۆز و قەبیلەیەکی پەرتەوازە و دژبەیەك و لێکدابڕاو بوون و هیچ روحێکی یەکگرتن و یەکرێزیان لە نێواندا نەبوو، لە سەردەمی ئیسلامیشدا تەنیا هەست و هزری ئایین و برایەتی ئایینی لە ئارادابوو. بەڵام دوای لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی و سەرکەوتنی زلهێزەکانی وەکو بەریتانیا و فەرەنسا بەسەر دەوڵەتی عوسمانی ناسیۆنالیزمی عەرەب بەدەردەکەوێت، بەتایبەت لە لایەن (جەمال عەبدولناسر) ی سەرۆك کۆماری دەوڵەتی میسر، کە بە دامەزرێنەری نەتەوەگەرایی نوێی عەرەب دادەنرێت. کە خوازیاری یەکێتی و یەکرێزی و یەکگرتنی دەوڵەتەکانی عەرەب بوو لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتی نەتەوەیاتی عەرەبی، کە لە بەرهەمی هەوڵەکانیشیدا دوو جار یەکگرتنی نێوان (میسر و سوریا) ڕوویدا، بەڵام دیارە هەردوو جار سەرکەوتوو نەبوو، دەرئەنجام خەونی ناسر وەکو درەختێکی وشکبوو پوکایەوە.[3]

هەرچی سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی دەوڵەتگەرایی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە لایەن عەرەبەوە دەتوانین بڵێین یەکەم هەوڵی شکستخواردووی ئەم دەوڵەتە عەرەبییە لە سەدەی حەڤدەهەم دەبینرێت، بە تایبەت کاتێك (میر فەخرەددین) دەیویست (لوبنان) لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جیابکاتەوەو بیکات بە دەوڵەتێکی عەرەبی، بەڵام دیارە ئەم ویستە نەزۆك بوو هیچی لێ بەرهەم نەهات. هەڵبەتە ئەم هەوڵە نەزۆرکەش پاڵپشت و پشتگیری و هاوکاری چەند لایەنێکی وەکو: پاپا، میرە دیانەکانی تۆسکانا، ناپۆلی و ئیسپانیای مسۆگەرکردبوو. بەڵام (محمد عەلی پاشا) لە ساڵی 1805 توانی میصر لە دەوڵەتی عوسمانی جیابکاتەوەو وەکو دەوڵەتێکی نەتەوەیی عەرەب بیبێتە سەرۆکی ئەم دەوڵەتە. دەتوانین بڵێین ئەمە سەرەتای مێژووی دیاردەی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو بۆ نەتەوەی عەرەب.[4] هەروەها ((... لە جەنگی جیهانی یەکەم عوسمانییەکان شکستیان خوارد و ئیمپراتۆرییەکیان هەڵوەشایەوە و چەند وڵاتێکی نوێ دامەزرا لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی عوسمانییەکانی پێشوو، دەوڵەتی عێراقیش یەکێک بوو لەو دەوڵەتانە کە دامەزراو باشوری کوردستانیان لکانە ئەم دەوڵەتە.))[5] ئیتر لە دوای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا نەتەوگەرایی و دەوڵەتگەرایی لە لای عەرەب بە دروستکردنی چەندین دەوڵەتی عەرەبی بە ئاشکرا بەرجەستەکرا.

ئەوەی لە نەتەوەگەرایی و دەوڵەتگەرایی عەرەب دەبینرێت ئەوەیە کە عەرەب نەیتوانییوە لە پاڵ هەبوونی زمانی نەتەوەیی و ستاندارد و ئاینی گشتی گوتارێکی نەتەوەگەرایی یەکگرتوو سەرتاپا دروستبکات بەشێوەیەك هەموو نەتەوەی عەرەب لە یەك دەوڵەت و دەستەڵات کۆبکاتەوە. هەروەها

---

[1] هۆبزباوم، ئێریك،... هیتر. رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم، ل.147.
[2] مارتین فان برونەسن. ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگیرانی لە ئەڵمانیاوە: د. کوردۆ عەلی، بەرگی دووەم، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2003، ل.266.
[3] فارس نەورۆڵی. دەروازەی چەمکەکان.. ل.753-754.
[4] جەمال نەبەز. بیری نەتەوەییی کوردی نە بیری قەومیەتی ڕۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژاوایی یە. چاپی دووەم، لەندەن: بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە، 2002، ل.31ـ32.
[5] سامان ڕەشید. شورشی دەوڵەت بوون. 28-09-2015. لە ماڵپەڕی ئەرشیف، ؟.

ئەگەر سەیربکەین دەبینین ((هەر عەرەبێک دوو تایبەتمەندی هەیە: "وشیاری دوونەتەوەیی" هەمەعەرەبی و خۆجێی. بەو پێیە خاوەن "پێناسەی نەتەوەیی دووانە"ن (وەک: "عەرەبی" و "میسری"، "عەرەبی" و "سووری" و هتد).))[1] کە ئەم دوو ناسنامەیە بووەتە تایبەتمەندی نەتەوەگەرایی عەرەب.

## 3-2-2-1. لە لای فارس

نەتەوەی (فارس)یش یەکێکە لە نەتەوە ناسراو و دیارەکانی رۆژهەلات، کە ئەویش خاوەنی نزیکایەتی و پەیوەندی و هاوسێیەتییە لەگەڵ نەتەوەی کورد. هەروەها ((فارسەکان لەدوای ڕوخاندنی ئەمپراتێریەتی میدی-کوردی خۆیان بەخاوەنی یەکەمی هەر شارستانیەکی (ئاریان) دادەنێن.))[2] هەرچۆنێك بێت فارسەکان خاوەنی مێژوویەکی کۆنن. هەروەها ((لە لایەنی مێژووییەوە کورد و فارس پێوەندیی نزیکیان لەگەڵ یەکتریدا هەبووە و لایەنی ئیتنییەوەش کورد بە ڕەسەن لەگەڵ فارسەکاندا خزمن، بەڵام هیچ پێوەندیی بایۆلۆژییان لەگەڵ تورك و عەرەباندا نییە.))[3]

سەبارەت بە نەتەوەگەرایی لای فارس هەروەك نەتەوەکانی تر خاوەنی بیروڕاکانی (1- پێش مێژوو. 2- پاش مێژوو). بیروڕاکانی (پێش مێژوو) بۆ هەموو نەتەوەیەك بە نزیکەیی وەك یەکەو خاوەنی هەمان بۆچوون و تیۆرو هزر و لێکدانەوەیە، بۆیە لەسەری ناوەستین و دەچنە سەر بیروڕای دووەم، واتە: بیروڕاکانی (پێش مێژوو)، ئەم بیروڕایەش بە شێوەیەکی گشتی وەك بیروڕاکانی پاش مێژووی نەتەوەکانی تر دابەشی سەر دوو گروپی زەمەنی دەبێت، وەکو: (1- بیروڕاکانی پێش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاوا و ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی. 2- بیروڕاکانی پاش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاوا و ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی).

هەرچی سەبارەت بە بیروبۆچوونەکانی یەکەمی (پێش مێژوو)ە کە بە (بیروڕاکانی پێش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاواو ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی.) دەستنیشانمانکردن، ئەم بیروڕایەش خاوەنی چەند بیروبۆچوونێکی جۆراوجۆرە لە مەر هەست و هزری نەتەوەگەرایی و دەوڵەتگەرایی لای فارس، هەروەکو یەکێك لە بیروڕاکان کە (د.محمد بەکر محمد) ئاماژەی پێدەکات کەوا جولانی هزری نەتەوەگەرایی فارس دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی ئیسلام، بەتایبەت دوای شەری (نەهاوەند) کە لە ساڵی (640ز)دا لە نێوان ئیسلام و ساسانییەکاندا بەرپابوو، کە لەم شەرەدا سوپای ئیسلام بەسەر سوپای ساسانییەکاندا سەرکەوت.[4]

هەروەها ((بۆ نموونە هەندێکیان بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە بۆ شۆرشی( تنباکۆ یاخود توتون) لە ساڵی (1890)زاینی لە ئێران روویدا.))[5] کە ئەم بەروارە دەبێتە مێژووی نەتەوەگەرایی فارس.

هەرچی بیروڕای ترە پێی وایە مێژووی سەرهەڵدانی هەست و هزری نەتەوەگەرایی فارس لە شۆرشتی مەشروتەوە دەستپێدەکات، بە واتایەکی تر، ((بەشێکی دیکە بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە بۆ شۆرشی مەشروتە, کە لە ساڵانی (1905-1911) بەردەوام بووە, بووە هۆی کۆمەڵێک گۆرانکاری گەورە لە ئێران, دواتر بووە هۆی دامەزراندنی دەوڵەت.))[6] ئیتر لەم مێژووە بەولاوە نەتەوەگەرایی خۆی بەرجەستەدەکات.

بیرو باوەرێکی تریش هەیە کە وای بۆ دەچێ سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی فارس پاش سەرهەڵدان و کاریگەری نەتەوەگەرایی لە ئەوروپا دەرکەوتووە، واتە: بە ((... هۆی ئاشنایەتی و چوونی بەشێک لە نوسەرانی ئێرانی بۆ رۆژئاوا و تێکەڵ بوونیان بە ژیان و رۆشنبیری ئەوروپییەکان و گواستنەوەی

---

[1] لازاریف، میخاییل سیمۆنویج. ناسیۆنالیزم لە رۆژهەڵاتی نزیك، ناسیۆنالیزمی عەڕەب، کورد، تورك. وەرگێرانی: مەنسور سدقی، ؟: ؟، 2016، ل.36.
[2] ناوخۆش, سەلام. ئاین و ناسیۆنالیزم, ل.17.
[3] مایکڵ گەنتەر. فەرهەنگی مێژووی کورد. وەرگیرانی: مامکاك. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس، 2007، ل.306.
[4] محمد بکر محمد. تیۆریزەکرنا هزرا نەتەوەگەری لە هۆزانا کلاسیکا کوردیدا. ل.38.
[5] اسماعیل حمدامین سلیمان. پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا، ل.54.
[6] سەرچاوەی پێشوو، ل.55.

کەلتوور و رۆشنبیری ئەوان بۆ ناو وڵاتەکەیان, ئەوا هزری نەتەوایەتی پەرەیسەند و گەشەکردنێکی باشی بەخۆیەوە بینی. (.....). بەو واتایەی دەتوانین بڵێین ئاشنابوونی نوسەرانی ئێرانی بە کەلتوور و رۆشنبیری رۆژئاوایی کاریگەری زۆری هەبوو, لەسەر پەرەسەندن و گەشەکردنی هزری نەتەوایەتی لەو وڵاتە.))[1] ئیتر ئەم بۆچوونە ئەم کرانەوە و تێکەڵبوونە بە سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لای فارس دەبینێت.

بیروبۆچوونێکی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا ((... ناسیۆنالیزمی فارسی بەر لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن جگە لە ئاستە غەریزییەکەی، تەنیا لە بواری ئەدەبیدا توانیویە بژی و تا ڕۆژی ئەمڕۆ پێ بنێ تا سەرئەنجام ئەم ناسیۆنالیزمە بە هاتنە ئارای پاشایەتی پەهلەوی پێی نایە قۆناخی نوێی ناسیۆنالیزمەوە.))[2] کەواتە: بە پێی ئەم بیروڕایە سەردەمی رەزاشا پەهلەوی (1925-1979) بە سەردەمی نەتەوەگەرایی فارس دادەنێت.

سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی یەکەم دەوڵەتی (فارس)یش زۆرێك لە بیروبۆچوونەکان بۆ دەوڵەتەی پەهلەوی دەگەڕێننەوە. هەرچەندە (سەلام ناوخۆش) دەڵێت: ((هەندێ باوەریان وایە کە فارسەکان لە سەردەمی رەزا شایی پەهلەوی بەدروستی لەساڵی ١٩٢٥ دەوڵەتێکی قەومییان دامەزراندووە بەڵام لەڕاستیدا سەفەویەکانیش هەر ناسیۆنالیست و مەزهەبی بوون، شەڕی چاڵدێرانیش هەر تەنها شەڕێکی مەزهەبی نەبووە، بەڵکو شەڕێکی قەومیش بوو.))[3]. کەواتە: بەم پێیە دەوڵەتی ساسانی یەکەم دەوڵەتی فارس بووە. هەڵبەتە بەمانا کۆنەکەی دەوڵەت.

## 4-2-2-1. لە لای کورد

سەرەتا ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی رەچەڵەکی کورد بدەینەوە دەبینین مێژووی ریشە و بنەچەی کورد بۆ مێژوویەکی زۆر دێرین دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی سەرچاوە مێژووییەکان زیاتر لە بۆچوونێکی جیاوازیان لەم بارەیەوە هەیەو هەریەکەو بە شێوەیەك باس لە بنەچەی کورد دەکات. تەنانەت هەندێك جار مەبەست و مەرامی سیاسی تێدەکەوێت و بە ئاراستەیەکی مەبەستدارانە پەلکێش دەکرێت. هەر چۆنێك بێت ئەگەر بۆ خستنەڕووی رەچەڵەکی کورد بگەڕێینەوە سەر سەرچاوە مێژوویەکەی د.کەمال مەزهەر ئەوە دەبینین مێژووی بەرچاوی کورد بۆ زیاتر لە حەوت سەدە پێش زانین دیاریدەکرێت و میدییەکان بە بنەچەو سەرچاوەی دیارو باپیرە گەورەی نەتەوەی کورد دادەنرێت.کەواتە بە پێی ئەم دەرئەنجامە کوردەکان درێژەی شارستانییەت و دەوڵەتی میدییەکانن، ئەو دەوڵەت و شارستانیەتیەی کە نزیکەی سێ سەدە پێش شارستانی و دەوڵەتی فارسەکان بوونی هەبووە.[4]

ناوی (کوردستان)یش لە لایەن سەلجووقییەکان لە سەرەتای سەدەی دووازدەم بۆ ناونانی ناوچەکانی نێوان ئازەربایجان و لوڕستان دانراو ئیتر لەو رۆژەوە لەسەر نەخشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناونیشانی کوردستان دیاریکراوە. هەروەها بۆ یەکەمجار ئیمام عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیب وشەی کوردی لە نامەکەی بۆ زیادی کوڕی ئەبیهی بەکارهێناوە و هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام ئەم وشەیە باوبووە. مێژوونووسەکانی سەردەمی دەوڵەتی ئیسلامیش، جا چ مێژوونووسە عەرەبەکان یان تورك و فارسەکان باسی کوردیان وەکو میللەتێك یان کۆمەڵێکی ئیتنیکی کردووە.[5]

ئێستا ئەگەر بمانەوێت سەرەتای مێژووی نەتەوەگەرایی لای کورد دیاریبکەین، دەبێ دان بەو راستییە دابنێین کەوا ئەو کارە ئاوا ئاسان نییە و دەتوانین بڵێین لە دیاریکردنی مێژووی وڵاتانی تر، بەتایبەت وڵاتانی ئەوروپا قورسترە و بیروبۆچوونی جۆراو جۆری زۆری لە خۆگرتووە، دیارە ئەمەش

---

1 هەمان سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو

2 ژیرۆ زاگرۆس. هەتیتەو مەتەرێزی ناسیۆنالیزم (کوردستان هەتیتەی ناسیۆنالیزمی دەمارگیرو مەتەرێزی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی). ؟: ئەلیکترۆنی، 2021،؟.

3 ناوخۆش, سەلام. ئاین و ناسیۆنالیزم, ل.18.

4 د. کەمال مەزهەر. چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد. ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە. بەشی یەکەم, بەغداد: الادیب البغدادیە، 2001، لا11-19.

5 د.مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر: ئاراس، 2010، لا24-32.

بۆ زیاتر لە هۆکارێك دەگەڕێتەوە، یەکێك لە هۆکارەکان ((... دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هزری نەتەوایەتی کوردی وەکو هزری نەتەوایەتی رۆژئاوایی نەبووە و جیاواز بووە، چونکە دەرکەوتنی هزری نەتەوایەتی لە رۆژئاوادا دەرئەنجامی کۆمەڵێک گۆرانکاری بنەڕەتی بووە، لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا. بەڵام هزری نەتەوایەتی لای کورد جیاواز بووە، چونکە هەر نوسەر و لێکۆڵەرێکی کورد لە گۆشەنیگا و بنەمایەکی جیاواز لە هزری نەتەوایەتی کوردی کۆڵیوەتەوە.))[1] کەواتە دەبێ ئەوە بزانین کەوا ئەو هۆکار و گۆرانکارییانەی لە ئەوروپا دەرکەوتووەو بووەتە بنەما و دیڵەمۆیەك بۆ بەگرخستنی هەست و خۆرۆشی نەتەوەگەرایی هەمان هۆکار و گۆرانکاری لە لای کورد دەرناکەوێت. بە واتایەکی تر: ((دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لە هەر وڵاتێک و شوێنێکدا پەیوەندیدارە، بە بارودۆخی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئابوری،... هتد)ی ئەو شوێنە. بۆیە مەرج نییە سەرهەڵدانی نەتەوایەتی لە هەموو شوێن و وڵاتەکان بە شێوەیەکی یەکسان بێت، بە واتایەکی دی بە هۆی ئەوەی هەر وڵاتێک خاوەن جۆرە بارودۆخێکی تایبەت بە خۆیەتی و جیاوازە لە وڵات و شوێنانی دیکە، بۆیە دەکرێت هزری نەتەوایەتیش جیاواز بێت.))[2] هەروەها هۆکارێکی تری ئەو نادیاری و ئاڵۆزبوونەی مێژووەی نەتەوەگەرایی لای کورد دەتوانین بۆ نەنووسرانەوە و نەبوونی مێژووی دێرینی کورد بیگەڕێنینەوە. لەبەرئەوە دیارنییە کە لە چ کاتێکەوە کورد بیری لە دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ناسیۆنال بۆ خۆیان کردۆتەوە. واتە کەی و لە چ شوێنێکی کوردستان ئەم هەستە گەشەی سەندووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یەکانگیر یا کوردستانێکی یەکگرتو، تەنیا هەر ئەوەندە دەزانرێت کە کورد دەمێکە ئەم هەوڵەی داوە.[3]

جگە لەم هۆکارانە هۆکاری تریش هەن بۆ ئەوەی بە ئاسانی نەتوانین سەرەتای مێژووی نەتەوەگەرایی کورد دیاریبکەین، وەکو: هەبوونی بۆچوونی جیاواز و خوێندنەوە و پێوانەی تایبەت و جیاواز بۆ سەرەتای دەرکەوتنی مێژووی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتخوازی کورد، لە هەست و هزرێکی سەرەتاییەوە تا دیاردەو بەرجەستەبوون، لە لایەن لێکۆڵەرو شارەزایان ئەم بوارە، جا چ کورد بێت، یان بیان.

هەموو ئەم هۆکارانە وایانکردووە نەتوانین بە کۆنکرێتی سەرەتای ئەم مێژووە بەرجەستەبکەین. بەڵام هەر چۆنێك بێت هەوڵدەدەین ئەو سەرەداوە مێژووییە کە لەسەرچاوەکانەوە خراوەتەڕوو بیخەینە بەردەست. ئاسایی سەرەداوی هەست و هزری نەتەوایەتی کورد، بە مانا سەرەتایی و سادەکەی هاوشێوەی نەتەوەکانی تر بە دوو بۆچۆنی گشتی دەخرێتەڕوو: (1- پێش مێژوو. 2- پاش مێژوو). کە بۆچونی یەکەم (پێش مێژوو) هەروەکو لە مێژووی نەتەوەکانی تر کە پێشتر خستمانەڕوو، مێژووی نەتەوەگەرایی کورد بۆ سەردەمانی پێش مێژوو دەیگەڕێنێتەوە. واتە مێژووی نەتەوەگەرایی کورد درێژ دەکاتەوە بۆ مێژوویەکی زۆر دێرین و تولانی بە قەد درێژی مێژووی بنیاتی کۆمەڵگەی کوردەواری. هەروەك دکتۆر ئاگرین لە بارەی ئەم مێژووە دەڵێت: ((لەوەتی مرۆڤ خۆی ناسیوە و خاوەنی هزر و هەست و نەستی خۆیەتی... کەم تا زۆر دوور و نزیک هەستی نەتەوەییانەی هەبووە، با لە شێوە و قاڵبێکی یەجگار ساکار و کز و سستیشدا بوو بێت، بیری نەتەوەیی وا لە مرۆڤ دەکات خاوەنی عەقڵ و هەست و نەست و کەسایەتی سەربەخۆی خۆی بێت))[4]. هەر بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کوردیش هەست و هزری نەتەوەگەراییەکەی مێژوویەکی دێرینی هەیە. بەڵام هەروەکو هەر نەتەوەیەکی تر ناتوانین ئەو بەروارە بە بەڵگەی تۆمارکراو بەرجەستە بکەین، بەڵکو مەگەم تەنیا لەسەر بنەمای بۆچوون و تیۆرەکان، بەتایبەت بۆچوون و تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان دەتوانرێت ئەم فاکتە پشتراست بکرێتەوە.

---

[1] اسماعیل حمدامین سلیمان. پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا.، ل.56.

[2] هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[3] جەمال نەبەز. بیری نەتەوەییی کوردی نە بیری قەومیەتی رۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی رۆژاوایی یە، ل.26.

[4] ئاگرین، عەبدوڵلا عەزیز. کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردیی کوردستانی عێراقدا 1961 ـ 1970، ل.27.

هەرچی سەبارەت بەو بۆچوونانەشە کە سەرەتای مێژووی نەتەوەگەرایی کوردی بۆ سەردەمی دوای مێژوو، واتە: بۆ سەردەمێکی تازەتر و خاوەن دۆکیۆمێنت دەگەڕێنێتەوە، ئاسایی ئەم بۆچوونەش، هاوشێوەی بیروبۆچونی نەتەوەکانی پێشتر باسمانکردن سەرەداو و بیرورای جیاوازی لێدەبێتەوە و ناکرێت بە تۆکمەیی تەواو پێداگری لەسەر یەك سەردەم و بەروار بکەینەوە. بەواتایەکی تر: بەو سەرەتا مێژووە تۆمارکراوەی کە لە بەردەستدایە و دەتوانین وەکو سەرەداوێکی تۆمارکراو بۆ نەتەوەگەرایی کورد بیخەینەڕوو، بە پێی جیاوازی نووسەر و لێکۆڵەرەو لێکۆڵینەوەکان زیاتر لە مێژوو سەرەداوێك باس دەکرێت. ئەم بیروبۆچوونەش بە هاونشێوەی نەتەوەکانی تر دەبنە دوو کۆمەڵەی گشتی: (1-بیروبۆچوونەکانی پێش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاواو ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی. 2- بیروبۆچوونەکانی پاش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاوا و ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی.).

سەبارەت بە کۆمەڵەی یەکەمی بیروراکان، واتە: (بیروبۆچوونەکانی پێش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاواو ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی.)، دیسان ئەم خاوەن بیرو بۆچوونانەش سەرەداوی مێژوویی جیاواز بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتگەرایی کوردی دەخەنەڕوو. بۆ نموونە: هەندێك لە بیروبۆچوونەکان ئەم مێژووە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن، بۆ پێش زاین دەبەنەوە، هەرچۆنێك بێت ((لەم پێودانگەوە کاتێك باس لە دەرکەوتنی دەوڵەت و قەوارەی سیاسی و پرۆسەی دەوڵەتداری لە کوردستان و لای کورد دەکەین، پێویستە سەرەتا باس لەو هەوڵانە بکەین کە لە خاکی کوردستان و بەر لە دەرکەوتنی کورد وەك نەتەوە دراون . بۆ ئەو مەبەستەش سەرچاوە مێژووییەکان یەکەمین هەوڵی دەوڵەتداری لە کوردستاندا بۆ کۆمەڵی سۆئییەکان دەگێڕنەوە کاتێك لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین بناغەی یەکەمین پرۆسەی دەسەڵاتی سیاسیان لەسەر قەڵای هەولێری ئێستە بنیات نا. بەپێی تۆمارێکی پادشایەکی سۆمەریش بەناوی (سۆشین؛ 2038 - 2030 پ.ز)، چوارەمین پادشای بنەماڵەی سێیەمی شاری (نوور)ی سۆمەری، باس لەوە کراوە کە کەسێك بە ناوی (ئیراننا) فەرمانڕەوای ناوچەی سۆ و زەوییەکانی کردای کردووە. کاتێکیش بەنێو ئەو دەقە سۆمەرییەدا ڕۆ دەچین، دەگەینە ئەوەی کە ئەو پادشایەی فەرمانڕەوای قەڵای هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەری کردووە، خەڵکی کوردستان بووە و لە شاری هەولێری ئێستە ژیاوە.))1 ئەمە بە کۆنترین دەستەڵات و دەوڵەت بەمانای کۆن لە کوردستان دادەنرێت.

هەروەها بیروبۆچوونی تر لە هەندێك لەو سەرچاوانەی باس لە سەرەتاییەکی تۆمارکراو بۆ سەرەداوی مێژووی نەتەوەگەرایی کوردی دەکەن ئاماژە بە سەردەمی ئیسلام دەکەن، بۆ نموونە: لە لێکۆڵینەوەکەی (اسماعیل حمدامین سلیمان)دا دیاردەی بوونی هەست و هزری نەتەوایەتی کوردی تۆمارکراو، بەڵام بە شێوەی سادەو ساکار بۆ سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام (سەلامی خودای لەسەر) دەگەڕێنێتەوەو دەنووسێت: ((ئەگەر بە گشتی چاوێک بە مێژوویی ئیسلامدا بخشێنینەوە, ئەوا بۆمان دەردەکەوێت, زۆرێک لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر( د.خ) کورد بوون و هەستی نەتەوایەتییان هەبووە, ئەگەرچی سادەش بووبێت, بەڵام بۆ ئەو سەردەمە زۆر باش بووە, کە پاشگری( الکرد) یان بۆ خۆیان زیاد کردووە, ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی باش بووە, بۆ نموونە( گابانی کوردی, علی بن داود الکردی,... هتد).))[2]. ئەم هەستەش کوردبوونەش زیاتر لە کاتی بەرامبەربوونەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی هاوسێ وەکو ناسنامەیەکی جیاکاری نەژاد و قەوم و نەتەوە خۆی بەرجەستەدەکات. ئەگینا ئەم نازناو و هەستە وەکو هەستێکی نەتەوەگەرایەتی و نەتەوەپەرستی خۆی رەپێش ناکات.

هەروەها لە هەمان سەرچاوە ئاماژە بە سەرەتای مێژوویەکی تریش دەکات، کە وەکو مێژوویەکی سەرەتایی و بەرجەستەکراوی نەتەوەگەرایی کوردی لە ئەرزی واقیعدا، کە ئەویش گەڕاندنەوەیەتی بۆ سەردەمی سەرکردەی کورد (سەلاحەددینی ئەیوبی). ئەوە دەخاتەڕوو کەوا ئەم سەرکردەیە نەیتوانییوە هەست و ئیدراکی نەتەوەگەرایی خۆی لەبەرامبەر نەتەوەکانی دەوورووبەری،

---

[1] د. کەیوان ئازاد. کورد و دەوڵەت لە مێژوودا. زنجیرەی بڵاوکراوە لە ماڵپەری باستیوز، 2018-2018، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی، 2020، ل.9.

[2] اسماعیل حمدامین سلیمان. ل.60.

ئەگەر بە مانا خێڵەکی و فیوداڵیش بێ، بشارێتەوەو لە ئەرزی واقیعدا پراکتیکی نەکات. بۆ ئەم مەبەستە باس لە (سەلاحەدینی ئەیوبی) دەکات و دەڵێت: ((... سەرکردەیەکی ئیسلام بووە و لای هەموومان ئاشکرایە کە کورد بووە و نەتەوەی کورد بەشێکی زۆری سوپایەکی پێکهێناوە, ئەگەرچی لەو سەردەمە هزری نەتەوایەتی زۆر لاواز بووە و هەموویان بۆ ئیسلام تێدەکۆشان.))[1] هەروەها هەر لە میانەی درێژەی وتەکانی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بە هۆی ئەو سەرکردەیە نەتەوەی کورد دیار و ئاشنا بووە, لە لای هەموو نەتەوەکانی دیکە, تا ئێستاش ئەمە راستە واتە هەر کە ناوی صەلاحەدینی ئەیوبی دێت, راستەوخۆ ناوی کورد و نەتەوەی کوردیشی لەگەڵ دێت.))[2] کەواتە بەم پێیەی کە ئەم سەرکردە کوردیە سوپاکەی زیاتر لە سەر تاکی نەتەوەی کورد بەرجەستەکردووەو کەمتر ئاوڕی لە نەتەوەکانی تری وەکو: عەرەب و تورك و فارس، داوەتەوە، بۆیە ئەمە سەلمێنەری ئەم هەستەی نەتەوایەتی ئەم سەرکردەیەو وەکو یەکەم تۆماری پراکتیکی دەتوانین ئاماژەی پێبکەین. پاشان ئەم بۆچوونە زیاتر بەهێز دەکات بەوەی کە لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا ئەم سەرکردەیە بۆتە سمبۆڵ و ناسێنەر و ناسنامەیەك بۆ نەتەوەی کورد. هەروەها ئەم دەوڵەتە ئەیووبییەی سەڵاحەدین ((... بە یەکێك لە دەوڵەتەکانی قۆناغی مێژووی ناوەڕاست و تاکە دەوڵەتێکیش لەو قۆناغە مێژووییەدا دادەنرێت، کە کەسایەتی و بنەماڵەیەکی کوردی دەسەڵاتداریێتیی هەرێمەکانی (شام و جزیرە و میسر و یەمەن و سوودان) بکات.))[3]بۆیە بە پێی ئەم بۆچوونە دەکرێت بنیاتی ئەم دەوڵەتە وەکو سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی و دەوڵەتخوازی بە مانا کۆنەکە هەژماربکرێت.

هەرچۆنێك بێت ئەم دوو بۆچوونەش کێشە و لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت و ناتوانرێت ئاوا بە ئاسانی وەکو سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی تۆمارکراوی نەتەوەگەرایەتی کوردی پێشوازی لێبکرێت. هەر بۆیە ئەم بۆچوونانە مقۆ مقۆی بەردەوامیان لەسەرەو لە لایەن لێکۆڵەرانێك پەسندکراو نییە. هەر بۆ نموونە لێکۆڵەرێکی وەك (عەتا قەرەداغی) بەرپەرچی ئەم جۆرە بۆچوونانە دەداتەوەو پێی وایە ئەم هەست و ئیدراکە لە لای سەرکردەی کوردی (سەلاحەدین) لە هەستێکی خێڵەکی فیوداڵی زیاتر بەدەر نییەو ناتوانین وەکو هەستێکی نەتەوەگەرایی و سەرەتایەکی مێژوویی بۆ نەتەوەگەرایی بەخێرهاتنی بکەین.[4] لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئێمەش هاوشێوەی مێژووی تۆمارکراوی وڵاتانی تر ئەم مێژووە وەکو سەرەتاو پلیکانەیەك بۆ بەرجەستەبوونی هەست و هزری نەتەوەگەرایی بە مۆدێلە کۆنەکەی لە ئاماژەکردن بەشی بدەین.

هەروەها لەسەدەکانی ناوەڕاست چەند دەستەڵاتی خۆجێیی و خۆڕێبەری پێش دەستەڵاتی سەلاحەدینی ئەیوبی و دەوڵەتی ئەیوبی کوردی دەبینرێت. بۆ نموونە لە سەردەمی عەباسییەکان، دەستەڵاتی (رەوادی) تیرەیەکی سەر بە هۆزی (هەزبانی) کوردی لە ساڵی (893ز-1070ز) دەستەڵاتێکی خۆجێیەتیی لە شاری (تەوریز) و دەوروبەری لە هەرێمی ئازەربایجان بە سەرکردایەتی سەرۆکی تیرە (موحەممەدی ڕەوادی) دامەزرا.[5] ((ئەم دەسەڵاتە وەك یەکەم خۆڕێبەریی کوردی لەم قۆناغە مێژووییەدا، کەوتە نێو ناوان. هۆکاری دەرکەوتنیشی بەهۆی لاوازیی دەسەڵاتی خەلافەتی عەبایی و تێکچونی باری ئابووری و بەڕێوەبردنی دەوڵەتی خەلافەتەوە بوو، لە پاڵ دووریی هەرێمەکە لە پایتەختی دەوڵەتی خەلافەت، کە شاری (بەغدا)بوو.))[6] ئەم دەستەڵاتە سەربەخۆیە وەکو حکومەت و دەستەڵاتێکی خۆجێیی شێوە دەوڵەتۆکەیەکی کوردی، هەڵبەتە بە مانا کۆنەکەی، هەژماری دەکەن.

هەروەها دەتوانین سەرەداو و سەرەتای مێژووی نەتەوەگەرایی کوردی، وەکو زۆر بابەتی تر لە ناو شیعری کوردیدا بدۆزرێتەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی مێژووی تۆمارکراوی دێرینی کورد بە شێوەی شیعر بەرجەستەبووە. ((کەواتە دەتوانین بڵێین کە هەستی نەتەوایەتی کوردی رەگ و ریشەکی زۆر

---

[1] هەمان سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو.
[2] اسماعیل حمدامین سلیمان، ل.60.
[3] د. کەیوان ئازاد. کورد و دەوڵەت لە مێژوودا. زنجیرەی بڵاوکراوە لە ماڵپەری باستیوز، 2018-2018، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی، 2020، ل.46.
[4] بۆ زیاتر زانیاری پروانە: قەرەداخی، عەتا. گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی. بەرگی سێیەم، ل.14-21.
[5] بۆ زیاتر زانیاری پروانە: د. کەیوان ئازاد. کورد و دەوڵەت لە مێژوودا، ل.25-27.
[6] د. کەیوان ئازاد. کورد و دەوڵەت لە مێژوودا، ل.25.

کۆنی هەیە، هەر لە دەستپێکی نووسینی شیعری کوردییەوە، شاعیرانی کورد ئەم هەستەیان بەدیارخستووە))[1] لێرەدا تەنیا وەکو دیاریکردنی سەرەداوی ئەم مێژووە ئاماژە بە ناوی ئەو شاعیرانە دەدەین و ناچینە سەر ناوەرۆکی شیعرەکانیان. بەڵام لە شوێنی تردا زیاتر هەڵوەستەی لەسەر دەکەین و بە نموونەی شیعریبوونی ئەم نەتەوەگەراییەتییە لە شیعری کوردیدا دەخەینەڕوو.

یەکەم شاعیری کوردیش: (باباتاهیری هەمەدانی)یە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی دەیەم لە شیعرەکانیدا کە بە شێوەزاری لۆری هۆنیوەتەوە، بۆ یەکەمینجار ئەم هەستەی بە شیعر بۆ تۆمارکردین. هەر خودی نووسینی شیعر بە شێوەزارێکی کوردی، کە ئەویش شێوەزارێکی کوردییە، گوزارشت و بەڵگەی هەست و هیزری نەتەوەگەرایی شیعری شاعیر دەخاتەڕوو. هەر لەبەر ئەوەشە نووسەرانێك پێیان وایە خودی شیعر نووسین بە شێوەزاری لوری دەتوانرێت وەکو بەڵگە و سەرەتای مێژووی هەست و هزری نەتەوەگەرایی دابنرێت.[2]

هەروەها شاعیرێکی ترمان هەیە بە ناوی: (شێخ ئادی) (467 - 557 ک 1074 - 1161ز) لە شیعرەکانیدا ئەم سەرەتا ساکارەی نەتەوەگەرایی بەرجەستەدەکات.[3]

لە دوای ئەم شاعیرانەش هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە لای چەندین شاعیری تر وەکو: (مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، خانەی قوبادی، نالی،...هیتر)، کەم و زۆر دەبینرێت، بە تایبەت (ئەحمەدی خانی) کە باوکی نەتەوەگەرایی کوردیشی پێدەگوترێت، بەڵام لەم تەوەرەیەدا نامانەوێت هەڵوەستەیان لەسەر بکەین.

هەروەها هەست و هزری نەتەوەگەرایی سەرەتاییە بە ئاشکرا لە لای نووسەرو رۆشەنبیرو مێژوونووسی کوردی وەکو (شەرەفخانی بەدلیسی) دەردەکەوێت، هەروەکو خۆی لە (شەرەفنامە)کەیدا دەڵێت: (( هەموو نیاز و ئاواتیشم هەرچەندە ئەمەیە: کە خانەدانە گەورەکانی کوردستان ناویان لە ناو ناوان بمێنێ و لەناو نەچن))[4] بەمشێوەیە دەبینین هەست و هزری نەتەوەگەرایەتی وەکو کەسێکی کورد پاڵی پێوەناوە کە خانەدانە گەورەکانی کورد ناویان بە زیندوویی بمێنێتەوە. ئەم هەستە هەرچەندە ئەم هەستە بە پێوانەی نەتەوەگەرایی مۆدێرن رەنگە هەستێکی زیاتر ناوچەگەرایی بێت نەوەك نەتەوەگەرایی، بەڵام هەرچۆنێك بێت بۆ ئەم کات وەکو هەستێکی بەرزی تاکەکەسی نەتەوەگەرایی دەتوانرێت هەژماری بۆ کرێت. (عەتا قەرەداغی) لە باسی شەرەفخاندا باس لەوە دەکات کە ئامانجی گوتاری شەرەفخان لە شەرەفنامەکەیدا گوتاری دەوڵەتی سەربەخۆ بووە، بەوەی لە خەیاڵی شەرەفخاندا تابلۆی فەرمانرەوایەکی کوردی سەربەست لە فەرمانڕەوایەتی و خاون دەوڵەت هەست پێدەکرێت. بەڵام نەوەك دەوڵەتێك بە مانای نەتەوەگەرایی مۆدێرن، بەڵکو لە شێوەی دەوڵەتی خێل یان ئیمپراتۆریەتێکی ئاینی، فیوداڵی، کە جۆرێك لە شووناسی نەتەوەیی هەبووە، هاوشێوەی دەوڵەتی سەفەوی عوسمان.[5]

هەر لە بارەی نەتەوەگەرایی (شەرەفخانی بەدلیسی)یەوەش، لێکۆڵەرێکی کوردی وەکو (اسماعیل حمدامین سلیمان) دەڵێت: ((هەندێکی دیکە بۆچوونیان وایە کە( شەرەفخانی بەدلیسی) بە سەرەتایی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی دادەنێن، چونکە( شەرەفخانی بەدلیس) یەکێک بووە لە نوسەرە کۆنەکانی کورد، کە کتێبێکی گرنگی لە سەدەی شانزدەهەم دەربارەی میرنشینەکانی کورد نووسیوە، باسی شێوازی حوکمڕانی ئەو میرانە دەکات، لە رووی جوگرافیشەوە نەخشەیەکی کوردستان دەکێشێت و ناوچە کوردییەکان دیاری دەکات. شەرەفخان ئەم کتێبەی لە ساڵی( 1596) دا نووسیوە، کە تیادا داوا لە میرە کوردەکان و هەموو میللەتی کورد دەکات یەکبگرن و لەناوخۆیاندا تەبا و رێک بن.))[6]

---

[1] اسماعیل حمدامین سلیمان. پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا، ل.60.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.60-61.
[3] بۆرەکەی، سەدیق(سافی زادە) (2008). مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ل.133- 134.
[4] بەدلیسی، شەرەفخانی. شەرەفنامە. و.هەژار، بەغدا: لە چاپکراوەکانی کۆری زانیاری کورد، 1972، ل.13.
[5] قەرەداخی، عەتا. گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی. بەرگی سێیەم، ل.21.
[6] اسماعیل حمدامین سلیمان. پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا. ل.57.

بەگشتی ئەوەی باسمانکرد دەتوانین وەکو سەرەتایەکی مێژوویی بۆ نەتەوەگەرایی کوردی، لە ئاستی هەست و هزرێکی نەتەوەگەرایی وەریبگرین، هەڵبەتە نەتەوەگەرایی بە پێناسە کۆنەکەی، ئەگینا دەبێ بڵێین بە چەندین سەدە کورد پێش ئەوروپا بە شێوە مۆدێرنەکەی نەتەوەگەرایی تێدا چەکەرەی کردووە. هەر لەبەر ئەوەشە نووسەرو لێکۆڵەرێکی وەکو: (عەتا قەرەداغی)[1] نەتەوەگەرایی لە لای (خانی) دەخاتە ژێر پرسیار و وەکو سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایی کورد یەکلای ناکاتەوە. بە واتایەکی تر: دەتوانین بڵێین ئەو نەتەوەگەرایەتییەی کە لای ئەو شاعیر و نووسەرانەی کورد، کە ناومان بردن زیاتر لە هەنگاوی سەرەتایی و هەست و هزری و تەنانەت تاکە کەسی و لە چوارچێوەی مۆدێلە کۆنەکەی نەتەوەگەرایەتیش دابوون. هەرچەندە لای هەندێکیان وەکو: (ئەحمەدی خانی) شاعیری کورد تەنیا لە هەست و هزرێکی رووت بەرجەستە نابێت، بەڵکو وەکو میمبەرێکی هۆشیارکردنەوەو قوتابخانەیەکی پەروەردەکردنی هەستی نەتەوەگەرایی دادەنرێت. بە شێوەیەك کە دوای خۆی دەبێتە فێرگەیەك بۆ پەروەردەکردنی چەند شاعیرێکی نەتەوایەتی وەکو: حاجی قادری کۆیی و جگەرخوێن و... هیتر[2].

بەڵام مێژووی نەتەوەگەرایی و سەربەخۆخوازی کوردی لە ئەرزی واقیعدا بۆ مێژوویەکی نوێتر دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی باسە ئەم مێژووەی ئەرزی واقیعیش بیرو بۆچوونی جیاوازی لەسەرەو لێکۆڵەرو نووسەرەکان لەسەر سەرەتایەکی کۆنکرێتی کۆك نیین. بە شێوەیەکی گشتی دەبێت بە دوو بیرو بۆچوونی سەرەکی: بیروبۆچوونی یەکەم دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین بۆ سەردەمی قەڵەم ڕەوی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە، بە تایبەت دووای شەری چاڵدێران•، ئەو شەرەی کە لە نێوان دەوڵەتی زلهێزی عوسمانییەکان و فارسە سەفەوییەکاندا روویدا. هەروەك: ( د. محمد بکر محمد) دەگاتە ئەو بڕوایەی کەوا لە دوای شەڕی چاڵدیران: 1514ز بەولاوە کورد هۆشیاری نەتەوەگەرایی بە شێوەیەکی ئاشکراو تەواو لەلا بەرجەستە دەبێت.[3] واتە: بە شێوەیەکی گشتی پاش شەری چاڵدێران، لە 1514 دا لە نێوان سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی و شا ئیسماعیلی سەفەوی دا، کوردستان بوو بە دووبەش، کە بەشێکی کەوتە ژێر دەستەڵاتی عوسمانی و بەشەکەی تریشی لە ژێر دەستەڵاتی سەفەوی. لەو رۆژە بەولاوە میرنشینەکانی کورد لە ناو ئەم دوو دەوڵەتەدا پەیدابوون، میرنشینەکانیش وەکو: شەمدینان، بۆتان، بایەزید، هەکاری، بادینان، سۆران، ئەردەلان، بابان.... هیتر. ئیتر کوورد بووە چەند میرنشینێکی سەربەخۆی بەش بەش و بەمەش خاکی کورد بە سنووری سیاسی لە یەکداپچڕاو دابەشکرا.

دەتوانین بڵێین کە هەم بەهۆی سیاسەتی زەبرو زەنگ و زۆرداری و ستەمی ئەم دوو دەوڵەتە زلهێزەی کە خاکی کوردیان دابەشکردبوو. هەروەکو ( د.شەفیق قەزاز) دەڵێت: (( ستەمی ناسیۆنالیستە تورکەکان لە کورد فاکتەرێکی سەرەکی و کارا بووە، بۆ گەشەسەندنی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی دا.))[4]. هەروەها هەمیش بەهۆی هاندان و بەکارهێنانی ئەم میرنشینە کوردانە لە لایەن ئەم دوو دەوڵەتەوە، هەستی نەتەوایەتی و کوردبوون بە پێی چەمك و پێناسەی ئەم سەردەم چەکەرەی کرد. ئەگەرچی خەبات و شۆرشی کورد لە چوارچێوەی تەسکی قەوارە و دەستەڵاتی میرنشینی کوردی دابووە و نەچۆتە چوارچێوەی بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی کوردی، بەڵام میرنیشینە

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری پڕوانە: عەتا قەرەداخی. گەران بەدوای بووندا، ل.246-247.

[2] پڕوانە: فەهمی شوکری عەبدوڵڵا. نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی (1650-1707)دا. نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر،2009، لا101-123.

• مەبەستمان لە شەری چاڵدێران ((لەم شەرە گرینگەی لە باکوری رۆژهەلاتی دەریای وان قەوما، عوسمانییەکان گورزیکی کوشندەیان لە فارسە سەفەوییەکان وەشاند. لە ئەنجامی ئەو شەرەدا بوو کە لە ١٦٣٩ پەیمانی زەها و مور کرا و هیلی سنووریی نیوان هەردوو ولات کیشرا و تا ئیستاش ئەو سنوورەی ئەو کاتە هەر وەک خوی ماوەتەوە هەر بەپیی ئەو پەیماننامەیە بوو، زورینەی کورد کەوتنە ناو سنووری ئیمپراتوری عوسمانی و کەمینەیەکیش کەوتنە ناو ولاتی فارس.)) ئەم زانیارییە وەرگیراوە لە: مایکڵ گەنتەر. فەرهەنگی مێژووی کورد. وەرگێرانی: مامکاك. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس، 2007، ل.177.

[3] محمد بکر محمد. تیۆریزەکرنا هزرا نەتەوەگەری لە هۆزانا کلاسیکا کوردیدا، گۆڤاری مەتین. ژ. 118، چریا دووێ،2001، ل.42.

[4] عثمان علي. الأسس الفكرية للحركة القومية الكردية. الحلقة الثانية، مجلة ئالاي ئيسلام، السنة التاسعة، العددان(2،3)، نوفمبر، 1995، ص.17.

کوردەکان خۆیان وەکو دەستەڵاتدارو پێشەوایانی کورد دادەناو لە چوارچێوەی میرنشینەکەیان پەرەیان بە کلتور و زمانی کوردی دەداو ئەگەر لە ناو یەکیش ئاژاوەو شەڕ و ململانێیان هەبووبێت، بەڵام بەردەوام وەکو کورد خۆیان ناساندووە. هەرچۆنێك بێت هیچ یەکێك لەم میرنشینە کوردانە نەیانتوانی ببنە مایەی یەکگرتن و یەکێتی خاکی کورد و دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی. ئەمەش هەم دەگەرێتەوە بۆ هۆکاری بەرژەوەندی و سیاسەت و ئاینی ئەم دوو دەوڵەتە و هەمیش بۆ هۆکاری شەڕ و ناکۆکی نیوان دەرەبەگ و میرنشینەکانی کورد و تەماع و تاوان و خیانەتکاری هەندێك لە دەستەڵاتدار و کەسایەتییە کوردییەکان.[1]

لەگەڵ ئەمەشدا، بە پشتبەستن بە چەند بۆچوونێك دەتوانین بڵێین نەتەوەگەرایی بە شێوەیەکی بەرجەستەکراو، لە سەردەمی قەڵەمرەوی عوسمانییەکان، لە لای (شێخ عوبەیدوڵای نەهری) رەنگدەداتەوە. هەر ئەمەش وایکردووە کەوا لێکۆڵەرێکی وەکو: ( کریس کۆچێرا) دەڵێت: ((شێخ عوبەیدوڵا لە مانفێستێکدا کە بڵاویکردەوە، بۆ یەکەمجار نەتەوایەتی کوردی باسکردووە.))[2]. کەواتە بە پێی ئەم بۆچوونانە شێخ سەرەداوی مێژووی نەتەوەگەرایی دیاریدەکات.

هەرچی بیروبۆچوونی دووهەمە، کە بە (بیروبۆچوونەکانی پاش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە و نەتەوەگەرایی رۆژئاوا و ئەوروپا بە چەمکە نوێیەکەی.) ناومانبردن، ئەم بیروبۆچوونە بە شێوە گشتییەکەی، لەمەڕ سەرەتای مێژووی نەتەوەگەرایی کوردی لەسەر ئەرزی واقیعدا پێی وایە کە مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی کوردی دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم بە تایبەت دووای جەنگی یەکەمی جیهانی. یان بڵێین ئەم بۆچوونە پێی وایە (( لە عێراقدا ناسیۆنالیزمی کورد تەنها پاش جەنگی جیهانی وەک بە دەنگ هاتنێک لە بەرامبەر هەوڵەکانی ئینگلیز بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی مۆدێرنی عەرەب دەتستی بە گەشەسەندن کرد))[3] و هاوشانی نەتەوەکانی دراوسێ هەوڵی نەتەوەگەرایی و سەربەخۆگەرای خۆی بەکردارکرد.

بە دەربڕینێکی تر، ئەم بۆچوونە پێی وایە پاش ئەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەرەو لاوازبوون و هەڵوەشانەوە هەنگاوی نا بەتایبەت لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، نەتەوەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی شکستخواردوو وەکو عەرەب و تورك و فارس مشووری دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی خۆیان خوارد. کوردیش وەکو یەکێك لە نەتەوەکانی ناو ئەم ئیمپراتۆریەتە هەستی بەزەنگی مەترسی کردو جوڵانەوەی سیاسی و کلتوریەکانی خۆی لە شاری سلێمانی بەگوورکرد، چونکە شاری سلێمانی لەوکاتەدا هەروەك (کەمال مەزهەر)ی مێژوو نووسی کورد دەڵێت: (( ناوەندو قەڵای بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بووە)).[4] کە لەو سەردەمەدا (شێخ مەحموود) ناسراوترین و بە دەستەڵاتترین کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی سلێمانی رابەری بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی دەکرد. پاش ئەوەی ساڵی 1918 ویلایەتی موسڵ لە لایەن ئینگلیزەکانەوە دەستی بەسەرداگیراو بەشی گەورەی خاکی کوردی عێراق کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئەوانەوە، شێخ مەحموودی رابەری بزووتنەی نەتەوایەتی ناچاربوو پەیوەندییە سیاسی و ستراجییەکانی خۆی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد لە نێوان سیاسەتی هەردوو دەوڵەتی تورك و ئینگلیزدا بهۆنێتەوە. شێخ مەحموود دوای خوێندنەوەی خۆی بۆ پێشهاتەکان دیارە مەلی هەڵوێستی لەسەر خۆدانە پاڵ ئینگلیز و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە ناوچەی سلێمانی لە ژێر چاودێری ئینگلیزەکان دەنیشێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە نامەیەك ئاراستەی ئینگلیزەکان دەکات و راشکاوانە گرێی دڵی خۆیان بەم شێوەیە بۆ دەخاتەڕوو: ((چەرخی گەردوون ئێوەی بە سەرکەوتوویی گەیاندە نیشتمانی کورد، کە کوردستانە. کورد هیچ سودێکی لە عوسمانیەکان وەرنەگرت، دەزانن کە هەزاران ساڵە ئەم خاکە نیشتمانی کوردە. لە ئادەمیزاد پەروەریتان ئومێد دەکەین کە ئێوە هەقی کورد بدەن و ئازادی و سەربەستی لە کوردستاندا بڵاوبکەنەوە.

---

[1] د.مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر: ئاراس، 2010، ل24-32.
[2] کریس کۆچێرا. کورد لە سەدەی(20 و 19)دا. ل.50.
[3] ساڵح, مەجید. بیری نەتەوەیی لای شێخ نوری شێخ ساڵح. سلێمانی: ؟، 2016، ل.61.
[4] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد. کوردی سلێمانی و بەغدا لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا. پەیڤین (گۆڤارێکی روناکبیری وەرزییە)، ژمارە (9). سلێمانی: 2000، ل.210.

ماوەی ئەوە نەدەن کورد بە چەك داوای هەقی خۆی بکات و بیسەنێت.))[1] ئەم نامەیەی شێخ مەحمود شوێنی خۆی دەگرێت و (ئارنۆڵد ویلسن)ی حاکمی گشتی ئەوکاتی ئینگلیز لە بەغداد، بۆ ئەو مەبەستە (میجەر نوئیل)ی وەکو گوتەبێژی ئینگلیز راسپارد و ئەویش بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری شێخ مەحموود دێتە سلێمانی و لە (1918/11/17) شێخ مەحموودی وەکو حوکمداری کوردستان دەناسێنێت. هەندەی پێناچێت پەیوەندی نێوان بەریتانیاو شێخ پاشەکشەدەکات و تا دێت ناخۆشتر و ناسەقامگیرتر دەبێت، تا دەگاتە راپەرین و شۆرشی چەکداری بۆ دوورخستنەوەی دەستەڵات و ئەزموونی ئینگلیز لە ناوچە کوردییەکان و بە شێوەیەك کە شێخ خۆی سەرپەرشتی هێرشە چەکدارییەکان بۆ سەر ئینگلیز دەکات و لە دواجار پاش چەند هێرش و دەستکەوتێت شێخ بە برینداری دەبێتە دیلی دەستی ئینگلیزەکان و بۆ هیندستان دووردەخرێتەوە. هەرچۆنێك بێت دوای سێ ساڵ زیندانی، ئینگلیز بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخ و بەرژەوەندی خۆی شێخ لە هیندستان دەهێنێتەوە. لە (10ی تشرینی یەکەمی 1922) شێخ کابینەی حکومەتەکەی خۆی لە سلێمانی رادەگەیەنێت و لە گوتاری یەکەم کۆبوونەوەی کابینەی حکومەتەکەیدا جاڕی سەربەخۆیی بە گوێی جیهاندا دووپات دەکاتەوە.

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەکرێ ئەوە بڵێین کە مێژووی نەتەوەگەرایی لە لایەن لێکۆڵەرەکانەوە بە چەند هەنگاو و قۆناغێك دیاریکراوە. بەڵام دیاریکردنی ئەم هەنگاو و قوناغانە لە لێکۆڵەرێکەوە بۆ لێکۆڵەرێکی تر جیاوازە. بۆ نموونە: لێکۆڵەرێکی وەکو ( د. محمد بکر محمد) قۆناغەکان بۆ دوو جۆر پۆلێنی دەکات: (1. قۆناغی وشیاریی ئیتنیکی 2. قۆناغی وشیاریی نەتەوەیی)[2].

کەچی لە (دلێر اسماعیل حەقی شاوێسی) سێ قۆناغ بۆ مێژووی نەتەوەگەرایەتی کوردی دەخاتەڕوو: ( 1. هەست پێ کردنی نەتەوەیی یان قۆناغی خۆ جوداکردنەوەی کورد لە نەتەوەکانی تر، ئەم قۆناغەش لە سەدەی شانزدەوە دەست پێدەکات و تا کۆتایی سەدەی نۆزدە. 2. سەرهەڵدانی رێکخراوی نەتەوەیی کە لە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان دەست پێدەکات تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی دەخایەنێت. 3. قۆناغی دەست پێکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی)[3]

هەرچی (کامیران محەمەد نەبی)یشە قۆناغەکان بە پێنج قۆناغ بەرجەستەدەکات، بەمشێوەیە: (1. قوناغا سەرهلدانا هەستا ئیتنیکی. 2. قوناغا هشیاربوونا نەتەوەیی. 3. قوناغا وەرارا نەتەوایەتی و هزرا نەتەوایەتی. 4.قوناغا بزاڤێن نەتەوایەتی. 5.قوناغا پەیدابوونا ئایدیولوژیێن بیانی.)[4]. بەڵام لێکۆڵەر (سەلام ناوخۆش) قۆناغەکانی نەتەوەگەرایەتی کوردی بە حەوت قۆناغ دەخاتەڕوو، بەم شێوەیە: ( 1. قۆناغی رۆناکبیری کوردی. 2. سەرهەڵدانی بنەماڵەکان. 3. بزاڤی مەشروتیەی ئێران و مەشروتیەی تورکیا. 4.حوکمداریەتی شێخ محمود. 5. سەرهەڵدانی مارکسیەت. 6. دامەزراندنی پارتی دیموکراتی ئێران و عێراق. 7. هەرسهێنانی ئەزموونی تاک حیزبی لە ئێران و ئێراق.)[5]. هەرچۆنێك بێت لێرەدا لەبەر نەبوونی دەرفەت ناکرێت یەکە یەکەی قۆناغەکان دیارییکەین، لەگەڵ ئەوەشدا پێشتر ئەوەی پێویست بوو بە کورتی و بە پوختی خستمانەڕوو.

[1] د. جەعفەر عەلی. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل.181.

[2] بۆ زیاتر زانیاری پڕوانە: محمد، محمد بکر. تیۆریزەکرنا هزرا نەتەوەگەری لە هۆزانا کلاسیکا کوردیدا، گۆڤاری مەتین. ژ. 118، چریا دووێ،2001، ل.41 ـ 43.

[3] بۆ زیاتر زانیاری پڕوانە: دلێر اسماعیل حەقی شاوێسی. نەتەوە و نەتەوایەتی هۆکارەکانی لاوازی هۆشیاری نەتەوایەتی لای کورد و دروست نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی. گۆڤاری زانکو بۆ زانستە ئینسانییەکان،، ژ7، سالی سێیەم، هەولێر: زانکۆی سەلاحەددین، 1999، ل.12- 13.

[4] بۆ زیاتر زانیاری بروانە: کامیران محمد نەبی. قۆناغەکانی گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی لە شیعری کوردیدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی سەدەی بیستەم. نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین. 2005، ل.34 ـ 337.

[5] بۆ زیاتر زانیاری پڕوانە: ناوخۆش، سەلام. ئاین و ناسیۆنالیزم. ل.11ــ 13.

## 3-1. کازیوەی گوتاری نەتەوەگەرایی لە دونیای شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا

بە شێوەیەکی گشتی ئەدەب وەکو ئاوێنەی کۆمەڵگا خۆی بەرجەستەکردووە، کە دەتوانین بڵێین هەموو یان زۆربەری لایەنەکانی کۆمەڵگاکەی تێدا رەنگی داوەتەوە، بەشێوەیەك کە بووەتە تابڵۆیەك بۆ کێشانی خەون و ئاوات و نەهامەتی و ناسۆری و ئازارو خۆشی و بۆنەو... هیتری کۆمەڵگاکەی. هەربۆیە ((ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی هەر لەسەردەمی لە دایکبوون و سەرهەڵدانییەوە وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی سەیری کراوە یان بەدەزگایەکی کۆمەڵایەتی چوێندراوە))[1]. ئەدەبی کوردیش وەکو ئەدەبی هەر نەتەوەیەکی تر باوەشی بۆ کۆمەڵگاکەی واڵاکردووەو خۆی بە خەمخۆرو دەمراستی کۆمەڵگاکەی زانییوە. لە ناو هەموو ژانرەکانی ئەدەبیاتیشدا شیعر رۆڵێکی سەرەکی و بەرچاوتری گێڕاوەو زۆر بە روونی شوێنپەنجەی بەسەر ژیانی کوردەوە دیارە، چونکە ((شیعر تاقە هونەرێکە کە کاریگەرییەکی دیاری بەسەر کەسایەتی کوردییەوە هەیە، کەلە بەرایی مێژووەوە تەعبیرێکی ڕاستەقینەبوو لە ڕەوتی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگای کوردەواری))[2]. هەروەها هەروەکو (عەتا قەرەداغی) دەڵێت: (( دیارە جیگای خۆیەتی ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە تاکە رەگەزی باڵادەست لە پانتایی نەك تەنیا ئەدەبی کوردیدا بەلکو لە پانتایی رۆشنبیری کوریدا لە سەرهەڵدانی نووسین بە کوردییەوە تاکو ئێستاش هەر شیعرە.))[3]. بۆیە جێگای خۆیەتی لە هەموو لایەنەوە هەڵوەستە لەسەر شعیری کوردیدا بکرێت.

ئاسایی وەك راستییەکی مێژوویی دەبینین ئەدەبی کوردی نەوەك هەر لە مەیدانی سیاسەت، بەڵکو لە زۆربەی لایەنەکانی تری ژیانی کورد وەکو لایەنی کۆمەلایەتی، ئاینی، پەروەردەیی، رۆشەنبیری، کلتوری، سۆزو خۆشەویستی،...و هیتریش ئامادەبوونی هەیە. یان بلێین زمان حاڵی لایەنەکانی ژیانی کوردی لە ئەستۆگرتووەو بوەتە بڵندگۆیان و هەوڵی داوە بە نووکی وشەی ناسك و بەرەنگە دلفرێنەکانی هەست و سۆزو بیرو خەیاڵ تابڵۆیەکی راستەقینەی وایان بۆ بکێشێت کە ببێت بە بەشێك لە بوون و ناسنامەیان. ئەو ئەسپ تاودانە لە زۆربەی مەیدانەکانی ژیاندا شەقڵێکی تایبەتی ئەدەبی کوردییە، تەنانەت هەندێ جار بووە سەرقافلە و منداڵدانیان. هەر بۆیە (عەتا قەرەداغی) لە لێکۆڵینەوەکەی خۆی کە لەسەر گوتاری نەتەوەگەرایی کوردی ئەنجامیداوە، سەرەتای سەرهەڵدانی گوتاری کوردی بە شێوەیەکی گشتی بۆ سنووری شعرو ئەدەبیات دەگەرێنێتەوە.[4] لە راستیدا شیعرو ئەدەبیات ئەوەندە تێکەڵی ژیان بووە کە ((هەندێ جار زۆر زەحمەت بووە یان زەحمەتە جیاوازی بکەین لە نێوان شیعر و مەراسیمی ئاینیی یان کۆمەڵایەتی، یان شیعر و ئەفسانە، شیعر و کار، شیعر و یاری))[5]. وەکو رووی یەك دراو باوەشیان بەیەکەوە کردووە.

ئەگەر بۆ نموونەی ئەم راستییە سەیری لایەنی گوتاری بیروباوەر و ئاینی کۆنی کورد بکەین دەبینین دەقە ئاینییەکان وەکو کونترین مێژووی نووسینی کوردی بە زمانی شیعر بووە.[6] تەنانەت گاتاکانی ئاڤێستای کتابی پیرۆزی ئاینی زەردەشتی، ئەو ئاینەی کە ئاینی هۆزو تیرەو کۆمەڵەکانی ئێرانی بوو، کوردیش وەکو یەکێك لەو کۆمەڵانە پەیرەوی لێدەکرد، کە لە سەدەی حەوتەمی پێش مەسیح لە وڵاتی میدیا پەیدابوو، گوتارەکانی بە شعر پێشکەش کراوە. هەروەها ئاینی یارسان یان ئەهلی هەق، کە ئەمەش وەکو یەکێك لە ئایینە ڕەسەنە کۆنەکانی کورد کە شێوەزاری (گۆران)ی کوردی زمانی فەرمی

---

[1] د. موحسین ئەحمەد عومەر. ئەدەب و کۆمەڵگا، گۆڤاری ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی دەیەم، ژ (105)، 2005، ل 118.

[2] ئازاد عەبدولواحید کەریم و کوێستان جەمال سەلام، سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی(لە دەقی شیعری نەسرینی فایەق بێکەسدا)، گ کاروان، ژ (155)، 2001، لا125.

[3] عەتا قەرەداخی. گەڕان بە دوای بووندا. سلێمانی: سەردەم، 2002، لا242.

[4] عەتا قەرەداخی. گوتاری ناسیونالیزمی کوردی. بەرگی یەکەم، ل.24.

[5] د. موحسین ئەحمەد عومەر، ئەدەب و کۆمەڵگا، ل. 118.

[6] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.41.

دەقی پیرۆزی ئەم ئاینە بوو، گوتارەکانی بە کۆنترین و بەرزترین بەرهەمی ئەدەبی کوردی لەقەلەم دەدرێن.[1]

هەروەها دەبینین لە لایەنی پەروەردە و فێرکاریشەوە ئەدەبی کوردی بە هاویشتنی هەنگاوی یەکەم بەشداری خۆی تۆماردەکات و ئەحمەدی خانی وەکو سەرقافلەی ئەم شەرەفە بە پێشکەشکردنی فەرهەنگێکی شیعری فێرکاری کوردی و عەرەبی بە منداڵانی کورد بۆ هاوکاریکردنیان لە فێربوونی زمانی عەرەبی بە ناوی (نەوبەهارا بچوکان) کە لە ساڵی (1682) تەواوی کردووە، دێتە پێشەوە.[2]

ئەوجارەیان ئەگەر چاوێك بە مەیدانی سیاسەت و نەتەوەگەرایی کورددا بخشێنین، بە هەمان شێوە دەبینین ئەدەبی کوردی لە بەشداری گوتاری سیاسی و نەتەوەگەرایی و چەغماغەدانی هەست و هزری نەتەوایەتیشدا هێڵی پێشەوەی سەنگەری گرتووە. بەشێوەیەکی وا کە ((بەشێکی زۆر لە شاعیرانی کورد، لەهەموو کات و ساتەکاندا لەگەڵ ئازاری میللەتەکەیاندا ژیاون.))[3]. بونیادی کوردبوونی خۆیان لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەکردووە و خزمەتی لایەنی زمان و هەست و... هیتری نەتەوەگەرایەتی خۆیان کردووە. شیعریان کردۆتە شۆرشێك بۆ زامنکردنی نەتەوەگەرایی خۆیان و بە گوتارە شیعرییەکانیان ئەم تامەزرۆیی و ئاواتەیان نمایشکردووە.

سەرەداوی سەرەتای دەرکەوتن و تۆمارکردنی هەست و ئیدراکی نەتەوەگەرایی لای شاعیر و ئەدیبانی کورد، لە گوتاری شیعر و ئەدەبیاتەکانیاندا، دەتوانین بڵێین خاوەنی مێژوویەکی دێرینە، ئەم مێژووەش کە پێشتر لە باسی سەرهەڵدانی مێژووی نەتەوەگەرایەی لە لای کوردا ئاماژەمان بۆکرد، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لە ناو شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا، وەکو کۆنترین بەرهەمی نووسراو و بەردەستی کوردی چەندین لایەنی ژیانی تێدا بەرجەستەکراوە، بۆیە بۆ سەرەداوی مێژوویی نەتەوەگەرایی و بابەتی تر دەبێت بگەرێینەوە بۆ بەرهەمە شیعری و ئەدەبییەکانی کورد و لە وێوە سەرەداوە مێژووییەکان بدۆزینەوە.

هەرچۆنێك بێت دەرکەوتنی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە ناو شیعری شاعیرە دێرینەکانی کورد بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لە ناو شیعرەکانی دێرینترین شاعیری ناسراوی کورد (بابە تاهیری هەمەدانی).

### 1-3-1 بابا تاهیر و تروسکایی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە شیعری کوردیدا

(بابە تاهیری هەمەدانی935 -1010) شاعیری کوردی دیالێکتی (لوڕی) تروسکایی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە شعرەکانیدا بە شێوەیەکی کرچ و کاڵ رەنگی داوەتەوە، هەروەکو (بابە تاهیر)ی شاعیر لە شعرێکدا دەڵێت:

گوڵی خۆم بدەم کە پێچوو تاری
بە ئاوی چاوی خۆم بدەم ئاوی
لە رێگەی خوا کەینی رەوایە
یەکێکی تر بێ و بگرێ گوڵاوی[4]

لێردە شاعیر وشەی (گوڵ)ی وەکو رەمز بۆ (کوردستان) بەکارهێناوەو باس لە بردن و بەتاڵان بردنی خێرو بێری گوڵەکەی کە کوردستانە لە لایەن کەسێکی تر کە دوژمن و نەیاری کوردستانە و بەزۆر و زۆرداری دەستی بەسەر داگرتووە، لە کاتێدا ئەو رەنج و ئازارو ئەسرینی بۆ رشتووە، تاوەکو خاك و

---

[1] پڕوانە: د.مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم،، چاپی دووەم، هەولێر: ئاراس، 2010، لا58-69.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.448-449.
[3] ئاوارە کەمال صالح. ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا. نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، 2010، لا77.
[4] بابە تاهیری هەمەدانی. گەنجیە بەشێک لە چوارینەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، دڵزار کردویەتی بە کوردی. بەغدا: لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی ئازادی، 1960، ل.100.

وڵاتەکەی پیت و بەرەکەت و بەرهەمداربووە، کەچی ناحەز و زۆردارێك بە نارەوایی ماف و رەنجی ئەو بۆخۆی دەبات.

هەر لە بارەی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (بابە تاهیر)دا (اسماعیل حمدامین سلیمان) لە نامەی ماستەرەکەی خۆیدا دەڵێت: ((بۆیە بەشێک لە نوسەران بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی سەرهەڵدانی شیعر بە شێوەزاری لۆری بەسەرەتایی هزری نەتەوایەتی کوردیش دابنرێت، چونکە بابەتاهیر لە سەردەمێک ژیاوە، ئەگەر هەستی نەتەوایەتی نەجوڵابا، ئەوا شیعری بە زمانی باوی ئەو سەردەمە دەنووسی، کە ئەویش زمانی فارسی بووە، نەدەهات شیعرەکانی بە شێوەزارێکی زمانی کوردی بنوسێت.))1 دیارە ئەم بە کوردی نووسینەش هەڵقوڵاوی هەست و هزری نەتەوەگەرایی شاعیرە.

لە بارەی (بابە تاهیر) و زمانی کوردی وەك بنەمایەکی نەتەوەگەرایی شاعیر (عەتا قەرەداغی) دەڵێت: ((بێگومان ئەو گەرانەوەیە، گەرانەوەیە بۆ نووسین بە زمانی دایک کە لە ئاستیکی تردا دەشێ بە زمانی نەتەوە ناوی بهینین... بەڵام ئایا ئەو گەرانەوەیە هەر لەسەر ئاستی زمانە یان لە رووی گوتاری ئەدەبیشەوە رەگ و ریشەی خۆیی هەیە، بیگومان بابا تایەر لە شیعرەکانیدا زۆریک لە رەمز و هیما و دەلالەتە زەردەشتی و میدییەکان بەرجەستە دەکات کە ئەمەش لە رووی ئەستەوە ئەو لێکدانەوەیەی بۆ دەکرێت کە بابا تایەر گەراوەتەوە بۆ نیو زمانی کوردی هەم بۆ نیو رابردووی تیکشکاوی کورد، رابردووی سیاسی تیکشکاو لە لایەن ئەخمینی یەکانەوەو رابردووی تیکشکاوی ئاینیش لە لایەن ئایینی ئیسلامەوە.))[2]کەواتە: ئەم گەرانەوەی شاعیر بۆ زمان و مێژووی نەتەوە لە پاشخانێکی نەتەوەگەرایەتی بە چەمکە کۆنەکەی زیاتر دەبێ چی بێت؟! هەروەها هەر لە درێژەی وتەکانی لە بارەی (بابە تاهیر) و شاعیرانی گۆراندا دەڵێت: ((کەواتە لە بەرهەمی شاعیرانی زاری گۆرانیدا جۆرە گەرانەوەیەک بۆ نیو جەستەی کورد هەیە کە ئەوەش لە ئاستی نەگوتراودا وەکو رەگەزیکی پرۆژەی نەتەوەیی سەیر دەکریت چونکە نووسین بە زمانی نەتەوە و بە کیش و پیوانەی فۆلکلۆری نەتەوایەتی بۆ گەلیکی کەلتوور داگیرکراوی وەکو کورد هەنگاویکە بۆ رابوونەوە.))[3] بۆیە لە سەر ئەم بنەمایانە، لە ناو شیعری (بابا تاهیر) و شاعیرانی تر، دەتوانین بڵێین دەسپێکی سەرەتایەکی سادەی نەتەوەگەرایی بە چەمکە کۆنەکەی لە مێژووی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا تۆماردەکەن.

هەروەها دوای (بابها تاهیر) چەند شاعیرێکی دێرینی تری کوردیی هەیە، کە تروسکاییەکی سادەو ساکاری نەتەوەگەرایی بە چەمکە کۆنەکەی لە شیعرەکانیاندا دەبینرێت. بۆ نموونە: لە لای شاعیرێکی دێرینی کورد وەکو (مەلای جزیری 1567-1640) کە شیعری بە شێوەی شێوەزاری کرمانجی نووسیوە، ((دەستێکی باڵای هەیە لە شیعری دڵداری، لەپاڵ دڵداریە هەنگاوی ناوە بەرەو خۆشەویستی خوایی ولەبواری سۆفیگەریدا زۆر سەرکەوتوو بووە، (.....). لە نێوبەشێك لە شیعرەکانیدا هەست بە بیری نەتەوەیی دەکرێ، بەهێزترین وەسفکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دێڕە شعرەی کە دەڵێ:

گوڵی باغی (ارم)ێ بۆهتانم

شەب چراغێ شەبێ کوردستانم))[4]

لەم دێرە شیعرەدا بە ئاشکرا هەستی شانازی کردنی شاعیر بە بوون و رەسەنایەتی خۆیی دەکات و خۆی بە چرای رووناککەرەوەی کوردستان دادەنێ، ئەم هەستەشی گوزارشت لە هەستکردنی نەتەوەگەریی شاعیر دەکات. هەروەها جەزیری لە شیعرێکی تردا بە ناوی: ((... (ئەی شاهی موعەزەم) کە ستایشی میری بۆتانی ئەو سەردەم دەکات، ڕاستەوخۆ ناوی (کوردستان) دەبات بە هێنانی ئەم وشەیە خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە کە (مەلای جزیری) هەستی کردووە خاکەکەی ژێر دەستەیە و ئومێدی بەم میرە

[1] سلیمان، اسماعیل حمدامین. پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا، ل.61.

[2] عەتا قەرەداخی. گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی، ل.243-244.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.245.

[4] ارام محمد عبدالله محمد. بیری نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوە لە کورتە چیرۆکی کوردیدا بەنمونەی (کۆی کورتە چیرۆکەکانم)ی عەبدوڵا ئاگرین. نامەی ماستەر، هەولێر: زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی زمان، 2022، ل.31-32.

هەیە، ئەمەش دەچێتە قاڵبی سەرەتاکانی پەیدابوونی بیری نەتەوەیی،... .))[1] بەڵام ئەوی دەبێ ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە ئەم شاعیرەش لە گوزارشتێکی هەست و هزرێکی سادە و ساکار و کرچ و کاڵ و سەرەتایی نەتەوەگەرایی بە چەمکە کۆنەکەی، زیاتر لە شیعرەکانیدا بەدی ناکرێت و ناتوانرێت هەست و هزرێکی هەمەلایەنەی تەواوی نەتەوەگەرایی تێدا هەستپێبکرێت.

## 2-3-1. خانی و سەرەتای درەوشانەوەی هەست و هزری نەتەوەگەرایی بە چەمکە کۆنەکەی لە شیعری کوردیدا

جگە لە (بابا تاهیر) و شاعیرەکانی تری کورد، کە نموونەمان بۆ هێنایەوە، لە سەدەی حەڤدەهەمدا شاعیری ناوداری کورد (ئەحمەدی خانی) (1650- 1707) دێتە پێشەوەو بە هەست و هزرە نەتەوەگەرییەکانی ناو دوو توێی بەرهەمی (مەم و زینی)ەکەی دونیای گوتاری نەتەوەگەرایی درەوشاوەو رەنگاو رەنگی دەکات.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین هەڵوەستەیەکی زیاتر لەسەر (خانی) بکەین، چونکە لە بەرهەمەکانی شاعیردا بەرجەستەکردنی گوتاری نەتەوەگەرایی بۆ یەکەمین جارە کەوا بەم شێوە بەرچاو و دیارە لە شعرو ئەدەبیاتی کوردیدا ببینرێت. بۆیە جێگای خۆیەتی وەکو خاڵێکی مێژوویی سەراتی و درەوشاوە زیاتر باسی بکرێت.

هەڵبەتە لەگەڵ باسکردنی (خانی) و گوتاری نەتەوەگەرایی چەند پرسیارێکی جەوهەری دێنە پێشەوە، یەکەم پرسیار لە بارەی کات و سەردەمی شاعیری ناسراوی کلاسیکی کوردی ئەحمەدی خانییە، واتە ئەحمەدی خانی وەکو شاعیرێکی سەدەی حەڤدەم دەکرێت خاوەنی هزری نەتەوایەتی کوردی بێت و بە کەسێکی نەتەوەگەرایی کوردی مەزندە بکرێت؟ یان وەك دەڵێن باوکی نەتەوەگەرایی کوردی؟ پاشان شیعرو بەرهەمەکانی خانی چ شوێنێکیان لە گوتاری نەتەوەگەرایی کوردی بەرجەستەکردووە؟ چۆن بەشداریان لە هزری نەتەوایەتی و وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کورد بینیوە؟ بەراستی ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری تر لە باسی نەتەوەگەرایی لای (خانی) جێگای گفت و گۆ قسە لەسەر کردنن. هەرچۆنێك بێت هەوڵدەدەین لە چەند گۆشە نیگایەکەوە بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارە وروژاوانە بدەینەوە.

ئەگەر سەرەتا ئاورێك لە باری کۆمەڵایەتی سیاسی ئەو کات و سەردەمە بدەینەوە کە خانی تێدا ژیاوە، بۆ ئەوەی کارو کاردانەوەی نێوان شاعیرو شیعرو کۆمەڵگاکەیمان بۆ دەربکەوێت. واتە: بزانین پاڵنەری خانی بۆ نووسینی شیعری نەتەوەیی چییە و بۆ داوای دەوڵەت و ئەمیرێك بۆ کورد دەکات؟ ئایە خانی تەنیا بۆ بەدەست هێنانی ناوەرۆکی شیعرەکانی خۆی پەنای بۆ باسی نەتەوەی کورد بردووە، یان بە پێچەوانەوە شیعری کردۆتە ئامرازێك بۆ خزمەتی پەیامی نەتەوایەتی خۆی؟

ئەگەر سەیری مێژووی سەردەمی خانی بکەین دەبینین کەوا کورد دابەشی سەر دوو ئیمپراتۆری گەورە ببوو. کەمێکی لە ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی لە ئێران و هەروەها ئەوانی تریشی هەموو لە ژێر هەژموونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابوون. کورد لە ژێر رکێفی دەستەڵاتی ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە میرنشین و دەستەڵاتی جیا جیاو سەربەخۆیان دروستکردبوو. بەردەوام هەردوو ئیمپراتۆری سەفەوی و عوسمانیش لە شەرو ململانێ و یەکتر قرکردن دابوون. هۆکاری شەرەکەشیان بەناوی جیاوازی ئاینی دەکرد بەوەی کە ئیمپراتۆریەتی سەفەوی شیعە و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش سونین. بەڵام هۆکاری راستەقینەی شەرو ناکۆکیان بۆ تەماعکاری و پاوانکاری و زیادکردنی دەسەتەڵات و هەژموونیان دەگەرێتەوە. بەم هۆیەوەش نەتەوەی ژێر دەستەڵاتیان زەرەمەند دەبوون، لەم نێوانەشدا کورد پشکی شێری ئەم زەرەوماڵوێرانییەی بەبەردەکەوت، چونکە ناوچەی ستراتیجی و فراوانیان لەم دوو ئیمپراتۆرییەتە هەبوو، هەروەها کورد ئازاو بەزەبر بوون لەکاتی شەرو پێکدادانداِ. لە ئەنجامی ئەم دابەشبوونەی کورد بەسەر ئەم دوو ئیمپراتۆریەتەداو بەکارهێنانیان بۆ پارستنی

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.32.

بەرژەوەندی و مەرامەکانی خۆیان، عەشیرەت و قەبیلە و میرنشینە کوردەکانیان بۆ خۆیان راکێش دەکرد، ئەوانیش بۆ سەلماندنی دڵسۆزی و لایەنگری خۆیان لەم دەستەڵاتانە بە هەموو شێوەیەك ئامادەباشی خۆیان دەردەبری و لە ژێر فەرمانی ئەوان شەرو کوشتاریان دەکردو تەنانەت روو بەرووری هۆزو میرنشینە کوردییەکانی ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بەرامبەریان دەبوونەوەو شەری براکوژی خوێناوی لە نێوانیاندا پەیدا دەبوو. بۆیە بەردەوام شەرو ناکۆکی لە نێوان میرنشین و دەستەڵاتە کوردییەکان لەگەڵ یەکداو هەروەها لە ناوخۆشیاندا هەبوو. هۆکاری سەرەکی ئەم شەرو ئاژاوانەش هەریەکە لەم دوو دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتانە بوون کە بەردەوام فویان لە ئاگری کێشەو ململانێی نێوان کوردەکان دەکرد و بەهەموو شێوەیەك نەیاندەهێشت یەکێتی و یەکرێزی بکەوێتە نێوان دەستەڵاتدارە کوردەکان. مەبەش هەم رێگەیان لە یەکبوونی کوردەکان دەگرت و هەمیش بۆ مەرامی پاوانکاری و پارێزگاری دەستەڵاتی دەوڵەتی خۆیان بەکاریان دەهێنا. ئیتر باروو زروفی سیاسی کورد هەم لە پێش خانی و هەم لەسەردەمی ئەو و هەمیش دوایی ئەو بەم شێوەیە بوو.[1]

ئەگەر سەیر بکەین دەبینین گرنگترین رووداو پێش خانی دروستکردنی میرنیشینە کوردییەکانە، کە دوای شەری چاڵدێران لە (1514) کە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی روویداو بە سەرکەوتنی عوسمانییەکان کۆتایی هات. دروستبوونی ئەم میرنشینە کوردییانەش لە رێی هاوکاری زانای ئاینی (ئیدریسی بەدلیسی) بوو کە لەسەر داواکاری سولتان سەلیمی عوسمانی بەدلیسی هەستا بە چوونی بۆ ناوچە جیا جیاکانی کوردستان و بە پێی بارو دۆخی ئەم سەردەمە میرنشینی کوردی نیمچە سەربەخۆی دروستکرد. هەروەها بەردەوام لە نێوان ئەم میرنشینانەدا شەرو ئاژاوە لە ئارادابوو. ئیتر لە سەردەمی خانیش ئەم میرنشینە کوردیانە هەر بەردەوامبوون و شەرو ململانێی نێوانیشیان هەر لە بەردەوامی دابوو.

رووداوێکی گرنگی تریش کە لەسەردەمی پێش خانی روویدا ئەویش رووداوی (قەلای دمدم) بوو. رووداوی قەلای دمدمیش ئەو رووداوەبوو کە لە ساڵی (1608)م روویدا. کە ئەم بەروارەش دەکەوێتە چل ساڵەك پێش لە دایکبوونی خانی. شا عەباسی سەفەوی کاتێك هێرشی کردە سەر قەڵای دمدم، ئەو قەڵایەی کە دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای ئێران، بۆ ئەوەی دەستی بەسەردابگرێت. بەڵام ئەم قەڵایە لە لایەن ئەمیری کورد (خانی لەپ زێرین) و شەرکەرە کوردەکان پارێزگاری لێکراو تا کۆتاییان رووبەرووی لەشکری سەفەوی بوونەوەو خۆیان بەدەستەوە نەدا. ئەم رووداوە یەکێکە لە رووداوە تراجیدییەکانی مێژووی کورد کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەست و هۆشی خانی بەرجەستەکرد.[2]

یەکێکی تر لەو رووداوانەی کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بزاوتنی هزری نەتەوایەتی خانی دروستکرد هێرشکردنە سەر شاری بەدلیس بوو لە ساڵی (1655)دا کە لەم بەرواردا خانی لە ساڵی چوارەمی تەمەنیدا بوو. شاری بەدلیس لەو کاتدا کە لە لایەن ئەمیری کورد (عبدال خان) بەرێوە دەبردراو وەکو ئیمارەتێکی تا بڵێی پێشکەوتووی ئەو سەردەم، خاوەنی سوپاو سیاسەت و ئابوری و رۆشەنبیری خۆی بوو هاوشێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، کە هەموو ئەمانەش ترسی لە دڵی دوژمنەکانی دروستکرد و لەلایەن وەزیری عوسمانی پێشوو، والی (وان) کە ناوی (مەلیك ئەحمەد پاشا) بوو حەفتا هەزار شەرکەری کۆکردەوە، کە زۆربەی زۆری شەرکەرەکان کورد بوون و لە هێزی (هەکاری) و هێزی (بایزید) و هێزی ناوچە کوردییەکان بوون، لە مانگی رەمەزانی پیرۆز هێرشیان کردە سەر شاری بدلیس و بە سەدان کەسیان لێ کوشتن و وە بە هەزارانیشیان لێ بەدیلگرتن. هەرچۆنێك بێت (عبدال خان) بەناچاری لە شار هەڵات و خۆی گەیاندە یەکێك لە عەشیرەتە کوردییەکان و خۆی رزگارکرد، بەڵام ماڵ و سامانی لە لایەن هێرشکەرەکانەوەی تاڵانکرا. ئەم رووداوەش بە روونی لەم چەند دێرە شیعرانەی خانی بەرجەستەکراوە:[3]

---

[1] پروانە: فەهمی شوکری عەبدوڵلا. نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی (1650-1707)دا. ل.92-97.

[2] بۆ زیاتر زانیاری پروانە: فەهمی شوکری عەبدوڵلا. نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی (1650-1707)دا، ل.92-97.

[3] رشيد فندي. الفكر القومي الكوردي بين خاني و حاجي قادر الكويي. ؟: ؟، 2008، ص 29-38.

هندی ژ شەجاعەتێ غەیوورن
ئەو چەند ژ میننەتێ نەفوورن
ئەڤ غیرەت و ئەڤ علووێ هیممەت
بو مانعێ حەملێ بـارێ میننەت
لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن
دائیم ب تەمەڕود و شیقاقن
گەر دێ هەبووا مە ئیتیحادەك
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەك[1]

بەم شێوەیە دەبینین خانی کوڕی سەردەم و ژینگەکەی خۆیەتی و لەناو شعرەکانیدا بە ئاشکرا کاریگەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشەنبیری سەردەمەکەی رەنگی داوەتەوە، کە هەر لەو پەروەردەو خوێندن و باوەڕەو رۆشەنبیرییە ئاینییەوە بگرە کە زەمینەو داڕێژەری هەست و هۆش و وێناکردنەکانی خانی بوون تا ئەو رووداو کارەسات و پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە چارەنووسی سەردەم و کۆمەڵگای خانییان بنیات نابوو.

ئەحمەدی خانی لەبەر ئەوەی کە دەتوانین بڵێین تا ئێستا بەیەکەم شاعیری کلاسیکی کورد دادەنرێت کە پانتاییەکی بەرچاو لە ناوەرۆکی شیعرەکانی بەتایبەت لە بەرهەمی (مەم و زین)ەکەیدا بۆ کوردایەتی تەرخانبکات و وەکو کوردێك باس لە هەست و ناخ و هەڵویستی خۆی بەرامبەر بە باری سیاسی و نەتەوایەتی سەردەمی خۆی بکات. لەبەرئەوە لە ئەدەبی کوردیدا خانی شوێنێکی تایبەتی هەیەو دەمێکە بووەتە سەرنجی نووسەرو لێکۆڵەرانی دەرەکی و ناوخۆیی، چونکە هەروەك د. عەبدوڵڵا یاسین عەلی ئامێدی لە بارەی خانییەوە دەڵێت: (( بەناوبانگی خانی لەگەڵ شاکاری (مەم) و (زین) دا سنووری دووری وولاتی بڕیوەوە بە جیهاندا بڵاوبۆتەوە.))[2]. هەربۆیە دەبینین نووسەرو لێکۆڵەران چ ئەوانەی باسی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بە شێوەیەکی گشتی دەکەن، چ ئەوانەشی کە بە شێوەیەکی گشتی باسی هزری نەتەوایەتی لە ئەدەبی کوردیدا دەکەن، دەبێ باس لە خانی بکەن و گفتوگۆ و هەڵوەستە لەسەر شیعرەکانی بکەن و کەم و زۆر باس لە ناوەڕۆکی کوردایەتی خانی بکەن. ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە چاوێك بەو لێکۆڵینەوانەدا بخشێنین کە باس لە هزری نەتەوایەتی لای خانی دەکەن دەبینین بە شێوەیەکی گشتی دەبنە سێ کۆمەڵە:

- کۆمەڵەی یەکەمیان، کە زۆربەی نووسەرو لێکۆڵەرەکان دەگرێتەوە، ئەحمەدی خانی بە رێچکە شکێنەری هزری نەتەوایەتی دادەنێن و وەکو سەرەتای مێژووی نەتەوەگەرایی کوردی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.
- کۆمەڵەی دووەم، مەبەستمان لەم نووسەر لێکۆڵەرەوانەن کە بەلاسی و پشت بەستن بە بیروراکانی پێشوو باس لە خانی دەکەن و بیروراکانی ئەوان دووبارە دەکەنەوە.
- کۆمەڵەی سێیەمیشیان، کە تاك تاکەی نووسەرو لێکۆڵەر دەگرێتەوە، کە ئەوانیش پێچەوانە، یان جیاواز لە کۆمەڵەی یەکەم پێیان وایە ناتوانرێت خانی بە نەتەوەگەر دابنرێت و گوتارەکەشی بە گوتاری نەتەوەگەرایی کوردی.

هەرچۆنێك بێت ئێمە لێرەدا نامانەوێت تەنیا نمایشی نووسەرو لێکۆڵەرانی هەریەکە لەم سێ کۆمەڵە بکەین و هەڵوەستە لەسەر لێکۆڵینەوەو بیروڕای یەکە بەیەکەیان بکەین. بەڵکو ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە دەمانەوێت گفتوگۆیەکی زۆر کورت لەسەر بیروڕا جیاوازەکان لەمەڕ هەست و هزری نەتەوەگەرایی (خانی) بوروژێنین.

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا زۆرێك لە لێکۆڵەر و نووسەران ئەحمەدی خانی بە رێچکەشکێن و باوکی هزری نەتەوایەتی کوردی دادەنێن و پێیان وایە خانی وەکو یەکەم نەتەوەگەرایی کورد لە ناو

[1] هەموو دێرە شیعرییەکانی خانی لەم سەرچاوە وەرگیراوە: ئەحمەدی خانی. مەم و زین. ئامادەکردن و پەراوێز نووسینی: هەژار. هەولێر: ئاراس، 2008، ل.44-45.
[2] د. عەبدوڵڵا یاسین عەلی ئامێدی. هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا (1939-1970). هەولێر: وەزارەتی پەروەردە، 2005، لا161.

شیعرەكانی زۆر بە روونی لە دەربڕینی هەستی نەتەوایەتییەوە تا باسی هەبوونی دەستەڵات و كیانی كوردی دەكات.[1] كە ئەم بووچوونانەش لە لایەن نووسەر و لێكۆڵەرەوانێكی وەكو (عەتا قەرەداغی) بەرپەچ دراوەتەوە و ئەو پێی وایە ناتوانین خانی بە نەتەوەگەر و خاوەن گوتاری نەتەوەگەرایی كوردی دابنێین، بۆ ئەو مەبەستە لەسەر چەند بنەما و لۆجیك و بەڵگەیەك بۆچوونی خۆی دادەمەزرێنێت، بۆ نموونە:

- پێی وایە لەبەر ئەوەی ئەحمەدی خانی پاشخانێكی ئیسلامی هەبووە و لەو چوار چێوەیە پەنگی خواردووە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە نەوەك هەر گوتاری ئەحمەدی خانی نابێتە گوتارێكی نەتەوایەتی كوردی، بەڵكو تواندنەوەی ناسنامەی كوردە لە ناو مێژووی ئیسلامدا. ئەم بۆچونەشی بەم شێوەیە دەخاتەڕوو: (( بێگومان ئەوە ئاشكرایە كە خانی شاعیریكی تا سەر ئیسقان پەیوەستبووە لە كەلتووری ئیسلامەوە و نەیویستووە لە دەرەوەی ئەو كەلتوورە و لە سنووریكی جیاواز لەودا كاربكات، بەشی زۆری ئەو مەسەلە فیكرییانەی كە لە شیعرەكانیدا خستوونیتیە روو، ئەو مەسەلانەن كە پەیوەندییان بە مەسەلە فیكرییەكانی ناو فیكری ئیسلامیەوە هەیە و ئەگەر لە پەراویزیشدا چەند رستەیەك باسی كورد و كرمانج بكات ئەوە نابێتە بنیادنانی گوتاری نەتەوەیی، بەڵكو بە پیچەوانەوە كاركردنی خانی بەو جۆرە هەولدانیكە بۆ جیگاكردنەوەی كورد لە سنووری گوتاری ئیسلامیدا كە ئەوەش پرۆژەیەكە پیم وایە ئامانجی تواندنەوەی كورد و كەلتووری كوردی و ناسنامەی كورد بوون لە ناو كەلتوور و ناسنامە و میژو و كەسیتی ئیسلامیدا لە پشتیەوە راوەستاوە.))[2]. ئیتر پێی وایە پەیوەندی بە نەتەوەگەراییەوە نییە. ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم وتانە بكەین دەبینین موسڵمانبوونی خانی دەبێتە سەنگی مەحەكی بڕیار لەسەردانی لە كاتێكدا ئەگەر بۆ سەردەمی خانی بگەڕێینەوە دەبینین دوو دەوڵەتی زلهێزی وەك تورکە عوسمانییەكان و فارسە سەفەوییەكان هەردووكیان خاوەنی ناسنامەیەكی ئیسلامی بوون و عوسمانیەكان لەسەر مەزهەبی سونی و سەفەوییەكانیش لەسەر مەزهەبی شیعی، هەر لەسەر ئەو دوو ناسنامە مەزهەبییە ئیسلامییە دەوڵەتی خۆیان دامەزراند و هەر بە پشتبەستن بە جیاوازی مەزهەبیەوەش هەم پاراستن و هەمیش پاوانكاری و فراوانخوازی دەستەڵاتی خۆیان بەرجەستەدەكرد. كەواتە ئایا كوردیش نایتوانی وەكو توركە عوسمانییەكان و فارسە سەفەوییەكان دەوڵەتێكی خۆی هەر لە چوارچێوە و كلتوری مەزهەبێكی ئیسلامی دابمەزرێنێت؟ ئایە دروستكردنی قەوارەی كوردی، بۆ نموونە ئەمارەتی كوردی بۆتانی یان هەكاری...هیتر، با لەسەر كلتوری مەزهەبی ئیسلامیش بایە، نەدەبووە هۆی یەكگرتنی میرنشینە كوردەكان و زاڵبوون بەسەر تورك و فارس و عەرەب كە لە دواییدا هاوشێوەی تورك و فارس نەدەبووە بنەمایەك بۆ دروستكردنی كیانێكی نەتەوایەتی كوردی؟ پاشان خۆ هیچ نەتەوەیەك نییە تەواو بێ ئاین بێ، ئەگەر دەوڵەتانێكیش هەبن ئاینیان لە دەوڵەت جیاكردبێتەوە، بەڵام خۆ نەتەوەكەیان هەر ئاینێك یان چەندین ئاین و ئایدەلۆژیان لە خۆگرتووە؟ لەبەر ئەوە پێم وانییە بابەتی هەڵگری هزری ئیسلامی بوونی خانی لە هزری نەتەوەگەراییەتییەكەی كەم بكاتەوە، یان بڵێین توانەوەی كلتوری كوردی بێت. ئەگەر وابایە دەبایە ئێستا كلتورو و ناسنامەی نەتەوەیی فارس و تورك لە ناو كلتور و ناسنامەی ئیسلام بتوابایەوە. بۆیە ئەگەر نەشتوانین بڵێین خانی نەتەوەگەر بووە بە ماناو چەمكی ئێستا، بەڵام دەتوانین بڵێین بە پێی چەمك و مەفهومی سەردەمی خۆی خانی خاوەنی هەست و هزری نەتەوەگەرایی كوردی بووە.
- لەبەر ئەوەی ئەحمەدی خانی (1650-1707) لە سەردەمێك ژیاوە كە بریتییە لە سەدەی حەڤدەم و هەژدەیەم، واتە لە سەردەمانێك كە نەتەوەگەرایی نەك لە كوردستان و رۆژهەڵات، بەڵكو لە ئەورووپاش تەواو دەرنەكەوتبوو. بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر پشت بە تیۆرەكانی نەتەوەگەرایی سەر بە قوتابخانەی

[1] بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ سەرچاوەكانی وەكو:
- - د.مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی كوردی. بەرگی دووەم.
- رشيد فندي. الفكر القومي الكوردي بين خاني و حاجي قادر الكويي، ل155-201.
- د. عەبدوڵڵا یاسین عەلی ئامێدی. هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێكی كرمانجی سەروودا (1939-1970).

[2] عەتا قەرەداخی. گەڕان بە دوای بووندا، ل246-247.

تیۆری مۆدێرنیست ببەستین. کە پێشتر باسمان کرد کە بە پێی ئەم قوتابخانە تیۆرییە، نەتەوەگەرایی لە گەڵ دەرکەوتنی مۆدێرنێتە و تەکنەلۆژیاو سەرمایەداری چەکەرەدەکات و سەدەی نۆزدەم سەدەی دەرکەوتنی نەتەوەگەراییەو پێش ئەم سەدەیە هیچ نەتەوەیەك بوونی نەبووە، ئەو کاتە بێگوومان دەبێ نەتەوایەتی خانی قبوڵ نەکرێت و هەروەها نەوەك تەنیا هەرگیز وا گومان نەبەین کە خانی بیری لە هزری نەتەوایەتی کردبێتەوە، بەڵکو دەبێ بڵێین نەك هەر کورد بگرە هیچ نەتەوەیەکی تریش لەم سەردەمە لە ئارادانەبووە. بۆیە باسکردن لە هزری نەتەوایەتی لای خانی جێگەی گاڵتەجارییە. کەواتە عەتا قەرەداغی هەبوونی هەستی نەتەوایەتی و نەتەوەچیاتی لە سەردەمی خانی بە ناشیاو دادەنێت و هۆکاری ئەم ناشیاوییەش بەم شێوەیە دەخاتەڕوو: (( چونکە لە رووی زانستی نەتەوەگەراییەوە نە لە قۆناغی ئەحمەدی خانی و نە لە قۆناغی نالیدا هەست و هۆشیاری نەتەوەیی یان بە زاراوەیەکی تر نەتەوەگەرایی نەك لە کوردستانی دواکەوتووی خێڵایەتی قۆناغی شوانکاری و گەرمیان و کویستان و ژیانی کشتوکالیدا سەری هەڵنەداوە بەڵکو لە وڵاتانی دەوروبەری کوردستانیشدا ناسیۆنالیزم دەرنەکەوتووە، ئیتر بە چ پیوانەیەك و بە چ لیکدانەوەیەك دەشێ شاعیرانی وەکو خانی و نالی کە جیاوازی مێژووش لە نیوانیاندا هەیە بە رابەری فیکری نەتەوەیی کوردی دابنرین؟ ناسیۆنالیزم بەرهەمی مۆدیرنیتەیە واتە بەرهەمی شۆرشی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا.....))[1]. ئەگەر هاوشێوەی ئەو، واتە بە چاویلکەی تیۆری مۆدێرنیست سەیری خانی بکەین ئەوە بێگومان هزری نەتەوایەتی لای خانی هیچ مانایەکی نامێنێت. بەڵام باسەکە بەوەندە کۆتایی نایەت، چونکە خۆ تەنیا ئەم تیۆرەی نەتەوەگەرایی لە ئارادا نییە؟ ئەی ئەگەر بە چاویلکەی تیۆری پێشینەگەر لە هزری نەتەوایەتی خانی بڕوانیین؟ هەروەك لە بەشی یەکەم خستمانەڕوو کە بە پێی تیۆری پێشینەگەرەکان مێژووی نەتەوەگەرایی لە سەردەمێکی زۆر کۆنتر لە مێژووی مۆدێرنێتە سەر دەردەکات، تەنانەت گروپێك لە پێشینەگەرەکان مێژووی نەتەوەگەرایی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی درێژی دەکاتەوە. یان کەسێکی وەك (ئیرنست بارکەر) دەیگەڕێنێتەوە بۆ پێش مێژووی نووسراو. یان مێژوونووسی ئەوروپی وا هەیە مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەگەرایی ئەوروپی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی دوازدەی زاینی.[2] هەروەها قوتابخانەی تیۆری مۆدیرنیست وەکو قوتابخانەیەکی نەتەوەگەرایی لە لایەن کەسێکی وەك (ئەنتۆنی سیمیس) یان کەسانی تر رووبەرووی چەندین رەخنەو کێشە بوویەوە، چونکە لە لێکدانەوەی مێژووی دروستبوونی نەتەوەو وڵاتەکانی جیهان رووبەرووی کورتهێنان بوویەوە و نەیتوانی وەڵامی هەموو پرسیارە جەوهەرییەکان بداتەوە. هەرچۆنێك بێت لێرەدا بە پێویستی نازانین بچینە ناو ئەوووردەکارییانەوە. کەواتە ناکرێت تەنیا بە پشتبەستن بە تیۆرێکی دیاریکراوی بیانی بڕیار لەسەر خانی بدرێت.

ئەم دوو خاڵەی خستمانەڕوو؛ گرنگترین خاڵبوون کە بۆ رەفزکردنەوەی هزری نەتەوایەتی لای خانی پشتی پێدەبەسترێت. هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا کە کەسێکی وەکو عەتا قەرەداغی نکۆڵی لە بوونی هەستی نەتەوایەتی لای خانی دەکات، بەڵام دیسان لە بەرامبەر ئەم بابەتە نەتەوەگەراییانەی خانی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی بەرجەستەی دەکات ناتوانێت تەواو فەرامۆشی بکات، هەروەها بۆ ئەوەیش لەگەڵا ئەو قوتابخانە تیۆرییەی پشتی پێبەستووە تێکنەگیرێت دەڵێت: ((دەشێ هەندێ جار تاکەکەس پیش قۆناغی مێژوویی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بکەویت بەڵام ئەوەش لەبەر ئەوەی زەمینەی مادی نییە ناتوانیت بنەمای گوتاریکی ئاشکرا نەخشە بکیشیت، بەلکو لە سنووری ئاماژەی لاواز تیپەر ناکات کە ئەوە خانی و نالی لەو حالەتە زیاتر نییە، حالەتی هەستیکی سادەی دیسپلین نەکراو.))[3] لێرەدا دەبینین ئەم تەعبیرکردنە لە خانی وەکو پۆزش هێنانەوەیەك، یان وەکو دانپێدانێکی ناچارانە لەبەرامبەر هەست و هزری نەتەوایەتی خانی دەخرێتەڕوو. یان کە لە شوێنێکی تردا لە باسی هزری نەتەوایەتی لە سەردەمی میرنشینەکاندا دەڵێت: ((... دەشێ لە قۆناغی میرنشینەکاندا تاکە کەسی واش هەبووبێت کە هوشیاری نەتەوایەتی هەبووبێت، بۆ نموونە دەشێ ئەحمەدی خانی لەو تاکە کەسانە دابنرێ، بەڵام مادەم نەتەوە خۆی وەکو دامەزراوێکی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، لا248.

[2] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. جەعفەر عەلی. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، لا33-36.

[3] عەتا قەرەداخی. گەڕان بە دوای بووندا، لا248-249.

کۆمەڵایەتی –سیاسی پێکنەهاتووە ئەوا هوشیاری تاکە کەس کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت.))[1]. کەواتە هەرچۆنێك بێت ئەو بیرورایەی کە دان بە هزری نەتەوایەتی لە ناو شعرەکانی خانی نانێت، بەڵام بە شێوەیەك لە شێوەکان دان بە هۆشیاری نەتەوایەتی تاکەکەسی خانی دەنێت و خانی دەهێنێتەوە ڕێزی نەتەوەخوازەکان. بە ڕاشکاوتر ئەگەر خانی لە سەردەمێکیش بووبێ کە دەرنەکەوتنی نەتەوە و نەتەوایەتی بە پێی پێناسەی ئەمرۆ لە ئارادا نەبووبێت، بەڵام بەپێی پێناسەی نەتەوایەتی سەردەمی خۆی خانی وەکو شاعیرێکی کلاسیکی کوردی خاوەنی هەست و هۆشیاری نەتەوایەتی بووە و ویستوویەتی هزری نەتەوایەتی بەرجەستەکراوی ناو ناوەڕۆکی شیعرەکانی بکاتە زەنگی هۆشیارکردنەوەی نەتەوەکەی و هاوشێوەی نەتەوەکانی تر بێتە پێشەوە و ببێتە خاوەنی دەستەڵات و دەوڵەتی خۆیان. بۆ ئەم مەبەستەش گێرانەوەی چیرۆکێکی خۆشەویستی میللی بە شیعر بەناوی (مەم و زین) دەکاتە ئامرازو بیانوویەك تاوەکو خەم و مەبەستە نەتەوایەتییەکەی خۆی پێ بەرجەستە بکات، هەروەك خۆشی بە دێرە شیعرێك باس لەم ڕاستییە دەکات و دەڵێت:

شەرحا غەمێ دل بکم فەسانە
زینێ و مەمێ بکم بـەهــانە[2]

هەر ئەو مەبەستە پیرۆزەی (خانی) کە لە (مەم و زین)دا دەیوست بەرجەستەی بکات، بەتایبەت خەونی قەوارەیەکی کوردی، وایکرد ئەم بەرهەمەی خانی ببێتە بەرهەمێکی ناسراو و نەمر، هەر لە بارەی گرینگی و بەناوبانگبوون (مەم و زین)ەکەی (خانی)یەوە (مارتین ڤان بروینسێن) دەڵێت: ((بەڵام بەناوبانگبوونی ئەم بەرهەمە لەنێوان کوردەکانی سەدەی بیست بەهۆی لایەنێکی دیکەی ئەم بەرهەمەیە کە بە ئاشکرا باسی لێکراوە، ئەوەیش ئەوەیە کە "مەم و زین" نەک تەنها شانازی کردن بە شوناسی ئەتنیکی کورد بەشێوەیەکی بەهێز دەردەبڕێت، بەڵکو ئارەزووی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردیش دەکات.))[3] بەراستی ئەم ئارەزوەی خانی بۆ یەکمینجار لە شیعری کوردیدا بەرجەستە دەبێت.

هەرچۆنێك بێت دەتوانین بڵێین (ئەحمەدی خانی) وەك باوك و پێشەنگی بیر و هزری نەتەوەگەرایی کوردی لە بەرهەمە شعرییەکەی (مەم و زین)دا، کە وەکو سمبوڵ و کتێبی پیرۆزی نەتەوەگەرایی کوردی ڕۆڵی خۆی بەرجەستەکردووە، لە چەند لایەنێکەوە فووی لە خەوشی سەر پرسی کورد کردووە و ویستوویەتی بەم کارەی تاڵی هەست و هۆشیاری نەتەوایەتی کوردانی ئەو سەردەم بزرینگێنێت.[4] هەستدارانە کێشەی نەتەوەی کورد دەخاتەڕوو هەموو ئازار و نەهامەتییەکان بۆ نەبوونی دەوڵەت و تەخت و پاشا و ئاڵایەکی سەربەخۆ دەگەڕێنێتەوە و جگە لەوە دێتە سەر پیاهەڵدان بە شان و باڵی تاکی کوردی و پێشەواکانی، دوایی ڕاستەوخۆ پەنجە دەخاتە سەر گرێ کۆرەی بێ کیانی و بێ قەوارەیی کوردان و پێیان دەڵێت ئەگەر ئێمە یەکگرتن و ڕێکەوتنمان هەبایە ئێستا دەبووینە خاوەنی دەوڵەت و کیانی خۆمان و لە جیاتی ئێمە خزمەتی نەتەوەکانی تر بکەین ئەوان دەبوونە خزمەتکاری ئێمە. بەراستی دەتوانین بڵێین ئەو دەردەی خانی لەو سەردەم دەستنیشانی کردووە تا ئێستا وەکو نەخۆشییەکی درێژخایەن بووەتە کابووسێکی گەورەی نەهامەتییەکانی خەونی دەوڵەت و کیانی کوردی.[5]

لە ناو شیعرەکانیدا (خانی)دا چەند لایەنێکی هەستەوەری نەتەوەگەرایی و دەوڵەتخوازی دەوروژێنێت، لە ناسنامەی نەتەوەییەوە و یەکێتی ڕەگەزو شوناسی و ناسنامەی زمان و کلتوری نەتەوەییەوە هەتاکو هۆشیارکردنەوەی نەتەوە و بەرجەستەکردنی هێز و ئاواتی پاشایەکی کوردی و زامنکردنی دەوڵەتێکی کوردی... هیتر. کە خستنەڕووی هەموو ئەم باس و خواسانەی نەتەوەگەرایی، دەمانخاتە سەر ئەو بڕیارەی کە بڵێین شیعرەکانی (خانی)دا هەست و هزری نەتەوەگەرایی بە چەمکە کۆنەکەی بە ئاشکرا تێدا بەرجەستەبووە و بووە سەرەتای سەرهەڵدانی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە

---

[1] عەتا قەرەداخی. گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، لا67.
[2] ئەحمەدی خانی. مەم و زین، ل.52.
[3] مارتین ڤان بروینسێن،... هیتر. ناسیۆنالیزمی کورد و ڕوانگەی ڕۆژئاوا. ل.19-20.
[4] بڕوانە: سەرچاوەی پیشوو ل.19-45.
[5] سەرحەد حسێن مستەفا. بیری نەتەوەیی و بەرنگاریی لە شیعرەکانی (کامەران موکری)دا، لا47-60.

شیعری کوردیدا. هەرچۆنێك بێت لەبەر کەمی دەرفەت تەنیا سێ چوار نموونە بۆ خستنەڕووی ئەم هەست و هزرە نەتەوەگەراییە لە شیعرەکانی (خانی)دا دەخەینەڕوو:

بۆ نموونە: (خانی) لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا هەموو کوردەکان لەیەك رەگەز کۆدەکاتەوە و بەرامبەر تورك و عەرەب و فارسیان دادەنێت. واتە کوردەکانی سەر بە هەموو میرنشین و خێڵ و عەشیرەتێك بەیەك ناوی کۆکراوەی گشتی دەبات و هەموو نازناوەکانی وەکو: بایەزیدی، بەدلیسی، هەکاری، یان... هیتر بەلاوەدەنێت و تەنیا بەیەك رەگەز ناویان دەبات و جیاوازیان لە نێواندا ناهێڵێت و بەمەش دەیەوێت پێیان بڵێت کە ئێوەی کورد هەموو یەك رەگەزن و دەبێ وەك یەك دەستەو تاقم بەرامبەر رەگەزەکانی تر ببنەوە. بەمەش ناسنامەیەکی گشتی بۆ کوردەکان دووپات دەکاتەوە و کوردەکان لەیەك ناسنامەی سروشتی، کە کورد بوونە کۆدەکاتەوە. (خانی) لە شیعرەکانیدا لە چەند شوێنێك ناوی کورد دەبات و هیچ کات نازناو و جیاکاریی بۆ ناخاتەڕوو، بەڵکو بە (کورمانج، اکراد) وەکو زاراوەیەکی گشتی بۆ هەموو کورد ناویان دەبات. بۆ نموونە کە دەڵێت:

ئەز مامە د حیکمەتا خودێدا
کــورمـــانج د دەولەتا دنێدا
ئایە ب چ وەجهێ مانە مەحرووم
بیلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم[1]

لێرەدا خانی زاراوەی (کورمانج) بۆ هەموو کورد بەبێ جیاوازی بەکار دەهێنێت و بەمەش هەموویان لە یەك رەگەز کۆ دەکاتەوە و بەرامبەر بە رەگەزەکانی تری دەوڵەتی دونیا بەرامبەریان دەکاتەوە.

هەروەها (خانی) دەڵێت:

دا خەلق نەبێژتن کو ئـەکـــراد
بێ مەعریفەتن بێ ئەسل و بونیاد
ئەنواعێ میللەل خودان کتێبن
کـورمــانج تەنێ دبێ حسێبن[2]

هەروەها لە دێری تردا (خانی) زاراوەیەکی گشتی وەك (ئەکراد) و (کورمانج) بەکار دەهێنێت و هەموو میللەتانی جیهان لە لایەك دادەنێ و کوردیش لە لایەکی تر ئەمەش جیاکارییەکی ئاشکرای رەگەزی کوردە لە میللەتەکانی تر و شوناسنامەیەکی سروشتی دروستکردنە بۆ کورد بەرامبەر بە هەموو میللەتەکانی تر، بەوەی کە دەڵێت با نەڵێن هەموو جۆرە میللەتێك، واتە: هەموو رەگەزێکی نەتەوەیی جیهان، خاوەن کتێبن بەتەنیا کورد بەبێ کتێبن.

(خانی) لە چەند دێری تردا دێت باسی ئازایەتی کورد دەکات و بەشان و باڵی شەرکەر و سەرۆکە کوردەکان دا هەڵدەڵێت و دەیەوێت بە بیریان بهێنێتەوە کە ئێوە کەسانی لێهاتوو بەجەرگن، بەمەش دەیەوێت هەم پێیان بڵێت شورەییە بۆ کەسانێکی وەکو ئێوە ئازا؛ ژێردەست و زەلیلی رۆم و عەجەم بن و هەمیش دەیەوێت ئەم خاڵە کلتوریە بەهێزەیان بخاتەوە پێش چاو و پێیان بڵێت ئێوە دەتوانن ببنە خاوەنی هێزو دەستەڵات و شایەنی ئەوەن تورك و فارس خزمەتکاری ئێوە بن، نەوەك بە پێچەوانەوە. لەبارەی کلتوری ئازایەتی کوردان (شەرەفخانی بەدلیسی) دەڵێت: (( زۆربەری کوردەکان ئازاد و ئازا و بوێر و جوامێر و مێرخاس و گەرناس و بەکار و بەفیز ودەمارن)). ئەو وتەیەی شەرەفخانیش دڵنیاکەرەوەیەکی بەهێزە لە هەبوونی کلتوری بەجەرگی کوردەکان. خانی لەم چەند دێرەی خوارەوەدا زۆر بە ئاشکرا باسی کلتوری جوامێری و ئازایی و چاونەترسی کوردان دەکات و دەڵێت:

ئایا ب چ وەجهی مانە مەحرووم
بیلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم

[1] ئەحمەدی خانی. مەم و زین، ل.44.
[2] ئەحمەدی خانی. مەم و زین، ل.46.

وان گرتی ب شیر شەهرێ شوهرەت
تەسخـیر کرن بیلادێ هیممەت
هەر میرەکێ وان ببەزلێ حاتەم
هەر مێرەکێ وان بڕەزمێ ڕۆستەم
بفکر ژی عەرەب خەتا ڤە گورجان
کورمانجییە بوویە، شبهێ بورجان
ئەڤ روم و عەجەم ب وان حەصارن
کورمانج هەمی ل چار کــەنــارن
هەردوو تەرەفان قەبیلێ کرمانج
تۆ تیرێ قەزا کرینە ئامانج
کویا کول سەر حەدان کلیدن
هەر تایفە سەددەکن سەدیدن
ئەڤ قولزومێ روم و بەحرێ تاجیك
هندی کو بکن خروج و تەحریك
کورمانج دبن ب خون مولەتتەخ
وان ژێك ڤە دکن میسالێ بەرزەخ
جوامێری و هیممەت و سەخاوەت
مێرێنی و غیرەت و جەلادەت
ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلێ ئەکراد
وان دانە ب شیر و هیممەتێ داد[1]

خانی زۆر بەجوانی ئەم کلتورەی ئازایەتی و چاو نەترسی کوردان دەخاتەڕوو تەنانەت پارێزراوی و بەردەوامی دەستەڵاتی رۆم و عەجەم هەر بۆ ئازایەتی کوردان و خزمەتی ئەوان دەگەڕێنێتەوە.

یەکێکی تر لە هزری نەتەوەگەرایی لە لای خانی وروژاندنی باسی سەرۆك و پاشایەکی دەستەڵاتداری کوردییە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هێزو تەخت و تەنجی ئەم پاشا کوردەوە میللەتی کورد بوون و ژینی خۆی مسۆگەر بکات و ئەو قەدرو قیمەتەی کە پێی نەدراوە بۆی بیگەڕێنێتەوە، هەروەك دەڵێت:

قەت مومکینە ئەڤ ژ چەرخێ لەولەب
تالع ببتن ژ بۆ مە کەوکەب
بەختێ مە ژ بۆ مەرا ببت یار
جارەك ببتن ژ خواب هوشیار
رابت ژ مــەژی جیـهـان پەناهەك
پەیـدا ببتن مـــە پادشـــاهەك
شـیـرێ هونەرا مــە بێتە دانین
قەدرێ قەلەمــا مــە بێـتە زانین
دەردێ مەببـینتن عـیـلاجێ
عـیلمێ مـــە ببـــینتن رەواجێ
گەر دێ هەبوبا مــە ســەرفرازەك

---

[1] ئەحمەدی خانی. مەم و زین، ل.44.

صاحیب كەرەمەك، سوخەن نەوازەك
نەقدێ مە دبوو ب سككە مەسكووك
نەدما وەهـە بێ رەواج و مـــەشكووك
هەرچەندی كو خالیص و تـــەمــیـــزن
نەقـــدەین ب سككەیێ عـــەزیزن
گـــەردی هەبوویا مــــە پادشـــــاهەك
لایق بدیـیا خــــودێ كــــولاهەك
تەعـــیین ببوویا ژ بۆ وی تەختەك
زاهیر ڤـــەدبوو ژ بۆ مــــە بەختەك
حاصیل ببوویا ژ بۆ وی تاجـــەك
ئەلبەتتە د بوو مەژی رەواجـــەك
غەمـخـواری دكر ل مـە یەتیـمـــان
تینانە دەرێ ژ دەست لەئیـمـــان
غالیب نەدبوو ل سەر مە ئەڤ روم
نەدبوونە خـــرابەیێ د دەست بوم
مەحكومێ عەلییە و صەعالیك
مەغلووب و موتیـعێ تورك و تاجیك[1]

خانی خەون بە هەبوونی پاشایەكی كوردەوە دەبینێت و هەموو ئاوات و خۆزگەكانی پێیەوە دەبەستێتەوەو وا دەخاتەڕوو كە ئەگەر كوردێك ببایە بە پاشا و خاوەنی هێزو تاج و تەختی خۆی ئا ئەو كات بەخت روو لە كورد دەكات و دەبێتە خاوەن رێزو سكەی دراوی تایبەت بەخۆیی و دراوی ئاوا بێنرخ نەدەمایەوەو هیچی تر رۆم بەسەریدا زاڵ نابوو. بەڵام دیارە ئەم هزرە نەتەوایەتییەی خانی تەنیا لە خۆزگەو ئومێد و دەربڕینی هەستێكی شاعیرانە خۆی پێشكەشكردووەو هیواخواستنی كرانەوەی دەرگایەكی بەختە بەسەر نەگبەتی و نەهامەتییەكانی كورددا.

هەروەها (خانی) ئاوڕێكی جدی لە زمانی نەتەوەیی دەداتەوە و دێت بە زمانی نەتەوەكەی بەرهەمە دانسقەكەی بەناوی (مەم وزین) دەهۆنێتەوە. بەراستی ئاوردانەوە لە زمان ئاوردانەوەیە لە یەكێك لە بنەما گرنگەكانەی نەتەوە، هەروەكو: (( (ڕۆسۆ، هردر، فیشتە) دەڵێن ڕۆحی نەتەوە لە زمانی ڕەسەنی نەتەوەیدایە.)) هەر بۆیە ئاوردانەوەی خانی لە زمانی نەتەوایەتی و گرینگی پێدانی و بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی بەو زمانە لایەنێكی رووناكی هەست و هزری نەتەوەگەرایی خانی دەردەخات. خانی دەیەوێت بە بەرهەمی (مەم و زین)ی نەوەك هەر خزمەتی زمانی كوردی بكات بەڵكو دەیەوێت ببێتە مایەی شانازی كوردان لە نێو میللەتانی تردا. هەروەك دەڵێت:

خانی ژ كەمالێ بێ كەمالی
مەیدانێ كەمالێ دیتی خالی
یەعنی نە ژ قابیلی و خەبیری
بەلكی ب تەعصصوب و عەشیری
حاصل ژ عیناد ئەگەر ژ بێداد
ئەڤ بیدعەتە كر خیلافێ موعتاد
صافی شەمراند ڤەخوار دوردی
مانەندێ دەری لیسانێ كوردی

[1] ئەحمەدی خانی. مەم و زین، ل.42-43.

ئینایە نیزام و ئینتزامێ
کێشایە جەفا ژ بۆ وێ عامێ
دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن بێ ئەصل و بونیاد
ئەنواعێ میللەل خودان کتێبن
کورمــانج تەنێ دبێ حسێبن[1]

لێرەدا دەبینین زۆر بە روونی باسی نووسینی بەرهەمەکەی بە زمانی کوردی دەکات و بیانووی ئەم کارەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بۆ ئەوەی کەس نەڵێت کورد خاوەنی بەرهەم و کتێب نین و بێ مەعریفەت و نەزانن. ئەم خەم و بیانووەی خانی لە هەست و هزری نەتەوەگەرایییەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئیتر دوای (خانی) ئەم هەست و هزرە نەتەوەگەراییە، بە چەمکە کۆنەکەی، لە لای چەند شاعیرێکی کوردی تریش لە ناوچە و زارە کوردییە جیاوازەکاندا بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت لە لای شاعیرانی زاری گۆران، بۆ نموونە: دەرکەوتنی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (خانای قوبادی1700-1795) شاعیری دیالێکتی گۆران. هەروەك (د.محەمەد ئەحمەد سەعید) لە بارەی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لای (خانا) باس لەوەدەکات کەوا ((... مەبەستی گۆڕینی شیرین و خەسرەوەکەی نیزامی گەنجەوی چ مەبەست و نیازێکی لە پشتەوە بووە، کە ئەویش مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییە کە بووە، پیشان دانی ئەم رازەی شیرین و خوسرەو بۆ تەواوی زاناو رۆشنبیران و خاوەن بیری خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکات و لێ ی تێ بگەن، بێگومان ئەمەش بەتەنگەوە هاتنی بۆ نیشتمان و هەم نەتەوەکەی بووە.))[2] دیارە ویستوویەتی لەم رێگەیەوە خزمەتێك بە زمان و رۆشەنبیری نەتەوەگەی بکات و گڕی هەستی نەتەوەگەرایەتی خۆشی خامۆشبکات.

هەروەها باس لە شاعیرێکی تر دەکات کە ئەویش هەست و هزری نەتەوایەتی لە شیعرەکانیدا هۆنیوەتەوە، کە ئەویش شاعیری کەرکوکی (رەنجوری۱۷۵۰-۱۸۰۹)یە. ئەوە دەخاتەڕوو کەوا لای (رەنجوری): ((...، بیرە نیشتمانییەکە بەجۆرێکی ئەوتۆ رەنگ و نەخشی هەیە بەجۆرێک باس لە دەسەڵات و حوکمرانی کوردستان و میرنشینی بابان ئەکات و خۆشەویستییەکەی لە خودی خاک و سەرکردەکەی (عبدالرحمن پاشای بابان) دا، خۆی نواندووە کە لەچامەیەکی شیعیریدا بای شەماڵی راسپاردووە بچێتە خزمەت عبدالرحمن پاشا ئەو کاتەی کە بەدەستی عوسمانی یەکان لە شاری حیلە ئەسیر بووە. لەم چامەیەدا تەواو هەست و سۆزێکی خۆشەویستی بێ سنووری هەم بۆ عبدالرحمن پاشاو هەم بۆ کوردستان دەربڕیوە))[3] جگە لەم دوو شاعیرە باسی چەندین شاعیری تری کوردی کردووە کە تاڵی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە شعرەکانی خۆیاندا چنیوە، ئەوانیش وەکو: (مەولەوی )، (فەقێ قادری هەمەوەند 1831-1890)، (سەودایی 1842-1927)، (خەلیل منەوەر 1863-1923)، (هیجری 1877-1952)،... هیتر.[4] هەروەها شاعیرانی تر لە قوتابخانەی بابان وەکو: (نالی 1800- 1877)، (سالم 1800- 1866)، (کوردی 1809(1812)-1850)،... هیتر. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کەوا ((شاعیرانی ئەم قۆناغە رۆڵی سەرەکیان هەبووە لەبەرزراگرتنی هەستی نەتەوەیی کە لەسەر دەستیان برەو بە بیری نەتەوەیی دراوە، ئەویش بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە نوسینی شیعردا، ئەم حاڵەتە کودەتایەکی زمانی بووکە شاعیریکی وەك( نالی) ئەنجامی دا وەکو بەرپەرچدانەوەیەکی زمانی فارسی کە ئەو سەردەم نوسینی ئەدەبیات بەوزمانەبوو، (نالی)و هاورێکانی شۆڕشێکیان بەرپا کرد لە

[1] ئەحمەدی خانی. مەم و زین، ل.46.
[2] د.محەمەد ئەحمەد سەعید. بیری نیشتمانی و گیانی نەتەوەیی لە شیعری دیالێکتی گۆراندا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (12)، بەشیB، 2003، ل.136.
[3] هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[4] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: هەمان سەرچاوەیە پێشوو، ل.137-147.

بواری شیعر و زماندا تا ئیستا به زمانی ستانداری کوردی دادەنریت ئەمەش هۆکار بوو کە رەخنەی ئاراستە بکریت بەڵام وەك وەڵامدانەوە دەڵی:

کەس بەئەڵفازم نەڵێ خۆکردیە، خۆ کوردی یە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تاڵیبی مەعنا دەکا))[1]

بەم شێوەیە دەبینین گەرانەوە بۆ زمانی نەتەوایەتی دەرهاویشتەی بزاوتنی هەست و هزری نەتەوەگەرایی شاعیرانی کوردە و هەستکردنە بە جیاوازی نەتەوایەتی و پێداگرییە لەسەر کوردبوون و گەرانەوەیە بۆ باوەشی کلتوری نەتەوەکەی. ئیتر هەبوونی هەستی گەرانەوە بۆ زمانی نەتەوەگەری و شانازیکردن بە زمان و کلتوری نەتەوە وای لە لێکۆڵەران کردووە شیعری ئەو شاعیرە کوردانە بخەنە چوارچێوەی سەرەتای دەرکەوتنی هەستی نەتەوەگەرایی کوردی لە نێو شیعرو ئەدەبیاتدا. وەکو ئاماژەیەکی سادەو سەرەتا هەڵوەستەی لەسەر بکەن.

جگە لەم شاعیرانەی ناومان بردن شاعیرانی ناسراوی تری کوردی دوای (خانی) بەهەمەن رێباز و ئایدیا دێنە پێشەوە و تەنانەت دەستەیەکیان بە گیانێکی دەوڵەمەندتر لە بارگە و وزەی هزری نەتەوەگەرایی (خانی) شیعرەکانی خۆیان دەهۆننەوە، بۆ نموونە: (حاجی قادری کۆیی)

### 1-3-3. حاجی بەردەوامی و گەشەپێدەری هەست و هزری (خانی) بە شێوەزاری سۆرانی

(حاجی قادری کۆیی 1817-1897) پاش دوو سەدە لە دوای (خانی)، وەکو هاورێچکە و رێباز و قوتابییەکی قوتابخانەی نەتەوەگەرایی (خانی) هاوشێوەی مامۆستاکەی لە کوردستانی خواروو بە شێوەزاری سۆرانی دێتە پێشەوە و زیاتر فوو لە گڕی چەخماغەی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە نێو شیعری کوردیدا دەکات و ئاگرو تینی ئەم هەست و هزرە بەتەواوی دادەگیرسێنێت. هەروەها ((... حاجی قادر بۆ ئەدەبیاتی سۆرانی بوو هەروەکو بەو کەسایەتییەی کە ئەحمەدی خانی لە ئەدەبیاتی کرمانجیدا هەیبوو، بوو بە پێشەنگێک کە نەوەی دواتری ناسیونالیستە کوردەکان ئیلهامیان لێ وەرگرت و شیعرەکانیان دەخوێندەوە بۆ ئەوەی هەست و سۆزی ناسیونالیستی خۆیان دەرببڕن. هەر وەکو خانی، نووسین بە زمانی کوردی بۆ حاجی قادری کۆییش هەڵبژاردنێکی سیاسی بوو. حاجی دەڵێت: بێ رێزگرتن لە زمانی کوردی، نەتەوەی کورد لە کردەوەدا بوونی نییە چونکە کۆمەڵگەی کورد ڕابردووی خۆی نایەتە بیر))[2] بۆیە گرنگە بە زمانی کوردی بنووسین.

هەروەها (مارتین ڤان بروینسێن) لە بارەی (حاجی)یەوە دەڵێت: ((دەتوانین بڵێین کە حاجی قادری کۆیی وەک کەسایەتییەکی سەرەکی، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هۆشیارییە نەتەوەییەکانی کورد هەم لە باکوور و هەم لە باشوور هەبووە.))[3] بۆیە دوای (خانی) شاعیر (حاجی) بە درێژەپێدەر و دیلەمۆی وزەی نەتەوەگەرایی کوردی دادەنرێت.

کەسێکی تریش وەکو لێکۆڵەر (ارام محمد عبدالله محمد) لە نامەی ماستەرەکەیدا، لەبارەی نەتەوەگەرایی لای (حاجی) دەڵێت: ((ئەگەر ئەحمەدی خانی بناغەی نەتەوەیی بەهێزکرد، ئەوا لەسەر دەستی (حاجی قادری کۆیی) گوێزرایەوە بۆ قۆناغی گەشەسەندن و ڕێگە خۆشکەربوو بۆ قۆناغی دوای خۆی، بۆیە بەشاعیری بزوێنەری هەستی نەتەوایەتی دادەنرێت.))[4] هەڵبەتە دوای (خانی)ی شاعیری نەتەوەگەری کورد.

هەر لە بارەی (حاجی)یەوە (زولکوف ئەرگون) لە نامەی دکتۆراکەی خۆیدا دەڵێت: ((د هەلبەستا کوردیدە یەکەم جار نەتەوایەتیا کوردی لسەر دستێ حاجی قادرێ کۆیی دەردکەڤە و هەڤتەرییێ

---

[1] ارام محمد عبدالله محمد. بیری نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوە لە کورتە چیرۆکی کوردیدا بەنموونەی (کۆی کورتە چیرۆکەکانم)ی عەبدوڵا ئاگرین، ل.33-34.

[2] بڕوانە: مارتین ڤان بروینسێن، مایکێل گونتەر،...هیتر. ناسیۆنالیزمی کورد و ڕوانگەی ڕۆژئاوا، ل.30-31.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.29.

[4] ارام محمد عبدالله محمد. بیری نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوە لە کورتە چیرۆکی کوردیدا بەنموونەی (کۆی کورتە چیرۆکەکانم)ی عەبدوڵا ئاگرین، ل.34.

رودانێن سیاسیێن وی سەردەمی د دەرەجەیا یەکەمدە ل دژی نەتەوایەتیا ئەرمەنی و دەرەجەیا دویەمدە ژی ل دژی سەردەستیا ئوسمانی و ئێرانێ وەک کارڤەدانەکی پەیدا دبە. حاجی ل هەمبەر سەردەستیا ئوسمانی و ئیرانێ کوردان ژبۆ سەرخوەبوونێ هان بدە ژی هەری زێدە نەتەوایەتیا کوردی ل دژی نەتەوایەتیا ئەرمەنی سۆر دکە. لەورا د وێ سەردەمێ دە د گەلەک ناڤچەیان دە کورد و ئەرمەن ب ئاوایەکی تێکەل دژین و ئارمانجێن سیاسیێن ئەرمەنان مەترسیا ژدەستدانا بەشەک ژ ئاخا کوردستانێ دەردخە هۆلێ.))1 ئەم دژایەتییەی ئەرمەنیەکانیش لە شعری (خاکی جزیرو بۆتان،...)ی (حاجی) خستۆتییەڕوو.2

هەروەها شاعیرێکی تری ئەو سەردەم بە ناوی (ئەحمەد موختار جاف ١٨٩٨-١٩٣٥) وەکو شاعیرێکی ناسراو (((... نیشتمانپەروەرێک بووە، بەراستی کوردایەتی کردووە بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی تەرخان کردووە بۆ مەسەلەی رزگاری کورد وکوردستان. سۆزی دەروونی ناوەوەی تێکەڵ بە هیواو ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی کردووە. دلبەرو کوردستان تێکەڵ بە یەکتری کراون. بۆیە دیوانی ئەحمەد بە تەنیا شیعری تایبەتی هەیە بۆ دلبەرو شیعری تایبەتی دیکەی بۆ کوردستان.))3 جگە لەو شاعیرانەی ناوم بردن چەندین شاعیری تر لەو سەردەمدا، وەکو: (شوکری فەزلی، عارف سائیب، مستەفا پاشای یامولکی،... هیتر) رۆڵ و کاریگەری ئاشکرایان هەبوو لەسەر بەرجەستەکردنی نەتەوەگەرایی کورددا، هەروەها کاریگەرییان لە سەر کایەکانی ژیاندا هەبوو بەتایبەت لایەنی سیاسی و بزوتنەوە و جولانەوە سیاییەکانی کوردستان.[4]

لە سەرەتاکانی سەدەی بیست، بەتایبەت لەگەڵ رووداني گۆرانكارییە بەرچاوەكان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و... هیتریەکانی جیهان و هاتنە پێشەوەی یەکەم جەنگی گەورەی جیهانی و بەرجەستەبوونی مەسەلەی نەتاوایەتی بە چەمك و دیدی تازەو مۆدێرنانە لە جیهان بە گشتی و لە نێو میللەتانی رۆژهەلات و ئیمپراتۆری عوسمانی بە تایبەتی. یان بڵێین، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم بەهۆی کرانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە ڕووی رۆژئاواوە بەتایبەت پاش سەردەمی ریفۆرمی تەنزیمات و هاتنە پێشەوەی چەند هەڵێكی نوێی وەك: وەرگرتنی زانست و رۆشەنبیری لە خوێندنگا نوێیەكانی عوسماني و خوێندگاكانی رۆژئاواو و هەروەها تێكەڵبوون و مانەوە لە هەوای رۆژئاوادا، کاریگەری شەپۆلی نوسراو ئەدەبیاتی خۆرئاوا لە ناو ئەدەبی عوسمانی رەنگی دایەوەو پاشان ئەم دیاردەی ئەو کاریگەرییە لە سەر نەوەیەکی ناسیۆنالیستی تورکیش دەرکەوت و لە ئەنجامدا نەمامی هەستی نەتەوەگەرایی تورکی لە ناو ئەدەبیات و شیعرە چەکەرەی کرد و هەندەی نەبرد قەدو گەڵای بە رووبەرێکی فراوانتر بڵاوبوویەوە. هەرچۆنێك بێت بەرهەمە ئەدەبییە تازە وەرگێڕاو نووسراوەكان کاریگەرێکی بەرچاویان لە ناوەندی رۆشەنبیرو لاواندا بەرجەستەکرد.[5]

کوردیش وەك یەكێك لە نەتەوەكانی قەڵەمڕەوی عوسمانی لە گۆرانكارییە تازەكان دوورە پەرێز نەبوو بەهۆی ئەو زەمینە نوێیەی هاتبەوە پێشەوە ئەدیب و رۆشەنبیرەکانی چاو و هۆشیان کرایەوە و خەباتی رۆشەنبیری و سیاسی خۆیان دەست پێکرد. هەروەك (عەبدوڵڵا ئاگرین) دەڵێت: ((شەپۆلی تەوژمی فیکری و تەزووی ئەدەبی کە خۆی لە شنەبای نوێی سەردەمی ئازادی دا ئەنواند.. ئەو شنەبایە لە ئەوروپاوە هەڵیکردو لە ڕێگای ڕۆشنبیرانی تورکەوە یاخود تێکەل بوونی ئەو پیاوە سەربازیە سیاسی و ئەدیبانەی کورد کە بەکاری سەربازی و فەرمانبەری لە کوردستان دوورکەوتبوونەوە کاری کردە سەر هۆشیارکردنەوەی گەلی کوردستان.)).[6] زۆرێك لە ئەدیب و رۆشەنبیرو سیاسەتمەدارەکانی کورد،

---

[1] زولکوف ئەرگون. نەریتا نەتەوەیی د هەڵبەستا نوویا کوردیدە (1880-1970). نامەی دکتۆرا، زاخۆ: زانکۆی زاخۆ، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، 2017، ل.42.

[2] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د.قەدری یەلدم. حاجی قادری کۆیی خانی دووەم. گۆرینی لە پیتی لاتینییەوە: د.عوسمان دەشتی. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، 2016، ل.55-58.

[3] هەمان سورچاوەی پێشوو، ل.400

[4] بۆ زیاتر زانیاری پڕوانە: هەمان سەرچاوە پێشوو، ل. 392-402.

[5] د. قەیس جەواد ئەلعەزاوی. ڕەگ و ڕیشەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی. ل.41-47.

[6] عەبدوڵڵا عەزیز ئاگرین. شیعری سیاسی کوردی لە خوارووی کوردستان (1830-1918). نامەی ماستەر. کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، 1994، ل.24.

ئەوانەی بە هەوای نەتەوەگەرایی کاس بون و خولیای ئازادی و سەربەخۆیی باڵی پێگرتبوون، بە وشە ئاگرینەکانیان لە دوو توێی شعری راچلەکێن و ناخ هەژێن گوتاری نەتەوەگەراییەکانی خۆیان دەهۆنییەوەو لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ئەوکات، یان بە خوێندنەوەی راستەوخۆی ناو خەڵك پەیامە نەتەوایەتییەکانیان دەکردە قەڵغانی پارستنی مافی چارەنووس و زەنگی هۆشیاری نەتەوایەتی و بزوێنەری هەست و هۆشی کوردبوون و جیاوازی لە نەتەوەکانی تری ناو چوارچێوەی مەملەکەتی عوسمانی، تا لە دواجار ویست و ئیرادەیەکی هاوبەش و یەکگرتوو بەرهەم بێت و بە ئومێدی ئەوەی ببێتە بناغەی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ.

ئەدەب و بڵاوکراوەکان رۆڵی بەرچاوی خۆیان گێراوە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوایەتی و دروستکردنی زمانی نەتەوایی کورد و نەتەوەکانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی. لەبەر رۆڵی بەرچاوی ئەدەبە کە تیۆرستێکی مۆدێرنی وەکو ئەندەرسۆن لە باسی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوایەتی ناتوانێت فەرامۆشی کاریگەری و گرنگی ئەدەب، بەتایبەت رۆمانی ژانری سەرمایەداری، لەسەر زمان و ناسنامە و هۆشیاری نەتەوایەتی، لە پاڵ رۆڵی دەزگاکانی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان، بکات و بەهەندی وەرنەگرێت.[1] هەرچەندە (( رۆماننوسی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا مێژوویەکی زۆر درێژی نییە، بەڵام بە پەرەسەندنی هەراوی ئەو دواییانەشەوە رۆماننوسی کوردی جارێ لە بواری یەکەمدا زۆر رێگایی نەبریوە. لە رەوتی بیناددانی بیری ناسۆنالیستی کوریدا زیاتر شێعری کوردی رۆڵی گرنگی گێڕاوە. بۆ وێنە شیعرەکانی شاعرێکی وەکوو هێمن بوونە هۆی گەشەی رۆحی نەتەوایەتی کوردی.))[2]، بەڵێ بێگومان مامۆستا (هێمن موکریانی)ی شاعیری ناوداری کورد وەکو شەپۆلێکی بەهێز توانی دەریای گوتاری نەتەوەگەرایی، هاوشان لەگەڵ چەند شاعیرێکی نەتەوەگەرایی کورد، بگەیەنێتە لوتکە و کەناری کاملبوون و لە باوەشگرتنی رۆڵ و کاریگەری بەسەر تاك و کۆمەڵگای کوردی و بە هێزکردنی روحی خەبات و بەرگری و فیداکاری پێشمەرگە و شۆرشگێران و سوانی تیغی شۆرش و بەرخودان. لە ئایندەدا هەڵوەستەی زیاتر لەسەر ئەم شاعیرە شۆرشگێرە دەکەین و بنەماکانی نەتەوەگەرایی بە نموونەی شعرەکانی دەخەینەڕوو.

هەروەها دەتوانین بڵێین بەرهەمی شیعر و چیرۆك و ژانرە ئەدەبییەکانی (پیرەمێرد)ی شاعیرو رۆشەنبیری کوردیش، کە وەکو کانگایەك بوون بۆ هەوڵی بەرهەمهێنانی فانتازیایەکی نەتەوەیی یەکگرتوو و بەرجەستەکردنی شانازینامەیەکی تایبەت بە رابردوو و سەروەریی و پاڵەوانێتییەکانی و بەرجەستەکردنی کۆمەڵێك سیمبوڵ و سوورت و بۆنە و ئەفسانەی نەتەوایەتی و هەروەها زیندووهێشتنەوەی هیواو ئاواتی سەرکەوتن، بەتایبەت بە گرنگیدانی بەو چیرۆك و شیعرو ئەفسانانەی کە تابڵۆی سەروەریی و جوانمێری و فانتازیای نەتەوەیی دەنەخشێنێت. هەروەکو: دوازدە سوارەی مەریوان، کاوەی ئاسنگەر و نەورۆز... هیتر.[3]

لە پاڵ ئەم شاعیرانەی سەرەوەدا چەندین شاعیرانی تری کورد لە باوەشگرتنی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە شعرەکانیاندا رەنگی دابوویەوە، وەکو: دڵدار، کامەران موکری، جگەرخوێن، قەدری جان، پەشێو،... هیتر. ئیتر تا بە درێژایی سەدەی بیست هەڵدەکشێین و لە ئەمرۆ نزیك دەبینەوە، دەبینین ئەدەبی کوردیش شان بەشانی خەبات و شۆرشی بزوتنەوەی رزگاری و ئازادیخوازی کوردی و جەماوەری تێکۆشەری کورد کۆڵنەدەرانە بەشداری لە گوتاری سیاسی و نەتەوەگەرایی کوردیدا دەکات و بێوچان بەپێی بار و زرووفی سیاسی و وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی قۆناغەکانی سەردەم لەم مەیدانەدا خەباتی بەردەوامە.

نەتەوەگەرایی تەنیا لە ناوەڕۆك و بونیادی شیعری کوردی خۆی بەرجەستە نەکردووە، بەڵکو دونیای رەخنە و پێوانەی شیعر و ئەدەبیاتیشی گرتۆتەوە. واتە: بوونی هەست و هزر و گوتاری

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر پڕوانە: مەریوان وریا قانیع. ناسیۆنالیزم و سەفەر، ل.43-46.

[2] د. سەعید شمس. بزاڤی ناسیۆنالیزم و دەوڵەت-نەتەوە، پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە نێوان خەون و راستی دا. چاوپێکەوتنێکی ئامادەکراوە لە لایەن: هادی محەمەدی. پرووشە، 27/ 11/ 2012. وەرگیراو لە ماڵپەڕی ئەنتەرنێت لە 20/ 5/ 2020. بەم لینکە: https://www.blogger.com/profile/09814411629168270029

[3] بۆ زانیاری زیاتر پڕوانە: مەریوان وریا قانیع. ناسیۆنالیزم و سەفەر. ل.70-72.

نەتەوەگەرایی بووەتە پێوانە و بنەمایەکی سەرەکی لە بنەما و پێوانەکانی رەخنەی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا و ((ڕەخنەگرانیش لەم گۆشەنیگایەوە کاریان لەسەر دەقی ئەدەبی دەکرد و ئەم بیرەیان دەکردە پێوەری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی و داوایان لە شاعیران و ئەدیبان دەکرد زیاتر گرنگی بە بیری نەتەوەیی بدەن و هەوڵی سەرخستنی بدەن.))[1] تەنانەت لە بەرهەمەکانی بەشێك لە نووسەرانی کورد دژایەتییەکی بەهێز بەرامبەر ئەو شیعر و بەرهەمانە هەبوو کە تەنیا بۆ مەبەستی خودی خۆیان و دەربڕینی هەست و خەیاڵی تایبەت و خستنەڕووی ژیانی کەسی و باسی خۆشەویستی و دڵداری لەگەل یار و پیاهەڵدان بە جوانی لاشەو روخساری یارو فەرامۆشکردنی پرسی نەتەوەگەریی و خەمی نیشتمان و هۆشیارکردنەوەی خەڵك و هاندانی لاوان لەسەر نەتەوەگەرایی و خەبات لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی و گەیشتن بە مافی رەوای نەتەوە و مافی چارەخۆنووسین.[2]

## 4-3-1. سەرەتای دەرکەوتنی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە (رەخنە)ی شیعری کوردیدا.

سەبارەت بە سەرەتای بەرجەستەبوونی بابەتی پرسی نەتەوەگەرایی وەکو مەرج و بنەما و پێوانەی شیعری و بنیاتی رەخنەی شیعری لە تای تەرازووی هەڵسەنگاندن و رەخنەسازی شیعری کوردیدا، لە تێزی دکتۆراکەی (ئاسۆ عمر مستەفا)دا ئاماژە بەوە کراوە کەوا ((یەکەمین نووسەری کورد کە لەگوتارەکەیدا جەختی لە هەستی نەتەوەیی و واقعی ژیانی نەتەوە کردووەتەوە (سیاپۆشە). سیاپۆش لە نووسینە ڕەخنەییەکەیدا بەناونیشانی (شاعیرەکانمان) کە لە (ڕۆژنامەی ژیان) لەساڵی (1932) بڵاوکراوەتەوە و تێیدا هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی زانستی چەمك و بنەماکانی شیعر لێك بداتەوە و لەژێر تیشکی ئەو لێکدانەوانەدا، کە بۆ شیعری دەکات شیعری کوردی هەڵبسەنگێنێت، کە هەوڵدەدات بەپێی بنەما و چەمکە ڕەخنەییەکان لێکۆڵینەوەی شیعر و جیاکردنەوەی شیعری باش و خراپ و چەمکی کۆن و نوێ و لاساییکردنەوە لە شیعردا بکات.))[3] لەم گوتارە رەخنەییە بەولاوە ئیتر وردە وردە ئەم جۆرە رەخنەیە وەکو مۆدێلێکی تازەی رەخنەی ئەدەبی کوردی خۆی بەرجەستەکرد و نەتەوەگەرایی و ئاوردانەوە لە هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە نێو نووسینی شیعرو ئەدەبیاتدا بووە بنەمایەکی رەخنەی شیعری کوردی و زۆرێك لە رەخنەگرانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بەرجەستەکردنی گوتاری نەتەوەگەراییان لە شیعردا کردە هەڵسەنگاندن و بنەمای رەخنەیی و بڕیار و پێوانەی هەڵسەنگاندنی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی.

[1] ئاسۆ عومەر مستەفا. ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعیری لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو 1920-1970). نامەی دکتۆرا، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، 2019، ل.189.
[2] هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[3] هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

# بەشی دووەم

## 2. بەرجەستەبوونی گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی "هێمن"دا

لە میانەی ئەم ناونیشانە سێ بابەتی سەرەکی لە پەیوەندییەکی دینامیکی خۆیان دەنوێنن کە ئەوانیش: گوتاری نەتەوەگەرایی و شیعرەکانی هێمن و هێمنی شاعیرە، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین لە چەند گۆشە نیگایەکەوە کار لەسەر هەریەکە لەم سێ بابەتە بکەین و تیشك و سەرنج بخەینە سەر پەیوەندی و کارلێك و پێکەوەیی و هاوتابوونیان، تاوەکو لە کۆتاییدا لە چەند لایەنێکەوە ئەم باسە تاوتوێ بکرێت و لە چەند دەرئەنجامێکی هەمەرەنگدا بەرجەستە ببێت.

### 1-2. "هێمن" و شیعرو نەتەوەگەرایی

(هێمن) وەکو شاعیرێکی ناسراوی کورد خاوەنی چەندین بەرهەمی شیعری و ئەدەبی دانسقەیە و بە شێکی زۆری بەرهەمەکانی تایبەت کردووە بۆ بەرجەستەکردنی نەتەوەگەرایەتی. لە بارەی (هێمن)ەوە نووسەرو لێکۆڵەر (د. بەختیار سەجادی) دەڵێت: ((مامۆستا هێمن خاوەن جێگەوپێگە و کەسایەتییەکی بێوێنەیە لە سەرجەم مێژووی ئەدەبی کوردیدا. ئێمەمانان وشەکان بەو پەڕی پارێزەوە بەکار ئەبەین، کە ئەڵێین کەسایەتییەکی بێوێنەیە، بە هەستیارییەوە ئەو وشەیەم هەڵبژاردووە، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر ژیانی مامۆستا هێمن و قۆناغە جیاجیاکانی، بە قۆناغی ئەدەبی، ڕۆشنبیری و سیاسییەوە، هەروەهاش ئەو بوار و دەڤەرە جیاجیایانەی مامۆستا هێمن تیاندا کاری کردووە، ئەگەر ئەوانە لەبەر چاو بگرین و بەراوردی بکەین بە هەر کەسایەتییەکی ترەوە، بێگومان تێدەگەیین مامۆستا هێمن خاوەن جێگە و پێگەیەکی دیاریکراو، ئاستبەرز و تەنانەت بێوێنەشە لە سەرجەم مێژووی ئەدەبی کوردیی هاوچەرخدا.))[1] دیارە ئەم بیروبۆچوونەی د. سەجادی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنەو مایەی ئاوڕدانەوەیەکی جدییە لەم شاعیرەی کورد.

ئیتر لەم تەوەرەیەدا دەمانەوێت هەڵوێستەیەکی کورت و پوخت لەسەر ژیان و کەسایەتی و بەرهەمەکانی شاعیر بکەین و پاشان بێینە سەر باسی ئاسۆی نەتەوەگەرایەتیی لە نێو شیعرەکانیدا.

### 1-1-2. کورتە هەڵوەستەیەك لەسەر ژیان و کەسایەتی "هێمن"

ئەگەر بمانەوێت کار لەسەر هەر لایەنێکی شعیرەکانی (هێمن) بکەین وا چاکە سەرەتا ئاوڕێك لە ژیاننامەی شاعیر بدەینەوە ئەمەش هەم بۆ ئەوەی خودی شاعیر بناسین و هەمیش بەو نیازەی بتوانین لە ڕێگەی ئاشنابوون بە ڕووداو بەسەرهات و چۆنییەتی دونیای ژیان و تەجروبەو پێشهاتەکانی شاعیر هەندێك لایەنی شاراوەی شیعرەکانمان بۆ ڕۆشنبێتەوە. بە واتایەکی تر ((گرنگترین هۆی بوونی بەرهەمێکی ئەدەبیی یان هونەریی، بوونی خاوەنەکەیەتی. بۆیە گەڕان لەدووی بەسەرهات و باری دەروونی ئەو هونەرمەندە بۆی هەیە زۆر لایەنی نادیاری هونەرەکەیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە.))[2] هەندێك لایەن کە لە تێکستی شیعرەکەدا شاراوەیەو ناتوانرێت تەنیا بە خۆبەستنەوە بە دەقی شیعرەکە بگەینە ڕاستییەکانی ئەودیوی دەقەکەو بتوانین ماناو مەبەست و هەست و پەیام و گوتاری ناو شیعرەکە بخوێنینەوە. بۆیە ((جگە لە دەقەکە، خودی نووسەرەکەش گرنگە و بە سوودە بۆ ڕاڤەکردنی دەق و گەیشتن بە خوێندنەوەیەکی دروستی دەقەکە.))[3] و دووربوون لە لێکدانەوەیەکی هەڵبەستراوی گریمانەکراو.

[1] د. بەختیار سەجادی (وتووێژ). هێمن لە نێوان نوێخوازی و نوێبوونەوەدا. چاوپێکەوتن، لە ماڵپەڕی ماڵی کتێبی کوردی، (05/ 05/ 2021)، وەرگیراوە لە بەرواری (27/ 11/ 2023)، بەم لینکە: [هێمن لە نێوان نوێخوازی و نوێبوونەوەدا؛ وتووێژ لەگەڵ د. بەختیار سەجادی - ماڵی کتێبی کوردی]

[2] محەمەج فەریق حەسەن. هێمن و بۆنی غەریبی. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس، 2008، ل.55.

[3] سامان عیزەدین سەعدوون. گۆران و هێمن لە ڕۆژنامەی کوردستان چاپی تاراندا. ساڵی 5، ژمارە 8، پایز و زستانی 2018، ل.280.

ئێستا ئەگەر بپرسین (هێمن) کێیە؟ کەی و لە کوێ لە دایك بووە؟ چۆن ژیاوە و باری گوزەرانیان چۆن بووە؟ بیروبۆچوون و روانینی بەرامبەر ژیان چۆن ببووە؟ چ رووداو و بەسەرهات و پێشهاتێك زۆر کاریگەری لەسەر شاعیر بەرجەستەکردووە؟... هیتر. راستییەکی نکۆڵی لێنەکراو لەبارەی (هێمن)ی شاعیرەوە ئەوەیە کەوا: ((ئەوڕۆکە هەر کەس لە ئەدەبی کوردی شارەزا بێ ناوی هێمنی بیستووە. شیعرەکانی خوێندۆتەوە و بێگومان دەزانێ کە هێمن یەکێک لە شاعیرە هەرەبەرزەکانی کوردی سەردەمی ئێمەیە؛ بەڵام شیعری هێمن هەر لە سەرەتاوە لە چوارچێوەی ئەدیب و نووسەران دەرچووە؛ لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە....))[1] بە تایبەت لە لای گەنج و لاوانی کوردی رۆژهەڵات و باشووردا. شیعرەکانی لە لایەن چەندین گۆرانیبێژی وەکو: محەمەد جەزا، ناسری رەزازی، عەدنان کەریم، چەندانی تر، کراون بە ئاوازو گۆرانی.

(هێمن)ی شاعیر ناوی تەواوی (محەمەدئەمین کوڕی سەید حەسەن شێخولئیسلامی موکری)یە، بەڵام بە ناوی (هێمن)، کە وەکو نازناوی کەسی شاعیر، ناسراوە، ئەو نازناوەی کە لە لایەن (کۆمەڵەی ژ. ك.) وەکو ناوی نهێنی ئەندامێتی پێی بەخشراوەو پاشان شیعرەکانی خۆی بەم نازناوە بڵاوکردۆتەوەو ئیتر هەر بەو نازناوە لە نێو خەڵکدا ناسراوە و بووەتە ناو و نازناوی شاعیر. هەرچەندە لە ناو خەلکدا نازناوی (هێمن) وەکو ناوی کەسی مامەلەی لەگەڵ دەکرێت و تەنانەت نازناوی (مامۆستا، مهابادی، موکریانی، کوردستانی)[2]یشی بۆ زیادکراوە، کە لە دئەنجامدا بووەتە هەڵگری نازناوێکی دوو وشەیی لێکدراو بۆ نموونە: (هێمن موکریانی). لە بەهاری ساڵی (١٩٢١)دا لە گوندی (لاچین)ی نزیک مەهاباد (سابڵاخ) چاوی بە دونیا هەڵهێناوە. دایکی ناوی (زەینەبی کچی شێخی بورهان)ـە، کە لە بنەماڵەیەکی گەورەی موکریان بووە. شاعیر لە منداڵیدا مەمکی دایکی نەگرتووە و بە شیری مەمکی دایەنەکەی، کە ناوی (یاسەمەن) و خەڵکی ئازەربایجان بووە، گەشەی کردووە. شاعیر پێنج خوشك و برایەکی هەبوو، کە خوشکێك و براکەی لەخۆی گەورەتر بوون. هەروەها شاعیر لە باوەشی خێزانێکی خانەدان و زەنگین ژیانی منداڵی تێپەراندووە.[3]

سەرەتای ئەلف و بێی لای (مامۆستا سەعید ناکام) دەستپێکردووە، پاشان لە قوتابخانەی (سەعادەت)ی مەهاباد، چوار ساڵ بە فارسی خوێندوویەتی و دواتر چوار سالێشی لە خانەقای (شێخی بورهان) تێپەڕاندووە. لە خانەقا چاوی کراوەتەوە و لەگەڵ کەسایەتی ڕووناکبیر و شاعیر ئاشنا بووەو زەوقی شیعرو ئەدەبیاتی تێدا چەکەرەی کردووە. پاشان باوکی گواستیتییەوە بۆ (کولیجە)ی موڵکی خاڵی، کە لای (مامۆستا فەوزی) دەستی کردووە بە خوێندن. کە ئەو بووەتە مایەی هەڵوەشانەوەی (هێمن) و سەر لەنوێ دروستکردنەوە و ئاراستەکردنی و خستنە سەر رێی زانین و فێربوو گەشەکردن. هەر لە کۆلیجە مامۆستایەکەی تری هەبوو بە ناوی (سەید عەوڵای سەید مینە)، کە ئەویش کاریگەری زۆری لەسەر پێگەیاندنیدا هەبوو. لە ١٧ ساڵیدا کولیجە بە جێدەهێڵیت و دەگەرێتەوە ماڵەوە لە گوندی (شیلاناوێ)، کە بەهۆی ئەوەی باوکی سامانەکەی جارانی نەمابوو بۆیە ناچاربووە خەریکی کاسبی و کاری کشتوکاڵی بێت و بە شەویش خەریکی خوێندن و فێربوون بووە. لە ساڵی (1946) کچی خاڵی خۆی هێناوە و بە بێ ئەوی چاوی پێکەوتبێت و خۆشی بوێت، بەڵام لە دوایدا خۆشی ویستووە و کورێکیشی لێبووە بە ناوی (سەڵاح).[4]

لە ماوەی ژیانیدا (هێمن) زۆر ناخۆشی و دەربەدەری و ئازارو راوەدونان و ئاوارەیی و هەژاری و بەدبەختی بینییوە و چەند جارێك بەهۆی بار و زروفی سیاسی و نەخۆشی لە لێواری ماڵ وێرانی و مەرگ نزیك بووەتەوە. هەروەك لە ژیاننامەکەی خۆیدا باسی نەخۆشکەوتنی خۆی دەکات و دەڵێت: ((جارێک کەوتوویيم گرت و لە مردن گەڕامەوە. تەنانەت دەیانگوت ئاومان بۆ گەرم کردووی و کفنمان بۆ بڕیوی. جارێکی تر کوانێکی گەورەم لە لامل هات و شەش مانگ لەبەری کەوتم و پاشان

---

[1] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. سلێمانی: چاپ و پەخشی چوارچرا، 2008، ل.1.

[2] پڕوانە: عثمان حمد خضر. ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شیعری هێمن. نامەی ماجستێر، هەولێر: زانکۆی سەڵاحەدیین، کۆلێجی ئاداب، 2001، ل.أ-ب.

[3] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی، ل.19-30.

[4] سەرچاوەی پێشوو، 2008، ل.30-55.

عەمەلیان کرد و ماوەیەکی دوورودرێژ بناوبوێر بووم. ئەو کوانە بە جارێک هێز و برستی لێ بڕیم و هەرگیز وەک خۆم لێ نەهاتەوە.))[1] جگە لەو بەسەر هات و کارەسات و ناخۆشییانەی لە ڕێگای نەتەوەگەرایی ڕووبەڕووی بویتەوە و لە مردنی نزیك کردۆتەوە، بۆ نموونە هەروەك خۆی لە باسی گەرانەوی شای بەزیو بۆ سەر تەختی پاشایەتی و هاتنە پێشی ڕۆژگارێکی ڕەش و خوێناویدا، دەڵێت: ((پۆلیس زۆر بە توندی لێم دەگەڕا و هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکردم. بەڵام شوێنی بۆ هەڵنەدەگیرام. ئەوەش لە سایەی یارمەتیدانی خەڵک بوو. هەموو کەس ڕای دەگرتم، نانی دەدامێ، دەیشاردمەوە،....))[2] دیارە ئەو دەستی یارمەتییە بووەتە دەستی قەدەرو لە مردن دووری خستۆتەوە.

هەرچۆنێك بێت (هێمن) تەمەنێك لە بەسەرهات و خۆشی و ناخۆشی و ئومێد و ڕەشبینی و... هیتر بەرێدەکات، تا لە ڕۆژی 17ی نیسانی 1986 ڕووحە ماندووەکەی ماڵ ئاوایی لە ژیاندا دەکات و گۆرستانی (مەهاباد) دەبێتە جێگاو مەنزڵگەی بە خاك سپاردنی.[3]

لە ساڵی ١٩٨٣ بەشداری لە دامەزراندنی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کرد و گۆڤاری "سروە"ی دەرکرد.

چەند ڕووداو پێشهات و بەسەرهاتێکی ناو دونیای ژیانیدا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هەست و دەروون و هزرو نەستی شاعیر بە جێهێشتووە، بۆ نموونە:

- یەکەم بەسەرهاتی کاریگەر بەسەرهاتی مردنی دایەنەکەی و هاوسەرەکەی بوو، هەروەك (هێمن) خۆی لە نووسینەوە ژیاننامەکەی خۆیدا دەڵێت: ((مردنی عیزەت و تۆرانی یاسەمەنم باش وەبیر دێ. ئەم ڕووداوە یەکەم زەبری توند بوو کە وەهەستی ناسکی منداڵانەی من کەوت و یەکێکە لە بیرەوەرییە هەرە تاڵەکانی ژیانم. لە ڕاستیدا من دوو جار هەتیو بووم و دووجارم دایک و باب مردوون: جارێک بە ساوایی و جارێک بە پیری.))[4] دیارە ئەم مردنە کاریگەریی بەهێزی لەسەر هەست و نەستی شاعیر دروستکردووە.
- یەکێکی تر لە بەسەرهاتی کاریگەری سەردەمی منداڵی ئەو ڕێگرتنەی بوو لە لایەن خێزانەکەی، بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ منداڵانی کۆڵان و یاریکردن لەگەڵیاندا، بە بیانووی ئەوەی کورە خانەدان و زەنگینە. هەروەك شاعیر لە ژیاننامەکەی خۆیدا دەڵێت: ((بە منداڵی زۆر تێروتەسەل و کۆک و پۆشتەبووم. بەڵام کۆیلە و دیل بووم، کۆیلەی ناو قەفەزی زێڕ، کۆیلەی ڕێوشوێنی کۆن. ڕێوشوێنی بنەماڵەکەمان ئیجازەی نەدەدا من لەگەڵ هاوتەمەنەکانم گاڵتەوگەپ بکەم. چونکە من کوڕە دەوڵەمەند بووم و ئەوان کوڕە هەژار. من کوڕی شێخەلیسلامیی بەناوبانگ بووم، ئەوان کوڕی لادێییەکی بێ ناوونیشان. من بەر و پشت ئەتڵەس بووم و ئەوان کەرەکرمانج. من کۆک و پۆشتە بووم و ئەوان ڕووت و ڕەجاڵ. ئاخ... گەورەکانم تێ نەدەگەیشتن من چەند پەرێشان و کەلەلام، ئەوان نەیاندەزانی بەو کردەوەی خۆیان چۆن هەستی من بریندار دەکەن، برینێک کە دەبێتە گریمانەی ڕووحی و تا مردن سارێژ نابێ.))[5] ئیتر کاریگەری ئازاری ئەو برینە پەڕیتەوە ناو شیعرەکانیشی.
- یەکێکی تر لە کاریگەرییەکان ئاشق بوونی شاعیر، لەسەر دەمی هەرزەکاری بوو. هەروەك خۆی دەڵێت: ((با ئەوەش بڵێم من لە کولیجە بۆ یەکەم جار و ئاخر جار ئاشق بووم، عیشقێکی پڕ سۆز و کوڵ و ئەفلاتوونی، عیشقێکی پاک و خاوێن و ئاسمانی، عیشقێکی ساکار و منداڵانە و دوور لە هەوەس و هەوا. بەڵام ئەو عیشقە زۆری نەخایاند، زۆری دەوام نەکرد. ئەو گڕوکفە زوو دامرکا و خۆڵەمێشی فەرامۆشی داپۆشی. گراویەکەم گاڵتەی بە هەستی پاکی من کرد. ئەو لە من بەئەزموونتر بوو، ئەو هەوەسباز بوو نە عاشق. بەڵام هەرچی بوو ئەو گڕوکفەش تەئسیری لەسەر

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.29.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.80.
[3] د.مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی حەوتەم، چاپی دووەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2010، ل.461.
[4] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی، ل.21.
[5] سەرچاوەی پێشوو، ل.21-22.

قریحەی شاعیرانەی من بوو.))[1] بەم شێوەیە ئەم خۆشەویستییە کەم و زۆر بە شێك بووە لە کاریگەرییەکانی سەر بونیادی هەست و هزری شاعیرو ڕەنگدانەوەی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا، تەنانەت کاریگەری ئەم ئەشقە بووەتە مایەی لە دایك بوونی شیعرێکی کورتی سەربەخۆ بە ناوی (دیلی دیل)[2]، کە دەڵێت:

ئەسیری بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم
تەماشا کەن چ سەیرێکە بەدەستی دیلەوە دیلم[3]

- یەکێکی تریش گەرانەوەی شاعیر بوو لە تەمەنی (17)ساڵیدا بۆ ماڵی خۆیان لە گوندی شیلاناوێ و خەریك بوون بە کاری کوشتوکاڵکردن. هەروەك خۆی دەڵێت: ((چاك خەریکی کاسبی بووم و زوو فێری کاری کشتوکاڵ کرام. بەڕۆژ کارم دەکرد و بەشەو موتاڵا.))[4] هەڵبەتە ئەم سەرقاڵی و قاڵبوونەی شاعیر لە ژیانی جوتیاری و کاروباری لادێیی هۆکارێك بوو بۆ توانای بەرجەستەکردنی ژیانی جوتیارو لادێ و سروشتی جوان و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی وشەو زاراوەکانی کشتوکاڵی و لادێیی و وەسفی ورد و... هیتر لە شیعرەکانیدا.
- هەروەها جگە لەو ڕووداوو بەسەرهاتانەی باسمانکردن چەند پێشهات و ڕووداوی تری کەسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کاریگەرییان لەسەر خەیاڵ و هەست و نەست و هزری شیعری و نەتەوەگەرایی شاعیریان داناوە. بەڵام هەرچۆنێك بێت لەبەر کەمی دەرفەت بەوەندە جارێك دەست هەڵدەگرین و لە شوێنی پێویستی خۆی هەندێکی تریشیان لێدەخەینەڕوو.

## 2-1-2. دیوان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی "هێمن"

(هێمن)ی شاعیر کۆمەڵێك دیوان و بەرهەمی ئەدەبی بە پیت و دانسقەی پێشکەش بە کتێبخانەی نەتەوەکەی خۆی کردووە، کەوا زۆر بەی هەرە زۆری بەرهەمەکانی بە زمانی کوردی (زمانی دایك)، نووسیوە و بەشێکی زۆر کەمیشی بە زمانی فارسی هۆنیوەتەوە. (هێمن) تەنیا شاعیر نەبووە و لە بواری تریش پێنووسی خۆی گێڕداوە، هەروەك (د. سەجادی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((... لە چەندین بواری جیاجیادا مامۆستا هێمن کاری کردووە و پێم وایە کورت کردنەوەی هێمن بۆ شاعیرێک خۆگێلکردنە لە لایەنەکانی تری ژیانی. جۆرێک ناهەقییە دەرهەق بە هێمن لەبەر ئەوەی کە لە زۆر بواری تردا کاری کردووە و خاوەنی جێگە و پێگەی خۆیەتی.))[5]

بەرهەمەکانیشی وەکو: [6]

1- شیعرو دیوانی شیعری، بۆ نموونە:

- تاریک و ڕوون (1974) یەکەم کۆمەڵە شیعری چاپکراوی هێمن کە لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی (د. قاسملوو)دا بڵاوکرایەوە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.36.

[2] بۆ زانیاری زیاتر پروانە: سەروەر سەعدوڵا. پیری تەڕپۆش، خوێندنەوەیەکە بۆ شیعرە ئەویندارێتیەکانی مامۆستا هێمن. لە یادی ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی هونەری کوردەواری. شاعیری نیشتمانپەروەر مامۆستا هێمن، ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی، 2012، ل.12.

[3] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی، ل.417.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.4-5.

[5] د. بەختیار سەجادی (وتووێژ). هێمن لە نێوان نوێخوازی و نوێبوونەوەدا. چاوپێکەوتن، لە ماڵپەڕی ماڵی کتێبی کوردی، ؟.

[6] بۆ بەرهەمەکانی (هێمن) پشتم بەم سەرچاوانە بەستراوە:

- ڕاوێژ نورالدین. هێمن موکریانی. لە ماڵپەڕی زانیاری، (09-03-2021)، وەرگیراوە لە بەرواری: (22/ 11/ 2023)، بەم لینکە: هێمن موکریانی
- وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی، 2008.
- عثمان حمد خضر. ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شیعری هێمن. نامەی ماجستێر، هەولێر: زانکۆی سەڵاحەدیین، کۆلێجی ئاداب، 2001، ل.ج-د.

- ناڵەی جودایی (1979)
- بارگەی یاران (1986)
- چەند بەرهەمێکی بەرایی (1986)
- گوڵزاری هێمن (هەڵبژاردەی شیعرەکانی)
- چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگز.

2- پەخشانی ئەدەبی، بۆ نموونە:
- لە کوێوە بۆ کوێ (بیرەوەری و ژیاننامە) وەکو پێشەکی دیوانی (تاریك و ڕوون)
- هەواری خاڵی (کۆمەڵە وتار 1986)

3- وەرگێڕان، وەکو:
- تحفەی مظفریە ( فۆلکلۆری کوردی، کە کاری (ئۆسکارمان)ە، (هێمن) هێناوییەتە سەر رێنووسی زمانی کوردی.).
- ئەفسانە کوردییەکان (کاری قەنات کۆردۆ کە هێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.)
- شازادەو گەدا (وەرگێڕان لە فارسی پەوە، مارك توین.)
- قەڵای دمدم (وەرگیران بۆ فارسی.)

4- نووسین و وتار، بۆ نموونە:
- چەند وتارێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بۆ نموونە لە ( پاشەرۆک، کۆمەڵە وتار، مەهاباد ١٩٨٣)
5- کۆمەڵێك شیعر و نووسینی بڵاوکراوە لە سەر رووپەڕی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا:

شاعیر لە چەند رۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی شیعرو بەرهەمی خۆی بڵاوکردۆتەوە، هەروەك خۆی دەڵێت: ((لە ڕۆژنامەی کوردستان و گۆواری کوردستان و هاواری کورد و هاواری نیشتمان و گڕوگاڵی منداڵان و گۆواری هەڵاڵەدا شیعر و وتارم بڵاو دەکردنەوە))[1] ئیتر ئەمەی خستمانەڕوو شێوەیەکی گشتی لە بەرهەم و نووسراوە ئەدەبییە بڵاوکراوەکانی (هێمن) بوو، کە بەشێک لە بەرهەمەکانی شاعیر دوای کۆچی دوایی بڵاوکراونەتەوە و هەر بە دەستنووسی نەماونەتەوە. هەروەها بەرهەمەکانی بە تایبەت بەرهەمە شیعرییەکانی لە پاش کۆچی دوایی شاعیر کۆ کراونەتەوە و پێکەوە لە کتێبێکدا بڵاوکراونەتەوە.

## 2-1-3. هێمن و ئەزموونی شیعری

هێمن هەر لە سەرەتای گەنجی هەستی شیعری تێدا چەکەرەی کردووە، بە تایبەت لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی لە خانەقا دەیخوێند، هەروەك (هێمن) خۆی باس دەکات و دەڵێت: ((ئەو هەموو شیعر خوێندنەوە و ڕەفاقەتی هەژار و هاتوچۆی مەجلیسی ئودەبای خانەقا زەوقی ئەدەبی لە مندا بە وجوود هێنا و تەنانەت شیعری فارسیشم دەگوت.))[2]کە دەتوانین بڵێین ئەمەش یەکێکی تر بوو لەو پێشهاتەی کە بووە مایەی کاریگەری لە سەر هەست و نەستی شاعیرێتی شاعیر.

بەڵام لە کولیجە توانست و لێهاتوویی نووسین و شیعرو ئەدەبیاتی لە لا دەپشکوێت، بەتایبەت لەسەردەستی مامۆستا (فەوزی)، ئەو مامۆستایەی کە هەڵیدەوەشێنێتەوە و سەر لە نوێ بنیاتی دەنێتەوە.

---
[1] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی، 2008، ل.52.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.30.

ئەو مامۆستایەی کە لەگەڵ رووحی تێکەڵاو ببوو، هەروەك خۆی دەڵێت: ((بەڕاستی مامۆستا و شاگرد نەبووین پیر و مورید بووین. من تا ڕادەی پەرستن ئەوم خۆش دەویست و ئەویش منی بە کوڕی خۆی دەزانی. ئەگەر ڕۆژێک نەمدیبا ئارەزووم دەکرد. جومعە و سێشەممۆمان نەبوو. ئەو لە پێگەیاندنمدا بە پەلە بوو، منیش تامی تێگەیشتنم کردبوو و قەت لە خوێندن و خوێندنەوە و گوێ ڕاگرتن لە مامۆستا وەڕەز نەدەبووم.))[1] هەروەها هەر لە کولیجە مامۆستایەکی تری بە ناوی (سەید عەولای سەید مینە)ش لە پێگەیاندنی توانای شیعرو ئەدەبیاتی (هێمن) ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. هەروەك خۆی دەڵێت: ((ئەگەر مامۆستا فەوزی شاعیرە بەرزەکانی کوردی پێ ناساندم و ئەدەبی فارسی فێرکردم، سەید عەولاش فۆلکلۆری ئەدەبی کۆنی نەتەوەکەمی پێ ناساندم و فێری وشەی ڕەسەنی کوردی کردم. هاونشینیی سەید عەولا تەئسیرێکی قووڵی لە ژیانی ئەدەبی مندا هەبوو و ئێستاش هەیەتی. ئەو پیاوە نەخوێندەوارە یەکێکە لە مامۆستا هەرە گەورە و بەنرخەکانی من.))[2] بەراستی خوێندن لە کولیجە بەتایبەت لای ئەم دوو مامۆستایە یەکێکی تربوون لە پێشهاتە کاریگەرەکانی سەر هەست و هزر و هۆشی (هێمن)، بە تایبەت لە توانای نووسین و شیعرو ئەدەبیاتدا.

(هێمن) بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤١ دەستی بە شیعر نووسین کردووە. لە دەفتەرێکدا شیعرەکانی خۆی تۆمارکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی باوکی پێی خۆش نەبوو ببێت بە شاعیر بۆیە دەیەوێت ڕێگری لە شاعیر بوونی بکات بە بیانووی ئەوەی ببێتە شاعیر لە برسان دەمرێت، بۆیە دەفتەرەکەی لێ دەسووتێنێت و شیعەکانی ئەو کاتی نامێنێتەوە، بەرامبەر بەم ڕووداوی سوتانە شاعیر دەڵێت: ((ئەو دەمی زۆرم پەرۆش بوو. بەڵام پاشان گوتم دەستی خۆش بێ. چونکە بێگومان ئێستا مابان بۆ خۆم دەمسووتاندن. ڕاستە هەموو مەوزوون بوون و قافیەیان هەبوو. بەڵام لاساکردنەوەی تەواوبوون و هەستی شاعیرانەی خۆمیان کەم تێدابوو. پاشانیش زۆری وام فڕێ داون.))[3] هەرچۆنێك بێت شیعرەکانی ئەو سەردەمی کرچ و کاڵ بوون.

پاش دامەزرانی کۆمەڵەی (ژ.ك) لە (1942) و بوونە ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە ئیتر لاپەڕەیەکی تازە لە ژیانی ئەدەبی (هێمن) دەستپێدەکات. پاش ئەوەی کۆمەڵەی (ژ. ك) (گۆڤاری نیشتمان) وەکو ئۆرگانی کۆمەڵە چاپدەکات، (هێمن) یەکەم شیعری خۆی بەناوی (کوردم ئەمن) لە ژمارە دووی ئەم گۆڤارە بە ناوی (م. ش. هێمن) بڵاودەکاتەوە و دەشبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارەیەو لە هەموو ژمارەیەکدا شیعرو وتاری خۆی بڵاو دەکاتەوە. ئیتر لەم سەردەمەوە (هێمن) پێنووسی لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەکەوێتە گەڕوو لە چەند بڵاوکراوەیەکی وەکو: گۆڤاری ئاوات، گۆڤاری هاواری کورد، گروگاڵی منداڵان، گۆڤاری هەڵاڵە، ڕۆژنامەی کوردستان و... هیتر. بۆ یەکەمینجاریش لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی کۆمەڵەی (ژ. ك)دا لە بەرامبەر خەڵك شیعری خوێندۆتەوە. ئەوی جێی باسە ئەندامبوونی (هێمن) لە کۆمەڵەی (ژ. ك) کاریگەرییەکی لە بیرنەکراوی لەسەر ژیان و هەست و هزری بەرجەستەدەبێت و وەکو یەکێك لە رووداو و پێشهاتە کاریگەرییە بەرچاوەکانی ژیانی کەسی و شعیری و ئەدەبی و... هیتری شاعیر دادەنرێت.[4]

(هێمن) لە ئەزموونی شیعریدا پێشکەوتنێکی گەورە تۆماردەکات و دەگاتە ئاستێکی بەرزی ئەوتۆ کە زۆرێك لە نووسەر و لێکۆڵەران شاهێدی بۆ بدەن. بۆ نموونە: (د. قاسملو) دەڵێت: ((هێندێ شیعری هێمن گەیشتۆتە پلەی هەرەبەرزی ئەدەبی کوردی کەیەکێک لەوانە "کاروانی خەبات"ە.))[5] یان هەروەك (د. سەجادی) لە بارەی شیعرەکانی (هێمن)ەوە دەڵێت: ((هێمن لە ژانری شیعردا ئاستێکی زۆر بەرزی تۆمار کردووە، تەنانەت زۆر بەرزتر لەو کەسانەی خەڵکی تر پێیان وایە لە هێمن شاعیرترن.))[6] جگە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.32.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.36.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.39.
[4] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.46-80.
- د.مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی حەوتەم، ل.461.
[5] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی، ل.16-17.
[6] د. بەختیار سەجادی (وتووێژ). هێمن لە نێوان نوێخوازی و نوێبوونەوەدا. چاوپێکەوتن، لە ماڵپەڕی ماڵی کتێبی کوردی، ؟.

لەم کەسایەتییانەی باسمانکرد چەندین نووسەر و لێکۆڵەری تر بە چاوێکی بەرزو دانسقە شیعرەکانی (هێمن) هەڵدەسەنگێنن و پلەیەکی بەرزو باڵای پێدەدەن.

(هێمن) لەگەڵ ئەو توانا زۆرەی لە شیعر هۆنینەوەدا کەچی جۆرە رارای و قەلەقییەك، یان بڵێین نارازیبوونەك لە ئەدای شیعرەکانی، یان بەردەوام حەزکردن لە گۆرانکاری بە نییەتی باشکردن و بەرەو پێشەوە بردنی شیعرەکانی لەلا دەبینرێت، بۆیە بەردەوام شیعرەکانی خۆی دەستکاری دەکات و تەنانەت دوای بڵاوکردنەوەشیان واز لە دەستکاری کردنیان ناهێنێت. واتە: ((لای هێمن بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی و هەمیشە دەبینین وشە و دێڕ و ناونیشانەکان دەگۆڕێت؛ تەنانەت لابردنیشی زۆرە و هەرچی بەدڵ نەبووبێت لای بردووە.))[1] ئەمەش یەکێکە لە دیاردەو تایبەتمەندییەکانی ئەزموونی شیعری (هێمن). هەرچۆنێك بێت شاعیر خاوەنی ئەزموونێکی زۆری شیعرییەو شیعرەکانی لە زۆر لایەنەوە دەوڵەمەند و دانسقەن و گرەوی ڕێزی پێشەوەی شیعری کوردییان مسۆگەرکردووە.

## 4-1-2. "هێمن" لە باوەشی نەتەوەگەرایەتی دا

(هێمن)ی شاعیر لە سەردەمێکدا دەژی کە پڕە لە ڕووداو و کارەسات و کێشە و ململانێی، بەتایبەتە ململانێیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەت لە سەردەمی (ڕەزا شا)دا، بە هۆی پەیوەندی و نزیکایەتی لەگەڵ (ئەڵمان)ەکاندا کەوتە بەر نارەزایی و پەلاماریی دەوڵەتە زلهێزەکانی وەکو: (بەریتانیا و یەکێتی سۆڤییەت). ئیتر ((هەر بەم بۆنەشەوە لە ساڵی 1941ی زایینیدا (1320ی کۆچی هەتاوی) وڵاتی ئێران لە لایەن ئەم دوو وڵاتەوە داگیرکرا. باشووری ئێران کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا و باکووری ئێران کەوتە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤییەت. مەڵبەندی موکریان لەم ماوەدا لە ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەتدا بوو.))[2] ئەو داگیرکارییانەو دەرهاویشتەی پێشهاتوو ڕووداوە سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتییەکان (هێمن)یان وەك هەر تاکێکی تری کورد، لە باوەشکردبوو.

هەڵبەتە هەروەك شاعیر خۆی لە باسی گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی خۆیدا دەڵێت: ((بەسەرهاتی ئینسانێکی نیزیکەی پەنجا ساڵی لە ساڵەکانی چەرخی بیستەم، ئەو چەرخە سەیر و سەمەرەیە، ئەو چەرخە پڕ کێشە و شەڕ و شوورە، ئەو چەرخە پڕ لە کارەسات و پەلامارە، ئەو چەرخە پڕ شۆڕش و ئاڵوگۆڕە وەبیر بێ. بەتایبەتی ئەگەر ئەو ئینسانە کورد بێ. کوردێکی بێ بەش و چارەڕەش بێ و تا ڕادەیەک لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوە زۆرلێکراوەکەیدا بەشداربووبێ.))[3] بەڵێ شاعیر تەنیا تەماشاکەر نەبووە، بەڵکو خۆشی ئەکتەرێکی بەشداری مەیدانی ڕووداو و کارەساتەکان بووە و لەسەر پشتی زەمەن و سەردەمە جیاوازەکان و گۆرانکارییە خێراکان ڕێگای ژیانی پڕناسۆر و دەربەدەری و دەستلەملان لەگەڵ خەم و خەفەت و نائومێدی و تەنیایی بەرێکردووە و جارجارەش تروسکایی ئومێد و شیلەی خۆشی حەز و هیوا و تامەزرۆییەکانیان بارگاوی کردۆتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی نەتەوەگەرایی بە دوو شێوە لە لای (هێمن) خۆی بەرجەستەکردووە:

### 1-4-1-2. خەباتی سیاسی و ئیداری

(هێمن) هەر لەسەرتای لاویدا کاتێك بۆ خوێندن باوکی دەینێرێتە (کولیجە) و لای (مامۆستا فەوزی) دەخوێنێت. کە ئەم ڕووداو و پێشهاتەی ژیانی کەسی شاعیر کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەست و نەستی شاعیر دەبێت، بەتایبەت لەسەر لایەنی هەست و هزری نەتەوەگەرایی، چونکە (مامۆستا فەوزی) چەندین لاوی کوردی ئەو شوێن و سەردەمی لەسەر نەتەوەگەرایی و فیداکاری

---

[1] سامان عیزەدین سەعدوون. گۆران و هێمن لە ڕۆژنامەی کوردستان چاپی تاراندا. ساڵی 5، ژمارە 8، پایز و زستانی 2018، ل.282.
[2] ئیحسان مەردۆخ ڕۆحانی. نەتەوەخوازی و کێشی شیعری کوردی. گۆڤاری ئەدەبیاتی کوردی، ساڵی 6، ژمارە 1، زنجیرەی 9، بەهارو هاوینی 2020، ل.253.
[3] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.19.

نیشتمان پەروەردەکردووە. یەکێك لە قوتابییە دەرچووەکانی قوتابخانەکەی (پێشەوا قازی موحەمەد) بووە، ئەو قوتابیە بە وەفایەی کەوا ((... شانازی بەوەوە دەکرد کە شاگردی فەوزی بووە.))[1] و دەرچووی قوتابخانە نەتەوەگەراییەکەی ئەو بووە. هەرچۆنێك بێت هەر لەسەر دەستی ئەم مامۆستا نەتەوەگەرە تۆی نەتەوەگەرایی لە هەست و هزری (هێمن) دا دەروێنرێت. هەروەك خۆی دان بەم راستییە دادەنێت و لە بارەی (مامۆستا فەوزی)دا دەڵێت: ((ئەو تێی گەیاندم من ڕۆڵەی کوردم و کوردیش نەتەوەیەکی بێ بەش و چارەڕەش و زۆرلێکراوە و دەبێ ڕۆڵەکانی لەپێناوی ڕزگارکردنیدا فیداکاری بکەن و لەخۆبوردوویی نیشان بدەن.))[2] دیارە تا ئەوکات شاعیر تەواو خۆی نەناسیوەو سەرچاوەی هەست و هزری نەتەوەگەرایی تێدا هەڵنەقوڵیوە.

ئیتر زەمەن تێدەپەرێت و هەست و هزری نەتەوەگەرایی شاعیریش بەرەو سەر هەنگاو دەبرێت. لە ساڵی (1942) کۆمەڵەی (ژ. ك) لە لایەن کۆمەڵە دۆستێکی (هێمن) دادەمەزرێت. ئەو کات (هێمن)ی شاعیر لە سەفەری (تەورێز) دەبێت، بەڵام کاتێك دەگەرێتەوە پاش ئەوەی (هێمن) لەو سەفەرە دەگەرێتەوە لە رێگەی (زەبیح)ی هاورێی دێرینی بە کۆمەڵەی (ژ. ك.) دەناسرێت و دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەکە، کە ناوی نەهێنی حیزبی (هێمن)ی پێدەدرێت بە ژمارەی ئەندامێتی (55). لەگەڵ تەنیا پێدانی زانیاری ئەوەی کە (هەژاری)ی هاورێی نزیك و دێرینیشی ئەندامی کۆمەڵەی (ژ. ك.)ـە. هەرچۆنێك بێت شاعیر دەچێتە ناو قۆناغێکی مەیدانی نەتەوەگەرایی و دەست دەکات بە خەباتی حیزبی و رێکخراوەیی و هەست و هزریی نەتەوەگەرایی و کوردایەتییەکەی لە چالاکی و خەباتی نێو ئەم حیزبە نەتەوەگەرەدا بەرجەستەدەکات.[3] ئەم پێشهاتەش یەکێکی ترە لە پێشهاتە کاریگەرەکانی سەر ژیان و کەسایەتی و هەست و هزری نەتەوەگەرایی شاعیر، هەروەك خۆی دەڵێت: ((ئەندامەتیی کۆمەڵەی «ژ. ک» گۆڕانێکی سەیری بەسەر مندا هێنا. شەو و ڕۆژ لە بیری کۆمەڵەدا بووم کە ئەویش ئامانجی ڕزگارکردنی نەتەوەکەم بوو. هەموو ئاوات و ئارەزووی تایبەتیی خۆم وەلا نا. ئیتر نەتەنیا دەستم لە شەوداوەت و هەڵپەڕین و ڕێبازگرتن و لەسەر سوانە وەستان هەڵگرت، بەڵکوو وەک سۆفیی تۆبەکار تووشی هەر کیژ و ژنێکی کورد دەهاتم سەرم دادەخست و چاوم لێ نەدەکرد. چونکە ئەوەشم بە خەیانەت دەزانی. بۆ خاتری کۆمەڵە من دەستم لە یارێک هەڵگرت کە بە گەورەترین مەحروومییەتی ژیانمی دەزانم و رابردنی زەمانیش لەبیری نەبردوومەوە و ناسۆری لە دڵمدا هەر ماوە.))[4] بەم شێوەیە دەبین کۆمەڵە چ کاریگەرییەکی لەسەر هەست و نەست و هزری (هێمن) دروستکردووە.

پاشان لە ساڵی (1945) کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهابات دەبەسترێت و رێکخراو و حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەر بناخەی کۆمەڵەی (ژ. ك.) بنیاتدەنرێت. ئەوەی جێگای باس بێت تەنیا گۆرانی ئەرك و رابەرایەتی کادیرەکانی لێدەکەوێتەوەو (پێشەوا قازی موحەمەد) وەکو یەکێك لە ئەندامە ئاساییەکانی کۆمەڵەی (ژ. ك.)، کە ناوی نهێنی (بینایی) بوو دەبێتە پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان. لەو نێوەندەشدا (هێمن) لە هەڵبژاردنی کۆڕی (هەیئەتی ڕەئیسەی میلل)یدا دەبێتە سکرتێری سەرۆکی کۆڕ (حاجی بابەشێخ) و ماوەیەك لەم کۆڕە کاردەکات. پاشان واز لە سکرتێریی هەیئەی ڕەئیسەی میللی دەهێنێت و لە کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبدا دەکەوێتە خەباتکردن. ئیتر ئاڵای کوردستان لە مەهاباد هەڵدەکرێت و کۆماری کوردستان بە رابەرایەتی پێشەوا، وەکو دەوڵەتێکی کوردی رادەگەیەنرێت. ئەمەش پێشهاتێکی تری ژیانی شاعیربووە، کە لە دونیای خەباتی ئیداری و سیاسی و نەتەوەگەرایی رۆڵی پێبینیوە.[5]

تا ئەو کاتەی فەلەك بە پێچەوانەی ویستی شاعیر دەخولێتەوە و ئاڵای کوردستانی شاری مەهاباد دەهێنرێتە خوارەوە و کۆمارەکەی مهاباد دەبێتە یادگاری و ئەو خەونە گەورەیەی شاعیر ساڵێك تێناپەڕێنیت و دەپوکێتەوە. هەروەك خۆی باسی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە دەکات و دەڵێت: ((هێشتا مانگێک

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.32.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.31.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.46.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.46.
[5] سەرچاوەی پێشوو، ل.50-57.

بەسەر شەوی زاوایەتیمدا ڕانەبردبوو و بە قسەی ئەوڕۆ مانگی هەنگوینم تەواو نەکردبوو، کە بەداخەوە ئەوەی نەم دەویست ڕووبدا ڕووی دا و ئەوەی پێم خۆشبوو بمرم و نەیبینم دیتم. ڕیسەکەمان لێ بۆوە خوری. هێلانەکەمان لێ شێوا و کۆمارەکەمان ڕووخا و دوژمن بەسەرماندا زاڵ بۆوە.))[1] ئەمە ڕووداوو کارەساتە لە لای شاعیر بووە یادگارییەکی تاڵی ئاوا کە هەرگیز لە بیری نەچێتەوەو کاریگەرییەکەی بەردەوام وجودی هەبێت لەسەر هەست و نەستییەوە. پاشان ڕوودانی لە سێدارەدانی (پێشەواو سەدری قازی برای و سەیفی قازی ئامۆزای) لە چوارچرادا هێمنی تەواو بریندارکرد برینێك کە هەرگیز سارێژنەبێتەوە، هەروەك خۆی دەڵێت: ((.ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە و ئەو کارەساتە جەرگبڕە هەموو کوردێکی بەشەرەفی خەمناک و تازیەبار کرد. بەتایبەتی دڵی منی بە ناسۆر ئەنگاوت. ناسۆرێک کە بۆتە تیراوێ و ئێستاش هەر وەبن دەداتەوە و هەڵدەداتەوە و بێگومان سارێژ نابێ و لەگەڵم دێتە بن گڵ.))[2] بێگومان ئەم ڕووداو پێشهاتە دڵتەزێنە کاریگەری یەکجار بەرچاوی کردە سەر هەست و نەست و هزری شاعیری و زۆر بەزەقی لە دوو توێی شیعرو نووسینەکانی رەنگی داوەتەوە.

هێمن دوای ئەم خەم و نسکۆ گەورەیە هەر لە کاروانی خەباتی مەیدانی سیاسەت و نەتەوەگەرایی دوانەکەوتووەو ((بەهەڵگرتنی چەك دژی زۆرداری و ستەم وەك خەباتکار ناوی لە ڕیزی خەباتکاراندا تۆمارکراوە.))[3] وەکو پێشمەرگەو سیاسەتمەدارو حیزبییەکی سەردەمی خۆی ڕۆڵی لە کۆڕی خەبات و تێکۆشانی مەیدانیدا بینیوە و وەکو نەتەوەگەرێك لە پێناو نیشتمانەکەی رەنجی داوە. ئەگەرچی جار بەجارە نائومێدی و رەشبینی باڵەکانی قورس دەکردوو لە دەست و پێی فڕینی دەخەست، بەڵام هەر زۆر زوو دووبارە وەزەی تازەی بە شادەمارەکانی هەست و هزری نەتەوەگەرایی بۆ دەگەڕایەوەو خولیای سەربەخۆگەرایی و دەوڵەتگەرایی رای دەکێشایەوە مەیدانی خەبات. هەروەك (د. قاسملوو) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((تاقیکردنەوەی ساڵانی درێژی خەبات بە هێمنی سەلماندووە کە خەبات دوور و درێژە، هەوراز و نشێوی هەیە، سەرکەوتن و شکستی تێدایە؛ بەڵام هێمن کۆڵنەدەرە:

ڕۆڵەی کوردم فێری هەوراز و لێژم
تا زۆر بڕۆم، زیاتر ئارەق بڕێژم
کورت تر دەبێ ڕێگای دوور و درێژم))[4]

هەڵبەتە (هێمن) تا دوا هەناسەی لە کۆڕی خەبات و تێکۆشان بەردەوام بوو، ریزی شۆرشگێرانی میللەتەکەی چۆڵ نەکرد. هەرچەندە دەبێ ئەوەشمان لە بیربێت لە کۆتاییەکانی تەمەنی واز لە کاری سیاسەت و خەباتی مەیدانی دێنێت، بەڵام لە خەباتی دووەمی کە خەباتی رۆشەنبیری و نووسین و شیعرو ئەدەبیاتە تا دوا هەناسەی ژیانی پشتی لێناکات.

ئەگەر ئاورێکی کورت لەو مێژووەی وازهێنانی لە خەباتی سیاسی و مەیدانی هێمن بدەینەوە دەبێ لەو کاتەوە دەست پێبکەین کەوا پاش سەرکەوتنی راپەڕینی جەماوەری گەلانی ئێرانی بەسەر دەستەڵات و حوکمڕانی پەهلەوی (1978-1979) و هاتنە پێشەوەی سەردەمێکی حوکمرانی نوێ و هەڵ و مەرجێکی تازەی ئازادی و سەربەستی بۆ گەلانی ئێرانی بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی و بەردەوام بوونی جولانەوەی نیشتیمانی کوردی بۆ پێداگرتن لەسەر مافە ڕەواکانی گەلی کورد. بەڵام دیارە بە داخوازی حیزبی توودەی ئێرانی لە بزووتنەوە نەتەواییەتییە کوردییەکان بۆ پشتگیری بێ مەرج و چەند و چۆنی بۆ حکومەتی نوێی ئێرانی و هاوتابوون لەگەڵ رژێمی نوێی ئێران. ئیتر دیارە کەسانێکی (...، وەکو غەنی بلووریان و دکتۆر ڕەحیمی قازی کە دواتر بە (گروهی حەوت نەفەری) ناسران، لە حیزبی دیموکرات هەڵبڕان و دایانە پاڵ ڕژێمی تاران کە هێمنیش یەکێکیان بوو. ئەمانە لە دوای جیابوونەوەیان نەیانتوانی هیچ بەهیچ بکەن، بۆیە لە بەریەك هەڵوەشانەوە و پەرتەوازە بوون، هێمنیش خۆی کێشایەوەو

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.55.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.60.
[3] نێعمەت مەلا. مامۆستا هێمن، شاعێری گەل. لە یادی ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی هونەری کوردەواری. شاعیری نیشتمانپەروەر مامۆستا هێمن، ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی، 2012، ل.12.
[4] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.7-8.

چوو لە دێ یەکەی خۆیان، لە شیلاوناوێ لێ ێ دانیشت.))[1] ئیتر بەتەواوی دابڕا لە خەباتی حیزبی و مەیدانی و تا مردن نەتەوەگەرایەتییەکەی تەنیا بە قەتیسکراویی لە خەبات و چالاکی رۆشەنبیری و نووسین و بڵاوکردنەوە مایەوە.

## 2-1-4-2. خەباتی رۆشەنبیری و نووسین و شیعرو ئەدەبیات

سەنگەری دووەمی خەباتی نەتەوەگەرایی (هێمن) خەباتی نووسینە. (هێمن) پێنووسەکەی کردبووە چەکێك بۆ رووبەرووبونەوەی دوژمنانی کوردو کوردستان و دەیویست لە رێگەی شۆرش و خەباتی رۆشەنبیریی باڵی دووەمی نەتەوەگەرایەتییەکەی، لە پاڵ باڵی خەبات و مەیدانی و سیاسی و حزبی و... هیتر، بەرجەستە بکات، تاوەکو بتوانێت زۆر بەرز بفڕیت و بگات بە خەون و ئاواتی سەربەخۆگەرایی و دەوڵەتگەراییەکەی، بگات بەو رۆژەی کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەکی تر بێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. هەڵبەتە شاعیر تەنیا ((تەماشاچی نیە و ناتوانێ تەماشاچی بمێنێتەوە. بە هەموو هێزی خۆیەوە بە شیعر و بە نووسین هەنگاوی ناوەتە ناو مەیدانی خەبات و تا سەر بەرەو ئاسۆی روون، تا ترۆپکی رزگار بوون یاریدەی گەلی خۆی دەدا. هێمنی شاعیر لە هێمنی خەباتکەر جیا ناکرێتەوە.))[2] بێگومان (هێمن) کاروانی شیعرو نووسینی کرۆدتە سەکۆی ئازادی و هاوشانی خەباتی سیاسی و حزبی و چەکداری لەبەرەی پێشەوەی جەنگ دا بووەو لە هەموو شۆرش و بۆنە و رووداو و کارەساتەکانی نەتەوەکەی هەوڵیداوە شیعر بکاتە دیڵەمۆی وزەی بەرخودان و کۆڵنەدان. هەروەك (د. قاسملوو) لەم بارەیەوە دەڵێت:)) لەو کاتەوە کە دەستی بە شیعر گوتن کردووە هەتا ئەمڕۆ، شیعری هێمن ئاوێنەی قۆناخەکانی خەباتی گەلی کوردە. لە ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥)ڕا هێمن بە پێشوازی پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەچێ و دەڵێ:

لە سایەی حیزبی دێموکراتی خۆمان     لە باڵدار تێپەڕی ئەوڕۆکەی پێڕۆ
نەما داخ و بەژارە و ماتەم و خەم     زەمانی هەڵپەڕین و بەزمە ئیمڕۆ))[3]

(هێمن) ئەگەر بە واقیعی بەشداری حیزبی دیموکراتی کوردستانی کردبێت و ئەنداو لێپرسراوێکی ئەم حیزبە بووبێت، ئەوە بەشداری و خزمەتی ئەم حیزبەی بە شیعر نووسینیش کردووە. هەروەها چ لە کاتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، یان لە کاتی روخانی ئەم دوڵەتە، هەروەها لە کاتی لە سێدارەدانی (پێشەواو هاوبیرەکانی)، یان لە هەر کات و شوێنی تر (هێمن) بە شیعرو نووسین ئامادەیی هەبووە. بۆ نموونە بۆ لە سێدارەدانی پێشەوا دەڵێت:

لە چوارچرای مەهاباد     لە کانگای بیری ئازاد
دەستی رەشی ئیستیبداد     چەقاندی داری بێداد
لە کاتی نیوەشەوا     لە جەنگەی شیرن خەوا
کرا کاری ناڕەوا     لە دار درا پێشەوا
رۆڵەی وەفاداری کورد     پێشەوای ئارام و ورد
بۆ کورد ژیا، بۆ کورد مرد     گیانی فیدای گەلی کرد
زانا بوو، کوردپەروەر بوو     پێشەوا بوو، رابەر بوو
هەر کورد نەبوو بەشەر بوو     خەمی خەڵکی لەبەر بوو[4]

بەم شێوە گێڕانەوە و وەسف و لاواندنەوە باسکردنە هونەرییە جوانە ئەم رووداوە دڵتەزێنە دەکاتە مایەی بەرخودان و گەشبینی.

[1] عثمان حمد خضر. ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شیعری هێمن. ل22.
[2] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.5.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.8.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.144-145.

هەروەها (هێمن) جگە لە شیعر بە وتارو پەخشان و وەرگێران و دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوە و دووبارە چاپکردنەوەو... هیتر مەیدانی خەباتی رۆشەنبیری خۆی فراوان دەکات. بۆ نموونە: هەروەك خۆی دەڵێت: ((بڕیارمان دا ڕۆژنامەی «کوردستان» ڕۆژنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان یادگار و خۆشەویستی پێشەوای نەمرمان سەرلەنوێ چاپ بکەینەوە و بە زمانی ساکاری کوردی لەگەڵ زەحمەتکێشانی گەلەکەمان بدوێین و لەسەر مەسایل ڕوونیان بکەینەوە. خەریک بوو ئاواتی لەمێژینەی من بێتە دی، کە بەداخەوە کودێتای شووم و ڕەشی ٢٦ی گەلاوێژ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لێکی جوێ کردینەوە و وەک بابردەڵە هەریەکەی بۆ لایەک هەڵداشتین. ئەو لاوە تێکۆشەرە پاش چەند ساڵ ئاواتی منی هێنا دی و توانی ڕۆژنامەی کوردستان چاپ و بڵاو بکاتەوە.))[1] شاعیری شۆرشگێر دەیەوێت لە رێگەی چاپکردنەوەی رۆنامەی کوردستانەوە خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشەوا بژێنێتەوەو بە نەمری بیانهێڵێتەوە.

هەروەها جگە لە چاپکردنەوەی رۆژنامەکان و بڵاوکراوەکان و هاندانی گەنجان بۆ نووسین و بڵاوکراوە، خۆشی هەم بەشداری بڵاوکراوەکان و رۆژنامە و گۆڤارەکانی کردووە بە نووسین و شیعر، هەمیش خۆشی (گۆڤاری سروە)و (ناوەندی سەڵاحەدین)ی لە دوا قۆناغەکانی ژیانیدا دامەزراندووە، کەوا ((... بە دامەزراندنی گۆڤاری سروە و ناوەندی سەلاحەدینی ئەیووبییەوە توانی شەپۆلێکی گەورە لە چاند و ڕۆشنبیری و زمان و ئەدەبی کوردی ئاراستەی بەردەنگ بکات، بە تایبەت کوردی رۆژهەڵات.))[2] ئیتر توانی خەباتی نەتەوەگەرایەتی خۆی لە رێگەی نووسین و بڵاوکراوەو بەشداریکردن و دامەزراندنی گۆڤارو ناوەندی رۆشەنبیریش بەرجەستە بکات.

بێگومان شیعرەکانی هێمن بوونەتە شۆرش و دیلەمۆی وزەی خەبات و بەرخودانی گەلی کورد، بە شێوەیەك کەوا ((... هەر لە سەرەتاشەوە لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر کاریگەر بووە و ئەوانی بەرەو خەبات لە پێناوی رزگاری گەلی کورددا هان داوە. هێمن لە سەرەتاوە شاعیری گەلە و هەر بە شاعیری گەلیش ماوەتەوە.))[3] چونکە زۆر دڵسۆزانە و لێبڕاوانەیە بۆ بیروباوەڕی نەتەوەگەرایەتییەکەی و ئامادەیە بۆ سەرخستنی نەتەوەکەی هەموو تەمەن و ژیانی بەخت بکات، هەروەك لەم دێرە شیعرەدا دەڵێت:

خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵک رۆشن بکەم
کێ لەرێی خەڵکا وەکوو شاعیر دەسووتێ، شەم نەبێ؟[4]

## 2-1-5. گوتاری نەتەوەگەرایی و کاریگەری لە بنیاتی شیعرەکانی "هێمن"دا

شیعرەکانی (هێمن) باوەشێکی توندیان بە گوتاری نەتەوەگەراییدا کردووە، کە ئەمەش وایکردووە ئەم گوتارە نەتەوەگەرییانە کاریگەری و رۆڵ و رەنگدانەوەی هەم لەسەر فۆرم و روخساری شیعرەکانیدا، هەمیش لەسەر ناوەرۆك و پەیامی شیعرەکانیدا بە زەقی بە جێ بهێڵێت، بەتایبەت لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا. هەرچۆنێك بێت لێرەدا هەوڵدەدەین کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرایی لەسەر لایەنی فۆرم و ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن) بە کورتی بخەینەڕوو.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.77.
[2] د. بەختیار سەجادی (وتووێژ). هێمن لە نێوان نوێخوازی و نوێبوونەوەدا. چاوپێکەوتن، لە ماڵپەڕی ماڵی کتێبی کوردی، ؟.
[3] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.2.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.177.

## 2-1-5-1. کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرایی لە سەر روخساری شیعری "هێمن"دا

سەرەتا ئەگەر لە رووی ستایل و فۆرم و رووخسارەوە سەیری شیعرەکانی هێمن بکەین بە شێوەیەکی گشتی دوو لایەنی زەقی تێدا دەدرەوشێتەوە، کە ئەوانیش:

1- کاریگەربوون بە رەوتی شیعری فارسی و بەرجەستەکردنی کێشی عەروز وفۆرمی کلاسیکی.

لە ژێر کاریگەری ئەم مۆدێلە کلاسیکییە (هێمن) شیعر دەهۆنێتەوە، هەر بۆیە ((زۆربەی شیعرەکانی شیعری عەرووزین، وەزن و قافیەیان لەگەڵ دەستووری شیعری فارسی رێک دەکەوێ. لە لایەکی تریشەوە شیعری شاعیرە کوردەکانی بەناوبانگ وەک "نالی" کە خۆی لە ژێر تەئسیری شیعری کلاسیکی فارسیدا بووە، تەئسیری کردۆتە سەر شیعرەکانی هێمن. بۆیەلە سەرەتادا هێمن شیعرەکانی شێوەی غەزەل و قەسیدە و جارجاریش مەسنەوی و دووبەیتی و هی تریان هەیە. هێمن ئێستاش هەر جار - جار دەگەڕێتەوە سەر ئەو شێوە کلاسیکیە و هێندێ لە شیعرە تازەکانیشی هەر بەم چەشنە گوتراون. وەک "ئاواتی بەرز"، "گڵێنەی شاعیر"، "دەسکەوتی خەبات" و هتد.))[1] بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك شیعری لەسەر سێ کێش و بەحری عەروزیی داناوە، وەکو بەحرەکانی: (هەزەج و ڕەمەل و خەفیف)، کە بەحری هەزەجی لە هەمووان زیاتر بەکار هێناوە. بۆ نموونە کە دەڵێت:

لە شاییدا لە وەختی هەڵپەڕینا

ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ

مفاعیلن / مفاعیلن / فعولن

لە خۆشیدا لە کاتی پێکەنینا

ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ

مفاعیلن / مفاعیلن / فعولن

ئەم شیعرە لەسەر کێشی عەروزی (هەزەجی شەشی مەحزووف) هۆنراوەتەوە.[2]

لە سەروا و قافییەی شیعرەکانیشیدا یەکێتی قافیەی هەیە و چەند دەنگ و پیتێکی وەك: ا، ت، د، ر،...هیتر، بەکار هێناوە. هەورەها پاش قافییەی وەکو: (ئەمن، تۆ، کورد، کەم،... هیتر)ی بەکارهێناوە. لە شیعرە عەرووزییەکانی گرنگی بە پارچەی کورت (لیریك) داوە. بەڵام قەسیدەکانی کەمە. هەندێك قەسیدەی هەیە. قەسیدەی پێنجی لە دیوانەکانیدا دەبینرێت کە لەسەر قافیەی ( ا ا ا ا ب) و ( ا ا ا ب ب) رێکخراون.[3]

ئەوەی جێی باسە ئەم جۆرە شیعر نووسینە تەواو کلاسیکییە لە سەرەتاکانی ئەزموونی شیعری (هێمن) خۆی بەرجەستە دەکات. بەڵام وردە وردە ئەم مۆدێلە شیعرییە کلاسییکە کوردییە بەجێ دەهێڵێت و بەرەو تەیار و رەوتی دووەم باوەشی شیعرەکانی واڵا دەکات.

2- کاریگەربوون بە رەوتی خۆماڵی و گەرانەوە بۆ کێشی بڕگەو فۆرمی ئەدەبی فۆلکلۆری و میللی

لەبارەی ئەم قۆناغ و رەوتە خۆماڵییەی (هێمن) و گەرانەوە بۆ کێشی بڕگەیی نەتەوەییەوە نووسەر و لێکۆڵەرێکی وەك (د. قاسملوو) ((پاش ماوەیەکی سەرەتایی شیعر کوتن، هێمن بەرەبەرە دەگەڕێتەوە سەر شێوەی ئەدەبی رەسەنی کوردی. خۆی لە قافیە و وەزنی شیعری کلاسیکی رزگار دەکا و شیعرەکانی لە بەستەی کوردی دەچن، لەو بەستەیەی کە شاعیر هەموو رۆژێ لە لادێ دەیبیستێ؛ (.......). جار - جار کە ئینسان شیعری هێمن دەخوێنێتەوە، گۆرانی وەبیر دێتەوە. وا دیارە کە بە هەڵبژاردنی ئەم شێوە شیعر گوتنەدا "گۆران" لە سەر هێمن بێ تەئسیر نەبووبێ. لەم شیعرانەدایە کە هێمن دەگاتە ترۆپکی ئەدەبی کوردی و بە راستی ئەدەبی کوردی پێش دەخا.))[4] لەم قۆناغەدا شاعیر

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.12.

[2] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: رزگار عومەر فەتاح. رۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نووری دا. هەولێر: چاپخانەی موکریانی، ل.190-191.

[3] د.مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی حەوتەم، ل.461-462.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.12-13.

خۆی نزیك دەكاتەوە لە تێگەیشتن و سروشت و ژیانی خەڵك، كە دەتوانین بڵێین ((هێمن لەتوخماتی گۆرانە، هەتا بەتەمەندا هەڵبکشێ شیعرەکانیشی ڕووەو هەوراز هەڵدەکشێن. زیاتر سرووش لە بەرەنگاریی و ژیانی ڕۆژانەی تاكی كورد و لە چاوەندازەكانی سروشت و دێهاتی كوردەواری وەردەگرێ و دەیانکاتە هەوێنی شیعر.))[1] و وردە وردە خۆی دووردەخاتەوە لەو قاڵب و ستایلە كلاسیك و كۆنەی كە لە لایەن قوتابخانەی شیعری بابان (نالی و سالم و كوردی) بەرجەستەببوو.

ئیتر قۆناغێكی تر بۆ شیعری كوردی دێتە پێشەوە كە بە قۆناغی شیعری موكریانی دەناسرێ. ئەم قۆناغەش وەكو قۆناغی پەرینەوە و دووەم قۆناغی شیعری كلاسیكی كوردی دێتە پێشەوە. بە واتایەکی تر ((لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی قازی محەمەد و بەهێزتربوونی نەتەوەخوازیی كوردی، قۆناغی دووەمی شیعری كلاسیكی كوردی زاری كرمانجیی ناوەڕاست –لە باری كێشەوە– دەست پێدەكات كە ئەم ڕێبازە شیعرییە بە شیعری نیۆكلاسیک یان قوتابخانەی موکریانیش ناوبانگی هەی.... دوو شاعیری بەرچاوی ئەم قۆناغە، هێمن و هەژاری موكریانین. لە سەرینەی شیعری ئەم دوو شاعیرەدا، شیعری سەید كامیل ئیماميش تاوتوێ كراوە. لە شیعری ئەم دوو شاعیرەدا هەر دوو كێشی برگەیی و عەرووزی دەبیرنێت و جۆراوجۆریی قاڵبە شیعرییەكانیش لە چاو شیعری نالی و مەحویدا زۆرترە.))[2] هەروەها دەتوانین بڵێین كەوا ((هیچ كام لە شیعرەكانی هێمن و هەژار لە قاڵبی ئازاددا نین و هەموو شیعرەكانی ئەوان قاڵبی كلاسیكیان هەیە.))[3] كەواتە لەم قۆناغەدا بۆیە بە قۆناغی دووەمی شیعری كلاسیكی كوردی، یان قۆناغی پەڕینەوە و ڕاگوزاری دادەنرێت، چونكە شیعری ئەم قۆناغە هەم فۆرمی كلاسیك و قاڵب و كێش و بەحری عەروزی لە خۆگرتووە و هەمیش خۆی تەواو پێیەوە بابەند نەكردووەو كێشی برگە (پەنجە) و جوت سەرواو... هیتری لە هۆنینەوەی شیعرەكانیدا بەرجەستەكردووە. كە ئەمەش شەقڵی نوێكاریی و لادانە لە شێوازی شیعری كلاسیكی كوردی و هەنگاونانە بۆ قۆناغی (نیوكلاسیك) و پەرینەوە بۆ قۆناغی شیعری مۆدێرنی كوردی.

هەڵبەتە دەتوانین بڵێین ئەو گۆرانكارییانە بەسەر فۆرمی شیعری (هێمن)دا هاتووە دەگەرێتەوە بۆ هەست و هزری نەتەوەگەرایی شاعیر و ئەو پەیام و ئامانجەی لە دووتوێی شیعرەكانیدا باركراوە، كە ئەویش گوتاری نەتەوەگەرایتییە. واتە: گوتاری نەتەوەگەرایی بە ئاشكرا كاریگەری لەسەر روخساری شیعری (هێمن)دا بەرجەستەكردووەو شعرەكانی بەرەو گۆرانكاری شێوازو فۆرمی شعری بردوەو لە خانەی كلاسیكی كوردی بابان دەریهێنانەوەو بۆ قۆناغی نیوكلاسیك (كلاسیكی نوێ) و قۆناغی شیعری موكریان ئاراستەی كردووە. بە شێوەیەكی گشتی ئەو كاریگەری و گۆرانكارییانەی كە گوتاری نەتەوەگەرایی لە فورم و روخساری شیعرەكانی هێمندا دروستی كردوون زیاتر رەنگیان داوەتەوە لە كێش و سەرواو وێنەو زمانی شیعرەكانی، كە لێرەدا بە شێوەیەكی كورت باس لە كاریگەرییە بەرچاوەكانی سەر لایەنەكانی رووخساری شیعری (هێمن) دەكەین.

## 2-1-5-1-1. بەرجەستەبوونی كاریگەی گوتاری نەتەوەگەرایی لەسەر كێش و سەروا:

ئەگەر سەیری كێشی شیعرەكانی هێمن بكەین، هەر وەكو پێشتر باسمان لێوەكرد، دوو جۆر كێش دەبینرێت: (كێشی بەحری عەروزی عەرەبی كلاسیكی و كێشی برگە (پەنجە)ی میللی و خۆماڵی). هەڵبەتە بەكارهێنانی كێشی برگە لە شیعرەكانی (هێمن)دا دەرهاویشتەی بەرجەستەكردنی گوتاری نەتەوەگەراییە لە دوو توێی شیعرەكاندا. چونكە ((كێشی برگەیی، پێشاندەری نەتەوەخوازی لە ئەدەبی كرمانجیی ناوەڕاستە.))[4] هەروەها گەرانەوەیە بۆ كێشی خۆماڵی و فۆلكلۆری كوردی و میللی و دووركەوتنەوەیە لە كێشی بێگانە.[5] ئاوردانەوەش لە ئەدەبی خۆماڵی و میللی و فۆلكلۆر و

---

[1] محەمەد فەریق حەسەن. ل.40.
[2] ئیحسان مەردۆخ ڕۆحانی. نەتەوەخوازی و كێشی شیعری كوردی. ل.256.
[3] هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.250.
[5] بڕوانە: عەتا قەرەداخی. رەگەزەكانی بەرهەمهێنانی شیعر لای مەحوی. ماڵپەڕی (وتاری كورد)، 09-08-2022، وەرگیراوە لە: 14/ 11/ 2024، بەم لینكە: [WTARIKURD - عەتا قەرەداخی: رەگەزەكانی بەرهەمهێنانی شیعر لای مەحوی.]

زیندوکردنەوەیان هەر خۆی لە خۆیدا هەڵقوڵاوی هەست و هزری نەتەوەگەراییەتییەو ئازادکردنی شیعری کوردییە لە کۆت و زنجیری ئەدەبی بێگانەو نەیار و ناحەزانی. (هێمن) لە شیعرەکانیدا چەند جۆرێك لە کێشی بڕگەیی بەکارهێناوە وەکو کێشی: 7 بڕگەیی، 8 بڕگەیی، 10 بڕگەیی،... هیتر. کە بە زۆری کێشی 10 بڕگەیی بەکارهێناوە. هەروەها هەندێك شیعری لەسەر دوو کێشی سیلابی داناوە، یان جاری وا هەیە تێکەڵ بە یەکتر دەبن، بەتایبەت ئەگەر ژمارەی بڕگەی کێشەکان لە یەکترەوە نزیك بن، وەکو 7 بڕگەیی و 8 بڕگەیی. هەرچۆنێك بێت زۆربەی شیعرەکانی (هێمن) لەسەر کێشی بڕگەیی خۆماڵینە. بۆ نموونە لە شیعری (بلوێری شوان)دا بە کێشی خۆماڵی 8 بڕگەیی (4 + 4) دەڵێت: [1]

نیوەشەوە، دنیا خامۆش

دێتە گوێم ئاهەنگێکی خۆش

ئاهەنگێکی گیان پەروەرە

شادی هێنە، خەفەت بەرە[2]

کەواتە دەتوانین بڵێین پشتکردن لە فۆرمی شیعری بێگانەو ئاوڕدانەوە لە فۆرم و شێوازی شیعری فۆلکلۆریی و میللی و خۆماڵی کوردی دەرهاویشتەی ئەو گوتاری نەتەوەگەرایییە کە (هێمن) لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردووە. هەروەها جگە لە گەرانەوە بۆ سەر کێشی برگەی خۆماڵی، شیعری بە ریتمی (پۆیێمی) فۆلکلۆریشی هۆنیوەتەوە. واتە: ((هێمن جگە لە شیعری لیریکی، چیرۆکی شیعری (پۆیێمی) فۆلکلۆر ئامێزی هەیە، واتە بەیتی ئەدەبی میللی. بەشێك لە بەرهەمە هەرە گرنگەکانی چیرۆکی شیعری ئەمانەن: 1- ناڵەی جودایی: لە زیاتر لە سەد دێرە شیعر پێکهاتووە،.... (.....). 2- ئێوارەی پاییز: قەسیدەیێکی درێژە لە 36 چوارین پێکهاتووە (156 نیوە دێڕ شیعر)،.... (.....). 3- سووڕی دەوران: چیرۆکێکی شیعری درێژە لە زیاتر لە (300) دێرە شیعر پێکهاتووە،....))[3] هەڵبەتە ئەم ئاوڕدانەوەیە لە فۆڵکلۆرو بەیتی میللی کوردی و زیندوکردنەوەی دەرئەنجامی کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرایەتییە.

هەروەها (هێمن) لە شیعرەکانیدا لە پاڵ سەروای یەکگرتوو دا سەروای مەسنەوی (جووت سەروا)شی بەکارهێناوە. ئەو جۆرە سەروایەش بەشێکی زۆری شیعرەکانی پێ هۆنیوەتەوە. بۆ نموونە: لە شیعری (ناڵەی جودایی) دا سەرواو قافیەی مەسنەوەی بەکارهێناوە بەم شێوەیە: (أ أ، ب ب،.... ) کە دەڵێت:[4]

ساقییا! وا بادەوە، وا بادەوە

روو لە لای من کە بە جامی بادەوە

موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن

زۆربەیان شاد و بە کەیف و بێ خەمن[5]

هۆنینەوەی شیعر بەم جۆرە سەروایە و لادان لە سەروای یەکگرتووی کلاسیك هەم دیسان دەرهاویشتەی بەرجەستەکردنی گوتاری نەتەوەگەراییە لە شیعرەکانی (هێمن)دا و گەرانەوەیە بۆ شیعری میللی و خۆماڵی کوردی.

[1] پروانە ئەم سەرچاوانە:
- ئیحسان مەردۆخ ڕۆحانی. نەتەوەخوازی و کێشی شیعری کوردی. ل.257.
- د.مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. ل.461-462.
[2] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن، ل.137
[3] د.مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. ل.462-463.
[4] پروانە: ئیحسان مەردۆخ ڕۆحانی. نەتەوەخوازی و کێشی شیعری کوردی. ل.194.
[5] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.274.

## 2-1-5-1-2. بەرجەستەبوونی کاریگەی گوتاری نەتەوەگەرایی لەسەر وێنەی شیعری:

بەرجەستەبوونی کاریگەرییەکی تر لەسەر فۆرم و روخساری شیعرەکانی (هێمن)دا لە ئەنجامی لە باوەشکردنی گوتاری نەتەوەگەرایی، بریتییە لە وێنەی شیعری جیاوازو کوردانە. دەتوانین بڵێین کەوا ((وێنەی شیعری لە شیعرەکانی هێمن دا تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی هەیە و خاوەنی ناسنامە و سەربەخۆیی خۆیەتی جیاوازە لە هی شاعیرانی تر.))[1] زۆر جوان وێنە شیعرییەکانی لە شیعرەکانیدا نەخشاندووە و لەسەر بنەمای ناسنامەیەکی کوردانە و خۆماڵیانە تابلۆکانی بنیاتناوە و ئیلهامی زۆربەی وێنەکانی لە مێژوو کەلتوور و سروشتی کوردستان وەرگیراوە.

شاعیر توانیویەتی وێنەی بارودۆخ و ژیانی رەنجبەر و مەزلومیەت و رووداو و کارەسات و غەم و ئازارو ئەسرین و تەنانەت جوانی و ئازایەتی و کۆڵنەدانی گەل و نەتەوەکەی لە شیعرەکانیدا بنەخشێنێ چ لە میانەی هەستێکی رۆمانسیانە، یان دیدێکی رەخنەگرانە و شۆرشگێرانە و نەتەوەگەرانە. دیارە ئەمەش دەرهاویشتەی هەبوونی ئەو سۆز و خۆشەویستییەی شاعیرە بۆ گەل و نیشتمانەکەی. سۆزو خۆشەویستییەك کە زۆربەی شیعرەکانی کردۆتە مینبەرێك بۆ گوتاری نەتەوەگەرایی و خستنەڕووی وێنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری نەتەوەکەی.[2] یان بڵێین ((هێمن بەهۆی هەستیاربوونیەوە زۆربەی گۆڕانکاری و بەسەرهاتەکانی نیشتمان و زێدەکەی دەکاتە هەوێنی شیعر و وێنەی شیعریی نوێی پێ خوڵقاندوون.))[3] هەڵبەتە ئەم وێنە شیعرییە نوێیانەش دەرهاویشتەی گوتارە نەتەوەگەرییەکانییەتی.

شاعیر بە وێنە شیعرییەکانی بەرجەستەی گوتاری نەتەوەگەرایی خۆی دەکات و لەو دەرئەنجامەدا وێنە شیعرییەکانی تایبەتمەند و جیاواز دەردەکەون. بۆ نموونە لە شیعری (یادگاری شیرن) شاعیر دەڵێت:

بەژنەکەت سێدارەیە، کەزیەت تەنافە زووبە دەی
بیخە ئەستۆی من کە کوردم کورد بەشی خنکاندنە[4]

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر لە رێگەی هونەری لێکچواندنەوە، کەوا بەژنی یارەکەی بە سێدارەو کەزیەی پرچیشی بە تەناف و داوی سێدارە. بەم شێوەیە تابلۆیەکی هونەری جوان دروست دەکات و وێنەی یارەکەی بە سێدارە دەنەخشێنێت و پاشان گوتارە نەتەوەگەرایەتییەکەی دەخاتە روو کە ئەویش خنکاندن و زوڵمکردنی بەردەوامە لە نەتەوەکەی. لەم شیعرەدا دەبینین چۆن شاعیر وێنە شیعریەکانی دەخاتە خزمەت گوتاری نەتەوەگەرایەتییەکەیەوە و لە رێگەی وێنەکانەوە دێت شارەزایانە و فێڵزانانە ئەو پەیام و ئامانجە نەتەوەگەرییە دەخاتەڕوو و لە پاڵ وێنەکاندا بەرجەستەیان دەکات و دەیانخاتە پێش چاوی خوێنەر و تاکی کورد. هەروەها لە کۆتایی شیعرەکەشدا دەڵێت:

خەڵکی دنیا رازی دڵداری بە بێتەل پێک دەڵێن
راسپاردەی لاو و کیژی کوردە ئێستاکەش شنە
رۆژی بەختی هەر لە ژێر هەورێکی رەشدا لاوی کورد
تاکوو روخساری کچی شاری لە پێش چاوان ونە
نایەڵێ گۆشەی برۆکەت دەرکەوێ چارشێوەکەت
ئەی لە دەس ئەو چڵکە هەورە مانیعی مانگ دیتنە
چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێردەست کە کچ دابەستە بێ
بەس نەبێ ئەو کۆیلەتی و ئەو کچ لە ژوور دابەستنە[1]

---

[1] رزگار عومەر فەتاح. رۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نووری دا. هەولێر: چاپخانەی موکریانی، ل.202.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.203.
[3] جەعفەر قارەمانی و سەید ئەسعەد شێخ ئەحمەدی. جوانیناسی و شیعری هێمن. گۆڤاری توێژینەوەی ئەدەبی کوردی، ساڵی 3، ژمارە ٤، پایز و زستانی ٢٠١٦، ل.171.
[4] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.114-115.

لێرەدا وێنەی چارشێوی یارەکەی بە هەورێکی چلکن دەچوێنێت و رووی یارەکەشی بە مانگ، بەمەش دەیەوێت وێنەیەکی قێزەون بداتە بە چارشێو و پاشان راستەوخۆ پەیامە نەتەوەگەرایەتییەکەی ئاراستەدەکات و ئەم چارشێو پۆشین و بەربەستە بە دیلی و کۆیلایەتی ئافرەت دا دەنێت و زەنگی مەترسی ئەو کۆیلایەتییە بە گەلەکەی رادەگەیەنێت. بەم شێوەیە دەبین شاعیر بەردەوام وێنەکان دەبەستێتەوە بە گوتارە نەتەوەگەراییەتییەکی. هەروەها جگە لەم شیعرە لە چەندین شیعری تریش وێنە شیعرییەکان دەخاتە خزمەتی گوتاری نەتەوەگەرایەتییەکەی. دەرئەنجامی ئەمەش وێنەی شیعری جیاوازو تایبەت لە شیعرەکانیدا نەخشێنراون.

### 3-1-5-1-2 بەرجەستەبوونی کاریگەی گوتاری نەتەوەگەرایی لەسەر زمانی شیعری:

زمانی شیعری کلاسیکی کوردی بەگشتی زمانێکی قورس و زمانی دەستەبژێر زمانێکی پڕ لە وشەی بێگانەی عەرەبی و فارسی و تورکی بووە و گرنگی بە زمانی پەتی کوردی و زمانی میللی و عەوامی خەڵکی نەداوە، چونکە ((بە گوێرەی روانین بۆ شیعری کلاسیك کە وەکو ئەدەبی چینی ئەرستۆکرات سەیر دەکرێت، بێگومان دەبێ زمانەکەیشی لەو ئاستەدا بێت. یەکێك لە کێشەکانی شیعری کلاسیکی پەیوەندی بە زمانی نووسینەوە هەیە کە زمانێکی تێکەڵاوە لە زاراوەی عەرەبیو فارسی تورکی. رەنگە یەکێك لە هۆکارە دیارەکانی ئەو هەموو وشەو زاراوە عەرەبیو فارسیو تورکییە لە دەقی کلاسیکی کوردیدا سەرباری باڵادەستبوونی کەلتووری ئەو نەتەوانە بە هەموو رەگەزەکانییەوە بەسەر کەلتووری کوردیدا،....))[2]، بەڵام بەهۆی هەستی و هزری نەتەوەگەرایی و گەرانەوە بۆ شیعر و ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و نەتەوەیی و لە بەرجەستەکردنی گوتاری نەتەوەگەرایی لە دووتوێی شیعرەکاندا زمانی شیعری کوردیش بێبەش نەبووە لە نەتەوەگەرایەتی و ئەویش پشکی خۆی بەرکەوتووە و بەرەو پەتیبوون و پاکبوونەوە لە وشە و زاراوەی بێگانە و سادە و ساکاربوون و نزیکبوونەوە لە زمانی خەڵك هەنگاوی ناوە.

لایەنێکی تری روخساری شیعری (هێمن) کە کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرایی کەوتۆتە سەر؛ ئەویش زمانی شیعرییە. شاعیر لە زۆربەی شیعرەکانیدا خۆی دوور خستۆتەوە لەو زمانە کلاسیکییە هونەریی و قورس و شاراوە و ناراستەوخۆییەی کە شاعیرانی کلاسیك شیعرەکانیان پێ دەرازاندەوە. زمانێك کە زیاتر کەسی نوخبەی کۆمەڵگا سەری لێ دەردەکرد و کەسی عەوام بە باشی لێی حاڵی نەدەبوو. (رزگار عمر) لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا لە بارەی زمانی شیعرەکانی (هێمن)ەوە دەڵێت: ((... زمانێکی سادەو ساکار و تەڕو پاراو و ڕەوانەو هەڵقوڵاوی زمانی ڕەسەنی لادێکانی کوردستان بووە.))[3] شاعیر خۆشی لە لادێ ژیاوە و ئامانجیشی زیاتر هۆشیارکردنەوەی چینی لادێی و جوتیار و کرێکار بووە، بۆیە هەر بە زمانی ئەوانیش گوتارە نەتەوەگەراییەتییەکانی خۆی ئاراستەکردووە. هەروها کەسێکی وەکو (د. قاسملوو) هەر لە بارەی زمانی شیعرەکانی (هێمن)ەوە دەڵێت: ((زمانی هێمن سادە و پەتی و رەوانە، هەم ئەدیب و نووسەری کورد پێی خۆشە و هەم نەخوێندەواری کورد لێی حاڵی دەبێ:

هەزار خۆزگەم بە خۆت شوانە     کە بەو مانگەشەوە جوانە
دانیشتووی لە رژد و هەڵدێر     پەنجە دەبزێوی لە بلوێر
لەگەڵ تەبیعەت هاودەمی     شادی، بە کەیفی، بێخەمی))[4]

---

[1] هەمان سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو،

[2] عەتا قەرەداخی. رەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیعر لای مەحوی. ماڵپەری (وتاری کورد)، 09-08-2022، وەرگیراوە لە: 14/ 11/ 2024، بەم لینکە: عەتا قەرەداخی: رەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیعر لای مەحوی - WTARIKURD.

[3] رزگار عومەر فەتاح. رۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نووری دا. ل.215.

[4] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.15.

بەکارهێنانی ئەم زمانە سادە کوردییە پەتیەی (هێمن) لە شیعرەکانیدا دەگەڕێتەوە بۆ هەست و هزرە نەتەوەگەراییەتییەکەی، شاعیر لە شیعرەکانیدا ئامانجی هۆشیارکردنەوەی خەڵك و بەخەبەرهێنانەوەیتیان. شاعیر شیعر بۆ کۆمەڵگایەکەی دەنووسێت، شیعر پێشکەشی عەوامی خەڵك دەکات، بە خوێندەوارو نەخوێندەوارت، بە زاناو نەزانت، رۆشەنبیر و نارۆشەنبیرتەوە. لە لای شاعیر شیعر ئامانجی شیعر خزمەتکردنی کۆمەڵگایە و باوەری بەو تیۆرە نییە کە هونەر تەنیا لە پێناوی هونەر دابێت و تەنیا بۆ کەسی نوخبەو هونەرمەند و روشەنبیرو شارەزا شیعر بهۆنییەوەو گرنگی بە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا نەدەی. هەروەك شاعیر لە شیعری (شینی گۆران) لە وەسف و لاوەندنەوەی شاعیری کورد (گۆران)دا ئەم راستییە دووپات دەکاتەوە و دەڵێت:

شاعیرێک بوو بەجەرگ و هەڵکەوتوو

پێشڕەوی گەل بوو نەک لە گەل کەوتوو[1]

بەم شێوەیە دەبینین شاعیر خۆشی باوەڕی بەوە هەیە کە شاعیر دەبێ پێشڕەوی گەڵ بێت و شاعیری گەڵ و نەتەوەکەی بێت و تەنیا شاعیری نوخبە نەبێت. هەر لەبەر ئەم هەستە نەتەوەگەراییە کەوا شاعیر لە شیعرەکانیدا بۆ ئەوەی ببێتە پێشڕەو ئاراستەکەری میللەت پەنا دەباتە بەر زمانی سادەو زمانی عەوامی خەڵك و بە شێوەیەکی ناسك و جوان و ساکار و پەتی گەلەکەی خۆی بدوێنێت و گوتارە نەتەوەگەراییەتییەکەی خۆی پێشکەشیان بکات و خۆی دوور بکاتە لە زمانی ئاڵۆز و پڕ لە وشەی بێگانەی نارەسەن. ئەگینا شاعیر هەم زمانی فارسیی باش دەزانی، چونکە خوێندنی بە زمانی فارسی بووە، هەروەها هەمیش خوێندنەوە و وردبوونەوە و شارەزاییەکی زۆری هەبووە لەسەر هەم شیعری شاعیرە کلاسیکییە کوردەکانی وەکو (نالی، سالم، شێخ رەزا،...هیتر)، وەهەمیش لەسەر شیعری شاعیرە فارسەکانی وەکو: (سەعدی و حافز و...هیتر). هەروەك شاعیر لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا کاتێك دێتە سەر باسی خۆی و (هەژار) دەڵێت: ((جاروبار خۆمان لەگاڵتەوگەپ دەدزیەوە و شیعرمان دەخوێندنەوە. هەموو شوێنەوارەکانی سەعدی و حافز و مەولەوی و کەلیم و سایب و شاعیرە بەرزەکانی فارسمان پێکەوە دەخوێندەوە و هەر تێگیراوێیەکی هەشمان با ڕەهاکردنی هاسان بوو. خانەقا ئەدیبی زۆر گەورەی لێ بوون، لێمان دەپرسینەوە. مەلا قادرێکی پیری لەرزی دەنگ نووساوی لێ بوو، هەر بە حاڵ مابوو. ئەگەر بڵێم ئەو مەلایە ئاساری سەعدی لە خودی سەعدی باشتر دەزانیێ پێم وایە موبالەغەم نەکردووە.))[2] هەر بۆیە هەم بە ئاسانی دەیتوانی بە زمانی فارسی شیعر بنووسێت و هەمیش بە زمانی هونەری قورس و ئاڵۆز شیعرەکانی بهۆنێتەوە، بەڵام دیارە گوتارە نەتەوەگەراییەتییەکانی ناچاری کردووە بە زمانی عامی خەڵك شیعرەکانی پێشکەش بکات، تاوەکو ببێتە مایەی هۆشیارکردنەوەی خەڵك و سوتەمەنی ئاگری شۆرش و بەرخودان.

**2-1-5-2. گوتاری نەتەوەگەرایی و کاریگەریی و رەنگدانەوەکانی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی "هێمن"دا**

ناوەڕۆکی شیعرەکانی هێمن وەکو پەلکە زێرینە زۆر رەنگ و شێوەی لە خۆگرتووە، هەر لە بابەتی خۆشەویستی و وەسف و پیاهەڵدان و هاندان و... هیتر بگرە، تاوەکو ریسواکردن و رق و دوژمنایەتی و... هیتر. لەو لاشەوە باسی چەندین پرسی وەکو: ژن، گەل، خاك، نیشتمان، فێربوون و خوێندن، مەزلومیەتی جوتیار، زوڵم و زۆری ئاغا و دەرەبەگ، نەزانی و دواکەوتوویی،...هیتر. لە پاڵ چەندین بابەتی مێژوویی و کلتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و... هیتر، بە شێوەیەکی گشتی هێمن وەکو شاعیرێکی ریالیستی خاوەنی ناوەرۆکێکی ریالیزمی رەخنەگرانەیە و بە چاوێکی ریالیزمی رەخنەگرانە دەروانێتە سروشت و ژیان و ئادەمیزاد و کۆمەڵگاو دەیەوێت لەم رێگەیەوە گەلەکەی بۆ بەرەو پێشچوون هان بدات. لە هەندێك شیعریشدا لە رێبازی ناتورالیزمی نزیك دەبێتەوە وەك خۆی هەرچی دەیبینێ دەیانخاتەڕوو نایەوێت لە چاویلکەی رەخەوە پیشانمان بدات، بەڵکو وەکو فۆتۆگرافێك وێنەیەکی کۆپی

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.198.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.29-30.

کراومان پێشکەشدەکات، ئەم جۆرە ناوەڕۆکە ناتورالیزمییەش لە شیعرەکانی: (بەهاری کوردستان، لەبیرم مەکە و... هیتر) بەرچاو دەکەوێت.[1]

هەروەها لە پاڵ ناوەڕۆکی ریالیزمی رەخنەگرانە و ناتورالیزمدا ناوەڕۆکی رۆمانسیزمانەشی لە خۆگرتووە و لە بەشێك لە شیعرەکانیدا ناوەڕۆکی شیعرەکانی بە شێوەیەکی رۆمانسیزمانە بەرجەستەدەکات. بە تایبەت کە باس لە وەرزی زستان و پایز دەکات. هەڵبەتە ((هێمن لە وەسفی وەرزەکانی ساڵدا زیاتر باسی زستان و پایزی کردووە. بەتایبەتی وەرزی پایز لای شاعیرانی ڕۆمانسیزم بە گشتی و لای هێمن بەتایبەتی بەشی شێری وەرگرتووە و پانتایەکی فراوان و گەورەی هەیە، چونکە ڕەنگ و ڕوخسار و سیماکانی ئەم وەرزە کۆک. تەریبە لەگەڵ دەروونی تاریك و خەماوی شاعیر.))2 هەروەك لە شیعری (ئێوارەی پایز) بە شێوەیەکی رۆمانسیزمانە خەم و پەژارە و دڵتەنگی خۆی لە تابلۆیەکی وەرزی پایز دەنەخشێنێ.[3]

لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی هێمن زیاتر بابەتی جوانی و حەز و خۆشەویستی ئافرەت و سروشت و نیشتمان و ئازادی و گەل رەنگی داوەتەوە، هەربۆیەش دەتوانرێت شاعیر بە شاعیری جوانی و حەزو خۆشەویستی بۆ ئافرەت و سروشت و گەل و نیشتمان و ئاشتی و ئازادی ناوببرێت. هەروەك شاعیر خۆی لە شیعری (فرمێسکی رونوو)دا ئاماژە بە هەست و ویستی خۆی دەکات و دەڵێت:

شاعیرم، جوانی پەرستم، دڵتەڕم، شێتم، لە شۆق
کێوی بژوێن، دیمەنی جوان دەشتی رەنگینم دەوێ
من بەفرمێسکی رونووی کوێستانی کورد پەروەردە بووم
کولمی ئاڵ و چاوی کاڵ و سینگی بەفرینم دەوێ[4]

هەرچەندە ناتوانین شیعرەکانی هێمن بەبێ دوو دڵی بخەینە خانەی شیعری نوێ و مۆدێرن، بە تایبەت لە لایەنی فۆرم و روخساری شیعرییەوە، بەڵام ئەمە مانای وانییە کە بڕیاری شیعری کلاسیکیش لە سەر شیعرەکانی بدەین، چونکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرەکانی بە زەقی نوێبوونەوە و مۆدێرنبوونی لە باوەش گرتووە، سەرەرای لە خۆگرتنی چەند لادان و گۆرانکاری و نوێکارییەك لە فۆرمی شیعرەکانیشیدا، کە پێشتر بە کورتی قسەمان لەسەر کرد. هەر بۆیە لێکۆڵەران ناتوانن شیعرەکانی (هێمن) بخەنە خانەی شیعری کلاسیکی کوردی و بە چاوێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و نووسەر و لێکۆڵەرانێك بە شیعری کلاسیکی نوێ (وەکو قۆناغی دووەمی شیعری کلاسیکی کوردی، قوتابخانەی موکریان، دوای شیعری کلاسیکی کوردی، قوتابخانەی بابان، تۆماربەندی دەکەن)، یان شیعرەکانی بە شیعری پەڕینەوە و ناوبەند، یان شیعری نوێخواز لە ژێر بڕیار و بنەمای ناوەڕۆکی شیعرەکانییەوە.[5] هەرچۆنێك بێت هەروەکو (د. بەختیار سەجادی) دەڵێت: ((کە دەڵێین مامۆستا هێمن مۆدێرنیست نییە بەو مانایە نییە کە نوێخواز نییە بە مانای بەرتەسکەکەی، بەو مانەیەی کە شێوە و شکڵ و قاڵب و فۆرم و پێکهاتەی شیعری هێمن نوێخوازانە نییە کەچی ناورۆکەکەی نوێخوازنەیە، ئەو قاڵبانەی مامۆستا هێمن بەکاریان ئەبات کلاسیکین و چەندین کەس باس لەوە ئەکەن کە هێمن ڕاستە بە هۆی ڕەچاوکردنی قاڵبە کلاسیکییەکانی شیعرەوە ناچێتە خانەی نوێخوازییەوە، بەڵام بێجگە لە ناوەرۆک و واتاکانەوە خودی ئەو شێوازە زمانییەی بەکاری ئەهێنێ مۆدێرنیستییە. ئەو نزیک دەبێتە لە زمانی خەڵکی ئاسایی، لە کۆشکەوە دێتەوە خوارێ ئەچێتە ناو قوژبنەکانی کۆمەڵگاوە، تۆزێ سادەتر ئەبێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا قاڵبەکە کلاسیکییە.))[6] لەگەڵ ئەمەشدا بە کێشی بڕگەی فۆلکلۆری و میللی و نەتەوایەتی بەشێکی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.13.
[2] رزگار عومەر فەتاح. رۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نووری دا. ل.62.
[3] بۆ زیاتر زانیاری پروانە: رزگار عومەر فەتاح. رۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نووری دا. ل.62-64.
[4] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل. 359.
[5] پروانە: ئیحسان مەردۆخ ڕۆحانی. نەتەوەخوازی و کێشی شیعری کوردی. ل.256.
[6] د. بەختیار سەجادی (وتووێژ). هێمن لە نێوان نوێخوازی و نوێبوونەوەدا. چاوپێکەوتن، لە ماڵپەڕی ماڵی کتێبی کوردی، ؟.

گەورە لە شیعرەکانی دەهۆنێتەوە و لە لایەنی ریتم و مۆسیقا و رەمز و جۆری شیعریشدا کەم و زۆر لادان و نوێکاری و تازەگەری بەرچاو دەکەوێت.
گوتاری نەتەوەگەرایی کاریگەرییەکی راستەوخۆ و زۆر و بەرچاوی لەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن) دروستکردووە، کە لە ئەنجامدا بووەتە هۆی دەرکەوتنی چەندین بابەت و باس و سیما و تایبەتمەندی لە دوو توێی ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا. هەرچۆنێك بێت لێرەدا لە بەر کەمی دەرفەت تەنیا بە هەڵوەستەکردنێکی کورت و پوخت باس لە چەند دەرهاویشتەیەکی بەرچاوی ئەو کاریگەرییانەی گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن)دا بەرجەستەی کردوون، دەخەینەڕوو:

### 1-2-5-1-2. پەیوەستکردنی خۆشەویستی ئافرەت بە خۆشەویستی نیشتمان:

هێمن بە شاعیری خۆشەویستی ئافرەت و جوانی ناسراوە و لە شیعرەکانی دا جوانی ئافرەتی لاواندۆتەوە بە شێوەیەکی وا کە دەتوانین بڵێین ((هێمن یەکێکە لەو شاعیرە بەدەسەڵات و بێ هاوتایانەی بەکامێرای هەست و نەستی چاوەکانی زۆربەی شیعرەکانی بە تابلۆی جوان و ئاڵاو واڵای ئافرەتان ڕازاندۆتەوە. تەنانەت لە باسی خۆشەویست و وەسف و ستایشی عەشق و ئەوینی جوانی ئافرەتان دا وەستایەکی بێ هاوتا بووە. بۆیە زۆر لەو شیعرانەی کە بۆ ئافرەتی نووسیوە لە لووتکەدان لە ڕووی بەرزی و وردی و قووڵیی بیر و فراوانیی خەیاڵ و ئەندێشە کاریگەری و بەتینیی هەست و سۆز و نەرمونیانی و ناسکی و تەڕ و پاراویی زمانەکەی. بەمەش شێوازێکی تایبەتی بە خۆیەوە گرتووە، کە خاوەنی خەسڵەت و سیمای تایبەتی خۆیەتی و شێوازێکی هێمنانەیە و دەچێتە خانەی جوداکاری و داهێنانەوە.))[1] داهێنانێك کە بووەتە بەشێك لە ناسنامەی شیعرەکانی شاعیر.

بێگومان شاعیر شەیدای جوانییەو ئاشقی هەموو شتێکی جوانی نێو سروشتە. لە هەموو شتێکی نێو سروشت جوانتر لە لای ئەو جوانی ئافرەتە. بۆیە ئافرەت بووەتە مایەی لوتکەی جوانی لای شاعیر و ئەم هەستەش زۆر بە ئاشکرا لە دوو توێی شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە. هەر لەبارەی جوانییەوە شاعیر دەڵێت: ((جوانییش زۆر تەئسیری لەمن کردووە، جوانی دیارە بە هەموو مەعنای کەلیمەوە، بەڵام جوانترین شتیش لە نەزەر منـدا ژن بووە، یانی ئینسان بووە کە دیارە جنسی موخالیفە))[2] ئەو دانپێدانانەی خۆی زیاتر دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی کە بڵێین سەرقافڵەی جوانی لای شاعیر جوانی ئافرەتە و ئیلهامدەری شیعرەکانییەتی، هەروەك (د. قاسملوو) لە بارەی رەنگدانەوەی ئافرەت لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا دەڵێت: ((ژن لە شیعری هێمن دا رۆڵێکی زۆر گرینگی هەیە. جوانی ژن ئیلهام دەری شاعیرە. سەرانسەری دیوانی هێمن ئەوراستییە دەر دەخا کە وێڕای تەبیعەت و ژیان و خەباتی گەل، ژنە کە هێمن بۆ شیعر گوتن هان دەدا. شیعرەکانی هێمن لە سەر ژن نموونەی شیعری بەرزی کوردین.))[3] چونکە زۆر بە جوانی و بە شێوەیەکی هونەری کاریگەر سەلیقەوە هەست و هۆش و خایاڵی خۆی بەرامبەر بە ئافرەت هۆنیوەتەوە.

یەکێك لە دەرهاویشتە بەرچاوەکانی کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرایی لەسەر ناوەڕۆکی شیعری (هێمن) بەستنەوەی خۆشەویستی ئافرەتە بە خۆشەویستیی نیشتمانەوە. واتە: ((هێمنی شاعیر زیاتر لە خۆشەویستییەکی لە پۆتەیەکدا تواندۆتەوە ئەویش خۆشەویستیی ئافرەت و نیشتمانە، کە هەریەک لەم دوو خۆشەویستییە لای شاعیر هێندە ئاوێتە و هاوڕێکن کە بەشێوەی دوو ئاڕاستەی تەریب دەر دەکەون و کەم جار هەیە یەکێکیان پێش ئەوەی تریان بکەوێت، بەڵکو هەمیشە لە پێش بڕکێ دان. ئەمەش لە سیما و تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی شیعری هێمنە.))[4] ئەم تایبەتمەندییەشی دەرهاویشتەی ئەو بیروباوەرە نەتەوەگەرایەتییەیە کە شاعیر شیعری بۆ دەنووسێت.

---

[1] رزگار عومەر فەتاح. رۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نووری دا. ل.78.
[2] هێمن. چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز. چاپی دووەم، مهاباد: چاپەمەنی و ئینشاراتی ڕەهرەو، 1999، ل.129.
[3] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.13-14.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.16.

ئەم پەیوەستکردن و تێکەڵکردنەی خۆشەویستی و نەتەوەگەرایی شاعیر کارێکی ویستدارانە و ئاگادارانەیە و بە رێکەوت و بێئاگایانە نییە، هەروەك خۆی ئاماژە بەم راستییە دەکات و لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: ((من نەرمیی دڵداری لەگەڵ ڕەقیی سیاسەت تێکەڵا دەکەم..))[1] دیارە دەیەوێت شیعرەکانی نەبنە مینبەرێ رەقیی سیاسەت و گوتاری نەتەوەگەرایی، بۆیە بە تەلیسمی دڵداری گوتارە شیعرییەکەی نەرم و حەلیم بکات و پڕیکات لە چێژو هەست و خەیاڵی رۆمانتیزم و خۆرشان، تا ئەم رێگەیە، وەکو دەرمانی بێهۆشکەر بەکاربهێنێت و بیکاتە دەرفەتێك بۆ توانینی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ دەردی لارەشەی بێ ئاگایی و دواکەوتوویی و بێناسنامەیی و نەخوێندەواری و دیلی و ژێردەستی کۆمەڵگایەکەی و بەرەو ئومێدی ئازادی و سەربەخۆیی و دەوڵەتسازی بیانبات.

به دەربڕینێکی تر (( هێمن جوانی و عیشق و ئەوینی ئینسانی لە ئەوینی نیشتیمان و نەتەوەکەی جیاناکاتەوە، بۆیە دەبینین زۆربەی شیعرەکانی لە سەرەتادا، یا لە رووکاری سەروەدا، واتە بەرووکەش دڵدارین و بەهەستی گەرمی خۆشەویستی دەست پێ دەکەن و تا وردە وردە لە دوایی دا، یا لەناواخن و قوڵایی دا، نێوەڕۆکێکی نیشتیمانی و سیاسی شۆڕشگێڕانە بەخۆوە دەگرن. (.....) بە تێکلاو کردنی، هەستی نیشتیمان پەروەری و جوان پەرستی لە شیعردا جۆرێک لە (غەزەلی سیاسی)دا بهێنێ، کە دەتوانین بڵێین ئەمە هونەرێکە و بە بەژنی ئەو دابڕاوە.))[2] ئیتر ئەم جۆرە هونەرە شیعرییە بە کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرایەتی دروستبووە.

ئەم پەیوەستکردنەی خۆشەویستی ئافرەت بە خۆشەویستی نیشتمان لە چەندین شیعری (هێمن)دا دەبینرێت، بۆ نموونە لە چوارینە شیعری (بۆ کچە کوردێک)دا شاعیر خۆشەویستی یارەکەی پەیوەستدەکات بە خۆشەوستی نیشتمانەکەی و لە چاویلکەی ئەو خۆشەویستییە دەڕوانێتە خۆشەویستی یارەکەی و بڕیار و گەرەنتی خۆشەویستی بۆ یارەکەی دەکەوێتە دەستی نەتەوەگەرایەتی شاعیر، بۆیە دەبێت خۆشەویستی یارەکەی لە سەر بنەمای هاوتا و هاورێك بێت لەگەڵ خۆشەویستی نیشتمانەکەی و دژیەکی و لادان لە خۆنەگرێت، ئەگینا خۆشەویستی بۆ یارەکەی ئیدامەی نابێت. لێرەدا نەتەوەگەرایی دەبێتە جێگرەوەی جوانی روخساری یارەکەی و وەکو جوانییەکی ناخەکی دەبێتە پێوانەی جوانی یار و جیاواز لە ناوەڕۆکی شیعری شاعیرانی کلاسیك کە جوانی یارەکەیان مایەی رەزامەندی و پەرستن بوو و خۆشەویستی یار پەیوەست دەکرا بە جوانی لاشە و هەست و خرۆشی مێیانەیَ. هەروەك لە شاعیرکەدا دەڵێت:

کچە کوردێکی نەشمیل و لەباری
بەوەی نییە ماوەیێکە چوویە شاری
ئەگەر پێت خۆشە هەروا بتپەرستم
نەکەی لادەی لە دابی کوردەواری[3]

زۆر بە ئاشکرا دەبینین لەم پارچە شیعرەدا شاعیر خۆشەویستی یارەکەی، وەکو ئافرەتێك، پەیوەست دەکات بە لانەدانی لە داب و نەریت و کلتوری کوردەواری، هەڵبەتە کلتور و دابونەریتیش وەکو بنەمایەکی نەتەوەگەرایی و ناسنامەی کوردبوون شاعیر هەڵوەستەی لەسەر دەکات و نایەوێت یارەکەی لە شاردا لە دەستی بدات و لە جیاتی کلتوری کوردەواری دەست بگرێت بە کلتوری بێگانە و ناسنامەی خۆی لێ بگۆرێت. چونکە ئەگەر یارەکەی پارێزگاری لە بنەمای نەتەوەگەرایەتی خۆی نەکات و لە خۆی بگۆرێت ئیتر خۆشەویستی شاعیر لە دەست دەدا. واتە: شاعیر خۆشەویستی بۆ یارەکەی پەیوەست و بەندە بە خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوەکەی و لە فەرهەنگی خۆشەویستی نیشتمانەکەشیدا نابێت دڵ بدات بە ئافرەتێکی کوردی گۆراو و دۆراو.

---

[1] محەمەج فەریق حەسەن. هێمن و بۆنی غەریبی. 68.
[2] عثمان حمد خضر. ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەلایەتی لە شیعری هێمن، ل33.
[3] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.416.

بێگومان دیاردەی ئەم پەیوەستکردن و هاوتاکردنەی خۆشەویستی ئافرەت لەگەڵ خۆشەوستی نەتەوەگەرای لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیردا دەرهاویشتەی کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرایەتییە لە سەر ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا.

### 2-1-5-2-2. بەرزتر راگرتنی خۆشەویستی نیشتمان بەسەر خۆشەویستی ئافرەت:

هێمنی شاعیر هەرچەندە ئافرەتی لەلا لە هەموو شتێکی ناو سروشت جوانتر و گرنگترە، خۆشەویستی بۆ ئەو لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و بە جوانترین وەسف و بە کاریگەرترین هەست دەیلاوێنێتەوە، بەڵام لە هەندێك شیعریدا نیشتمان قەدو باڵای بەسەر جوانی و خۆشەویستی ئافرەت دەکەوێتەوە و نیشتمان دەبێتە تاکە یار و خۆشەویستی شاعیر و نایگۆڕێتە بە هیچ شتێك و شوێنی خۆشەویستی نیشتمان لە خۆشەویستی ئافرەت بەرزتر دەبێتەوە و دەگاتە لوتکەی خۆشەویستی. دیارە ئەم هەستەش دەرهاویشتەی ئەو گوتارە نەتەوەگەراییەتییە کە (هێمن) شوێنێکی فراوان و سەرەکی لە باوەشی شیعرەکانی بۆ تەرخانکردووە. نیشتمان شوێن بە خۆشەویستی ژن لە شیعری شاعیر لەق دەکات و خۆی دەبێتە قیبلەی خۆشەویستی.

هەر لە بارەی بەرزتر راگرتنی خۆشەویستی نیشتمان لە چاو خۆشەویستی ئافرەت لە دوو توێی شیعرەکانی شاعیردا (د. قاسملوو) دەڵێت: ((هێمن ژنی خۆشدەوێ، دەیپەرستێ و نرخی هەموو جوانیەکانی ئەو دەستکردە نایابەی تەبیعەت دەزانێ؛ بەڵام لە لای هێمن خەبات بۆ رزگاری گەل، بۆ ئازادی کۆمەڵانی خەڵک لە ژن خۆشەویستترە.))[1] بێگومان شاعیر خۆشەویستی نیشتمان و پرسی نەتەوەگەرایەتییەکەی لە لا گرنگتر و خۆشەویسترە لە یارەکەی و بۆخاتری وڵاتەکەی ئامادەیە لە یارەکەشی دوورکەوێتەوە و ببێت بە مەجنون و شەیدای سەربەخۆیی وڵات. هەروەك لە شیعری (شەنگەبێری)دا روودەکاتە یارەکەی و پێی دەڵێت:

شەنگەبێری گراوی خۆم وێنووسی جەماڵ و جوانی؟
ئێستاش پاڵێنێ وەک جاران لە شوان و مێگەل دەڕوانی؟
وا من پێشمەرگەم دەجەنگم بۆ وڵاتی لە تۆ شیرنتر
نەم دەدا بەتەختی شایی دەنا بەردەبێری شوانی
راستە تۆ جوانی، لەباری، نازداری، شۆخی، نەشمیلی
کوڵمت گەشترن لە گوڵ و خاڵت رەشترن لە زیلی
جیابوونەوەت دەردە، بەڵام تۆش دەزانی تامی نییە
ژوان و شەوڕاو و دڵداری، راز و نیازی بە دیلی[2]

لەم پارچە شیعرەدا دەبینین شاعیر بە ئاشکرا بە یارەکەی دەڵێت وڵاتەکەم لە تۆ شیرینتر و خۆشەویسترە لە دڵمدا و بۆیە بۆ ئەو بویمە پێشمەرگە و لە تۆ دوورکەوتوومەتەوە. پاشان پێی دەڵێت راستە جیابوونەوە و دووری لە تۆی جوان و نازدار دەرد و ناخۆشییە، بەڵام ئازادی وڵات و نیشتمان گرنگترە و بە بێ بوونی وڵاتێکی ئازاد و سەربەخۆ و رزگاربوون لە دیلی و ژێردەستی جوانی تۆ و خۆشەویستی و باوەشی گەرمت هیچ تام و مانایەکی نییە، بۆیە ئەگەر لەگەڵێشت بمێنمەوە لەم دیلیی و ژێردەستییە چێژ لە خۆشی ژیان و باوەشی تۆ ناکەم و دەبێ یەکەمجار وڵاتی لە تۆ خۆشەویسترم رزگار بکەم، ئەو وڵاتی مانا و چێژ و تام دەداتە خۆشەویستی نێوانمان و دەستلەملانێ و پێکەوە بوونمان.

بەم شێوەیە دەبینین گوتاری نەتەوەگەرایی کار لە ناوەڕۆکی شیعرەی (هێمن) دەکات و خۆشەویستیی نیشتمان دەخاتە پێش خۆشەویستی و بەیەکگەیشتنی یار.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.14-15.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.216.

### 3-2-5-1-2. ئامادەبوونی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە پاڵ هەموو هەستێکدا:

(هێمن) نەتەوەگەرایی لەگەڵ خوێنی تێکەڵ بووە بە شێوەیەکی وا کە لەگەڵ هەموو ترپەیەکی دڵیدا خۆشەویستی نیشتمان دەنگ دەداتەوە و لە هیچ شوێنێك ئۆقرە ناگرێت و هەردەم حەزو خولیای گەرانەوەیە بۆ باوەشی نیشتمانەکەی و دەستلە ملانێ لەگەڵ خاك و خۆڵ و خەڵك و یادگارییەکانی نیشتمان. روحی شاعیر هەرگیز ناتوانێت نیشتمانەکەی جێبهێڵێت، بۆیە ((...، کاتێ لە غەریبیی خەونیش دەبینێ، لە خەونەکانیدا لە وڵاتە. چونکە مێژوویەکی لەگەڵ تاراوگەدا نییە شیاوی هێنانەوە یادبێ و وابێ لە نەستیدا بنی نابێتەوە و لە نائاگایی و خەوندا جارێکی دیکە سەر هەڵبدەنەوە. بۆیە ئەو لە غوربەتیشدا هەر بیر لە پرسەکانی نیشتمان دەکاتەوە. خەون بەکەونە مەفتەنەوە دەبینێ. ڕەنگە هەندێ جاران زێدەڕۆیی لە نامۆیی خۆیدا بکات و زیاد لەپێویست بێزاری و دەردی دڵ بکات و زاراوەی وەک (بێ بژێو، بەشخوراو، پەڕوەریو..) بۆ خۆی بەکاردەبا؛ کە لەو باوەڕەدام بەو ڕادەیەش بێ دەرەتان نەبێت.))[1] بەڵام دووری نیشتمان دەردەکانی یەکجار گران کردووە و خۆشی و خەندەی لێ تۆراندووە.

پرسی نەتەوەگەرایی لە لای شاعیر ئەوەندە جێگای گرنگی دانە بۆیە لە هەموو کات و شوێنێك نیشتمانەکەی لە بیرناکات و هەر لە هزرو زهنی دێ و دەچێت، تەنانەت لە کات و شوێنی ژوانکردن لەگەڵ دڵدار و خۆشەویستەکەشی ناتوانێت نیشتمانە خۆشەویستەکەی لە بیرببەتەوە و گوتاری نەتەوەگەرایی لە کاتی ژوان و شایشدا ئامادەیی هەیە، هەروەك لە شیعری (تۆم هەر لەبیرە)دا دەڵێت:

لە شاییدا لە وەختی هەڵپەڕینا
لە خۆشیدا لە کاتی پێکەنینا
لە کۆڕی ماتەم و گریان و شینا
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە
بە شەو تاکوو بەسەرما زاڵ دەبێ خەو
بە رۆژ تاکوو دووبارە دێتەوە شەو
لە کاتێکدا کە دەدوێنم ئەم و ئەو
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە[2]

بەم شێوەیە دەبینین لەو کاتەی شاعیر خەریکی شایی و هەڵپەڕینە و دڵخۆش و شادومانە، یاخود لە پرسەو شین و گریان و ناخۆشی و کارەساتی دڵتەزێنە، تەنانەت لە هەموو کاتەکانی بێداری، چ لە شەودا بێ، یان لە رۆژ، هەروەها لە کاتی لەناو خەڵکە و خەریکی گفتوگۆیە، کەچی لە هەموو ئەو کات و شوێنانەدا هەر یادی نیشتمانەکەی فەرامۆش نەکردووە و بەردەوام لەگەڵ نیشتمانەکەی کات و ساتەکان دەگوزەرێنێ. هەروەها لە کۆتاییەکانی شیعرەکەیدا دەڵێت:

لە کوێستانێ دەمی راو و شکارێ
لە مەزرایە کە خۆم هەڵکرد لە کارێ
لە جێژوانێ کە دەکوشم مەمکی یارێ
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە
دەکەم تەرخان لە رێی تۆدا ژیانم
لە سەنگەردا بەرەو رووی دوژمنانم
بە خاکی تۆ دمی ئاویلکەدانم
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە[3]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، 52.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.104.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.105.

لەو کۆتاییی شیعرەکەشیدا شاعیر هەستی نەتەوەگەرایەتی و نیشتمانییەکەی بەردەوامە لەگەڵی و لەگەڵ خۆی بەرەو کوێستان و راووشکاری و تەنانەت جێی ژوانێش لەگەڵ یارەکەی دەبیات و لە حەساسترین کاتی چێژ و خرۆشانیش نیشتمانەکەی لە بیرناچێتەوە. بەڵێ شاعیری عاشقی جوانی ژن لەبەردەم نەتەوەکەی چۆك دەدات و لەسەر ئەژنۆ و بەردەوام دەست لەسەر سینگ دەبێتە دەروێشی عەیار بیست و چوار و ئیتر ژوانی دۆست و یارانیش نیشتمانەکەی لە بیرناباتەوە و وەکو شەیدا و مەجنوونێك لە هەموو کات و شوێنێك ئەو لە خەیاڵی خۆیدا هەر دەستلەملانە لەگەڵ عەشقە رەسەنەکەی، لەگەڵ نیشتمانە خۆشەویستەکەی، نیشتمان بووتە چرکە چرکی لێدانی دڵی و هەناسە یەك لە دوای یەکەکانی ژیانی و بۆ ساتێکیش شاعیر جێناهێڵێ و لەگەڵ هەموو هەستێکدا هەستی نەتەوەگەرایەتییەکەی هاوڕێیەتی دەکات. پاشان شاعیر لە دوا دوا دێرەکانی شیعرەکەیدا گوتاری نەتەوەگەراییەتییەکەی بە گوتارێکی بەرگری و فیداکاریدا هەستی خۆی ئاراستەدەکات و بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ و کاریگەرانە شەپۆلە وزەی بەرخودان و خۆڕاگری و خەبات و گیانفیدایی ئاراستەی گەنج و لاوانی وڵاتەکەی دەکات.

### 2-1-5-2-4. بەرجەستەکردنی چەندین وشە و هێما و زاراوەی گوتاری نەتەوەگەرایی:

(هێمن) لە شیعرەکانیدا چەندین وشەو زاراوەو ناو و هێمای جۆراو جۆری کردووەتە ئامراز و هەڵچنینی دێرو بەیتی شیعرەکانی و گەیاندنی هەست و خەیاڵ و هزر و پەیام و گوتاری شیعرەکانی. ئەوەی جێگەی باسە ئەوەیە کەوا لەبەرئەوەی شاعیر ((... ئەزموون و تاقی کردنەوەی ئەدەبی خۆی لەژیان و مێژووی پڕ لەمەینەت و ئەشکەنجەو ئازاری نەتەوەکەی هەڵێنجاوە،....))، بۆیە بەهەمان شێوە وشەو زاراوەو هێما شیعرییەکانیشی لە ژیانی واقیعی ناو کۆمەڵگایەکەی، بەتایبەت ژیانی کۆمەڵگای لادێکانی کوردستان و مێژووی دەوڵەمەندی نەتەوەکەی وەرگیراون و هیچیان نامۆنین بە فەرهەنگی زمانی کوردی و بە روحی تاکی کوردی و عەوامی خەڵك و خەڵکی جوتیارو رەش و رووتی لادێکانی کوردستان و ئەو وشە و زاراوانەی کە خەڵکی پێی دەدوێن و لە سەر زاری عەوامی خەڵکە. هەر ئەمەش وای کردووە شیعرەکانی (هێمن) هەم بۆ تێگەیشتن و هەزمکردنی لە لایەن کۆمەڵگای کوردەواری ئاسان و خۆش بێت و هەمیش لە روحیان نزیك بێت و کاریگەری و کارتێکردنی زۆری لەسەریان هەبێت و پەیام و ئامانج و مەبەستە شیعرییەکانی بە ئاسانی بۆیان بگوازیتەوەو سەرئەنجام بیانهەژێنێت و هەڵویست و ئومێد و خۆزگەو بڕیاریان لەلا دروستبکات.

هەروەها زۆرێك لە وشە بەکارهێنراوەکانی دەرهاویشتەی بەرجەستەکردنی گوتاری نەتەوەگەراییەکەیەتی، واتە: بۆ مەبەستی پێشکەشکردنی گوتاری نەتەوەگەراتییەکەی چەندین وشەو زاراوە و ناو هێمای لە شیعرەکانیدا ئاخنیوە و دەرئەنجام بووەتە کانگایەك لە وشە و زاراوە و ناو هێمای گوتاری نەتەوەگەرایی. بە شێوەیەکی گشتیش ئەو ناو هێما و وشە و زاراوانەش کە بە کاریگەرییی، یان بڵێین بۆ خستنەڕووی گوتارە نەتەوەگەرایەتییەکەی بەکاری هێناون و لە شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە ئەمانەن: (خاك، وڵات، نیشتمان، هەڵگورد، کێوی ئەلوەند، مەهابات، سەقز، سەردەشت، سابلاخ، کێوی بەرزی ئارێز، کوردستان، کوردەواری، سنوور، ئاڵا، بەیرەقی کورد، عەلەم، کورد، گەل، میللەت، جەماوەر، رۆڵەی کورد، نەتەوە، زێد، کرمانج، یەکگرتن، ئازادی و سەربەخۆیی، دەوڵەت، پێشکەوتن، ناسنامە، داگیرکەر، دوژمن، دەرەبەگ، شاهی خاین، دیکتاتۆر، سەددام، نووری سەعید، کەمال، گورگی بێداد، سێدارە، خوێن، شەهید ئازادی خواز، پێشمەرگە، تفەنگ، تێکۆشەر، خەبات، شۆرش، راپەرین، جەژنی ئیستیقلالی کوردستان. هەققی کورد، عەدالەت، مافی ژیان، بۆمی ئاتۆمی، رەمز و ناوی کەسایەتییە نەتەوەیی و مێژووییەکان: پێشەوا، رەئیس جمهوری کورد، قازی، سەرەك کۆماری کورد، حیزبی دیموکرات، جێژنی نەورۆز، ئاگری نەورۆز، موغ، ماد، کاوە، ئەژدیهاك، سمکۆ، مەم و زین، خانی، حاجی، گۆران، هەژار، پیرەمێرد، بابەتاهیر،... هیتر.)[1] هەڵبەتە هەموو ئەو ناو و وشە و زاراوە و رەمزانە بە دەرئەنجامی کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرییەتیی خزاونەتە ناو ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن). بۆ نموونە شاعیر لەم دوو دێرە شیعرەدا دەڵێت:

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری پروانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.85-420.

خۆی لەبەر لافاوی قینی توندی گەل راناگرێ
دوژمنی وەحشی و دڕندە و زاڵم و زۆرداری کورد
دەچتە سەر داری لە رۆژی ئینتیقام و تۆڵەدا
ئەو کەسەی کوشتی بە ناهەق پێشەوا و سەرداری کورد

لێرەدا شاعیر گوتاری نەتەوەگەرایەتی خۆی پێشکەش دەکات و هێزی بەرخودان و هاندان و ئومێد و هیوا و بۆ میللەتی کورد بەرجەستەدەکات و گەلەکەی دڵنیادەکاتەوە کە دوژمن ناتوانێت خۆی لە بەردەم تۆفانی گەلی کورد رابگرێت و رۆژێك دێ دەکەوێتە ژێر پێی میللەت و کوردیش لە تۆڵەی پێشەوا قازی بە سێدارەی مەرگیان دەگەیەنن. کاریگەری بەرجەستەکردنی ئەم گوتارە نەتەوەگەرایەتییە چەند وشە و زاراوەیەکی نەتەوەگەرایی وەکو: (گەل، دوژمن، زاڵم، زۆردار، کورد، پێشەوا، سەردار،... هیتر) دەهێنێتە ناو ناوەڕۆکی شیعری (هێمن). هەروەها لەم وشەو زاراوە نەتەوەگەرییانە هەندێکیان وەکو رەمزی نەتەوەگەرایی بەکاریهێناون بۆ نموونە وشەکانی: (دوژمن، زۆردار)، وەکو رەمزێك بۆ شای پەهلەوی ئێران (رەزا شا) بەکاریهێناوە و، هەروەها زاراوەکانی وەکو: (پێشەوا، سەردار)، وەکو رەمزو سمبولێك بۆ سەرۆکی کوردستان (قازی محمد)ی بەکارهێناوە.

### 5-2-5-1-2. لە خۆگرتن و خستنەڕووی بابەت و باس و بنەماکانی نەتەوەگەرایی

شیعرەکانی (هێمن) ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند و هەمەرەنگی هەیە و چەندین بابەت و باس و خواز و گێرانەوە و وەسف و پیاهەڵدان و هاندان و دژایەتی و دەربڕینی خۆشەویستی و رق و قین و... هیتری هەیە.

لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا زۆربەی باس و خوازەکانی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەیوەستدار و بەستراوەن بە نەتەوەگەرایی، تەنانەت ((... ئەگەر چاوێك بە بەرهەمەکانی دا بخشێنین لەو مەیدانەدا دەبینین مەسەلەی نەتەوەیی کورد، ئەگەر لە رووی چۆنایەتیشەوە نەبێت لە رووی زۆری و فرە ڕەنگیەوە، پێش هەموو مەبەستەکانی شیعری شاعیر دەکەوێت،....))[1] کەواتە: باس و بابەتە نەتەوەگەرایەتییەکانی دوو توێی ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن) زۆرو جۆراوجۆرن، بۆ نموونە: (وەسفکردنی جوانییەکانی کوردستان بە وەسفکردنێکی نەتەوەگەرانە، پشتیوانی لە مافە نەتەوەییەکان، خستنەڕووی ماف و ئەرکە نیشتمانییەکان، دژایەتی و سوککردنی دوژمنانی نیشتمان، وەسفکردن و پیاهەڵدان و هاندانی شۆرشگێر و گەنج و لاوانی وڵات. یادکرنەوە و بەرزراگرتنی رووداو و کەسایەتی و شۆرش و راپەڕینەکانی وڵات،... هیتر.)[2] بۆ نموونە لە شیعری (بەهار هەر دێ)دا شاعیر دەڵێت:

هومێدی بەرمەدەن رێگەی خەبات بگرن بڕۆنە پێش
تەماشای خەڵکی تێکۆشەر بەدیکتاتۆری چۆن وەستان
هەتا کەنگێ سیاچاڵی بەسامی دژمنی زاڵم
پراوپڕ بێ لە رۆڵەی گەل جمەی بێ وا لە دەس بەستان؟
هەتا کەی ئەشکی خوێنینی کچە کوردی برا کوژراو
لە جێی بادە و لە بەزمی دژمنان بدرێتە دەس مەستان
مەترسن رۆڵەکانی قارەمانی گەل لە گیانبازی
لە کۆڕی ئەم خەباتە بێ وچانە تاقە یەک کەستان
سەهۆڵبەندانی بێدادی ئەگەرچی تووش و دژوارە
بەڵام لێم سوورە وەک رۆژێ بەهار هەر دێ لەدووی زستان
بەخەڵکی عالەمی سەلماندووە تاریخی ئازادی

[1] عثمان حمد خضر. ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شیعری هێمن. ل41.
[2] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.85-420.

دەبێ زاڵم لەبەر تێکۆشەران بەرداتەوە دەستان[1]

لێرەدا شاعیر باس و بابەتی هاندان و ئامۆژگاری و هۆشیاریدان و پیاهەڵدان و خۆراگری و ئومێدی نەتەوەگەرایی بە گوێی گەنج و لاوی کورددا دەچرپێنی، تاوەکو بە ئامۆژگاری و دڵنیایی و بەرچاوروونییەکانی هانیان بدات بۆ شۆڕش و شەڕو خەباتی چەکداری و هێرشکردنە سەر دوژمنانی کورد و شکاندنی کۆت و زنجیری دیل و ژێردەستی و گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی، لە کۆتاییشدا ئومێدیان پێدەدات و دڵنیایان دەکاتەوە کە زاڵم و دیکتاتۆرەکان بە درێژایی مێژوو لەبەردەم ڕاپەڕین و خەباتی چەکداری تێکۆشەران چۆکیان داوەو کۆتاییان پێهێنراوە، بۆیە مەترسن و گومانتان نەبێ لە سەرکەوتن و گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی.

سەرەڕای ڕەنگدانەوەی بابەت و باس و خوازەکانی نەتەوەگەرایی، چەمك و بنەما نەتەوەگەرایەتییەکانی وەکو: (نەتەوە و گەل، خاك و نیشتمان، زمان، کلتور، هۆشیاری،... هیتر.)یش لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بە کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرایەتی، ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە لە شیعری (ناڵەی جودایی)دا شاعیر لە دێرە شیعرێکیدا بنەمایەکی سەرەکی نەتەوەگەریی کورد دەخاتەڕوو، کە ئەویش (گەل) بوونی کورد، کە دەڵێت:

شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە

ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە[2]

لێرەدا شاعیر شین بۆ کورد دەگێرت، هۆکاری شین گێرانەکەشی دەگەرێنێتەوە بۆ حاشالێکردن و بێبەشکردنی کورد لە بنەمایەك لە بنەماکانی نەتەوەگەریی، کە ئەویش (گەل) بوونە. لە کۆتاییشدا شاعیر دڵنیایی هەبوونی ئەم بنەمایە دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە کورد وەکو گەل و نەتەوە بوونی هەیەو جێگای حاشا لێکردن نییە.

بەمشێوەیە بینیمان شاعیر بنەمایەکی نەتەوەگەرایی کوردی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی، بە کاریگەری گوتار نەتەوەگەرایی، بەرجەستەدەکات. هەروەها جگە لەم بنەمایە بنەماکانی تری نەتەوەگەرایەتی کوردی دەخاتەڕوو. بەڵام لێرەدا بە پێویستی نازانین نموونە بۆ هەموویان بهێنینەوە، چونکە لە ئایندەدە کە هاتینە سەررباسی بنەماکانی نەتەوەگەرایەتی لە شیعرەکانی (هێمن)دا ئەوکات نموونە بۆ هەموو بنەماکان پێشکەشدەکەین.

### 6-2-5-1-2. فەرهەنگ و تۆماری مێژوویی بۆ چەندین ڕووداو و کەسایەتی نەتەوەیی

لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن) چەندین ئاماژە و گێرانەوە و یادکردنەوەی ڕووداو و کارەسات و بەسەرهات و ڕۆژگار و کەسایەتی مێژوویی تۆمارکراوە. هەر لە گێرانەوە و ئاماژەکردن و یادکردنەوەی ڕووداو و کارەساتی ناو مێژوویی کەسییەوە بگرە تاوەکو کارەسات و بەسەرهاتی ناو مێژووی نەتەوەیی و نێو نەتەوەیی. چەندین یادکردنەوە و ئاماژە و گێرانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتی مێژوویی وەکو: دروستبوونی دەوڵەتی کۆماری مهاباد و باسی ڕووداوی بەرنامەی هەڵاتنی شای پەهلەوی ئێران بۆ بەغداد و لە سێدارەدانی پێشەوا و تۆمارکردن و باسکردنی دەرئەنجامی ڕووداو و کارەساتەکان ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٦٧-١٩٦٨) چەکداری لە کوردستانی ژێر دەستەڵاتی ئێران وەکو ڕووداوێکی مێژوویی و تۆمارکردنی باسی خەباتی مێژوویی ئازەربایجان لە سەردەمی شا پەهلەوی ئێران و هاوخەباتی کورد و ئازەربایجانییەکان بۆ سەربەخۆیی وەکو دوو نەتەوەی ئێرانی و ئاماژە بۆ مێژووی بنەچەی کورد و ئازەربایجان، تۆمارکردنی پێشهاتی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی لە کوردستانی ژێر دەستەڵاتی ئێران و یادی شەهیدان، یادکردنەوەی چەند کەسایەتییەکی مێژوویی و

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.347.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.280.

نەتەوایەتی وەکو: لەیلا قاسم، حاجی قادر، ئەحمەدی خانی، گۆران، پیرەمێرد، کاوە، ئەژدیهاك، سمكۆ، ماد،.... هیتر.[1]

بەم شێوەیە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن) بە کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرایی بووەتە فەرهەنگ و تۆمارگایەکی مێژوویی بۆ چەندین رووداو و بەسەرهات و کارەسات و یادی رۆژگار و کەسایەتییە مێژوویی و نەتەوەییەکان، بۆ نموونە لە شیعری (رۆژگاری رەش)دا شاعیر رووداو و کارەسات و بەسەرهاتی دڵتەزێنی لە سێدارەدانی پێشەوای کورد (قازی محەمەد) و هاوەڵەکانی لە چوارچرای مەهابات و دەڵێت:

لە چوارچرای مەهاباد　　لە کانگای بیری ئازاد
دەستی رەشی ئیستیبداد　　چەقاندی داری بێداد
لە کاتی نیوەشەوا　　لە جەنگەی شیرن خەوا
کرا کاری نارەوا　　لە دار درا پێشەوا[2]

لێرەدا دەبینین زۆر بە شێوەیەکی سۆزدارانە و کاریگەر شاعیر بە کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرایی دوو توێی شیعرەکانی خۆی دەکاتە تۆمارگەیەکی مێژوویی و نەتەوەگەرایی و رووداوی مێژوویی و نەتەوەگەرایی لە سێدارەدانی پێشەواکەیمان بۆ تۆماردەکات و بەردەوام وەکو خاڵێکی رەش بەسەر نێوچەوانی دوژمنان و سەرچاوە و کانگای وزەی هاندان و بەرخودان و شۆرش و راپەڕین دژی داگیرکەرو دوژمنانی کورد بەرجەستەی دەکات.

### 2-1-5-2-7. یەکبوونی ئەرك و پەیامی شیعری لەگەڵ ئەرك و پەیامی نەتەوەگەرایی

ئەگەر شیعرە کلاسیکییەکان لە ناوەڕۆکەکانیاندا ئامانج و ئەرك و مەبەست و پەیامی سەرەکیان ئیستاتیکا و جوانی بووبێت، هەروەك ((... تەنانەت بەشێك لە ڕەخنەگرانی ئەدەب بڕوایان وایە ئامانجی ئەدەب تەنها و تەنها جوانییە و کاری شاعیران و نووسەران تەنها خوڵقاندنی جوانییە،....))[3] هەروەها لە پاڵ ئیستاتیکا و جوانیدا چێژ و هەست و تێرکردنی زەوق و سەلیقەی هونەریی و جوانی و خستنەڕووی هەست و ویست و هزری خودی و کەسی شاعیرو پیشاندانی لیاقەو توانای هونەری شاعیرو... هیتر بووبێت. ئەوە گوتاری نەتەوەگەرایی پەیامێکی تایبەت و نوێی بۆ ناوەڕۆکی شیعر بە گشتی و شیعری کوردی بە تایبەتی بەرجەستەکرد، کە ئەویش بریتییە لە پەیامی هۆشیارکردنەوەی نەتەوەو خستنەڕووی دەردەکانی گەل و هۆکارەکانی دواکەوتووی و ژێردەستی و پیشاندانی رێگای رزگاری و سەربەخۆی و ئازادبوونی نیشتمان و زیندوکردنەوەی کلتورو زمان و... هیتری نەتەوە و هاندانی میللەت لەسەر یەکگرتن و بەرخودا و... چەند پەیامێکی تری نەتەوەگەرایی. بە واتایەکی تر ((مەبەست و ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی کوردی لە (غەزەل و موناجات و، تەسەوف و عیرفانەوە...) دەگۆڕێت بە ناوەڕۆکێکی خۆماڵی، نیشتیمانی و شۆرشگێری.))[4] ئیتر مەبەست و پەیامی شیعری دەکەوێتە خزمەت نیشتمان و نەتەوەگەرایی کوردی.

ناوەڕۆکی شیعرەکانی هێمنیش بە کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرایی چەندین پەیامی نیشتمانی و هۆشیارکردنەوە و بە خەبەر هێنانەوەی گەل و هاندان بۆ یەکگرتن و یەکرێزی و چاندنی روحی بەرگری

[1] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو. ل.89-420.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.144.
[3] د.ژینۆعەبدوڵڵا (راپۆرت). ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا، (کرمانجی خواروو 1920 – 1970). ماڵپەڕی (ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خا، خاك تیڤی)، (04/ 01/ 2020)، وەرگیراوە لە (22/ 11/ 2024)، بەم لینکە: ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا
[4] عثمان حمد خضر. ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شیعری هێمن. ل.14.

و بەرخودان و کۆڵنەدان و شۆرش و راپەرین، لەگەڵ چەندین پەیامی تری نەتەوەگەرایی گرتۆتەخۆ. بۆ نموونە لە شیعری (دەسڕێژی لاوان) شاعیر ئەرك و پەیامی هاندان و پیاهەڵدان دەهۆنێتەوە و دەڵێت:

فیدای کۆڕی خەباتت بم کچی کورد
کە گیانباز و فیداکار و بوێری
ئەتو سەربەرز و رووسووری و بەخوێنت
گوڵاڵەی سووری ئازادی دەدێری
فیدای لوولەی تفەنگت بم کوڕی کورد
کە دوژمن بەو تفەنگەت نابوێری
بەخەڵکی راگەیاند دەست و تفەنگت
دژی زۆرداریی و داخوازی خێری
بژی پێشمەرگە رۆڵەی باوەفای کورد
کە ناترسی لە رەنج و تاڵ و سوێری
لە ئاشتی خوازیی و سوڵحا نموونەی
لە حەملە و هەڵمەتا بێ باك و مێری[1]

دەبینین لەم شیعرەدا شاعیر بە کاریگەری گوتار نەتەوەگەرایی پەیامی هاندان و پیاهەڵدان و چاندنی روحی بەرگری و بەرخودان و کۆڵنەدان و شۆرش و راپەرین بەرجەستەدەکات و روو دەکاتە کچ و کوری کوردی و و پێشمەرگەری کوردستان و بە دەست و تفەنگ و شان و باڵی هەڵویستی مەردانە و ئازادانە و ئازایانەیاندا هەڵدەڵێت و هانیاندەدات و تونی رۆحی بەرگری و کۆڵنەدان و شۆرشیان دەژەنێت و لایك و هەڵوێست و پشتگیری خۆی بۆ ئازایەتی و جوانمێری و چاونەترسیان دەنێرێت و بەمەش هۆشیاریان دەکاتەوە هەم لەسەر راستی و پەسندی هەڵوێست و خەباتیان، هەمیش هۆشیاریان دەکاتەوە بەوەی کە ئەو رێگەیەی گرتوتیانە بەر رێگەی سەرفرازی و ئازادی و سەرکەوتنەو بەم رێگەیە گەلی کورد دەتوانێت بگات بە ئامانج و ئاواتی خۆی کە ئومێدی رزگاریی و سەربەستی و سەربەخۆییە. هەروەها بەبیریان دێنێتەوە کە خەبات و شۆرشەکانیان دژی داگیرکەر و زوڵم و زۆرە و ئەگینا هەڵگری بڕوای ئاشتی و سولح و خێرن و رقیان لە دەستدرێژی و داگیرکاری و شەڕوشۆر و زوڵم و کاولکارییە.

### 8-2-5-1-2. رەهەندی نەتەوەگەرایی وەکو پێوانەی نوێ بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر

لە سەردەمی کلاسیك کۆمەڵە مەرج و بنەما و پێوانەیەك وەکو پارسەنگ و پێوانەی شیعری بەتایبەت شیعری باش و دانسقە لە ئارادابوون: پێوانە و پارسەنگەکانیش زیاتر لەسەر لایەنی فۆرم و شێوازی شیعری هەڵوەستەیان دەکرد و کەمتر لایان لە ناوەڕۆك دەکردەوە. پێوانەی شیعر زیاتر بە چەندێتی کاریگەرییەکەی بوو، نەوەك بە چۆنییەتی و چییەتی کاریگەرییەکەی، وەکو ئەو دەستەواژەی (هۆگۆ) ئاسا کە دەیوت: ((سەد جار دەڵێم: هونەر بۆ هونەر!))[2] بۆیە ئەوەی دڵنیایيان لێدەکردەوە زۆرتر لایەنی فۆرم و جوانی و ئیستاتیکا بوو جۆری ناوەڕۆك و بابەتەکانی ناوەڕۆك رۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو لە هەڵسەنگاندن و پارسەنگی شیعرەکاند.

ئاسایی پارسەنگ و بنەماو پێوانە کلاسیکیەکانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیش، بە شێوەیەکی گشتی، بریتی بوون لە ئیستاتیکا و لایەنی هونەری شیعری، کێش و سەروا، وێنەی شیعری،... هیتر. کە دەتوانین بڵێین ((نووسەران و ڕەخنەگرانی کورد گرنگییەکی زۆریان بە بنەما ئیستاتیکییەکانی دەقی ئەدەبی داوە و زۆربەی نووسراوەکانیان بۆ ڕەخنەگرتن و لێدوانی ئەم لایەنە

[1] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.377-378.
[2] رەزا سەید حسێنی. قوتابخانە ئەدەبییەکان. وەرگێرانی: حەمەکەریم عارف، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2006، ل.147.

داناوە، بەتایبەتی لە شیعردا،....))[1] و بەڵام بە کەمی ئاوڕیان لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکان داوەتەوە. تەنانەت شاعیرانیش لە شیعرەکانیاندا پۆزیان بە بەهێزی لایەنی هونەری و ستاتکیای شیعرەکانیان لێداوە و شانازییان بە بەهێزی لایەنی فۆرم و شێوازی شیعرەکانیان کردووە و خۆیان پێ هەڵکێشاوە. ئەوەتە (نالی) شاعیر لە شیعرەکانیدا شانازی بە دانسقەیی شیعرەکانی دەکات و لە دێرە شیعرێکدا دەڵێت:

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی

کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

لێرەدا (نالی) وەکو شاعیرێك شانازی و هۆ هەڵکێشان بە بە ناسکی و وردی و جوانی و ئیستاتیکای شیعرەکانی دەکات و وەکو تەرازوو پێوانەیەك بۆ شیعری بەرز و دانسقە دەیخاتەڕوو.

بەڵام بەهۆی هاتنە پێشەوەی پرسی نەتەوەگەرایی و پێویستی نەتەوەی کورد بە شیعر و ئەدەبیاتێك کە لە ئاست پرسەکەی دابێت و وەکو ئاوێنەیەك ژیان و رووداو کارەسات و وست و ئاوات و داوا و مافی رەواکانی کۆمەڵگاکەی لە خۆبگرێت و ببێتە زمانحاڵ و میمبەرێك بۆ هاواری داوا رەواکانی و زەنگێك بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و گرێ بەندێك بۆ یەکگرتنی هەموو چین و توێژەکان و دیلەمۆی وزەی خەبات و شۆرش و راپەرینەکان و مەلحەمێك بۆ ئازارو ژانی زام و برینەکانی... هەروەك (د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: ((ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی بەگشتی رەنگدانەوەی ژیان بێ، بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد دەبێ سیماو ئەدگاری ئەدەبەکەی هەڵسان و شۆڕش و بەرگری و هێرش بێ))[2] ئیتر بنەماو پێوانە و پارسەنگێکی نوێ وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ داخوازی و پێویستییەکانی کۆمەڵگای کوردی شیعرو ئەدەبیاتی لە باوەشکرد. پێوانەو پارسەنگییەك کە بنەماکانی گوتاری نەتەوەگەرایی و ئاوڕدانەوی جددی لە پرسی نەتەوەگەرایی و بەدەمەوەهاتنی خواست و ویست و هیوای نەتەوەی کورد و دەست دانان لەسەر زام و برینی نسکۆکان و رووناککردنەوەی رێگای رزگاری و ئازادی و نەخشاندنی رێگای سەربەخۆیی و دەوڵەتسازی لە خۆگرتبێت.

ئیتر دەتوانین بڵێین کەوا ((..... بەشێوەیەکی گشتی کاری لەپێشینەی ڕۆشنبیران و ئەدیبانی کورد بەرجەستەکردن و بانگەشەکردن بوو بۆ ئەم تێڕوانینە، ڕەخنەگرانیش لەم گۆشەنیگایەوە کاریان لەسەر دەقی ئەدەبی دەکرد و ئەم بیرەیان دەکردە پێوەری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی و داوایان لە شاعیران و ئەدیبان دەکرد زیاتر گرنگی بە واقعی نەتەوەیی بدەن و هەوڵی هۆشیارکردنەوەی خەڵك و خستنەڕووی کێشەو گرفتە واقعییەکانی کۆمەڵگای کوردی بدەن.))[3] نەوەك تەنیا گرنگی بە ئیستاتیکا و جوانی و رازاندنەوەی شیعرەکانیان بدەن، یان تەنیا لە خەمی خودی خۆیان دابن و تەنیا هەست و حەزەکانیان ئاو بدەن و لە بەر گرنگیدان بە هەستەکانیان پرسی گەورەی نەتەوەکەیان فەرامۆش بکەن.

هەروەها تەنانەت ((بەشێک لە نووسەرانی کورد لە نووسینە ڕەخنەییەکانیاندا زۆر بەتوندی دژی ئەو بەرهەمە شیعرییانە دەوەستانەوە, کە بەشێوەیەکی گشتی (خودی) بوون و شاعیران تەنها کەفوکوڵی دەروونیان هەڵدەڕشت و باسی ژیانی تایبەتی خۆیان و ژیان لەگەڵ یار و پیاهەڵدانی یار و ڕۆچوون لەناو ژیانی خودی خۆیاندا بەبێ ئەوەی گرنگی بەژیان و گوزەرانی هاونیشتمانیان و بارودۆخی واقعی نەتەوە بدەن و ستایشی ئەو بەرهەمانەشیان دەکرد، کە گیانی نەتەوەپەروەری و خزمەتکردنی کۆمەڵگە و هۆشیارکردنەوەی خەڵك و هاندانی لاوانی تێدا بوو، هەروەها هەوڵیان دەدا بە بەرهەمەکانیان هانی شاعیران و نووسەران بدەن لە بەرهەمەکانیانیاندا گیانی نەتەوەیی بەرجەستە بکەن و....))[4] ئەم جۆرە رەخنە و هەڵسەنگاندنە بووە مۆدێلێکی نوێ و وەکو پارسەنگییەك هەموو بەرهەمێکی شیعری و ئەدەبی دەبوایە پێدا تێپەڕ ببێت.

---

[1] د.ژینۆعەبدوڵڵا (راپۆرت). ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا، (کرمانجی خواروو 1920 – 1970). ماڵپەڕی (ناوەندی چاپەمەتی و راگەیاندنی خا، خاك تیڤی)، ؟.

[2] عثمان حمد خضر. ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەلایەتی لە شیعری هێمن. ل.65.

[3] د.ژینۆعەبدوڵڵا (راپۆرت). ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا، (کرمانجی خواروو 1920 – 1970). ماڵپەڕی (ناوەندی چاپەمەتی و راگەیاندنی خا، خاك تیڤی)، ؟.

[4] سەرچاوەی پێشوو.

هەڵبەتە بە کاریگەری گوتاری نەتەوەگەرایی ئەم جۆرە لە مەرج و بنەما و پێوانە و پارسەنگییە هاتە ناو دونیای شیعرو تەنانەت کار گەیشتە ئەو ئاستەی کەوا ((نووسەران ئەرك و پەیامی نەتەوەییان وەك بنەمای سەرەکی سەرکەوتنی دەق دادەنا و ستایشی ئەو نووسەرانەیان کردووە کە گرنگیان بەم لایەنە داوە و بە گوتارە ڕەخنەییەکانیان هانی نووسەرانیان دەدا بۆ بەرجەستەکردنی گیانی نەتەوەیی لە بەرهەمەکانیاندا.))[1] واتە: رەهەندی نەتەوەگەرایی تەنیا بە پێوانە و پارسەنگی رەخنەی شیعری نەوەستە، بەڵکو بووە پارسەنگ و پێوانەش بۆ رەخنەی رەخنەی شیعری و رەخنەی شیعریش پێویست بوو لە پاڵاوتەی رەهەندی نەتەوەگەرایی بە مسۆگەری تێپەڕ ببێت.

لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا رەهەندی نەتەوەگەرایی بووەتە پارسەنگ و پێوانەیەکی بڕیاردان، یان بڵێین زیاتر لە سەر بنەما و پارسەنگی رەنگدانەوەی رەهەندی نەتەوەگەرایی لە گوتارە شیعرییەکانیدا شیعرەکانی (هێمن) گرەوی سەرکەوتنیان پێ رەوابینراوە و وەکو شیعرێکی بەرز و دانستقە و شاعیرێکی ناودار و بەتوانا ناوی لە لیستی شیعر و شاعیرانی کورد تۆمارکراوە. هەر لەسەر ئەم پێوانەیەش لە ناو کۆمەڵگەی کوردی و خەڵکی میللی و عەوامی کوردا بەها و رێز و خۆشەویستییەکی زۆری مسۆگەر کردووە و بووەتە مایەی ئەوەی بە شاعیری گەل و نیشتمان ناوزەند بکرێت. ئەوەتە نووسەرو لێکۆڵەرێکی وەکو (محەمەج فەریق) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((دڵنیام هیچکام لەوانەی، کە ئێستا لە ژیاندان هێندەی هێمن شیعریان لەلای جەماوەر ئاشنا و خۆشەویست نییە... شیعری هێمن گەورەترین ڕووبەری لەخاکی کوردستان داپۆشیوە. باوەڕم نییە خوێندەوار هەبێ لانی کەم چەند دێڕێك لە بەرهەمی ئەوی لەبەر نەبێ. خەڵك لەم کارەیاندا بەهەڵەدا نەچوون. لەم سەردەمەدا، کاتێك خوێنەری هوشیار نووسەرێك دەنرخێنێ، گرنگییەکی تەواویش بە هەڵوێستی دەدا، ئەوجا هۆگری بەرهەمی ئەو دەبێ. هێمنیش بەر لەوەی شاعیربێ، خاوەنی هەڵوێستی پاکی خۆیەتی... شیعرەکانی بەخێرایی لاپەڕەی ڕۆژنامەکان جێ دێڵن و بەیەکجاریی لە یادەوەریی خەڵکەکەدا جێی خۆیان دەکەنەوە.))[2] بێگومان هەر لە سەر پارسەنگ و بنەمای بەرجەستەکردنی هەڵوێستی نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانیدا خەڵك نرخ و بەها و خۆشەویستی خۆیان بۆ شاعیر و شیعرەکانی پێشکەشدەکەن.

(هێمن) لە شیعرەکانیدا خۆشیدا ئاماژە بە رەهەندی نەتەوەگەرایی وەکو پێوانەی شیعری دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو کە دەبێ شیعر هەڵگری پەیامی نەتەوەگەرایی بێت و خەمی نیشتمانەکەی بێت و باوەش بۆ ئازارو داواکاری و پێویستییەکانی بکاتەوە و بەشێك بێت لە خەبات و شۆرش و راپەرینی گەلەکەی...، هەر بۆ نموونە لە شیعری (پەری شێعر)دا دەڵێت:

شێعرێک سەنگچنی سەنگەر بێ
شێعرێک بریقەی خەنجەر بێ
هێزێک بێ دوژمن بەزێن بێ
مستێک بێ گورچوو تەزێن بێ
بڵێسەی گوللەی هەڵمەت بێ
شەپۆلی رقی میللەت بێ
شێعرێک نووستوو راپەڕێنێ
شێعرێک دوژمن داپەڕێنێ
بشکێنێ دەرکی باستیلان
ئازاد بکا کۆیلە و دیلان[3]

زۆر بە روونی لەم چەند دێرەدا شاعیر بنەما و پێوانەی بنیاتی شیعر لەسەر گوتارە نەتەوەگەرایەتییەکەی دادەمەزرێنێت و داوای شیعرێك دەکات، کەوا گوتاری نەتەوەگەرایەتی لە ناوەڕۆکەکەیدا رەنگی دابێت

---

1 سەرچاوەی پێشوو.
2 محەمەد فەریق حەسەن. هێمن و بۆنی غەریبی. ل.40.
3 وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.204.

و بەشێك بێت لە خەباتی نەتەوەگەرایی نەتەوەکەیی و میللەت لە خەوی غەفلەت بە ئاگابێنێت و ببێتە مایەی راپەرین و شۆرشی چەکداری و راوەدوونانی دوژمنان و شکاندنی کۆت و زنجیری دیلی و زەلیلی و بەرزکەرەوەی ئاڵای ئازادی و سەرکەوتن بێت. هەر لە درێژەی شیعرەکەیدا لە دێرەکانی کۆتاییدا دەڵێت:

هەڵبڕێ قەفی زەنجیران
چەک بداتە دەست یەخسیران
بپەڕێنێ دەستی جەللاد
بهاڕێ ساتۆری بێداد
نرکەی سینگی کرێکار بێ
ئاڵای شۆڕشی جووتیار بێ
هەروەک گڕی ئاگری نەورۆز
رەمزی ئازادی بێ و پیرۆز
هەزاران کاوەی زەحمەتکێش
پاڵ پێوە بنێ بەرەوپێش
شێعرێک هەم توند بێ و هەم ورد بێ
یانی شێعری ئەوڕۆی کورد بێ
بەڵام ئەی فریشتەی جوانی
رەنگ بێ ئەم نوکتە نەزانی
پەری شێعر وەک کچی جوان
بۆ پیاوی پیر نایەتە ژوان[1]

لێرەشدا بە هەمان هەناسە بەردەوامی بەو بنەما و پێوانەی شیعرییە دەدات کە شاعیر بۆ بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکی شیعرەکانی داوای دەکات، کە ئەویش باوەشکردنە بە پرسی نەتەوەگەرایەتیی، لە میانەی مسۆگەرکردنی راپەرینێکی جەماوەری و سەرتاسەری و خەباتێکی چەکداری ئەوتۆ کە ئیتر کۆشکی زاڵم و خوێنمژ و زۆردار خاپوور ببێت و هێزو شکۆ بگەرێتەوە بۆ چینی مەزلوم و جوتیار و میللەتی رەشورووت و ئاگری نەورۆزئاسا مایەی مژدەی ئازادی و سەرکەوتن بێت و ببێتە پەرجووی ژیاندنەوەی روحی جوامێرانەی کاوە لە نێو چینی جوتیار و چینی مەزلوم و زۆرلێکراو و ببێتە بەرجەستەکردنی شیعرێکی ئاگرین و جوان و ناسك و وردبێت و لە ئاست پرسی ئەمرۆی کورد دابێت و هەڵگری خەمەکانی و سارێژکەری برین و زامەکانی بێت. بەڵام دیارە لە دوایین دێرە شیعردا شاعیر نائومێدە لەوەی کەوا خەونی ئیلهام و هۆنینەوەی شیعرێکی جوان و بەرزی خاوەن گوتارێکی نەتەوەگەرایی ئاوا ئاگرین بۆ شاعیرێکی پیرو بەساڵاچوو بێتەدی. لەم دێر و پەیامەی کۆتاییدا دەتوانین ئەوە بچنینەوە کەوا شیعرێك ئەگەر ئاوا گوتارێکی نەتەوەگەرایی ئاگرین و کاریگەر لە خۆبگرێت، ئەوە ئەم شیعرە شعرێکی دانسقە و بەرز و سەرکەوتووە. واتە: بنەما و پێوانەی شیعری دانسقە و نموونەیی ئەو شیعرەیە کە لە ناوەڕۆکەکەیدا رەهەندی نەتەوەگەرایی زۆر بەهێزو کاریگەر لە خۆگرتبێت.

### 2-2. گوتارە نەتەوەگەرابیەکانی شیعرەکانی "هێمن" لە تای تەرازووی تیۆری نەتەوەگەراییدا

ئاسایی بابەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان بە مەرج و تیۆر و بنەما و قوتابخانەی تایبەتی چوارچێوە دراون، ئەو تیۆر و بنەمایانەش رەنگە لە تیۆرست و لێکۆڵەرێکەوە بۆ یەکێکی تر کەم و زۆر بگۆرێن و تەنانەت هەندێك جار رێك دژ بەیەك بوەستنەوە. هەروەها هیچ کام لە تیۆر و بنەماو قوتابخانەکان ناتوانن ببنە بریارێکی کۆنکرێتی و یاسایەکی چەسپاو نەگۆر، چونکە هەروەك (مەسعود محەمەد) دەڵێت:

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.205.

((بیرکەرەوە و فەیلەسووف و خەباتگێر و سەرنجدەر و هەر کەسێکی هەبێ ئەگەر لە کۆمەڵایەتیدا نیگای خۆی بە هەموو پانایی و قوڵایی کۆمەڵدا نەگێرێت نە بە تەواوی و نە نیوەچڵ تێی ناگات، هەمیشە کات بابەتی سەرنج لێگرتن چەندین جار بەرفرەوانتر دەبێ لەو دەستوورانەی لێی وەردەگیرێن: چ لە کۆمەڵایەتی بێت چ لە قانوون و چ لە سروشت، دەستوورێکت نییە بەسەر هەموو بنەماکەیدا بکشێت ئنجا ئەگەر بابای دەستورساز توانیبێتی لە گۆمی پڕ مەعلوماتی مێشکی خۆیەوە جۆگەلەی دەستوورەکەی کێشابێت، کەسانێکی دوای ئەو دێن و چاو بە عەینی دەستوورەکەدا دەگێرن لە باشترین حاڵدا تەنها لە دەقی دەستوورەکە شارەزا دەبن، ڕەنگە بە تەواو لە ڕاگەیاندنەکانیشی نەگەن چ جایێ ئەوەی بچینەوە بۆ ئەو هەموو چکۆڵە خڕ و شێو و جۆگە و میزاوانەی گۆمەکەیان پڕکردوە.))[1] بۆیە بیرمەند و تیۆرس و یاسادانەرێك ناتوانێت بە پانتایی کۆمەڵگاکانی جیهان چاو بڕبکات و هەموو مەوداکان ببنێت و هەموو لایەنەکان بخوێنێتەوە و لە میانەی خوێندنەوەیەکی چڕو پڕ بگاتە بڕیارێکی زانستی و گشتگیر. بۆیە ئەو تەنیا لە گۆشە نیگای خۆی ڕاستییەکان بەرقەرار دەکات و بڕیاریان لەسەر دەدات و لە دوو توێی تیۆر و یاسایەك بەرجەستەیان دەکات، بەڵام کەسانێکی تر لە گۆشەنیگایەکی تر لە بنیاتی بابەتەکە دەڕوانن و دەرئەنجامەکان دەچننەوە، بۆیە ئاساییە ئەگەر بگەن بە تیۆر و مەرج و بنەمای جیاواز. هەروەها نموونە و داتاکان و ئەزموونە وەرگیراوەکان و دەرئەنجامە بەرجەستەکراوەکانی نەتەوەو دەوڵەتانێك ناکرێت ببنە مایەی بەرجەستەکردنی تیۆر و بنەما و قاڵب و یاسا و پێوانە و بڕیاردەری یەکجارەکی لەسەر ئاراستە و چارەنووسی نەتەوەو دەوڵەتەکانی تر. دەکرێت بۆ خوێندنەوەو بەرچاورروونی سوودی لێ وەربگیرێت، بەڵام ناکرێت ببێتە سەنگی مەحەك بۆ نەتەوەگەرایی و سەربەخۆگەرایی و دەوڵەتگەرایی نەتەوە و دەوڵەتەکانی تر.

نەتەوەگەرایی وەکو بیروباوەڕ و هزر و فەلسەفە و بزووتنەوە و خاوەن پرۆژەیەکی مۆدێریزم ئامانجی خۆی هەیە ئامانجەکەی هەروەك بیرمەند و تیۆرستێکی وەکو (هۆبسبۆم Habsbawm) پێی وایە: ((..... نەتەوەخوازی بزووتنەوەیەکی بەتەواوی سیاسی مۆدێرنە و ئامانجەکەشی دامەزراندنی دەوڵەتە.))[2] واتە: دەوڵەتسازی ئامانجی سەرەکی نەتەوەگەراییە و هەموو هەوڵ و بەرنامە و ویستەکانی بۆ سەربەخۆیی و دەولەتێکی نەتەوەیی تەرخاندەکات. هەر بۆ ئەم مەبەستە چەندین تیۆری نەتەوەگەرایی هاتۆنەتە پێشەوە و باس لە نەتەوەو دەوڵەت دەکەن و پەیوەندی و ئاراستەی نێوانیان لە چەند لایەنێکەوە دەخەنەڕوو. هەریەکە لە تیۆرەکان نەتەوەگەرایی و ئامانجەکەی بە پێی گۆشەنیگای خۆیان دەخەنەڕوو پەیوەندی و ئاراستەی نێوان نەتەوەو ئازادی و سەربەخۆیی و دەوڵەت دیاریدەکەن و بنەماکانی نەتەوە و چۆنیەتی دروستبوونی نەتەوەکان باس دەکەن.

هەڵبەتە نەتەوەگەرایی خاوەنی چەندین تیۆرو بنەمای جۆراوجۆرە، کە ئەم جیاوازییەش لەسەر بنەمای جیاوازی گۆشەنیگای نووسەرو لێکۆڵەرو تیۆریستی بواری نەتەوەگەرایی دروستبووە. واتە: بە پێی ئەوەی کە ئاخۆ ئەم لێکۆڵەرو تیۆرستە چۆن دەڕوانێتە نەتەوەگەرایی و چەند کۆمەڵگا و دەوڵەت و ئەزموونی خستۆتە ژێر زوومی میکرۆسکۆپەکەیەوە و چەندیش لە دەرەوەی چوارچێوەی لێکدانەوە و بیروبۆچوونەکانیدا بووە. هەرچۆنێك بێت تاوەکو مەودای نموونەو زانیارییەکانی (سەمپڵ و داتاکانی) زیاتر بووبێت بیردۆزو تیۆرەکەی گشتی ترو واقیعی تر بووە، بە پێچەوانەشەوە.

هەڵبەتە هیچ لێکۆڵەر و تیۆرستێکیش ناتوانێت هەموو نموونەکان لە باوەش بگرێت و یەکە یەکەیان بلاوێنێتەوە، هەر بۆیە هیچ بیردۆز و تیۆرێك ناتوانێت بۆ لێکدانەوەی هەموو دیاردە و کۆمەڵگایەك شیاوبێت، یان ببێتە مایەی باوەڕپێهێنان و ڕەزامەندی هەموو نووسەرو لێکۆڵەرو ڕەخنەگران، بۆیە هەر تیۆرو بیردۆزێك بگری لە لایەن کەسانێکی لێکۆڵەرو شارەزا بەرپەچ دراوەتەوەو زۆر جار هەر ئەو بەرپەچدانەوەو لێکدانەوەیە بووەتە مایەی لەدایکبوونی بیر و بۆچوون و بیردۆز و تیۆرێکی نوێ. هەروەکو ئەو لێکۆڵینەو و لێکدانەوەو ڕەخنانەی (ئەنتۆنی سمث) ئاراستەی تیۆرەکانی

---

[1] مەسعوود محەمەد. بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوێیەك بێت. دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، 1984، ل33.
[2] ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو. ل110.

(پێشینەگەر و مۆدێرنیست)ەکان دەکات، کە لە ئەنجامدا ئەویش دەگاتە پێشکەشکردنی بیردۆزێکی نوێ بە ناوی تیۆری (ئیتنۆ سمبۆلیست)، وەکو ناوەند گیرییەك لە نێوان دوو تیۆرە رەخنەلێگیراوەکان.

هەرچۆنێك بێت وەکو وتمان تیۆرەکانی نەتەوەگەرایی هاوشێوەی هەر بابەتێکی تر، لە تیۆرست و نووسەر و لێکۆڵەر و بیرمەند و قوتابخانەیەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازی تێدەکەوێت و ئاراستەیەکی تایبەت و جیاواز لە خۆدەگرێت. هەرچۆنێك بێت لەم باسەدا هەوڵدەدەین یەکە یەکەی تیۆرەکانی نەتەوەگەرایی بخەینەڕوو پاشان هەوڵدەدەین، بە شێوەیەکی گشتی، گوتارە نەتەوەگەراییەکانی شیعرەکانی (هێمن) لە تای تەرازووی ئەو تیۆرە هەڵبسەنگێنین.

ئیتر تیۆرەکانی نەتەوەگەرایی لەسەر بنەمای جیاوازی بیروڕای تیۆریستەکانی نەتەوەگەرایی، کە مێژووی دروستبوون و بەرجەستەبوونی نەتەوەکان بەشێوەیەکی گشتی بۆ سێ کۆمەڵە رێچکە و رێبازی تیۆری سەرەکی دابەش دەبن، کە هەر کۆمەڵەیان بۆچون و بنەمای تایبەت بە خۆیان سەبارەت بە نەتەوەگەرایی و مێژووەکەی و دروستبوونی دەوڵەت و نەتەوەکان خستۆتەڕوو، کە لێرەدا هەریەکەیان بە جیا دەخەینەڕوو:

### 1-2-2. تیۆری پێشینەگەر

ئەمە وەکو یەکێك لە سێ جۆرە تیۆرە سەرەکییەکانی نەتەوەگەرایی، کە بە (پێشینەگەر)ەکان ناسراوە، پێداگری لەسەر سەرەتای هەبوونی نەتەوە بۆ مێژوویەکی تووڵانی، زۆر پێش مۆدێرنێتە دەکات و بە بڕوای ئەو نەتەوە خاوەنی بوونێکی راستەقینەیە نەوەك بوونێکی دروستکراو یان فانتازی. بە پێی پێشینەگەرەکان خوێن و رەچەڵەك، کەسایەتی و مێژوو کلتورو زمان خاڵی سەرەکی دیاریکردن و جیاکردنەوەی نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکی تر. کۆمەڵێك بیرمەند، بە کەمێك جیاوازی تایبەتمەندییەوە، هەڵگرانی ئەم بیردۆز و تیۆرەن، هەروەکو: رێنان، رۆسۆ، فیختە، ئەڵمانە رۆمانتیکەکان،... هیتر. بە پێی ئەم بیردۆزە زمان و کلتور خاڵێکی جەوهەری دیارکردنی نەتەوەکان و جیاکاری نێوانیانە، هەروەها بە پارێزەری کەسایەتی نەتەوەیی دادەنێن.[1]

پێشینەگەرەکانیش لەناوخۆیاندا جیاوازیان تێدەکەوێت و بەپێی رەچەڵەك و بنەچەکانی دروستبوونی نەتەوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی گشتی بیروبۆچوونەکانی ئەم بیردۆزە دابەشی سەر سێ گروپ بکرێن:[2]

( 1 ) جۆری یەکەمەیان پێیان وایە کە نەتەوە بنەچەیەکی سۆسیۆبیۆلۆژی هەیە، کە دەکرێت بە درێژایی سنووری مرۆڤایەتی درێژببێتەوە.

( 2 ) نەتەوە بنەچە و رەچەلەکێکی کولتوورییە هەیە و ئەم جەوهەرە کولتوورییە بووەتە چەق و بناغەی سەرەکی بۆ دروستبوونی نەتەوەکان. مێژووی نەتەوەکان لەگەڵ مێژووی دروستبوونی کۆمەڵگا و کلتورە هاوبەشەکان هاوتا دەبێتەوە.

( 3 ) بە پێی بیرووڕای سێیەمیش نەتەوە و کۆمەڵگە ئیتنییەکان یەکن و جیاوازیکردنی لە نێوان ئەم دووانە کارێکی هەڵەیە، بۆیە مێژووی نەتەوە و ئیتنیکەکان یەك مێژووە.

ئەم تیۆرە کە بە تیۆری (پێشینەگەر) ناسراوە، لە لای کەسانی تر بە ناوی تر، یان تەنانەت بۆ زیاتر لە تیۆرێك دابەشکراوە. بۆ نموونە لای (ئەنتۆنی سیمث) بە دوو تیۆر: (پێرینیاڵیزم و پرایمۆردیالیزم) دیاریکراوە، کە ئەویش لە سەر بنەمای سەرچاوە و بنیاتی نەتەوەکان ئەو دوو جۆرەی پێداوە، نەوەك تەنیا لەسەر بنەمای مێژووی دروستبوونی نەتەوەکان. هەروەها هەریەکە لەم تیۆرانەشی

---

[1] زولکوف ئەرطون. *نەریتا نەتەوەیي د هەڵبەستا نوویا کوردیدە (1880-1970)*. ل.10-12.

[2] Mathieu Huard-Champoux. *Des théories du nationalisme à la construction identitaire nationale: l'identité nationale dans un contexte de légitimation politique en chine.* Mémoire de maîtrise (sous la dir. de M. André Laliberté), Université du québec à montréal, 2008, PP.11-16.

بۆ دوو سێ لق دابەشکردووە. کە تیۆری یەکەم (پێرینیاڵیزم)ی دابەشکردووە بۆ: ( پێرینیاڵیزمی بەردەوام و پێرینیاڵیزمی سەرهەڵدانەوە)، هەروەها تیۆری دووەم (پرایمۆردیالیزم)یشی دابەش کردووە بۆ: (پرایمۆردیالیزمی سۆسیۆبایەلۆجی و پرایمۆردیالیزمی سۆسیۆکلتوری). بەڵام هەرچۆنێك بێت هەردووکیان تیۆر مێژووی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بۆ مێژووەکی دێرین و زۆر کۆن دەگەڕێننەوە. هەروەها نەتەوە بە خاوەن بوونێکی راستەقینە و سروشتی دەزانن و پێیان وانییە نەتەوە دەستکردبێت و دەرهاویشتەی مۆدێرنێتە و سەرمایەداری و شۆرشە پیشەسازی و رۆشەنبیرییەکان بێت.[1]

هەروەها بە پێی ئەم تیۆرە دەربارەی ناسیۆنالیزم ئەوە دەخەنەڕوو کەوا ((...شوناسی نەتەوەیی رەگ و ریشەیەکی تولانی و قوڵی لە میراتی کولتووری و زمانی هاوبەشدا هەیە، کە ئەم شوناسە زۆر لە پێش دروستبوونی دەوڵەتەکان و هەوڵەکان بۆ سەربەخۆیی بووندا بوونی هەبووە.))[2] واتە بەم پێیە مێژووی نەتەوە پێش مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەوێت. کەواتە دەتوانین بڵێین بەپێی ئەم تیۆرە نەتەوە و نەتەوەگەرایی دەبێتە مایەی دروستبوونی دەوڵەت و دەوڵەت ئەنجام و ئامانج و دەرهاویشتەی نەتەوەگەرایەتییە. کەواتە ئاراستەکە بەمشێوەەی لێدێت:

(نەتەوە ⟵ سەروەری ⟵ دەوڵەت)

ئەگەر بە پێی پێوانەی ئەم تیۆرە (تیۆری پێشینەگەر) پارسەنگی بۆ گوتارە نەتەوەگەراییەکانی شیعرەکانی (هێمن) بکەین دەبین شیعرەکان پێوانەیکی یەکجار بەرزیان پێدەدرێت، چونکە ئەو نەتەوەگەراییەی لە شیعرەکاندا بەرجەستەبووە لە ئاستێکی زۆرباش هاو ئاراستەیە لەگەڵ ئەم تیۆرە نەتەوەگەرایەتییە. واتە بە پێی نەتەوەگەرایەتی لە شیعرەکانی شاعیردا هاوشێوەی بیروبۆچوونەکانی ئەم تیۆرە دان بە لە مێژینەیی و دێرینی نەتەوە دادەنێت و مێژووی نەتەوەی کورد بۆ چەندەها سەدەی پێش ئێستا دەباتەوە و بنەچەی ئەم نەتەوەیە بۆ ماددەکان دەباتەوە، هەروەك لە شیعری (کچی مەهاباد)یدا بە کچی کورددا هەڵدەڵێت و باسی جوانی و ئازایەتی کچی کورد دەکات و ئاماژە بە رەچەڵەك و بنەچەی نەتەوەکەی، کە نەتەوەی کوردە، دەکات و دەڵێت:

کچی کوردی لە تیر ئاویتنا مەعلوومە ئوستادی
بەشمشیری دوو ئەبرۆت جەرگی خەڵکی لەت دەکەی دیارە
دەزانی چەک لەکار بێنی، کچیش بی تورمەی مادی
لەسوێیانت وەها دێوانە بووم چاوەمەستی خوێن شیرن[3]

لێرەدا شاعیر وەسف و سەنای لێهاتوویی و توانای کچی کوردی لە تیر و شیر و چەك بەکارهێنان دەکات و هۆکاری ئەو توانایەش دەگەڕێنێتەوە بۆ رەچەڵەکەی (تورمەی ماد) واتە: نەوەو وەچەی مادەکان، کە (مادەکان) ئاماژەیە بۆ ڕەچەڵەکی مێژوویی کورد. بەو ئاماژە پێکردنە شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت کەوا نەژادی کورد دەگەڕێتەوە بۆ مادەکان و نەتەوەی کورد مێژوویەکی دێرینی هەیەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مادەکان و کوردەکان درێژبووەوەی مادەکان و نەتەوەیەکی دێرین و تازە نین و مێژوویەکی دوور و درێژە هەبووینە و پێکهاتەیەکی سروشتی و رەسەنن و دروستکراوی مۆدێرنێتەو و سەردەمی رۆشنبیری و شۆرشی پیشەسازی... هیتر نین.

یان هەر بۆ نموونە لە شیعرێکی تردا بە ناوی: (کورد و ئازەربایجانی) شاعیر باس لە یەکگرتنی کورد و ئازەربایجانی، وەکو دوو نەتەوەی ئێرانی راپەڕیو دەکات و باس لە پرسە رەواکانیان دەکات و بە شان و باڵی گەنج و لاوانیاندا هەڵدەڵێت و ستایشی چاونەترسی و بەهێزی پێشمەرگەو فیدایی دەکات و پاشان رەسەنایەتی پێشمەرگە، وەکو تێکۆشەرێکی کورد، دەگەڕێنێتەوە بۆ (سمکۆی شکاك،1887-

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری پروانە: ئەنتۆنی دی سمیس. *نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو*. ل.64-74.

[2] "Primordialism." The Politics Shed, (12/ 03/ 2024). Received on date: (21/ 12/ 2024). Retrieved from: [The Politics Shed - Primordialism]

[3] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.146.

١930)[1]، سەرکردە و سەرۆکی بزوتنەوەی کوردی، هەروەها رەسەنایەتی فیداییەکانیش، وەکو تێکۆشەرێکی ئازەربایجانی، دەگەڕێنێتەوە بۆ (سەتتارخان، 1866-1914)[2]، سەرکردەی شۆڕشی مەشرووتەی ئێران. هەروەك دەڵێت:

هەرچی پێت دەکرێ بکە ئەی دوژمنی خوێڕی و بزانە
باوی لاوی کورد و تافی گەنجی ئازەربایجانە

لێرەدا دوژمن بە سوك ناو دەبات و پاشان بێباکبوونی خۆی پێ رادەگەیەنێت و پێی دەڵێ چیت پێدەکرێت بیکە و دەست مەپارێزە، چونکە ئەمڕۆ رۆژی لاوی کورد و ئازەربایجانە... پاشان لە دێرانی تردا دێتە سەر باسی رەسەنایەتی ئەم لاوانە و دەڵێت:

تێ بگا نای بێ لەدەست ئەو نۆجوانانە رەهایی
ئەو کوڕی سمکۆی دلێرە، ئەو نەوەی سەتتارخانە[3]

لێرەدا دەبینین شاعیر هاوشێوەی (پێشینەگەر)ەکان باوەڕی بە مێژووی دێرینی بنەچە و رەسەنایەتی نەتەوەی کورد هەیە و مێژووی لاوانی کورد بۆ (سمکۆ) دەباتەوە و هی لاوانی ئازەربایجانی بۆ (سەتتارخان). ئیتر شاعیر پێی وانییە نەتەوەی کورد دروستکراوی دەستی مۆدێرنێتەو شۆرشی پیشەسازی و رۆشەنگەری و دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرنە.

بەم شێوەیە دەبینین لە ناوەڕۆکی گوتاری شیعرییەکانی شاعیردا باوەڕبوون بە لە مێژینەی نەتەوەکان و سروشتی بوونیان هەیە و بەمەش گوتارە شیعرییەکانی شاعیر هاوتا و هاورێکە لەگەڵ تیۆری پێشنەگەرەکان و لە تای تەرازووی ئەم تیۆرەدا گوتارە شیعرییەکان گوتارانێکی نەتەوەگەرایەتین و شیعرەکانی بە شیعری نەتەوەگەرایی و شاعیریش بە شاعیری نەتەوەگەرا هەژماردەکرێت.

ئیتر بە پێی ئەم تیۆرە، هەروەکو پێشتریش خستمانەڕوو، نەتەوە و نەتەوەگەرایی سروشتییەو دروستکراو و فانتازی نییە و لە مێژوویەکی زۆر دێرین سەرچاوەی گرتووەو لەسەر چەندین بنەما و بنیاتی نەتەوەگەرایی بنیات نراوە. بەتایبەتی بنەمای کلتورو زمان. لە گوتاری شیعرەکانی (هێمن)یشدا بنەماکانی نەتەوەگەرایی لە باسی نەتەوەی کورددا باس کراوە و گرنگی و بەهای بەرزیان بۆ دانراوە و شاعیر وەکو نەتەوەگەرایەك یادی هەموو بنەماکانی کردۆتەوە و لێرەدا تەنیا نموونەی شیعری بۆ بنەمای زمان وەکو بنەمایەکی کلتوری و پەیوەندی و پێکەوە بەستنەوەی تاکەکانی نەتەوە و هەروەها وەکو یەکێك لە بنەما هەرە گرنگەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە تیۆری (پێشینەگەر)دا دەخەینەڕوو، بەڵام لە ئایندەدا

---

[1] ((سمکۆ ناوی ئیسماعیلە و کوڕی محەمەد پاشای کوڕی عەلی خانی کوڕی ئیسماعیل ئاغای شکاکە و بنەماڵەکەیان لە دێر زەمانەوە گەورە و دەسەڵاتداری خێڵی شکاک بوون. سمکۆ ساڵی 1887 لەدایکبووە و پاش مردنی باوکی و جەعفەر ئاغای برای، سەرکردایەتی شکاکی گرتووەتە دەست و لە

پێش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دژی دەسەڵاتی قاجاری لە ئێران جەنگاوە، لە پاش جەنگیش لە خەباتێکی بێوچاندا بوو و دەستی بە گرتنی ناوچەکانی قەراغی گۆلی ورمێ کردووە. وەک سەرکردەیەکی سیاسی ناوی دەرکرد و لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا ساڵی 1919 شۆڕشی بەرپاکرد و گەلێ ناوچەی گرنگی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. (.....). لە ڕۆژی 30ـی حوزەیرانی ساڵی 1930 بەپیلانێکی کاربەدەستانی ئەوسای ئێران لە شاری شنۆ تێرۆرکرا.)) بۆ زیاتر زانیاری پڕوانە: سمکۆی شکاک. کەنار ئەبووبەکر. لە ماڵپەڕی (زانیاری)، لە (14-08-2022)، وەرگیراوە لە (01/ 01/ 2025). بەم لینکە: سمکۆی شکاک

[2] ((سەتارخان قەرەچەداغی تێکۆشەرێکی تەبریزییە و لە 20ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1966 لەدایک بووە . ناوبراو یەکێکە لە فەرماندەکانی بزووتنەوەی دەستووری ئێران، نازناوی سەردار میلیی لێنراوە و لە تەورێز دژی هێزەکانی حکوومەتی دژە دەستوور وەستاوە .سەتارخان لە دژی سوپای بەرفراوانی محەممەد عەلی شا کە دوای تۆپباران و داخستنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی تەورێز بۆ دەرکردن و دەستگیرکردنی دەستوریخوازانی تەورێز ڕەوانەی ئازەربایجان کرابوو، بە توندی وەستایەوە. لە 8ی ئابی 1910دا، هێزەکانی حکومەتی دەستوری باخچەی ئەتابەکیان گەمارۆ دا و.... هەروەها سەتارخانیش لە ڕووداوەکەدا بریندار بووە و نەیتوانیوە بجوڵێت.... خۆی و شوێنکەوتوانی ناچار بوون چەکیان دامالن. (.....)....، دوای ئەم ڕووداوە نزیکەی چوار ساڵ ژیا،.... لە کۆتاییدا ستار خان لە 17 ی تشرینی دووەمی 1914 لە تاران کۆچی دوایی کرد.)) ؟. چگونه «ستارخان» قهرمان عصر مشروطه شد؟/ الگوی مقاومت در برابر استبداد و استعمار، (گزارش میراث‌آریا به بهانه زادروز سردار ملی). ماڵپەڕی (میراث‌آریا)، (20ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣)، وەرگیراوە لە (01/ 01/ 2025)، بەم لینکە: چگونه «ستارخان» قهرمان عصر مشروطه شد؟/ الگوی مقاومت در برابر استبداد و استعمار - خبرگزاری میراث آریا

[3] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.139.

لە باسی بنەماکانی نەتەوەگەرایی لە شیعرەکاندا نموونە بۆ هەموو بنەماکان دەهێنینەوە. لە شیعری (دەسکەوتی خەبات)دا شاعیر کە دێتە سەر باسی (حاجی قادری کۆیی)ی شاعیر شانازی بە وتەکانی دەکات و پیایاندا هەڵدەڵێت و تەنانەت بە جوێن و قسە زبرەکانیشی دادەڵێت و دێرێك شیعری شاعیر تێکهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی دەکات و وەکو پشتگیری و هاوبۆچوونی و دەستخۆشی و دووبارە خستەوەڕووی ئەم پەیامە، هەروەکو بەم شێوەیە باس و ستایشی (حاجی)ی و تێکهەڵکێشی شیعرەکەی لە شیعرەکەی خۆیدا دەخاتەڕوو:

وشەی شیرینی تۆ دوژمن تەزێنە
هەموو پەندن قسەی سووک و دزێوت
وەکوو باڵی پەری پاکە جنێوت
بەنرخە، تازەیە، بەرزە، بەهێزە
ئەوەی فەرمووت لە بارەی پیاوی دێزە
«ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی
موحەقەق دایکی حیزە و بابی زانی»[1]

بەمشێوەیە لێرەدا شاعیر پاش ئەو هەموو وەسفدانەوەی (حاجی)، ئینجا دێت بە دووبارە خستنەوەڕووی پەیامی (حاجی) لەسەر قسەکردن بە زمانی کوردی، دەیەوێت بە هەموو تاکێکی کورد بڵێت زمان بڕبڕەو سەلمێنەر و ناسنامەی نەتەوەی کورد و یەکە یەکەی تاکی کوردە و هەرکەسێ زمانی کوردی نەزانێ کەواتە کورد نییە و سەر بەو نەتەوە نییە ئەگەر لە کوردیش لە دایك بووبێ ئەوە لە باوکی خۆی، کە لە بنەچەی کوردە، نییەو منداڵێکی زۆڵە.

بەم شێوەیە دەبینین شاعیر چۆن زمان وەکو بنەما و جەوهەری نەتەوەو نەتەوەگەرایی بەرجەستەدەکات و بوونی نەتەوەیی بوون و کوردبوون راستەوخۆ پەیوەست دەکات بە زمانی کوردی، زمان دەکاتە روح و ناسنامەی نەتەوەگەرایی و کوردبوون. ئەم بۆچوونەش هاوتایە لەگەڵ تیۆری (پێشینەگەر)، چونکە هەروەکو یەکێك لە تیۆریستە ناسراوەکانی ئەم تیۆرە بە ناوی (فیختە)ی ئەلمانی (1762-1814) لە بارەی زمانەوە باس لەوە دەکات کەوا زمان تەنیا ئامرازێکی لێک تێگەیشتن و پەیوەندی کردن لە نێوان خەڵکدا نییە، بەڵکو پەیوەندی نەتەوەیی و زانیاری نەتەوەیی بەرجەستەدەکات و هەڵگری ناسنامەو ڕاستییە نەتەوەییەکانە و وەك دەرخەری هزر و بیرو کلتووری نەتەوەیی کار دەکات. هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کەوا زمان پردی پەیوەندی نێوان تاکەکانی نەتەوەیە و، دروستکردنی زەمینەی لێك تێگەیشتن و بنیاتی نەتەوەیە، هەر بۆیە پێی وایە پاراستنی زمانی نەتەوەیی لە کاریگەری وشە و زاراوە ناکوردی و بیانییەکان، جەوهەری پاراستنی بوون و ناسنامەی نەتەوەییە[2]. بە هەمان شێوە شیعرەکانی (هێمن)یش بەهاو پێگەیەکی گرنگ بۆ زمانی نەتەوەیی وەکو یەکێك لە بنەماکانی نەتەوەو نەتەوەگەرایی دادەنێت و زۆر گرنگی بە پاککردنەوەی زمانی کوردی دەدات و ئاورێکی تەواو لە وشەی پەتی و رەسەنی کوردی دەداتەوەو ئەوینداری وشەی شیرینی کوردییەو شەیدای وشەو زاراوەی کوردی لە لای ئەو لە ئاستێکی وایە کەوا تام و چێژی دەربڕینی وشە و زاراوەی رەسەنی کوردی لە لای ئەو لە تام و چێژی شەکرە لێوی یار شیرنترو بە چێژترە، هەروەك ئەم هەڵوێستەی لە شیعری (فریشتەی پەڕیوە) دەخاتەڕوو کە دەڵێت:

بەڵێ تۆ کیژی، نازداری، لەباری
منیش پیرێکی زورهان و دزێوم
بەڵام شیرنترە لەو شەککرەلێوە
وشەی کوردی کە هەڵدەڕژێ لە لێوم[3]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.257.
[2] زولکوف ئەرگون، نەریتا نەتەوەیی د هەلبەستا نوویا کوردی دە، *(1880-1970)*. ل.11-12.
[3] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.237.

بەم شێوەیە دەبینین پاش وەسف و پیاهەڵدانی بە یار کەچی دەربڕین و قسەکردن بە وشەی رەسەنی کوردی پەسندترو بە چێژترو شیرین و خۆشتر دەزانێت لە تامی شەکرە لێوی یار، بەرزکردنەوی حەزو خۆشەویستی زمان و وشەی نەتەوایەتی بەسەر خۆشەویستی و چێژپێدانی یار ئەوپەڕی ئاست و رادەی نرخ و بەهاو گرنگی دانە بە زمانی رەسەنی کوردی و بەرزراگرانتی زمانی نەتەوەییە.

هەروەها ئامانج و ویست و ئاوات و خۆزگەی نەتەوەگەرایی لای شاعیر بۆ دروستکردن و گەیشتنە سەربەخۆیی و دەڵەتی نەتەوەییە و هاوشێوەی تیۆری (پێشینەگەر) مێژووی هەبوونی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بۆ پێش مێژووی سەروەری و دەوڵەتی نەتەوەیی دەباتەوەو هەبوونی هەریەکە لە سەروەری و دەوڵەت بە ئامانج و ئەنجام و دەرهاویشتەی خەبات و شۆرشی نەتەوەو بەرجەستەبوونی نەتەوەگەرایی دادەنێت. بۆ نموونە لە شیعری (بەهار هەر دێ)دا شاعیر دەڵێت:

لە گیاندانا دەگوڕێنم بژی هەر کورد و کوردستان
بەگوڵڵەی دژمنانی گەل دڵیشم بێتە راوەستان
پشووی دواییم دەخوێنم بۆ گوڵ و گوڵزاری ئەم خاکە
لە سایەی ئەم گوڵ و گوڵزارەیە بوومە هەزار دەستان
دەزانن زامی دیلی چەند بەئێش و چەند بەئازارە!
دەبێ رابێین هەتا ئێمەش دەگەینە رێزی سەربەستان
خەتای خۆمانە تا ئێستا کە هەروا کۆیلە و دیلین
ئەوانەی شاد و ئازادن کەمێ زووتر لەخەو هەستان
نەتاندیوە کە رووباری خوڕێن بەردی دەقەڵشێنێ
وەهاش هەر زۆرداری دەسووتێنێ گڕی هەستان[1]

لێرەدا کورد وەکو نەتەوەو گەل لەلای شاعیر بوونی هەیە، بەڵام خاونی سەروەری و ئازادی و نیشتمانی سەربەخۆو دەوڵەت کوردستان نییە. بۆیە شاعیر تا دواهەناسە بۆ کوردو کوردستان هاواردەکات و روو لە خەڵکی کورد دەکات و پێیان دەڵێت دەبێ ئێمەش بەخەبەربێینەوە لە خەوی غەفڵەت و بێئاگایی و خەبات بکەین تاوەکو لەم دیلی و ژێردەستییە رزگارمان بێت و بگەینە ئازادی و سەروەری خۆمان هاوشێوەی میللەتانی دونیا. بەڵام شاعیر پێی وایە بۆیە کورد هەر لە دیلی و ژێردەستی دایەو خاوەنی سەروەری و کیانی سەربەخۆی خۆی نییە هاوشێوەی گەلانی دونییا چونکە نەتەوەو گەلانی دونیا زووتر لە خەوهەڵساون و خەمی ئازادی خۆیان خواردووەو بۆ مافی سەربەستی خۆیان راپەڕیوون، بەڵام میللەتی کورد درەنگتر هەستان و راپەڕینیان بەرقەرارکردووە بۆیە نەگەیشتوون بە ئامانجی خۆیان کە ئەویش گەیشتنە بە سەروەری و دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ.

هەروەها لە شیعری (قەڵای نیشتمان)یشدا دەڵێت:

دەبێ من چۆن بژیم مەسروور و دڵشاد
کە دەتبینم لە دەس بێگانەدای تۆ
دەبێ کەی سەربەخۆ بی تۆ هەتا من
بە سەربەستی بکەم سەیر و سەفای تۆ
بە شینکە و گوڵ سەراسەر سوور و شینە
چ جوانە دیمەنی کێو و چیای تۆ
لەگەڵ تۆ بۆ نەجاتی نیشتمانت
دەدەن هێمن! هەوڵ خوشک و برای تۆ[2]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.346.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.97.

لێرەشدا لە لای شاعیر کورد وەکو نەتەوەو میللەت بوونی هەیەو خاوەنی نیشتمانی خۆیەتی، بەڵام نیشتمانەکەی داگیرکراو و ژێردەستە، بۆیە ئاوات و خەون و ئامانجی شاعیر وەکو نەتەوەگەرێك ئازادکردنی نیشتمانی کوردە لە دەست بێگانەو گەیشتنییەتی بە سەروەری و خاوەن کیانی سەربەخۆو سەربەست. لە کۆتایی شیعرەکەشدا ئاماژە بەوەدەکات کەوا ئامانج و هەوڵ و خەباتی خۆی و خەڵك و گەل و نەتەوەکەی رزگاردنی نیشتمانەکەیتیان لە دەستی نەیاران. کەواتە لە شیعرەکاندا هاوشێوەی تیۆری (پێشینەگەر) نەتەوە بوونی هەیە و نەتەوە و نەتەوەگەرایی ئامانج و ویستی گەیشتنە بە سەروەری و دەوڵەت و نیشتمانێکی سەربەخۆ. ئەلێرەوەش لە تای تەرازووی ئەم تیۆرە بەها پێدراوە.

ئیتر بەمشێوەیە بۆمان دەرکەوت شعرەکانی (هێمن) لە پێوانەی تای تەرازووی ئەم تیۆرەی نەتەوەگەرایی (تیۆری پێشینەگەر) سەنگ و باراستاییەکی زۆر وەردەگرێت و پشتگیری لە گوتاری نەتەوەگەرایی نێو شیعرەکانی دەکرێت و شیعرەکانی وەکو شیعری نەتەوەگەرایی و خۆشی وەکو شاعیرێکی نەتەوەگەر هەژماردەکرێن.

### 2-2-2. تیۆری مۆدێرنیست

(مۆدێرنیست)ـەکان جیاواز لە (پێشینەگەر)ەکان لە نەتەوە و دەوڵەت و ناسیۆنالیزم دەڕوانن، ئەوان پێیان وایە سەرەتای دروستبوون و دەرکەوتنی نەتەوەکان مێژوویەکی نوێیان هەیەو ئەو مێژووەش بۆ رۆژگاری مۆدێرنێتە و سەرمایەداری دەگەرێننەوە و بە دەرهاویشتەی ئەوی دەزانن و نکۆڵی لە بوونی هەرنەتەوەیەك لە پێش ئەم سەردەمە دەکەن. نەتەوە لەلای ئەوان بەرهەمی ئایدیۆلۆژیا نەتەوەگەرایەتییە، ئەو ئایدۆلۆژیایەی کۆمەڵگەی مۆدێرن و پیشەسازییەکان بەرهەمیان هێناوە. هەروەها زۆربەی نووسەران باس لەوە دەکەن کە مۆدێرنیستەکان دەرکەوتنی ناسنامەی نەتەوەیی بەو شێوە و ناوەڕۆکەی کە ئەمرۆ هەیە دەگەرێننەوە بۆ کۆمەڵگەی ئەوروپی سەدەی نۆزدەهەم. لە لای مۆدێرنیستەکان دەوڵەت و نەتەوە وەکو دوو رووی یەك دراو بەیەکەوە گرێدراون و ناتواندرێت لێکدابپڕدرێن، ئەگینا هەریەکەیان بە تەنیا ناتەواو و بێ بوون دەمێننەوە. هەر بۆیە لە لای مۆدێرنستەکان پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان دروستبوونی دەوڵەت و نەتەوەدا هەیە و نەتەوەگەراییش وەکو دەرکەوتەیەکی ئایدۆلۆژی و سیاسی سەردەمی مۆدێرنێتە هەردووکیان لە چوارچێوەی یەك جەستەدا بەرجەستەدەکات. ئەم تیۆرەش لە لایەن چەند تیۆریستێکەوە رابەری دەکرێن، ناسراوترنیان وەکو: (گێڵنەر، هۆبسباوم و ئەندەرسۆن)ن.[1]

لە تەرازووی ئەم تیۆرەی نەتەوەگەرایەتی (تیۆری مۆدێرنیست) گوتاری نەتەوەگەرایی شیعرەکانی (هێمن) شوێن و پێگەیەکی نەتەوەگەرایی هاوشێوەی تیۆرەکەی پێشوو (تیۆری پێشینەگەر)ەکانی نییەو بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵیدا ناتەبایە، چونکە بە پێی ئەم تیۆرە نەتەوەو نەتەوەگەرایی مێژوویەکی دێرینی تولانی نییەو مێژووی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی مۆدێرنێتە و شۆرشی پیشەسازی و رۆشنگەری و سەردەمی دەوڵەتی نەتەوایەتی مۆدێرن واتە: کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بێستەم، بەڵام وەکو پێشتر خستمانەڕوو لە شیعرەکانی شاعیردا مێژووی نەتەوەگەرایی مێژووەکی دێرینی هەیە و مێژووی نەتەوەی کورد دەگەرێنێتەوە بۆ مێژووی (ماددەکان)، یان مێژووی ئازایەتی گەنج و لاوی کورد و جەنگاوەری نیشتمان دەگەرێنێتەوە بۆ (سمکۆ)، هەروەکو پێشتر بە نموونەی شیعری شاعیر ئەم راستییەمان خستەڕوو. بۆیە لێرەدا پێویست ناکات دووبارە بیخەینەوەڕوو.

هەروەها بە پێی ئەم تیۆرە هەروەك تیۆریستێکی وەکو: (ئێرنێست گێڵنەر) پێی وایە: ((نەتەوە و کولتوور تەنیا لەو کاتەدا دەبنە یەکەیەکی سروشتی و کۆمەڵایەتی، کەوا خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی خۆیان بن، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا. هەڵبەتە ناتوانن، بە شێوەیەکی ئاسایی، لە دەرەوە لاشەی دەوڵەت

[1] Mathieu Huard-Champoux. *Des théories du nationalisme à la construction identitaire nationale: l'identité nationale dans un contexte de légitimation politique en chine.* p.31-42.

بەردەوام هەناسە بدەن و بە زیندوویی بمێننەوە.))[1] واتە: لە دەرەوەی دەوڵەت نە کلتور نە نەتەوە ناتوانن بوونیان هەبێت و بەردەوام نابن و دەمرن و لەناو دەچن. یان لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ((ئەوە نەتەوەگەراییە نەتەوەکان دێنێتەبوون، نەوەك بە پێچەوانەوە.))[2] واتە: نەتەوە لە منداڵدانی نەتەوەگەرایی لە دایك دەبێت و هەڵبەتە پێشی وایە خۆشی لە بەرهەمی مۆدێرنێتەیە، کەواتە نەتەوە دروستکراوی مۆدێرنێتەیە و شتێکی ئەزەلی و سروشتی نییە. یان لە شوێنێکی تردا بە شێوازێکی تر دەڵێت: (دەوڵەت نەتەوە بەرهەم دێنیت، نەوەك نەتەوە دەوڵەت بهێنێتە بوون)[3] ئەمەش مەبەستی لەوەیە کە دەوڵەت دەبێتە مایەی دروستبوونی نەتەوە، چونکە وەکو پێشتر خستمانەڕوو (گێڵنەر) بوونی نەتەوە و کلتوری بە دەوڵەت بەستاوەتەوە و پێی وایە ئەگەر دەوڵەت نەبێت نە کلتور و نەتەوە ناتوانن بوونی خۆیان بەرجەستەبکەن. کەواتە بەپێی ئەم تیۆرە ئاراستەکە بەم شێوەیە:

(دەوڵەت ⟵ سەروەری ⟵

ئەگەر بەم چاوەی (گێڵنەر) شیعرەکانی (هێمن) هەڵبسەنگێنین، ئاسایی بوونی کورد وەکو نەتەوەو گەل و میللەت ڕاستەوخۆ نەبەستراوەتەوە بە بوونی دەوڵەت و لە پێش بوونی دەوڵەت کورد، وەکو نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، هەر بوونی هەبووە، یان دەتوانین بڵێین کورد لە پێشوودا خاوەن دەوڵەت و بوونی خۆیبوو، بەتایبەت لە سەردەمی (ماددەکان)دا، بەڵام ئێستا وەکو نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و داگیرکراو و مەزڵوم بوونی هەیەو بێ دەوڵەتی بوونی نەسریوەتەوەو هەربوونی هەیە، هەروەکو پێشتریش بۆ مەبەستی تر خسمانەڕوو کەوا شاعیر لە شیعری (ناڵەی جودایی) لە دێرێکدا دەڵێت:

شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە[4]

شاعیر لێرەدا پێچەوانەی (گێڵنەرو مۆدێرنیست)ەکان دان بە بوونی گەل و نەتەوەی کورد دادەنێت ئەگەرچی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتیش بێت، واتە: نەتەوە و گەل بوونی کورد بە هیچ شێوەیەك نابەستێتەوە بە بوون و نەبوونی دەوڵەت. هەروەها بە پێی شیعرەکان نەتەوەو نەتەوەگەرایی ئامانج و ویستی بۆ بەدەستهێنانی سەروەری و دەوڵەتی نەتەوەییە، هەرچۆنێك بێت لە باسی تیۆری (پێشینەگەر) ئەو ڕاستییەمان خستەڕوو.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوەش بڵێین کەوا لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بە شێوەك لە شێوەکان هاوبۆچوون دەبێتەوە لەگەڵ ئەم تیۆرە مۆدێرنیستە، یان بڵێین تارادەیەك نزیك دەبێتەوە، ئەویش ئەگەرچی بوونی نەتەوەی کورد نابەستێتەوە بە کیان، بەڵام پێی وایە دەوڵەت کاریگەری لەسەر نەتەوە و کلتور و ناسنامەی نەتەوەیی هەیە و بەبێ دەوڵەت هەموو ئەمانە کاریگەریی زۆر خراپ و نەرێنیان دەکەوێتە سەر و لە ژێر مەترسی و پوکانەوەن، هەروەکو لە شیعری (ڕۆژگاری ڕەش) دا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| وەپاش کەوت خەباتمان | داگیراوە وڵاتمان |
| تێپەڕی ڕۆژی هاتمان | رووخا کۆشکی ئاواتمان |
| نەهاتی و تەنگانەیە | باو باوی بێگانەیە |
| خەزری ئەو یەکانەیە | لێمان لە بەهانەیە |
| بووینەوە دیل و یەخسیر | وڵاتمان کرا داگیر |
| راوکەر بوونەوە نێچیر | یووسف خرانە ناو بیر |
| حکوومەت نیزامییە | تۆزێک ئازادی نییە |
| ئامانجی دوژمن چییە؟ | قڕکردنی خەڵکییە |

[1] Gellner, Ernest. Nations and Nationalism (New Perspectives on the Past). Ithaca: Cornell University Press, 1983, P.143.
[2]. Gellner, Ernest. Nations and Nationalism (New Perspectives on the Past *Ibid.*,P.55.
, *Ibid.*, p. 49.
[4] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی، ل.280.

که شەو داهات دیژبانی لێمان دەچتە سەربانی
تفەنگی لەسەر شانی بۆتە رۆستەمی سانی
دەڵێ فەرمووی فەرماندەر لە شامەوە تا سەحەر
هەر کەس لە ماڵ هاتەدەر کلکش بکن پسر
داخرا دەرکی رۆژنامە شکاون نووکی خامە
کوردی نووسین حەرامە دوژمن دەڵێ بێتامە
دڕان کاغەز و دەفتەر گیران شاعیر و نووسەر
کۆمەڵێک بوون دەربەدەر کۆمەڵێکیش دەسبەسەر
خوێندن بە زمانی خۆمان سووچ و تاوانە بۆمان
چاپخانە و بڵێندگۆمان بوونە بەردی بن گۆمان
لەلایەک قات و قڕە لەلایەک کوشت و بڕە
هەموو کەس حاڵی شڕە دوژمن نان و دۆ بڕە[1]

بەمشێوەیە دەبینین بە لەناوچوونی کیانی رۆژهەڵات شاعیر باسی ئەم رۆژە دەکات و خەمی خۆی بۆ ئەم نسکۆ گەورەیە دەردەبڕێت و ئاماژە بە لێکەوتانەی دوای ئەم کارەساتە دڵتەزێنە دەکات کە چۆن بووە مایەی مەترسی تەنانەت لەسەر بەردەوامی جنس و نەژادی کوردیش. بۆیە شاعیریش پێی وایە قەوارە مایەی ژیان و بەردەوامی و گەرێنتی نەتەوە و پێشکەوتن و ژیان و سەرکەوتنی گەلە و نەبوونی دەوڵەت ئەگەر هاوشێوەیی بیروباوەری گێلنەرو مۆدێرنیستەکانیش پێی وا نەبێت کەوا کلتور و نەتەوەی کوردیش کۆتایی پێ دێت و لە غیابی ئەو ئەوانیش نابن، بەڵام بە تێگەیشتنی شاعیر لە بێ قەوارەییدا هەموو لایەنێکی نەتەوەی کورد مەترسی و کاریگەری نێگەتیڤی دەکەوێتە سەرو تەنانەت مەترسی دەکەوێتە سەر گیانی تاك تاکی دانیشتوانی کورد و ئەگەری کوشتن و لە ناوبردنیان هەیە.

شاعیر ئومێدی زۆری بە سەربەخۆیی و کیانی گەل هەیە و بە مایەی زۆر دەستکەوتی نەتەوەیی دادەنێت، هەم لایەنی پاراستنی نەژاد و هەم کلتور و زمان و هەمیش ئابووری و پێشکەوتنی پیشەسازی و رۆشەنبیری گەل و نەتەوە. هەر بۆیە لە شیعرێکی تردا بە ناوی (ئاواتی بەرز) شاعیر لە چەند دێرێکدا باس لە خەون و ئومێدی دووبارە دەوڵەت و دەستەڵاتی سیاسی سەربەخۆی کوردی دەکات و لەمیانەی زیندە خەونەکەیدا باس لەو دەستکەوت و دەرهاویشتانە دەکات کە لە میانەی کیان و سەربەخۆیی کوردەواری بەرجەستەدەبن و دەڵێت:

«رێگەیی ئاسن دەچێتە شاخی هەورامانەوە»
هەر کە کەوتە دەستی کوردی چارەنووس و کاری کورد
مەدرەسە و دانیشکەدە بۆ شار و لادێ دادەنێن
خوێندەواربێ تاکوو رۆڵەی زیرەک و نازداری کورد
ئەو زمانە شیرنەی ئێمە پەرەی دەگرێتەوە
نادڕێ چیدی کتێب و دەفتەری ئەشعاری کورد
بێ برەو نابێ مەتاعی کوردەواریمان ئیتر
رەونەقی پەیدا دەکا ئەو جارەکە بازاڕی کورد
دادەمەزرێنن لە گشت شاری وڵات کارخانەیەک
تا بەدەستی خۆی رەنێو بێ بەرهەم و کرگاری کورد
بەر دەدەن گاجووتی لەڕ، سواری تەراکتۆران دەبن
دێتە دەر بوورە و بەیار و بەندەن و نیساری کورد

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.141-142.

کشتوکاڵ و جووت و گامان دێتە سەر باری لەبار
پڕ دەبێ تێر و جەواڵ و مشت دەبێ عەمباری کورد
خەستەخانەشمان دەبێ، دوکتۆر و دەرمانیش فرە
ناکەوێ تازە لە کووچان خەستە و بیماری کورد
بەختیار و خوێندەوار و ساغ و تێر و پڕ دەبێ
دێتە دەر ماکەی نەهاتی و نەگبەتی و ئیدباری کورد[1]

ئەگەر بە وردی تەماشای ئەم چەند دێرە شیعرە بکەین دەبینین ئەگەرچی بە پێوانەی (تیۆری مۆدێرنیستەکان و فاکتەکانی گێڵنەر) شیعرەکانی (هێمن) نەتەوەگەرایەتییەکەی پارسەنگی ئەوەی نییە کە کیان بکاتە بنەمای بوونی زمان و کلتور و نەتەوە و گەل، بەڵام پەیوەندی و ڕۆڵ و گرنگی و کاریگەری کیان لەسەر زمان و کلتور و نەتەوە فەرامۆش ناکات و بوونی چەندین لایەنی نەتەوەو کلتور بە قەوارە دەبەستێتەوە و بە ئاشکرا باس لەوە دەکات کە ئەگەر بووینە خاوەن قەوارەی سەربەخۆی خۆمان ئا ئەوکات نەتەوە و نیشتمان لە چەندین لایەنەوە دەبووژێتەوە و پیشەسازی و پێشکەوتنمان دەگاتە ئەو رادەیەی کەوا سکەی قیتار بچێتە چیاکانی هەورامان، کە لەبەر نەبوونی دەوڵەت تا ئێستاش ئەم زیندە خەونە سادەیە نەبۆتە واقیع و هەر خەونی شاعیرانەیە، هەروەها شارستانی و قوتابخانەو فێربوون و خوێندن و خوێندەواری دەگاتە خەڵکی شارو لادێی کورد و دەفتەرو پەراوی کورد پارێزراو دەبێت

هەروەها بە پێی پێوانەی تیۆر و بیردۆزی نەتەوەگەرایی تیۆریستێکی تری (تیۆری مۆدێرنیست)ـەکان کە پێشتر ناومان برد کە ناوی: (ئەندەرسۆن)، کە وەکو یەکێك لە رابەرانی قوتابخانەی تیۆری مۆدێرنیست، کە بۆ (نەتەوە) چەمك و بۆچوونی ((کۆمەڵگەیەکی سیاسی وێناکراو و خەیاڵکرد ـ کە وەک کۆمەڵگەیەکی سنووردار و خاوەن سەروەری وێناکراو))[2] خستەڕوو. بە واتای ئەوەی کە نەتەوە کۆمەڵگایەکی وێناکراوی ناراستەقینەیەو ناسروشتییە، بەڵکو شتێکی دروستکراوەو بە چوارچێوەو سنوورێکی دیاریکراو دەوردراوە و خاوەنی سەروەریی و سەربەخۆییە لە بەڕێوەبردن وکارگێری و سیاسەت و دەسەڵات و بڕیارداندا. کەواتە: ((یەککگرتنی سەرمایەداری و تەکنەلۆژیای چاپ لەگەڵ جۆراوجۆری چارەنووسسازی زمانی مرۆڤدا، دەرفەتی شێوازێکی نوێی کۆمەڵگەی وێناکراوی ڕەخساند، کە لە ڕووی پێکهاتە بنەڕەتییەکەیەوە ڕێگای بۆ دروستبوونی نەتەوەی مۆدێرن خۆشکرد.))[3] نەتەوەیەکی نائەزەلی و بەرهەمهێنراو.

هەروەها (ئەندەرسۆن) دروستبوونی نەتەوە و نەتەوەخوازی بە مۆدێرنێتەوە گرێدەدات و بە هەمان شێوەی (گێلنەر) مێژووی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بۆ سەردەمی نوێ و سەردەمی مۆدێرنێتەو سەرمایەداری و شۆڕشی پیشەسازی و رۆشەنگەرییەوە گرێدەدات و زیاتر پێ لەسەر دەرهاویشتەکانی کولتوری مۆدێرنێتە دادەگرێت، بەتایبەتی لە دایك بوونی (کاپیتالیزمی چاپ) کە بووە مایەی هاتنە ئارای ڕۆژنامەو ڕۆمان و بەرجەستەبوونی زۆری کتێب و بڵاوکراوە، کە هەموو ئەمانەش، وەکو ئامرازی گرنگی پەیوەندی کولتوری و دروستکردنی زمانی ستاندارو یەکگرتوو، بوونە بنەماو زەمینەسازی چەکەرەو گەشەکردنی ئەو هەست و هۆشیاری و فانتازیای هاوبەش و هەڵویستی گشتییەی کە نەتەوە، وەکو گروپێکی سیاسی فانتازیکراو، خوێنی شادەماری خۆی لێوەردەگرێت.[4]

هەرچۆنێك بێت بە پێی تیۆرو فاکتەکانی (ئەندەرسۆن) پێوانەی شیعرەکانی (هێمن) لە رووی نەتەوەگەراییەوە جێگای نەگونجاوییە، چونکە هەروەکو پێشتر لە تیۆری (گێڵنەر) خستمانەڕوو کەوا لە شیعرەکانی شاعیردا کورد وەکو گەل و نەتەوە دەسکردی مۆدێرنێتە نییە و کۆمەڵگەیەکی وێناکراو خەیاڵی نییە و خاوەنی بوون و وێنەیەکی راستەقینە و سروشتییە و مێژووەکەشی زۆر لە مێژووی

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.170.
[2] Anderson, Benedict. Imagined Communities: Refleetions on the origins and spread of nationalism Revised edition. NewYork: Verso, 1991, P.6.
[3] *Ibid.,* P.46.
[4] مەریوان وریا قانیع. ناسیۆنالیزم و سەفەر. سلێمانی: ڕەنج، 2005، لا43-46.

مۆدێرنێته و سەرمایەداری و شۆرشی پیشەسازی کۆنتره و بۆ سەردەمی (ماددەکان) درێژ دەبێتەوە. هەروەها دەرهاویشتەی دەزگای چاپ و چاپەمەنی و رۆژنامە و بڵاوکراوە و رۆمان و کتێب و نووسراو و هەروەها سەرمایەداری نییە و... هیتر. بۆیە نەتەوەگەرایی شیعرەکانی شاعیر لە پێوانەی ئەم تیۆرستە وەکو تیۆریستەکەی پێشوو جێگای هەڵوەستە لەسەرکردن نییە.

هەرچەندە دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت لە ناوەڕۆکی شیعرەکاندا ئاماژە بە چاپ و رۆژنامەو بڵاوکراوەو کتێب و قەلەم و نووسین و شیعر کراوەو بەهەندی وەرگرتوون و دانی خێری پێدانراوەو وەکو بنەمایەکی هۆشیاری نەتەوەیی و پێشکەوتن و پێگەیشتن گرنگی پێدراوەو بە مایەی ئازادی و سەربەخۆیی و گەیشتن بە ئاواتی نەتەوەگەرایی، کەوا بریتییە لە کیانی نەتەوەیی خاوەن ئیرادە و سەروەری. بەڵام وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا کەوا دروستبوونی نەتەوەی کورد پەیوەستنییە پێیانەوە، بەڵکو ئاواتی نەتەوەگەرایی و پێشکەوتن و سەرکەوتنی نەتەوەی پێوە بەندکراوە. بۆ نموونە لە شیعری (رۆژی شادی)دا لە درێکدا زۆر بە ئاشکرا پاراستنی ئاڵا و قەوارەی نەتەوە پەیوەست دەکات بە نووکی قەڵەم واتە نووسین و بڵاوکراوەو... هیتر، هەروەك دەڵێت:

پێت دەڵێ نووکی قەڵەم؛ نووکی قەڵەم

زۆر لە شیر باشتر دەپارێزێ عەلەم[1]

کەواتە لە شیعرەکانی شاعیردا نەتەوەی کورد بوونی هەیە و کێشە لە بوونی کوردا نییە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانیدا بۆ بەرهەمهێنانی نەتەوەی کورد نییە و نایەوێت شیعرەکانی لە جێگای رۆمانی سەردەمی سەرمایەداری نەتەوەیەکی وێناکراو و فانتازیمان بۆ دروست بکات، بەڵکو نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانیدا بریتییە لە گەیاندنی نەتەوەی کورد بە هۆشیاری و بە ئاگاهاتنەوەو دەستگرتن بە زانست و خوێندن و پێشکەوتن و خەبات و راپەڕین. بۆیە گوتارە نەتەوەگەرایەتییەکانی نێو شیعرەکانی (هێمن) لە پارسەنگی تای تەرازووی نەتەوەگەرایەتی بە پێی (تیۆری مۆدێرنیست) کێش و بەهایەکی پەسندکراوی نییەو گوتارە شیعرییەکانی وەکو گوتارانێکی نەتەوەگەرایی جێگەی گومان و پرسیارن، چونکە کورد نەیتوانییوە لە قاڵبی کیانێکی سەربەخۆ ببێتە نەتەوەو خاونی پرسی نەتەوەگەرایی، بە مانا مۆدێرنێتەکەی.

### 3-2-2 تیۆری ئیتنۆسمبۆلیزم

ئیتنۆسمبۆلیزمەکان بۆچوون و لێکدانەوەی تایبەت بەخۆیان هەیە لەسەر ناسیۆنالیزم و نەتەوە و دەوڵەت. بیرو بۆچونەکانیشیان زیاتر ناوەندگیرییەکی وەرگرتووە لە نێوان پێشینەگەر و مۆدێرنیستەکان. بە واتایەکی تر ئیتنۆسمبۆلیزمەکان هاوشێوەی مۆدێرنیستەکان مێژووی نەتەوەو نەتەوەخوازی دەگەرێننەوە بۆ سەردەمی مۆدێرنێتە و هاتنەپێشەوەی پیشەسازی و سەرمایەداری، بەڵام بە پێچەوانەی مۆدێرنیستەکان ئەوان پێیان وانییە نەتەوە تەواو دابڕاوە لە رابردوو و سەردەمی پێش مۆدێرنێتە، بەڵکو رەگ و ریشەی نەتەوەکان دەگەرێننەوە بۆ مێژوویەکی تولانی ترو هاوشێوەی مۆدێرنیستەکان تەواو دایناپڕێنن لە رابردوو و پێیان وایە نەتەوە لەسەر ئیتنیك و سیمبوڵ و زمان و کلتوری پێش مۆدێرنێتە خۆی بونیاد دەنێت و لەسەر وێناکردن و وەهم و خەیاڵ و فانتازیا دانامەزرێت. ئەم نوێی و کۆنییەی ئیتنۆسمبۆلیزمەکان سەبارەت بە نەتەوە پێمان دەڵێت نەتەوە وەکو بوون مێژوویەکی تازەی هەیە، بەڵام لە رووی نەژاد و بنەچە و سەرچاوەوە لە مێژوویەکی کۆنتر سەردەردەکات و لە ئیتنیکەوە سەرچاوەی گرتووە. هەروەها هەستی نەتەوایەتی لە پێش مۆدێرنێتە هەبووە.[2]

(ئەنتۆنی سیمس)، وەکو یەکێك رابەر و گەشەپێدەری قوتابخانەی ئەتنۆ سیمبۆلیست. هاتنە ئارای ئەتنۆسیمبۆلیستەکان بە دەرئەنجامی نارازیبوون بە رێبازو بیردۆزەکانی تر دادەنێت و پێی وایە هیچیان

[1] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی ل.113.

[2] Mathieu Huard-Champoux .*Des théories du nationalisme à la construction identitaire nationale: l'identité nationale dans un contexte de légitimation politique en chine,* p.18-20.

نەیانتوانیوە بۆ ناوەوەی نەتەوەخوازیی شۆڕببنەوە. ئەم تیۆریستەی ڕێبازی ئیتنۆ سمبۆلیست پێی وایە هەر کۆمەڵگای ئیتنیك و کلتورییە وردە وردە، بەهۆی هاتنە پێشەوەی گۆرانکارییە نوێیەکان و دەرهاویشتەکانی مۆدێرنێتەو گەشەسەندنی پیشەسازی و سەرمایەداری، دەگۆرێت بۆ کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی سیاسی، لەبەرئەوە سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەکان هەمان رای مۆدێرنیستەکان پشتراست دەکاتەوەو بە پێچەوانەی پێشینەگەرەکان پێی وا نییە پێش مۆدێرنێتە نەتەوەکان بونیان هەبووبێ، بەڵام لە هەمانکاتیشدا جیاواز لە مۆدێرنیستەکان تەلی پەیوەندی نەتەوەکان بە رابردوو ناپچرێنێت و ڕێچکەو بنەچەی نەتەوەکان دەباتەوە بۆ سەردەمی پێش مۆدێرنێتەو هاوشێوەی پێشینەگەرەکان رابردوو دەهێنێتە پێشەوە.[1]

لەبەر ئەوە لە باسی نەتەوەو دەوڵەت و نەتەوەگەراییدا وەکو ئەتنۆسیمبۆلیستێك زیاتر چاوی سەرنج و شیکردنەوەکانی دەخاتەسەر هۆکارە کلتووریەکانی وەك سیمبۆڵ و ئەفسانەو حکایەت و بەهاو یادگاری و نەریت و... هیتر، لەوەی خۆی پابەندبکات بە فاکتەرە سیاسی و ئابوورییە دەرەکییە رووتەکان، یان خۆی ببەستێتەوە بە هۆکارە سۆسیۆبایۆلۆجییەکان. ئەم تیۆرە گرنگی زۆر بە پەیوەندی نێوان نەتەوەو ئیتنیکەکان دەدات و وەکو پەیوەندییەکی ئاڵۆز مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.[2]

پێوانەی گوتاری نەتەوەگەراییەکانی شیعرەکانی (هێمن) لە تای تەرازووی ئەم تیۆرەدا (ئیتنۆسمبۆلیزم)، بە شێوەیەکی گشتی، بە پێی دوو لایەنەی پێکهاتەی تیۆرەکە دوو خوێندنەوەی هەیە:

یەکەم/ لەو شوینەی تیۆری (ئیتنۆسمبۆلیزم) هاوتایە لەگەڵ تیۆری (مۆدێرنیست)، بەوەی کە هاوشێوەی مۆدێرنیستەکان پێی وایە (نەتەوە) مێژوویەکی نوێی هەیەو سەردەمی مۆدێرنێتەو سەرمایەداری دەکاتە سەردەمی سەرهەڵدانی نەتەوەو نەتەوە بە شتێکی ئەزەلی و دێرین هەژمارناکات و پێی وایە نەتەوە دەرهاویشتەی دەوڵەتی نەتەوەییەو ئەوە دەوڵەتە نەتەوە دروستدەکات، ئا لەو کاتەداو بە پێی ئەم لایەنەی تیۆری (ئیتنۆسمبۆلیزم) شیعرەکانی شاعیر پارسەنگی نەتەوەگەرایەتییەکەیان، هاوشێوەی تیۆری (مۆدێرنیست)ەکان، بێ سەنگەو لە چوارچێوەی ئەم تیۆرە شوێن و بەهایەکی نییە. چونکە هەروەك لە باسی تیۆری (مۆدێرنیست)ـەکاندا بە نموونەوە خستمانەڕوو، وتمان شعرەکانی شاعیر کورد وەکو نەتەوە و گەڵ دەگەرێنێتەوە بۆ مێژوویەکی دێرین و بە مێژووی (مادد)ەکان دیاریدەکات و دان بە گەرانەوەی مێژووی نەتەوە بۆ سەردەمی مۆدێرنێتە و سەرمایەداری دانانێت و دەوڵەتیش بە ئامانج و بەرهەمی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دادەنێت. بۆیە بەپێی لایەنی یەکەمی ئەم تیۆرە (ئیتنۆسمبۆلیزم) گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی شاعیر دانپیانەنراوە.

دووەم/ بەڵام لەم شوێنەی تیۆری (ئیتنۆسمبۆلیزم) هاوتایە لەگەڵ تیۆری (پێشینەگەر)، چونکە مێژووی نەتەوە وەکو ئیتنیك و کلتوور بۆ مێژوویەکی دێرین و زۆر پێش سەردەمی مۆدێرنێتەو سەرمایەداری و شۆرشی پیشەسازی و رۆشنگەری دەگەرێنێتەوەو پێی وا نییە نەتەوە تەنیا پەیوەست بێت بەو مێژووەوەو بەرهەمی ئەم سەردەمە بێت. کەواتە: نەتەوە بوونێکی دەستکرد و وێناکراو فانتازی نییە، بەڵکو لەسەر ئیتنیك و کلتووری دێرین خۆی بەرجەستە دەکات و شتێکی تەواو دابڕاو لە مێژووی رابردوو دێرین نییە. لەسەر بنەمای ئەم تێروانینە لەگەڵ تیۆری (پێشینەگەر) تێکدەکاتەوەو یەکدەگرێتەوە. هەرچەندە تەواو وەکو (پێشینەگەر)ەکان پێی وانییە (نەتەوە) بە شێوەیەکی بەرجەستەکراو و هاوشێوەی چەمکی مۆدێرن بۆ مێژوویەکی دێرین بگەرێتەوە، بەڵام، وەکو پێشتریش خستمانەڕوو، هاوشێوەی (مۆدێرنیست)ـەکانیش پێی وانییە (نەتەوە) شتێکی تەواو دابڕاو دروستکراوەو پەیوەندی بە سەردەمی پێش مۆدێرنێتەوە نییە.

لەسەر ئەو بنەمایە پارسەنگی گوتاری نەتەوەگەرییەکانی شیعرەکانی (هێمن) بە پێی ئەم لایەن و بەشی دووەمەی تیۆری (ئیتنۆسمبۆلیزم) لەگەڵ نەتەوەگەرایی یەکدەگرێتەوە و جێگای قبولکردنە. چونکە، هەروەکو لە باسی تیۆری یەکەم (پێشینەگەر)دا بە نموونەوە باسی گوتاری نەتەوەگەرایی

---

[1] *Ibid.,* p.18-20.

[2] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو. ل.74-78.

شیعرەکانی شاعیر لە تای تەرازووی ئەم تیۆرەماندا کرد و وتمان لە گوتارە نەتەوەگەرایی شیعرەکانی شاعیردا مێژووی (نەتەوە) بۆ سەردەمێکی کۆن و پێش مۆدێرنێتە و سەرمایەداری دەگەڕێنرێتەوە و بە مێژووی (مادد)ەکان دەبەستێتەوە و پێی وانییە نەتەوە دروستکراو و داهێنراوی مۆدێرنێتەو سەرمایەدارییە، ئیتر ئە لێرەوە بەو بەشەی دووەمی تیۆری (ئیتنۆسمبۆلیزم) هاوتا دەبێتەوە.

هەرچەندە گوتارە نەتەوەگەرایییەکانی نێو شیعرەکان تەنیا پەیوەندی نەتەوەی کورد بۆ پێش مێژووی مۆدێرنێتە و سەرمایەداری و بۆ کلتور و ئەتنیکەکانی دێرین ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو خودی نەتەوەبوونی کوردیش بۆ پێش مۆدێرنێتەو سەرمایەداری دەگەڕێنێتەوەو بە داهێنانی ئەوانیان نازانێت. واتە: شاعیر وا دەیخاتەڕوو کە خودی کورد وەکو نەتەوە و گەل هەر لە کۆنەوە بوونی هەبووە و ئێستاش هەیە ئەگەرچی نەیار و داگیرکەرانی کورد نکوڵیش لەو نەتەوە بوونە بکەن. بۆ پێشکەشکردنی نموونەی شیعریش بۆ ئەم راستییانە بە پێویستی نازانین دووبارە بیخەینەوەڕو، چونکە لە باسی تیۆری یەکەم (پێشینەگەر) خستمانەتەڕوو.

هەرچۆنێك بێت لە تای تەرازووی ئەم تیۆرە (ئیتنۆسمبۆلیزم) شیعرەکانی (هێمن) لە لایەك هەڵگری گوتاری نەتەوەگەراین و لە لایەکی تریش بۆنی نەتەوەگەرایییان لێنایەت، هەرچەندە دەتوانین بڵێین، بە شێوەیەکی گشتی، تارادەیەك پێوانەو ڕێژەی نەتەوەگەرایی بوون لە گوتاری شیعرەکاندا ئاستی کەمترە لە ڕێژەو پێوانەی نەتەوەگەرایی نەبوونی گوتارە شیعرەکانی شاعیر.

# بەشی سێیەم

## 3. بنیادی گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی "هێمن"دا

### 1-3. بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی "هێمن"دا

لە خستنەڕووی بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن)دا سەرەتا پێویستە باس لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بکەین و بپرسین ئاخۆ بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی چەند و چین؟ ڕێزبەندی و پلەبەندیان چۆنە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرچاوە و نووسەر و بیرمەند و شارەزایانەی بواری نەتەوەگەرایەتی کەوا باس لەم بابەتە دەکەن ئەوە دەبینین:

یەکەم/ بە شێوەیەکی گشتی بۆ خستنەڕووی بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی سەرچاوەکان زیاتر بەرەو تیۆری یەکەم (پێشینەگەر) لاردەبنەوە، چونکە بە پێی تیۆرەکانی تر هەموو بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بە شێوەیەکی چڕ و پڕ نەخراونەتەڕوو، هەروەها تیۆرێکی وەکو تیۆری (مۆدێرنیست) لە لای ئەو بنەماکان دەکرێت دروستکراو و وێناکراوبن و بە شێوەیەکی فانتازی و خەیاڵی بنیات بنرێن و لە لای ئەوان بنەماکان ئەوەندە گرنگ و جەوهەری نین و دەتوانن بەرهەمبهێنرێن. بەڵام لە لای تیۆری یەکەم (پێشینەگەر) نەتەوە لەسەر کۆمەڵە بنەمایەکی جەوهەری دامەزراوە و بنەماکانیش سروشتی و ڕاستەقینە و دێرین و گرنگن لە بنیاتنانی نەتەوەدا.

دووەم/ دیاریکردنی بنەمای سەرەکی و لاوەکی و گرنگ و ناگرنگی توخم و ڕەگەز و بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بە پێی جیاوازی نەتەوە و میللەت و دەوڵەتەکان جیاوازی تێدەکەوێت، واتە: ((..... زۆر زەحمەتە بەئاسانی بتوانرێت ئەو توخمانە دەست نیشان بکرێت، بەڵکو لەلای هەرمیللەتێك، دەوڵەتێك یان وڵاتێك یەکێك یان زیاتر لەپێك هێنەرەکان دەبێتە(دەکرێتە) تەوەری پرسەکەو شوێنی کۆکردەوەی هێز و بیروباوەڕی جەماوەری بۆ دامەزراندنی نەتەوە=دەوڵەت=گەل=نیشتمان))[1] کەواتە مەرج نییە هەموو بنەماکان، یان بنامایانێك بکرێتە پێوانە بۆ هەموو نەتەوە و نەتەوەگەرایەتییەك.

هەروەها بنەماکانیش بە پێی تیۆر و تیۆرست و لێکۆلەرە و بیرمەندەکانیش ئەو هەڵبژاردن و تایبەتمەندکردنە قورستر دەکات. تەنانەت هەندێك جار بیروبۆچوونی تەواو دژ بەیەك پێشکەش دەکەن، بۆ نموونە هەندێك پێیان وایە (زمان) کۆڵەگەی سەرەکی و بنەرەتی و گرنگترینە لە بنیاتی نەتەوە و نەتەوەگەراییدا. هەروەکو (ئەندەرسۆن) پێی وایە ((لە سەرەتادا نەتەوە لە ڕێگەی زمانەوە دروست بوو نەك لە ڕێگەی خوێنەوە))[2] ئەم گرنگیدانە بە (زمان) لە لای ئەم تیۆرست و نووسەرە و چەندینی تر وایکردووە زمان ببێتە بەردی بناغەی سەرەکیی نەتەوە و نەتەوەگەرایی.

بەڵام هەندێکی تر ڕێك بە پێچەوانەوە (زمان) بە بنەمای سەرەکی و گرنگ نازانن و بە ڕەگەز و بنەمایەکی بێ ئەرزشی دادەنێن. هەروەکو (محمد فایەق) دەڵێت: ((بەشێك لە شارەزایان بیروڕایان وایە کە هیچ یەکێك لە فاکتەرە گرینگەکانی وەك: زمان، خوونەریت، ئایین، زەوی، لەناو کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان بە گرینگ نازانرێت بۆ پێکهێنانی هزری نەتەوایەتی، نەتەوەکان بریتی نین لە یەکەی زمانەوانی یاخود ئۆرگانی، بەڵکو بریتین لە یەکەی ڕۆحی، هەروەها دەڵێن نەتەوایەتی بەشێوەیەکی گشتی دیاردەیەکی ڕۆحییە لە ناوەرۆکدا، بەو مانایەی کە هەستە نەتەوایەتییەکان تەنها شتی گرینگ و پێویستن بۆ بوونی نەتەوە.))[3] یان نووسەر و لێکۆڵەری تر هەیە، بنەمای تر بە گرنگترین دادەنێت، بۆ نموونە: (د. جەزا چنگیانی) لە سەرچاوەکەی خۆیدا لە پاش خستنەڕووی بنەما و سترۆکتورەکانی نەتەوە دەڵێت: ((ئەمانە لە کەسایەتی کۆمەڵە کەسێکدا کۆدەبێتەوە پێناسەی نەتەوەیەکی تایبەتی وەردەگری. ڕۆحی گشت ئەو خالانەی سەرەوە بە هۆی هۆشیاری نەتەوەو مۆڕالیەوە قەبارەی

[1] ئەکرەمی میهرداد. ناسیۆنالیزم (گۆرانکاری، تیۆری، ڕەخنە). ل.23.
[2] ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو. ل106.
[3] محمد فاتح. ناسیۆنالیزم و سیاسەت. هەولێر: ؟، 2012، ل.63-64.

نەتەوەیەک دروست ئەکەن.))[1] بەمشێوەیە دەبینین (هۆشیاری نەتەوەیی) لە لای ئەو خاڵی جەوهەری و بنەرەتییە. ئیتر ئەم هەڵاوێردکردن و جیاوازییانە لە بیر و بۆچوونەکاندا بە ئاشکرا دەردەکەوێت.

سێیەم/ دیاریکردنی ژمارە و جۆر و ڕێزبەندی بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە سەرچاوەیەکەوە بۆ سەرچاوەیەکی تر لە نووسەر و شارەزا و بیرمەندێکەوە بۆ نووسەر و شارەزا و بیرمەندێکی تر گۆرانکاری لەخۆدەگرێت و هەموویان لەسەر یەك جۆر و ژمارەی بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی هەڵوەستەناکەن و جیاوازییان تێدەکەوێت. بۆ نموونە نووسەر و شارەزایەکی وەکو (عەتا قەرەداغی) لە سەرچاوەکەی خۆیدا ئاماژە بۆ 8 بنەمای نەتەوە و نەتەوەگەرایی دەکات بەم شێوەیە: (1- کلتور و نەریتی هاوبەش، 2- ئاین، 3- ئیتنیك، 4- خاك، 5- زمان، 6- مێژوو، 7- ئابووری، 8- هۆکار و بنەمای تر کە دەبنە هۆی بەهێزکردن و پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم، وەکو: دووچاربوونی پێکهاتەیەکی ئیتنیکی بەشەڕ... هیتر.)[2]

بەڵام لە لای نووسەر و لێکۆڵەرێکی تری وەکو (ئەکرەمی مهرداد)دا لە سەرچاوەکەی خۆیدا باس لە بنەماکانی نەتەوە بە ناوی پێکهێنەرە میللییەکانی نەتەوە، وەکو دەربڕینیی (ناسنامەی نەتەوەیی)، دەکات و بەم شێوەیە دەیخاتەڕوو: (1- زمان، 2- نەژاد و فەرهەنگ، 3- خاك و سەرزەمینی هاوبەش، 4- پەیوەندی نێوان دین و نەتەوەییبوون، 5- ناسنامەی نەتەوەیی (نەتەوەییبوون)، هاووڵاتی و هاونیشتمانی بوون)[3] لێرەدا دەبینین گۆرانکاری لە بنەماکان بەرجەستەبوو.

هەروەها دەبینین لە لای نووسەرێکی تری وەکو دکتۆر (ستار شنکۆ) بنەماکانی نەتەوە بریتین لە: (1- زمان، 2- خاك، 3- ئابووری هاوبەش، 4- ژیانی سایکۆلۆژی هاوبەش)[4] لێرەشدا بە هەمان شێوە گۆرانکاری تر لە بنەماکان دەبینرێت.

لە سەرچاوەکەی (محمد فاتح)یشد بنەما و فاکتەرەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، بە شێوەیەکی گشتی، دابەشی سەر دوو بەش کراوە و، کە ئەوانیش: (یەکەم/ فاکتەرە بابەتییەکان "ماددییەکان"، وەکو: 1- زمان، 2- ڕەگەزی هاوبەش، 3- ئایین، 4- خاك، 5- مێژووی هاوبەش، 6- کولتوری هاوبەش، 7- بەرژەوەندییە ئابوریەکان. دووەم/ فاکتەری خودییەکان "مەعنەوییەکان" وەکو: 1-هەستکردن بە خزمایەتی و نەتەوەگەری، 2- ئیرادە)[5] لێرەدا دەبینین دابەشکردنەکە بە شێوەز و جۆری ترە و لەگەڵ ئەوانی تر جیاوازی خۆی هەیە.

هەروەها (د. جەزا چنگیانی) لە سەرچاوەکەی خۆیدا بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بە ناوی سترۆکتوری نەتەوە لەم شەش خاڵەدا خستوتەڕوو: (زمان، خاك، مێژوو، کولتور، ڕەگەز، هۆشیاری (سایکۆلۆجی و مۆڕاڵی) نەتەوەیی). جیاوازی ئەم دابەشکردنەش لەگەڵ دابەشکردنەکانی سەرەوەدا کەم و زۆر بەرچاو دەکەوێت. هەرچۆنێك بێت جگە لەو نموونە جیاوازانەی بۆ دیاریکردنی ژمارە و جۆری بنەماکان خستمانەڕوو چەند نموونەی جیاوازی تریش لە سەر دیاریکردنی جۆر و ژمارەی بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بە پێی جیاوازی نووسەر و لێکۆڵەر و سەرچاوەکان بەرچاو دەکەوێت.

ئیتر لێرەدا هەوڵدەدەین بنەما و بناغە و ڕەگەزە و توخمە بەرچاوەکانی بنیاتی نەتەوە و نەتەوەگەرایی ناو گوتارە نەتەوەگەرییەکانی شیعرەکانی (هێمن) بە نموونەی شیعرییەوە بخەینەڕوو، بە تایبەتی ئەو بنەما جەوهەرییانەی لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردوون.

---

[1] د. جەزا چنگیانی. هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەت. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، 2017، ل.11.
[2] عەتا قەرەداغی. گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی. بەرگی4، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، 2021، ل.57-73.
[3] ئەکرەمی میهرداد. ناسیۆنالیزم (گۆرانکاری، تیۆری، ڕەخنە). ل.23-32.
[4] پروانە: فەهمی شوکری عەبدوڵڵا. نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی (1650-1707)دا. ل.22.
[5] محمد فاتح. ناسیۆنالیزم و سیاسەت. ل.53-65.

### 3-1-1. ئیتنیك (نەژاد، ڕەگەز، بنەچە و ڕەچەڵەك، تۆرمە،....)

هەڵبەتە لەم باسەدا دەمانەوێت (ئیتنیك) وەكو یەكێك لە بنەما جەوهەرییەكانی نەتەوە و نەتەوەگەرایەتی لە ناوەڕۆكی شیعرەكانی (هێمن)دا بخەینەڕوو. ئەوەی جێگای باس بێت لە شیعرەكانی هێمندا بنەمای (ئیتنیك) یان بڵێین: (نەژاد، ڕەگەز، بنەچە و ڕەچەڵەك، تۆرمە،....)[1] لە چەند ڕەهەند و ڕوویەكەوە بەرجەستەكراوە. واتە: لە شیعرەكاندا لە چەند ڕەهەندێكەوە باسی ئەم بنەمایە، وەكو بنەمایەكی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، هۆنراوەتەوە. هەڵبەتە دەبێ ئەوە بزانین شاعیر نە وەكو لێكۆڵەرێك، یان وەكو تیۆریستێك، تەنانەت وەكو شارەزایەكیش، نایەت بە زمانێكی ڕاستەوخۆ و بە باس و خواسێكی تایبەت و سەربەخۆ بێت باس لە بنەماكانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بكات و یەكە یەكەیان شیبكاتەوە. چونكە سەرەڕای ئەوەی زمان و مەودای شیعر بەرتەسكە، كار و پەیامی شیعر و شاعیریش ئەوە نییە، بەڵكو لە دوو توێی شیعردا شاعیر دێت باسی بنەماكان لە چەند ڕەهەند و ڕووەوە و بە شێوازێكی مەبەستدار و كاریگەر و وروژێنەر بە زمانێكی شیعری و هونەری پێشكەش دەكات. هەرچۆنێك بێت هەوڵدەدەین چەند ڕەهەند و لایەنێك لەو ڕەهەند و لایەنانەی كە بوونەتە مایەی مسۆگەركردن و بەرجەستەكردنی ئەم بنەمایە بە چەند ناونیشانێك باسی لێوە بكەین.

بەڵام سەرەتا بە پێویستی دەزانین بە شێوەیەكی گشتی باس لەو بنەمایە بكەین و لە ڕووی زاراوە و چەمك بیناسێنین، ئینجا هەڵوەستە لەسەر نزیكایەتی و تێكەڵی ئەم بنەمایە لە ڕووی وشە و زاراوەوە لەگەڵ (نەتەوە، گەل، میللەت،...هیتر)دا بكەین و لە پاشانیشدا بچینە سەر خستنەڕووی چەند لایەن و ڕوویەكی بەرجەستەكراوی ئەم بنەمایە لە شیعرەكانی شاعیردا.

### 3-1-1-1. زاراوە و چەمك و پێناسەی (ئیتنیك) وەكو بنەمایەكی نەتەوە و نەتەوەگەرایی

سەرەتا ئەگەر بمانەوێت باسی (ئیتنیك) یان (ئەتنیك، ئێتنیك) بكەین و لە چەند ڕوویەكەوە بیناسێنین، پێش هەموو شتێك دەبێ ئەوەمان لە یاد بێ كە وەكو هەر وشە و زاراوە و چەمێكی تری نەتەوەگەرایی زیاتر لە بیر و بۆچوون و پێناسەیەك، بە پێی گۆشەنیگا و تێگەیشتنی نووسەر و لێكۆڵەر و تیۆرستانی پەیوەست بەم بابەتە، لە خۆدەگرێت.

سەرەتا ئەگەر ئاورێك لە بنەچە و مانای وشەی ئیتنیك بدەینەوە، دەبینین ((وشەی ئیتنیك (Ethnie) لە زمانی فەڕەنسیدا و" Ethnic" لە زمانی ئینگلیزیدا لە ڕیشەی یۆنانی (Ethinikos)ەوە وەرگیراوە. ئەگەرچی لە وەرگێڕانی ئەم وشەیەدا، لەوانەش" Ethnology"و یان"Ethnography " ، وشەی "خەڵك" لەجیاتیی "ئیتنیك "بەكار دێت، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەكاندا و لە فارسیدا وشەی "قوم" بەكار هاتووە. فەرهەنگی فارسیی "معین" وشەی "قوم" بۆ گرووپێك لە خەڵكی (ژن و پیاو) بەكار دەهێنێت. لە فەرهەنگێكی دیكەی وەك "آریان پوردا"، ئیتنۆ لەبریی نەژاد و خەڵك و كولتوور بەكار هاتووە . " Ethnology"وەك نەژادناسی، قوم شناسی بەكار هاتووە.))[2] لە زمانی كوردیشدا هاوشێوەی زمانی فارسی ئەم وشانە هەمووجارێك ئەوەندە ورد و زانستی بەكارنایەن و هەندێكجار تێكەڵییەك دروست دەبێت.

هەروەها بنچینەی وشەی ئیتنیك ((بە زمانی یۆنانی كۆن بەو خێڵە كۆچەریانە دەگوترا كە هێشتا لە شار نیشتەجێ نەبووبوونە. بەڵام ئەم وشەیە لە چەمكە نوێیەكەیدا كە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم- سەری هەڵداوە بووەتە سیمبۆلێك لە چەمكی نەتەوەگەرایی. بەو واتایەی كە لە ڕاستیدا دەوڵەتە نەتەوەییە

[1] دەتوانین بڵێین كەوا هەموو ئەم زاراوانە لەگەڵ وشە و زاراوەی (ئیتنیك)دا هەمان مانا و واتا لە زمانی كوردیدا لە خۆدەگرن و بە هاووتای یەك دادەنرێن و شوێنی یەك دەگرنەوە، هەروەها تەنانەت هەندێك جاریش بەدوای یەك ڕیز دەكرێن، كە ئەمەش وەكو تایبەتمەندییەكی سروشتی و ئاسایی زمانی كوردی و قسەپێكەرانی، كەوا زیاتر لە زاراوەیەكی هاوواتا بەدوای یەك دەردەبڕن، سەیردەكرێت.

[2] ؟، چەمكناسی: نەتەوە، ناسنامەی ئێتنیكی، ناسنامەی نەتەوەیی. وەرگێڕان و ئامادەكردنی: هەورامان فەریق، وەرزنامەی ئێرانناسی، گۆڤارێكە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات، ژمارە (2)،ساڵی یەكەم، سلێمانی: سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەكات، 2كانوونی دووەمی 2022، ل.156.

نوێیەکان شتێك نین جگە لە جۆرە (ئەتنیك)ێکی بە سیاسی بوو.))[1] واتە دەوڵەت بناغەی خۆی لەسەر ئیتنیك دادەمەزرێند.

لە زمانی کوردیدا سەرەرای بە کارهێنانی وشەی (ئیتنیك) هەندێك جار وشەی تریش وەکو (نەژاد، ڕەگەز، بنەچە و ڕەچەڵەك، تۆرمە... هیتر)یش هەر بەو مانایە، یان نزیك لەو مانایە بەکاردەهێنرێت، کە ((نزیکایەتی و خزمایەتی، یەك ڕەسەنی و پەیوەندی خوێن، ئەو شتانەن کە نەژادیان پێ لێك دەردرێتەوەو ئەمەیش دەبێتە یەکێك لە بناغە پتەوەکانی ناسیۆنالیزم.))[2] هەرچۆنێك بێت لەبەر ئەوەی بابەت و زانستی نەتەوەگەرایەتی بیانییە و لە زمانە ئەوروپییەکان یان زمانەکانی دراوسێ وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی بۆیە بە پێی ویستی وەرگێرەکە یان ڕاستەوخۆ وشەی زمانی دەقی وەرگێراوەکە لە ژێر یاسای فۆنەتیکی کوردی، یان دانانی وشەیەکی کوردی لە ژێر ڕۆشنایی چەمکەکەیدا بۆی بەکارهێنراوە، هەربۆیە زیاتر لە وشەیەك بۆ وشە و چەمکەکانی بابەتی نەتەوەگەرایی بەرچاو دەکەوێت.

ئیتنیك لە سەرچاوەکانی نەتەوەگەرایدا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ خراوەتەڕوو. لە یەکێك لە پێناسەکاندا ئیتنیك وا دەناسێنرێت کە (( کۆمەڵە خەڵکێکن، تاکەکانی بەشدارن لە خوو نەریت و زمان و ئایین هەر خەسلەتێکی جیاکاری دیکە، وەك: ڕەچەڵەك و روخسارە جەستەییەکان.))[3] بە پێی ئەم پێناسە ئتنیك ئەو کۆمەڵە کەسە دەگرێتەوە کە سەر بە هەمان ڕەچەڵەك و ئەسڵن. واتە: پەیوەندییەکی خزمایەتی و کرۆمۆسۆمی و دەماری و خوێنی پێکیان دەبەستێتەوە و لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی پتەو دەخولێنەوە.

(ئەنتۆنی دی سمیس) پێناسەیەك بۆ کۆمەلگای ئیتنیکی پێشنیار دەکات و دەڵێت: ((کۆمەڵگایەکی مرۆیی دیاریکراو، کە پەیوەندیان بە نیشتمانێکەوە هەبێت و خاوەنی ئەفسانەی باووباپیرانی هاوبەش و یادگاری هاوبەش و لایەنێك یان زیاتری کەلتووری هاوبەش و ئەندازەیەك لە تەبایی بن، بەلایەنی کەمەوە لە نێوان نوخبەکان (Elites)دا.))[4]. لەم پێناسەیەدا ئەنتۆنی دی سمیس دەستی لەسەر کۆمەڵێك خەسلەت و تایبەتمەندی کۆمەڵگای ئیتنیکی داناوە، بەڵام ئاماژەیەکی بەرچاو بە هاو خوێنی و هاو دەماری نەکردووە. هەرچەندە ئاماژەی بە یادگاری هاوبەش، کە مانای پێکەوە ژیان دەگەیەنێت، کردووە.

### 2-1-1-3. نزیکایەتی و تێکەڵکردنی وشەی (ئیتنیك) لەگەل (نەتەوە، گەل،... هیتر)

لەم باسەدا هەڵوەستەیەك لەسەر نزیکایەتی و هەندێك جار تێکەڵکردنی وشەی ئیتنیك لەگەڵ وشەی (نەتەوە، گەل، میللەت، هاوڵاتی، جەماوەر، جڤات)دەکەین، تەنانەت هەندێك جار ئەم وشانەش لەگەڵ یەکدا تێکەڵدەکرێن و لە شوینی یەکتردا وەکو هاوواتای یەك بەکاردەهێنرێن، بە تایبەت لە زمانی خەڵکی عەوامدا، تەنانەت هەندێك جار خوێندەوار و نووسەر و شاعیرانیی کوردیش ئەم تێکەڵییە دەکەن و زۆر گرنگی بە جیاوازی کەم و وردی نێوانیان نادەن، زۆر جاریش بە بەکارهێنانی وشەی کورد لە پاڵیاندا ماناکە هاوتا دەکەنەوە، هەروەك دەڵێن: خەڵکی کورد، گەلی کورد، نەتەوەی کورد، میللەتی کورد، هاوڵاتی کورد، ئەوکاتە ئەم وشانە لەگەڵ وشەی (ئیتنیك) هاوتا دەبنەوە، یان بڵێین بۆ نموونە کاتێك دەڵێین (نەتەوەی کورد) بە هۆی زیادکردنی وشی (کورد) ئەو کات (نەتەوە) و (ئیتنیك) یەکدەگرنەوە، چونکە نەتەوەی کورد تەنیا یەك ئیتنك و ڕەگەزی دیاریکراوی هەیە، کە ئەویش (کورد)ە، بۆیە هەم مانای نەتەوەی کورد دەدات و هەمیش مانای نەژادی کورد. نزیکایەتی و هاو واتایی و لە جێگای یەك دانانی ئەم وشانە گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کەوا لە فەرهەنگیش ڕەنگ بداتەوە، ئەوەتە لە فەرهەنگی (مەوسوعەی جودی)دا لە بارەی وشەی (ئیتنیك) دەنووسێت: ((وشەیەکی یۆنانیە زیاتر مانای (گەل، نەژاد) دەگرێتەوە،....))[5] لێرەدا دەبینی وشەی (ئیتنیك و نەژاد) لەگەڵ وشەی (گەل)دا هاوواتا کراوە.

---

[1] محمد فاتح. ناسیۆنالیزم و سیاسەت. ل.27.
[2] ئەکرەمی میهرداد. ناسیۆنالیزم (گۆرانکاری، تیۆری، ڕەخنە). ل26.
[3] محمد فاتح. ناسیۆنالیزم و سیاسەت. ل.26.
[4] ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو. ل23.
[5] مسعود عبدالخالق. مەوسوعەی جودی، بۆ چەمك و زاراوەکانی سەردەم. هەولێر: نوسینگەی تەفسیر، 2008، ل.292.

یان (سیامەند موهتەدی) لە بارەی وشەی ئیتنیکەوە دەنووسێت: ((ئەم وشەیە لە وشەی یۆنانیی «ئەتنوس»ـەوە وەرگیراوە و بە مانای نەتەوەیە. ئەم نزیکایەتییە لە ریشەی دوو چەمکی نەتەوە و ئەتنیکدا، کاریگەری لەسەر پێناسە جیاوازەکان بووە.))[1] لێرەدشدا دەبینین وشەی ئیتنیك و نەتەوە هاوواتاکراوە.

لە ڕاستیدا سەرەڕای نزیکایەتی و هاوبەشی لە نێوان ئەم پێنج وشەو زاراوە و چەمکەدا: (نەتەوە و گەڵ و میللەت و هاولاتی و جەماوەر) لە پاڵ وشەو زاراوە و چەمکی (ئیتنیك)دا جیاوازی و تایبەتمەندی خۆشیان هەیە. هەرچۆنێك بێت لێرەدا هەوڵدەدەین هەڵوەستە لەسەر یەکە یەکەی ئەم چەمکانە بکەین و لە چەند لایەنێکەوە بیانخەینەڕوو، هەروەها جیاوازییەکانی نێوانیان بە شێوەیەکی گشتی پیشانبدەین، تاوەکو زیاتر بیانناسین و جیاوازی وردی نێوانیانمان بۆ باشتر دەربکەوێت.

سەبارەت بە نەتەوە، هەڵبەتە هەروەك (ئەنتۆنی دی سمیس) دەڵێت: ((بێگومان ئەمە تێرمێکی پڕگرفتە و جێگەی مشتومڕە لەم مەیدانەدا. کەسانێك هەن بە تەواوی خۆیانی لێ لا دەدەن. چارڵس تیلی Charles Tilly، بەم شێوەیە باسی دەکات کە (یەکێکە لە ئاڵۆزترین و لاگیرتین تێرمی ناو قاموسی سیاسی...) لای باشتربوو جەخت لە سەر دەوڵەت بکات- کە ئەویش تێگەیەکە لە گرفتی خۆی بەدەر نییە.))[2] هەرچۆنێك بێت هەوڵدەدین لە چەند لایەکەوە تیشکی بخەینە سەر.

لە ڕووی وشەو زاراوە و چەمکەوە باس لەوە دەکرێت کە لە سەرەتادا زاراوەی نەتەوە"Nation" لە وشەی "Natio"ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بنچینەی ئەم وشەیەش بۆ وشەی (Natus) دەگەڕێتەوە کە هەردووکیشیان لە وشەی (Nascor)ـەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە لە لاتینیدا ئەم وشەیە مانای لە دایکبوون دەبەخشێت. کەواتە بناغەی ئەم وشەیە زاراوەیەکی لاتینییە، بەڵام ماناکەی گۆرانی بەسەرداهاتووە و بە پێی تێپەربوونی کات و شوێن و زمانەکان چەمك و مانای جیاوازی وەرگرتووە. لە زمانە ئەورووپییەکاندا وشەی Nation بە مانای جیاواز بەکارهێنراوە، وەکو مانای خێڵێکی دواکەوتوو، هەروەها مانای هەرێمێکی دیاریکراوی تایبەت بە خێڵێك. ئەم مانایەشی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تەواو جیاواز بووتەوە، بە تایبەت لە ئەڵمانیا و فەرەنسادا، کە مانای چینی بەرزی فەرمانڕەوای دەگەیاند و لە بەرامبەر خەلکی ئاسایی و ڕەشۆك بەکاردەهێنرا.[3]

یەکێکی تر لەو مانایانەی کە زاراوەی نەتەوە وەریگرتووە ئەوەیە کە ((Nation وابەستەیی بەزادگا و شوێنی ژیانە وشەی هاو شێوەی لە زمانی ئینگلیزی دا بە ( Natal ) زادگا و ( Nature) سرووشت لە وتاری ناسیۆنالیستی دا بەکارهاتوون، لێرەدا سرووشت Nature هۆکارێکی گرنگە بۆ دروستبوونی نەتەوەکان و لانیکەم لە لای ئەوانەی کەدیدگای (سرووشتی و فەرهەنگی و مێژوویيان) هەیە، بەڵام پاشان لە سەردەمی مۆدێرنێتی بە دواوە، ئەم زەمینەیە یان ئەم بنەمایە ڕەوایە دەبێتە بنەمای دەوڵەت و کۆمەڵگا، ئەگەر چی وشەی ( Nation ) نەتەوە وەکو زاراوەیەك لەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا لە سەدەی چواردەهەم پەیدابووە، بەڵام بە مانای چەمکی سیاسی بۆ دەوڵەت، پەیوەندی بەسەردەمی دواترەوە هەیە))[(4)] واتە: وشەی نەتەوە لە تەمەنێکی درەنگتر دێتە ناو سیاسەت و وەکو چەمکێکی سیاسی مانای تایبەت بە خۆی وەردەگرێت. کە مانایەکەش سەرەتا واتای نەتەوەی وەرگرتووە، بەڵام دوایی لە کۆتایی سەدەی (18)دا مانای گۆراوە و واتای دەوڵەتی گەیاندووە، پاشان جارێکی تر واتاکەی گۆراوەتەوە سەر مانای یەکەم جاری.

ئەگەر لە ڕووی وشە و زاراوەوە سەیری زاراوەی (نەتەوە)، لە نێو زمانەکانی جیهاندا بکەین دەبینین هەر زمانە و بە وشە و دەربڕینی تایبەت بە زمانەکەی خۆی ئاماژە بۆ ئەم چەمکە دەکات. بە واتایەکی تر: ((زاراوەی ( نەتەوە ) بەو چەمکەی کە بۆ کۆمەڵێکی ئەتنی بەکاردێت لای ئینگلیزەکان بە (Nation) و لای عەرەبەکان بە ( القوم والامة )، لای تورکەکان (ملت ــ هلكَ)، لای فارسەکان ( مللەت

---

[1] سیامەند موهتەدی. ئەتنیك چییە؟. ماڵپەری (خاك)، لە (23/ 12/ 2021)، وەرگیراوە لە بەرواری (14/ 01/ 2025)، بەم لینکە: [ئەتنک چیە؟](#)

[2] ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو. ل19.

[3] پڕوانە: د. جەعفەر عەلی. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل.58.

[(4)] فەهمی شوکری عەبدوڵلا. نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی (1650-1707)دا. ل19.

) و ( قوم )، لای کوردیش ( نەتەوە ) بەکاردێنن، تا ئێستاش ئەم زاراوەیە جێگیرە، لای خەڵك و لە فەرهەنگەکانیشدا جێگای خۆی گرتووە.))[1]

(دکتۆر عبدالغنی) سەبارەت بە واتای وشەی ( نەتەوە ) ئاماژە بەوە دەکات کە مانای وشەی (Nation) واتە کۆمەڵەیەکی ئیتنیکی کە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا لە دایك بوون.[2] بە پێی ئەم بنەمایە وشەی نەتەوە مانای جۆرێکی دیاریکری کۆمەڵەی ئیتنیکە، کە ئەویش ئەو جۆرە کۆمەڵە ئیتنیکەیە کە لە چوارچێوەی خاکێکی دیاریکراوە سەریان هەڵداوە.

وشەی نەتەوە، بە پێی زانستە سیاسیەکان، بە واتای گروپێکی مرۆیی دێت کە لەسەر بنەمای نەریتە گشتییەکان و دەوڵەتێکی هاوبەش پێکهاتووە.[3] کەواتە نەتەوە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خاوەنی دەوڵەتن و یەك دەوڵەت و یەك کلتوری گشتی کۆیان دەکاتەوە. بۆیە بەم پێیە بێت نەتەوە بە بێ دەوڵەت هیچ مانایەکی بۆ نامینێتەوە.

هەروەها لە فەرهەنگی هەراشاندا بەم شێوەیە نەتەوە خراوەتەڕوو: نەتەوە ((نەتەوە، قەوم، میللەت، گەل، کۆمەڵە خەڵكێك کە یەك ڕەگەزو فەرهەنگ و زمان و خاکیان هەبێت))[4]. لەم ناساندنەدا نەتەوە و قەوم و میللەت و گەڵ بە هاومانای یەکتر دانراون و جیاوازیان لە نێواندا نەکراوە و هەموویان بە یەکبوون لە ڕەگەز و فەرهەنگ و... هیتر خراونەتەڕوو.

(ئەندرسۆن) لە بارەی ناساندنی نەتەوەوە دەڵێت: نەتەوە کۆمەڵێکی سیاسی وێناکراو و خەیاڵبەندە، هەروەها خاوەن بنەڕەتێکی سنووردار و سەروەریی وێناکراوی خۆیەتی.... نەتەوە وێناکراو و خەیاڵبەندە، چونکە تەنانەت نەتەوەیەکی زۆر بچووکیش هیچ کات هەموو ئەندامەکانی یەکتر ناناسن و بەرکەوتن و یەکتربینیان لەگەڵ یەکتردا نەبووە، بەڵام لە زهنی هەریەکەیاندا وێنەی پەیوەندی و هاوبەشی زیندوو هەیە. نەتەوە سنوورداره، واتە: نەتەوە سنوورێکی دیاریکراوی هەیە، هەرچەندە سنوورەکەی لاستیکییە و لە دەرەوەی سنوورەکەشیەوە نەتەوەکانی دیکە هەن. هەروەها نەتەوە خاوەنی سەروەری وێنەکراوە، بەهۆی پەیوەندی مێژوویی لەگەڵ ئایدیالی ڕۆشنگەری و شۆڕش، کە بانگەشەیان بۆ ئازادی لە دەسەڵاتی ئیلاهی یان پاشایەتی دەکرد، هەروەها ئاواتەخوازی بۆ سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی سیاسی و دەوڵەتی نەتەوەیی.[5]

(ئەرنێست ژۆزێف ڕینان)لە لە ساڵی 1882 لەسیمینارێکدا لە زانکۆی سووربۆن لە بارەی نەتەوە پێناسەیەکی تۆکمە دەخاتەڕوو دەڵێت: (( نەتەوە ڕۆحە، بنەمایەکی مەعنەوییە، نەتەوە دوو پێکهێنەرە کە لە ڕاستیدا هەر یەکن، ئەم ڕۆح و بنەمایە دروست دەکەن، یەکێکیان پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە، ئەوی تریشیان پەیوەستە بە ئێستاو ئایندەوە، یەکێکیان خاوەندارێتی هاوبەشی میراتێکی پڕ لە بیرەوەری یە، ئەوی تریان سازدانی ئێستا ئاواتی پێکەوە ژیان، خواستێکە بۆ زیندوو هێشتنەوەی ئەو میراتە، ئەو میراتەی کە هەموان بەگشتی و دابەشنەکراو وەریان گرتووە... کەواتە نەتەوە کۆمەڵێکی گەورەی بەهرەمەندە لە هاوپشتی، کۆمەڵێك کە بەرهەمی ئەو قوربانیانەیە کەلە ڕابردوودا لەپێناویدا گیانیان بەخشیوە و ئامادەی گیانبازین، مەرجەکەی بوونی ڕابردوو یەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستاشدا خۆی لە ڕەوشێکی واقیعی و ئاشکرا دا دۆزیوەتەوە، ئەم ڕاستی یە ڕەزامەندی ڕێککەوتن خۆزگەیەکی وتراوە بۆ درێژەی ژیانی هاوبەش، بوونی نەتەوەیەك لە ڕاپرسی ڕۆژانەدا بەرجەستە دەبێت))[6] بەمپێیە نەتەوە بە بێ بوونی هاوبەشییەکی مێژوویی جێگای شانازی لە ڕابردوودا، و ئێستایەکی دامەزرا و لەسەر ڕەزامەندی و ڕێکەوتن و یەکترویستن دانامەزرێت. کەواتە نەتەوە پێکهاتە

---

[1] هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[(2)] (2) د. عبدالغنی البشری، اثر سیاسة القومیات فی الحرکة القومیة العربیة، ادارة المطبوعات و المنشورات للقوات المسلحة، القاهرة 1964، ص1.

[3] ظهور الكورد في التاريخ – دراسة شاملة عن خلفية الأمة الكوردية ومهدها، د. جمال رشيد أحمد، الجزء الاول، الطبعة الأولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2003، ص23.

[4] د.کوردستان موکریانی و چەند نووسەرێکی تر. فەرهەنگی هەڕاشان. دەزگای ئاراس، هەولێر 2007، ل298.

[5] Anderson, Benedict: Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. , 1983, pp. 5-7.

[6] ئەکرەمی میهرداد، ناسیۆنالیزم، ل: 135 -136.

و بنیاتێکە کە لە سەر پەیوەندیی ڕێکەوتنی مێژوویی و بەردەوام لە نێوان کۆمەڵە خەڵکێك خۆی بەرجەستەدەکات.

(جۆزێف ستالین) لەبارەی خودی نەتەوە دەڵێت: ((نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵگایەکی مرۆیی جێگیر، کە لە پرۆسەی مێژوودا و لەسەر بناخەی زمان و خاك و ژیانی ئابووری هاوبەش و پێکهاتەی سایکۆلۆجی کە کەلتووریێکی خاوبەشی پێکهێناوە، دروست بووە.))[1]. بەم پێیە نەتەوە پاشخانێکی مێژوویی هەیە و لە ڕۆژێك و دوو ڕۆژدا دروست نەبووە. هەروەها لەسەر کۆمەڵێك بنەمای هاوبەش دامەزراوە.

دکتۆر ( ستار شنکۆ ) لەبارەی پێناسەی نەتەوەوە دەڵێت: (( نەتەوە ئەو کۆمەڵە خەڵکانەن کە بە درێژایی مێژوو دروست بوون و جێگیربوون، بنەماکانی نەتەوەش زمان و خاك و ئابووری هاوبەش و ژیانی سایکۆلۆژی هاوبەشن))[2]. ئەم پێناسەیەش وەك پێناسەکەی پێشوو نەتەوە بە بەردەوامییەکی مێژوویی و کۆمەڵێك بنەما دەبەستێتەوە.

زانای بۆلـگاری (ئیڤانۆڤ ڤۆڵتر)یش نەتەوە بە پێناسەیەکی فراوانتر و چڕ و پڕتر دەناسێنێت و دەڵێت: ((میللەت لە کۆمەڵە خەڵکێك پێکهاتووە کە خاوەنی یەك هەڵس و کەوت بن، چ لە لەش و لار و، چ لە بارەی دەروونییا. یەك نەریت بیانگرێتەوە ئامانجیشیان یەك بێت، ئەو ڕەگەزانەی کە هەڵسوکەوتی نەتەوەیەك پێك دەهێنن و دەیانپارێزن ئەمانەن:

یەکێتی ڕەگەز، سنووری جوگرافی، زمان، ئایین، وێژە ( ئەدەب )، کەلەپوور، بیروباوەڕ و چۆنیەتی ژیان، یەکێتی ڕامیاری، مێژووی هاوبەش هەروەها هاوبەشی لە ڕێڕەوی ڕۆشنبیری دا))[3]. لەم پێناسەیەدا ڕەگەزە هاوبەشەکانی نەتەوە وردتر ئاماژەی پێکراوە.

(ئەنتۆنی دی سمیس)[4] لە بارەی نەتەوەوە باس لەوە دەکات کە جیاوازی لەسەر بیروراکانی لێکۆڵەران هەیە بەرامبەر بە نەتەوە، بەڵام دووخاڵی کۆك لە نێوان زۆربەی خوێندکارانی ئەم باسەدا هەیە کە ئەوانیش:

یەکەم/ نەتەوە دەوڵەت نییە. چونکە نەتەوە بەرجەستەی کۆمەڵگایەکی زیندووە کە تاکەکانی خاوەنی یەك نیشتمان و کلتورن، بەڵام دەوڵەت پەیوەستە بە چالاکی دەزگایی.

دووەم/ نەتەوە کۆمەڵگای ئیتنیك نییە. هەرچەندە هاوبەشی هەیە لە نێوان نەتەوە و ئیتنیك، بەوەی هەردووکیان سەر بە هەمان خێزانی ناسنامەی کەلتوورین، بەڵام کۆمەڵگای ئیتنیك سەر بە سەرچاوە و وسیتگەیەکی سیاسی نییە و هەروەها نە کلتورێکی جەماوەری و نە چوارچێوەیەکی خاکی دیاریکراوی هەیە. واتە کۆمەڵگای ئیتنیك وەکو نەتەوە ناچار بە گەلالەکردنی کلتورێکی جەماوەری نییە و مەرج نییە بەرجەستەبوونی فیزیکی لەگەڵ نیشتمان و خاکێکی دیاریکراودا هەبێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان کۆمەڵگای ئیتنیك و نەتەوە، بە چاکی دەزانین ئەم نەخشەیە بخەینەڕوو:[5]

---

[1] ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو. ل20-21.

[2] د. جەمال نەبەز، بیری نەتەوەی کورد نە بیری قەومی ڕۆژهەڵاتی یە، نە بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی یە، ل. 76.

[3] ئەحمەد سەلام، ئەمەیە نەتەوە، ل: 78

[4] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو. ل19-25.

[5] سەرچاوەی پێشوو، ل23.

| **خشتەی 1-1 خەسڵەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای ئیتنی و نەتەوە** | |
|---|---|
| **کۆمەڵگای ئیتنی** | **نەتەوە** |
| ناوی تەواو | ناوی تەواو |
| ئەفسانەی هاوبەشی باووباپیران و هتد | ئەفسانەی هاوبەش |
| یادگاری هاوبەش | مێژووی هاوبەش |
| جیاکەرەوەی کەلتووری | کەلتووری جەماوەریی هاوبەش |
| پەیوەندنی لەگەڵ نیشتمان | نیشتەجێبوون لەسەر نیشتمان |
| هەندێك تەبایی (نوخبە) | ماف و ئەرکی هاوبەش |
| | تاکە ئابوورییەك |

ئەگەر لەم خشتەیە وردبینەوە دەبینین نەتەوە و کۆمەڵگای ئیتنکی هەرچەندە تایبەتمەندی و خەسلەتێکی هاوبەش لە نیوانیان دەبینرێت، بەڵام جیاوازییەکانیان تەواو بەرچاوە و بە زەقی دیارە. هەرچەندە دەبێ ئەوەشمان لە بیربێت کە ئەو خاڵە جیاوازیی و تایبەتمەندییانە مەرج نییە لە نێوان هەموو ئیتنیك و نەتەوەیەك هاو شێوە بێت. چونکە دەکرێت کۆمەڵگای ئیتنیکی هاوشێوەی نەتەوە مێژووی هاوبەشیان هەبێت، یان دەکرێت نەتەوە هەبێت لە سەر نشتمانی خۆشیان نەژیابن، وەکو: جولەکە و ئەرمەنییەکان.[1] بۆیە ئەم جیاوازی و خەسلەتانەی بە شێوەیەکی گشتی دەستنیشانکردووە و هەموو حاڵەتەکانی ڕەچاونەکردووە.

وشەی (گەل)یش هاوشێوەی وشەی نەتەوە نزیکایەتی لەگەڵ وشەی (ئیتنیك) هەیە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین گەل و نەتەوە جاری وا هەیە بە هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێت و لە جێگای یەکتر جێگۆرکێ دەکەن. هەرچەندە تاڕادەیەك جیاوازیی لە نێوانیاندا دەبینرێت.

وشەی (گەل) لە کوردیدا بەرامبەر بە وشەی ئینگلیزی (People) و وشەی فەرەنسی (Peuple) وشەی ئەڵمانی (Volk) و هەروەها بەرامبەر وشەی عەرەبی (الشعب) بەکاردێت. هەروەها لە کوردیدا جاری وا هەیە لە جێگای وشەی (گەل) و وشەی (خەڵك) وەکو هاو واتایەك، بۆ هەمان ماناو مەبەست دەگوترێت.[2] هەروەها لە فەرهەنگی(هەراشان)دا وشە و زاراوەی تری وەکو: (مللەت، میللەت، قەوم)[3] هاو واتا و لێکدەرەوەی وشەی (گەل) پێشکەشکراوە.

زاراوەی گەل بە پێی ئەو لایەن و بوارەی کە تێیدا دەخرێتەڕوو مانا و چەمکی خۆی هەیە. کە بە شێوەیەکی گشتی دوو مانای سەرەکی لە خۆدەگرێت. بۆ نموونە لە بواری کۆمەڵناسی و مافناسیدا مانای سادەو دیاری بریتییە لە کۆی گشتی هاوڵاتیانی سەر بە وڵاتێکی دیاریکراو. واتە بە هەموو خەڵکی وڵاتێك دەوترێت گەل. بەڵام مانا و واتای چەمکی گەل لە بواری نەتەوەگەراییدا ئەگەرچی هەندێك جار هەمان مانای هەیە، بەڵام خودی گەل لە نەتەوەگەرایەتییدا هاوشێوەی نەتەوە بە یەکێك لە سێ بنەما سەرەکییەکانی دادەنرێت و تەنانەت دوو بنەماکانی تریشی پێوە بەندە. گەل لە نەتەوەگەراییدا بەو کۆمەڵە کەسە دەوترێت کە ویستی هاوبەش لە سەر بنەمای هۆشیاری و بروا و ئیرادە لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ کۆیان بکاتەوە. واتە گەل بەو دەستە خەڵکە دەوترێت کە ویستی هاوبەشیان هەیە لە خۆ بە ڕێوەبردن و دیاریکردنی مافی چارەنووس و دیاریکردنی یاسای ڕامیاری و ئابووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان. هەروەها ویستیان بۆ دەستەڵاتی سەربەخۆیە و ناچنە ژێرباری دەستەڵاتی گەلانی تر و لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیاریکراو و سەربەخۆی خۆیان دەیانەوێت بەردەوامی بە ڕەوڕەوەی ژیان

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل24-26.
[2] جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ل58.
[3] کۆمەڵێك مامۆستا. فەرهەنگی هەراشان. هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، 2007، ل.266.

بدەن. بە گشتیش دوو جۆرە گەل دەبینرێت، ئەوانیش: گەلی یاسایی و گەلی نەتەوەیی. کە جۆری یەکەمیان ناچارکردن و پابەندکردن بە یاسا و دەستەڵات بەدی دەهێنێت، بەڵام جۆری دووەم ویست و ئیرادە و دڵخوازی لە خۆدەگرێت. دەتوانین بڵێین جۆری دووەم لەگەڵ نەتەوە یەکدەگرێتەوە بەوەی کە گەلی نەتەوەگەرایيەتی هاوشێوەی نەتەوە پێویستە پەیوەندی زمان و خاك و مێژوویی... هیتر لە نێوان تاکەکانی ئەم گەلەدا هەبێت. بەڵام جۆری یەکەم، گەلی یاسایی مەرجنییە ئەو پەیوەندییانە لە نێوان تاکە پێکهێنەرەکانیدا هەبێت و تەنیا یاسا و دەستوور لە چوارچێوەی ئەم وڵاتە بەیەکیان دەبەستێتەوە.[1]

بەکورتی دەتوانین بڵێین گەل بریتییە لە خەڵك و هاولاتیانی سەر بە دەوڵەتێك. جا ئەگەر ئەم گەلە بە ناچاری لە چوارچێوەی دەوڵەتێك بەرجەستەکرابن و بنەمای یەك ویست و ئیرادە و هاو مێژوو و زمان و کلتوور... هیتری لە خۆنەگرتبێت و تەنیا یاسا و دەستوور بەیەکیان ببەستێتەوە، ئەوە گەلی یاساییان پێدەگوترێت و زیاتر لە نەتەوەیەك لە خۆدەگرن. بەڵام ئەگەر ئەم گەلە پێکهاتبێت لە کۆمەڵە کەسێك کە بە ئیرادە و ویستی خۆیان و لەسەر بنەمای هاو زمانی و کلتوری و مێژوو... هیتر خۆیان بنیات نابێت ئەو کاتە بەو گەلە دەوترێت گەلی نەتەوەگەرایيەتی و جاری واش هەیە وشەی نەتەوەی لە بڕی گەلدا بۆ بەکاردەهێنرێت. یان هاوشێوەی وشەی نەتەوە بە مانای ئیتنیکیش جار جارە بەکاردێت، بەتایبەت ئەگەر گەل خاوەنی یەك تاکە ئیتنیکی دیاریکراوبێت. یان ڕەنگە لەبەر لێکنزیکیان بە هەڵە بە مانای ئیتنیك بەکاربهێنرێت.

سەبارەت بە وشەی (میللەت)یش ئەگەر وردببینەوە ئەوە دەبینین کە ئەم وشەیەش لە زمانی کوردیدا تەنیا بۆ یەك مانا بەکارنایەت، ئەگەرچی بەگشتی وەکو هاوواتای وشەی (نەتەوە) بەکاردەهێنرێت و جیاوازیان پێناکرێت، بەڵام بۆ ئاماژەکردن بە قۆناغ و سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووی گەشەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش بەکاردەهێنرێت. مەبەستمان لە قۆناغ و سەردەمی دوای خێلایەتی و پێش دروستبوونی نەتەوەیە. دەتوانین بڵێین دروستبوونی ئەم سەردەمەش، یان بڵێین ((پەیدابوونی میللەت لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند خێڵێکدا وەکو بەرەنجامی یەکێتی و بەرژەوەندی هاوبەش یان لە ترسی دوژمنی هاوبەش.))[2] واتە کۆبوونەوەی کۆمەڵێك خەڵك لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و مەبەستی هاوبەش و تێپەڕاندنی سەردەمی خێلایەتی و کۆبوونەوە لەسەر بنەمای نزیکایەتی و پەیوەندی خوێنی و هاو نەژادی و کرۆمۆسۆمی. دیارە ئەمەش قۆناغێکی نوێیە و گەشەسەندێکی نوێیە بۆ مێژووی کۆمەڵگاکان و سەرەتای دروستبوونی میرنشین و دەوڵەتی شار و ئیمپراتۆر و سەردەمی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی. کە دەتوانین بڵێین ئەم قۆناغە دەکەوێتە پێش سەردەمی نەتەوە و نەتەوەگەرایی.[3]

بەپێی سەرچاوەی (فەرهەنگی مێژووی کورد)[4] دا زاراوەی میللەت بۆ سەردەمی سەرکەوتنی ئیسلام و بەرپابوونی دەوڵەتی ئیسلامی دەگەڕێتەوە. وشەی میللەتیش بۆ هەموو ئەو نەتەوانە بەکاردەهێنرا کە باوەڕیان بە ئیسلام هەبوو. ئەم زاراوەیە تا کۆتایی دەوڵەتی عوسمانیش هەر گوزارشتی لەو گەل و نەتەوانە دەکرد کە موسڵمانبوون و لە ژێر ئاڵای ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی دابوون. بەڵام بە کۆتایی هاتنی دەوڵەتی عوسمانی، دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و دروستبوونی دەوڵەتە هاوچەرخەکان، مانای ئەم زاراوەیەش گۆڕانی بەسەرداهات و مانا بنەڕەتییەکەی خۆی لەدەست داو و زیاتر لە مانایەکی وەکو: نەتەوە، قەوم، قیلە، گەل لەخۆی بەرجەستەکرد. هەرچۆنێك بێت ئەم وشەیەش جار بەجار لە جێگای زاراوەی ئیتنیك دەبینرێت.

یەکێکی تریش لەو وشانەی کە لە بابەتی نەتەوەگەرایی دەیبیستین و نزیکایەتی هەیە لەگەڵ (ئیتنیك) ئەویش وشەی (هاوڵاتی)یە. ئەم وشەیە لە کوردیدا زاراوەی (شارۆمەند)یشی بۆ بەکاردێت. کە لە ئینگلیزیدا وشەی (Citizen)ی پێدەوترێت و لە فارسیشدا (شهروند) و لە عەرەبیش (مواطن)... هیتر.

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عەبدوڵلا ئەبریشەمی. نەتەوەخوازی. ل17-68.
[2] ئەکرەمی میهرداد. ناسیۆنالیزم (گۆرانکاری، تیۆری، ڕەخنە). ل44.
[3] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل44-48.
[4] گەنتەر، مایکڵ. فەرهەنگی مێژووی کورد. وەرگێرانی: مامکاك. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس، 2007، ل267.

نزیکایەتییەکی زۆر هەیە لە نێوان وشەی (هاوڵاتی) یان (هاوڵاتیبوون) لەگەڵ وشەی (سیاسەت) و (شار)، چونکە وشەی (سیاسەت) کە لە ئەسڵدا وەرگیراوە لە وشەیەکی زمانی یۆنانی (شار، Polis) کە وشەی (شار)یش لە یۆنانیدا یەکێك لە واتاکانی، لە چوارچێوەی واتایەکی یاسایی و مرۆیدا ئاماژەکردن بووە بۆ گشت ئەو کەسانەی کە شاریان لێ پێکهاتووە و بەشداری کاروباری ئەم شارەن. واتە: ئەو کەسانەی لە بەڕێوەبردنی کاروباری شاردا ڕۆڵ و بەشداریان هەبوو، پێیان دەوتن (هاوڵاتی) یان (هاوشاری). کەواتە: چەمکی هاووڵاتی مانای هەموو ئەو کەسانە دەگەیەنێت کە نیشتەجێی شارن و بەشدارن لە بەڕێوەبردنیدا.[1]

هەروەها هاووڵاتی، خەڵکی شارێک، یان دانیشتووانی شارێکە، کە لە ئازادی و سەربەستییەکانی ئەو شارە پشکمەند بووە. هاووڵاتییەکی ڕۆما لە کەسێکی نامۆ جیا دەکرایەوە، چونکە سەر بە هیچ کۆمۆنوێڵتییەکی دیاریکراو نەبوو. هاوڵاتی بوونیش، یان بە لەدایکبوون یان بە هەڵبژاردن بوو؛ هەروەها فۆنەکان ڕەنگە ئەم مافە لە باوانییانەوە وەربگرن. بۆ ئەوەی ببێتە هاووڵاتییەکی باشی ڕۆمانی، پێویست بوو دانیشتووی ڕۆما بێت و لە یەکێک لە هۆزەکاندا ناوت تۆمار بکرێت و لە ڕێزلێنراو و پایەدارەکان بێت. ئەوانەی ماف و ئیمتیازاتی هاووڵاتیانی ڕۆمانییان پێدەدرا، تەنیا وەکو پلەی هاووڵاتییەتی فەخری پێیان دەبەخشرا. سزا و تێهەڵدان و بێڕێزی بە هاوڵاتی ڕۆمانی قەدەغە و ناساغ بوو.[2]

لە نەتەوەگەرایدا مانا و چەمکی (هاوڵاتی)، بریتییە لە بەرجەستەکردنی ئەندامانی نەتەوەیەك. واتە: بە پێی بیروباوەڕی نەتەوەگەرایی هەریەکە لە ئەندامانی نەتەوە بە هاولاتی ناو دەبرێن. بەم پێیە دەتوانین بڵێین نەتەوە لە کۆمەڵێك هاوڵاتی پێکهاتووە. مەبەستیشمان لە نەتەوەی مۆدێرنە. هاوڵاتی بوونی هەریەکە لە ئەندامانی نەتەوە، خەسلەت و جیاوازی نەتەوەی مۆدێرنە، بەوەی کە تەنیا لە سەردەمی مۆدێرندا هاوڵاتی بوون ئەو دەرفەتە بەرفراوانەی دەستکەوتووە.[3]

لە (ئینسکلۆپیدیای بەریتانی)دا چەمك و پێناسەی (هاوڵاتی) بەم شێوەیە بەرجەستەکراوە: ((هاوڵاتی بریتییە لە ئەندامی کۆمەڵگا، کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا مافی سیاسی و یاسایی تەواوی خۆی هەیە و لە بەرامبەریشدا ئەرک و بەرپرسیارێتی بۆ دیاریکراوە. هاوڵاتی بوون بەرجەستەکردنی ڕێکەوتن و پەیوەندی دووقۆڵییە، لەسەر بنەمای ماف و ئەرکی دوو لایەنە لە نێوان تاک و دەوڵەتدا.))[4] کەواتە هاوڵاتی وەکو تاکێکی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی دەوڵەتدا هەم بەرپرسیارێتی و ئەرکی دەکەوێتە سەر، هەمیش مافی ڕامیاری و مەدەنی خۆی پێدەدرێت، کە ئەم مافەش وەکو ئەرك و بەرپرسیارێتییەکی دەوڵەتانە بەرامبەر بە هاوڵاتییەکانی.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کەوا چەمکی هاوڵاتی و هاوڵاتی بوونی تاکێکی کۆمەڵگا لە دەوڵەتدا، دوو ڕەهەندی سەرەکی لەخۆدەگرێت؛ یەکەمیان لایەنی یاساییە کە پەیوەستە بە مافەکان و ئەرکەکانی تاک لە چوارچێوەی دەوڵەتدا. دووەمیان ڕەهەندی سیاسییە کە دەرفەتی بەشداری چالاکانە دەڕەخسێنێت لە کاروبارە گشتییەکانی وڵاتدا. ئەم دوو ڕەهەندە تەواوکەری یەکترن و پێکەوە واتای تەواوی هاوڵاتیبوون دەگەیەنن، بە غیابی یەکێکیان ماناکەی تەواو بەرجەستە نابێت.[5]

زاراوەی (جەماوەر) یان (جڤات) وەکو زاراوەیەکی کوردیدا هاوواتای زاراوەی (Masse)ی فەرەنسییە کە لە بنەڕەتدا لە زاراوەی لاتینی (Massa)ی وەرگیراوە کە مانای: هەویر و شتی تێکئاڵاو بوو دەدات. لە چەمکی جەماوەردا گشت ڕۆڵ دەبینێت و حساب هەر تەنیا بۆ گشت دەکرێت و تاك و

---

1 فارس نەورۆڵی. دەروازەی چەمکەکان. ل776.

2 Encyclopædia Britannica; or, A Dictionary of Arts, Sciences, &c. 2nd ed., vol. 3. Edinburgh: Printed for J. Balfour, W. Gordon, J. Bell, et al., 1778, 1996.

3 بڕوانە: ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو. ل116.

4 Encyclopedia Britannica, "Citizenship" . Volume 6, Edition: 15, Chicago: Encyclopedia Britannica Inc., 2010, P. 748., P. 748.

5 For further information, see: Marshall, T.H. Citizenship and Social Class and Other Essays (Cambridge: Cambridge University Press, 1950), pp. 28-29.

دەستە گرنگی و باسی نییە، و هەموو داهێنان و بوون و ویستەکانی تاك و دەستەکانی جەماوەر لەنێو دونیا گشتییەکەی جەماوەر ون دەبێت و هیچ ڕەنگ و سەدای تایبەتی بۆ نامینێتەوە و دەبێت بە بنیاتی گشت و هەمووی بەشێوەی یەك تابلۆ و یەك جەستەی لێك دانەبڕا و بەرجەستەدەبێت. ئەمەش وایکردووە کە دەبێت جەماوەر خاوەنی یەك ئاراستە و یەك ڕێبەر و سەرۆك و لایەنگری تاکە بیر و بۆچوونێك بن و هەموو پێکەوە یەك دەست و یەك هەست و یەك پەیام بن. نموونەی بەرچاوی جەماوەریش ئەو جەماوەرەی ڕژێمی هیتلەرە کە سەرجەم تاکەکانی جەماوەرەکەی پابەندی بڕیارەکانی سەرۆکیان دەکرد و خۆیان جیانەدەکردەوە.[1]

لە فەرهەنگی (هەراشان) وشە و زاراوەکانی وەکو: (کۆمەڵ، خەڵك، پڕانیا خەلکێ، حەشامات)[2] لێکدراوەتەوە و هاوواتا کراوە.

لە فەرهەنگی زانستی سیاسیدا چەمکی جەماوەر، یان جڤان بەم شێوەیە خراوەتەڕوو: ((جڤات بە کۆمەڵیکی چالاک نەوترێ کە هاوشێوەی جەماعەت لە ئەژمار دێت. تایبەتمەندییەکانی جڤات بریتییە لە: نزیککایەتی شوێن، ناپایەداری و کردەوەیەکی کۆمەڵەکی کە بکەوێتە ژێر کاریگەریی پاڵنەریکی بەسوزی هاوبەش تاکوو بگاتە دەور و پێگە ڕەسمییەکانی. لە ڕوانگەیەکی ترەوە بە گشتی بە مانای کۆمەڵی بوونەوەری سروشتی کە زیاتر وەك جەستەیەك سەیر ئەکرێت، لێکدراوەتەوە. لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکاندا جڤات دەلالەت ئەکا بە سەر خەڵکێکی زۆر کە لە شوێنێك نیشتەجێ بووبیتن.))[3]. لێرەشدا یەك دەستەیی و یەکبوونی جەماوەر بەرچاوە و وەکو تاکە کۆمەڵێکی بەشنەکراو ئاماژەی پێدەکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین هەموو ئەو زاراوانەی خستمانەڕوو: (نەتەوە و گەڵ و میللەت و هاوڵاتی و جەماوەر) ئاماژەن بۆ تاك و کۆمەڵی کەسەکانی سەر بە نەتەوە و گەلێك و دەکرێت هاوواتابینەوە لەگەڵ وشەو زاراوە و چەمکی (ئیتنیك)، بەتایبەت ئەگەر هەریەکەیان تەنیا خاوەنی یەك کۆمەڵە ئیتنیك و حاڵەت بن و لەگەڵ یەك هاوتەریب و هاوتابن. یان لە بەرنزیکی ئەم زاراوە و چەمکانە، دەکرێت بە هەڵە لە شوێنی یەك بەکاربهێنرێن.

ئەگەر ئێستا بێینە سەر خستنەڕووی ئەو بنەمایەی نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن)دا ئەوە دەبینین لە شیعرەکاندا ڕاستەوخۆ وشە و زاراوەی (ئیتنیك و نەژاد و هاوواتاکانی) بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەکارنەهێناوە، بە شێوەیەکی زۆر دەگمەن نەبێ، بۆ نموونە لە شیعری (کچی مەهاباد)دا، کە پێشتریش بە نموونە بۆ بابەتی تر هێناومانەتەوە*، کاتێك باس لە بنەچەی کچە کورد دەکات و بۆ (مادد)ەکانی دەگەرێنێتەوە لەوێدا وشەی (تۆرمە)ی، کە لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە) بە مانای (ڕەچەڵەك، بنەچەکە، نەژاد، نژاد، نسل.)[4] لێکدراوەتەوە، بەکارهێناوە لە پێش وشەی مادەکان بەم شێوەیە:

بەشمشیری دوو ئەبرۆت جەرگی خەڵکی لەت دەکەی دیارە
دەزانی چەک لەکار بێنی، کچیش بی تۆرمەی مادی[5]

لێرەدا زاراوەی (تۆرمە) بەکارهێناوە و ڕەگەز و نەژاد و ئیتنیك و ئەسلی کچەی دیارکردووە.

---

[1] بابایی، غولامەرزا عەلی. فەرهەنگی سیاسی ئارەش. وەگێرانی لە لایەن: زاهیر محەممەدی و یاسین حاجی زادە. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات، 2013، ل192-193.
[2] کۆمەڵێك مامۆستا. فەرهەنگی هەراشان. ل.109.
[3] ئەحمەد شەبانی. فەرهەنگی زانستی- سیاسی، (فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان)، کوردی- فارسی – ئینگلیزی. ل96.
* هەڵبەتە هەندێك جار نموونە شیعرییەکان جارێك، یان زیاتر لە جارێك، بۆ بەڵگە و خستنەڕووی باس و خواس و بابەتە جیاوازەکان دووبارە، یان ڕەنگە چەند بارەش ببنەوە. زۆرجار لە شوێنی خۆی ئاماژە بەو دووبارە بوونەوانە دەکەین. هەرچۆنێك بێت ئێمە بە پێی پێویستی و مەبەستی باسەکە دەیخەینەوەڕوو. ئاسایی هۆکاری ئەم دووبارە بوونەوەش هەم بەهۆی نزیکایەتی و پەیوەندیداری بابەتەکانەوەیە، هەمیش بەهۆی زمان و پێکهاتە و سروشتی شیعرە، بەوەی کە جیاواز لە بابەتی وتار و نووسین و لێکۆڵینەوە پەخشان ئامێزەکان زیاتر لە بابەت و باسێك لە ناوەڕۆکی شیعرێکی دیاریکراو دەخرێتەڕوو، تەنانەت جاری وا هەیە لە دێڕە شیعرێکدا ئەم دیاردەیە دەبینرێت.
[4] هەژار، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کوردی- فارسی. تهران: سروش، 2000، ل.153.
[5] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.146.

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وشەی (کورد)ی بەتەنیا، وەکو ناوی نەژاد و ڕەگەز و ئیتنیك نەتەوە و گەل، بەکاریهێناوە. بۆ نموونە لە شیعری (کوردم ئەمن) کە دەڵێت:

من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە

لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم **کوردم** ئەمن[1]

لێرەدا شاعیر بێباکی خۆی دەردەخات لە بەرامبەر دوژمن و سزا و زیندان و سێدارە و تەنانەت لەت لەتکردن و کوشتن و مردنیش بێ باکەو بەرامبەر هەر عەزاب و توند و تیژی و هەر بڕیارێکی سزادان و لە ناوبردن ئەو هەر دەستبەرداری ئیتنیك و نەژاد و ڕەگەز و نەتەوەی خۆی نابێت و هەر کوردبوونی خۆی دووپات دەکاتەوە... لێرەدا زاراوەی (کورد)ی وەکو ناو و جۆری ڕەگەز و ئیتنیك و توخم و نەتەوەی خۆی بەکار هێنانەوە و مەبەستیشی لەم وشە ئەوەیە کە بڵێت ڕەگەز و ئیتنیك و نەتەوەی من هەر کوردە و من سەر بە هیچ نەژاد و میللەتێکی تر نییم.

هەروەها هەندێك جارانیش وشەی میللەت و گەل و نەتەوەی بە مانای نەژاد و ڕەگەز و ئیتنیکیش بەکار هێناوە. بۆ نموونە لە شیعری (جێژنی ئازاد)دا کە دەڵێت:

**میللەتی کورد**ی بێکەسی ڕزگار

کرد، لەژێر چەنگی دوژمنی زۆردار[2]

لەم دێرەدا، کە باس لە ڕزگارکردنی (میللەتی کورد) دەکات لە دەست دوژمنی زاڵم، دەبینین وشەو زاراوەی (میللەت) هەم مانای نەتەوە و گەل، هەمیش مانای نەژاد و ئیتنیك دەدات، بە تایبەت بەهۆی خستنە پاڵ و زیادکردنی وشەی (کورد) بۆ سەر (میللەت)، بەمەش نەتەوە و ئیتنیکی هاوتاکردۆتەوە و وشەی (میللەت) بووەتەوە هەڵگی دوو چەمك و مانا.

هەرچۆنێك بێت (ئیتنیك و نەژاد) وەکو یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی ڕۆڵ و گرنگی جەوهەری هەیە لە بنیاتی نەتەوە و نەتەوەگەرایدا، چونکە ((نەژاد بەمانای هێرۆدۆتی توانیویەتی و دەتوانێت کە ببێتە بناغەیەک بۆ پێکەوە بەستنی کۆمەڵ کە لە چەندین ناوچەی فراواندا دەژین و تەنانەت لەوانەشە زۆر پەرت و بڵاوبن و نەشیانتوانیبێت ببنە خاوەنی حکومەت و دەسەڵاتی هاوبەش وەکو کورد، باسک، ئەرمەن و بەلوچ. هەرچەندە ئەم پێکهێنەرە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەپێک هێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ وە نییە، بەڵام هەر نەتەوەیەک بەبێ بوونی ئەم پێکهێنەرە بنەڕەتییە بوون و سەربەخۆبوونی دەبێتە شوێنی گومان.))[3] بۆیە نەژاد و ئیتنیك یەکێکە لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی. لەگەل هەموو ئەو گرنگی و دەورەی (ئیتنیك) لە بنیاتی نەتەوە و نەتەوەگەراییدا کە ناتوانرێت نکوڵی لێبکرێت، ((بەڵام نەژاد بەتەنیاو جیا لەفەرهەنگ، مێژووو کەلەپوری هەرمیللەتێک ناتوانێت ببێتە هۆیەکی کاریگەری پرسی نەتەوەیی، یان بەشێوەیەکی دیکە نەژاد کاتێک دەتوانرێت پێناسەیەکی باش بکرێت کەئەم سێ توخمە گرنگەی لەخۆیدا کۆکردبێتەوە، ئەگینا نەژاد وەکو جیاوازی بایۆلۆجی و خوێنی ناتوانێت دەوری پەیگیر ببینێت.))[4] کەواتە (ئیتنیك) وەکو بنەمایەکی جەوهەری لە پاڵ بنەماکانی تری دەتوانی ببێتە مایەی بنیاتی نەتەوە و نەتەوەگەرایی.

هەڵبەتە لە گوتاری نەتەوەگەرایی شیعرەکانی (هێمن)دا بنەمای ئیتنیك و نەژاد و ڕەگەز و بنەچەو.. هیتری کورد و کوردبوون وەکو بناغە و پێکهاتەی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم ڕەنگدانەوەیەش لە خستنەڕووی چەند ڕەهەند و لایەنێکەوە لە گوتاری شیعرەکاندا بۆ بەرجەستەکردنی وێنە و کەسایەتی کۆمەڵگەی ئیتنیکی کوردی ئەنجامدراوە، لێرەدا چەند نموونەیەك لەو ڕەهەند و لایەنانەی کە بوونەتە مایەی ڕەنگدانەوی بنەمای ئیتنیك، وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە شیعرەکانی شاعیردا بە چەند سەرەبابەت و باسێك لە زنجیرەکانی تردا دەخەینەڕوو:

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.89.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.390.
[3] ئەکرەمی میهرداد. ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە). ل.26.
[4] هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو،

### 3-1-1-3. شانازی کردن بە ئیتنیك و نەژاد و ڕەگەز و نەتەوە و میللەتی کورد

لە گوتاری نەتەوەگەرایەتی شیعرەکانی (هێمن)دا بنەمای ئیتنیك و نەژاد و نەتەوە و میللەت و کوردبوون بە شانازیپێکردن و خۆ پێ پێناسەکردن بەرجەستەدەکات و کوردبوون لە لای ئەو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایەتیی جەوهەرییە و بەردەوام زۆر بە شانازییەوە دڵنیایی و مەبدەئو هەڵوێستی خۆی بۆ دووپات دەکاتەوە. بۆ نموونە لە شیعری (کوردم و...)دا دەڵێت:

**کوردم** و داوای حقوقی پایەماڵی خۆم دەکەم

ماڵی خۆمە موڵکی کورد؛ داوایی ماڵی خۆم دەکەم

موڵکی کوردستان ئیرسی باب و باپیری منە

ئیدعای حەقق و میراتی حەڵاڵی خۆم دەکەم

هەروەکو باران لە چاوم دێتە خوارێ ئەشکی خوێن

هەر زەمانێک بەرژەوەندێکی لە حاڵی خۆم دەکەم

گەرچی لای ئاغا خەیاڵی خاوە میللیەت

من لەلام باشە هەتا ماوم خەیاڵی خۆم دەکەم[1]

بەم شێوەیە دەبینین ناسنامەی خۆی بە کوردبوون دووپات دەکاتەوە و داوای مافی خۆی دەکات، کە ئەویش خاکەکەیەتی، ئەو خاکەی کە نیشتمانی باوك و باپیری کوردانە و ئەویش وەکو کوردێك بە میرات، بە پێی یاساو ڕێسای دین بۆی بەجێ ماوە و حەلالی خۆیەتی. بەڵام لێی داگیرکراوە و لە داخان ئەسرینی بۆ دەبارێنێت و بەردەوام لە هەوڵی دەرفەت و ڕێگە چارەیەك دایە. هەرچەندە ئاغا گاڵتەی پێدێت و پێی وایە ئەم داواکردنە لە لایەن ئەو و میللەتی کورد خەیاڵ خاوییە، بەڵام دیارە شاعیر بە شانازییەوە وەکو کوردێك بەردەوام داوای مافی خۆی دەکات و خەیاڵی بەدەستهێنانی ئەم مافە تا ماوە دەستبەرداری نابێت و لە باوەشی دەگرێت. ئەم هەڵوێست و شانازیە بە ئیتنیك و ڕەگەزی کوردبوونی خۆی یەکێکە لە ڕەهەندەکانی پایەو بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە گوتارە شیعرییەکانیدا.

هەروەها بە هەمان شێوە لە شیعرێکی تردا وەکو شیعری (رقی پیرۆز)دا شاعیر شانازی کردن و دووپاتکردنەوەی کوردبوونی خۆی بۆ بەرجەستەکردنی یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایەتی: (ئیتنیك و ڕەگەز)، لە گوتاری شیعرییهنکانی دەخاتەڕوو:

دەمگرێ، ئەمما لەگرتووخانە ڕق ئەستوور ترم

لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوور ترم

دەمکوژێ، ئەمما بەگژ جەللادەکەم دا دێمەوە

کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە[2]

لێرەدا دەبینین لە دواین دێردا شانازی بە ڕەگەزی کوردبوونی خۆی دەکات و دوژمن دڵنیادەکاتەوە کەوا نەژادی کورد لە ناو ناچێت و هەر دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێتە چقڵی چاوی دوژمنانی ئەم ئیتنیك و نەتەوەیە.

جگە لەم شیعرانەی خستمانەڕوو لە چەند شیعرێکی تریشدا، وەکو: (کوردم ئەمن[3]، بەهار هەر دێ[4]،... هیتر) شاعیر ڕاشکاوانە شانازی بە ڕەگەز و نەژادی خۆی دەکات و لەم ڕێگەیەوە بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایەتی، کە بنەمای ئیتنیك و ڕەگەزی کوردییە، بەرجەستەدەکات لە گوتارە نەتەوەگەرایەتییەکانی نێو شیعرەکانیدا. بەڵام هەرچۆنێك بێت لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە یەکە یەکەی نموونەکان بخەینەڕوو.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.385.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.418.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.89.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.346.

### 4-1-1-3. هاندان و هەستبزواندنی نەتەوەکەی وەکو گەلێکی ستەملێکراو

رەهەندێکی تر لە بەرجەستەکردنی بنەمای (ئیتنیك و ڕەگەز) وەکو یەکێك لە بنەماکانی گوتاری نەتەوەگەرایەتی لە شیعرەکانی (هێمن)دا هاندان و جولاندنی هەستی کۆمەڵگەی ئیتنیکی کوردییە. بۆ نموونە لە شیعری (مەحکەمەی ئیستیقلال)دا شاعیر دەڵێت:

دوێ شەوێ گریام هەتا ڕۆژ، پێت بڵێم بۆ چی برا
مەحکەمەی مەنحووسی ئیستیقلال وەبیرم هاتەوە
ریزەیان بەستبوو لە پێش چاوی منا گشتی هەموو
ئەم شەهیدانەی کە خنکاون بەسەد ئاواتەوە
پاک بەکفنێکی لە خوێنا شەتڵ و لێویکی بەبار
پاک بەرەنگێک و قیافێکی پەڕیوو و ماتەوە
هاتە گوێم لێکرا دەیانگوت «ئێمە کوژراین بێ خەتا
میللەتی **کورد** تا بەکەنگی تۆڵەمان ناکاتەوە[1]

شاعیر لە میانەی باس و لاواندنەوەی شەهیداندا، هەروەك خۆی لە پێشەکی ئەم شعیردا دەنووسێت و دەڵێت: ((ئەم هەڵبەستەی ژێروو چەند دڵۆپە فرمێسکێکە پێم وایە هەموو کوردێک چ خوێن گەرم بیت چ خوێن سارد بەخوێندنەوەی شێعرەکان بێ ئیختیار فرمێسک دەڕێژێ و تووک و لەعنەت لەم مەحکەمە مەنحووسە لە شینی ئەواندا نەتەوەی کوردی بۆ هەمیشە دەسوئەژنۆ دانا) دەکا»[2] ئەم هاندان و جولاندنەی هەست و ویژدانی کۆمەڵگەی کوردی شاعیر لە گوتاری شیعرەکاندا مایەی بەرجەستەکردنی بنەمای ئیتنیك و نەژادی کوردە وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی.

بۆ نموونە لە شیعری (شەو و شەیتان)دا بە یادکردنەوەی پێشەوا (قازی محمد) و شەهیدکردنی دەیەوێت تەوەری هەست و سۆزی کورد بخرۆشێنیت و ڕوحی ئیتنیك و نەتەوەگەرییان تێدا بوروژێنێت و بۆ مافی نەتەوایەتی هانیان بدات، کە بەم شێوەیە دەڵێت:

شادبە ئەی پێشەوای نەمر
هەتن ڕۆڵەی ئازا و خوێنگر
بۆ فیداکاری ئامادەن
ڕێگای ڕاستی تۆ بەرنادەن
پەڕکووری ڕق ئەستوورە کورد
لەسەر تۆڵەی تۆ سوورە کورد
کچ و کوڕ و ژن و پیاوی
دەکا خەباتی خوێناوی
تا مافی ڕەوای دەستێنێ
ئاواتی تۆ وەدی دێنێ[3]

هێزی ڕق و کینە و تۆڵە، لە میانەی باسکردن و یادکردنەوەی پێشەوا و ئەو زوڵم و ناحەقییەی دوژمنانی کورد و کوردستان بەرامبەریان کرد، لە لای چین و توێژ و ڕەگەزەکانی کۆمەڵگای ئیتنیك و نەتەوەی کوردی دەوروژێنێت و هانیاندەدات بۆ تۆڵە کردنەوە و خەبات و شۆرش و بەرخودان تاوەکو دەگەن بە مافی ڕەوای خۆیان و بەرجەستەکردنی خەون و هیوای پێشەوا. ئەلێرەوە شاعیر بەهۆی ئەم هاندان و

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.383-384.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.383.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.228.

جولاندنەی کۆمەڵگەی ئیتنیکی کوردی بنەمای ئیتنیك و نەژاد، وەکو یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دادەرێت و بنیاتی نەتەوەگەرایی لە گوتاری شیعرییەکانی خۆیدا دەهۆنێتەوە.

### 3-1-1-5. پیاهەڵدان بە کورد وەکو قارەمان و سوککردنی دوژمنانی

بنەمای (ئیتنیك و نەژاد) وەکو یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن)دا لە ڕێگەی وەسفکردن و پیاهەڵدان و مەدح و سەنا بە کۆمەڵگەی کوردی و چین و توێژ و پێکهاتەکانییەوە مسۆگەر دەکرێت، بۆ نموونە لە شیعری (دەسرێژی لاوان)دا شاعیر دەڵێت:

بڕۆ ڕێوی بەسیەتی چاونەزێری
پەلاماریَ مەبە بۆ لانی شێری
گوتوویانە لە لانیَ دەرپەڕیَ شێر
هەموو دژمن بەزێنە میَ و نێری
مەیە بۆ ئەم چیا نینۆک شکێنە
دزی سیرمە و گەڕۆکی گەرمەسێری
بەتیکی سەخت و ئەستەم هەڵمەڕۆسکیَ
خەریکی شاخەوانان هەڵبدێری؟
ئەتۆ و ژرد و ڕکە و هەڵدێر و تیرەگ
لە گیانی خۆ مەگەر بێزار و تێری؟
بچۆوە بن گراڵک و کەندەڵانت
ئەتۆ کەی فێری نێو سوێسن و کنێری؟
بڕۆ کلکت بنێوە نێو گەڵۆزت
هەڵاتن ئیشی خۆتە باشی فێری
لە پێش تۆشدا شەهەنشاهانی خوێنڕێژ
خەریک بوون پێی نەهێڵن خێر و بێری
لەمێژە فێرە کوردی پاکی لاشەڕ
بەرەنگاری، فیداکاری، دلێری[1]

لێرەدا دەبینین چۆن دوژمن و داگیرکەرانی کورد و کوردستان ڕیسوا و بیَ ئەرزش دەکات و پێیان دەڵێت کەوا ئێوە ڕێوی و ترسنۆك و بەزیون و بە کوردی شێر و ئازا و چاونەترس ناوێرن، بۆیە هێرش مەکەنە سەر خاك و نیشتمانی کوردان خۆ گیانی خۆتان لیَ زیاد نییە و دەست هەڵبگرن و خاك و نیشتمانی کوردان بەجێبهێڵن و هەڵێن و بگەڕێنەوە کولانەی خۆتان، هەر ئێوە نا شاهەنشاهانی پێش ئێوەش لە بەرامبەر بەرگری و زەبری بەهێزی کوردان دڕاون و هەڵاتوون و ئەمە بووەتە پیشە و سیفەتی بۆ ماوەیی بۆتان، بۆیە ئێوەش ئەنجامتان هەر هەڵهاتن و بەزینە. پاشان دێتە سەر وەسف و پیاهەڵدان بە توخم و ڕەگەزی کوردی و بە پاك و چاك و بە ئیتنك و نەتەوەیەکی دوور لە شەر و زۆرداریان دادەنێت، بەڵام لەگەڵ لاشەری و ئاشتی خوازیشیاندا کۆمەڵێکی ئیتنیکی و میللەتێکی پڕ لە ڕوحی بەرگری و ڕووبەرووبونەوە و فیداکاری و قوربانی و ئازایەتی و دلێری و چاونەترسییە و بەو تایبەتمەندی و خەسڵەت و سیفاتانە بەرجەستەی کەسایەتی ڕەگەز و ئیتنیکی کورد دەکات وەکو یەکێك لە میللەتەکانی دونیا.

هەروەها هەر لە درێژەی شیعرەکەیدا لە وەسفی کۆمەڵگەی گەل و ئیتنیکی کوردی دەڵێت:

گەلی کورد دەستی دا چەک هاتە مەیدان

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.375-376.

تەماشای گەورە شوان و شەنگەبێری
کە ترسابا لە کوشتن تۆرەمەی کورد
لە ئاسمانی ژیان ون بوو ستێری[1]

بەمشێوەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کەوا تۆرەمە و ئیتنیکی کورد ترسنۆك و دەست لە ئەژنۆ نییە و بەڵکو چاونەترس و ئازاد و بێباکە لە مردن و خوێنرژان، ئەگەر ئەو چاونەترسی و ئازایەتی و مەردایەتییەی نەبایە ئێستا لە مێژبوو توابوویەوە و ئەستێرەی بەختی کۆتایی پێهاتبوو، بەڵام بەردەوام کورد گەلێکی دەست لە چەك و شۆرشگێر و ڕاپەڕیووە دژی هەموو زۆردار و داگیرکەرێکی کورد و کوردستان. بەو وەسفە بەرز و بەهێزە بنیاتی تۆرەمە و ئیتنکی کورد وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی ناو شیعرەکانی دەکات.

شاعیر لە شیعرێکیتردا بە ناوی (جێژنی ئازاد) چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئیتنیکی کوردی بە مەدح و سەناو وەسفی بەرز و جوان دەدوێنێت و دەڵێت:

نەوجەوانانی ژیر و وریای کورد
پیرەپیاوانی پیاو و ئازای کورد
بێچوە شێرانی چاپک و بێباک
تازە لاوانی میللی و خوێنپاک
نەونەمامانی باغچەی ئاوات[2]

بەمشێوەیە بە گەنج و پیر و لاوانی کورد دا هەڵدەڵێت و بە ژیر و ئازا و قارەمان و چاونەترس و پاك و بەرزیان وەسفدەکات و لەم ڕێیەوە بنیاتی کۆمەڵگەی ئیتنیکی کوردی وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانیدا بەرجەستەدەکات.

### 6-1-1-3. خستنەڕووی ئامۆژگاری و ڕێنمایی بۆ کۆمەڵگای ئیتنیکی و نەتەوەیی کورد

(هێمن) لە شیعرەکانیدا کۆمەڵێك ئامۆژگاری و ڕێنمایی و ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی پێشکەش بە کۆمەڵگای ئیتنیکی و نەتەوەیی کورد کردووە و ویستوویەتی لەم ڕەهەندەوە بنەمای ئیتنیك و تۆرەمەی کورد، وەك و بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، بەرجەستەبکات. بۆ نموونە لە شیعری (کوردە گیان)دا شاعیر ڕوودەکاتە ڕەگەزی کورد و پێی دەڵێت:

لە غوربی خەوێ دای، دوژمنت بێدارە کوردەگیان !
هەڵستە لەم خەوە ئیمڕۆکە جەنگەی کارە کوردەگیان![3]

لێرەدا شاعیر ڕووی دەمی دەخاتە ئیتنیك و نەتەوەی کورد و ئاگاداری دەکاتەوە و هۆشیاری پێدەدات کەوا تۆ بێئاگایی و بێخەبەری و خەوت لێکەوتووە، کەچی دوژمن و نەیارانت هۆشیار و بێدارن و لە پیلان و پەلاماردان سڵناکەنەوە، بۆیە ئامۆژگاری و ڕێنموونیان دەکات بە لە خەوی غەفلەت بەخەبەر بێنەوە و دەست بکەن بە کار و خەبات و تێکۆشان. بەمشێوەیە شاعیر دەیەوێت لە شیعرەکانیدا لەم سۆنگەوە بوونی کورد دووپات بکاتەوە و بیکاتە لایەنێك لە لایەنەکانی بنیاتنانی ئیتنیکی کوردی و وەك و بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایەتی بەرجەستەی بکات.

هەروەها شاعیر لە شیعری (دوارۆژی ڕووناک)دا ڕوو لە کوری کورد دەکات و دەڵێت:

کوڕی کورد، هاتەوە دیسان هەلی تۆ
مەوێستە، خۆت مەگنخێنە، مەترسە
لە فیشاڵ و لە بوختان و لە دەمگۆ

1. سەرچاوەی پێشوو، ل.377.
2. سەرچاوەی پێشوو، ل.389.
3. سەرچاوەی پێشوو، ل.418.

هەتە حیزبێکی دێموکراتی پێشڕەو
کە پێویستە لە دەوری کۆوەبی کۆ[1]

لەم شیعرەشدا شاعیر ئامۆژگاری ڕێنمایی کوری کورد دەکات و پێیان دەڵێت هەڵێك هاتۆتە پێشەوە بۆ تۆی وەچە و ئیتنیك و نەژادی کورد، هەڵەکەش هەبوونی حیزبی دیموکراتە و وەکو حیزبێکی کوردی هەڵگری پرۆژەی پرسی کوردە. بۆیە ئامۆژگاری و ڕینموونیان دەکات کەوا پروپاگەندە و در و چەواشەکاری کارتان لێنەکاتو و وەرن بۆ ناو ئەم پارتە و ببنە ئەندامێکی چالاکی نەتەوەگەر و تاوەکو لەم ڕێیەوە هەم بزوتنەوەیەکی نیشتمانی بەهێز دروستبکەن هەمیش خەباتی نەتەوەگەرایی خۆتان تێدا بەرقەرار کەن. شاعیر لێرەدا بە خستنەڕووی ئەو ئامۆژگاری و ڕێنمایی و هۆشیارکردنەوەیەی تاکی کورد بەرجەستەی بنەمای ئیتنك و نەژادی کورد دەکات وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوەگەرایی

جگە لەم لایەن و گۆشەنیگایانەی خستمانەڕوو کە لە ڕێگەیەوە شاعیر بەرجەستەی بنەمای ئیتنیك و تۆرەمەی کورد دەکات و بنیاتی یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە گوتاری شیعرەکانیدا هەڵدەچنێت، چەند لایەن و ڕەهەندێکی تریش لە ناو شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەو چەند لایەنانەی خستمانەڕوو وەکو نموونە ئەو بنەمایەی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی شاعیردا دەستهەڵدەگرێن و لەبەرکەمی دەرفەت ناکرێت ئەوانی تریش بخەینەڕوو.

## 3-1-2. خاك (زێد و هەرێم و نیشتیمان و وڵات)

لەم باسەدا دەمانەوێت خاك وەکو یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایەتی لە ناوەرۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا تیشکی بخەینە سەر. لە شیعرەکانی هێمندا بنەمای خاك، یان بڵێین نیشتمان و زێد و هەرێم و وڵات، لە چەند ڕەهەند و ڕوویەکەوە بەرجەستەکراوە. واتە: لە شیعرەکاندا لە چەند گۆشەنیگایەکەوە باسی ئەم بنەمایە، وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە باوەش کراوە. لێرەدا چەند لایەنێك لەو لایەنانەی کە بوونەتە کلاوڕۆژنەی ڕووناکردنەوە و بەرجەستەکردنی ئەم بنەمایە بە چەند سەرەبابەتێك باسی لێوە دەکەین. بەڵام سەرەتا بە پێویستی دەزانین بە شێوەیەکی گشتی باس لەو بنەمایە بکەین و لە ڕووی زاراوە و چەمك بیناسێنین، پاشان بچینە سەر خستنەڕووی چەند ڕەهەندێکی بەرجەستەکراوی ئەم بنەمایە لە شیعرەکانی شاعیردا.

### 3-1-2-1. وشە و زاراوە و چەمك و پێناسەی (خاك، زێد، هەرێم، نیشتیمان و وڵات)

هەرچەندە هەریەکە لەم چەمکانە: خاك و زێد و هەرێم و نیشتیمان و وڵات، بە شێوەیەکی گشتی هەمان ئاماژە دەبەخشن، بەڵام لە پاڵ هەبوونی خاڵی هاوبەش و نزیکایەتی لە نێوان ئەم چەمکانەدا چەند کەمە تایبەتمەندی و جیاوازییەکیش لە نێواندا دەبینرێت. بۆیە هەرچۆنێك بێت لێرەدا بە پێویستی دەزانین بە شێوەیەکی گشتی و خێرا و پێویست یەکە یەکەیان باسیان بکەین.

سەبارەت بە زاراوەی (خاک) لە (فەرهەنگی هەراشان)دا بەم سێ مانایە لێکدراوەتەوە: ((١- گڵ، خۆڵ، ئاخ. ٢- زەوی: ئەم دەشتە خاکەکی بە پیتە. ٣- زێد، وڵات، نیشتمان، شوێنی لە دایکبوون، خاکی باب و باپیرانمان بە هەموو دنیا نادەم.))[2] کەواتە: دەکرێت خاك هەم بە مانای زەوی و خۆڵ بێت هەمیش مانای زێد و وڵات و نیشتمانیش بێت. بە واتایەکی تر: (خاك) زاراوەیە گشتگیر و فراوانە و دەکرێت هەموو زاراوەکانی تر کە پەیوەندی بە پارچە زەویەکەیەوە هەیە لە خۆی کۆ بکاتەوە، یان بەرامبەریان ببێتەوە و بە مانای ئەوان بەکاربێت. ئەگەرچی بەگشتی خۆی زارەوەیەکی سروشتی و جوگرافی هەیە و بە مانای پێکهاتەی ڕوکاری زەوی، یان پارچەیەك زەوی. دەگەیەنێت. ئەو پارچە زەوییەی کە دەبێتە زێد و وڵات و هەرێم و نیشتیمانێك بۆ مرۆڤەکان.

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.110.
2 کۆمەڵێك مامۆستا. فەرهەنگی هەراشان. ل.127.

دەربارەی خاك کەسێکی وەکو (چێرچڵ) ئاماژە بەوە دەکات کەوا ((خاک پێویستییەکی گرنگی مرۆڤە، کە سەرچاوەی ڕەسەنی هەموو سامانێکە، وە لە ڕووی فراوانییەوە بە توندی سنووردارە، کە لە پێگەی جوگرافیدا جێگیرە – زەوی، دەڵێم، جیاوازە لە هەموو جۆرەکانی تری موڵک وماڵی، و داب و نەریتی یادگاری نزیکەی هەموو... دەوڵەتی مۆدێرن خاوەندارێتی و گواستنەوە و پابەندبوونەکانی زەوییان لە پۆلێکی تەواو جیاوازدا لە چینەکانی دیکەی موڵک و ماڵی داناوە))[1] لێرەدا دەبینین خاك وەکو پارچە زەوییەکی جوگرافی و پەیوەند بە زیندەکی مرۆڤ باسی کراوە، هەر ئەم خاکەش دەتوانین لە گۆشە نیگای نەتەوەگەرایی نمایشی بکەین، ئەوکات لە پاڵ بوونی خەڵك و نەتەوەیەك وەکو شوێن و هەرێمێکی نیشتەجێ بوون و وڵات و نیشتمان خۆی بەرجەستەدەکات و تەنیا زەوییەکی جوگرافی و ئابووری و کشتوکاڵی نامێنێتەوە، بەڵکو چەمکی ڕامیاری و یاسایی و کۆمەڵایەتیش لە باوەش دەگرێت. ئەم لە خۆگرتنە فرە لایەنییە وایکردووە کەوا ((داگیرکردنی خاکیش لە لایەن هەر هێزێکەوە بێت داگیرکردنی تەنیا ناوچەیەکی جوگرافی سادە نییە بەڵکو ڕۆڵی ئیستراتیجی خاکەکە و سامانی سروشتی ڕۆڵ و فاکتی داگیرکاریکەن.))[2] بۆیە ئەو کات پیرۆزی خاك و پاراستنی دەبێتە ئەرکیکی نەتەوەگەرایەتی و لە پێناویدا خەبات و شۆرش دەبێت ئەرك و پەیامێکی بەرجەستەکراو.

هەروەها سەبارەت بە زاراوەی (زێد)یش لە (فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە)دا بە سێ شێوە بەرامبەری بۆ کراوە: ((1- زاگە، جێگەی لە دایك بون، 2- نیشتمان، وەتەن، 3- گۆر، قەبر))[3]. کەواتە: (زێد)یش دەکرێت بە هاو واتای: نیشتمان، وەتەن، شوێنی لە دایك بوون، خاك،... هیتر، بەکاربێت. لە ڕووی چەمك و پێناسەشەوە دەتوانین بڵێین: ((زێد بە ناوچەیەکی دیاریکراو دەگوترێ کە مرۆڤ تیا لە دایک دەبێ. خاک و مرۆڤ پەیوەندی قووڵیان هەیە و ئەوە تەنیا گەلانی ئەوڕۆیی نین کە گیرۆدەی خاکن. خاک بە ناوی زێد، یەکێکە لە گۆشەکانی سێ سووچەی ناسیۆنالیزم و بۆتە بەردی بناغەی وڵات.))[4] کەواتە: زێدیش هەر بریتییە لە ناوچەیەك و پارچە زەوی و خاکێکی دیاریکراو، کە کەسێك، یان کۆمەڵە کەسێك لەسەریدا هاتۆتە دونیا.

هەروەها بەرامبەری بۆ زاراوەی (نیشتمان)یش لە (فەرهەنگی کوردستان)دا زاراوەکانی ((زێد، مەڵبەند، مەڵوەند، (باك) توورت، خاك. خاوی.))5 دانراوە. واتە: زاراوەی (نیشتمان)یش دەکرێت هەمان مانای: زێد، خاك،.. هیتر بێت. بۆ چەمك و پێناسەی ئەم زاراوەیەش دەگوترێت: (نیشتمان) بریتییە لە: ((زێدێك لە چوارچێوەی سنوورێکی سیاسی دیاریکراو کە خەڵکانێکی تێدا نیشتەجێ بن و دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بەڕێوەی ببات. بەو خەڵکانەی کە لەو زێدەدا دەژین نەتەوە دەگوترێ. دەسەڵاتێکیش کە لەو زێدە فەرمانڕەوایی دەکات، بە دەوڵەت ناوبردە ئەکرێت. لە ڕوانگەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا سێ چەمکی نیشتمان و نەتەوە و دەوڵەت، پێکەوە یەکەیێکی فراژووی سیاسی پێك دەهێنن کە بوونی یەکیان هەبوونی ئەو دووانەی دیکە بەدواوە دەبێت. کەواتە هەرکام لەم سێ چەمکە دەکرێ لەجیاتی ئەو دووانەی دیکە بەکار ببرێت.))[6] هەروەها بە بیستنی یەکێکیان ئەوانی ترمان بێتەوە یاد.

زاروەی (وڵات) یش، بە زاراوەی ((نیشتمان، وەتەن، زێد، مەڵبەند: من وڵاتێ خۆ خۆش دڤێت.))[7] بەرامبەر کراوە. بۆیە ئەم زاراوەش دەکرێت هاو واتای زاراوەکانی تر دابنرێت و لە هەندێك باردا ڕیك لە جێگای ئەواندا بەکاربێت. هەڵبەتە هەرچەندە زاراوەی (وڵات) بەرامبەر بە (خاك و زێد و

---

1 ب د.بەختیار ئەمین. خاك و ژینگەی ئێمە و ئەوان. ماڵپەڕی (ئاوێنە)، 09/ 06/ 2022، وەرگیراوە لە (22/ 2/ 2024)، بەم لینکە: خاك و ژینگەی ئێمە و ئەوان

[2] د. جەزا چنگیانی. هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەت. ل.24.

3 هەژار، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کوردی- فارسی. ل.393.

[4] ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو. ل74.

[5] گیوی موکریانی. فەرهەنگی کوردستان. هەولێر: دەگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 1999 ل.887.

[6] ئەحمەد شەبانی. فەرهەنگی زانستی- سیاسی، (فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان)، کوردی- فارسی – ئینگلیزی. ل332.

[7] کۆمەڵێك مامۆستا. فەرهەنگی هەراشان. ل.325.

نیشتمان)یش به کاردێت، بەڵام مانای ورد و تایبەتی خۆشی هەیە. بەشێوەیەکی گشتی لە بارەی چەمکی (وڵات)ـەوە دەتوانین بڵێین ((چوارچێوەیەکی جوگرافییە کە سنوور و رووبەرەکەی دیاری کراوە و لە ئاستی جیهانیدا دانی پیدا نراوە و خاوەنی سیستەم و دەسەڵاتی تایبەت بەخویەتی سێ فاکتەری "خاک"، "دانیشتوان" و"حکومات" مەرجی پیویستن بو پێکهێنانی وڵات. ئەگەر دەسەلاتدارانی ولات لە بەریوەبردنی ولات و دارشتنی سیاسەت و بریاردا ئازاد بن و سەربەستانە و بی دەستیوەردانی رەسمی ولاتیکی بیاني، ولات بەریوە ببەن، و سەربەخویی ئەو ولاتەش لە لایەن چەند ولاتی سەربەخوی دیکەوە بەرەسمی ناسرا بێ ئەو ولاتە سەربەخویە، دەنا بە شیوەی کۆلۆنی ژێر سەرپەرستیاری، وڵاتی کاتی و... هتد بەریوە دەچی.))[1]. کەواتە وڵات زیاتر چەمکێکی سیاسی و یاساییە و پەیوەندی بە ڕاستەوخۆی بە زێدی خەڵکەکانی سەریەوە نییە. بەڵام ((کاتێک زێد دەبێتە بناغەی دامەزرانی وڵات، دەبێتە هۆیەکی ڕامیاری. لە حاڵێکا زێد، لایەنی سیاسی نیە. لە لایەکی ترەوە زێد بە ناوچەیەکی دیاریکراو دەگوترێ، بەڵام وڵات لە بەرفرەوانی و ڕادەی دانیشتوانیدا، سنووری بۆ نیە؛ هەروەها زێد بریتی یە لە چوارچێوەیەکی بچووکتر و بەم چەشنە وەکوو یەکێک لە باڵەکانی گەل دێتە ژمار. دەوڵەتان بە مەبەستی سیاسی تێدەکۆشن یەک مانا بۆ زێد و وڵات دابنێن. وڵات، زێدی گەلی حقووقی یە و مانایەکی ڕامیاری هەیە. کاتێک گەل بە مانای حقووقی و ناسیۆنالیستی بوونەیەک، سنووری نێوان زێد و وڵاتیش لادەچێ.))[2] ئەوکات دانیشتوانی وڵات هەم لە ڕووی یاساییەوە هەمیش لە ڕووی نەتەوایەتییەوە دەبنە خاوەنی بنەرەتی و ڕەسەنی ئەم وڵاتە.

زاراوەی (هەرێم) لە فەرهەنگی (شێخانی) بەرامبەر کراوە بە زاراوەکانی: ((ناوچە: هەرەم: دەڤەر: مەلوەند: مەڵبەند: محال.))[3]. لێرەد دەبینین هەرێمیش هەر پەیوەندی بە ناوچە و خاك و زەوییەوە هەیە و بۆ ناوچەیەکی دیاریکرا و یاسایی و سیاسی و فەرمی دەوڵەت بەکاردێت. ((کەواتە هەرێم بریتیە لەچوارچێوەیەکی ماددی کە دەوڵەت تیادا پیادەی دەسەڵات و سەروەریەتی خۆی دەکات و گەلیش بە شێوەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام تیادا دەژین. ئەو هەرێمەی کە بە ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی دروستبوونی دەوڵەت هەژمار دەکرێت.))[4]. لە سەرچاوەکانیش[5] هەرێم و خاك بە هاوواتا خراوەتەڕوو.

هەرچۆنێك بێت لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە دڵنیا بکەینەوە کە هەموو ئەو زاراوانەی خستمانەڕوو: (خاك، زێد، نیشتمان، وڵات، هەرێم) بەگشتی هەمان واتا دەدەن و لە خاڵی سەرەکی لەگەڵ یەك کۆدەبنەوە. بەڵام لە خاڵی تایبەتی لێك جیادەبنەوە، بۆ نموونە: (خاك) زاراوەیەکی گشتی ترە و بۆ هەموو پارچە زەوییەك بەکاردێت و تایبەت نییە بە ماناو چوارچێوەیەکی ڕامیاری و یاسایی و کەسی و غەریزەیی و ئینتما، بەڵکو زیاتر مانایەکی سروشی و جوگرافی لە خۆی هەڵدەگرێت. بەڵام کە دەڵێین (زێد) لە پاڵ مانا سروشتی و جوگرافییەکەش دەکرێت تایبەتمەدییەکی کەسی و غەریزیش لە خۆبگرێت، واتە: خاکێك کە شوێنی لە دایك بوون و گەورەبوونی کەسێك یان کۆمەڵێکە و خاکێکی گشتی و دیارینەکراو و دوور لە هەستی غەریزەیی و کەسی نییە. هەرچی زاراوەی (نیشتمان)ە هەم مانای (خاك) دەگەیەنێ و هەمیش دەکرێت مانای (زێد) بگەیەنێت بۆ کەسێك کە لەم نیشتمانەدا لە دایك بووبێت و یادگاری تێدا هۆنیبێتەوە. بەڵام ئەم زاراوەیە لە (زێد) بەوە جیادەبێتەوە کە لە پاڵ شوێنی لە دایك بوون و گەورەبوون و شوێنی باوك و باپیران، وڵات و دەوڵەتی ئەو کەس و کۆمەڵەشە. واتە: مانایەکی سیاسی و ئینتمای نەتەوەگەرایەتیشی هەیە و ئەو چوارچێوەی دەوڵەت و دەستەڵاتە نەتەوایەتییەشی لە خۆگرتووە و کە ئەم تاك و کۆمەڵەی تێیدا لە دایك بووە، بە هەمان شێوەش تێیدا دەژی و هەموو مافێکی وەکو مافی ڕامیاری و یاسایی و ئابووری و کەسی و هیتری تێدا هەیە.

---

[1] بابایی، غولامەرزا عەلی. فەرهەنگی سیاسی ئارەش. وەگێرانی لە لایەن: زاهیر محەممەدی و یاسین حاجی زادە. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2013، ل371.

[2] ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو. ل74.

[3] عەبدولوەهاب شێخانی. فەهەنگی شێخانی (کوردی-کوردی). دهۆك: چاپخانەی خانی، ل.566.

[4] حەسەن مستەفا. پرەنسیپە گشتییەکانی سیستەمە سیاسییەکان. چاپی دووەم، سۆران: کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی. ل.39.

[5] بروانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.38.

بە واتایەکی تر (زێد) زیاتر مانای ئەو خاکە دەدات کە تێیدا لە دایك بووە و پەیوەست و هەستێکی غەریزی و شوێنی بوون و ژین و یادگاریی شیرین و پیرۆزی باوك و باپیرانە، بەڵام مەرج نییە تا ئێستا تێیدا بژیت و بۆی بوبێتە نیشتمان، تەنانەت مەرج نییە مافی یاسایی و مانەوەشی تێدا هەبێت. بەڵام (نیشتمان) ئەو دەوڵەت و چوارچێوەیە یاساییە دەگرێتەوە کە تاك تێیدا مافی یاسایی ژیانکردن و نیشتەجێ بوونی هەیە و تەنانەت دەکرێت شوێنی لە دایك بوونی خۆیی و باو باپیرانی و یادگارییەکانیشی بێت و هەست و خۆشەویستی و ئینتمای نەتەوایەتیشی بەرامبەر ئەم پارچە خاکەی نیشتمان لە خۆگرتبێت.

هەرچی زاراوی (وڵات)ـە هاوشێوەی (نیشتمان)ـە، بەڵام مەرج نییە تاك هەست و هزر و ئینتمای نەتەوەگەرایی بۆ (وڵات) هەبێت، ڕەنگە تەنیا پەیوەندییەکی یاسایی بەو خاکەی ببستێتەوە و هیچ هەست و هزرێکی نەتەوەگەرایەتی، بە چەمکە کۆنەکەی، بۆ نەبێت، تەنیا وەکو هاوڵاتییەك هەست و هزرێکی ناسروشتی و سیاسی و یاسایی بۆ بنوێنێت. هەروەها دەتوانین بڵێین کەوا (( بێگومان دیسان خاك بە زیدو نیستیمان دیت، بەڵام ئاشکرایە وڵات یان نیشتیمان مانای زیاتر لە خاك هەڵدەگرن کە ئەمی دووەمیان زیاتر خاسێتی ڕەگەزێکی سروشتی هەیە، بەڵام وڵات یان نیشتیمان زیاتر ئەو رووبەرەن کە لە قۆناغی جوگرافیای سروشتیەوە گواستراونەتەوە بۆ جوگرافیای سیاسی و وڵات و نیشتیمان وەکو پێکهاتەی جوگرافی بە بێ بوونی پێکهاتەی مرۆیی هیچ پێناسەیەکیان نیە، ئەو پێکهاتە مرۆییەش ئێتنیک یان نەتەوەیە. واتە ئەم تەنیا باسی خۆشەویستی خاك وەکو شوێنی لە دایکبوون و شوێنی ژیان و پەیوەستبوونی مرۆڤ بەخاکەوە لەم روانگەیەوە ناکات کە زیاتر بنەمایەکی غەریزیی هەیە. لە کاتێکدا پەیوەندی ئەم بە خاکەوە وەکو وڵات و نیستیمان کە لە دڵیدایە پەیوەندی ئینتیمایە کە ئەویش ئەگەر ریشەی غەریزەیشی تێدابێت، بەڵام هێشتا لەسەرووی غەریزەوەیەو سەرچاوەکەی هەست و هوشیارییە.))[1]

سەبارەت بە (هەرێم)یش بە هەمان شێوە ئەویش پارچە خاك و زەوییەکە کە دەکەوێتە چوارچێوەی وڵاتێك و دەتوانین بڵێین وڵاتێك پێك دەهێنێت، یان وردتر بڵێین بەشێکە لە وڵاتێك و لە چوارچێوەی وڵاتێك بەرجەستەدەبێت و بە هەمان شێوەی وڵات زیاتر مانایەکی گشتی و یاسایی و سیاسی و دەستووری هەیە و مەرجی لە دایکبوون و هەست و هزری زێد و خاکی لە دایکبوون و کەسی و تایبەت لە خۆناگرێت.

هەرچۆنێك بێت کاتێك وشەی (خاك) ناوی کەسێك یان کۆمەڵە و نەتەوەیەکی دەخرێتەسەر، ئەو کاتە ئەم خاکە تایبەت دەبێت و دەبێتە نیشتمان و زێد و هەرێم و وڵات و بۆ ئەم کەسە، یان بۆ ئەم کۆمەڵ و نەتەوەیە. بۆ نموونە کە دەڵێین (خاکی کوردان) ئەوکاتە ڕێك مانای زێد و نیشتمان و وڵاتی کوردان دەگەیەنێت.

لێرەدا ئەوەی ماوە بڵێین ئەوەیە کەوا بنەمای (خاك) لە بنیاتنانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی شوێنێکی گرنگی بەرجەستەکردووە، کە دەتوانین بڵێین کەوا ((یەك لە خەسلەتە بنچینەییەکانی دەوڵەتە نەتەوایەتیەکان، بوونی پارچە زەوییەکی دیاریکراوە کە بەهۆیەوە ئەو دەوڵەتە دەسەڵاتەکانی بەکار دێنێ و بەبێ بوونی ئەو پارچە زەوییە، چەمکی دەوڵەت ناتەواو دەبێ، بوونی ناوچەیەکی جوگرافی بەرجەستە کردنێکی مادییە بۆ داواکارییەکانی نەتەوەیەك، هەروەها لەفاکتەرە گرینگەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی نوییە، بگرە هەندێ لە شارەزایان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەرکەوتن و گەشەکردنی نەتەوەکان بۆ یەکەم جار بەهۆی بوونی سنوورێکی سروشتیەوە دەبێ.))[2]. هەروەها خاك و نیشتمان بنەمایەکە بۆ پاراستنی سەربەستی و ئازادی و کەرامەت و سەروەری و سەربەرزی نەتەوە و نەتەوەگەرایی. هەر ئەم گرنگییەشە وایکردووە نەتەوەکان بە چاوێکی بەرز و پیرۆز بڕواننە خاك و نیشتمانەکەیان و ئامادەبن گیانی خۆیان لە پێناوی پاراستن و ئازادکردنیدا ببەخشن.[3]

---

[1] عەتا قەرەداخی. ڕەگەزی خاك و جیهانبینی نەتەوەیی لە شیعری حەسیب قەرەداخی دا... ماڵپەڕی دەنگەکان، 1/ حوزەیرانی/ 2022، وەرگیراوە لە (2024/1/22)، بەم لینکە: ڕەگەزی خاك و جیهانبینی نەتەوەیی لە شیعری حەسیب قەرەداخی دا... نووسینی: عەتا قەرەداخی – Denegkan

[2] محمد فاتح. ناسیۆنالیزم و سیاسەت. ل.57-58.

[3] د. جەزا چنگیانی. هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەت. ل.23-24.

هەروەها هەر لە بارەی ڕۆڵ و گرنگی (خاك) لەسەر نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە سەرچاوەی (ئەکرەم میهرداد) دەڵێت: ((...، خاك یەکێکە لەهۆیەکانی بوون و مانەوەی نەتەوەکان. ئەگەر خاک نەبێت هیچ نەتەوەیەک ناتوانێت هۆیەکانی دیکەی بوون و مانەوەی بپارێزێت و بەرەوپێشەوەی بەرێت. یان ئەگەر خاک نەبێت تەنانەت پرسی نەتەوەیی بوونیش کارێکی گران دەبێت و زەحمەتە بتوانین بڵێین کەنەتەوەیەک بەبێ خاک بوونی هەیە( تەنها نەتەوەی یەهوود نەبێت،......). کوردیش وەکو میللەتێکی گەورەی دابەش کراوی نێوان چوار دەوڵەت و خاوەنی خاک و سەرزەمینێکی گەورە داگیرکراوە، بەڵام ئەم میللەتە لەسەربەشی زۆری خاکی خۆی و بەپاراستنی زۆربەی توخمەکانی بوونی خۆیەوە ماوەتەوە....))[1] خاکی خۆی جێ نەهێشتووە و وەکو یەکێك لە نەتەوە بێ دەوڵەتەکان لە خەبات و داوای ماف و ئازادکردنی خاکی خۆی بەردەوامە.

ئیتر لە درێژەی ئەم باسەدا هەوڵدەدەین کۆمەڵێکی بەرچاو لەو لایەن و ڕەهەندانە بخەینەڕوو کە بوونەتە مایەی بەرجەستەکردنی (خاکی کورد و کوردستان)، وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە شیعرەکانی (هێمن)دا:

### 2-2-1-3. بەرجەستەکردنی خاوەندارێتی و کۆنی و ڕەسەنایەتی خاکی کورد

لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا لە چەندین لایەن و ڕەهەندەوە وێنەی نیشتمان، وەکو خاکی نەتەوەیی کورد، دەنەخشێنێ، بۆ نموونە بە هەست و ڕیتمێکی شاعیرانە دێت باس لە خاوەندارێتی و کۆنی و ڕەسەنی وڵات و نیشتمان دەکات و دەرئەنجام لەم گۆشە نیگایەوە خاکی نیشتمان، وەکو یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، بەرجەستە دەکات. هەر وەکو لە شیعری (بناری هەڵگورد)دا شاعیر باس بینیی چیای هەڵگورد، وەکو چیایەکی نیشتمان، لە خەونی خۆی دەکات و وەکو ڕەمز و ئاماژەیەك بۆ ئاواتی بەرزی خۆی، بۆ خەونی گەیشتنە سەربەستی کوردستان و دەڵێت:

لە خەودا دیم لەسەر هەڵگورد
لەسەر چیای سەرکەشی کورد
هەوایەکم هەڵدەمژی
کورد و کەودەری پێ دەژی
گەیبوومە پۆپەی ئاواتم
لێم دیار بوو هەموو وڵاتم
وڵاتی باب و باپیرم
جێی هەڵدانی خۆم و بیرم[2]

دیارە شاعیر لە خەونبینینەکەیدا گەیشتۆتە پۆپەی چیای سەرکەشی کورد، چیای هەڵگورد، لەم سەرەوە هەموو خاك و وڵاتی کوردانی بە ئاسانی بینیوە، دیارە مەبەستی، دیارە لێرەدا شاعیر بە شێوەی ڕەمز و ئاماژە دەیەوێت باس لە خەونی سەرکەوتن، ئاواتی هەرە بەرزی بکات، کە ئەویش ڕزگاری و سەربەخۆیی هەموو خاکی نیشتمانە. کە لە دواین نیوە دێریشدا ئاماژە بە دێرینی و ڕەسەنی وڵاتی کوردان دەکات و دەیەوێت بە یار و نەیار بڵێت نیشتمانی گەورە خاکی ئێمەی کوردانە و هەر لەم خاکەدا گەورەبووین و هەست و هزرمان پێگەیشتووە و هیچ کەس خاوەنی ئەو خاکە نییە و بە میرات لە باوك و باپیرانمان بۆمان ماوەتەوە، بۆیە هەر خۆمان خاوەنی ڕەسەنی ئەو خاکەین.

جگە لەم شیعرەی خستمانەڕوو شاعیر چەند شیعرێکی تریشدا وەکو: (بەهاری ئاڵ[3]، کوردم و...[1]، هیتر)دا شاعیر بەهەمان شێوە باس لە باس لە ڕەسەنایەتی و خاوەندارێتی کوردەکان بۆ خاکیان

---

[1] ئەکرەمی میهرداد. ناسیۆنالیزم (گۆرانکاری، تیۆری، ڕەخنە). ل.27-28.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.263-264.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.350-357.

دووپات دەکاتەوە. ئیتر لە ناوەڕۆکی چەند شیعرێکدا شاعیر لە کڵاورۆژنەی بەرجەستەکردنی خاوەنداریێتی و ڕەسەنایەتی و دێرینی خاکی نیشتمان بۆ کوردەکان تیشك دەخاتەسەر بەرجەستەبوونی بنەمای (خاك) وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانیدا.

### 3-2-1-3. شانازی و خۆشەویستی و گیانفیدایی بۆ خاك

شاعیر لە شیعرەکانیدا بە ئاشکرا گیانفیدایی و خۆشەویستی و شانازی خۆی بۆ خاکی خۆی خاکی کوردان دەردەبڕیت و لەم ڕێگەیەوە بنیادی خاکی کوردان، وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دەکات و گومان لەسەر بوونی خاکی نەتەوەیی ناهێڵێتەوە، بۆ نموونە لە شیعری (قەڵای نیشتمان)دا دەڵێت:

وەتەن گیان و سەر و ماڵم فیدای تۆ
وە گیانی من کەوێ دەرد و بەڵای تۆ
لە پێناوت دەنێم سەر تا بزانی
منم ڕۆڵێکی ئازا و باوەفای تۆ
لە بۆ پاراستن و حیفزی سنوورت
لەباتی «ماژینۆ» سینگم قەڵای تۆ[2]

شاعیر ئامادەیە گیان و سەروەتی خۆی فیدای خاکی نەتەوایەتی و وەتەنەکەی خۆی بکات و پێی خۆشە هەرچی بەڵا هەیە بۆ گیانی ئەو بێت و دووربێت لە نیشتمانەکەی، ئەو گیانفیداییەشی دەکاتە بەڵگەی بە وەفایی و چاونەترسی و خۆشەویستی و شەیدایی وەتەن، پاشان باس لە پاراستنی سنووری خاکی وەتەنەکەی دەکات و ئامادەی خۆی دەردەبڕێت بەوەی کە سینگی خۆی بکاتە قەڵغان و پارێزەر بۆ پارێزگاری کردن و بەرپەچ دانەوەی ئەو هێرش و پەلامارەی لە لایەن دوژمنانەوە دەکرێتە سەری. هەروەها لە بەردەوامی شیعرەکەیدا دەڵێت:

دەبێ من چۆن بژیم مەسروور و دڵشاد
کە دەتبینم لە دەس بێگانەدای تۆ
دەبێ کەی سەربەخۆ بی تۆ هەتا من
بە سەربەستی بکەم سەیر و سەفای تۆ[3]

لێرەشدا ئازار وناڵەی دڵ و بێ ئۆقرەیی و غەمباری خۆی بەرامبەر داگیرکراوی و ژێردەستی نەتەوەکەی دەردەبڕێت و پاشان ئومێد و خەون و خۆزگەی بینینی ئازادی و سەربەستی نیشتمانەکەی دەخوازێت. هەر لە درێژەی شیعرەکەیدا دێتە سەر وەسفی نیشتمانەکەی و دەڵێت:

بە شینکە و گوڵ سەراسەر سوور و شینە
چ جوانە دیمەنی کێو و چیای تۆ
لەگەڵ تۆ بۆ نەجاتی نیشتمانت
دەدەن هێمن! هەوڵ خوشک و برای تۆ[4]

بەمشێوەیە وەسفی کێو دۆڵ و چیای نیشتمانەکەی وەکو تابلۆیەکی جوانی ڕازاوە بە گوڵ و گوڵزار دەکێشێت و لە دێری تردا دێتەوە سەر ئەوەی کە خۆی و کوردە خوشك و براکانی خەبات و کۆشش بۆ ڕزگاری و ئازادی و سەربەخۆیی ئەو نیشتمانە جوان و دڵگیرە دەدەن.

---

[1] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.385-386.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.97.
[3] سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.97.

لێرەدا بینیمان شاعیر بەم هەستە بەرزەی قوربانی بوون و گیان لەسەر دەستی و پیاهەڵدان و دڵنیایی بەخشین بنیادی خاکی نەتەوەی کورد، وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی، دادەمەزرێنێت و بە شێوازێکی کاریگەر و هەست بزوێن و ناسکی شاعیرانە خاکی نەتەوە بەرجەستە دەکات.

هەروەها لە دێرێکی شیعرێکی تردا بە ناوی (بناری هەڵگورد)دا دەڵێت:

وڵاتی جوان و دڵگرم

هەزار جاری دەبەر مرم

لێرەشدا شاعیر خوشەویستی و دڵگرتنی بۆ وڵاتە جوانەکەی دەردەبڕیت و لە جیاتی جارێك حەزدەکات هەزار جار بێتە قوربانی و فیدای نیشتمانەکەی.

هەروەها لە ناوەڕۆکی شیعری (ناڵەی جودایی)[1] و شیعری تریشدا خۆشەویستی و گیان لەسەر دەستی بۆ خاك و نیشتمانی کورد بەرچاو دەکەوێت. ئیتر بەمشێوەیە شاعیر لە میانەی ئەم هەست دەربڕین و فیدابوون و خۆشەویستی و شانازی کردنە بە خاکی باوك و باپیرانی، خاکی کوردان، لە گوتاری شیعرەکانیدا هەوڵی بەرجەستەکردنی بنامایەکی تری نەتەوە و نەتەوەگەرایی دەدات.

## 3-1-2-4. هاندان بۆ خەبات و شۆرش و فیداکاری بۆ ئازادکردنی خاك

لە شیعرەکانی (هێمن)دا بە شێوەیەکی بەرچاو بزواندن و هاندان بۆ ئەنجامدانی هەوڵ و خەبات و جیانفیدایی لە پێناو ئازادی و سەربەستی خاك و نیشتمان دەبینرێت، بۆ نموونە لە شیعری (لە بیرم مەکە)دا شاعیر ڕوودەکاتە میللەت و پێیان دەڵێت:

کەسێک دەیەوێ قەت نەکرێ لە بیر

ناوی لاپەڕەی مێژوو بکا داگیر

خەڵگ بەمەردی و ئازایی و پیاوی

هەتا هەتایە هەر بەرن ناوی[2]

شاعیر دەیەوێت هانی خەڵکی نەتەوەکەی بدات و پێیان دەڵێت ئەگەر دەتانەوێت قەت لە بیرنەکرێن و لە مێژووی نەتەوەی کورددا تۆماربکرێن و ناوتان وەکو پاڵەوان و مەرد و ئازا و چاونەترس و پیاوانە بنووسرێتەوە و بەردەوام یادتان بکرێتەوە و بە نەمری بمێننەوە، ئیتر لەسەر ئەم وەسفە جوان و بەرزانە بەردەوام دەبێت و خۆزگە و خەون و ویستی کۆمەڵگا دەبزوێنێت و لە ڕێگەی ئەو هەموو هاندانە جوان و بەرزە هەست و هۆشیان پڕدەکات لە ئامادەباشی و ویست و تامەزرۆیی، لە کۆتایشدا گرێی مەتەڵەکەیان بۆ دەکاتەوە و پێیان دەڵێت هەموو ئەو بەرزی و شانازییانە لە ڕێگای گیانفیدایی لە پێناو کورد و خاکەکەی مسۆگەردەکرێت:

خۆ فیدا بکا بۆ گەل و خاکی

ناوی نەمرە بەپاکی و چاکی[3]

بەڵێ، لە ڕێگەی خەبات و قوربانی دان و فیدابوون بۆ نەتەوە و خاك و نیشتمانەکەی تاکی کورد دەتوانێت ناوێکی نەمر و بەرز و ستایشکرا و بۆ خۆی تۆماربکات. بەم شێوەیە باسی خاك، وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، دەخاتەڕوو.

هەروەها لە شیعری (وتووێژی کچ و کوڕ)دا شاعیر هانی کچ و کوڕی کوردی دەدات بۆ خەبات و قوربانی دان لە ڕێگەی سەربەخۆیی و سەروەری نیشتمان، بەڵام هاندانەکەی لەم شیعردا بە

[1] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.274-285.
[2] هسەرچاوەی پێشوو، ل.248.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.249.

شێوەیەکی ناراستەوخۆ و بە شێوازی و تەکنیکی گفتوگۆی نێوان (کچ و کوڕ) دەخاتەڕوو، سەرەتا لە سەر زمانی (کچ) هانی (کوڕ) دەدات و دەڵێت:

کاکە گیان لاوی کوردی شۆخ و شەنگ
تا کەنگێ دەبی وا بێ هەست و دەنگ
دیلی، ژێر دەستی، ئەسیری، تا کەی؟
رووتی، نەداری، فەقیری، تا کەی؟
لە ژێر زنجیر و کۆتا دەناڵی
مەگەر دێوانەی، شێتی، عەودالی؟
تێفکرە خەڵکی هەموو ئازادە
هەر تۆ خەمناکی هەموو کەس شادە
وەرە مەیدانێ لە رێی نیشتمان
بکە قوربانی سەر و ماڵ و گیان[1]

لێرەدا (کچ) ڕوو لە (کوڕ) دەکات و بە پیاهەڵدان و وەسفکردنی بە شۆخ و شەنگی و جوانی دەست بە گفتوگۆیەکەی دەکات و پاشان گلەیی و گازاندەی بێ هەست و ڕازیبوون و بێدەنگی لە بەرامبەر دیلی و ژێردەستی و کۆت و زنجیر و ئازار و ناڵە و نەبوونی و دەستکورتی و هەژاری و نەداری، بە هۆشخۆی دەهێنێتەوە و دەهێنێتەوە و یاد و بیری کەوا هەموو کەس ئازاد و سەربەستە و خاوەنی سەروەری نیشتمانی خۆیەتی، تەنیا ئەو وەکو شێت و دێوانە بێ ماڵ و نیشتمانە... ئیتر پاش ئەم ڕاچڵەکاندنە هانی دەدات و داوای لێدەکات بێتە کۆڕی خەبات و ماڵ و گیانی بکاتە فیدای ڕێگای ڕزگاری نیشمانەکەی و وڵاتەکەی لە دیلی و ژێردەستی دەربهێنێت. پاشان لەسەر زمانی (کوڕ)ە هەست بزواندن و هاندانەکەی بۆ خەبات و قوربانی لە ڕێگای نیشتمان دەهۆنێتەوە و ڕوو لە (کچ)ە دەکات و دەڵێت:

دێدە گیان کچی کوردی ژیکەڵە
داوێنی پاکت دووربێ لە پەڵە
لینین راپەڕی ماڵی چار شێوا
تۆ هێشتا حەپسی لە ژێر چارشێوا
کچی هەموو کەس ئیمڕۆ سەربەستە
هەر هەقی کچی کوردە پێ پەستە
بپسێنە لە پێ تۆ زنجیر و کۆت
دێدە گیان بدە یاری برای خۆت
لە گوێن ژاندارک هەستە وەک مەردان
دوژمن وەدەر نێ لە خاکی کوردان[2]

لێرەشدا سەرەتا (کوڕ)ە بە پیاهەڵدان و وەسفدانەوەی (کچ)ە دەست پێدەکات و بە کچی کوردی و ژیکەڵەیی ڕێزی لێدەنێت و پاشان نزای پاکی و ڕەوشتبەرزی و پارێزراوی لە زمانی بەد و ناحەزی بۆ دەکات و ئاماژە لە هەواڵی دونیا و ڕاپەڕێنی (لینین)* و گۆڕانی عەقلیەت و بیرکردنەوەی کلتوری

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.90.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.91.

* ((لینین)کە ناوی خۆی (ڤلادیمێر ئیلیج ئولیانۆف بوو لە 22/ 04/ 1870 لە دایک بوو لە21/ 01/ 1924 دا لە ڕوسیا بە جەلدە ماڵئاوایی لە ژیان کرد. لینین ڕابەڕی شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ی ڕوسیا بوو. ئەو شۆڕشەی لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و کۆتایی بەدەسەڵاتی بورژوازی هێنا بە بێ خوێن ڕشتن و قوربانیەکی زۆر لە هەردوولا. لینین مارکسیستی سەردەم بوو لە واقیعدا تیۆری مارکسی کردە پراکتیک. ئەو دەکرێ لە واقعدا بە باوکی هەژاران ناو بنرێ چونکە هەر لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش هەنگاوی نا بەرەو لە

بەسەرچوونی ڕۆژگاری چارشێو و پەچە دەکات، ئینجا گلەیی پۆشینی پەچەی لێدەکات و پێی دەڵێت تۆ دیل و کەلەمچەی ئەم چارشێوەی و هێشتا نەگەیشتووی بە مافی سەربەستی و ئازادی خۆت، بەڵام کچی نەتەوەکانی دونیا ئازاد و سەربەستە و گەیشتوتە مافی ئازادی خۆی. پاشان ڕووی داوای لێدەکات و هانی دەدات بۆ پساندنی زنجیر و کۆتی پەچە و کلتوری ئێستات و شان بە شانی برای خۆت وەرە خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و سەربەستی نیشتمان. هاوشێوەی (ژاندارك)**ی کچە پاڵەوانی فەرەنسی مەردانە ڕاپەڕە و داگیرکەری خاکی نیشتمان ڕاونێ و ئاهەنگی سەروەری نیشتمان بگێڕە.

### 3-1-2-5. پیاهەڵدان و وەسف و نەخشاندنی تابلۆی ڕەنگینی نیشمان

لە شیعرەکانی (هێمن)دا وەسف و پیاهەڵدانێکی شاعیرانەی هونەری جوان بۆ خاك و وڵاتی کوردان بەرچاودەکەوێت، لە ڕێگەی ئەم وەسفکردنانەوە توانیویەتی تابلۆیەکی ڕەنگینی خاکی کوردان پێشکەش بکات، کە دەرئەنجام بنەمای خاك، وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی بەرجەستەبکات. بۆ نموونە لە شیعری (بناری هەڵگورد) شاعیر لە وەسفی وڵاتی کوردداندا دەڵێت:

وڵاتی ڕەنگین و نەخشین
وڵاتی سوور و سپی و شین
خێری خودا، باخی بەهەشت
کوێستان و بەندەن و پێدەشت
تەلان، گەوە، بانوو، بستوو
کانی، زنە، رنوو، پزوو
مێرگ، نواڵە، دەریا، ڕووبار
نەرمان، هەڵمووت، لێرەوار
ئاوهەڵدێر، خوڕێن، گۆمی مەند
کێڵگە، بەیار، بژوێن، زەمەند
جێ جێ کۆدە، جێ جێ ڕووتەن
جێ جێ چێنک. جێ جێ ڕەقەن[1]

بەمشێوەیە دەبین بە زمانێکی پەتی جوان و ناسك وڵات دەلاوێنێتەوە و بە دار و بەردیدا دێتەخوارێ و بە هەست و بنینێکی شاعیرانە ڕووی خۆی دەکاتە وڵات و بە وەسفی ڕەنگینی و ڕەنگا و ڕەنگی بانگی دەکات و بە خێر و بەرەکەتی خودا و ڕازاوە و پڕ لە نیعمەت وەکو بەشێك لە بەهەشت ناوی دەبات و پاشان دێتە سەر ناوبردنی بەشە پێکهێنەرەکانی سەر ڕووی ئەم خاکە و بە زمانێکی پەتی و بە هەناسەیەکی وەسف و سەنا ئامێز لەخۆیان دەگرێت. هەروەها بێگومان شاعیر ((نیشتمانی، تەبیعەتی وڵاتەکەی باش دەناسێ و لەگەڵی پەروەردە بووە. لە "بەهاری لادێ"، "بەهاری کوردستان"،

---

ناوبردنی هەژاری وبرسیەتی کە باڵی کێشا بوو بەسەر ڕوسیادا.)) پڕوانە: سەردار عەبدوڵا حەمە. «لینین »لەم ڕۆژەدا ژیانئاوایی کرد!. لە ماڵپەڕی: (بۆ پێشەوە)، (21/ 01/ 2023). وەرگیراوە لە بەرواری: (25/ 01/ 2025)، بەم لینکە: «لینین »لەم ڕۆژەدا ژیانئاوایی کرد – Bo Peshawa !

** ((ژاندارکی پیرۆز یان "کچە پاکیزەی ئۆرلیان"، لە ساڵی ١٤١٢ی زایینی لە فەرەنسا لەدایک بووە و لە ٣٠ی مانگی مایسی ساڵی ١٤٣١ گیانی بەخت کرد. ئەم پاڵەوانە نیشتیمانییەی فەرەنسا، کچی جوتیارێک بوو کە باوەڕی وابوو لەژێر ڕێنمایی خوداییدا هەنگاو دەنێت و سەرکردایەتی سوپای فەڕەنسی کرد لە سەرکەوتنێکی گرنگ لە دژی بەریتانیا لە ئۆرلیان کە مەبەستی داگیرکردنی ئەم وڵاتەی هەبوو لە ماوەی جەنگە سەد ساڵییەکاندا. ساڵێک دوای ئەم پێکدادانە دەستگیر کرا و لەلایەن ئینگلیزەکان و هاوکارە فەرەنسییەکانیانەوە وەک مورتەدو هەڵگەراوە سوتێنرا. (ژاندارک) لەو کاتەوە بووە یەکێک لە گەورەترین پاڵەوانە نەتەوەیی لە نێو هاونیشتیمانیانیدا و دەستکەوتەکانی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە هۆشیاری نەتەوەیی فەڕەنسا.)) صبا صفری. ژاندارک، اسطوره شهامت در تاریخ فرانسه. برگرفته از وبماڵپەڕ (ایوار)در: (1397/10/24)، پڕوانە: بازیابی شده در: (25/ 01/ 2025)، در این لینک: ژاندارک که بود و چرا او را دوشیزه اورلئان می‌نامند؟ - ایوار

[1] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.264.

"شەنگەبێری" و "فریشتەی پەڕیوە" و زۆر شیعری تریشدا نیشانی دەدا کە لە ناسین و ناساندنی تەبیعەتی کوردستان و جوانیەکانیدا چەندە شارەزا و مامۆستایە. جێگای سەرسوڕمانیش نیە هێمن لەگەڵ تەبیعەت گەورە بووە لە تەبیعەت ئیلهامی وەرگرتوە.))[1] هەر ئەمەش وای کردووە وێنەی جوانی هونەری سروشتی خاکی نیشتمانمان، لە شیعرەکانیدا بۆ بنەخشێنێت.

هەروەها لە شیعری (فریشتەی پەڕیوە) کە باس لە ئەزموونی گەڕانی خۆی بە سەر خاك و لادێکانی کوردستانمان بۆ دەکات سەرسامی خۆی بۆ خاك و وڵاتی خۆی دەردەبڕیت و دەڵێت:

لەسەر دوندی چیای سەربەرزی هەڵگورد
رەوەی هەورم لەژێر پێمدا بەدی کرد
تەماشای دیمەنی سەوزی وڵاتم
منی سەرسام و شاگەشکە و خەنی کرد
بەهەشتە کوردەواری من، بەهەشتە[2]

شارەزایانە بە چیای (هەڵگورد)دا هەڵدەڵێت و بە وەستی چیای سەربەرز و سەرکەش و بڵند دەیلاوێنێتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کەوا لە بەر بەرزی چیاکە هەورەکان کەوتنە خواروی ئەو. ئیتر لەو بەرزاییە سەیرکردنی سروشتی جوان و سەوزپۆشی خاك و وڵاتەکەی بووەتە مایەی سەرسوڕمان و شاگەشکە بوونی، دەرئەنجام هەستی خۆی دەخاتەڕوو نیشتمانەکەی بە بەهەشت دەچوێنێت و بۆ دوو جار ئەم بەهەشت بوونە دووپات دەکاتەوە، کە بەم دووبارەکردنەوەیە هەست و بڕوای خۆی بەرامبەر بەهەشت بوونی نیشتمان دڵنیادەکاتەوە. ئەم پیاهەڵدان و هەست دەربڕینە بۆ نیشتمان بووەتە مایەی بەرجەستەبوونی خاك لە شیعرەکانیدا.

بەمشێوەیە دەبینین شاعیر لە ڕێگای وەسف و پیاهەڵدان و هەست دەربڕین بۆ نیشتمان توانیویەتی بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی (خاك) لە شعرەکانی خۆیدا بهۆنێتەوە.

### 6-2-1-3. ناوهێنان و باسکردنی چەند شوێنێك لە نیشتمان

(هێمن) لە ڕێگەی ناوهێنان و خستنەڕووی چەند ناوچەیەکی نیشتمان توانیویەتی بنەمای خاك، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی نمایش بکات، هەروەك لە شیعری (رۆژگاری ڕەش)دا لە باسی گێرانەوەی کارەساتی لە سێدارەدانی (قازی محەمەد) و هاوڕێکانیدا دەڵێت:

سواریان کردن پیادە      جامیان کردن بێ بادە
داریان کردن ئامادە      شەهید کران «بەگزادە»
***
لە سەقز و لە بۆکان      شین و شەپۆڕە و گریان
تێکۆشەر لە دار دران      قارەمان لەناو بران
***
لە چوارچرای مەهاباد      لە کانگای بیری ئازاد
دەستی رەشی ئیستیبداد      چەقاندی داری بێداد[3]

لەم چەند دێرە شیعرەدا دەبین شاعیر ناوی چەند شارێکی وەکو (سەقز، بۆکان، مەهاباد) وەکو سێ شاری ناسراوی نیشتمان تۆمارکردووە و کە تێیدا کارەساتی لە سێدارەدانی (قازی) دەخاتەڕوو، واتە: بۆمان باسدەکات کەوا چۆن سێدارە لە لایەن شای ئێران بۆ بەگزادە و سەرکردەی کوردان لە شاری

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.2.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.237.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.144.

(مەهابات)ی ڕۆژهەڵات، شاری ئاشتی و ئازادیدا ئامادەکراوە. ئیتر ئەم ڕۆڵە پاڵەوانانەی نیشتمان لە سێدارە دەدرێن و بەهۆی ئەم کارەساتە دڵتەزێنەشەوە کوردان لە شارەکانی ڕۆژهەڵات (سەقزو بۆکان) شین و ڕۆڕۆ و گریانیانە بۆ لە سێدارەدان و شەهیدکردنی ئەو تێکۆشەر و خەباتکارە ڕەسەنانەی گەل.

هەروەها لە شیعری (شینی گۆران)دا کە دەڵێت:

هەر لە بۆتانەوە هەتا سۆران

هەموو سۆرانی شینە بۆ گۆران

هەر لە کوێستانەوە هەتا گەرمێن

یەخەمان دادڕاوە تا دامێن

لە جزیرە هەتاکوو بەحری ڕەش

نییە کیژێ سەری نەنابێ لە هەش

لە دیاربەکرەوە هەتا ورمێ

سەر بەقوڕ، مل بەکوێنە نێر و مێ

هەر لە کەرکووکەوە هەتاکوو سنە

شین و ڕۆڕۆ و فغانی پیاو و ژنە

لە مەریوانەوە هەتا زێبار

وەک زرێبارە چاوی کوردی هەژار

هەر لە زاخۆ هەتاکوو کرماشان

پرسەیە، ماتەمە، بەخۆدادان[1]

لەم شیعرەشدا کەوا شاعیر باس لە شین و تازیەداری نیشتمان بۆ شاعیری گەورەی کورد (گۆران) دەکات و ناوی چەندین شوێنی دەخاتەڕوو، کە لە هەموو ئەو شوێنانەدا خەڵکی کورد شین و ڕۆڕۆ و تازیە و لە خۆدان و... هیتریەتی بۆ شاعیری ناوداری خۆی، لە میانەی ئەم گێڕانەوە و پیشاندانی ئەم وێنە خەمناك و کاریگەرانە شاعیر ناوی چەندین شوێنمان بۆ دەخاتەڕوو، وەکو: (بۆتان، سۆران، گۆران، کوێستان، گەرمێن، جزیرە، دیاربەکر، کەرکووک، سنە، مەریوان، زاخۆ، کرماشان،... هیتر)یش لە بەردەوامی شیعرەکەیدا پێشکەشدەکات. ئیتر شاعیر لەم ڕێگەیەوە بەرجەستەی (خاك)، وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی کوردی، دەکات.

جگە لەم شیعرانە لە ناوەڕۆکی شیعری (فرمێسکی ڕونوو)[2] و...هیتردا ناوی چەندین شوێن و ناوچەی نیشتمان دەخاتەڕوو. بەمشێوەیە دەبینین لە ناو هێنان و ئاماژەکردن بە چەندین شوێن و شار و ناوچە شاعیر هەوڵیداوە لایەنێك لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی (خاك)، وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکات.

### 7.-2-1-3 باسی سنوور و بەرجەستەکردنی خاکی نیشتمان

ناوهێنان و باسی سنوور و بەرجەستەکردنی خاکی نیشتمان لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا لایەنێکی ترە لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی خاك وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی. بۆ نموونە شاعیر لە دێرە شیعرێکی شیعری(هەڵدەکەم)دا دەڵێت:

هەر کەسێ بۆ لای سنوور و سەرحەدی خاکی وەتەن

بێ، دەدەم بەردێک لە لاقی دەسبەجێ ئەو شەل دەکەم[3]

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.197.
[2] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.358-362.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.38.

لێرەدا شاعیر زۆر بە ڕاشکراوی و ئاشکرایی باس لە هێلی سووری سنوور و سەرحەدی نیشتمان دەکات و بە ئاماژەیەکی ڕەمزیانە دەڵێت هەرکەسێ تخوب ببەزێنێ من بە بەردێك لاقی دەشکێنم، کە لێرەدا دەیەوێت بڵی هیچ نەتەوە و وڵاتێك بۆی نییە سنووربەزێنی خاکی نیشتمان بکات. ئەگەر بشیەوێت هێرش بکاتە سەر خاکمان و سنوور ببەزێنێ ئەوە ڕووبەرووی دەبینەوە و بەچەك و سیلاح ڕاوی دەنێین و پێشی لێ دەگرینەوە. لێرەدا شاعیر دەیەوێت بە باسکردنی سنووری خاکی نیشتمان زیاتر بەرجەستەیی و ڕاستەقینەیی خاکی بەرقەراربکات و ئاماژە بە بوونی چوراچێوە و جوگرافییای سەربەخۆی نیشتمان و هێلی سووری پێدرێژی کردنە سەری بکات. ئیتر بە خستنەڕووی ئەم لایەنەش خاك، وەکو بنەمای نەتەوە و نەتەوەگەرایی دامەزراوتر دەکات.

هەروەها لە شیعرێکی تردا بەناوی (سنوور) شاعیر باس لە دابڕان و سنووری دەستکرد و سیاسیی وڵات دەکات، ئەو سنووره دەستکردەی هەم وڵاتان و هەمیش خاکی بەشبەش و لێکدابڕا و کردووە، و بە بچوك و کاری دوژمنەکان ناوی دەبات، هەروەك دەڵێت:

ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم و لێم ونی

تۆ خودا نی، تۆ خۆشەویستی منی

***

لە ئاسمان نی تا وێت رانەگا دەستم

لە قاف نی کاڵەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم

***

تۆی لە من ون کرد و منی لە تۆ دوور

ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور

(ل.229)

لەم شیعرەدا شاعیر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و شاعیرانە مەبەستەکەی خۆی بە لێلواتایی داپۆشیوە و بەمەش زیاتر لە مەبەست و لێکدانەوەیەکی پێداوە. لێرەدا شاعیر هاوار لە کەسێکی نەناسێنرا و دەکات و پێی دەڵێت ئەی ئەو کەسە، کەوا ون و نادیار و دووری لە من، ئەگەرچی خودا نیی بەڵام تا ڕادەی پەرستن خۆشم دەوێی، هەرچەندە دوورییەکەی لەبەر ئەوە نییە کە لە ئاسمانی و دەستم پێتناگات، یان لە پێی دەڵێت کەوا لە (چیای قاف)، ئەو چیایە یەکجار دوور و سەخت و بەرز و هەڵدێرەی لە حیکایەت و چیرۆکە ئەفسانەی و فۆلکلۆرەییەکان وەکو شوێنی دێ و درنج و لەمەچێترەکان باسی لێوەدەکرێت، نیت تاوەکو پێڵاوی ئاسنین و نەدڕ لەبەر بکەم و بە چیاکە هەڵبەگەرێم و بێمە لات. بەڵکو ئەو پارچە خاکە بچوکەی دوژمنان ناویان ناوە سنوور تۆی لە بینایی من ونکردووە و لە یەکتری دوور کردینەوە. بەسەر دابەشکراوە.

### 8-2-1-3. خەفەتباری و تازیەداری بۆ داگیرکراوی و ژێردەستی خاکی نیشتمان

رەهەندێکی تر لە بەرجەستەکردنی (خاك)، وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە ناوەرۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا خەفەت و دڵتەنگی و تازیەداری بۆ داگیرکراوی و ژێرچەپۆکی خاکی کوردستان خراوەتەڕوو، لە میانەی ئەم خستنەڕووەش بوونی خاکی کوردستان بەرجەستەتر کراوە، بۆ نموونە لە شیعری (ئەمەگی گوڵان)دا شاعیر لە گفتوگۆی نێوان دوو جۆرە گووڵ: (وەنەوشە و مێلاقە)دا و لەسەر زاری گوڵە (مێلاقە)وە هەستی خەفەتباری خۆی بۆ داگیرکراوی خاکی نیشتمان دە دەبڕێت، کە دەڵێت:

چاکەی کوردانم لە چاوی دایە

لەناو گوڵاندا ئەوە رەوایە؟

کورد وا هەژارن من هەژار نەبم
ئەوان داخدارن من داخدار نەبم
دەروونم ڕەشە، جەرگم سووتاوە
وەتی کوردستان داگیر کراوە[1]

بەم دەربڕینە ناسك و ناراستەوخۆییە شیعرییە شاعیر غەم و پەژارە و ئازار و جەرگ و دڵ سووتاوییەی هەژاری و ماڵوێرانی خۆی، هاوشێوەی هەموو تاکێکی کورد، بۆ داگیرکراوی و ژێردەستیی نیشتمان دەخاتەڕوو، هەموو ئەو مەینەت و دەروون ڕەشبوونەشی بۆ لەدەستدانی ئازادی و سەروەری خاکی نیشتمانە. بەم نمایشە تازییە بارییە شاعیر پێمان دەڵێت خاکێك هەیە داگیرکراوە. بەمەش بەرجەستەبوونی بنەمای خاك دوپاتدەکاتەوە.

هەروەها لە شیعرێکی تردا بە ناوی (ڕۆژگاری ڕەش)دا بە هەمان شێوە خەفەتی دڵی پڕ لە ئازار و مەیتی خۆی بەیان دەکات و بەرگی تازیەداری و ڕەشپۆشی بەهۆی داگیرکرانی خاکی وڵات کوردان دەپۆشێت و سەرەخۆشی و تازیەداری خۆی لە گەلەکەی دەکات و دەڵێت:

وەپاش کەوت خەباتمان          داگیراوە وڵاتمان
تێپەڕی ڕۆژی هاتمان          رووخا کۆشکی ئاواتمان
نەهاتی و تەنگانەیە          باو باوی بێگانەیە
خەزری ئەو یەکانەیە          لێمان لە بەهانەیە[2]

پاش ئەوەی کۆماری مهاباد کۆتایی پێدێت و خاك داگیردەکرێتەوە، ئیتر شاعیر تازیەباری خۆی ڕادەگەیەنێت و باوەش لە خەفەت و ڕەشبینی و دڵتەنگییەکی زۆر دەکات. هەروەها کۆمەڵانی خەڵکیش بە هەمان شێوە خەمباری و دڵتەنگی ڕوویان تێدەکات. هەروەکو (د. قاسملوو) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((... کۆماری مەهاباد تەمەنی کەمتر لە ساڵێک بوو. جوڵانەوەی گەلی کورد لە ئێران هەر وەک جوڵانەوەی سەرانسەری ئێران تووشی شکست بوو. هێمن لە "ڕۆژگاری ڕەش"دا تووشی نائومێدی دەبێ، وەک خەڵك کە تووشی نائومێدی ببوون.))[3] ئیتر لە چەند دێرێکی ئەم شیعرەدا شاعیر خەمباری و نائومێدی خۆی بەرامبەر داگیربوونی وڵاتەکەی ڕادەگەیەنێت و باس لەو دەرهاویشتە و پێشهاتە کارەساتبارانە دەکات کە لە دوای داگیرکرانی نیشتمانەکەی ڕووبەرووی گەل و وڵاتەکەی دەبێتەوە، هەر لە دواکەوتنی خەبات و تێکۆشان و گەشەسەندن بگرە تا لە دەستدانی ئومێد و هیوا و ئاواتەکانیان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازی یەکجارەکی.

ئیتر لە میانەی ئەم خەفەتباری و تازییەدارییە بۆ نیشتمان، بنەمای (خاك) لە شیعرەکانی شاعیردا، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی هەوڵی دامەزراندنی دەدرێت.

### 9-2-1-3. وێرانکردن و تاڵانکردنی نیشتمان

باسی وێرانکردنی نیشتمان و تاڵانکردنی بەروبووم و سەروەتو و سامانی ئەم نیشتمانە لە لایەن داگیرکەر و دوژمنانیەوە وەکو لایەنێك لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی بنەمای خاك لە شیعرەکانی (هێمن)دا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (شینگێڕی)دا دەڵێت:

تێدەگا خەڵکی مەگەر مێشکی رزیو
چ دەکا بەعسی بەکوردی ئەودیو
ئەم قەڵادزەی بەشەهید مەشهوورە

[1] و سەرچاوەی پێشوو، ل.99.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.141-142.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.9.

هەر بەناپاڵمی بەعس خاپوورە

گەوزی لەم شارە لە نێو خوێن و خوڕ

بەسەدان پیر و مناڵ کیژ و کوڕ

گوندەکانی هەموو لێ رووخاندن

رەزەکانی هەموو لێ سووتاندن

کانییەکانی بەسمیت داڕشتن

یانی سەرچاوەی ژیانی ناشتن[1]

دیارە شاعیر هەروەك خۆی لەسەرتای خستنەڕووی شیعرەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە کەوا ئەم شیعرە: ((بەبۆنەی بۆردمانکردنی شاری بانە لەلایەن فڕەکەکانی عێراق لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٦٣وە گوتراوە))[2]، لە سەر ئەم وێرانی و کاوڵکارییەی کوردستان شاعیر دێتە جواب و لە سەر قاڵبی کێشی پەنجەی (5+5)ی شیعریدا وێنەی وێرانکاریی و کارەسات و دەستدرێژییەکانی دوژمن بۆ سەر خەڵك و خاکی نیشتمان بۆ نمایش دەکات و دەخاتە پێشچاومان کەوا چۆن حیزبی بەعسی عێراقی داگیرکەری نیشتمان خاك و وڵاتی کوردانی، وەکو: (قەڵادزێ و ڕۆژهەڵات و بانە)، داوەتە بەر ئاگر و بۆمباران کردن و کوشتن و شەهیدکردن و خوێنرشتنی سەدان هاوڵاتی سڤیلی بێتاوان و مەزلووم، هەر لە منداڵەوە تاوەکو کور کچی گەنج و جوان و پیر و بەتەمەن. ئەم هێرشە دڕندانەیە تابلۆیەکی نەخشێنراوی ڕەنگ سووری ئاڵ بە خوێنی کوردانی بێتاوان لە شیعری شاعیردا کێشاوە. تابلۆیەك کە باوەشی گرتووە لە کۆمەڵێك گوندی سوتا و وێرانکراو و خاپوور، کە هەرچی بەرووبووم و کشتوکاڵ و ڕەنج و ماندووبوونی کوردی لادێیە کردویەتییە خۆڵەمێش و هەرچی ئاو کانیاویشە وشك و بێخێری کردون و ئیتر تابلۆیەکی دڵرەقانەی ئاوا کە هیچ سەرچاوە و ئومێدکی ژیانی تێدا بەدی ناکەیت. بەمشێوەیە بنەمای (خاك)، وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە تابلۆیەکی شیعری بەرجەستەکراودا پێشکەشدەکات.

هەروەها لە شیعرێکی تردا بە ناوی (بەهاری ئاڵ)دا شاعیر دەڵێت:

بۆی کرا درۆ و دەلەسە

کوا رێگاوبان و مەدرەسە؟

نەک مافی جووتیار نەدراوە

لادێمان خاپوور کراوە[3]

لەم چەند دێرە شیعرەشدا شاعیر باس لە درۆ و پروپاگەندەی نەیار و دوژمنانی کورد و خاك دەکات و بەوەی کە نە هیچ ڕێگا و بانی وڵاتیان بنیاتناوە نە خوێندگا و خزمەتێکی ئەوتۆی کوردستان، هەروەها مافی جووتیار ی کوردیان زامننەکردووە و لادێکانی نیشتمانیشیان وێران و خاپوورکردووە. ئیتر شاعیر لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەو کاوڵکاریی و فەرامۆشی و بێخزمەتی و ئاوڕنەدانەوە لە ئاوەدانکردنەوەی خاك دێت بەرجەستەی خاك وەکو یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی کوردی بنیاد دەنێت.

ئیتر بەمشێوەیە شاعیر لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەو وێرانکاری و تاڵانکردنەی دوژمن و داگیرکەران پێداپۆشی، هەوڵی بەرجەستەکردنی بنامایەکی جەوهەری و سەرەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، کە ئەویش: (خاك)ـە، لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا دەدات.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.372.

[2] هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.354.

### 3-1-3. زمانی نەتەوەیی

زمان وەکو یەکێکی تر لە بنەما و بنیاتی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی باس و خوازی زۆر لەسەر کراوە و بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کەوا ((زمان سیستمی گواستنەوە و گەیاندنی هزرە، هەر وەك دیوی دەرەوەشێتی. دەکرێ بڵێین: ئەو دەفرەیە، کە سەرجەمی هزرەکانی لە هەناوی خۆیدا جێ کردۆتەوە و دەیانپارێزێ. مەگەر بەزۆری زۆردارەکی، لە تەواوی بەهاو ڕەوشتە ئینسانییەکان ڕووت بکرێتەوە، دەنا مرۆڤی سەردەم ناتوانێ بەبێ زمان بژی. هەر بۆیەکا بە درێژایی مێژوو، هیچ داهێنانێکی گرنگ لەودیوی زمانەوە بەرپا نەبووە و نەهاتۆتە ئاراوە. چونکە یەك لەباری مرۆڤ، زمان گرینگترین هۆی گوزارشتە. (......) سەرلەبەری ڕووناکبیریی، کلتوور، یادەوەریی، بۆنە، خەون، خۆزگە و خەیاڵاتمان لە وشەگەل پێکهاتوون. لە ژیانی مرۆڤدا هیچ شتێك ناتوانێ لە وشە بەدەر بێت و ئەودیوی بکەوێ.))[1] بۆیە بەبێ زمان پەیوەندی مرۆڤایەتی و کۆبوونەوەی مرۆڤەکان و پێکەوە کارکردنیان و دورستبوونی کۆمەڵگاکان و پەیوەندی نێوانیان و ڕێککەوتن لە سەر بنەما و یاسایەك بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و پێکەوە ژیان و مامەڵەکردن لەگەڵیەکدا.

هەروەها بەرە و پێشەوە بردنی پەیوەندییەکان و گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان بۆ بنەماڵە و تیرە و عەشیرەت و ئیتنیك و نەتەوە و گەل، چونکە (( زمان تەنیا فاکتێك نییە بۆ تێگەیشتن و دیالۆگی نێوان دوو مرۆڤ. بەڵکو فاکتێکە بۆ گەشەکردنی تاك و کۆمەڵ و شوناسنامە و هوشیاری نەتەوە.))[2]. هەروەها هەروەك (( (ڕۆسۆ، هردر، فیشتە) دەڵێن ڕۆحی نەتەوە لە زمانی ڕەسەنی نەتەوەیدایە.))[3] کەواتە لە ڕێگەی زمانی نەتەوایەتییەوە دەتوانین ڕۆحی نەتەوە بەرجەستەبکەین. هەروەها دەتوانین بڵێین ((یەك لەو فاکتەرە بابەتیانەی کە زۆر باون لەپێناسە کردنی دیاردەی نەتەوایەتی، فاکتەری زمانە، زۆربەی بیرمەندانی ناسیۆنالیزم زمان بەپێوەری بنچینەیی دادەنێن.))[4] بە شێوەیەکی گشتی بنەمایەکانی تریش پێویستیان بە زمانە تاوەکو وەکو ئامرازێکی پەیوەندی و بیرگۆرکێ و هەست و هزر گەیاندن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بەکاری بهێنن و لەم ڕێگەیەوە بنیادی خۆیان بەرجەستەبکەن. هەر بۆیەش هەریەکە لە بیرمەندەکانی نەتەوەگەرایی وەکو (هێردەر و فیختە) گرنگییەکی زۆر بە زمان و کلتوورد دەدەن و لە لای ئەوان زمان بنەمایەکی گرنگ و سەرەکی نەتەوە و نەتەوەگەراییە.[5]

هەر لە بارەی زمانەوە (عەتا قەرەداغی) لە سەرچاوەکەی خۆیدا دەڵێت: ((زمان یەکێکە لە ڕەگوریشەی یان پایە سەرەکیەکانی بوونی نەتەوە و هەروەها ناسیۆنالیزمیش. (......) زمان و ئەدەب کە ئەدەبیش لە ڕێگای زمانەوە دەردەبڕدرێت و بەجەستە دەکرێت و دەگات بەوی خوێنەر، هاندەری گرنگن بۆ ناسیۆنالیزم. لە ڕێگای زمانەوە خەڵک پەیوەندی بە یەکترەوە دەکەن و لە یەکتر تێدەگەن و ئاگاداری یەکتر دەبن و هەست بە یەکتر دەکەن. هەر لە ڕێگای زمانەوەو بەهۆی زمانەوە بیرو بۆچوون و تێڕوانین و بەها نەریتییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە قۆناغ و سەردەمێکەوە بۆ قۆناغ و سەردەمێکی تر دەچن و دەگوازرێنەوە. زمانی گشتی یان زمانی هاوبەش هۆکاری سەرەکی یەکگرتن و یەکبوونی کۆمەڵایەتییە،....))[6] ئیتر بەم شێوەیە لەسەر گرنگی زمان لەسەر نەتەوە و نەتەوەگەرایی بەردەوام دەبێت.

لێکۆڵەرێکی تری وەکو (فەهمی شوکری) لە بارەی زمان و نەتەوەوە دەڵێت: ((دوو شتی پێکەوە گرێدراون هەرگیز لە یەکتر جیاناکرێنەوە، وێڕای ڕەگەزە سەرەکییەکان بوونی نەتەوە لە بوونی زماندا خۆی دەبینێتەوە، چونکە زمان ناسنامەی نەتەوەیە، یەکێتی زمان لە لایەن نەتەوەیەك ڕەگەزێکی هاوبەش لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دروست دەکات، ئەم ڕەگەزە بناغەی بوونی کۆمەڵێکی ئەتنی یە لە پێکهاتندا

[1] محەمەج فەریق حەسەن. هێمن و بۆنی غەریبی. ل.110.
[2] د. جەزا چنگیانی. هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەت، ل.12.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.14.
[4] محمد فاتح. ناسیۆنالیزم و سیاسەت. ل.55.
[5] ئەکرەمی میهرداد. ناسیۆنالیزم (گۆرانکاری، تیۆری، ڕەخنە). ل107-108.
[6] عەتا قەرەداخی. گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی. بەرگی4، ل.64.

هەموو ئەوانەی کە بەزمانێك قسە دەکەن کە زمانی زکماکیان بێت، ڕەگەزەکەیان دیار دەبێت لەبنەچەو نەژادەوە سەر بە ئەو نەتەوەیەن کە بەو زمانە قسە دەکەن.))[1] کەواتە زمان هەم مایەی ناسنامە و ڕەسەنایەتیی نەتەوەییە، هەمیش مایەی جیاکاری و جیاوازبوونی نەتەوەکان.

هەرچۆنێك بێت لێرەدا هەوڵدەدەین چەند ڕەهەند و لایەنێك لەو لایەن و ڕەهەندانەی ناو شیعرەکانی (هێمن)، کە بوونەتە مایەی بەرجەستەکردنی (زمان) وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی، بە چەند سەرەبابەتێك و نموونەی شیعریەوە بخەینەڕوو:

### 3-1-3-1. پشتگیری کردنی (حاجی قادر) لە دانانی زمان بە بنەما و ناسنامەی کوردبوون

(هێمن) هاوشێوەی (حاجی قادری کۆیی)ی شاعیر کوردبوون و ناسنامە و بنەمای کوردبوون بە زانین و قسەکردن بە زمانی کوردی دەبەستێتەوە، لەم ڕێگەیەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی (زمان)، وەکو بنەمایەکی جەوهەری و بنەرەتی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە شیعرەکانیدا دەدات. هەڵبەتە ئەم پەیامەشی لە ڕێگەی تێکهەڵکێشکردنی دێرە شیعرێکی (حاجی) لە شیعرێکی خۆیدا بە ناوی (دەسکەوتی خەبات) پێشکەشدەکات، هەرچەندە پێشتریش ئەم نموونەی شیعرییەمان بۆ مەبەستی تر خستمانەتەڕوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت لە بەر پێویستی لەم شوێنەشدا دووبارە بۆ ئەم مەبەستە دەیخەینەڕوو:

وشەی شیرینی تۆ دوژمن تەزێنە
هەموو پەندن قسەی سووک و دزێوت
وەکوو باڵی پەری پاکە جنێوت
بەنرخە، تازەیە، بەرزە، بەهێزە
ئەوەی فەرمووت لە بارەی پیاوی دێزە
«ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی
موحەقەق دایکی حیزە و بابی زانی»[2]

لێرەدا دەبین لە وەسف و یاد و باسی (حاجی)ی شاعیری گەورە و ناسراوی کوردا شاعیر وشەکانی (حاجی) بە شیرین و دوژمن تەزێن دادەنێت و هەموو پەند و وتە و قسەی زبر و جنێوەکانی شاعیری لای وەکو باڵی پەری پاك و پیرۆز و بە نرخ و بەهێز و بەرزە بە تایبەت ئەو پەندەی لە بارەی پیاوی دێزە و ناکەسبەچە خستویەتییەڕوو کە دەڵێت ئەو کوردەی زمانی باوکی، کە زمانی کوردییە، نەزانێت، کەواتە ئەو کوردە لە داکی خۆی نییە و زۆڵە کوردە و دەبێ ئەو ڕاستییە تاڵە بزانێت. ئیتر (هێمن)یش بە تێکهەڵکێشانی دێرە شیعرەی (حاجی) هاوبۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و ئەویش زانین و قسەکردن بە زمانی نەتەوەیی بە مایەی کوردبوون و ڕەسەنایەتی هەژمار دەکات.

هەڵبەتە شاعیر بە خستنەڕووی ئەم ڕەهەندە لە ناو شیعرەکانیەوە بەرجەستەی (زمان) وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوایەتی دادەرێژێت.

### 3-1-3-2. بە گرینگ زانین و خەمخۆری بۆ نووسین و خوێندن بە زمانی دایك

شاعیر بنەمای زمان وەکو بنەمایەکی گرنگ و جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی خۆیدا لە ڕێگەی خستنەڕووی گرینگی دان و خەمخۆری و پەرۆشی بۆ نووسین و خوێندن و فێربوون بە زمانی نەتەوەیی، بۆ نموونە لە شیعری (ڕۆژگاری ڕەش)دا دەڵێت:

داخرا دەرکی ڕۆژنامە     شکاون نووکی خامە

---

[1] فەهمی شوکری عەبدوڵڵا. نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی (1650-1707)دا، ل.26.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.257.

کوردی نووسین حەرامە   دوژمن دەڵێ بێتامە
***
دڕان کاغەز و دەفتەر            گیران شاعیر و نووسەر
کۆمەڵێک بوون دەربەدەر       کۆمەڵێکیش دەسبەسەر
***
خوێندن بە زمانی خۆمان     سووچ و تاوانە بۆمان
چاپخانە و بڵیندگۆمان          بوونە بەردی بن گۆمان[1]

دەبینین لێرەدا شاعیر باس لە زوڵم و زۆری داگیرکەری نیشتمان دەکات کەوا چۆن ڕێگەی لە دەرکردنی ڕۆژنامەکان گرتووە و نووسنی قەدەغەکردووە و بە کوردی نووسین ناشیرن و سوك و بێتام و ڕێگە پێنەدراوە. هەروەها هەرچی نووسەر و شاعیری کوردپەروەریش هەیە یان دەستبەسەرکراون، یان هەڵاتوون و دەربەدەری شار و وڵاتان بووینە و نووسین و بەرهەمەکانیان درێنراون و جگە لەوەش خوێندن و فێربوون بە زمانی کوردیش تاوانبارییە و ڕێگە پێنەدراوە و نابێت بە زمانی نەتەوەیی بخوێنرێت و ئەو زمانە ببێتە زمانی نووسین و خوێندن و زانست و ئەکادیمیەت. هەروەها لە پاڵ ئەمانەش چاپخانە و بڵاوکراوە و ڕاگەیاندیش کۆتاییان پێهێنراوە و دەستیان بەسەردا گیراوە. ئیتر خستنەڕووی ئەم خەمخۆری و پەرۆشی بۆ نەمانی نووسین و خوێندن بە زمانی کوردی و ڕێگرتن لە نووسین و بڵاوکراوەی نووسەر و شاعیرانی کورد بە زمانی کوردی بەرجەستەکردنی بنەمای زمانە وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی.

هەروەها شاعیر لە شیعری (ئاواتی بەرز)دا بە هەمان شێوە بەرجەستەی بنەمای زمان دەکات لە ڕێگەی گرینگ زانینی خوێندن و نووسین و بڵاوکراوە بە زمانی کوردی کە دەڵێت:

مەدرەسە و دانیشکەدە بۆ شار و لادێ دادەنێن
خوێندەواربێ تاکوو رۆڵەی زیرەک و نازداری کورد
ئەو زمانە شیرنەی ئێمە پەرەی دەگرێتەوە
نادڕێ چیدی کتێب و دەفتەری ئەشعاری کورد[2]

لەم شیعرەدا کەوا شاعیر خەون بە ئازادی و سەروەری نیشتمان دەبینێت و کۆمەڵێك هیوا و ئومێدی پێهەڵدەواسێت، یەکێك لەو ئومێدانە قوتابخانە و فێرگە بۆ خەڵکی کوردی شار و لادێی کوردستان دادەمەزرێت و منداڵی کورد بە زمانی نەتەوەیی خۆی تێیدا دەخوێنێت و بەمەش هەم فێری خوێندەواری دەبێت و دەبێتە نەوەیەکی زیرەك و ڕۆشەنبیر هەمیش زمانی کوردی پەرەی دەسێنێت و دەبێتە زمانی زانست و زانیاری، هەروەها هیچی تر نووسراو و بڵاوکراوەی کوردی نادرێنرێ و ناسوتێنرێ. بەمشێوەیە شاعیر لە خستنەڕووی ئەم خۆزگە و خەون و هیوا و ئومێدەوە ڕەهەندێکی تر لە ڕەهەندەکانی بەرجەستەکردنی زمانی نەتەوەیی وەکو یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بەرجەستەدەکات.

### 3-1-3-3. وەسف و پیاهەڵدان و خۆشەویستنی زمانی دایك

یەکێکی تر لەو لایەن و جەوهەرییانەی (هێمن) لە شیعرەکانی خۆیدا بۆ خستنەڕووی (زمانی نەتەوەیی) وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی کوردی، وەسف و پیاهەڵدان و هەست و هۆشەویستی دەربڕینە بۆ زمانی دایك، بۆ نموونە لە شیعری (فریشتەی پەریوە)دا دەڵێت:

بەڵێ تۆ کیژی، نازداری، لەباری
منیش پیرێکی زورهان و دزێوم
بەڵام شیرنترە لەو شەککرەلێوە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.142.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.170.

وشەی کوردی کە هەڵدەڕژێ لە لێوم[1]

لەم چەند دێرە شیعرەدا شاعیر باسی یارەکەی دەکات و وەسفی دەداتەوە بە جوان و نازداری و لەباری و شۆخ وشەنگی، کەچی خۆی بە پیرێکی بە ساڵاچووی ناشیرین و نالەبار دادەنێت، بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو جیاوازی و مەجبوورییەی شاعیر بۆ خۆشەویستەکەی کەچی ڕایدەگەیەنێت کەوا وشە و زاراوەی زمانی کوردی بەنرختر و شیرینترە لە لێوی شیرینی وەکو شەکری یارەکەی، کە ئەمەش لوتکەی خۆشەویستی و سەرسامییە بۆ زمانی کوردی. ئیتر شاعیر لە ڕێگەی ئەم پیاهەڵدان و خوشەویستی و وەسفە بەرز و باڵایەی بۆ زمانی کوردی زمانی کوردی بەرجەستەدەکات.

کەواتە شاعیر لە ڕێگەی پیاهەڵدان و وسف و دەربڕینی حەز و خۆشەویستی لە ڕادەبەدەری بۆ زمانی کوردی هەوڵی بەرجەستەکردنی (زمانی نەتەوەیی)ی کوردی وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەریی و گرنگەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی کوردی مسۆگەردەکات.

**3-1-3-4. بەکارهێنان و تۆمارکردن و لە خۆگرتنی سەدان وشە و زاراوەی کوردی پەتی**

شیعرەکانی (هێمن) دەیان وشە و زاراوەی کوردی ڕەسەن و سەر بە شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردی لە خۆگرتووە، کە هەر لە بارەی زمانی شیعرەکانی شاعیرەوە (د. قاسملوو) دەنووسێت: ((زمانی هێمن زمانی کوردی پەتی و جوانە. نە پڕە لە وشەی بێگانە و نە وشەی دەستکردی تێدایە. زمانەکەی زمانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. بەڵام هێمن کە خۆی خەڵکی موکریانە، تەعەسوبی بەکار نەهێناوە و بە زاراوەی موکریانی شیعر ناڵێ. بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا زمانی هێمن نموونەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوردییە و بێگومان لە پێکهێنانی زمانی پەسندکراو (ستاندارد)ی کوردیدا تەئسیری هەبووە.))[2] چونکە زمانێکی دەوڵەمەند و ڕەسەن و ئەدەبیی جوانە. هەرچۆنێك بێت ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێت باسی بکەین بەرجەستەکردنی بنەمای زمانە لە ڕێگەی تۆمارکردن و بەکارهێنانی سەدەها وشە و زاراوەی کوردی پەتی، بۆ نموونە لە شیعری (بەهاری کوردستان)دا شاعیر دەڵێت:

شەماڵ هات بەگاڵەگاڵ
هەور بوون گەواڵ گەواڵ
پشکووت گوڵی گەش و ئاڵ
بلبل کەوتە ناڵەناڵ
بە لەنگێزە، بە باران
بە شنەبای بەهاران
توانەوە وەک جاران
کەوی بەفری نیساران
نەما مژ و سەرما و سۆڵ
نەسیخوار ما نە سەهۆڵ
تەرت و رژد و شیو و دۆڵ
لێی هاتە دەر گیا و گۆڵ
دەشت و چیمەن رازاوە
کێو و بەندەن نەخشاوە
زۆنگ و چێنکە ژیاوە
گیا سەری پێوە ناوە

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.237.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.15.

له هەوشین و گەدە و لەند
لە کوێستانی دە سامرەند
هەڵز و بیزا و گیابەند
تێک چرژا، بۆتە زەمەند[1]

لێرەدا دەبینین دەیەها وشە و زاراوەی کوردی پەتی ناسك و جوانی وەكو: (شەماڵ، گاڵەگاڵ، گەواڵ گەواڵ، پشکووت، ئاڵ، نیساران، زۆنگ، تەرت، چیمەن،.. هیتر) لە دووتوێی ئەم شیعرەدا تۆمارکردووە و هەروەك (د. قاسملوو)ش لە بارەی ئەم شیعرەوە شاعیرەوە دەڵێت: ((بەهاری کوردستان" فەرهەنگێکی بچووکی زمانی کوردییە، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی هەر لە شار ژیاون و لە زۆر باری ژیانی لادێ ئاگادار نین، تابلۆیەکی ڕاستەقینە بە زمانێکی دەوڵەمەند و بێ هاوتا دەخاتە پێش چاو. ئەو شیعرە و چەند شیعری تر کە باسی تەبیعەت و ژیانی لادێ دەکەن، بۆ شارستانی ئەوەندە وشەی نەبیستراویان تێدایە کە زۆر جار خوێنەر سەری سووڕ دەمێنێ و ناچار دەڵێ زمانی کوردی چەند دەوڵەمەند و بە داخەوە خزمەتی نەکراوە، لە دیوانی هێمن دا شیعری وەک "بەهاری کوردستان" بەراستی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانی کوردییە.))[2] ئیتر لە ڕێگەی ئەم وشە ڕەسەنانەوە شاعیر هەوڵی بەرجەستەکردنی زمانی نەتەوەیی کوردی داوە و بەمەش یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی خۆیدا دارشتووە.

هەروەها لە ناوەڕۆکی چەندین شیعری تری وەکو: (بلوێری شوان[3]، پەری شێعر[4]، دەسکەوتی خەبات[5]،... هیتر)دا، بە هەمان شێوە، شاعیر چەندین وشە و زاراوەی کوردی پەتی و ڕەسەن و جوان و ناسکی بۆ تۆمارکردووین. ئیتر لەم ڕێگەیەوە شاعیر توانیویەتی بنەمایەکی جەوهەری تری نەتەوە و نەتەوەگەرایی، کە ئەویش بریتییە لە (زمانی نەتەوەیی)، لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بخاتەڕوو.

### 4-1-3. کەلتور (داب و نەریت، فەرهەنگ، چاند)ی نەتەوەیی

دەتوانین بڵێین وشەی (کەلتور) لە ڕووی زاراوەوە لە زمانی کوردیدا وشەیەکی تارادەیەك نوێیە و کە لە بنەڕەتدا لە وشەی ئینگلیزی (culture) وەرگیراوە، هەروەها لە زمانی کوردیدا بەرامبەر زاراوەی (کەلتور) وشە و زاراوەی تری کوردی وەکو: (داب و نەریت، فەرهەنگ، چاند،... هیتر) لە سەرچاوەکاندا بۆ بەکارهاتووە. بە پێی فەرهەنگی (شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی) لە بنەڕەتدا ((وشەی کولتوور (چاند) لە هەموو زمانە ئەورووپییەکاندا هەر بەم ناوە بەناوبانگە. لە وشەی colereی لاتینیەوە سەرچاوەی گرتووە. لە واتادا پانتایەکی بەرفراوانی هەیە: نیشتەجێ بوون، کشتوکاڵ کردن، پاسەوانی کردن، پەرستن. بۆ وێنە واتای نیشتەجێ بوون لە colonus گیراوە کە لە گەڵ هەمان وشەی colony پەیوەندی هەیە؛ یان واتای پەرستن لە cultus گیراوە کە لە گەڵ زاراوەی culyt هاوواتایی هەیە. ئەوەی کە دواتر لە زمانە ئەورووپییەکاندا پەرەی سەند، هەمان واتایەک بوو کە لە زاراوەی کشت وکاڵدا بوو، واتە: cultura، (.......) واتای کولتوور تا سەدەکانی شازدە و حەڤدە، واتایەکی پراکتیسی بووە، بەڵام پاش ئەوە دەبینین کە واتایەکی ئینتزاعی دەگرێتە خۆ و لە نێو نووسراوە هزری و فەلسەفییەکاندا جێی خۆی دەکاتەوە.))[6] ئیتر بەمشێوەیە وشەی کەلتور بەو چەمك و مانایەی ئەمڕۆ بەرجەستەدەبێت.

لە ڕووی چەمك و پێناسەوەی (کەلتور)ەوەش لە فەرهەنگی (ئاراش)دا بەم شێوەیە خراوەتەڕوو: ((کولتوور بەو کۆمەڵە تۆخمە ماددی و ناماددیانەی ناو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان دەگوترێ کە لە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.147.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.15-16.
[3] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.137-138.
[4] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.202-205.
[5] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.252-258.
[6] فەخرەدین ئامێدیان. فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی. سنە: شەمیمی سنە، 2013، ل.430.

جیلێکەوە بۆ جێلێکی دیکە دەگوازرێتەوە کە پاشماوەی کۆمەڵایەتی یان پاشماوەی کولتووریشیان پێ دەگوترێ. (......) سەرجەم کولتوور بە سەر دوو لایەن دا دابەش دەبێ: کولتووری ماددی و کولتووری مەعنەوی (کولتووری ناماددی). کولتووری ماددی بەو بەشە لە پاشماوەی کۆمەڵایەتی دەگوترێ کە ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگایە. کولتووری مەعنەوی سەرخانی کۆمەڵگا، واتە زانست، هونەر، فەلسەفە و بیروبڕوا و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان لەخۆ دەگرێ.))[1]کەواتە: بە پێی ئەم پێناسەیە کلتوور ناسنامەی کۆمەڵگا بەرجەستەدەکات.

هەروەها لە سەرچاوەی (عەتا قەرەداغی)دا (کەلتور و نەریت) برتییە لە ((...،... کۆی خاسێتەکانی گروپێک لە خەڵک، یان پێکهاتەیەکی ئیتنیکیە کە لە درێژەی مێژوودا بەدەستیانهێناوەو ڕووبەری مادی و مەعنەوی دەگرێتەوە، لەوانەش زمان، ئایین، بیروباوەر، فەلسەفە، ئەدەب، گۆرانی، مۆسیقا، فۆلکلۆر، نەریت، شێوازی ژیان، میرات و کەلەپور، ئەفسانە و چیرۆک، بەیت و باڵۆرەو سرووتی کۆمەڵایەتی بۆ هەردوو باری ئاسودەیی و خەمباری و شارستانی و کۆی بەرهەمەکانی تری هەر پێکهاتەیەک. ئەم ڕەگەزانە ڕووبەرێکی فراون لە بوونی هەر پێکهاتە و کۆمەڵگایەک داگیردەکەن و هەم بەرهەمی کۆمەڵگان هەم دەبنە پایەی بەهێز بۆ بوون و خۆنمایشکردن و ناساندن و پێناسەکردنی هەر پێکهاتە و گروپێک.))[2] لەم پێناسەیەشدا هەموو ئەم ڕەهەندانەی کەلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگا و ئیتنیك و نەتەوەیەك بەرجەستە دەکەن و دەبنە ناسنامە و خەسلەتی تایبەتی ئەو کۆمەڵگا و ئیتنیك و نەتەوەیە.

(کەلتور) ڕۆڵ و گرنگی زۆری هەیە لە بنیادی نەتەوە و نەتەوەگەرایدا، چونکە ((کەلتور ئاسایی لە هەر کۆمەڵگایەکدا بڕوای هاوبەش و شێوازو ێگای هاوبەشی ژیان دروست دەکات و ڕێککەوتن و ڕێکخستنێکی گشتی ژیان لە نێوان کۆی ئەندامانی ئەو پێکهاتە یان کۆمەڵگەیەدا دروست دەکات.))[3] کە دەرئەنجام کۆمەڵگەیەکی تۆکمە و دامەزرا و لەسەر کۆمەڵێك بنەما و باوەڕ و ڕێکەوتن و بڕیار دادەمەزرێنێت، کە بەمەش نەتەوە و نەتەوەگەراییەکی تۆکمە و دامەزرا و بەرهەمدێت. هەرچەندە ((بیرورایەکی دی هەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە نەتەوایەتی سەرچاوەیەکە لەسەر چاوەکانی یەکبوونی کەلتور، بەواتای ئەوەی کەرۆشنبیری هاوبەش لەدایك بووی نەتەوایەتیە، نەك هۆیەك بێت لە هۆیەکانی. سەرەرای هەموو ئەو بیرو بۆچوونانە، واباوە کەکەلتوری دوو نەتەوەی جیاواز، بەتەواوی لەیەك ناچن.))[4] ئەم جیاوازییەش مایە و سەلمێنەری سەربەخۆیی و جیاوازی و جیاکاری نەتەوەکانە.

بەشێوەیەکی گشتی (کەلتور) لە کۆمەڵگاکاندا ڕێز و پیرۆزی خۆی هەیە و تەنانەت ((بەزاندنی پیرۆزی کولتور لەهەندی کۆمەڵگادا سنوور بەزاندنی کەسایەتی نەتەوەییە. کولتور لە جل و بەرگ، موسیقا خواردن. لە ڕوویەکی ترەوە کولتور دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری هزری کۆمەڵگایە کۆمەڵگا خۆی هەڵبێژاردوە خۆی دروستیکردوە. (......) کولتور ئەگەرچی کۆڵەکەیەکی بتەوی کەسایەتی نەتەوەیە لێ بە پیوەری مرۆی هەندی جار چەوسێنەری کۆمەڵە بەڵام مادامێکی لەمپەرێکە لەبەر شەپۆلی تواندنەوەی کەسایەتی نەتەوەیدا وەک کۆڵەکەیەکی پاراستنی ئەو قەبارەیە پێویستە.))[5] واتە: لەبەرئەوەی بوونی (کەلتور) وەکو ناسنامە و شوناسێکی نەتەوە پێویستییەکی گرنگە بۆ پاراستنی کەسایەتی نەتەوەیی و نەتوانەوەی لە ناو بۆتەی نەتەوەکانی تردا، بۆیە هەبوونی لە بونیاتی نەتەوەدا، لە پاڵ دەرهاویشتە نەرێینەکانیشیدا، هەر مایەی قبوڵکردن و بە هەند هەڵگرتنە.

کەواتە دەتوانین بڵێین (کەلتور) وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی خۆی دەسەلمێنێت. هەروەها بێ ڕۆڵ و کاریگەری و گرنگی نییە لە بنیادی نەتەوەدا، ((بەڵکو کەلتور "فەرهەنگ" وەکو بەشێکی گرنگ لە بوون و بەردەوامبوونی ئەو نەتەوەیە بەردەوام خۆی دەسەپێنێت و

[1] بابایی، غولامەرزا عەلی. فەرهەنگی سیاسی ئارەش. وەگێرانی لە لایەن: زاهیر محەممەدی و یاسین حاجی زادە. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات، 2013، ل350-351.
[2] عەتا قەرەداخی. گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی. ل.57-58.
[3] عەتا قەرەداخی. گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی. ل.58.
[4] محمد فاتح. ناسیۆنالیزم و سیاسەت. ل.60.
[5] د. جەزا چنگیانی. هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەت. ل.33.

بەپێش کەوتن و دواکەوتنی ئەو میللەتە کاریگەری دەبێت، تەنانەت زۆرجاریش فەرهەنگCand "چاند" دەتوانێت کاریگەری گەورە بکاتە سەر تەواوی ژیانی ڕووناکبیری و خوێندەواری وڵات و میللەت. نموونەی زۆر بەرچاویش لەسەر ئەمە کەلتور و نەریتی ناوچەی ئەهلی هەق هەر چەندە لە لایەن زمانی فارسیەوە گەلێک کاریگەری گەورەی لەسەر زمانی ئەوان (لوڕی بەشێکە لەزمانی گۆرانی) داناوە، بەڵام ئەوان نەیانتوانیویانە کە تایبەتمەندییەکانی خۆیان لە هەموو مەیدانەکاندا( ئەدەب و هونەر، دین، ڕووناکبیری) بپارێزن و بەرەو پێشەوەی بەرن و....))[1] لە ناو زمان و ئەدەب و کەلتوری فارسدا نەتوێنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەنجامگیری بکات.

ئیتر دێینە سەر باسی (کەلتور)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەری و بەرچاوەکانی نەتەوە نەتەوەگەرایی، لە ناو شیعرەکانی (هێمن)دا و چەند ڕەهەند و لایەنێك لە بەرجەستەکردنی ئەم بنەمایە لە ناوەڕۆکی شیعرەکان لە پاڵ نموونەی شیعریدا دەخەینەڕوو:

### 3-1-4-1. هاندان و پشتگیری کردنی کەلتوری ڕەسەنی کوردی

یەکێك لە ڕەهەندەکانی بەرجەستەکردنی (کەلتوریی نەتەوەیی)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە شیعرەکانی (هێمن)دا هاندان و پشتگیریکردنی کەلتوری ڕەسەنی کوردییە، بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (بۆ کچە کوردێک)دا دەڵێت

کچە کوردێکی نەشمیل و لەباری
بەوەی نییە ماوەیێکە چوویە شاری
ئەگەر پێت خۆشە هەروا بتپەرستم
نەکەی لادەی لە دابی کوردەواری[2]

لێرەدا شاعیر یارەکەی دەدوێنێت و پێی دەڵێت تۆ کچە کوردی و جوان و خنجیلانە و ڕێك و پێکی هەرچەندە لە لادێ نەماوی و چویتە شاری، ئەگەر دەتەوێت هەروا بەردەوام عاشقت بم تا ڕادەی پەرستن هەرگیز نەکەی لە داب و نەریت و کەلتوری کوردەواری لابدەیی و دەست بکەی بە بێگانە پەرستی. دیارە شاعیر کەلتوری لادێ بە کەلتوری ڕەسەنی کوردەواری دەزانێت و کەلتوری شار بە ڕەسەن و پەسند دانانێت بۆیە نایەوێت کچی کوردی بە چوون و گواستنەوەیماڵیان بۆ شار دەستبەرداری کەلتوری ڕەسەنی لادێ بێت و لە خۆی بگۆڕێت و دەستبگرێت بە کەلتوری بیانی و کەلتوری دوژمنانی کورد. شاعیر بەم هاندان و پاڵپشتییەی بۆ کەلتوری ڕەسەنی نەتەوەیی کوردی بەرجەستەی (کەلتور) وەکو بنەمایەکی سەرکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دادەمەزرێنێت.

### 3-1-4-2. پیاهەڵدان و شانازی کردن بە کەلتوری کوردەواری

ڕەهەندێکی تر بۆ بەرجەستەکردنی (کەلتوری نەتەوەیی) وەکو یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی کوردی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا بریتییە لە پیاهەڵدان و شانازی کردن بە کەلتوری ڕەسەنی کوردی، بۆ نموونە لە شیعری (گوڵی هیوا)دا دەڵێت:

ئەختەر پێشمەرگەی کۆڵنەدەر!
ئەختەر ئەی گوڵی نێو سەنگەر!
خوێنت دەتکێ لە دمی خەنجەر
دەگری بەری هێرشی ئەسکەر
سێرەت گرت بەوچاوە جوانە
لە کەلەکەی ئەم بیژوانە[1]

---

[1] ئەکرەمی میهرداد. ناسیۆنالیزم (گۆرانکاری، تیۆری، ڕەخنە). ل.26-27.
[2] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.416.

شاعیر لێرەدا باس لە کچە کوردێك دەکات بە ناوی (ئەختەر)، هەڵبەتە وەکو ڕەمز و ئاماژەیەك بۆ هەموو کچانی کورد، و دەیلاوێنێتەوە و پیای هەڵدەڵێت و بە پێشمەرگەری کۆڵنەدەر و گوڵی نێو سەنگەر و مەیدانی شەر و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمنان و چاونەترسی و ئازایی و بەهێزی و سێرەگرتن و بەرگری کردن لە نیشتمان وەسفی دەداتەوە و پاشان لە دێرانی تردا دەڵێت:

شەقت هەڵدا لە زێڕ و جل

توورت داوە کلدان و کل

توندت کردووە پشتێنی شل

فیشەکدانت کردۆتە مل

پساندت بازنە و پاوانە

دەستت دا تفەنگ پیاوانە

نارێژی چاو، سوور ناکەی لێو

شانە ناکەی بسکی پەشێو

یەکجاری فڕێت دا چارشێو

ئەوە رووت کردە چڕ و کێو

دەبڕی جەرگی دوژمنی زۆڵ

بەسەرنیزە نەک بە مژۆڵ[2]

لێرەدا پیاهەڵدانەکە بەردەوام دەکات و پێی دەڵێت تۆ وازت لە خۆرازاندنەوە و چاورشتن و هەڵگرتنی کل و کلدان و زێر و زیو و پاوان و ملوانکە و پۆشاکی ڕازاوە و خاو و شل و شانکردنی پرچ و پۆشینی بە پەچە. بەڵکو لە جێی ئەمانە ملوانکەی فیشەکدانت لە مل کردووە و دەستت لە تفەنگ گیرکردووە و پیاوانە لەم کێو و دۆڵانە مەیدانت لە دوژمن گرتووە و بە گوڵە و سەرەنیزە جەرگی دوژمنان لەت دەکەیت. شاعیر بە وەسفێکی نەتەوەگەرانە بە شان و باڵی کچە کورددا هەڵدەڵێت و ئەم کەلتورە نیشتمانییە وەکو کەلتورێکی کچی کوردی ڕەسەن دەخاتەڕوو شانازی بەم جۆرە کەلتورە شۆرشگێرییە دەکات و دەیەوێت ئەم جۆرە کەلتورە زیندوبکاتەوە و تاوەکو کەلتوری ئەم کچە کوردە ببێتە دیاردە و نموونەی کەلتور و دابو نەریتی کچی کورد. ئیتر لە ڕێگە پیاهەڵدان بەم جۆرە کەلتورە نەتەوەگەرایەتییە هەوڵی بەرجەستەکردنی (کەلتور)، وەکو بنەمایەکی بەرچاوی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، بدات.

هەروەها لە شیعرێکی تردا بە ناوی (بەهاری لادێ)دا شاعیر دەڵێت:

هەموویان توندوتۆڵ و گورجوگۆڵ و چوست و چالاکن

هەموویان بێ فڕوفێڵ و بەکار و سادە و پاکن

لە لادێدا خراب زۆر کەم دەبینی نێر و مێ چاکن

نە ئالوودە بەئالکۆل و نە فێری بەنگ و تریاکن

دەبێ بێ دەرسی ئەخلاق لێرە بخوێنێ کوڕیژگەی شار[3]

لێرەدا شاعیر باس لە سیفەتی خەڵکی لادێ، وەکو ڕەمزی ڕەسەنایەتی کۆمەڵگەی کوردی، دەکات و شانازیان پێوەدەکات و پیایاندا هەڵدەڵێت و بە توند و تۆڵ و گورج و چاڵاك و بێ فڕوفێل و سادە و ساکار و دڵ پاك و ناخ جوان ناویان دەبات. پاشان لەبەرامبەر خەڵکی شاردا خەڵکی لادێ بە نێر و مێیانەوە بە زۆرینە چاك و دوور لە ماددەی بێهۆشکەر و کحول و تریاك و... هیترن، بۆیە منداڵی شار دەبێ وانەی ڕەوشت لای خەڵکی لادێ فێربێت. ئیتر بەم وەسفدانەوەیە شاعیر لایەنێك لە لایەنەکانی کلتوری هاوبەش بەرجەستەدەکات.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.187.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.188.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.101.

جگە لەم شیعرانەی خستمانەڕوو لە شیعری (کوردم و...) [1]و شیعرانی تریشیدا پیاهەڵدان و وەسف و شانازیکردن بە کەلتوری نەتەوەیی کوردی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا دەخاتەڕوو. بەمشێوەیە شاعیر لە ڕێگەی ڕەهەند و لایەنی وەسف و پیاهەڵدان و شانازیکردن بە کەلتوری کوردەوارییەوە لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا مایەی بەرجەستەبوونی (کەلتوری نەتەوەیی)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، مسۆگەردەکات.

### 3-4-1-3. خستنەڕووی چەند خەسلەتێکی کەلتوری ڕەسەنی کۆمەڵگە و تاکی کوردی

شاعیر بە نیشاندان و خستنەڕووی چەند تایبەتمەندی و سیفات و خەسڵەتێکی کەلتوری ڕەسەنی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ناو شیعرەکانیدا هەوڵی زامنکردنی (کەلتوری نەتەوەیی) وەکو یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دەدات، بۆ نموونە لە شیعری (شینی ژنە کوردێک) کە دەڵێت:

لە خاک و خوێنا ئەگەر گەوزیبای
لەسەر ئازادی و سەربەستی: بەخودای
غەمم نەدەبووی بۆت نەدەگریام
چون مردنی وا زۆر خۆشە بەڵام
رۆڵە بەمەرگی تەبیعی مردن
ئەویش بۆ کوردان عەیبە لەکن من
حەیف گیانەکەم حیزانە مردی
حەیف وەک پیاوی ئازا نەمردی
حەیف ئەی گەنجی خاوێن وەکو گوڵ
مردی و ئارەزووی من نەبوو حاسڵ[2]

لەم شیعرەدا شاعیر باس لە شین و لاواندنەوەی دایکێکی جەرگ سوتاو بۆ کورە جوانەمەرگەکەی دەکات و بە خەم و پەژارە و خەفەتێکی زۆرەوە دەیلاوێنێتەوە، بەڵام ئەو خەفەت و خەمبارییە بۆ مردنی ڕۆڵەکی نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەسەر ئازادی و سەروەری خەڵك و خاکی کوردستان نەمردووە، چونکە ئەم مردنە لە کەلتور و عادەتی کوردان بە مردنێکی نامەردانە و بێغیرەتانە دادەنێت و بە شەرم و شوورەیی و سەرشۆڕی دەزانێت و بۆیە ئاخ هەڵدەکێشێت بۆ شێوەی مردنی جەرگەکەی و خۆزگە دەخوازێت لەسەر ئازادی نیشتمان گیان بەخشیبا و ئاواتی دایکی بەدی هێنابە. دیارە ئەم جۆرە کەلتورە لای شاعیر کەلتورێکی کوردانەیە و دایکی کورد مردن لە ڕێگای نەتەوەگەرایی بە پیرۆز و بەرز دەزانێت. ئیتر شاعیر لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەم کەلتورە هەم دەیەوێت ئەم جۆرە کەلتورە لە ناو دایکانی کوردی جەرگ سووتای بژێنێتەوە و هەمیش بیکاتە مایەی بەرجەستەکردنی (کەلتور) وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی.

هەروەها شاعیر لە شیعرێکی تردا بە ناوی (موو ناپسێنم)دا دەڵێت:

قەرار بوو بێی لەگەڵ خۆت شادی بێنی
نەهاتی، گەرچی پێت دابووم بەڵێنی
لەناو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن
لەکوێ فێر بووی گوڵم پەیمان شکێنی؟[3]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.386.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.400.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.175.

لێرەشدا ئاماژە بە کەلتور و داب و نەریتێکی تری کورد دەکات، کە ئەویش وەفابوونە بەرامبەر پەیمان و بەڵێن. کە سەرەتا ڕوو لە یارەکەی دەکات و بە بیری دەهێنێتەوە کەوا بڕیاربوو بێیتە لام بە باوەشێك شادی و خۆشییەوە، بەڵام خاوەن پەیمان نەبوویی و نەهاتییە لام. پاشان پێی دەڵێ لە ناو داب و نەریت و کەلتوری کوردیدا سیفاتی پەیمان شکاندن بوونی نەبووە، نازانم تۆ ئەم پەیمان نەبردنەسەرە لە کوێ فێربووی. بەمشێوەیە شاعیر خەسڵەت و سیفاتێکی تری کوردەواری دەخاتەڕوو لەم ڕێگەیەوە کەلتوری نەتەوەیی بۆ کورد بەرجەستە دەکات و بنەمایەکی تری نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە ناو شیعرەکانیدا زامندەکات.

هەروەها لە شیعرێکی تردا بەناوی (فرمێسکی کەش)دا شاعیر لە دێرە شیعرێکدا دەڵێت:

دابی کوردی وایە، کەس لاگیری لێقەوماو نییە

بۆچی سەرکۆنەی بکەم لێم زیزە یاری مەهوەشم؟[1]

دیارە شاعیر لەم شیعرەدا نائومێدی و دڵشکاوییەکی زۆری پێوە دیارە و گلەیی و گازاندە لە داب و نەریتی کوردی دەکات بەوەی کەوا کەس پشتگیری و پشتیوانی کەسی لێقەوما و بەدبەخت نییە، لەبەرئەوە پێویست ناکات لۆمەی یارەکەم بکەم کە ئەویش دواجار کەسێکی پەروەردەی دەستی ئەم کەلتورەیە. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە، خستنەڕووی سیفەتێکی تری کۆمەڵگەی کوردییە و کە لەم ڕێگەیەوە بنیاتی کەلتوری کوردی لە ڕوویەکی ترەوە دادەمەزرێنێت و وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانیدا بەرجەستەدەبێت.

ئیتر بەمشێوەیە بەم پیشاندان و خستنەڕووی چەند سیفەت و خەسلەتێکی تاك و گشتی کۆمەڵگەی کوردەواری بەرجەستەی (کەلتوری نەتەوەیی)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، دەکات.

### 3-1-4-4. ڕەخنەگرتن و داوای بەرەو پێشەوە چوونی نەریتە دواکەوتووە کوردییەکان

لە شیعرەکانی (هێمن)دا ڕەخنە ئاراستەی داب و نەریت و کەلتوری دواکەوتووی کوردەواری کراوە و داوای بەرەوپێشەوەچوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی کراوە، لەم ڕێگەیەوە لایەنێکی تری (کەلتوری نەتەوەیی)، وەکو یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بەرجەستەکراوە. بۆ نموونە شاعیر لە دێرە شیعرێکی ناو شیعری (فرمێسکی ڕونوو)دا دەڵێت:

من تەشی ڕێسێکی وەک شیرنی (وەفایی)م بۆ چییە؟

کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ[2]

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر بە ئاشکرا ڕەخنە لە داب و نەریتی کوردەواری دەگرێت و نایەوێت هەروەکو کەلتور و نەریتی کۆن کچ و ئافرەت هاوشێوەی (شیرین)ی تەشی ڕێسی ناو شیعری (وەفایی) شاعیری کورد، کەوا وەکو ڕەمز و سمبیۆڵی کیژی کلاسیکی و نەریتی کوردەواریی ناسراوە، لە ماڵەوە خەریکی ڕێستن و چنینی خوری، بە بەکارهێنانی تەشی، بێت و دووربێت لە فێربوون و زانست و زانیاری و سەردەمی مۆدێرن، بەڵکو ئەو کچی وریا و ڕۆشەنبیر و خوێندەوار و چاوکراوە و زیرەکی دەوێت و دەیەوێت لە جیاتی تەشی ڕێستن ئەو لە تەکنەلۆجیای سەردەم بەهرەداربێت. ئیتر لە میانەی ئەم ڕەخنەیە هەوڵی بنیات و گۆڕینی کەلتوری کوردەواری دەدات و لەم لایەنەوەش (کەلتوری نەتەوەیی) وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی بەرجەستەدەکات.

هەروەها لە شیعرێکی تردا بەناوی (یادگاری شیرن)دا شاعیر دەڵێت:

خەڵکی دنیا ڕازی دڵداری بە بێتەل پێک دەڵێن

ڕاسپاردەی لاو و کیژی کوردە ئێستاکەش شنە[3]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.160.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.360.
[3] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.115.

لێرەدا بەراوردێکی جوان لە نێوان کەلتور و نەریتی خەڵکی پێشکەوتووی دونیای خەڵکی کورددا دەکات، بەوەی کە خەڵکی دونیا پێشکەوتوون و ئەو پێشکەوتنەیان لە نەریت و کەلتوروی کۆمەڵگایەکەشیاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەتە دڵدرای و پەیوەندی کردنیشیان لە ڕێگەی ئامێری تەکنەلۆجیای بێتەلەوەیە، کەچی کورد هێشتا هەر لە نەریتە کۆنەکەیدا بەجێماوە و پەیوەندی و خۆشەویستی خۆی هەر لە ڕێگەی بای شنەی بەیانیان دەگەیەنێت بە یار و دۆستانی. هەر لە درێژەی ئەم شیعرەدا لە ڕەخنەگرتنەکانی لە کۆمەڵگای کوردیدا بەردەوام دەبێت و دێتە سەر نەریتی کچانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو کات و دەڵێت:

رۆژی بەختی هەر لە ژێر هەورێکی رەشدا لاوی کورد
تاکوو روخساری کچی شاری لە پێش چاوان ونە
نایەڵێ گۆشەی برۆکەت دەرکەوێ چارشێوەکەت
ئەی لە دەس ئەو چڵکە هەورە مانیعی مانگ دیتنە
چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێردەست کە کچ دابەستە بێ
بەس نەبێ ئەو کۆیلەتی و ئەو کچ لە ژوور دابەستنە
دەرکی داخستووە لە تۆ بابت کەچی دەرکی نییە
دەرکەداخستن لە تۆ دەرکی هومێد داخستنە
داڕزینە، مردنە، ئاخر هەتا کەی پێت بڵێن
نابێ بێتە دەر لە ماڵ، مافی ژیانی کوا؟ ژنە[1]

لێرەدا ڕەخنەی خۆی ئاراستەی چارشێو و ڕووپۆشی* کچانی کوردی ئەو سەردەم دەگرێت و بە هەورێکی ڕەشی چڵکنی ناشیرین ناوی دەبات و بە مایەی بەدبەختی لاوی کورد و کۆیلە بوونی ڕەگەزی مێینەی کوردی و دواکەوتوویی و... هیتری دادەنێت و پێی وایە ئەمە ڕێگرییە لە سەربەستی و ئازادی گەل و ڕزگاربوونی نیشتمان.... هەروەها ڕەخنەش لە دیاردەی نەریتی لە ژوورکردنی کچانی کورد و ڕێگە نەدان بە دەرچوونیان و سجنکردنیان دەگرێت و ئیتر ڕاستەوخۆ ئەم جۆرە کەلتورانە ئیدانە دەکات

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.115.

* (هێمن)ی شاعێر و شاعێرانی تری کوردیش داوای ڕاماڵینی پەچەو رووپۆش لە کچی کوردی دەکەن و پێیان وایە ئەمە مایەی کۆیلایەتی و ژێردەستی و دواکەوتووی و نەزانینە، پێیان وایە بە نەمانی ئەم دیاردەیە ئیتر کچ سەربەستی و پێشکەوتن و رۆشەنبیربوون و باڵابوون تۆماردەکات. زۆرجار زیاتر لە خوێندن و فێربوون و زانست و رۆشەنبیربوون ئەم دیاردەیە زەق دەکەنەوەو بەمەش زیاتر لەوەی ببنە مایەی پێشکەوتن و رۆشەنبیربوونی کچان، دەبنە مایەی پێکدادان و گۆرانی کلتورو بیروباوەر، نەوەك بەدەستهێنانی ئەو پەیامەی پروپاگەندەی بۆ دەکەن. لە کاتێکدا پەچە لە پارچە پەڕۆیەك زیاتر نییە و پێمان وانییە بوون و نەبوونی گۆرانی جەوهەری و هزری دروست بکات، واتە: ئازادی و پێشکەوتن پەیوەندی ئەوتۆی بەم پارچە پەرۆیە هەبێت، تەنانەت دەکرێت کچ لە ژێر پەچەشدا ببێتە خاوەنی ئازادی مرۆیی و پێشکەوتن و هێزی گۆرانکاری و سەربەستی وڵات. بەمەرجێ خۆی ئازادانە بڕیاری دابێت و ئەم کارەی لە بیروباوەڕەوە بێت، نەوەك تەنیا کلتورێکی سەپێنراوی بە زۆر و زۆرداری و تەنیا بۆ رێگری فێربوون و رۆشەنبیربوون و گەشەسەندنی بێت. ئەگەر پۆشینی چارشێو و ڕووپۆش مایەی دواکەوتوویی کچان بێت، ئەوە دەبایە قەبیلە و هۆزانێکی دارستانەکانی ئەمەزۆنی ئەمریکا ئێستا کچەکانیان لە کچە پێشکەوتووەکانی دونیا بوونایە، چونکە نەوەك ڕووپۆش، بەڵکو بگرە جلوبەرگێکی زۆر پۆشراویشیان لەبەر نییە، کەچی هیچ پێشکەوتن و شارشتانیەتێکی ئەوتۆیان تێدا بەدی ناکرێت، هەڵبەتە بە چەمك و مانای سەردەمی نوێ. بۆیە من پێم وایە جەوهەری پێشکەوتن و ئازادی لە پاڵ هەڵی ژیان و گوزەرانێکی شایستە بریتییە لە فێربوون و هۆشیاری و رۆشەنبیریی و ئەمانەش دەکرێت لە پاڵ هەر جلوبەرگێك بەدەست بهێنرێت. لەبەرئەوە پێم وایە زیاتر دژایەتی شاعێر بۆ رووپۆش و چارشێو لەبەر رێگرتنیتی لە چێژ و لەزەت نەبینینی شاعێر لە جوانی ڕووخسار و ڕووی کچانی کوردە. هەرچەندە شاعێران خۆشیان ئەم راستییە ناشارنەوەو لە شیعرەکانیان ئاماژە بەو خەمە راستەقینەیەی خۆیان دەکەن. بۆ نموونە لە شیعری (چاویلکە)دا، (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.300.)، هەروەك دەڵێت:

گەرچی خەڵکی وڵاتی چاو جوانانم
چاوی جوانم نەدی تێر بەچاوانم
هەتا لاو بووم چاوی جوانم لێ ون بوو
پەچە و رووبەند و چارشێوم دوژمن بوو

و بە مردن و دارزین و بە لە ناوبەری مافی ژیانی ژن ناوی دەبات. پاشان ڕاستەوخۆ ڕوو لە کچانی کورد دەکات و داواکارییان ئاراستە دەکات و پێیان دەڵێت:

لادە چارشێوی ڕەشت با دەرکەوێ کوڵمەی گەشت
چون لە قەرنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو روو گرتنە
کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کرد و ئەتۆش
هەر دەزانی ناوی «ئەستێوڵک» و «دەرخۆنە» و «پنە»[1]

لێرەشدا داوا لە کچ و ژنانی کورد دەکات چارشێو لە ڕووی لا بدات و ڕوومەتی گەش و جوانی بۆ شاعیری ئاشقی لاشە و جوانی ئافرەت دەرکەوێت، کە ئەم نەریتە لە سەدەی بیستەمدا بە عەیبە و لەنگی دەزانێت. پاشان پێی دەڵێت کەوا کچی نەتەوەکانی دونیا بۆمبی ئەتۆمی وا دروستکر، کەچی تۆ هەموو توانا و زانست و زانیارییت زانینی ناوی ئەستێوڵك و دەرخۆنە و پنەیە (کە ناوی ئامرازانێکن کە لە بۆ نانکردن بەکاردەهێنرێن، بۆ ڕنینەوەی هەویر لە فەرشەی نانکردن و بۆ پانکردنەی نان لە سەری و... هیتر)[2]. پاشان شاعیر لە شیعرەکەیدا هەر لەسەر ڕەخنەکەی بەردەوام دەبێت و پێی دەڵێت:

فێری زانست و هونەر بوو ئەو لە سایەی خوێندنی
تۆش تەشیمان بۆ دەڕێسی یادگاری شیرنە
ئەو بە ئاسمانا فڕی، دنیا گەڕا، چووە بن بەحر
دەک نەمێنم کاری ئێوەش هەر لە ژوور دانیشتنە
کوڕ بەژێنە ئەو لە عیلم و ئەو لە کار و سەنعەتا
گۆرەویشە سەنعەتی تۆ، پێت خەنی بووم بیچنە[3]

بەهەمان شێوە ڕەخنە ئاراستەی ئەم نەریتە دواکەوتووەی کۆمەڵگەی کوردی ئەم سەردەم دەکات و پێی دەڵێت کچی نەتەوەکانی تر لە سایەی فێربوون و خوێندندا فێرە زانست و هونەر بوون و ئاسمان و زەوی و ژێر دەریا و هەموو دونیا گەران بە فڕۆکە و باخیرە و غەواس و لە زانست و پیشەسازییەشدا لە کوریشیان تێپەرداوە، بەڵام تۆ هێشتا هەر لەسەر نەریتی کۆنی و لەسەر تەشی ڕستن و گۆرەوی چنینەوەی. ئیتر بەمشێوەیە شاعیر لە ناوەڕۆکی شعرەکانیدا لەسەر چەند دیاردە و بابەتی نەریتی و کەلتوری کوردەواریدا هەڵوەستەدەکات و ئەوەی پێی دواکەوتن و لەنگییە ڕەخنەیان ئاراستە دەکات، لە میانەی ئەمەشدا بەرجەستەی (کەلتوری نەتەوەیی)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، دەکات.

**5-4-1-3. ئاماژەکردن بە کەسایەتی و چیرۆکە میللی و فۆلکلۆرییەکان**

لایەن و ڕەهەندێکی تر لە بەرجەستەکردنی (کەلتوری نەتەوەیی) وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوەوە نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن)دا تۆمارکردن و یادکردنەوە و ئاماژەکردن بە خستنەڕووی کەسایەتی و ڕوودا و چیرۆك و بەسەرهات و پەند و ئامۆژگارییە فۆڵکلۆری و میللی و کەلتورییەکانی کوردەوارییە. بۆ نموونە لە شیعری (عیشق و ئازادی)دا شاعیر دەڵێت:

نەما «خانی» هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە داڕێژێ
دەنا هێشتا لە کوردستان دەژین «زین و مەم»ێکی تر[4]

لێرەد شاعیر چیرۆکی دڵداری و خۆشەویستی خۆی دەچوێنێت بە چیرۆکی میللی و فۆلکلوری ناسراوی ناو کەلتوری کوردی کە ئەویش چیرۆك و داستانی (زین و مەم)ـە، ئەو چیرۆکە دڵدارییەی ناو

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.115.
[2] بۆ زیاتر زانیاری بروانە: گیوی موکریانی. فەرهەنگی کوردستان. ل.31، 183.
[3] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.116.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.302.

کۆمەڵگەی کوردی کە (ئەحمەدی خانی)ی شاعیری ناسراوی کورد بە شیعر هۆنیوەتییەوە. شاعیر لەم دێرە شیعرەدا دەیەوێت هەم بڵێت چیرۆکی (مەم و زین) لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەمرە و لە ژیانەوەدایە و ئەوە چیرۆکی خۆی و یارەکەی هاوشێوەیەی ئەوە، بەڵام (خانی)ی شاعیر نەماوە ئەگینا ئێستا چیرۆکی ئێمەشی دەکردە شیعر، هەروەها دەیەوێت ئەم چیرۆکەی خانی یاد بکاتەوە و وەکو بەشێك لە کەلتوری کوردی شانازی پێوە بکات، هەوەرها دەکرێت ماناو مەبەست و خوێندنەوەی تریش لە خۆ بگرێت. گرنگ لێرەدا شاعیر هەستاوە تۆمارکردن و بەیادهێناوەی ئەم چیرۆکە فۆلکلۆری و میللە کوردییە و لەم ڕێگەیەوە لایەنێکی کەلتوری نەتەوەیی کوردی بەرجەستەکردووە.

هەروەها لە شیعرێکی تردا بەناوی (کاروانی خەبات)دا دەڵێت:

پەندی کوردانەیە و کۆنە

کە شەو قەڵاتی مێرانە

هەروا تاریکان پەیدا با

دڕی پێ دەدان شێرانە[1]

لێرەشدا پەند و قسەی نەستەقی کوردی لە شیعرەکەی خۆیدا چنیوە و بەمەش ئاوڕدانەوە و بەبیرهێناوە و گرنگی بەخشینە بە فۆلکلۆر و کەلتوری کۆنی کورد. لەم ڕێگەیەشەوە توانیویەتی لایەنێکی تری کەلتوری نەتەوەیی لە شیعرەکانی خۆیدا بەرجەستە بکات.

بە هەمان شێوە لە شیعرێکی تردا بە ناوی(ناڵەی جودایی) دەڵێت:

وەک «سیامەند»ێ لە چۆڵ و بەندەنێ

جەرگی لەت کردم پەلی دارەبەنێ

شەتڵی جواناوم منی سارده برین

کوا «خەج»م تا بۆم بگێڕێ گەرمەشین؟!

مانگی «کانوونێ بەچلوان دەرکرام»

وەک «برایم» لەو وڵاتە راونرام

کوا «پەریخان» بەند و باوم بۆ بڵێ؟!

بۆ نەسووتێم نەبمە پۆلووی سەر کلێ؟![2]

لێرەداش دا شاعیر کۆمەڵێك کەسایەت و ڕووداو و چیرۆکی فۆلکلۆری و میللی و کەلتوری کوردیمان بۆ دەخاتەڕوو، بە شێوەی ڕەمزئامێز و لێکچواندن و هاوتاکردنی ڕووداو بەسەرهات و کەسایەتی خۆی بەو ڕووداو چیرۆك و کەسایەتییە فۆلکلۆری و کەلتوریانەوە. هەڵبەتە سەرەتا بەسەرهاتی خۆی هاوتا دەکات بە چیرۆکی (سیامەند و خەج) و کەوا گوایە وەك سیامەند پەلی دارەبەن جەرگی لەت کردووە و بەم برینە گیانی سپاردووە، بەڵام یارەکەی نابێت وەك (خەج) بێت و لە سەر لاشەی بریندار و سڕی (سیامەند)ەکەی بلاوێنێتەوە. پاشان ئەو خۆ چواندن و هاوتاکردنە بە ئاماژەکردن بە ڕووداو و چیرۆکی (برایم و پەریخان) بەردەوام دەبێت. دیارە شاعیریش هاوشێوەی (برایم) لە مانگی کانووندا دەرکراوە و داوای هاتنی یاری دەکات، تاوەکو بێت وەکو (پەریخان) بەند و بالورەی بۆ برێت و بیلاوێنێتەوە. ئیتر لە ڕێگەی ئاماژەکردن و تۆمارکردنی کەسایەتی و ڕووداوی دوو چیرۆك و داستانی فۆلکلۆری و میللی ناسراوی کوردی لایەنێکی بەرچاوی کەلتوری کوردیمان بۆ دەخاتەڕوو.

هەرچۆنێك بێت لەو نموونە شیعرییانەی خستمانەڕوو، هەڵبەتە لەگەڵ بوونی نموونەی تریشدا، شاعیر بەرجەستەی (کەلتوری نەتەوەیی)، وەکو بنەمایەکی جەوهەری و سەرەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی کردووە لە شیعرەکانی خۆیدا.

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.240.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.282.

### 6-4-1-3. یادکردنەوە و لە خۆگرتن و ناوهێنانی یاد و بۆنەی کەلتوری و نەتەوەیی

(هێمن) لە شیعرەکانیدا بۆنە و یادە کەلتورییە کوردییەکانی وەکو جەژنی نەتەوەیی (نەورۆز) ناو دەبات و تۆماری دەکات و یادی دەکاتەوە و بەمەش ڕەهەند و لایەنێکی (کەلتوری نەتەوەیی)، وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی دادەمەزرێنێت. بۆ نموونە لە شیعری (نەورۆزی ڕزگاری)دا شاعیر دەڵێت:

لە دنیادا کەمە هاوتای بەهاری جوانی کوردستان
ئەویش ئەوساڵ کە لایێکی نەجاتی بوو لەژێر دەستان
لە خۆشی ئەو وڵاتە شاعیریش بۆتە هەزار دەستان
رەفیقان رۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو رۆژەدا من جێژنە پیرۆزە[1]

لێرەدا دەبینین شاعیر لە بەهار و نەورۆزی سەردەمی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، وەسفی بەهاری کوردستان بە جوانێکی کەم وێنە دەکات، بەتایبەت لەو ساڵەدا کەوا کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دەستی دوژمنان ڕزگاری بووە و ئێساکە ئازادە، ئیتر لە خۆشی ئەمەدا شاعیر بە هەزار و ئاواز دەخوێنێت و بوەتە هەزار دەستان و ڕوو لە دۆست و هاوڕێیان دەکات و پێیان دەڵێت ئەمرۆ هەم ڕۆژی کوردانە و کوردستان ئازادە و هەمیش بەهارە و جەژنی نەورۆزە و بۆیە لە ناخی دڵمەوە ئەمرۆ جەژنە پیرۆزەتان ئاراستە دەکەم. بەمشێوەیە شاعیر یادی نەورۆ وەکو بۆنە و یاد و نەریتێکی کوردەواری بە دڵخۆشی و پیرۆزبایی دەکاتەوە و لە نێو شیعرەکانیدا بەرجەستەی دەکات و بەمەش لایەنێکی تر لە (کەلتوری نەتەوەیی) وەکو بنەمایەکی نەتەوە نەتەوەگەرایی، دەهۆنێتەوە.

هەروەها لە شیعرێکی تردا بە ناوی (شاعیر و ڕێبەندان)دا کەوا شاعیر لەگەڵ مانگی (ڕێبەندان) دا گفتوگۆ دەکات و پێی دەڵێت:

گیانی شاعیرت دەکەم بەقوربان
وا هاتووی ئەوساڵ مانگی رێبەندان!
دەک بەخێرهاتی قەدەمت پیرۆز
بەقوربانت بێ جێژنەکەی نەورۆز
رۆژی تۆ جێژنی گەورەی کوردانە
ناوت دەرمانی ژان و دەردانە
ئەوساڵ بەهارە بۆ ئێمە زستان
بمرێ دوژمنی کورد و کوردستان

لێرەدا شاعیر باس لە ئازادی و سەربەستبوونی کوردستانی ڕۆژهەڵات و دامەزراندنی کۆماری مەهاباد دەکات کە ((لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤دا کە کۆماری مەهاباد دامەزرا....،))[2] بۆ ئەم مەبەستە گفتوگۆیەکی شیعری لە نێوان خۆیی و مانگی (ڕێبەندان) سازکردووە و کە لە کۆتاییدا بەخێرهاتی گەرمی مانگی (ڕێبەندان) دەکات و بە پێ و قەدەم بەخێر و پیرۆز دەیدوێنێت و خۆشی بە قوربانی هاتنی دەکات و پاشان جەژنی نەتەوەیی کوردی، جەژنی (نەورۆز)یشی بە قوربان دەکات و ئەو ڕۆژەی ئەو بە جەژنی گەورە و بەرزی کوردان دادەنێت و ناوی بە دەرمان و ئازاری کوردان هەژماردەکات و پاشان دەڵێت ئەو ساڵەکە وەرزی زستان بۆ ئێمە بەهارە و ئیتر با بمرێ لە داخان دوژمن و داگیرکەری نەتەوە. دیارە شاعیر مانگی (ڕێبەندان) وەکو ڕەمز و ئاماژە بۆ سەرکەوتن و سەربەستبوونی ئەو ڕۆژەی کورد و دروستبوونی کۆماری مەهابات دەدوێنێت و بۆیە ئەم مانگە بە پیرۆزتر و بەرزتر لە جەژنی نەورۆز دادەنێت و خۆی و جەژنیشی بە قوربان دەکات، چونکە جەژنی سەرکەوتنی کورد و

1 سەرچاوەی پێشوو، ل.134.
2 سەرچاوەی پێشوو، ل.9.

جەژنی ڕاستەقینە و پیرۆزی کوردە و کەی کورد بە ئاواتی خۆی گەیشت ئیتر ئەو ڕۆژە لای شاعیر جەژن و پیرۆزییە. هەرچۆنێك بێت شاعیر لەم شیعرەشدا جەژن و نەریتی نەتەوەیی کوردەواری دەخاتەوە بەرچاو و لایەنێك لە لایەنەکانی نەریت و کەلتوری نەتەوەیی کوردی، وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بەرجەستەدەکات.

هەرچۆنێك بێت بەمشێوەیە شاعیر لەم نموونە شیعرییانەی خستمانەڕوو لە چەند شیعری تریشدا لە ڕێگەی خستنەڕوو و پێشچاوخستنی بۆنە و نەریتی کوردی هەنگاوی (کەلتوری نەتەوەیی) وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی کوردی بەرجەستەدەکات.

### 3-1-5. مێژووی هاوبەش

سەرەتا ئەگەر باس لە مانا و چەمك و پێناسەی مێژوو بکەین و بۆ ئەو مەبەستە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکان، دەبینین چەندین پێناسە و باس و خوازی لەسەر خراوەتەڕوو، بۆ نموونە لە سەرچاوەیەکدا بەم شێوەیە (مێژوو) ناسێنراوە: ((مێژوو بریتیە لە تۆماری زنجیرەی ڕووداوەکانی رابردوو کە پەیوەستن بە مرۆڤ و سەردەمەکەیەوە، کە لەخۆیدا تۆماری کرۆنۆلۆجیانەی ئەو ڕووداوانەیە کە پەیوەست بە مرۆڤ ڕوویانداوە. بێگومان سەرباری ئەوەی مێژوویەکی گشتی هەیە کە مێژووی مرۆڤایەتیە، هەر گرۆپ و دەستە و پێکهاتە و چینێکی کۆمەڵایەتیش مێژووی تایبەتی خۆیانیان هەیە، کە مێژووی هەر پێکهاتەیەک دەشێت هێڵێکی کاتی درێژکراوە بێت و ئەو هێڵەش لە روانگەی تۆماری ڕووداوەکانەوە دەناسرێت و دەشێت لە مێژووی هەندێک لە میللەتاندا دابڕانی گەورە لەو مێژووەدا هەبێت بە تایبەتی کە تۆماری ڕووداوی گەورەو دیار سنووری نێوان قۆناغێک و قۆناغێکی تری دیاری کردبێت.))[1] کەواتە مێژوو تۆمارگا و گێڕانەوە و پێشچاوخستنی ڕابردووی میللەت و نەتەوەیە و ئیتر ئەم ڕابردو و مێژووە تۆمارکراوە دەبێتە مێژووی هاوبەشی هەموو میللەت و نەتەوەکە و هەموویان خۆیان بە خاوەنی ئەم مێژووە دەزانن، بەتایبەت سەروەری و ڕووداو و کارەسات و پێشهات و پرسە نەتەوەییەکان.

(مێژوو) یەکێکی ترە لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، بە شێوەیەك کەوا ((نەتەوەخوازان مێژوو بەفاکتەرێکی بنچینەیی دادەنێن بۆدیاریکردنی ئەو کۆمەڵگە مرۆڤایەتیانەی نەتەوە پێکدێنن، هەر بەپێی بۆ چوونیان هزری نەتەوایەتی ڕەگ و ڕیشەی قوڵی هەیە لە ڕابردوودا، وەك هەموو دیاردە مێژووییەکان، ئەم دیاردەیە بەرهەمی چەند هۆکارێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هزری و سایکۆلۆژییە، کەلەماوەی چەندین سەدەدا دەرکەوتووەو سیماهاوبەشەکانی بەدەست هێناوە.فەیلەسوفی ئەلمانی (هردەر) جەخت لەسەر مێژووی هاوبەش و سەروەریەکان دەکاتەوە،....))[2] هەروەك پێشتر لە باسی تیۆری (پێشینەگەر) باسمانکرد کەوا نەتەوە مێژوویەکی دێرینی هەیە و لەسەر ئەم مێژووە دێرین و هاوبەشە دامەزراوە.

هەرچەندە (مێژوو)ی هاوبەش بە بنەمایەکی سەرەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ((هەندێ لەپسپۆرانی ئەم بوارە پێیان وایە کەمێژووی هاوبەش وەك هەموو فاکتەرە بابەتیەکان بەشێوەیەکی ڕەها پێویست نییە، نموونەشیان لەسەر ئەوە نەتەوەی نوێی ئەمریکاو هەندێ وڵاتانی تازە دامەزراوی کیشوەری ئەفریقیایە.))[3] هەرچۆنێك بێت ئەم بنەمایەش هەروەك بنەماکانی تر لە نەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەکی تر گرنگی و کاریگەرییەکەی دەگۆڕێت و ئاستێکی دیاریکراو و نەگۆڕی نییە.

لێرەدا هەوڵدەدەین چەند لایەنێك لە بەرجەستەکردنی (مێژووی هاوبەش)شی کورد، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن)دا، بە نموونەی شیعری، بخەینەڕوو:

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.67.
[2] محمد فاتح. ناسیۆنالیزم و سیاسەت. ل.58-59.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.59.

### 3-1-5-1. شانازیکردن و پیاهەڵدان بە مێژووی ڕابردوو و ڕەگەزی دێرینی کورد

شاعیر لە شیعرەکانیدا شانازی بە مێژووی کورد و ڕابردووی دێرین و ڕەگەزی کورد دەکات و وەکو پیاهەڵدان و بەرزڕاگرتنی ئەم دیرۆکەی کورد و بەرجەستەکردنی وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی کوردی دەیهێنێتەوە، بۆ نموونە لە شیعری (کورد و ئازەربایجانی)دا، کە پێشتریش بۆ نموونەی بابەتی تر باسمان کردووە، باس لە هەریەکە لە ڕاپەڕینی کورد و ئازەربایجانی، وەکو دوو نەتەوەی ئێران دەکات و دەڵێت:

نەیدەهێشت ئێمە هەمانبێ قەت لەگەڵ یەکتر برایی
کوانێ لەکوێیە ببینێ پۆلی پێشمەرگە و فیدایی؟
تێ بگا نای بێ لەدەست ئەو نۆجوانانە رەهایی
ئەو کوڕی سمکۆی دلێرە، ئەو نەوەی سەتتارخانە[1]

بەمشێوەیە باس لە پەیوەندیی برایەتی و ڕاپەڕینی کورد و ئازەربایجانی، دژ بە شای ئێران، وەکو دوژمن و داگیرکەرێکی کورد و ئازەربایجانییەکان، دەکات و بە شان و باڵی پێشمەرگەی کوردی و فیدایی ئازەربایجانیدا هەڵدەڵێت و پێشمەرگە بە نەوە و وەچەی (سمکۆی شکاك) ئەوی تریش بە نەوە و وەچەی (سەتتارخان)، هەرچۆنێك بێت پێشتر ئەم ناوەڕۆکەمان باسکردووە، بەڵام لێرەدا ناچاربووین بە کورتی دووبارەی بکەینەوە، ئەوەی گرنگە دەبین شاعیر ئاماژە بە مێژووی دێرین و ئازایەتیی کورد دەکات و ئەم لە خۆگرتنەی مێژوو لایەنێکە بۆ بەرجەستەکردنی (مێژووی هاوبەش)ی نەتەوەی کورد، وەکو یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی.

هەروەها لە نموونەیەکی تریشدا بە ناوی (کچی مەهاباد)، کە پێشتر زیاتر لە جارێك بۆ بابەتی تر هێنامانەتەوە و شیمانکردۆتەوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانین چەند بارەی بکەینەوە، شاعیر باس لە کچی مەهابادی دەکات و مێژووی ڕەگەزەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ (مادەکان) و وەکو مێژووی ڕەگەزی کوردی دەیخاتەڕوو، ئەم ئاماژەکردنە بۆ مێژووی دێرینی کورد و ڕەگەزی نەتەوەیی؛ لایەنێکە لە لایەنەکانی تۆمارکردنی (مێژووی هاوبەش)ی نەتەوەیی، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی.

کەواتە پیاهەڵدان و شانازیکردن و بەرزڕاگرتنی مێژووی ڕابردووی دێرین و ڕەگەزی کوردی یەکێکی ترە لە ڕەهەند و لایەنەکانی بەرجەستەکردنی (مێژووی هاوبەش)، وەکو بنەمایەك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی شاعیردا.

### 3-1-5-2. یاد و ئاماژەکردن بە چەند ڕووداو، کارەسات، ڕەمز و کەسایەتیی مێژوویی کورد

لایەنێکی تر لە بەرجەستەکردنی (مێژووی هاوبەش) لە شیعرەکانی (هێمن)دا یادکردن و خستنەڕوو ئاماژەکردن بە چەندین ڕەمز و کارەسات و ڕوداو و بەسەرهات و کەسایەتیی مێژوویی ناو مێژووی نەتەوەی کوردە، بۆ نموونە لە شیعری (دواڕۆژی ڕووناک)دا شاعیر دەڵێت

لەمێژبوو هەققی کورد دەخورا بە فیڕۆ
لەمێژبوو کورد بوو دەیکرد شین و ڕۆڕۆ
لە مەیدانی شەقێنی دوژمنیدا
سەری سەرداری کوردی بوو وەکوو گۆ
بە دەوری لاشی نیوەگیانی ئەودا
هەزار گورگ و چەقەڵ دەیکرد مڵومۆ
دەیانبەست بۆ کوتانی مەرج و پەیمان

[1] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.139.

هەناوی لێی دەهات بۆچرووک و بۆسۆ
لە دێدا ئەمنیەی لێ ببووە مێمڵ
لە شاری «شارەبانی» لێ ببۆ سۆ
هەزار لاوی لە بەندیخانەدا مرد
هەزار پیاوی تەنافی خرایە ئەستۆ
کوڕی کوردی لە خوێنی خۆی دەگەوزی
کچی کوردی سەری کردبووە ئەژنۆ
ئەوەی سووکایەتی بوو کردی پێمان
نەدەکرا کەس بڵێ بۆ وا دەکەی بۆ؟
بڕا نێفەک، دڕا سەرپێچ و دەسماڵ
برا کیژ و درا کوڕ پاڵەپەستۆ
گوڵستان و زەمەندی کوردەواری
بەپێی دوژمن دەبوو پێشێل و بۆژۆ [1]

لێرەدا ئاماژە بە دێرینی مێژووی داگیرکراوی و ژێردەستی کورد و کوردستان دەکات و بە وشەی (لە مێژە) دەیخاتەڕوو، بۆمان ڕووداو و کارەساتی دڵتەزێنی سەردەمی داگیرکراوی کوردستان تۆماردەکات و تابلۆی کارەساتی کورد بە ئازار و شین و گریان و سەربڕین و کوژران و خوێنڕژان و خوێنمژران و تاڵانکران و بەندکردن و لە سێدارەدان و... هیتر خەمناکانە دەنەخشێنێ. بە خستنەڕووی ئەم وێنە جەرگ بڕاو تراجیدییانەی ڕووداو و کارەساتی ناو مێژووی هاوبەشی نەتەوەی کوردمان بۆ تۆماردەکات و پێمان دەڵێت ئەوە مێژووی کوردە بەدەست داگیرکەر و زۆردارانی کورد و کوردستان. بەمەش شاعیر بەرجەستەی (مێژووی هاوبەش) لە شیعرەکانیدا دەسازێنێ.

هەروەها لەم شیعرە و چەندین شیعری تردا شاعیر زۆر بە جوانی و بە هەست و شێوازیکی شاعیرانە باس و یادی ڕوداو و کەسایەتی و ڕەمز و کارەسات و بەسەرهاتی مێژوویی نەتەوەیی کوردیمان بۆ بەیان دەکات، کە وەکو لایەنێك لە لایەنەکانی بەرجەستەبوونی بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەریی کوردی (مێژووی هاوبەش)مان بۆ بەرقەرار دەکات. هەروەك لە شیعرێکی تردا بە ناوی (دەسکەوتی خەبات)دا لە یادکردنەوەی (حاجی قادر)دا، وەکو کەسایەتییەکی ناوداری مێژوویی کورد، دەڵێت:

سڵاو ئەی حاجی ئەی رۆڵەی زەمانە!
لە سایەی تۆوە هەرچێکی هەمانە
هەموو ژینت لە رێی گەلدا بەخت کرد
هەتا رێگای خەباتت بۆ تەخت کرد[2]

لێرەدا دەبینین شاعیر لەم شیعرەدا یاد و ئاماژەیەکی مێژوویی دەخاتەڕوو، کە ئەویش یادکردن و باسکردنی (حاجی قادر)ی شاعیری گەورەی کوردە، شاعیر سڵاو بۆ (حاجی) دەنێرێت و بە ڕۆڵەی زەمانە وەسفی دەکات و پێی دەڵێت هەموو شتێکی نەتەوەی کورد بۆ ئەو دەگەڕێنێتەوە، چونکە ژیانی خۆی پێشکەش بە گەلەکەی کردووە و تاوەکو ڕێگەی خەباتیان بۆ وڵا بکات، ئیتر شاعیر لەسەر گفتوگۆیەکەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

گەلێکت دی غەریبی و تاڵ و سوێری
نەبوو ساتێ لە خزمەت خۆ ببوێری
بەگژ بێگانە و خۆمانەدا چووی

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.108-109.
[2] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.256.

لەگژ دێوەزمە و دێوانە ڕاچووی
نەترسای و نەخەجڵای و نەلەرزی
چ مەشهووری، چ ڕووسووری، چ بەرزی[1]

شاعیر دەڵێتە (حاجی) تۆ گەلێك غەریبی و دەربەدەری و ئاوارەیی و تاڵ و سوێریت دیت لەسەر خۆت نا بەڵکو لەسەر نیشتمانەکەت و لەم پێناوەدا بە گژ خەڵکی خۆمان و نەیاران و دوژمنان و دێوەزمەدا چوویتەوە و بەبێ ترس و بیم. پاشان شاعیر سەرسامی خۆی بۆ دەردەبڕیت و بە ناودار و باڵا و ڕووسوور و سەربەرز ناوی دەبات.

ئیتر بەمشێوەیە شاعیر لە ڕێگەی بەیانکردن و خستنەڕووی کەسایەتی و ڕوداو و باسوخوازی مێژوویی نەتەوەیی بنەمایەکی تری نەتەوە و نەتەوەگەریمان بۆ بەرجەستەدەکات.

**3-5-1-3. بەرجەستەکردنی شیعر وەکو تۆمارگە و پەڕاوێکی مێژوویی ڕووداو و بەسەرهاتەکان**

شاعیر ناوەڕۆکی چەند شیعرێکی خۆی کردۆتە پەڕاوگەیەکی مێژوویی بۆ تۆمارکردنی چەندین ڕووداو و بەسەرهات و کارەسات و کەسایەتی و پێشهاتەکانی نەتەوەی کورد. هەروەها شیعرەکانی وەکو لایەنێك لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی، کە ئەویش (مێژووی هاوبەش) پێشکەش کردووە. بۆ نموونە لە شیعری (مەتەرێزی شەرف)دا دەڵێت:

نەترەی نەما دوژمن لەبەر پێشمەرگەم
لەگشت لاوە هەڵات و نەیگرت بەرگەم
زۆردارت دی هەڵاوەسرا سەرەوبن
ئۆخژنی هات دڵی گەرمی بێوەژن
خوێنڕێژت دی گەوزی لەنێو خاک و خوێن
ڕازایەوە گڵکۆی شەهیدی بێ شوێن[2]

لێرەدا شاعیر وێنەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی سەرئەنجامی دوژمنانی نەتەوە بە دەستی جەنگاوەر و لاوان و جوانانی کوردانمان وەکو یاداشتێکی مێژوویی بۆ تۆماردەکات و دەیکاتە پەڕاوێکی گێڕانەوەی مێژوویی و نەتەوەیی. بەڵێ ڕوداو و بەسەرهاتی شکست و هەڵاتنی دوژمن و داگیرکەرانی خاکمان بۆ بەیان دەکات و دەیگێڕێتەوە کەوا چۆن زۆردار و خوێنمژان هەڵاتوون و بەرگەی جەنگاوەرانیان نەگرتووە لە جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەدا، کە دەرەنجام گەلی کورد سەرکەوتووە بەسەر دوژمناندا و مەیدانی جەنگ بە خوێنی دوژمنان سوور بووە، هەروەها زۆرداران و دوژمنانی کورد سەرەوژێر هەڵواسراون و هەروەها:

توانەوە دەسبەند، کەلەپچە، زنجیر
کرانەوە دەرکی قەفەز لە یەخسیر
ئەسترِاوە فرمێسکی ڕۆڵە کوژراو
ئەستێنراوە تۆڵەی بێ کفن نێژراو
بزەی هاتێ لێوی لە خۆشی بێبەش
جلکی گۆڕی سۆرانی شین، بەرگ ڕەش[3]

بەندکراوان ئیتر ئازادبوون و کەلەبچەی دەستیان پسێنرا و تۆڵەی دایکی شەهێدانی نەتەوەیە لێکرایەوە و گەلیش پۆشاکی ڕەشی لە خۆی داماڵی و جلکی ڕەنگدار و دڵی پڕ خەندە و خۆشیی پۆشی. لێرەوە شاعیر

[1] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.256.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.213-214.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.214.

لە ڕێگەی ئەو تۆمارگە مێژووییەوە لایەنێکی تری (مێژووی هاوبەش)ی وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی بەرجەستەکرد.

هەروەها بۆ نموونە لە شیعرێکی تریشدا بە ناوی ( شینی گۆران)، هەرچەندە پێشتریش بۆ بنەمای (خاك) خستمانەتەڕوو بەڵام لێرەش لە بەر پێویستی دەیخەنەوەڕوو، شاعیر یاد و شینی خەڵکی کوردستان بۆ (گۆران)ی شاعیری ناسراو و بەرزی کورد، وەکو تۆمارێکی مێژوویی و ڕەمزێکی مێژوویی هەست و لاواندنەوە و پیاهەڵدانێکی شیعری دەخاتەڕوو دەڵێت:

هەر لە بۆتانەوە هەتا سۆران
هەموو سۆرانی شینە بۆ گۆران
هەر لە کوێستانەوە هەتا گەرمێن
یەخەمان دادڕاوە تا دامێن
لە جزیرە هەتاکوو بەحری رەش
نییە کیژێ سەری نەنابێ لە هەش
لە دیاربەکرەوە هەتا ورمێ
سەر بەقوڕ، مل بەکوێنە نێر و مێ
هەر لە کەرکووکەوە هەتاکوو سنە
شین و رۆڕۆ و فغانی پیاو و ژنە
لە مەریوانەوە هەتا زێبار
وەک زرێبارە چاوی کوردی هەژار
هەر لە زاخۆ هەتاکوو کرماشان
پرسەیە، ماتەمە، بەخۆدادان[1]

بەمشێوەیە دەبین باسی ڕوداوی یادکردنەوە و شینگێڕانی نەتەوە بۆ شاعیری گەورەمان بۆ تۆمار دەکات و زۆر بە وردی فراوانی ئاپۆرا و شینگێڕانەکەمان بۆ بەیان دەکات و ئاماژە بە هەموو ناوچە و چین و توێژ و مەوداکان دەکات، هەر لە بۆتانەوە تاوەکو سۆران و پاشان لە کوێستانەوە تا گەرمێن و لە جزیرەوە هەتاکو بەحری ڕەش و ئیتر بەم شێوەیە پێدا دەڕوات و هەموو شوێنەکانی کوردستانی گەورە لەم تازیەبارییە بەشدار دەکات و باسی شین و شەپۆڕ و هاوار و ڕۆڕۆ و ئەسرین بارین و لە خۆدان و... هیتر لە لایەن هەموو چین و ڕەگەزەکانی کوردەوە دەگێڕێتەوە. لە شیعرەکەیدا لە سەر ئەم گێڕانەوەیە بەردەوام دەبێت و تا لە کۆتاییدا دەڵێت:

جا چلۆن دڵ بەخەم نەبین، نەگرین
جا چلۆن کۆڕی شینی بۆ نەگرین
شاعیرێک بوو بەنرخ و بێ وێنە
بیری رۆشن بوو، چەشنی ئاوێنە
شاعیرێک بوو بەجەرگ و هەڵکەوتوو
پێشرەوی گەل بوو نەک لە گەل کەوتوو
تاکی کەم بوو لە جوان پەرستیدا
وەکوو مێو بوو وشە لە دەستیدا
هەستی پاک، مێشکی تازە، بیری نوێ
شێعری پڕ سۆز، قسەی بەتام و خوێ
دڵتەڕ و خۆش خەیاڵ و ناسک بین

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.197.

بەهونەر، شارەزا، وشە رەنگین[1]

لەم کۆتاییەشدا ئەم خەمباری و شین و تازیەدارییە بە پێویست و ناچاری دەزانێت کە گەل سەرتاپا بۆ شاعیری بەتوانای کورد دەیکات، چونکە (گۆران) شاعیرێکی بەرز و بێوێنە بووە و خاوەنی بیرێکی ڕۆشن و مۆدێرن و هەستێکی پاك و دڵێکی تەڕ و پڕ سۆز و بەجەرگ و خەیاڵی جوان و ناسك و کەم وێنە لە جوانی پەرستی و... هێتر بوو، بۆیە جێگای ئەوپەڕی ڕێز و یادکردنەوە و لاواندنەوە... ئیتر لێرەشدا لە ڕێگەی تۆمارکردنی ئەو هەموو وێنە و ڕوداوانە وەکو پەراوێکی مێژوویی لایەنێکی تری مێژووی هاوبەشی نەتەوەی کوردمان بۆ بەیان دەکات.

### 3-1-6. ئابووریی نەتەوەیی

هەڵبەتە (ئابووریی هاوبەش) یەکێکی ترە لە بنەما و پێکهێنەرە جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، هەموو نەتەوەیەك بۆ بژێوی ژیان و گەشەسەند و بەردەوامی پێویستی بە ئابوورییە، ئابوورییەك کەوا هەموو تاکەکانی نەتەوەکە تێیدا بەشداربن. هەروەها ((ئاشکرایە کە ئابووری ڕۆڵی کاریگەرو لەبەرچاوی هەیە لە نەخشەڕێژکردنی ژیانی تاك و کۆمەڵگادا. هەروەك لە ڕوانگەی تێزی مارکسیزمەوە ئابووری وەکو بزوێنەری مێژوو سەیر دەکرێت و ئەوەش ڕاستە کە ئابووری ئەو ژێرخانەیە کە هەم سروشتی ژیانی کۆمەڵگا دیاری دەکات و ڕێکدەخات، هەم بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ئاستی ململانێکان و ئاراستەی پەرەسەندنیش لەهەر کۆمەڵگایەکدا دیاری دەکات. ئابووری ئەو بنەمایەیە کە پەیوەندی بە ژیانی کۆی تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەیەو هەمووان بەرژەوەندیان تێیدا هەیەو بەهێزترین هۆکارە کە وەکو ناوەندێك سەرجەمی ئەندامانی کۆمەڵگا هەریەکە بە پێی ئاستی چینایەتی و شوێن و پێگەی خۆی لە کۆمەڵگاداو لە ژیانی ئابووریدا پێوەی پەیوەستن.))[2] هەرچەند لایەنی ئابووری نەتەوە بەهێز و گەشەسەندوبێت ئەوەندە کۆمەڵگای نەتەوە گەشەسەندوتر و پتەوتر دەبێت. تەنانەت بەرجەستەبوونی ئابوورییەکی بەهێز و پتەو بناغە و فاکتەرێکی بنچینەییە بۆ دروستکردن و بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی.[3]

بایەخدان بە (ئابووری) وەکو هۆکار و بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە چاو بنەماکانی تر لە بیروباوەڕ و بزاڤە نەتەوەگەراکانی سەدەی بیستەم زیاتردەبێت، هەڵبەتە ئاستی ئەم بایەخدانەش بە پێی پێکهاتەی نەتەوەکان دەگۆڕێت.[4]

(ئابووری)، وەکو یەکێکی تر لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە شیعرەکانی (هێمن) دا بەرجەستەکراوە، ئەم بەرجەستەکردنەش لە ڕێگای خستنەڕووی چەند لایەن و ڕەهەندێکی ئەم بنەمایە ئەنجامدراوە، هەرچۆنێك بێت لێرەدا وەکو نموونە چەند لایەنێك بە نموونەی شیعرییەوە دەخەینەڕوو:

### 3-1-6-1. هەڵوەستەکردن و ئاوڕدانەوە لە ئامراز و هۆکارەکانی وەبەرهێنانی مۆدێرن

لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا ئاماژەدان و ئاوڕدانەوە و هەڵوەستەکردن لەسەر ئامراز و کەرستە و هۆکارەکانی وەبەرهێنانی پێشکەوتوو مۆدێرن دەبێتە مایەی بەرجەستەکردنی لایەن و ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی (ئابووری نەتەوەیی) وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی. بۆ نموونە لە شیعری (ئاواتی بەرز)دا شاعیر لە باسی دەرئەنجامی گەیشتن بە خەونی سەربەخۆیی و سەروەری کورد و کوردستاندا دەڵێت:

دادەمەزرێنین لە گشت شاری وڵات کارخانەیەک

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.199.
[2] عەتا قەرەداخی. گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی. ل.69.
[3] بڕوانە: فەهمی شوکری عەبدوڵڵا. نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی (1650-1707)دا. ل.186.
[4] محمد فاتح. ناسیۆنالیزم و سیاسەت. ل.61.

تا بەدەستی خۆی رەنێو بێ بەرهەم و کرگاری کورد[1]

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر وەکو دەرهاویشتە و دەرئەنجامی سەربەخۆیی گەل باس لە دامەزرانی کارگە و کارخانە لە هەموو شارەکان دەکات، بۆ ئەوەی کوردیش ببێتە خاوەنی بەرهەم و ژێرخانی ئابووریی بەرز. هەروەها پاشان لە بەردەوامی شیعرەکەدا دێتە سەر لایەنی کشتوکاڵ و دەڵێت:

بەر دەدەن گاجووتی لەڕ، سواری تەراکتوران دەبن

دێتە دەر بوورە و بەیار و بەندەن و نیساری کورد

کشتوکاڵ و جووت و گامان دێتە سەر باری لەبار

پڕ دەبێ تێر و جەواڵ و مشت دەبێ عەمباری کورد[2]

بەمشێوەیە لە بواری وەبەرهێنانی کشتوکاڵیشدا ئاماژەدەکات بەوەی کەوا پشت بە ئامێری پێشکەوتوو مۆدێرنی وەکو تەراکتۆر دەبسترێت بۆ کێڵان و کاروباری کشتوکاڵکردن. بەمەش بەرهەمی کشتوکاڵی و وەبەرهێنانی زەویمان گەشە دەستێنێت و عەمبار و سایلۆی کورد دەوڵەمەند و پڕ دەبێت. ئەم جۆرە بیرکردنەوە لە پێشکەوتنی ئامراز و کەرستەی وەبەرهێنان بنەمەی گەشەی کەرتی کشتوکاڵ و ژێرخانی ئابووری نەتەوەیە و لەم ڕێگایەوە وڵات دەبووژێتەوە.

هەرچۆنێك بێت شاعیر بەهۆی خستنەڕووی ئەم لایەنە پێشکەوتووە لە ئامراز و کەرستە و کارگەی وەبەرهێنان و کشتوکاڵ هەوڵی بەرجەستەکردنی (ئابووری نەتەوەیی)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، دەخرێتەڕوو.

### 2-6-1-3. ئاماژەکردن و خستنەڕووی تاڵانکردن و بەزۆربردنی بەرهەم و ئابووریی گەل

لایەنێکی تر لە بەرجەستەکردنی بنەمای نەتەوە و نەتەوەگەرایی (ئابووریی نەتەوەیی) لە شیعرەکانی شاعیردا ئاماژەکردنە بە تاڵانکردن و بەزۆر زۆرداری بردنی بەرهەم و ڕەنج و ئابووری و ژێرخانی کورد و کوردستانە. بۆ نموونە لە شیعری (دواڕۆژی ڕووناک)دا شاعیر دەڵێت:

دەیانکرد دەغڵودانی ئێمە بەش بەش

دەیانبرد دانەوێڵەی ئێمە کۆکۆ

ئەوی گەنمی رەنێو دێنا بەزەحمەت

لە ماڵیدا نەبوو خۆی زمهەڕێک جۆ

لە کیسەیدا نەبوو تاڵاییی تووتن

ئەوی سازی دەکرد سیگاری «ئوشنۆ»

بە دوو گەز جاوەوە خەونی دەبینی

ئەوی عەمباری شای پڕ کرد لە پەممۆ

پەنیر و رۆنەکەی ئێمە بەزاری

ئەوان دەخورا، دەما بۆ ئێمە هەر دۆ

مریشک و قاز و باڕۆکە و مراوی

بەشی وان بوو، بەشی ئێمەش پەڕوپۆ[3]

لێرەدا شاعیر باس لە تاڵانی و بردنی بەروبووم و سامانی گەل دەکات و بۆمان دەخاتەڕوو کەوا نەیارانی وڵات چۆن بەرهەمی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵی و پەلەوەری: وەکو گەنم و جۆ و دانەوێڵە و تووتن و پەممۆ و پەنیر و ڕوون و میریشك و قاز و مراوی... دەبەن بە تاڵان و هیچ بۆ دانیشتوانی کوردستان نامێنێتەوە، مەگەم خۆیان کەمێك جۆ و دۆ و پەڕوپۆی پەڵەوەریان بۆ مابایەوە، ئەگینا خەونیان بەم

[1] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.170.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.170.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.109.

بەرهەمانەی خۆیانەوە دەبینی و هیچ بۆوان نەدەمایەوە وداگیرکەری چاوچنوك هەمووی تاڵان دەکرد. بەمشێوەیە شاعیر ئەم بابەتە دەکاتە لایەن و ڕەهەندێك بۆ بەرجەستەکردن و خستنەڕووی (ئابووری نەتەوەیی) وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی.

هەروەها لە شیعری (دەمەتەقەی دوو خوێنمژ)دا، کە پێشتریش وەکو نموونە بۆ بابەتی تر خستمانەتەڕوو، لێرەشدا بۆ مەبەستی بنەمای ئابووری کوردستان بە پێویستی بزانیین بیخەینەوەڕوو، لەم شیعرەدا شاعیر لە دەمەتەقێی دوو داگیرکەری کوردستاندا باس لە سامان و بەرووبووم و خێر و بێر و ژێرخانی وڵات دەکات و لەسەر زمانی (سراج ئۆغڵوو)ی تورك دەڵێت:

لە قیسمان بچی تووش دێین هەژاری
گەنم و جۆی ئەوە رزق و بژیومان
بەنەوتی ئەوە رووناکە دیومان
ئەو گەنمە نەبێ لە برسان دەمرین
ئەو نەوتە نەبێ شەوکوێری دەگرین
تەدبیرێک بکە هەتاکو زووە
تا هەل و فرسەت لە دەس نەچووە[1]

لێرەدا نەیار داندەنێ بەوەی کەوا لە سەر بەرهەمی کشتوکاڵ و سامانی سروشتی وڵاتی کوردان بەرێوە دەچن و ئەگەر گەنم و دانەوێڵەی ئەم خاکە نەبێ لە برسان دەمرن و ئەگەر نەوتی ئەوان نەبێ ڕووناکی بە چاوی خۆیان نابینن. بەمەش شاعیر ئاماژە بە بوونی سامانی نەتەوەیی دەوڵەمەندی بە تاڵان بردراو دەکات.

هەروەها لە شیعری تری وەکو (ئارەق و تین)[2] و هیتریشدا شاعیر ئاماژە بە تاڵانی و بەزۆر بردنی بەرهەم و ڕەنج و ئارەقەی کرێکار و بەرهەمهێنی گەل دەکات. ئیتر بەمشێوەیە شاعیر لە ڕێگەی خستنەڕووی تاڵانکردن و بەزۆر بردنی سامان و بەرهەمی سەرزەوی و ژێر زەوی لە لایەن نەیارانەوە ڕەهەندێکی تری بنەمای (ئابووری نەتەوەیی)، وەکو یەکێك لە بنەما گرنگەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، بەرجەستەدەکات.

### 3-6-1-3. باسی دەستی کار و جوتیار و گرینگییان بۆ بەرهەم و ئابووریی وڵات

یەکێکی تر لە لایەن و ڕەهەندەکانی بەرجەستەکردنی (ئابووریی نەتەوەیی)، وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە شیعرەکانی (هێمن)دا بریتییە لە داواکردنی دەستی کار کرێکار و جوتیار بۆ ئاوەدانی و پێشخستنی وڵات، بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (ئارەق و تین)دا دەڵێت:

من جووتیارم، من جووتیارم
من لەگەڵ هەتاو هاوکارم
من بەئارەق و ئەو بەتین
دامان رشتووە بناخەی ژین
باسکی من و تیشکی ئەوی
بژیو دەستێنن لە زەوی[3]

بەمشێوەیە شاعیر لەسەر زمانی جوتیاران پەیامی ئابووری خۆی بەرجەستەدەکات و وەکو جوتیارێك باسی خۆی دەکات و خۆی بە هاوبەش و هاوکاری خۆر دەزانێت بەوەی خۆری ئاسمان تین و ڕووناکی و گەرمی دەنێرێ و ئەویش ئارەق و ماندوبوون و هەوڵ و کاری بەردەوام لەم ڕێگەیەوە بنەما و بناغەی

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.394.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.230-234.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.232.

ژینیان دەمەزراندووە و شاعیر بە هێزی بازوو هەتاویش تیشك و ڕووناكی و دەرئەنجام بژێوییان لە زەوی پێشكەشكردووە. هەروەها پاشان لەم بارەیەوە شاعیر پرسیار دەكات و دەڵێت:

گەر جووتیار ئارەق نەڕێژێ

گەر هەتاو تیشک ناوێژێ

دانیشتووی ناو کۆشک و قەڵا

دەخۆن نانی گەڵا گەڵا؟[1]

لێرەشدا شاعیر باس لە نەبوونی دەستی كار و ڕەنجی جووتیار دەكات و دەپرسێت ئاخۆ ئەگەر جووتیار ڕەنج نەكێشی و ئارەقە نەبارێنێ و هەتاویش تیشك و ڕووناكی نەبەخشێ ئاخۆ خەڵكی ناو كۆشك و قەڵا كێ نان و خۆراكیان بۆ بەرهەمدێنێت. ئیتر شاعیر لە ڕێگەی خستنەڕووی باسی دەستی كار و جوتیار و گرنگی لایەنێكی تری (ئابووری نەتەوەیی)، وەكو بنەمایەكی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دادەمەزرێنێت.

### 3-1-6-4. پاڵپشتی و ئاوڕدانەوە لە بەرهەمی خۆماڵی و پشتكردن لە بەرهەمی بیانی

هەڵبەتە لە ناوەڕۆكی شیعرەكانی (هێمن)دا پاڵپشتی و ئاوڕدانەوە لە بەرهەمی ناوخۆ و خۆماڵی و پشتكردن و دووركەوتنەوە لە بەرهەمی هاوردە و بیانی و بیگانە یەكێكی ترە لە لاینەكانی بەرجەستەكردنی (ئابووریی نەتەوەیی) بۆ نموونە لە شیعری (هەڵدەكەم)دا لە دێرە شیعرێكدا دەڵێت:

خۆش بی بووزووی خۆم چ محتاجم بەپەشمی خاریجە

تاكو جاوی خۆم هەبی بۆ جامەیی مەلمەل دەكەم[2]

لەم دێرەدا شاعیر پشتیوانی خۆی بۆ بەرهەمی ناوخۆ و خۆماڵی دەردەبڕێت و پشتكردن و حاشای خۆی بۆ بەرهەمی بیانی و بێگانە و دەرەكی دووپات دەكاتەوە و بەوەی كە هەتا داو و خوری و جلوبەرگ و قوماشی ڕان و جۆغەڵی خۆماڵی و خۆمانەمان هەبێت چیداوە لە داو و خوری و قوماش و بەرگی تەنكی لە جۆری مەلمەلی بیانی و دەرەكی و ئیتر نایەوێت و هەر خۆمانە پەسند دەكەم بەسەر بیانیدا. لێرەوە شاعیر دەیەوێت ژێرخانێكی ئابووری خۆماڵی دەیەوێت دامەزرێت و پشت بە بەرهەمی بیانی نەبەسرێت و گەشە و پەرە بە بەرهەمی ناوخۆ بدەین.

بەمشێوەیە شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی ئاوڕدانەوە لە بەرهەمی خۆماڵی و پشتكردن لە بەرهەمی بیانی بنیاتی (ئابووری نەتەوەیی) وەكو لایەنێكی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی بەرجەستە بكات.

### 3-1-7. ئاین و باوەڕ

سەرەتا ئەگەر بپرسین ئاین چییە؟ هەڵبەتە لە ڕووی زاراوە (ئاین) لە فەرهەنگی (ئەستێرە)دا بەم وشە و زاراوانە لێكدراوەتەوە: ((مبدأ، عقیده، ایمان، مذهب، دین،اعتقاد، معتقد، طريقة.))[3] لە ڕووی چەمك و پێناسەوەش لە سەرچاوەكەی (عەتا قەرەداغی) بەم شێوەیە ئاین خراوەتەڕوو: ((ئاشكرایە ئایین ئەو بڕوایەیە كە زۆرینەی دانیشتوانی كۆمەڵگەكان پەیڕەوی دەكەن و بڕوایان پێیەتی، كە دەشێت ئایینێكی ئاسمانی یان زەمینی بێت. ئاشكرایە ئایین پانتایی ڕۆحی كۆمەڵگا داگیر دەكات. ئەستەمە كۆمەڵگایەک ببینرێت لە دەرەوەی ئایین یان بەبێ ئایین، لەبەرئەوەی ئایین پەیوەندی ڕۆحی تاكەكەس و كۆمەڵگەیە بە خودایەكەوە كە بە دروستكەرو جوڵێنەرو پارێزەری ژیان دەزانرێت و بە پیرۆز سەیر دەكرێت و دەپەرسترێت. مرۆڤ لە زۆربەی بنەماو ڕەگوڕیشەكانی تر زیاتر بە ئایینەوە پەیوەست دەبێت. سروتە ئایینیەكان و یاساو ڕێساكانی ئایین لە هەر كۆمەڵگایەكدا ڕۆڵی كاریگەر دەبینن

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.233.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.388.

[3] فازل نیزامەدین. ئەستێرە گەشە، فەرهەنگی کوردی – عەرەبی. چاپی سێیەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2003، ل.23.

له ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا.))[1] ئیتر ئەو هێزە ڕوحییەی لە ئایندا هەیە دەتوانێت ئەندامەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکدا کۆبکاتەوە و بیانکاتە یەك دەستە و کۆمەڵەی یەکگرتوو.

رۆڵی ئاین لە کۆمەڵگادا فەرمۆشناکرێت، ئاین گرنگی زۆر بە چینی نەدار و مەزلومی کۆمەڵگا دەدات و بە شێوەیکی بەرچاو باوەشی هاوکاری و پشتیوانییان بۆ دەکاتەوە، بەتایبەت ئاینە گەورە و باڵاکان، واتە: ((ئایینە گەورەکان هەموو کات دڵە خورپەی رەنج و ئازاری خەڵکی چەوساوەیان بووە، بەڵام هەریەکە بە جۆرێکی تایبەت پەرسڤی ئەم پرسەیان داوەتەوە.))[2] بێگومان ئەمەش وایکردووە ئاین لە نێوان چینی خواروی کۆمەڵگا گەرمتر پێشوازی لێبکرێت و تەنانەت ئەم پێشوازییە بگاتە ئاستی قوربانی دان بە ماڵ و گیان لە پێناوی پاراستنی بیروباوەڕ و ئاینەکەیان.

هەروەها لە ڕووی نەتەوە و نەتەوەگەرایەتییەوە ئاین کاریگەری جەوهەری و ڕۆڵی بەرچاو و بەهێزی خۆی هەیە، بۆیە ((ئایین وەکو بنەمایەکی ناسیۆنالیزم سەیر دەکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە ناسیۆنالیزمێک هەیە بە ناوی ناسیۆنالیزمی ئایینی.)) کە زیاتر هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی ئاینی دەدات. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئاین ڕەگەز و بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەراییە. هەرچەندە کاریگەری و ڕۆڵی ئەم بنەمایەش وەکو بنەماکانی تری نەتەوە و نەتەوەگەرایی بۆ هەموو نەتەوە و گەلەکان وەکو یەك نییە و ئاستی بەرجەستەبوونی کاریگەرییەکەیان جیاوازە. تەنانەت سەرەڕای ئەو ڕۆڵ و کاریگەرە بەرچاوەی کە لە خۆی گرتووە، ڕەنگە هیچ ڕۆڵ و گرنگییەکی ئەوتۆشی نەبێت لە بزوتنەوەی نەتەوەگەرایی هەندێك میللەت و نەتەوەدا.[3]

هەرچۆنێك بێت ئێستا هەوڵدەدەین هەندێك لایەن لە خستنەڕووی ئاین و باوەڕی کورد، وەکو یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن)دا، بە نموونەی شیعری، باس دەکەین:

### 3-1-7-1. کۆکردنەوەی نزا و هێزی ڕوحی ئایین لە پاڵ شۆڕش و خەباتی نەتەوایەتی

شاعیر لە ڕێگەی هاوتاکردن و کۆکردنەوە و یەکخستنی نزا و پارانەوە و هێزی ڕوحی ئاین لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی لایەنێکی تری (ئاین و بیرو باوەڕ) وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بەرجەستە دەکات، بۆ نموونە لە شیعری (مەحکەمەی ئیستیقلال)دا شاعیر دەڵێت:

من لەسەر لوتکەی بڵیندی کێو لە حەق داوا دەکەم
تۆش بپارێوە جەنابی شێخ لەسەر رووی تاتەوە
بەڵکو روحمێکی بکا پێمان خوداوەندی رەحیم
چیدیکە ژێر دەس نەبین دیسان وەسەرمانخاتەوە
(هێمنا) پێت وانەبێ یەزدانی بێ هاواڵ و فەرد
کەیفەری ئەم زوڵم و زۆرە، بێ حیساب ناداتەوە[4]

شاعیر لەم شیعرەدا دەڵێت من لەسەر لوتکەی بڵندی خاکدا داوای مافی گەل لە خودای حەقانی و دادوەر داوادەکەم، وادەردەکەوێت لێرەدا مەبەستی شاعیر بە دەربڕینی (لوتکەی بڵندی کێو)، وەکو نەتەوەگەرایەك، زیاتر ڕەمز و ئاماژەیەکە بۆ خەبات و جەنگان بەرامبەر نەیاران بۆ وەرگرتنی مافی ڕەوای گەل. پاشان شاعیر ڕوو لە (شێخ) دەکات و بە وشەی جەناب و ڕێزدارانە ناوی دەبات و داوا لێدەکات ئەویش لە سەر تات و شوێنی نوێژ و نزا و پەرستنەکەی لە خودا بپاڕێتەوە بۆ خەباتی نەتەوە، تاوەکو خودای بە بەزەیی و میهرەبان بەزەیی پێمان بێتەوە و خەبات و تێکۆشانمان بەسەر بێخێت و ئیتر لەم دیلی و ژێردەستییە ڕزگارمان ببێت و بگەین بە ئازادی و سەروەری. لە کۆتایشدا گفتوگۆیەکی ناخەکی (مەنەلۆگ) لەگەڵ خۆیدا دەکات و بە خۆی دەڵێت و دڵی خۆی دەداتەوە و ئومێد دەبەخشێت و

---

[1] عەتا قەرەداخی. گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی. ل.60.
[2] فەخرەدین ئامێدیان. فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی. ل.49.
[3] بڕوانە: محمد فاتح. ناسیۆنالیزم و سیاسەت. ل.56-57.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.384.

دەڵێت خودای مەزن لەبەرامبەر ئەم هەموو زوڵم و زۆرداریيەی ستەمکاران هەروا بێدەنگ نابێت و ڕۆژێك دادێت وەڵامی دەبێت و دەگەین بە مراز و ئاواتی خۆمان.

بەمشێوەیە شاعیر یەکێتییەك لە هێزی خۆی، وەکو نەتەوەگەرێك، لەگەڵ هێزی ڕوحی شێخ، وەکو ڕەمزی ئاینی، بەرجەستە دەکات و دەیەوێت ئاینیش بکاتە بنەمایەکی نەتەوەگەرایی و وەکو پاڵپشتییەك لە پاڵ شۆرش و خەباتی نەتەوەی کورد بەرقەرای بکات، دیارە شاعیر لەوە گەیشتووە کەوا ((دین لە گشت کۆمەڵگاکاندا شێویەک یان بەشی شێری لەدارشتنی شێوە و سیستەمی کولتوردا هەیە))1 بۆیە دەیەوێت ئاین وەکو بنەمایەکی بەهێزی کەلتوری کوردی ڕاکێشێتە ناو خەباتی نەتەوەگەرایی و بیکات بە هێزێکی ڕوحی و مەعنەوی بۆ پاڵپشتی لە شۆرش و خەباتی نەتەوە. ئیتر شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم یەکخستن و هاوتاکردنەوە بنەمای (ئاین)، وەکو یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بەرجەستە بکات.

هەروەها لە شیعرێکی تردا بە ناوی (دەسڕێژی لاوان)دا دەڵێت:

لە بوختان و درۆت بێزارە یەکسەر

لە شێخی خانەقا تا پیری دێری

گەلی کورد دەستی دا چەک هاتە مەیدان

تەماشای گەورە شوان و شەنگەبێری[2]

لە ناوەڕۆکی ئەم شاعیردا باس لە خەبات دەکات لە (شێخ)ی خانەقاکانەوە تاوەکو (پیر)ی دێرەکان، لە پاڵ چینی چەوساوی گەل دژی بوختان و فێڵ و درۆ و چەواشەکارییەکانی نەیاران، وەکو کارێکی قێزەون و قەدەغەکراوی ئاینی، دەکات، لێرەد شاعیر بۆ هاندان و هەستان دژی نەیارانی خاك دێت بنەما و بیانوویەکی دینی زەقدەکاتەوە بۆ ڕەوایەتی پێدانێکی ئاینی بە ڕاپەڕینی گەلی کورد بەرامبەر بە ناحەزان، کە ئەویش بوختان و درۆکردنی دوژمنانی گەلە، وەکو تاوانێکی گەورە و چەپەڵ و یاسا شکێنییەکی ئاینی بەرچاو.

ئیتر بەمشێوەیە شاعیر لەم شیعرە و شیعری تردا هەڵدەستێ بە هەوڵی بەرجەستەکردنی (ئاین و باوەڕ)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، بە کۆکردنەوەی هێزی ئاینی لەگەڵ خەبات و ڕووبەڕوبوونەوە.

### 2-7-1-3. پەردە لەڕوولادان و ڕەخنەگرتن لە شێخ و کەسایەتییە ئاینییەکان

یەکێکی تر لەو لایەنانەی کەوا بوونەتە مایەی بەرجەستەکردنی (ئایین) وەکو بنەمایەکی جەوهەری لە شیعرەکانی (هێمن)دا لادانی پەردەیە لەسەر ڕووی شاراوە و تەڵەکەبازی و ناشیرینی شێخ و کەسایەتییە ئاینییەکان و ڕەخنەگرتن و لۆمەکردنیانە، ئیتر شاعیر پێی وایە بوونەتە هۆکاری زیان و بەربەست لەبەردەم نەتەوە و نەتەوەگەرایی کوردی. بۆ نموونە لە دێرە شیعرێکی شیعری (کوردم و...)دا شاعیر دەڵێت:

ڕۆژێ شێخم دیت و پێم گوت هەتبێ حیسی میللیەت

پێی گوتم من چیم لەوانە داوە سواڵی خۆم دەکەم[3]

لەم دیرە شیعرەدا شاعیر بۆمان دەگێرێتەوە کەوا ڕۆژێك لە ڕۆژان (شێخ)ی دوواندووە و پێی وتووە هەست و هزریی میللەت و نەتەوەگەراییت هەبێت، بەڵام دیارە جەنابی شێخیش وەڵامی داوەتەوە بە نەرێی و ئامادە نەبووە خەریکی نەتەوەگەرایی بێت و پێی وتووە من چیم لە بەزمی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دایە من بۆخۆم بەدوای نان و سواڵی خۆمەوەم. لێرەدا شاعیر لە ڕێگای ئەم گێرانەوەیە

[1] د. جەزا چنگیانی. هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەت. ل.32.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.377.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.386.

دەیەوێت ڕووی ڕاستەقینەی (شێخ) وەکو کەسایەتییەکی ئاینی بەرجەستەبکات و ڕەخنە و گلەییکردنی خۆی ئاراستەی بێخێری و سەرباری ئەو بەسەر نەتەوە و نەتەوەگەرایی کوردیدا بکات. ئیتر هەر لە ڕێگەی ئەم پەردە ڕامالین و ڕەخنەگرتنە لایەنێك لە لایەنەکانی بنیاتی (ئاین و باوەڕ)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دادەمەزرێنێت.

هەروەها شاعیر لە شیعرێکی تردا ، لەسەر خەم و قەلەقییەکانی بەرامبەر بە تووڕەیی کورد دەداتەوە و پێی دەڵێت:

برا مام ئینگلیس ئاغای خۆمانە
هەتا ئەومان بی خەمی چیمانە
پەنای بۆ دەبەین دەیانکا چارە
فریویان دەدا بەپوول و پارە
بۆیان ساز دەکا سەد شێخ و مەلا
بەسەریان دێنێ سەد دەرد و بەڵا[1]

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کەوا نەیاران هانا بۆ ئینگلیزی زلهێز و ئاغا و فەرمانڕەوایان دەبەن و بۆیە هەتا ئینگلیزی ئاغایان هەبێ ئەوان هیچ خەمێکیان نییە و ئەو بۆیان چارەسەر دەکات و بە پارە و پوول و دەمشیرنکردن فریویان دەدات. هەروەها سەد شێخ و مەلایان بۆ دێنێتە پێشەوە و بەمەش سەدان بەربەست و دەرد و بەڵایان بۆ دەهێننە پێش. بەمەش شاعیر دەیەوێت بڵێت (شێخ و مەلا)یانێك، بۆ بەربەستی نەتەوەگەریی، دروستکراو و گوێرایەڵ و عەڵقەلەگوێی ئینگلیز و زلهێزەکانن و بە داوا و ئەجندای ئەوان هەنگاو دەگرنەبەر. بەمشێوەیە شاعیر پەردە لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی ئەم شێخ و مەلا و کەسایەتی ئاینیی کوردیانە لادەدات و ڕەخنە و گلەیی خۆی ئاراستەی ئەو بەناو کەسایەتییە ئاینیانە دەکات، لە بەرامبەر نارەسەنی و خیانەت و بەربەستایەتی و زیانداریانەیان بۆ نەتەوە و نەتەوەگەرایی. بەمەش لایەنێکی ئاین و باوەڕ دەخاتەڕوو.

هەروەها جگە لەم شیعرانە لە شیعری تریش وەکو (دەستکەوتی خەبات[2]، سووڕی دەوران[3]،... هیتر) شاعیر دوو ڕوویی کەسایەتییە بەناو ئاینییەکانی کورد ئاشکرادەکات و پەردە لەسەر ڕووی شاراوەیان هەڵدەداتەوە و بە کۆمەڵگەیان دەناسێنێت، هەروەها ڕەخنەی خۆشی ئاراستەی ئەو جۆرە شێخ و کەسایەتییە ئاینییانە دەکات. بەمەش لایەنکێك لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی (ئاین و باوەڕ) وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بنیات دەنێت.

### 3-1-7-3. نزای خێر و بەرەکەت بۆ دۆستانی گەلەکەی و نزای شەڕ لە نەیارانی

لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیردا نزاکردن و پاڕانەوەی خێر و بەرەکەت بۆ دوست و دڵسۆز و خۆشەویستانی گەلەکەی، هەروەها وەك لایەنێك لە ڕەهەند و لایەنەکانی بەرجەستەکردنی (ئاین)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دەخاتەڕوو، بۆ نموونە لە شیعری (جێژنی ئازاد)دا شاعیر دەڵێت:

پێشەوامان بژی لەبۆ خزمەت
کردنی، دین و مەزهەب و میللەت
ڕەبی هەر کەس کە دوژمنی کورد بی
هەردوو چاوی دەرێ و ملی ورد بی[4]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.395.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.252-258.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.303-335.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.392.

لەم دوو دێرە شیعردا شاعیر سەرەتا ستایشی (پێشەوا) دەکات و هەست و خۆزگەی نزا ئاسا بۆ تەمەندرێژی و بەردەوامی لە خزمەتکردنی بە دین و مەزهەب و گەلەکەی پێشکەشدەکات و پاشان دەستی نزای بۆ خودا بەرزدەکاتەوە و داوا لە خودا دەکات کەوا هەردوو چاوی نەیاران کوێربکات و ملیشیان بشکێنێت. ئیتر لێرەدا شاعیر لە میانەی ئەو ڕێز و هەست نزا ئاسا دەربڕینە بۆ تەمەندرێژی و سەرکەوتنی دۆست و نزای خراپە و دەرد و بەڵا لە دوژمنان لایەنێکی تری ئاین و بڕوا وەکو بنەمایەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دەخاتەڕوو.

ئیتر شاعیر بەم شێوەیە دەیەوێت (ئاین و باوەڕ) وەکو بنەمایەك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی خۆیدا بەرجەستەبکات. هەرچەندە شاعیر پروپاگەندەی (نەتەوەگەرایی ئاینی) ناکات، بەڵام (ئاین) وەکو ڕوح و بنەما و ڕێکخەری ژیانی کۆمەڵایەتی کوردی و پێکەوە گرێدان و یەکخستنی تاکەکانی کۆمەڵگا، هەروەك لە سەرەتای ئەم بابەتە لە پێناسە و ناساندنی ئاین و باوەڕدا خستمانەڕوو، هەڵوەستەی لەسەر دەکات و دەیەوێت ئاین بەربەستایەتی نەبێت بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگا و هەست و هزری نەتەوەیی، بەڵکو ئاین ببێتە هێز و دیلەمۆی بزاوتن و بەرەوپێشەوە بردنی ڕەوڕەوەی نەتەوە نەتەوەگەرایی و هاوشانی ئەو بێتە ناو کۆری خەباتی نەتەوەیی، بەمەش وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی بەرجەستەببێت.

## 3-1-8. یەکبوون و هەست و ویست و ئیرادەی هاوبەش

هەڵبەتە جگە لەو بنەمایانەی خستمانەڕوو بنەمای تریش لە بنەماکانی نەتەوەو نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن) بەرچاودەکەوێت، هەروەکو: (ویست و ئیرادەی هاوبەش و یەکبوونی تاکەکانی نەتەوە). ئاسایی ئەم بنەمایەش بنەمایەك یان دوو بنەمای هاوتای جەوهەری نەتەوەو نەتەوەگەرایین و دەکرێت بڵێین ئەم بنەمایە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی بنەماکانی ترە. هەروەها ((ئەوەی کەمرۆڤ بەنەتەوەوە دەبەستێت، سەرەڕای بوونی هۆیەکانی نەتەوە بوون، کەدیارە ئەم هۆیانە بوون و مانەویان بەتەواوی بەبوونی مرۆڤەکانەوە "گەل" بەندە، ئەگینا زمان، خاك، کەلتوور، نەژادو دینی هاوبەش بەبێ هێزو ئیرادەی گەل ناتوانێت دەورێکی کاریگەر لەسەر بوون و مانەوەی نەتەوەکان ببینێت.کۆکردنەوەی هەموو ئەم پێکهێنەرانە تەنها لەمرۆڤەکاندا ماناو هێز پەیدادەکات و بەمەش دەوترێت هەستی نەتەوەیی بوون، ناسنامەی نەتەوەیی و هاونیشتمانی بوون. کە ئاشکرایە کەئەم هەستە بەبێ بوونی دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتیش هەیەو دەتوانێت کاریگەری خۆی لەسەر نەتەوە بەجێ بهێڵێت، نمونەی کورد.))[1] لە میانەی ئەم هەستەوە بەرگی ئیرادەو بەرخودان بە بەر نەتەوە دەکرێت و مانەوەو بەردەوامی بە نەتەوەو نەتەوەگەرایی دەبەخشرێت و بەرەو لوتکەی کۆڵنەدان دەستی دەگیرێت.

هەروەها بەرقەراربوونی هەست و ویست و ئیرادەی نەتەوەیی هاوبەش لە لای تاکەکانی گەل دەبێتە مایەی یەکبوون و یەکدەستی و یەکهەڵویستی و بەشداری هەموو تاکەکان لە پاراستنی بوون و ناسنامەی نەتەوەیی و بەشداری بەرەوپێشخستنی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، سەرەڕای ئەوەی ((یەکبوونی گەل بنەمایەکی گرنگی دامەزراندنی دەوڵەت و پارێزگاری کردنە لێی. بەبێ بوونی ئەم بنەمایە، دووبەرەکی و ململانی لەنێوان میللەتدا دروست دەبێ، بەمەش ئەنجامی خراپ چاوەڕێی ئەو میللەتە دەکات، بەڵام بە دروست بوونی یەکێتی و یەکبوون، موتمانە و ئارامی و هێز پەیدا دەبێ، بە بوونی ئەم بنەمایانە لە نێو میللەتێکدا هەرچی بیانەوێ بەدەست دێنن،....))[2] کەواتە ئەم بنەمایەش وەکو بنەماکانی تر لە بنیاتی نەتەوە و نەتەوەگەرایی ڕۆڵی بەرچاوی خۆی هەیە.

هەرچۆنێك بێت لێرەدا هەوڵدەدەین چەند لایەنێك لە خستنەڕووی ئەم بنەمایە: (ویست و ئیرادەی هاوبەش و یەکبوونی تاکەکانی نەتەوە)، وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن)دا، بە نموونەی شیعری بخەینەڕوو:

---

[1] ئەکرەمی میهرداد. ناسیۆنالیزم (گۆرانکاری، تیۆری، ڕەخنە). ل.31.
[2] فەهمی شوکری عەبدوڵڵا. نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی (1650-1707)دا. ل.194.

### 3-1-8-1. داوای یەکبوون و یەك ئیرادەیی لە نێوان ڕۆشەنبیر و لاو و جەنگاوەر

داواکاری بۆ یەکبوون و یەکگرتن و یەك هەست ویست و ئیرادەیی لە نێوان ڕۆشەنبیرانی کورد و لاو و جەنگاوەران لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا یەکێکە لە لایەن و ڕەهەندەکانی بەرجەستەکردنی (یەکبوون و هەست و ویست و ئیرادەی هاوبەش)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، بۆ نموونە لە شیعری (ڕۆژی خۆشی)دا شاعیر داوا لە لاو و پێمەرگەکان دەکات و دەڵێت:

لاوەکان! دڵپاکەکان! چاڵاکەکان! پێشمەرگەکان!
ئێوە شیری لێ بسوون و ئێمە پڕدەینە قەڵەم
هەر بەیەکگرتن لە دەست بێگانە دێنینە دەرێ
خاکی پاکی کوردەواری، نایەڵین بۆ کەس ئەڵەم[1]

لێرەدا شاعیر لاوەکان و جەنگاوەران دەدوێنێت و بە دڵپاك و چاڵاك بانگیان دەکات و داوایان لێدەکات کەوا ئەوان شۆرش و خەباتی چەکداری و سوپایی ئەنجامبدەن و ئێمەی نووسەر و ئەدیب و شاعیر و ڕۆشەنبیرانیش دەست دەکەینە پێنووس، وتە: ئێوە بە نووکی خەنجەر و چەك و سیلاح و هێزی سەربازی ڕووبەڕووی نەیاران ببنەوە، ئێمەش بە بە نووکی پێنووس و هێزی مەدەینی هاوکار و هاوشانی ئێوە خەبات و شۆرش دەکەین. لێرەدا شاعیر هێزی مەدەنی و هێزی سەربازی لەسەر بنەمای یەکبوون و یەك ویست و ئیرادەی هاوبەش لەگەڵ یەکتردا کۆیان دەکاتەوە.

بەمشێوەیە دەبینین لە ڕێگەی داواکردنی یەکرێزی و یەك هەست و ویست و ئیرادەیی لە نێوان ڕۆشەنبیرانی کورد و لاو و جەنگاوەراندا لایەنێك لە لایەنەکانی یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی کە بریتییە لە: (یەکبوون و هەست و ویست و ئیرادەی هاوبەش)ی کوردییە بەرجەستەدەکات.

### 3-1-8-2. داوای یەکبوون و یەکخستنی ویست و ئیرادەی نێوان نێر و مێ

لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا یەکێکی تر لە لایەن و ڕەهەندەکانی بەرجەستەکردنی (یەکبوون و هەست و ویست و ئیرادەی هاوبەش)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، بریتییە لە داواکردن بۆ یەکبوون و یەکگرتن و یەکخستنی هەست و ویست و ئیرادەی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بۆ بەرەنگاربوونەوە و خەبات و تێکۆشان دژی نەیاران، هەروەك شاعیر لە شیعری (شەپۆلی تۆڵە)دا دەڵێت:

تاکوو سەنگەر نەگرێ لاو و کیژ
نادرێ مافی گەلی کوردی دلێر[2]

بەمشێوەیە دەبینین شاعیر داوای یەکگرتن و یەکخستنی هێز و ئیرادەی کور و کچ دەکات و بە بنەمای بەدەستهێنانی مافی گەلی کوردی دەزانێت. ئەم داوای یەکخستن و یەکبوونەی نێوان ڕەگەزی نێر و مێی کوردیش لایەنێکە لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی بنەمای (یەکبوون و هەست و ویست و ئیرادەی هاوبەش).

هەروەها لە شیعرێکی تردا بەناوی (وتووێژی کچ و کوڕ)دا، لە میانەی گفتوگۆی نێوان کچ و کوڕێکی کورد و لەسەر زاری کوڕەدا داوای یەکبوونی ویست و ئیرادەی کچ لەگەڵ کور دەکات و دەڵێت:

بپسێنە لە پێ تۆ زنجیر و کۆت
دێدە گیان بدە یاری برای خۆت[1]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.124.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.221..

لێرەدا شاعیر لەسەر زمانی کوڕە داوا لە کچە، وەکو ڕەمزی مێینە، دەکات کەوا ئەو زنجر و کۆتەی کەلتور و بیروباوەڕی باوی کۆمەڵگا لە دەست و پێکان کردووە بپسێنێت و ڕاکاتە کۆڕی خەبات و ڕاپەڕین و ببێتە هاوکار و دەستباری براکانی تاوەکو شان بە شانی یەکتر ڕووبەڕووی زۆرداری و نەیاران ببنەوە. بەمشێوەیە لە ڕێگەی ئەم داواکارییە بۆ یەکخستنی ویتست و ئیرادەی نێوان کچ و کوڕی کوردی لایەنێکی بنەمای نەتەوە و نەتەوەگەرایی: (یەکبوون و هەست و ویست و ئیرادەی هاوبەش) دادەمەزرێنێت.

هەروەها لە ناوەڕۆکی شعری (قەڵای نیشتمان[2]، ئاواتی بەرز[3]،... هیتر)دا شاعیر داوا و هەوڵی یەکخستن و یەکبوونی ویست و هەست و ئیرادەی نێوان هەردوو ڕەگەزی کور و کچ دەکات و کە بەمەش لایەنێکی (یەکبوون و هەست و ویست و ئیرادەی هاوبەش)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بەرجەستەدەکات.

### 3-8-1-3. هاندان و یەکخستنی توانای جوتیار و کرێکار لەگەڵ هێزی ڕۆشەنبیری

لایەن و ڕەهەندێکی تر لە لایەن و ڕەهەندەکانی بەرجەستەکردنی (یەکبوون و هەست و ویست و ئیرادەی هاوبەش)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا هاندان و یەکخستن و یەککردنی هێز و ئیرادەی جوتیار و کرێکار و ڕەنجبەرە لەگەڵ هێزی ڕۆشەنبیر و ڕوناکبیر لە بەرامبەر نەیاران، هەروەك شاعیر لە شیعری (گەرمەشین)دا دەڵێت:

تا کرێکار و فەلا، ڕەنجبەر و رۆشنبیر

دەست لە یەک نەگرن و پیاوانە نەبزوێن دەگریم[4]

لەم دێرەدا شاعیر گریانی خۆی ڕادەگەیەنێت و دڵنیایی لەسەر بەردەوامی گریانەکەی دەدات و ژێرنابێتەوە تاوەکو کرێکار و جوتیاران شان بە شان و دەست لە ناو دەستی ڕۆشەنبیر و ڕووناکبیرانی کورد خەبات نەکەن و ڕانەپەڕن بۆ سەرخستنی گەل. شاعیر بەم گریانە و ژێرنەبوونەوەی دەیەوێت وەکو خستنەڕووی هەست و ویست و داواکاری هانی یەکخستنی هێز و بازووی کرێکار و جوتیار و ڕەنجبەر لەگەڵ هێزی هزر و پێنووسی نووسەر و ڕۆشەنبیران بدات و لەم ڕێگەیەوە بەرجەستەی (یەکبوون و هەست و ویست و ئیرادەی هاوبەش)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، مسۆگەربکات.

### 4-8-1-3. یەکخستن و کۆکردنەوەی ویست و ئیرادەی ئاینەکان

یەکێکی تر لە لایەن و ڕەهەندەکانی ناو ناوەڕۆکی شیعرەکانی هێمن بۆ بەرجەستەکردنی (یەکبوون و هەست و ویست و ئیرادەی هاوبەش)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، بریتییە لە یەکخستن و کۆکردنەوە و هاوتاکردنی ویست و ئیرادەی ئاینەکانی ناو کۆمەڵگایە لە بەرامبەر نەتەوە و نەتەوەگەرایی دا. بۆ نموونە لە شیعری (دەسرێژی لاوان)دا دەڵێت:

لە بوختان و درۆت بێزارە یەکسەر

لە شێخی خانەقا تا پیری دێری

گەلی کورد دەستی دا چەک هاتە مەیدان

تەماشای گەورە شوان و شەنگەبێری[5]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.91.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.97.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.167-171.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.211.
[5] سەرچاوەی پێشوو، ل.377.

لێرەدا شاعیر ئاماژە بە هاتنە پێشەوە و یەکبوون و تێکەڵاوبوونی ویست و ئیرادەی هەریەکە لەو دوو ئایینە سەرەکییەی کۆمەڵگا، ئاینی ئیسلام و ئاینی مەسیحی، بەرامبەر بە خراپە و درۆ و بوختان و فێڵ و تەڵەکەبازی نەیاران، کە ئەمەش بە خستنەڕووی ئەوەی کەوا لە شێخی خانەقا، وەکو کەسایەتییەکی دیاری ئاینی ئیسلام و ڕەمز و ئاماژەیەك بۆ ئەم ئاینە، تاوەکو پیری دێری، کەسایەتییەکی ناسراوی ئاینی مەسیحی و هەروەها وەکو ڕەمز و ئاماژەیەك بۆ ئەم ئاینە، یەکدەست ڕاپەریون دژی نەیاران و... هیتر. بەمشێوەیە شاعیر ویست و ئیرادەی ئاینی ئیسلام و مەسیحی لە بەرامبەر پرسی کورد لەگەڵ یەکدا کۆکردۆتەوە و لە ناو چوارچێوەی یەك ئاراستە و ڕووبەڕووبوونەوەدا ڕێکیخستنوون. بەمەش شاعیر توانیویەتی لایەنێکی تر لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی (یەکبوون و هەست و ویست و ئیرادەی هاوبەش)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا دابڕێژێت.

### 3-1-8-5. داوای نەمانی دووبەرەکی و هاندان بۆ یەکبوون

شاعیر لە شیعرەکانیدا داوای نەمانی ناکۆکی و دووبەرەکی دەکات و هانی یەکبوون و یەك هەست و ویست و ئیرادەیی نێوان گشت تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات و بەمەش لایەن و ڕەهەندێکی تر بۆ بەرجەستەکردنی (یەکبوون و هەست و ویست و ئیرادەی هاوبەش)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، دەخاتەڕوو. هەروەك بۆ نموونە لە شیعری (گەرمەشین)دا دەڵێت:

بەسیەتی دووبەرەکی و ملهوڕی و لاساری
تا برایانە هەموو پێکەوە نەدوێن، دەگریم
دەمەوێ ڕێگەی رزگاری تەخت بکرێ دەنا
تاکوو نسکۆیە بەرن، تاکوو هەڵەنگوێن دەگریم[1]

لەم دوو دێرەدا شاعیر وەکو گلەیی و نارازیبوونێك داوا لە کۆمەڵگە دەکات کەوا ئیتر بەسە و دەست هەڵبگرن لە ناکۆکی و دووبەرەکی و لاساری و هەموو پێکەوە برایانە لەگەڵ یەکدا بدوێن و ڕێگەی بەردەم ئەم ئاواتە تەخت بکەن و بەرەو ڕووی بڕۆن، ئەگەرنا من هەر دەگریم و ژیرنابمەوە تاوەکو ئەم برایەتییە بەرجەستەنەکەن و ئەم نسکۆ و شکستانەتان کۆتایی پێنەهێنن و بە ڕۆژی ڕووناك و سەربەرزی نەگەن. پاشان لە دێرە شیعرێکی تردا دەڵێت:

تاکوو بۆ تۆڵەی ئەو رۆڵە شەهیدانەی کورد
خەنجەری رۆڵەی ئازا هەموو نەسوێن دەگریم[2]

لەم دێرەشدا زۆر ڕاشکاوانە داوای خەبات دەکات. ئیتر لێرەدا شاعیر بە شێوازێکی شیعریيانە داوای نەمانی ناکۆکی و دووبەرەکی و هاندان بۆ یەکخستن و یەکبوون و یەك ئیرادەیی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی بۆ داواکردن و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی دەکات و لەم ڕێگەیەوە لایەنێکی تر لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی (یەکبوون و هەست و ویست و ئیرادەی هاوبەش)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا دەخاتەڕوو.

### 3-1-9. هۆشیاری و وەحیی نەتەوەیی

سەرەتا ئەگەر بپرسین مانا و چەمکی (هۆشیاری) چییە؟ هەروەها هۆشیاری چ پەیوەندییەکی بە نەتەوە و نەتەوەگەرایی هەیە؟... هیتر. سەبارەت بە مانا و چەمکی (هۆشیاری)ـەوە ((...، دەڵێین هۆشیاری بریتییە لە بەئاگا بوون (هۆشدار) بوونی گشت هاوولاتی و هاونیشتمانیان لە گشت بنەما و

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.210.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.211.

بوارە جیا جیاکانی کۆمەڵگادا، هۆشیاری تاک لە هەر کۆمەڵگایەکدا پەیوەستە بە مێژوو و شارستانییەتی هەر نەتەوەیەک لە چۆنیەتی هەنگاوەنانیان لە گشت قۆناغە جیاوازەکانی نیشتیمانەکەیاندا، بۆ پاراستنی پێگە و فەرهەنگی مانەوەیان و شکۆدارکردنی مێژوو و وەرچەرخانیان بۆ بەرەوپێش چوون. هۆشیاری تاک پەیوەندی هەیە و پەیوەستە لەگەڵ گشت بوارەکانی تر و فاکتەری ڕێنمویی نەخشینە لە گشت بوارەکانی تردا، وەک "هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و هونەری و مرۆیی و شارستانیەتی و تەندروستی و پەروەردەیی و سەربازی...هتد."))[1] کەواتە: بەگشتی هۆشداری بریتییە لە بە ئاگابوونی تاك لە دەورووبەر. لەسەر ئەو بنەمایەش دەتوانین بڵێین (هۆشیاری نەتەوەیی) بریتییە لە بە ئاگابوون و هۆشیاری تاك بەرامبەر بە نەتەوە و نەتەوەگەرایی و ئەرك و مافەکانی لە بەرامبەر نەتەوەکەیدا.

هەروەها (هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی) تاك و کۆمەڵگا لە سەر ئاستی یەکتر ناسین و یەکتر قبوڵکردن کۆدەکاتەوە. کەواتە هۆشیاری نەتەوەیی بریتییە لە ((بەئاگا بوون لەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە تاکەکەس بە ئاخێزگەی خۆی دەزانێ. وشیاری چینایەتی کاتێك خۆی نیشان دەدات کە ئەندامانی چینێك بە شێوەیەکی هاوبەش هەست بە ناهومێدی و بەشخوراوی بکەن و لە بەرامبەر چینی سەردەست و شێوازی دەسەڵاتداریدا خەبات بکەن. وشیاری چینایەتی لە ڕێبازی مارکسیدا هەم وشیار بوونەوەیە لە بەرامبەر چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤ، هەم بڕیاردانە بۆ مەحکردنەوەی ئەم چەوساندنەوە. هەروەها بریتییە لەو وشیارییەی کە چینێکی ڕەنجدەر بە ئاوەز دەیفامێت و تێدەگات کە لە بازاڕدا وەك کاڵایەکی سادە مامەڵەی پێدەکرێت و دەبێتە قوربانی خنکانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری. ئەم وشیارییە، چینی ڕەنجدەران دەکاتە چینێکی تایبەت و هۆشیار.))[2] لەسەر ئەو بنەمایەدا هۆشیارییی لە سەر ئاستی نەتەوەیشدا لە کاتی ستەم و زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانی تەواو خۆی بەرجەستەدەکات و دەبێتە مایەی بەرقەراربوونی هەست و هزر و چەمکی نەتەوەگەرایی.

کەواتە هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی خاڵێکی زۆر گرنگ بووە بۆ بەرجەستەکردنی نەتەوە و نەتەوەگەرایی. هەر لەبەرئەوە ((... لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەو وڵاتانەی بەر شکستی جەنگ کەوتن یەکەم کاریان بۆ بوژاندنەوەی نیشتمان و هەستانەوەی سەروەریان، گرنگی دان بوو بە هۆشیاری نیشتیمانی بوون بەتایبەت هۆشیاری هەست کردن بە بەرپرسیارەتبوون بوو بەرامبەر خاك و ئاڵا، بۆیە هاوڵاتیانی ئەو دەوڵەتانە بە گڕ و تینەوە لە مڕ ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردەیی بە شێوازێکی ئەتەکێتی شارستانی مامەڵەیان دەکرد.))[3] هەڵبەتە هۆشیاری نەتەوەیی هەم هێز و گوڕی خەبات و تێکۆشان و ڕوحی فیداکارییە بۆ نەتەوە و نەتەوەگەرایی، هەمیش شارەزایی و لێهاتووییە بۆ لە باوەشکردنی ئەم پرسە.

ئیتر لەم بابەتەشدا باس لە (هۆشیاری نەتەوەیی) دەکەین و بە نموونەی شیعرەکانی (هێمن) دەیخەینەڕوو. هەڵبەتە ((یەکێکی دیکە لە پێکهێنەرەکانی بوونی نەتەوە و نەتەوایەتی، کە ئەویش هۆشیاری و ئاگایی نەتەوەییە و سەرەنجام سەربە نەتەوەبوونی لێ سەوز دەبێت واتە "انتماء القومی".))[4] چونکە تاکەکان لە ڕێگەی هۆشیاربوون و ئاشنابوون بە نەژاد و نەتەوەکەی خۆیان و شارەزابوون لە ئەرك و مافە نەتەوایەتییەکانیان هەست و ویست و لایەنگری و ئینتمایان بۆ نەتەوەکەیان لەلا گەڵاڵە دەبێت و ناسنامەی نەتەوایەتی و جیاوازبوونیان لەگەڵ نەتەوەکانی تردا بۆ دروست دەبێت. هەروەها

[1] سومەیە عومەر. شێواندنی هۆشیاری و فریودانی هاووڵاتی. لە بەرواری (15/ 10/ 2024). وەرگیراوە لە ماڵپەڕی (چاوی کورد) لە (01/ 11/ 2024)، بەم لینکە: شێواندنی هۆشیاری و فریودانی هاووڵاتیChawy Kurd -
[2] ئەحمەد شەبانی. فەرهەنگی زانستی- سیاسی، (فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان)، کوردی- فارسی – ئینگلیزی..ل331.
[3] سومەیە عومەر. شێواندنی هۆشیاری و فریودانی هاووڵاتی. لە بەرواری (15/ 10/ 2024). وەرگیراوە لە ماڵپەڕی (چاوی کورد)، ؟.
[4] ئەکرەمی میهرداد. ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە). ل.13.

ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی پێوانەیکە بۆ سەروەری نیشتمان و نەتەوە و پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی ڕاستەوانە و هاوتەریبە.[1]

لێرەدا بە چەند سەرەبابەتێك دێینە سەر باسی ئەو لایەن و ڕەهەندانەی کەوا لە شیعرەکانی (هێمن)دا خراوەتەڕوو بۆ بەرجەستەکردنی (هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی)، وەکو بنەمایەکی جەوهەری و سەرەکی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە پاڵ نموونەی شیعری شاعیردا:

### 3-1-9-1. خستنە بەرچاوی زوڵم و زۆرداری نەیاران بەرامبەر گەل و نەتەوە

لە شیعرەکانی (هێمن)دا لە ڕێگەی بەرچاوخستنی زوڵم و زۆرداری و وێرانکاری و کوشتنکارییەکانی دوژمن و داگیرکەران بەرامبەر بە گەل و خاك، لایەنێك لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی (هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەری و سەرەکییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دادەڕێژێت. بۆ نموونە لە شیعری (وتووێژی کچ و کوڕ)دا، هەرچەندە پێشتریش بۆ نموونەی باسی تر باسمانکردووە، بەڵام لێرەشدا بە پێویستی دەزانین بیخەینەوەڕوو، (کچ)ـە بە (کور)ـە دەڵێت:

کاکە گیان لاوی کوردی شۆخ و شەنگ
تا کەنگێ دەبی وا بێ هەست و دەنگ
دیلی، ژێر دەستی، ئەسیری، تا کەی؟
رووتی، نەداری، فەقیری، تا کەی؟
لە ژێر زنجیر و کۆتا دەناڵی
مەگەر دێوانەی، شێتی، عەودالی؟[2]

بەمشێوەیە کچە بە کوڕە بە کاکە گیان و لاوی کوردی شۆخ و شەنگ دەدوێنێت و پرسیاری ماوەی بێدەنگی و قبوڵکردنی دیلی و ژێر دەستی و فەقیری و نەبوونی و... هیتری لێدەکات و پاشان لە کۆتا نیوەدێردا پێی دەڵێت ئایە تۆ شێت و دێوانەی لەبەر ئەوە ئاوا بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و زۆردارییەی نەیاران کڕ و بێدەنگی.... پاشان لە بەردەوامی وتەکانیدا دەڵێت:

تێفکرە خەڵکی هەموو ئازادە
هەر تۆ خەمناکی هەموو کەس شادە
وەرە مەیدانێ لە رێی نیشتمان
بکە قوربانی سەر و ماڵ و گیان[3]

پاش ئەو پرسیار و هەست و هۆش جولاندن و ڕاچڵەکاندنە، هۆشیاری دەکاتەوە و پێی ڕادەگەیەنێت خەڵکی هەموو ئازاد و دڵخۆشە تەنیا تۆ وەکو کورد دیل و ژێردەست و خاوەن ئازار و خەمی. بۆیە داوای لێدەکات هۆشیاری پێدەدات بەوەی کە پێویستە بە سەر و گیان و ماڵ بێتە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و فیداکاری لە ڕێگای نیشتمانەکەی، تاوەکو ئەویش وەك خەڵکی دونیا ئازاد و دڵخۆش بێت و ببێتە خاوەن وڵات و نیشتمانێکی سەربەست و خاوەن سەروەری. بەمشێوەیە شاعیر لە ڕێگەی بەبیرهێنانەوە و باسکردنی ئەم زوڵم و زۆرییەی داگیرکەران و ئازادی خەڵك و وڵاتانی دونیا و...هیتردا، توانیویەتی لایەنێك لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی (هۆشیار و وەحی نەتەوەیی) مسۆگەربکات.

هەروەها لە شیعرێکی تردا بە ناوی (شەپۆلی تۆڵە)دا دەڵێت:

کوردە ئەی کوردی لە خۆشی بێ بەش!

---

[1] یروانە: سومەیە عومەر. سەرچاوەی پێشوو
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.90.
[3] هەمان سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو.

بەس نییە کۆیلەتی دێوەزمەی ڕەش؟
باژوێ ئەسپی هەوەسی خۆی هەروا
بتگری بتکوژی وا بێ پەروا؟[1]

لێرەدا شاعیر ڕوودەکاتە کورد و بە بێیەش لە خۆشی و شادی بانگی دەکات و چەندین پرسیاری لێدەکات لە بارەی بێدەنگی بەرامبەر ئەو زوڵم و زۆرداریی‌ەی کە دوژمنان و داگیرکەران لێی دەکەن و پێی دەڵێت تاکەی قبوڵکردنی ئەو کۆیلایەتی و ژێردەستییە و تاکەی تۆ هەر بێدەنگی و نقەت لێوەنایەت. پاشان لە بەردەوامی شیعرەکەیدا پێی دەڵێت:

ئەو «قزل قەلعە» کە بۆتە «باستیل»
هەردەبێ پڕ بێ لە یەخسیر و دیل؟
تاکوو کەی نەشکێ کەلەپچە و دەسبەند؟
زەجر و ئازار و شکەنجە تا چەند؟
خوێنی لاوانی بەبیر و بڕوا
هەر دەبێ بڕژێ، بەفیڕۆ بڕوا؟
هەڵوەرێ گەوهەری فرمێسکی هەتیو
دەربەدەر بێ کوڕی ئازا و نەبەزیو؟
بێوەژن تەڕ بێ بە گریان چاوی
کچ نەبینێتەوە شۆڕە لاوی؟[2]

لێرەدا لە سەر پرسیارەکانی بەردەوام دەبێت و زیاتر لە ڕێگەی پرسیارکردنەکانییەوە زوڵم و زۆری داگیرکەران دەخاتەڕوو، پرسیار و ئاماژە لەسەر ئەوە دەکات کەوا لە سجن و بەندیخانەی (قزل قەلعە) کە ئێستا بۆتە (باستیل)، تاکەی ناشکێت کەلەپچە و دەسبەند و کۆتایی بەو ئازارد و ئەشکەنجە و ناخۆشییانە، ئایە هەر دەبێ خوێنی لاوامی کورد بەردەوام بڕژێت و بە فیڕۆ بڕوات، فرمێسکی هەتیو هەر بەردەوام بێت و... هیتر. بەم شێوەیە دەبینین لە ڕێگەی ئەم کۆمەڵە پرسیارانە لە لاوی کۆمەڵگەی و خستنەڕووی زوڵم و زۆری زاڵم و نەیاران شاعیر دەیەوێت کۆمەڵگەی کوردی ڕابچڵەکێنێت و لە خەوی غەفڵەت بە ئاگایان بهێنێتەوە و زەنگی هۆشیارییان لە گوێدا بلەرێنێتەوە. بەمەش لایەنێك لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی (هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی) بهۆنێتەوە.

### 2-9-1-3. هۆشیارکردنەوەی کچان و هاندان و ڕێنمایی بۆ خوێندن و خەبات

یەکێك لەو لایەنانەی کە شاعیر لە شیعرەکانیدا خستویەتییەڕوو بۆ بەرجەستەکردنی (هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، هاندان و ئامۆژگاری کردنی کچانە بۆ چوونە خوێندگا و فێربوونی خوێندن و زانست و هونەر، هەروەکو لە شیعری (یادگاری شیرن)دا، کە پێشتریش بۆ بابەتی تر خستومانەتەڕوو لێرەش بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێینەوە سەری، شاعیر دەڵێت:

تاکوو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە
کۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست!
ڕاپەڕە، هەستە لە خەو، ئاخر چ وەختی خەوتنە؟
دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە
چاری دەردی کوردەواری خوێندنە، هەر خوێندنە[3]

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.219.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.219.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.117.

لیرەدا شاعیر کۆمەڵگا بە گشتی و ژن و کچی کورد بە تایبەتی هۆشیار دەکاتەوە و پێیان دەڵێت هەتاوەکو ژن و کچی کوردی ئازادی مسۆگەر نەبێت و دیلی و کۆیلایەتی نەبەزێنێت ژیان ئاوا ناساز و شێلۆ دەبێت. بۆیە دەستدەکات بە ڕێنمایی و ئامۆژگاری و هاندانیان لەسەر ڕاپەڕین و ڕابوون و لە خەو هەڵسان و پساندنی کۆت و زنجیری کۆیلایەتی و شکاندنی دەرگای زیندانی ماڵ و شکاندنی بەربەستە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان و ڕاکردنیان بەرەو خوێندنگا دەستکردنیان بە فێربوونی خوێندنەوە و نووسین. پاشان پێیان ڕادەگەیەنێت و هۆشیارییان دەکاتەوە کەوا چارەسەری دەردەکانی ناو کۆمەڵگا تەنیا خوێندن و فێربوونە. بەمشێوەیە شاعیر لە ڕێگەی ڕێنمایی و هاندانی کچان بۆ خوێندن و فێربوون بەرجەستەی (هۆشیاری نەتەوەیی)، وەکو بەنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی، دەکات.

### 3-1-9-3. بەرجەستەکردنی هۆشیاری لە لای چینی کرێکار و جوتیار

یەکێکی تر لەو لایەنانەی کە شاعیر لە شیعرەکانیدا خستویەتییەڕوو بەرجەستەکردن و دروستکردنی هۆشیارییە لە لای چینی کرێکار و جوتیار کە لەو ڕێگەیەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی (هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بنیادناوە.

تا کەی وا بم، تا کەی وا بم
دەس بەتاڵ و رەنج بە با بم
تاکەی رەنجی شان و پیلم
بۆ دوژمن بێ، بۆ من دیلم؟[1]

لێرەدا شاعیر لەسەر زمانی جوتیار و چینی کرێکاری کورددا گلەیی و نارەزایی، وەکو چینێکی هۆشیاربووەوەی کۆمەڵگا لە دەست ئەو ناحەق و زوڵمەی بەرامبەری دەکرێت، دەخاتەڕوو بەوەی کە تاکەی ئەو کاربکات و هەوڵ و ڕەنج بدات و ئارەق برێژێت، کەچی نەیاران بەر و ڕەنجی بخۆن و ئەویشی لێ بێبەش بکەن وەکو دیل و بەندەیەکی ژێر دەستی خۆیان. پاشان گەشبینانە و هیوادارانە دەڵێت:

نا نا، تازە راپەڕیوم
ناتوانن بدەن فریوم
رێبازی شۆڕش بەرنادەم
مەودا بەداگیرکەر نادەم
لە شان و باهۆی خۆم رادی
هەڵگرم ئاڵای ئازادی[2]

بەمشێوەیە هیمەتبەرزانە و ئومێدەوارانە داگیرکەر دڵنیادەکاتەوە کە ئیتر ئەو هۆشیار بۆتەوە و ڕاپەڕیووە و هاتۆتە کۆڕی تێکۆشان و ئەمجارەیان تەفرە نادرێت و کۆڵنادات و باوەڕی بە هێز و لێهاتووی هەیە و تا ئاڵای ئازادی وڵات بەرزنەکاتەوە ڕاناوەستێت. ئیتر لێرەوە شاعیر لەسەر زمانی خودی جوتیار دێت لە ڕێگەی خستنەڕووی مەزلومییەت و هاندان و باوەڕپێدان و ئومێدەوارکردنیان بەرجەستەی هۆشیاری لە لای چینی کرێکار و جوتیار دەکات و بەمەش لایەنێکی تر لە لایەنەکانی (هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دادەمەزرێنێت.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.234.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.234.

### 3-1-9-4. هاندان و وریاکردنەوە و ڕاچڵەکاندنی کۆمەڵگا و لاو بۆ خەبات

(هێمن)ی شاعیر لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا لە ڕێگەی بەخەبەرهێنانەوە و هاندان و وریاکردنەوە و هەست بزواندن و ڕاچڵەکاندنی کۆمەڵگا بە گشتی و لاوی خوێنگەرم بەتایبەتی بۆ خەبات و ڕووبەڕووبوونەوەی نەیار و بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕەوای خۆیان. ئیتر لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت لایەنێك لە لایەنەکانی (هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی بەرجەستەبکات. هەروەك لە شیعری (شەپۆلی تۆڵە)دا شاعیر ڕاستەوخۆ بە لاوان و خەڵکی کوردەواری دەڵێت:

توورە بە، سوور بەوە لێی وەک پۆلوو
ئاگری دە وەکوو پووش و پووشوو
ئەو لە خوێن مژتنی تۆ تێر نابێ
تۆ دەبێ بۆ بەزەییت پێی دابێ
لە هەموو لایەکەوە پێی دادە
راوی نێ، زوو لە وڵاتی رادە
دەس و خەنجەر کوتوپڕ راکە سەری
وەدەری نێ وەدەری نێ وەدەری
هەڵمەتی بۆ بەرە وەک شێری دڕ
لەشکری لێ بکە دابڕ- دابڕ[1]

لێرەدا دەبینین زۆر ڕاشکاوانە و بە زمانێکی سادە و ڕوون شاعیر داوا لە لاوان دەکات لە دوژمنان تورەبن و لێیان وەرنەدەست و بەزەیتان پێدانێتەوە و بە خەنجەر هێرشیان بکەنە سەری هەروەکو چۆن ئەوان بەزەیی بە ئێوە دانایەتەوە و ڕاوی نێن و لە وڵات بەدەری نێ و... هیتر. پاشان بە پیاهەڵدان هیمەت بەرزی و هیوا دەداتە خەباتکاران و دەڵێت:

کۆستەکی خەنجەری تۆ بترازێ
ئەو بە سەرنیزە کولەی نانازێ
ویزە گوڵلەی چەکی تۆی بێتە گوێ
ناپەڕێنێ لە سنووریشت سوێ[2]

لێرەشدا لە ڕێگەی پیاهەڵدان و خستنەڕووی ئازایەتی و قارەمانییەتی لاوان و خەباتکاران ئومێد و هیوایان بۆ دروستدەکات و هۆشیاری و بەرچاوڕوونیان لە بارەی بەهێزی خۆیان پێرادەگەیەنێت و دڵنیایان دەکاتەوە ئەگەر ئەوان بە خەنجەر و چەك و گولە ڕووبەڕووی دوژمنان ببنەوە ئەوکات دوژمنان لوتبەرزی و لەخۆبایی بوونیان نامێنێت و دەبەزن و ناتوانن بەرامبەریان ببنەوە و بۆ دەرەوەی سنووری خاکی نیشتمان دەکشێنەوە. پاشان هەر لەسەر ئەم هاندان و پیاهەڵدان و ورەپێدان و ڕاچڵەکاندنە لە شیعرەکەیدا بەردەوام دەبێت تاوەکو لە دوایین دێری شیعرەکەیدا دەڵێت:

ئەو رق و قین و بەگژداچوونە
تاقە رێگایەکی رزگاربوونە[3]

لەم دوانین دێرەشدا دڵنیایان دەکاتەوە کەوا ئەم تورەبوون و ڕاپەڕین و بەگژداچوون و ڕووبەڕووبوونەوەیە تەنیا ڕێگەی ڕزگارییە. ئیتر بەم شێوەیە شاعیر لە ڕێگەی ئەم هاندان و پیاهەڵدانی ورەپێدەرانە و وریاکردنەوە و ڕاچڵەکاندنی کۆمەڵگا و لاوانی کورد بۆ خەبات و ڕووبەڕووبوونەوەی نەیاران دەیەوێت کۆمەڵگا هۆشیاربکاتەوە و لە خەوی غەفلەت و بێئاگایی دەریانبهێنێت و هۆشیار و

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.220.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.221.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.221.

بەئاگا بینەوە. بەمشێوەیە لایەنێکی تر بۆ بەرجەستەکردنی (هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی)، وەکو یەکێك لە بنەما بەرچاوەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، دەخاتەڕوو.

هەروەها لە شیعرێکی تریشدا بەناوی (بەهار هەر دێ)دا، دیسان کۆمەڵگەی کوردی هۆشیار دەکاتەوە و پێی دەڵێت:

دەزانن زامی دیلی چەند بەئێش و چەند بەئازارە!

دەبێ رابێین* هەتا ئێمەش دەگەینە ریزی سەربەستان

خەتای خۆمانە تا ئێستا کە هەروا کۆیلە و دیلین

ئەوانەی شاد و ئازادن کەمێ زووتر لەخەو هەستان

نەتاندیوە کە رووباری خوڕین بەردی دەقەڵشێنێ

وەهاش هەر زۆرداری دەسووتێنێ گڕی هەستان[1]

لەم چەند دێرەدا شاعیر کۆمەڵگا وریادەکاتەوە لە بەرامبەر زۆری و بەهێزی ئازاری زامی دیلی، بەڵام، پێیان دەڵێت کەوا پێویستە ڕابین و دەست بە شۆڕش و ڕاپەڕین بکەن و کۆڵنەدەن هەتاوەکو ئێوەش ئازاد و سەربەستی هاوشێوەی نەتەوەکانی تر لە باوەشدەگرن. پاشان ڕەخنە لە نەتەوەی کوردی دەگرێت و پێیان دەڵێت کەوا ئێمە تا ئێستا دیل و ژێردەستین، چونکە ئێمە وەك نەتەوە ئازاد و شادمانەکان زوو هۆشیارنەبووینەوە و لە خەوی بێئاگایی بەخەبەرنەهاتینەوە، بۆیە هەروا ژێردەستین، ئەگینا هەستان و خەبات وەکو ڕووباری بە خوڕ بەرد دەقلیشێنیت و وەکو ئاگرین زۆرداری دەسوتێنێت و ناهێڵێت. بەمشێوەیە درێژە بە شیعرەکەی دەدات و زەنگی هۆشیاری بۆ کۆمەڵگە دەزرینگێنێتەوە و لە دواین دێری شیعرەکەشیدا دەڵێت:

بەخەڵکی عالەمی سەلماندووە تاریخی ئازادی

دەبێ زاڵم لەبەر تێکۆشەران بەرداتەوە دەستان[2]

لەم کۆتا دێرەشدا کۆمەڵگا دڵنیادەکاتەوە کەوا بە پێی مێژووی ئازادی سەلمانداروە کەوا هەردەم زاڵم لە کۆتاییدا دەبێت بەرامبەر تێکۆشەر و خەباتکاران ببەزێت و ئاڵای سپی هەڵکات. ئیتر لەم شیعرەدا شاعیر خەڵکی کورد، بە بەرچاوروونی و خستنەڕووی هۆکاری ژێردەستی و ڕێگە چارەی سەروەری کورد و هاندان و ڕاچڵەکاندنی تاکی کورد بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین و هەستان و داواکردنی مافی ڕەوای خۆیان، هۆشیار دەکاتەوە و پەیامی هۆشیاری دەکاتە یەکێك لە بابەتەکانی ناوەڕۆکی شیعرەکەی.

بەمشێوەیە شاعیر لە ناوەڕۆکی ئەم شیعرانە و چەند شیعرێکی تری وەکو: (سووڕی دەوران[3]، کوردە گیان[4]،...هیتر)دا هاندان و پیاهەڵدان و وریاکردنەوە و لە خەوهەڵسان و ڕاچڵەکاندنی کۆمەڵگا، بەمەش لایەنێك لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی (هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی) وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی دادەڕێژێت.

### 3-1-9-5. بەرجەستەکردنی هۆشیاری کۆمەڵگا لە ڕێگەی بنەماکانی تری نەتەوەگەرایی

شاعیر لە شیعرەکانیدا لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی بنەما جەوهەرییەکانی تری نەتەوە و نەتەوەگەرایی، وەکو: (نەتەوە، خاك، زمانی نەتەوەیی، کەلتوری نەتەوەیی، مێژووی هاوبەش... هیتر)، هەرچۆنێك بێت پێشتر یەکە بە یەکەمان بە نموونەی شعرییەوە خستۆتەڕوو بۆیە لێرەدا تەنیا ئاماژەیان بۆ دەکەین و هەڵوەستەیان لەسەر ناکەین، ئیتر ئەم بنەمایانە دەبنە مایەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، واتە:

---

* لێرەدا ئەگەر وشەی (رابێین) لە چاوگی (رابین)ەوە هاتبێت، کەواتە: مەبەستی شاعێر لەخەو هەڵسانە و ڕاپەرینە. بەڵام ئەگەر لە چاوگی (راهاتن)ەوە هاتبێت، کەواتە: مەبەستی شاعێر دەست و پەنجە لەگەل گەرمکردن و ئارامگرتن و بەرخودان و کۆڵنەدانە.

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.346.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.347.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.303-335.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل.418.

هەریەکە لەم بنەمایانە سەرەڕای ئەوەی خۆیان یەکێکن لە بنەمایەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، دەشبنە لایەنێك لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی (هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی) کورد.

بە دەربڕینێکی تر هەریەکە لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی شاعیردا دەبنە مایەی بەرجەستەکردنی (هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی)، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی. بۆ نموونە لە ڕێگەی بەرجەستەبوونی بنەمایەکی جەوهەری وەکو (مێژووی هاوبەش) لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیردا کۆمەڵگا هۆشیاردەکرێتەوە لە لایەنی مێژووییەوە و هۆشیارێکی مێژوویی گشتگیر دروستدەکات و بەمەش لایەنێك لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی بنەمای (هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی) مسۆگەردەکات. بە هەمان شێوەش هەریەکە لە بنەماکانی تری ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیر لە لایەنێك لە لایەنەکاندا هۆشیاری و وریاکردنەوە و بەخەبەرهێنانەوەی کۆمەڵگا دەخەنەڕوو، بۆیە لە ڕێگەی هەریەکە لە بنەماکانی تریشەوە لایەنێك لە لایەنەکانی بەرجەستەکردنی (هۆشیاری و وەحی نەتەوەیی)، وەکو بنەمایەکی جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیردا بنیاددەنرێت.

ئەوەی ماوە و بە پێویستی دەزانین لە باسی خستنەڕووی بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن)دا تەنیا ئاماژەی پێبکەین بە شێوەیەکی گشتی دوو خاڵە:

یەکەمیان/ ئەو بنەمایە جەوهەرییەی نەتەوە و نەتەوەگەرایی کەوا (هێمن)ی شاعیر لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا لە ڕێگەی خستنەڕووی زۆرترین لایەن و ڕەهەند بەرجەستەی کردووە، واتە زۆرترین هەڵوەستەی لەسەر کردووە و بە شێوەیەکی بەرچاوتر لە لایەن و ڕەهەندەکانی بەرجەستەکردنی بنەما جەوهەرییەکانی تری نەتەوە و نەتەوەگەرایی باسی کردووە و ناوەڕۆکی شیعرەکانی پێ ڕازاندۆتەوە، بنەمای (خاك) و نیشتمان و هاووشەکانییەتی، بۆیە بێگومان جێگای خۆیەتی شیعرەکانی شاعیر بە شیعری نیشتمانی و خۆشی بە شاعیری نیشتمان بانگبکرێت.

دووەم/ لە ڕاستیدا جگە لەو بنەمایانەی خستمانەڕوو دەکرێت چەند بنەمایەکی تر، وەکو بنەما و بنیاتی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، بەرچاوبکەون. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی و لە گۆشەنیگای ئێمەوە ئەوەی خستمانەڕوو کۆمەڵێك بنەمای جەوهەری نەتەوە و نەتەوەگەرایی بوو کە لە شیعرەکانی (هێمن)دا بە خستنەڕووی چەند لایەن و ڕەهەندێکیانەوە بە زمان و شێوازی شیعری و بە هەناسەیەکی شاعیریانە بەرجەستەکرابوون. کەواتە: دەکرێت بنەمای تریش ببیرنێت، بەڵام بێگومان، لە دیدی ئێمەوە، ئەوەی خرایەڕوو هەموو بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی ناو شیعرەکانی شاعیر بوو.

### 2-3. هۆکارەکانی بە ئامانج نەگەیشتنی نەتەوەگەرایی، لە شیعرەکانی (هێمن)دا

بێگومان لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا لە پاڵ خستنەڕووی بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی هۆکار و بەربەستەکانی بەردەم نەتەوە بۆ گەیشتن بە ویست و ئاوات و ئامانجە نەتەوەگەرایەتییەکەیان ئاماژە پێدەکات، بەڵام هەڵبەتە بە شێواز و ستایل و دەربڕینی گوتاری شیعری، نەوەك بە شێواز و دەربڕینێکی گوتاری سیاسی و زانستی ئاسا.

سەرەتا دەبێت ئەوە بخەینەڕوو کەوا ویست و ئیرادە و ئامانجی نەتەوەگەرایی چییە؟ ئاسایی دەتوانین بڵێین ((...، سەرگۆڵی ناسیونالیزم، نەتەوەیە و یەکەمین ئامانجی ناسیونالیزم دەوڵەتخوازی بۆ نەتەوەیە. بەواتایەک، لە ڕوانگەی ناسیونالیزمەوە، نەتەوەکان بوونیان هەیە و دەبێت خاوەن کۆمەڵگەیەکی سیاسی، دەسەڵات و بە کورتی، خاوەن دەوڵەت بن. بەکردەوەش هەوڵدانی نەتەوەکان لە ئاستی جیهانیدا لە کاتی سەرهەڵدانی نەتەوە و ناسیونالیزمەوە تا ئێستا بەردەوام بووە))[1]. کەواتە سەرووەری نەتەوە ئامانجی هەرە دیار و سەرەکییە، هەڵبەتە ئەم ئامانجە زیاتر پاڵپشتی تیۆری

[1] دکتۆر محەمەد حوسێن زادە. ناسیۆنالیزمی نەمر. 22/ 02/ 2023، وەرگیراوە لە ماڵپەڕی: چاوی کورد، لە بەشی: نەتەوە و دەوڵەتسازی، لە بەرواری: 10/ 06/ 2024. بەم لینکەی خوارەوە:
ناسیۆنالیزمی نەمر - Chawy Kurd

(پێشینەگەر)ی هەیە. ئیتر هۆکار و بەربەستەکانی بەردەم ئامانجی نەتەوەگەرایی بریتییە لەو هۆکار و بەربەستانەی کە تاوەکو ئێستا لێیان نەگەڕاوە گەل وەکو هەر نەتەوەیەکی تر ببێتە خاوەن قەوارەی خۆی.

ئەگەر بمانەوێت بۆ مەبەستی هۆکارەکان بگەڕێنەوە سەر سەرچاوەکان ئەوە بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرە سەرچاوە لەم بارەیەوە بەرچاو دەکەوێت:

یەکەمیان/ ئەو سەرچاوانەن کە بە شێوەیەکی سیاسی و زانستی، یان لە ژێر بنەمای بینین و خوێندنەوەیەکی کەسی بە زمانی ڕاستەوخۆی زانستی و ئاسایی هۆکار و فاکتەرەکانی بەردەم نەتەوەگەرایی دەخەنەڕوو.[1]

دووەمیان/ ئەو سەرچاوانەن کە باس لە نەتەوەگەرایی ناو شیعر و ئەدەبیات دەکەن و پەنجە لەسەر فاکتەرە پێشکەشکراوەکانی ناو دەقە شیعری و ئەدەبییەکان دادەنێن و لە ژێر سێبەری خوێندنەوەی دەقەکاندا شیان دەکەنەوە.[2]

هەرچۆنێك بێت بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین ئەو هۆکار و بەربەستانەی بەردەم نەگەیشتنە ئامانجی نەتەوەگەرایی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا بە دوو بەشی سەرەکی و گشتی پۆلێن بکەین: (هۆکار و بەربەستە دەرەکییەکان و هۆکار و بەربەستە ناوەکییەکان) و هەربەشەشیان بە چەند لقێك دیاریبکەین. ئیتر لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی خێرا، لەبەر نەبوونی دەرفەت، چەند فاکتەر و بەربەستێکی جەوهەری و ئاماژە بۆکراوی ناو گوتارە شیعرەکانی (هێمن)، بە نموونەی شیعرییەوە، بخەینەڕوو:

### 3-2-1. هۆکار و بەربەستە دەرەکییەکان

مەبەستمان لەو هۆکار و فاکتەرە دەرەکییانەن کە لە دەرەوەی کۆمەڵگا هەن وەك دەوڵەتە ئیستعمار و سەرمایەدار و زلهێزەکانی جیهانەوە بوونەتە بەربەست لەبەردەم بە ئامانج گەیشتنی نەتەوەگەرایی. بە شێوەیەکی گشتیش فاکتەر و بەربەستە دەرەکییەکان لە شیعرەکانی شاعیردا بە دوو جۆر و باس و ڕەهەند بەرچاودەکەون:

#### 3-2-1-1. پیلان و دژایەتی نەیاران بە هاوکاریی زلهێزەکان

(هێمن) لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی خۆیدا ئاماژە بە هۆکارێکی دەرەکی سەرنەکەوتن و بە ئامانج نەگەیشتنی نەتەوەگەرایی دەکات، کە ئەویش: پیلانگێڕان و دژایەتی داگیرکەر نەیارانە، بە هاوکاری و ڕەزامەندی دەوڵەتە ئیستعمار و زلهێزەکانی جیهان، بۆ نموونە لە شیعری (دەمەتەقەی دوو خوێن مژ)دا، هەرچەندە ئەم نموونە چەند جاری تریش بۆ بابەتی تر خراوەتەڕوو، بەڵام لێرەشدا بە پێی پێویست ناچارین هەڵوەستەی لەسەر بکەینەوە، لە زمانی (نوری سەعید)ی کاربەدەستی دەوڵەتی عێراقدا دەڵێت:

برا مام ئینگلیس ئاغای خۆمانە
هەتا ئەومان بی خەمی چیمانە
پەنای بۆ دەبەین دەیانکا چارە
فریویان دەدا بەپوول و پارە
بۆیان ساز دەکا سەد شێخ و مەلا
بەسەریان دێنێ سەد دەرد و بەڵا[3]
عەشیرەتەکان دێنێتە ژێر بار

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. جەزا چنگیانی. هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەت. ل.185-187.
[2] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: فەهمی شوکری عەبدوڵڵا. نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی (1650-1707)دا. ل200-210.
[3] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.395-396.

بەدرۆ و دەرسە بەپوول و دینار

لێرەدا دەبین چۆن نەیاران بە هاوکاری پشتیوانی دەوڵەتە زلهێزەکانی وەکو ئینگلیزەکان بۆ پیلانگێری و تێکبەردان و فریودانی کۆمەڵگا لە ڕێگەی بەکرێگرتنی پیاوی خاین و خۆفرۆش و بەکارهێنانی ئاین و هێزی ڕوحی کۆمەڵگا لە ڕێگەی ئامادەکردن و پەروەردەکردنی دەیەها شێخ و مەلای ئاینی و هەڵخەڵەتان و ڕازیکردنی عەشیرەتەکان بە پەیمان و لاواندنەوە و گیرفانپرکردنیان و چاوکوێرکردنیان بە ماڵ و سامانی دونیا... کە دەرەنجامی ئەم پیلانگێری و دووبەرەکی نانەوەیە دوژمن و داگیرکەرانی دەرەکی توانیویانە بەربەست بخەنە بەردەم بە ئامانج گەیشتنی نەتەوەگەرایی، وەکو یەکێك لە جۆر و ڕەهەندەکانی هۆکار و بەربەستە دەرەکییەکان.

### 3-2-1-2. کوشتن و لەناوبردن و بەتاڵانبردنی سامان و بەرهەمی کوردەواری

یەکێکی تر لە فاکتەرە ئاماژەپێکراوە دەرەکییەکانی بەربەست لەبەردەم گەیشتن بە مەبەست و ئامانجی نەتەوەگەرایی نەتەوە، لە دوو توێی شیعرەکانی (هێمن)دا، ئەو کوشتن و بڕین و لەناوبردن و زوڵم و زۆردارییەی نەیاران و کاولکاری و بەتاڵانبردن و بەزۆر بردنی سامان و سەروەت و بەرهەم و ڕەنج و تێکۆشانی کوردەوارییە، کە وەکو ژێرخانێکی ئابووری نەتەوەیە. ئیتر هەموو ئەم زوڵم و زۆردارییە دەرەکییە بووەتە هۆی لاوازکردن و مژینی خوێنی شادەماری نەتەوە و نەتەوەگەرایی. بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (دواڕۆژی ڕووناك)، ئەو شیعرەش پێشتر بۆ مەبەستی تر قسەمان لەسەر کردووە و لێرەشدا لەبەر پێویستی و بەپێی پێویستی دەیخەینەوە پێش چاو:

هەزار لاوی لە بەندیخانەدا مرد
هەزار پیاوی تەنافی خرایە ئەستۆ
کوڕی کوردی لە خوێنی خۆی دەگەوزی
کچی کوردی سەری کردبووە ئەژنۆ
ئەوەی سووکایەتی بوو کردی پێمان
نەدەکرا کەس بڵێ بۆ وا دەکەی بۆ؟
بڕا نێفەک، دڕا سەرپێچ و دەسماڵ
بڕا کیژ و دڕا کوڕ پاڵەپەستۆ[1]

لەم چەند دێرەدا شاعیر زۆر جوان باسی ئەو هەموو زوڵم و زۆرداری و کوشتن و لە ناوبردن و خوێنڕژانی بەناحەق و لەسێدرەدانی هەزاران لاو و پیاو و ڕۆڵەی گەل. هەروەها دەستدرێژی و ئابروتکان و هەموو بێڕێزی و سوکایەتییەك و زوڵم و زۆردارییەك بەبێ ئەوەی کەس هەبێ لێیانبپێچێتەوە. هەروەها لە بەردەوامی شیعرەکەیدا دێتە سەر کاوڵکاری و تاڵانکردنی سامانی گەل و دەڵێت:

گوڵستان و زەمەندی کوردەواری
بەپێی دوژمن دەبوو پێشێل و بۆژۆ
دەیانکرد دەغڵودانی ئێمە بەش بەش
دەیانبرد دانەوێڵەی ئێمە کۆکۆ
ئەوی گەنمی ڕەنێو دێنا بەزەحمەت
لە ماڵیدا نەبوو خۆی زمهەرێک جۆ
لە کیسەیدا نەبوو تاڵاییی توتن
ئەوی سازی دەکرد سیگاری «ئۆشنۆ»
بە دوو گەز جاوەوە خەونی دەبینی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.108-109.

ئەوی عەمباری شای پڕ کرد لە پەممۆ
پەنیر و ڕۆنەکەی ئێمە بەزاری
ئەوان دەخورا، دەما بۆ ئێمە هەر دۆ
مریشک و قاز و باڕۆکە و مراوی
بەشی وان بوو، بەشی ئێمەش پەڕوپۆ[1]

لێرەشدا زۆر بە ڕوونی باس لەو کاوڵکاری و وێرانکردنەی خاك لە ژێرپێی نەیاران، هەروەها دزین و بەزۆربردن و بەتاڵان بردنی بەرهەم و ژێرخانی کوردەواری دەکات وەکو: دەغڵ و دان و گەنم و توتن و لۆکە و پەنیر و مریشك و... هیتر و پەکخستن و هەژارکردن و بێ بەرگ و نان و بژێوی کردنی کۆمەڵگە، ئیتر ئەم بەتاڵانبردنەی ژێرخانی کوردەواری و گرتنی بینەقاقای ئابووریی گەل بەربەستی بەئامانجنەگەیشتنی نەتەوەگەراییە. چونکە هەروەك (مەسعود محەمەد) دەڵێت: ((وەک من بۆی دەچم هۆی ئەم مومکین نەبوونەی پەیدابوونی کیانی کوردی لە ماوەی 2500 ساڵدا دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی «نزیف اقتصادی» کە لەوەتەی ئیمپراتۆریەتی فارس و هی ڕۆمەکان و یۆنانیەکان و دەسەڵاتی جێنشینەکانی ئاشوور و بابل دەوری لە کوردستان داوە داهاتی خاکی کورد ساڵانە ڕژاوەتە ئەم سێ ناوچە بەهێزەی ئابووری و حوکم و ئیمکان نەبوو بە درێژایی مێژوو «سەرمایە» و دارایی بایی حوکمڕانی لە نێو کورددا پەیدا بێ.))[2] بۆیە کورد نەیتوانیوە بگات بە ژێرخانێکی گەشەسەندوی خۆیی و هەناسەیەکی قوڵی ئابووری هەڵکێشێت و بەرەو سەرمایەداری و پیشەسازی و سەرخانێکی پێشکەوتوو.

کەواتە هەموو ئەم کوشتن و زوڵم و زۆری و وێرانکاری و نەیارانی گەل و خاك، یەکێکی ترن لەو فاکتەر و هۆکارە دەرەکییانەی کە بوونەتە بەربەست و ڕێگربوون لە بەئامانجگەیشتنی نەتەوەگەرایی.

### 3-2-2. هۆکار و بەربەستە ناوەکییەکان

هۆکار و بەربەستە ناوەکییەکان، لە پاڵ هۆکار و بەربەستە دەرەکییەکان، یەکێکی ترە لە هۆکار و فاکتەر و بەربەستە گشتی و سەرەکییەکانی بەردەم بەئامانجگەیشتنی نەتەوەگەرایی کە لە ناو شیعرەکانی (هێمن)دا لەچەند لایەن و ڕوو و ڕەهەند و شێوەیەکەوە خراونەتەڕوو:

### 3-2-2-1. لەخەومان و دواکەوتن و سستی لە خەبات

یەکێك لەو هۆکار و بەربەستە نەوەکییانەی بەردەم نەتەوەگەرایی کە لە شیعرەکانی (هێمن)دا خراوەتەڕوو باسکردنی لەخەومان و بێئاگایی و دواکەوتن و سستی گەلە لە مەیدانی خەباتدا، هەروەك بۆ نموونە لە شیعری (بەهار هەر دێ)دا دەڵێت:

خەتای خۆمانە تا ئێستا کە هەروا کۆیلە و دیلین
ئەوانەی شاد و ئازادن کەمێ زووتر لەخەو هەستان
نەتاندیوە کە ڕووباری خوڕێن بەردی دەقەڵشێنێ
وەهاش هەر زۆرداری دەسووتێنێ گڕی هەستان[3]

پێشتریش لە باسی بابەتی تردا ناوەڕۆکی ئەم چەند دێرە شیعرەمان خستۆتەڕوو، باسمان کرد کەوا شاعیر خەتای کۆیلایەتی و نەگەیشتن بە ئامانجی نەتەوەگەرایی، کە ئازادی و سەروەرییە، بۆ خودی گەل دەگەڕێنێتەوە و بەوەی کە ئەو لەخەو بەجێمابووە و لە کۆڕی خەباتی گەلان دواکەوتووە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.109.
[2] مەسعوود محەمەد. بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوێیەك بێت. ل24.
[3] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.346.

سیستی و بێخەمی کردووە و درەنگتر لە میللەتە ئازادەکانی دونیا دەستی داوەتە خەبات. ئەگینا هەستان و شۆرش و ڕاپەڕین تەختی زۆردار دەسوتێنێت و موژدەی ئازادی و سەربەخۆیی مسۆگەردەکات.

بەمشێوەیە شاعیر ئەو لەخەومان و سستی و دواکەوتنەی شۆرش و ڕاپەڕینی کوردی وەکو هۆکار و بەربەستێك لە هۆکار و بەربەستە ناوەکییەکانی بەردەم نەتەوەگەرایی نەتەوەی کورد لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا دەخاتەڕوو.

### 3-2-2-2. هەبوونی دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێو کۆمەڵگە

لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا هەبوونی دووبەرەکی و ناکۆکی و ڕێکنەکەوتن و برایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بە یەکێکی تر لە هۆکار و بەربەستە نەوەکییەکانی بەردەم نەتەوەگەرایی دادەنێت، هەروەك بۆ نموونە لە شیعری (گەرمەشین)دا دەڵێت:

بەسیەتی دووبەرەکی و ملهوڕی و لاساری
تا برایانە هەموو پێکەوە نەدوێن، دەگریم
دەمەوێ ڕێگەی رزگاری تەخت بکرێ دەنا
تاکوو نسکۆیە بەرن، تاکوو هەڵەنگوێن دەگریم[1]

لەم دوو دێرە شیعرەشدا، هەروەك پێشتریش بۆ بابەتی تر خستمانەڕوو، شاعیر داوادەکات خەڵکی کورد واز لە دووبەرەکی و ناتەبایی و ناکۆکی و دژایەتی یەکتر بهێنێت و هەموو دەست لە ناو دەست وەکو برا ڕێکبکەون لەسەر ڕووبەڕوو بوونەوە و ڕێگرتن لەبەردەم زوڵم و زۆرداری و داگیرکاری و کاولکارییەکانی دوژمنانی کورد و کوردستان، ئەگینا ڕێگەی ڕزگاری و بەئامانجگەیشتنی نەتەوەگەرایی کوردی و سەربەخۆبوونی کوردستان ڕاستەڕێ نابێت و دیسان تووشی نسکۆ دەبنەوە و بەمەش منی شاعیر هەر دەبێ بگریێم و ژیرنەبمەوە.

لێرەشدا دەبینین شاعیر دووبەرەکی و ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بە هۆکار و فاکتەر و بەربەستێکی ناوەکی دەزانێت لەبەردەم گەیشتنەئامانجی نەتەوەگەرایی.

### 3-2-2-3. بەڵای خاین و خۆفرۆش و جاش و نەفسنزمەکانی کۆمەڵگا

یەکێکی تر لە هۆکار و بەربەستە نەوەکییانی بەردەم نەتەوەگەرایی کوردی کە لە شیعرەکانی (هێمن)دا باسکراوە بریتیە لە: بەڵا و بەربەستکاری و خەنجەری ژەهراوی خاین و خۆفرۆش و جاش و نەفسنزمەکانی نێو کۆمەڵگا، کە ئەمەش لە شیعری (سووڕی دەوران)دا بەمشێوەیە خراوەتەڕوو:

قەڵای میران بەدەس ناکەس دەنەخشێ
کە «دار هۆرەی لە خۆی بێ زوو دەقەڵشێ»[2]

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر باس لەوە دەکات کەوا میر و زۆرداران لەسەر دەستی کەسی ناکەس و خاین و خۆفرۆش بنیاددەنرێت و ئەوان لە ڕێگەی ئەم جۆرە کەسە نەفسنزم و بێئەرزشانە دەتوانن بەردەوامی بە زوڵم و داگیرکاری خۆیان بدەن، ئەگەرنا، هەروەك ئەم پەندەی ئاماژەی بۆ کردووە، ئەگەر دار هۆرە و کرمی لە خۆی بێت زوو دەقەڵشێت و لەناو دەچێت، لەم پەندەوە دەست لەسەر فاکتەرێکی نسکۆ و نەگەیشت بە ئازادی و ئامانجی نەتەوەگەرایی دادەنێت کە ئەویش بەڵای کەسی خاین و ناکەسبەچەیە. هەروەها لە یەکێك لە دێرەکانی تری هەر ئەم شیعرەدا دەڵێت:

ئەگەر خوێڕی نەکا میللەت فرۆشی
لە خۆی نابینێ زاڵم خێر و خۆشی[3]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.210.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.318.
[3] هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

لەم دێرەشدا ئاماژەی ئاشکرا بۆ نەفسنزم و خۆفرۆشانی گەل و میللەت دەکات و بە فاکتەری سەرکەوتن و سەرفرازی زاڵم و داگیرکەران و نسکۆی شۆرش و ڕاپەرین و نەتەوەگەرایی دەزانێت. هەروەها لە دێرێکی تردا ئاماژە بە کەسی مفتەخۆر و مشەخۆر و سەربار دەکات و دەڵێت:

بە من ئەو هێرش و زەبر و زوڵم و زۆرە

بەشی زۆری گوناهی مفتەخۆرە[1]

لەم دێرەشدا زۆربەی گوناح و فاکتەر و هۆکارەکانی ئەو زوڵم و زۆرداریە زۆرەی زاڵم و داگیرکەران و سەرنەکوتنی نەتەوەگەرایی و ڕزگاربوون لە زاڵم و داگیرکەران بۆ مشەخۆر و سەربار و مفتەخورەکانی کۆمەڵگا دەگەرێنێتەوە.

بەمشێوەیە شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت هۆکار و بەربەستێکی تر لە هۆکار و بەربەستە ناوەکییەکانی بەردەم سەرنەکەوتن و بەئامانجنەگەیشتنی نەتەوەگەرایی دەگەرێتەوە بۆ بەڵای خەنجەری ژەهراوی خاین و خۆفرۆش و نەفسنزم و مفتەخۆرەکانی کۆمەڵگە.

**3-2-2-4. دیاردەی کۆیلەکردن و بەندکردنی ڕەگەزی مێینە**

هۆکار و بەربەستێکی تری ناوەکی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا دیاردەی بە کۆیلەکردن و بەندکردنی کچ و ژنانە لە ماڵدا و ڕێگەنەدانە بە لەماڵ دەرچوون و بەرجەستەکردنی ئازادی و سەربەخۆیی، کە بەمەش ڕەگەزی مێینە، وەکو بەشێکی کۆمەڵگا، لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و پرسی نەتەوەگەرایی کۆمەڵگە دابڕاوە و بۆیە گەل ناتوانێت ببێتە خاوەنی ئازادی و سەروەری خۆی هەتاوەکو ڕەگەزی مێینە ئازاد و سەربەست نەبێت، هەروەکو شاعیر لە شیعری (یادگاری شیرین)دا ئاماژە بەم فاکتەرە دەڵێت:

چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێردەست کە کچ دابەستە بێ

بەس نەبێ ئەو کۆیلەتی و ئەو کچ لە ژوور دابەستنە

دەرکی داخستووە لە تۆ بابت کەچی دەرکی نییە

دەرکەداخستن لە تۆ دەرکی هومێد داخستنە

داڕزینە، مردنە، ئاخر هەتا کەی پێت بڵێن

نابێ بێتە دەر لە ماڵ، مافی ژیانی کوا؟ ژنە[2]

لەم چەند دێرە شیعرەدا بە ئاشکرا ئاماژە بە هۆکاری سەرنەکەوتنی گەل و بەئامانجنەگەیشتنی نەتەوەگەراییەکەی دەکات و بۆ ژێردەستی و کۆیلەکردنی کچان و بەندکردنی لە ماڵ و ڕێگە نەدان بە چوونەدەر و نائومێدکرنی ئەم ڕەگەزەی کۆمەڵگا و کە ئەمەش هەم بە عەیبەت و دارزین و هەمیش بە بێمافی ژیانی ژن دەزانێت.... دەتوانین بڵێین شاعیر لە پەیامی ئەم چەند دێرە شیعرە دەیەوێت پێمان بڵێت کەوا ئەگەر کچ وەکو ڕەگەز و پێکهێنەرێکی سەرەکی کۆمەڵگا ئازاد نەبێت و سەربەستنەکرێت و تێنەکۆشێت ئەوە گەل سەربەست نابێت و نەتەوەگەرایەتییەکەی ناگاتە ئەنجام و مەنزڵگە.

بەمشێوەیە دەبینین شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت کەوا دیاردەی کۆیلەکردن و لەژوور بەندکردنی کچانی کورد و دابڕانیان لە ئازادی و سەربەستی و بەشداریکردن لە کۆڕی خەبات بە یەکێکی تر لە هۆکار و بەربەستە ناوەکییەکانی سەر ڕێی سەربەستی گەل و نەتەوەگەرایی دەنێت.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.318.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.115.

### 3-2-2-5. بەجێماوی و ناهۆشیاری و دواکەوتوویی و نەزانی و نەخوێندەواری کچان

هۆکارێکی تر لە هۆکار و فاکتەرە ناوەکییانی بەربەست لەبەردەم نەتەوەگەرایی کە لە دووتوێی شیعرەکانی (هێمن)دا باسکراوە، ئاماژەکردنە بە: بێئاگایی و بەجێماوی و ناهۆشیاری و دواکەوتوویی و نەزانی و نەخوێندەواری کچان، هەروەك شاعیر لە شیعری (یادگاری شیرین)دا دەڵێت:

راپەڕە، هەستە لە خەو، ئاخر چ وەختی خەوتنە؟
دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، راکە مەدرەسە
چاری دەردی کوردەواری خوێندنە، هەر خوێندنە
دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات
من گوتم تۆش تێبگە «ناگاتە دەریایە زنە»[1]

لێرەدا، هەروەك پێشتر بۆ بابەتی تر بە شێوازی تر ئاماژەمان پێداوە، شاعیر داوا لە ئافرەت دەکات کەوا لە خەوی بێئاگایی هەستێت و بەربەستەکانی سەر ڕێی بشکێنێت و بەگورجی و بە ڕاکردن بچێتە قوتابخانە و دەستبکات بە خوێندن و چارەسەری دەردی کوردەواری بکات، کە ئەویش دەردی نەزانی و نەخوێندەواری و دوورییە لە زانست و زانین و پێشکەوتنی سەردەم، ئەو دەردەی کوردەواری پێ دیل و ژێردەستی دوژمنان و داگیرکەران کردووە و بووەتە بە بەربەست و مۆتەکە لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵگا و گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەگەرایی خۆی. پاشان شاعیر ئاماژە بەوەدەکات کەوا تەنیا دایکی خوێندەوار و هۆشیار و زانا ئامادەیە کوڕی خۆی دەنێرێتە خەبات و مەیدانی تێکۆشان و فیداکاری لە پێناوی گەل و نیشتمان، چونکە دایکێکی ئازاد و سەربەست و هۆشیارە و بە هیچ شێوەیەك ڕازینابێت خۆی و ڕۆڵەکانی و میللەتەکەی لە ژێردەستی و دیلیدا بناڵێنیت و ئامادەیە جەرگی خۆی فیدای ئازادی و سەربەستی نەتەوەکەی بکات. لە کۆتایشدا ئاماژە بەو پەندە دەکات کەوا باس لەوەدەکات زنە و دڵۆپە و کانی ئاوی کەم و بچوك ناگاتە دەریا و لە کورتی دەدات، دیارە لەمیانەی ئەم پەندەدا شاعیر دەیەوێت بە کچان بڵێت ئەگەر تۆ هەر نەخوێندەوار و ناهۆشیار و بچووك بیت، ناتوانی ببیە ئەو دایکە گەورە و بەرزەی کە کوڕەکەی بۆ سەربەستی و سەرکەوتنی وڵات پەروەردەدەکات.

ئیتر شاعیر دەیەوێت بڵێت کەوا نەبوونی هۆشیاری دواکەوتوویی و بەجێماوی و نەزانی و نەخوێندەواری و دووری لە فێرگە و فێربوون هۆکارێکی ترە لە هۆکار و بەربەستە ناوەکییەکانی بەردەم سەرنەکەوتنی نەتەوگەرایی.

### 3-2-2-6. زوڵم و زۆری و چەوسانەوەکانی ئاغا و دەرەبەگی کۆمەڵگە

لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا زوڵم و زۆرداری و خوێنمژین و چەوسانەوەکانی ئاغا و دەرەبەگانی کۆمەڵگەی وەکو هۆکار و بەربەستێکی تری ناوەکی بەرچاودەکەوێت، هەروەکو شاعیر لە شیعری (دەیڵێم و بێ باکم)دا باس لە ئاغا و دەرەبەگ دەکات و لە دوو دێڕی ناو شیعرەکەدا لە بارەیانەوە دەڵێت:

لەبەر زوڵم و جەفای وانە
وەتەن یەکبارە وێرانە
هەزار خۆزگەم بەبێگانە
ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
لە شەرم و شوورەیی مردم
بەخۆم من چۆن بڵێم کوردم

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.117.

که ئاغا ئابڕووی بردم

ئەمن دەیڵێم و بێباکم[1]

لەم دوو دێرە شیعرەشدا شاعیر ئاماژە بە هەبوونی زوڵم و زۆرداری و جەفای ئاغا و دەرەبەگە کوردەکانەوەیە کە نیشتمان وێران و کاول و بێخێر بووە. دیارە ئەم وێرانکاری و کاولکارییەی ئەوان ئەوەندە زۆر و لە ڕادەبەدەرە بۆیە شاعیر بێترس و بێ باکانە هەزار خۆزگە بە بێگانە دەخوازێت. هەروەها شاعیر بێباکانە ئاماژە بەو شەرم و تەریقبوونەوەیە دەیکات کە بەهۆی ئەو ئابڕوو بردنەی ئاغا بۆی پێشهێناوە، کە تەنانەت لەبەر دەرهاویشتەکانی ئاغای کورد پێی شەرمە بەخۆشی بڵێ کورد و شانازی بە ڕەگەزی نەتەوەیی خۆی بکات. سەبارەت بەم شیعرەشەوە (کەریمی حسامی) دەڵێت: ((بیری ئازادیخوازی و هەستی نەتەوایەتی پەرەدەستێنێ. دەرەبەگ و ئاغا چەکمە رەق کە هەمیشە خزمەتکاری رێژیمی پەهلەوی بوون، دەکەونە بەر لۆمەو لاتاو و توانجی شاعیران و کۆمەلانی خەلك. هێمن هەرچەند خۆی کورە ئاغا و فەرخە شێخە، بەلام لەو قوناخە دا کوتانی ئاغا و دەرەبەگ بەهۆی پێشکەوتنی خەباتی رزگاریخوازی کورد دەزانێ.))[2] بۆیە لەم شیعرەدا ئاغا بە دەرەبەگ و ستەمکار و بەربەستی بەردەم نەتەوەگەرایی دەزانێت.

ئیتر لێرەدا بەمشێوەیە شاعیر باس لە زوڵم و زۆرداری و خوێنمژینی ئاغا و دەرەبەگی کورد دەکات وەکو فاکتەر و هۆکارێکی ناوەکی لەبەردەم پێشکەوتنی کورد و گەیشتنەئامانجی نەتەوەگەراییەکەی.

### 3-3. چارەسەری پێشکەشکراو بۆ پرسی نەتەوەگەرایی، لە شیعرەکانی (هێمن)دا

لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا لە پاڵ دەستنیشانکردن و دەستخستنە سەر برین و هۆکار و بەربەستەکانی بەردەم بەئامانجگەیشتنی نەتەوەگەرایی دەرمان و تیماری برین و چارەسەری بەربەستەکانیش پێشکەشکراوە. بە واتایەکی تر، لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیردا چەند خاڵ و بنەمایێك وەکو چارەسەری بۆ ڕزگاری و ئازادی و پرسی نەتەوەگەرایی خراوەتەڕوو. ئاسایی هەروەك ئاشکرایە شێوازی خستنەڕووی چارەسەرییەکانیش هەر بە زمان و شێوازی شیعرییە و لە پاڵ بنەمای هەست و هزری شاعیرانەیە و پاڵپشت نییە بە دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامەی مێژوویی و سیاسی و تیۆری و... هیتری ئەوتۆی هاوشێوەی زانستە سیاسی و نەتەوەگەرایەتییەکان. هەرچۆنێك بێت ئێستا چەند چارەسەرییەکی جەوهەری و باسکراو لە ناوەڕۆکی شیعرەکاندا، بە نموونەی شیعری دەخەینە پێشچاو:

### 3-3-1. هێز و ڕووبەڕووبوونەوە و جەنگ و خەبات و شۆڕشی لاوەکان

(هێمن)ی شاعیر لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی بەرچاو ئاماژە بۆ گرنگی و پێویستییەتی بێشکی هێز و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری و جەنگ و شۆڕش و خەباتی لاو و جەنگاوەرانی کۆمەڵگای کوردی بۆ چارەسەری و ڕزگاری و گەیشتنە مەبەست و ئامانجی نەتەوەگەرایی و مسۆگەرکردنی ئازادی و سەروەری وڵات.

کەواتە دەستگرتن بە هێز و ڕووبەڕووبوونەوە یەکێکە لە چارەسەرییە جەوهەرییەکانی پرسی نەتەوەگەرای لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیردا. هەڵبەتە بەپێی تیۆری هێزیش ((...، دەوڵەت لە دەرەنجامی هێزو توندوتیژی و باڵادەستی هاتۆتە کایەوە، لایەنگرانی تیۆری هێز هەر یەکە لە (ئۆپێنهایمەر Oppenheimer)ی ئەڵمانی و (شارل بۆدان)ی فەرەنسی دەگرێتەوە. بۆیە ئەمانە پێیان وایە کە دەوڵەت لە قۆناغی سەرەتاییدا گوزارشتە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو کە کەسێك یان گروپێك لە ڕێگەی هێزو دەسەڵات و توندوتیژییەوە بەسەر تاکەکانی تر دەیسەپێنن. هەر بۆیە

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.95-96.

[2] کەریمی حسامی. یادی هێمن. سوید: ؟، 1987، 16.

میژوونوسی یونانی (پلوتاك) دەڵێت: دەوڵەت لەڕێگەی هێزەوە بونیاد نراوە. کۆنترین قانوونیش لە سەر گۆی زەوی قانوونی بەهێزو دەستڕۆیشتووەکانە بەسەر لاوازەکان.

بەدرێژایی مێژوو هێز و دەسەلات هۆکاری هاتنەکایەی کیان و دەوڵەتی جۆربەجۆر بووە،....))[1] کەواتە پاڵپشت بە تیۆری هێز، شاعیر چارەسەرییەکی زانستی و جەوهەری و بنەڕەتی بۆ گەیشتنەئامانجی نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانیدا پێشکەشکردووە.

شاعیر لە شیعری (دوارۆژی رووناك)دا هێزی چەکداری بە بنەمای چارەسەری پرسی نەتەوە دادەنێت و دەڵێت:

زمانی ئێمە گەر نازانێ دوژمن
دەبێ حاڵی بکەین ئەوجار بە برنۆ
لە پێشماندایە دوارۆژێکی رووناک
ئیتر ناخورێ هەقی ئێمە بەفیڕۆ[2]

لەم دوو دێڕەدا زۆر بە ئاشکرا ئاماژە بەوەدەکات کەوا ئەگەر نەیاران لە زمان گوڵ، زمانی ئاشتی و گفتوگۆ، تێناگەن ئەوە بەزمانی برنۆ و زمانی هێز تێی دەگەیەنین. شاعیر ئومێدی ئایندەیەکی ڕووناکی بەو زمانە هەیە و ئەم زمانە بە زمانی چارەسەر و گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەگەرایی و گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی دەزانێت. لێرەدا دەبینین شاعیر وەک (میکاڤیلی) و (هوبز) هێز بە بنەمای دەستەڵات و بنیاتی دەوڵەت دەزانێت، چونکە هەریەکە لەم دووانە ((لە لایانگرانی بەکارهێنانی هێز بوون بۆ پێکهێنانی دەوڵەت، لە ئێستادا و لە دەوڵەتە مۆدێرنەکانیشدا پشت ئەستوور بە هێزە جیاوازەکانی دەوڵەت ئامانجە ستراتیژی و نیشتمانیەکان و ئارامی و ئاسایش دەچەسپێت.))[3]. بەمپێیە نەبوونی هێز و دەستەڵات و توانای ڕووبەڕووبوونەوە مایەی نسکۆ و بەرجەستەنەبوونی دەوڵەت و سەروەریی نیشتمانە.

هەروەها شاعیر لە شیعرێکی تردا بەناوی (سووڕی دەوران)دا، کە پێشتر بۆ مەبەستی تریش خستومانەتەڕوو لێرەش بە پێی پێویست دەیخەینەوەپێشچاو:

هەزار رەحمەت لە گۆڕی بێ کچی میر
قسێکی کرد کە پەندە بۆ کوڕی ژیر
«بە زۆر بشکێ دەبێ دەرکی قەڵایە
دەنا ئەو دەرکە بۆ کێ ئاوەڵایە!
خەبات رزگار دەکا کۆیلە و ئەسیران
لە ناخێ رادەکا مەزن و ئەمیران[4]

شاعیر لە سەر زمانی کچی میردا چارەسەرییەك بۆ ڕزگاربوون لە دەستی زوڵم و زۆرداری داگیرکەر، وەکو پەند و فاکتێك، ڕادەگەینەێت و دڵنیایی لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا پێویستە بە زەبری هێز و خەبات و تێکۆشان دەرگای زیندانی قەڵای زاڵم و زۆردار بشکێنرێت و ڕزگاربوون لە کۆت و زنجیری دیلی و ژێردەستی ڕابگەیەنرێت و شکستهێنان بە میر و دەستەڵاتدار و زۆرداری خوێنمژ مسۆگەر بکرێت.

جگە لەم شیعرانەی خستمانەڕوو لە چەند شیعرانی تریی وەکو: (دایکی نیشتمان[5]، ترۆپکی ڕزگاری[6]،... هیتر)دا شاعیر هێزی هێز و خەبات دەکاتە بەردی بناغەی ڕزگاری.

---

[1] ئەحمەد شەبانی. فەرهەنگی زانستی- سیاسی، (فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان)، کوردی- فارسی – ئینگلیزی. ل769-770.
[2] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.111.
[3] ئومێد مەحمود. ڕۆڵی هێز لە بە دەوڵەتبوونی کوردستاندا. سلێمانی، سەردەم، ٢٠١٧، لا٦٥.
[4] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل.334-335.
[5] بروانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.129-131.
[6] بروانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.222-223.

ئیتر دەتوانین بڵێین کەوا تاکە ڕێگا و چارەسەری و ڕزگاریی جەوهەری و سەرەکی و بەرچاوی ناو شیعرەکانی شاعیردا بۆ پرسی نەتەوەگەرایی و گەیشتن بە ئازادیی نیشتمان بریتییە لە بەرجەستەکردنی هێزدایە.

### 2-3-3 یەکبوون و یەکگرتن و یەکڕیزی و برایەتی لە نێوان تاکەکان

یەکێکی تر لەو چارەسەرییانەی کە (هێمن) لە شیعرەکانی خۆیدا بۆ گەیشتنەئامانجی نەتەوەگەرایی و یەکلاکردنەوەی پرسی نەتەوەکەرایی پێشکەشی دەکات بریتییە لە یەکدەستی و یەکبوون و یەکگرتن و یەکڕیزی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگاکەی و نەهێشتنی دووبەرەکی و ناکۆکی و خاڵە جیاوازەکانە. ((بێ گومان نەبوونی یەکگرتوویی هۆکارێک بووە بۆ نەگەیشتنی کورد بە ئاواتەکانی. بەڵام یەکگرتوویی تەنها بەرهەمی یەکگرتنی هێزی سیاسی نییە. دەبێ ئەم یەکگرتنە لە دەروازەی یەکگرتنی کوردایەتی لە ئاستی کولتووری و کۆمەڵایەتیشدا بوونی هەبێ.))[1] هەروەها پێویستە ئەم یەکگرتنە لە نێوان هەموو چین و توێژ و ڕەگەزەکانی کۆمەڵگا دابێت. شاعیر لە شیعرێکیدا بەناوی (ڕۆژی خۆشی) ئەم چارەسەرییە بە ڕوونی دەخاتەڕوو کە دەڵێت:

لاوەکان! دڵپاکەکان! چاڵاکەکان! پێشمەرگەکان!
ئێوە شیری لێ بسوون و ئێمە پڕدەینە قەڵەم
هەر بەیەکگرتن لە دەست بێگانە دێنینە دەرێ
خاکی پاکی کوردەواری، نایەڵین بۆ کەس ئەڵەم[2]

شاعیر لێرەدا سەرەڕای ئەوەی داوای یەکگرتن و یەکدەستی و یەکڕیزی دەکات لە نێوان هێزی شیر و هێزی پێنووس، پاشا دڵنیایی دەدات لەوەی تەنیا بە یەکگرتن و یەکڕیزی دەتوانرێت ڕزگاری گەل مسۆگەربکرێت و زنجیر و کەڵەبچەی دیلی و ژێردەستی بشکێنرێت. لێرەدا شاعیر هەروەك (د. جەزا چنكیانی) یەكێك لە گرفت و فاكتە سەرەكییەكانی چەوسانەوەی نەتەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ((نەبوونی یەکێتیەکی ئیستراتیجی و نیشتمانی و نەتەوەی....))[3] و پێی وایە بە نەمانی ئەم گرفت و هۆکارە جەوهەرییە بەربەستی بەردەم پرسی نەتەوەگەرایی تەخت دەبێت و خەونی گەل دەکەوتە سەرپێ.

جگە لەم شیعرەی خستمانەڕوو لە شیعری تریی وەکو: (گەرمەشین،[4]شەپۆلی تۆڵە[5]،... هیتر)دا شاعیر ئاماژە بە یەکگرتن و یەکڕیزی گەلی کورد دەکات و بە پێویستی سەرکەوتنی دەزانێت. ئیتر بەمشێوەیە دەبینین یەکبوون و یەکگرتن و یەکڕیزی دەبێتە یەکێکی تر لە چارەسەرییە جەوهەرییە پێشکەشکراوەکانی ناو ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیر.

### 3-3-3 ڕابوون و هەستان و ڕاپەڕینی جەماوەر

لەخەوهەستان و ڕابوونی جەماوەری کۆمەڵگە یەکێکی ترە لەو چارەسەرییانەی کەوا (هێمن)ی شاعیر لە شیعرەکانیدا پێشکەشی پرسی نەتەوەگەرایی کوردی دەکات و بە بنەمای سەرکەوتنی دەزانێت. بۆ نموونە لە شیعری (بەهار هەر دێ)، ئەو شیعرەی بۆ خستنەڕووی بابەتی تریش پشتمان پێبەستووە، شاعیر دەڵێت:

خەتای خۆمانە تا ئێستا کە هەروا کۆیلە و دیلین
ئەوانەی شاد و ئازادن کەمێ زووتر لەخەو هەستان
نەتاندیوە کە ڕووباری خوڕێن بەردی دەقەڵشێنێ

---

[1] گوڵباخ بەهرامی. دەوڵەتی کوردستان، بۆچوونی جیاواز. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2015، ل203.
[2] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل124.
[3] د. جەزا چنگیانی. هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەت. ل186.
[4] وریا حەبیب. مامۆستا هێمن موکریانی. ل209-211.
[5] سەرچاوەی پێشوو، ل209-219-221.

وەهاش هەر زۆرداری دەسووتێنێ گڕی هەستان[1]

لەم دوو دێڕەدا شاعیر چارەسەرنەکردنی پرسی گەلەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ خودی گەل بەوەی کەوا درەنگ لەخەو هەڵساون و لە پاش میللەتانی جیهان ڕابوون و ڕاپەڕیون دژی زوڵم و زۆرداری داگیرکەران، ئەگینا ڕاپەڕین و هەڵسان کۆشکی زۆرداری دەرووخێنێت و گڕیان تێبەردەدات.

بەمشێوەیە دەبینین هەستان و ڕابوون دەبێتە دەرمان و چارەسەرییەکی تر بۆ ئازادی و بەئەنجامگەیشتنی نەتەوەگەرایی کوردی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیردا.

### 4-3-3 چوونە قوتابخانە و دەستکردن بە خوێندن و فێربوون

یەکێکی تر لەو چارەسەرییانەی شاعیر لە شیعرەکانیدا باسی لێوەکردووە؛ بابەتی چوونە قوتابخانە و فێرگە و دەستکردنە بە خوێندن و نووسین و فێربوونی زانست و زانیارییە. هەروەك لە شیعری (یادگاری شیرن)دا، ئەم شیعرەش بۆ نموونەی بابەتی تر ئاماژەی بۆ کراوە، شاعیر ڕاستەوخۆ ئەم چارەسەرییە دەوروژێنێت و دەڵێت:

دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، راکە مەدرەسە

چاری دەردی کوردەواری خوێندنە، هەر خوێندنە

دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات

من گوتم تۆش تێبگە «ناگاتە دەریایە زنە»[2]

لێرەدا شاعیر داوای ڕاکردنە قوتابخانە و فێرگە دەکات و خوێندن و فێربوون بە دەرومان و چارەسەری پرسی گەل دادەنێت و دایکی ڕۆشەنبیر و خوێندەوار و زانا بە نموونەی بەرزی فیداکاری و نەتەوەگەرایەتی دەزانێت و پێی وایە باوەشکردن لە خوێندن و فێربوون دایکانی کورد پەروەردە دەکات لەسەر ڕوحی بەرگری و قوربانیدان لە پێناوی ئازادی.

بەڵێ شاعیر ڕاشکاوانە خوێندن و خوێندەواری بە دەرمان و ڕێگە چارەیەکی گەل و گەیشتنە مەنزڵی نەتەوەگەرایی دادەنێت و داوای دەستپێوەگرتنی دەکات.

### 5-3-3 هۆشیاربوونەوەی چینی جوتیار و کرێکار و ڕەنجدەران

هۆشیاربوونەوەی چین و توێژی جوتیار و ڕەنجدەر و دەستی کار و کرێکاران وەکو بەردێکی بناغەی دامەزراندنی کۆشکی بەرزی ئومێد و هیوای نەتەوەگەرایی کوردی لە دووتوێی شیعرەکانیدا بەرجەستەدەکات و هۆکاری چەوسانەوە و دیل و ژێردەستی نەتەوە، هاوشێوەی (د.جەزا چنگیانی)، بە تاوانی ((... نەبوونی هۆشیاری نەتەوەی و نیشتمانی))[3] دەزانێت. بۆ نموونە لە شیعری (سووڕی دەوران)، ئەو شیعرەی بۆ نموونی تریش خراوەتەڕوو، شاعیر لە دێرە شیعرێکی دا دەڵێت:

کە وریابوونەوە پاڵە و کرێکار

دەشێوێ ماڵی میر و مەزن و خوونکار[4]

لەم دێرەدا شاعیر ڕاستەوخۆ دڵنیامان دەکاتەوە کەوا ئەگەر کرێکار و جوتیار وریابوونەوە و وەکو چینێکی سەرەکی کۆمەڵگا هۆشیاربوونەوە، ئەوکات دەبێتە مایەی لەناوچوونی خوێنمژ و زۆردار و زاڵمان. واتە: بەهۆی قۆزتنەوەی ناهۆشیاری و بێئاگایی جوتیارانە کەوا میر و ئاغا و زاڵمەکان دەستیان خستۆتە گیانی کۆمەڵگای و بە ویستی خۆیان زوڵم و زۆرداری و وێرانکاری دەکەن.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.346.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.117.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.186.
[4] د. جەزا چنگیانی. هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەت. ل.334.

بەمشێوەیە دەبینین هەم لەم شیعرە و هەمیش لە شیعری تریشی وەك: (فرمێسکی رونوو[1]، گەرمەشین[2]،...هیتر) دا شاعیر دەیەوێت وووریایی و هۆشیاربوونەوەی کرێکار و جوتیار و پاڵە بکاتە کۆڵەگەیەکی جەوهەری بنیادی بەئەنجامگەیشتنی پرسی نەتەوەگەرایی کورد و گەیشتن بە دەرمان و چارەسەری دەردی مەزڵوومی و مافخوراویی کۆمەڵگای هەژار و ژێرچەپۆککراوی کوردەواری.

### 3-3-6 هەبوونی تاکی پاك و شارەزا و لێهاتوو بەتوانا

دیاردەی هەبوونی تاکی باش و پاك و لێهاتوو شارەزا و کارزان و بەتوانا خاڵێکی ترە لەو خاڵانەی کەوا شاعیر وەکو چارەسەری و یەکلایکردنەوەی پرسی نەتەوەگەرایی کوردی پێشنیاری دەکات. بۆ نموونە لە شیعری (فرمێسکی رونوو)دا شاعیر ئاماژە بەم چارەسەرییە دەکات و دەڵێت:

بۆ نەجاتی ئەم گەلە کۆیلە و هەژار و بێکەسە
گیانی پاك و بیری تیژ و رێگە ناسینم دەوێ؟
دوای نەجات بۆ ئاوەدانی و خوشی خاپوورە وڵات
کۆمەڵێکی چاك و پاك و راست و وردبینم دەوێ[3]

لەم دوو دێڕەدا شاعیر باشی و گیانی پاك و ڕاستی و بیری تیژ و وردبینی و زیرەکی و لێهاتووی و شارەزایی تاکی کۆمەڵگای کوردی بە لایەنێکی جەوهەری و بنەمایەکی پێویست و چارەسەری پرسی نەتەوگەرای و و ڕزگاری نیشمان دەبینێت و تەنانەت بۆ ئاوەدانی و گەشاندنەوەی نیشتمان لە دوای ڕزگاری و سەروەریش ئەم جۆرە کەسایەتی و کەسانەی بە پێویست دەزانێت

### 3-3-7 فەراهەمبوونی ئازادی و هۆشیاری ڕەگەزی مێینە

یەکێکی تر لەو بنەما جەوهەرییانەی شاعیر لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی خۆیدا بۆ سەرکەوتنی کۆمەڵگای کوردی و لەباوەشگرتنی ئازادی و سەربەخۆیی و گەیشتنەئەنجامی نەتەوەگەرایەتییەکەیان ئاماژەی بۆ دەکات فەراهەمی و مسۆگەربوونی ئازادی و سەبەستی و هۆشیاری و وریابوونەوەی تاکی مێیینەی کوردە. هەرچەندە بێگومان دەتوانین بڵێین ((ئافرەتان، لەپێناو دۆزی گەلەکەیان قوربانیانداوە و هەمیشە ڕووبەڕووی دوژمن وەستاونەتەوە، چاونەترس و ئازابوون بۆ پێداگیری لەسەر هزری نیشتمانپەروەری و خاك دۆستی. ئەگەرچی لەئێستادا شێوازی خەباتی سیاسی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەڵام ئافرەتان لەسەر ئیرادە و پابەندبوونی نیشتمانی مناڵەکانیان پەروەردە دەکەن، بەمەش دەتوانن پارێزگاری لەمێژوو و ئێستا و ئایندەی کورد بکەن، و نەخشەرێگەی ئایندەی کورد بپارێزن.))[4] بەڵام دیارە شاعیر دەیەوێت تەواوی کچان هۆشیار ببنەوە و شان بەشانی براکانیان لە سەنگەری تێکۆشان و خەباتی نیشتمانی باوەش بۆ لاواندنەوەی نیشتمانەکەیان بکەنەوە و ببنە مایەی سەرکەوتنی وڵات، هەروەك لەو شیعرەی بۆ بابەتی تریش خستومانەتەڕوو کە ناوی (شەپۆلی تۆڵە)یە شاعیر دەڵێت:

تاکوو شۆڕش نەکرێ توند و تیژ
تاکوو سەنگەر نەگرێ لاو و کیژ
نادرێ مافی گەلی کوردی دلێر
هەردەبی وا لە قەفەزدا بێ شێر[5]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.358-362.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل.209-211.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل.361-362.
[4] زیبا تەها. ڕۆڵی ئافرەت لە سەرکەوتنی شۆرشەکاندا. لە (28/ 05/ 2024 .) وەرگیراوە لە ماڵپەڕی: (پارتی دیموکراتی کوردستان)، لە (05/ 12/ 2024)، بەم لینکە: ڕۆڵی ئافرەت لە سەرکەوتنی شۆرشەکاندا
[5] د. جەزا چنگیانی. هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەت. ل.221.

بەڵی تاوەکو کچان دەستبار لەگەڵ کوڕ و لاوی کوردی ئازا نەگرن و هاوتای براکانیان شۆڕش نەکەن و هاوئاراستە ڕێگا نەگرن مافی کورد مسۆگەرناکرێت و داری ئازادی سەوزنابێت و بەری نەتەوەگەراییش پێناگات و ئیتر گەلی شێرئاسا هەر دەبێ ژێرچەپۆك و دیل و چەوساوەبن.

هەروەها لە شیعری (سووڕی دەوران)دا، کە پێشتریش ئاماژەمان بۆکردووە، لە دێڕە شیعرێکیدا شاعیر دەڵێت:

کە ژن زانی ئەویش ئینسانە وەک مێر

مەڕی میری ئیتر نایێتە سەر بێر[1]

بێگومان ژن و ڕەگەزی مێینە، وەکو پێکهێنەری بەشێکی کۆمەڵگەی کوردی دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لەسەر نەتەوەگەرایی کوردی.[2] بۆیە فەرامۆشکردن و بێئاگابوونی ئەم ڕەگەزە سەرەکییەی کۆمەڵگای کوردی لەنگی و بۆشاییەکی فراوان لە مەیدانی نەتەوەگەرایی کورد بەرجەستەدەکات. شاعیریش هەستی بەم ڕاستییە کردووە بۆیە پێی وایە کەوا هۆشیاربوونەوەی ژنی کوردی و هەستکردن و هزرکردن بە مرۆڤبوونی خۆی ئیتر ڕەورەوەی ستەمکاران دەکەوێتە لێژی و چیتر ژنان ناچەوسێنرێنەوە و قبوڵیشی ناکەن نەوە و ڕۆڵەکانیان و تەنانەت کۆمەڵگاکەشیان دیل و زەلیل بکرێن. لێرەوە شاعیر ڕۆڵ و گرنگی بەشداری ژن و ئافرەتی کۆمەڵگەی لە پێگەی نەتەوەگەرایی بە بەها و کاریگەر دەزانێت. بۆیە هۆشیاربوونەوە و وریابوونەوەیان بە دەرمان و سارێژی برینی نەتەوەگەرایی کوردی دادەنێت.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل.334.

[2] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ژیرۆ زاگرۆس. هەتیتەو مەتەرێزی ناسیۆنالیزم (کوردستان هەتیتەی ناسیۆنالیزمی دەمارگیرو مەتەرێزی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی). ؟.

# ئەنجام

# ئەنجـام

مێژووی نەتەوەگەرایی بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە بیر و بۆچوون لەخۆدەگرێت، کە ئەوانیش: (1. پێش مێژوو. 2- پاش مێژوو). کە بیر و بۆچوونی یەکەم مێژووی نەتەوەگەرایی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی پێش مێژووی مرۆڤایەتی و بۆ سەردەمێکی زۆر دێرین و کۆنی دەباتەوە، تەنانەت هەندێك جار بە درێژایی مێژووی مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی درێژی دەکاتەوە. هەرچی بیر و بۆچوونی دووەمیشە مێژووی نەتەوەگەرایی دەباتەوە سەردەمی پاش مێژووی مرۆڤایەتی و هەروەها ئەویش لە ناوەخۆیدا دەبێتە دوو بیرورِا، بەمشێوەیە: (1- بیرورِاکانی سەردەمی پێش بەرجەستەبوونی ڕۆشنگەری و شۆرشی پیشەسازی و مۆدێرنێتە. 2- بیرورِاکانی سەردەمی شۆرشی پیشەسازی و ڕۆشنگەری و مۆدێرنێتە.). کە هی یەکەمیان پێی وایە پێش هاتنی مۆدێرنیێتە و شۆرشی پیشەسازی و ڕۆشنگەریی نەتەوەگەرایی بوونی هەبووە، کەچی بیرورِای دووەم پێی وایە پێش سەردەمی مۆدێرنێتە و پیشەسازی نەتەوەگەرایی بوونی نەبووە و لەدوای ئەم سەردەمەوە دەردەکەوێت. هەروەها لە ناو هەریەکە لەم دوو بیرورِایەش زیاتر لە سەرەداوێك بۆ مێژووی نەتەوەگەرایی دیاریدەکان. ئیتر لەم بۆچوونانە بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تریش بەهەمان شێوەیە.

هەروەها نەتەوەگەرایی لە پاڵ ناوەڕۆك و بونیادی شیعری کوردی لە دونیای ڕەخنە و پێوانەی شیعر و ئەدەبیاتشدا خۆی بەرجەستەکردووە و بووەتە پێوانە و بنەمایەکی سەرەکی لە بنەما و پێوانەکانی ڕەخنەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی.

بەرجەستەکردنی گوتاری نەتەوەگەرایی کاریگەری لەسەر ڕووخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا دروستکردووە.

ڕووخساری شیعرەکانی شاعیر دیاردەی جووت قافییە و کێشی بڕگەی پەنجەی خۆماڵی و فۆلکلۆری، وێنەی تایبەت و کاریگەر بە هزری نەتەوەگەرایی، هەروەها زمانێکی نزیك لە زمانی خەڵکی عەوامی کۆمەڵگەی کوردی و پڕ لە وشە و زاراوەی پەتی و سادە و ڕوون، بە کاریگەری لەخۆگرتنی گوتاری نەتەوەگەرایی تێدا ڕەنگی داوەتەوە.

ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیر بە کاریگەری بەرجەستەکردنی گوتاری نەتەوەگەرایی چەندین دەرهاویشتە و تایبەتمەندی وەکو: (پەیوەستکردنی خۆشەویستی ئافرەت بە خۆشەویستی نیشتمان، بەرزتر ڕاگرتنی خۆشەویستی نیشتمان بەسەر خۆشەویستی ئافرەت، ئامادەبوونی هەست و هزری نەتەوەگەرایی لە پاڵ هەموو هەستێکدا، بەرجەستەکردنی چەندین وشەو هێماو زاراوەی گوتاری نەتەوەگەرایی، لە خۆگرتن و خستنەڕووی بابەت و باس و بنەماکانی نەتەوەگەرایی، فەرهەنگ و تۆماری مێژوویی بۆ چەندین ڕووداو کەسایەتی نەتەوەیی، یەکبوونی ئەرك و پەیامی شیعری لەگەڵ ئەرك و پەیامی نەتەوەگەرایی، ڕەهەندی نەتەوەگەرایی وەکو پێوانەی نوێ بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر) لێدەرکەوتووە.

شیعرەکانی (هێمن) لە پێوانەی تای تەرازووی تیۆرەکانی نەتەوەگەرایی سەنگ و بارستەی لە تیۆرێکەوە بۆ تیۆرێکی تر جیاوازە و بە پێی جیاوازی ئەو بۆچوون و فاکتانەی تیۆرەکان بۆ چوارچێوەی نەتەوەگەرایی دەیخەنەڕوو.

شیعرەکانی (هێمن) لە پارسەنگی تای تەرازووی تیۆری یەکەم (تیۆری پێشینەگەر) ئاستێکی بەرز و بەرچاو تۆماردەکات و لە پێوانەی ئەم تیۆرەدا شیعرەکانی شاعیر بە هەڵگری گوتاری نەتەوەگەرایی و شاعیریش بە نەتەوەگەر دادەنرێت. چونکە لە گوتاری شیعرەکانی شاعیردا هاوشێوەی بینینەکانی تیۆرەکە بوونی نەتەوەی کورد بە بوونێکی واقیعی و سروشتی و دێرین و دروستنەکراوی دەستی مۆدێرنێتە و سەرمایەداری دانەخشێنێرێت، بە شێوەیەك کەوا مێژووەکەی بۆ سەردەمی (مادد)ەکان دەگەڕێنرێتەوە. لە لای ئەویش نەتەوە و نەتەوەگەرایی دەبنە مایەی سەروەری و دەوڵەتی کورد و کوردستان، نەوەك بە پێچەوانەوە. هەروەها هەموو بنماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی هاوشێوەی بنەما دیاریکراوەکانی تیۆری (پێشینەگەر) بۆ نەتەوە، وەکو: خاك، مێژوو، کلتور، زمان، ...هیتر، بۆ کورد

دەخرێتەڕوو، هەموویان بە هەند و گرنگ پیشاندەدرێن، بەتایبەت زمان و کلتور، کە دەربڕی ئەنجام کورد وەکو نەتەوەیەکی ڕاستەقینە و بەرجەستە پێشکەشدەکرێت.
بەڵام لە تای تەرازووی تیۆری دووەم (تیۆری مۆدێرنیست)دا هاوشێوەی تیۆری یەکەم (تیۆری پێشینەگەر) بارستە و پارسەنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێت و شیعرەکانی بە هەڵگری گوتاری نەتەوەگەرایی و شاعیریش بە نەتەوەگەر بەرجەستەناکرێت، چونکە ئەم تیۆرە بە پێچەوانەی گوتارەکانی نێو شیعرەکانی شاعیر پێی وا نییە نەتەوە بوونێکی ڕاستەقینە و سروشتی و دێرینی هەیە، بەڵکو ئەو پێی وایە و بیردۆز و فاکتی ئەوە دەخاتەڕوو کەوا نەتەوە خاوەنی بوونێکی وێناکراو و فانتازیی و دروستکراوی دەستی مۆدێرنێتە و سەرمایەداری و سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی و ڕۆشنگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرنە و پێش ئەو کات نەتەوە و نەتەوەگەرایی بوونی نەبووە. هەروەها لە لای ئەم تیۆرە دەوڵەتی نەتەوەیی پارێزەر و گەرێنتی هەناسە و ڕووحی نەتەوەیە و لە دەرەوەی دەوڵەت نەتەوە و کلتوری نەتەوە بێ ڕەگ و سەرچاوەی ژینن، بەڵام لە شیعرەکانی شاعیردا کورد وەکو نەتەوەیەك لە دەرەوەی قەوارەش بوونی هەیە و بوونی نەبەستراوەتەوە بە کیان، هەرچەندە پێی وایە نەبوونی کیان کاریگەریەکی زۆر نەرێنی لەسەر گەشەی زمان و کلتور و ڕەگ و قەد و پەڕ و باڵی نەتەوە هەیە و کیان مایەی ئارامی و گەشە و پێشکەوتن و سەرکەوتنی نەتەوەی کوردە. هەروەها بە پێی ئەم تیۆرە نەتەوە و نەتەوەگەرایی ئەرك و پەیام و ئامانج لێی ڕێکخستنی سنووری نەتەوەیە لەگەڵ سنووری سیاسی لە دەوڵەتی نەتەوەییدا، بەڵام ئامانج و پەیام و خۆزگەی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی شاعیردا بۆ سەربەخۆیی و ئازادی و بەرجەستەکردنی سەروەری گەل و نیشتمانە. کەواتە ناتەباییەکی بەرچاو دەبینرێت لە نێوان گوتاری شیعرەکانی شاعیر و بیردۆزی نەتەوەگەرایەتی ئەم تیۆرە.
هەرچی لە بە پێوانەی تای تەرازووی تیۆری سێیەمە (تیۆری ئیتنۆسمبۆلیزم) شیعرەکانی (هێمن)ی شاعیر لە لایەك بە هەڵگری گوتاری نەتەوەگەرای دادەنرێن، بەڵام لە لایەکی تریشەوە بە شعری نەتەوەگەرایی هەژمارناکرێن، بە شێوەیەکی گشتیش، دەتوانین بڵێین بە پێی ئەم تیۆرە تارادەیەك ڕێژەی نەتەوەگەرایی بوون لە گوتاری شیعرەکاندا ئاستێکی پێوانەیی کەمتری هەیە لە ڕێژەی نەبوونی گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی شاعیردا. چونکە ئەم تیۆرە لە سەر بنەمای ناوەندگیری نێوان تیۆری یەکەم (تیۆری پێشینەگەر) و تیۆری دووەم (تیۆری مۆدێرنیست) بنیات نراوە. واتە لە لایەك دان بە پەیوەندی نەتەوە بە ئیتنیك و کلتوری دێرین دادەنێنێت و بەمەش نزیکبوونەوە و پشتگیری بۆ تیۆری یەکەم (پێشینەگەر) پیشاندەدات، لە لایەکی تر پێی وانییە نەتەوە خاوەنی مێژووەکی دێرینە، بەڵکو هاوشێوەی تیۆری دووەم (مۆدێرنیست) پێی وایە مێژووی دروستبوونی نەتەوە دەگەرێتەوە بۆ مۆدێرنێتە و سەرمایەداریی و شۆرشی پیشەسازی و ڕۆشنگەریی و هەروەها نەتەوە بەرهەمی دەوڵەتی مۆدێرنە.
کەواتە بەلای ئەم تیۆرە نەتەوە دروستکراوێکی دەوڵەتی مۆدێرنێتەیە، بەڵام لەسەر خەیاڵ و فانتازیا بنیات نەنراوە، بەڵکو لەسەر کلتور و زمان و ئیتنیك و ئەفسانە و سمبۆلی دێرین بنیاتنراوە. کەواتە لەو شوێنەی ئەم تیۆرە (تیۆری ئیتنۆسمبۆلیزم) نزیك دەبێتەوە لە تیۆری دووەم (مۆدێرنیستەکان) نکوڵی لە بوونی گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعری شاعیر دەکات، بەڵام لەو شوێنەی لە تیۆری یەکەم (پێشینەگەر) نزیك دەبێتەوە نەتەوەگەرایی شیعرەکانی شاعیر دڵنیادەکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی زیاتر بەلای تیۆری دووەم (مۆدێرنیستەکان) دەشکێتەوە بۆیە بە ڕێژەیەکی کەمتر لەگەڵ بوونی گوتاری نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن)دا یەکدەگرێتەوە.
بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە سەرچاوەیەکەوە بۆ سەرچاوەیەکی تر لە ڕووی پۆلێکنکردن و ڕۆڵ و گرنگیان جیاوازی تێدەکەوێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بنەما جەوهەرییەکان بریتین لە: (ئیتنیك، خاك، زمانی نەتەوەیی، کەلتوری هاوبەش، مێژووی هاوبەش، ئابووری، هۆشیاری نەتەوەیی، ... هیتر). هەریەکە لەم بنەما جەوهەرییانەی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لە شیعرەکانی (هێمن)دا لە میانەی چەند ڕەهەند و لایەنێکەوە بەرجەستەکراون.
ئیتنیك، یان بڵێین ڕەگەز و نەژاد و تۆرمەو...هیتر، وەکو یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە کلاورۆژنەی چەند لایەن و ڕەهەندێکی وەکو: (شانازیکردن بە ئیتنیك و نەژاد و ڕەگەز و نەتەوە و میللەتی کورد، هاندان و هەست بزواندنی کورد وەکو نەژاد و ئیتنیك و میللەتێکی

مـەزڵوم، پیاهەڵـدان بـە کـورد وەکـو قارەمـان و ڕووڕەش و سـوککردنی نەیـارانی و خسـتنەڕووی ئامۆژگاری و ڕێنمایی بۆ کۆمەڵگای ئیتنیکی و نەتەوەیی کورد) لە شیعرەکانی (هێمن)دا بیناکراوە.

خـاك (زێد و هـەرێم و نیشتیمان و وڵات) لـە نـاو نـاوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا لـە میانـەی خستنەڕووی چەند لایـەن و ڕەهەنـدێکی وەکو: (بەرجەستەکردنی خاوەندارێتی و کۆنی و ڕەسـەنایەتی خاکی کورد شانازی و خۆشەویستی و گیانفیدایی بۆ خـاك، هاندان بـۆ خـەبات و شۆڕش و فیداکاری بۆ ئـازادکردنی خـاکی نیشـتمان، پیاهەڵـدان و وەسـف و نەخشـاندنی تـابلۆی ڕەنگینـی وڵات، ناوهێنـان و باسکردنی چەند شوێنێك لە وڵات، باسی سنوور و بەرجەستەکردنی خـاك، خەفـەتباری و تازیـەداری بۆ داگیرکـراوی و ژێردەسـت و وێرانکـردن ) وەکـو بنەمایـەکی تـر لـە بنـەما جەوهەرییـەکانی نەتـەوە و نەتەوەگەرایی بەرجەستەکراوە. هەروەها ئەم بنەمایە لە چاو بنەماکانی تری نەتـەوە و نەتەوەگـەرایی بـە لایـەن و ڕەهەندی زۆرتـر و هەمەلایـەنتر و بـەرچاوتر لـە شیعرەکاندا هەڵوەستەی لەسـەر کـراوە، بۆیـە لەسەر ئەم بنەمایە دەتواین شیعرەکانی هێمن بە شیعری نیشتمانی دابنێین

زمانی نەتەوەیی، یەکێکی ترە لە بنەما جەوهەرییەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی ناو شیعرەکانی (هێمن)، کە لە ئەنجامی خستنەڕوو چەند ڕەهەند و لایـەنێکی وەکو: (پشتگیری کردنـی (حـاجی قـادر) لـە دانـانی زمان بە بنەما و ناسنامەی کوردبوون، بە گرینگ زانین و خەمخۆری بۆ نووسین و خوێندن بـە زمـانی دایك، وەسف و پیاهەڵدان و خۆشەویستنی زمـانی کـوردی و بـەکارهێنان و تۆمـارکردن و لـە خۆگرتنـی سەدان وشە و زاراوەی کوردی پەتی) بنیادنراوە.

کـەلتور (داب و نـەریت، فەرهـەنگ، چاند)ی نەتـەوەیی، وەکو بنەمایـەکی تر لـە بنـەما جەوهەرییـەکانی نەتەوە و نەتەوەگەرایی، لە میانەی خستنەڕووی چەند لایـەن و ڕەهەندێکی وەکو: (هاندان و پشتگیری کردنــی کــەلتوری ڕەســەنی کــوردەواری، پیاهەڵــدان و شــانازی کــردن بــە کــەلتوری کــوردەواری، خستنەڕووی چەند سیفات و خەسلەتێکی کـەلتوری ڕەسـەنی کۆمەڵگە و تـاکی کوردی، ڕەخنـەگرتن و داوای بـەرەو پێشـەوەچوونی کـەلتورە دواکـەوتووە کوردییـەکان، ئاماژەکردن بـە کەسـایەتی و چیرۆکـە میللی و فۆلکلۆرییەکان و یادکردنەوە و لە خۆگرتن و ناوهێنـانی یـاد و بۆنـەی کـەلتوری و نەتـەوەیی) لـە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا بەرجەستەکراوە.

مێژووی هاوبـەش، ئـەم بنەمایـە جەوهەرییـەی نەتـەوە و نەتەوەگـەرایی، لـە شـیعرەکانی (هـێمن)دا لـە باوەشکراوە لـە دەرهاویشتـەی لـەخۆگرتنی چەنـد بـاس و لایـەنێکی مێژوویـی وەکـو: (شـانازی کـردن و پیاهەڵـدان بـە مێـژووی رابـردو و ڕەگـەزی دێرینـی کـورد، یـادکردن و ئامـاژەکردن بـە چەنـد ڕوداو، کارەسات، ڕەمز و کەسایەتی مێژوویی و بەرجەستەکردنی شیعر وەکو تۆمارگە و پـەڕاوێکی مێژوویـی ڕوداو و بەسەرهاتەکان).

ئابووری نەتەوەیی، لە ئەنجامی بەرجەستەکردنی چەند ڕەهەندێکی وەکو: (هەڵوەستەکردن و ئاوڕدانەوە لە ئامراز و هۆکارەکانی وەبەرهێنانی مۆدێرن، ئاماژەکردن و خستنەڕووی تـاڵانکردن و بـەزۆر بردنـی بەرهەم و ئابووری کورد، باسی دەستی کـار و جوتیـار خستنەڕووی گرینگیـان بۆ بەرهـەم و ئـابووری وڵات و پاڵپشـتی و ئاوڕدانـەوە لـە بەرهـەمی خۆمـاڵی و پشـتکردن لـە بەرهـەمی بیـانی) لـە نـاوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا هەڵوەستەی لەسەر کراوە.

ئـاین و بـاوەڕ، یـەکێکی تـرە لـەو بنـەما جەوهەرییانـەی نەتـەوە و نەتەوەگـەرایی کـەوا شـاعیر لـە نـاو شـیعرەکانی خۆیدا بەرجەسـتەی کـردووە لـە ڕێگـای خستنەڕووی چەنـد بـاس و ڕەهەنـدێکی هـەروەك: (کۆکردنەوەی نزا و هێزی ڕوحی ئاین لە خەباتی نەتەوەگـەرایی، پـەردە لـەڕوو لادان و ڕەخنـەگرتن لـە شێخ و کەسایەتییە ئاینییەکان و نزای خێر و بەرەکەت بۆ دۆستانی گەل و نزای شەر لە نەیارانی).

هۆشیاری و وەحـی نەتـەوەیی، وەکو دوایین بنـەمای جەوهـەری و سـەرەکی نەتـەوە و نەتەوەگـەرایی لـە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا لـە دەرئـەنجامی ئـەم خاڵانـە مسۆگـەرکراوە: (خستنە بـەرچاوی زوڵـم و زۆرداری نەیــاران، خســتنەڕووی پیلانــەکانی دوژمنــانی نیشــتمان، پێشکەشــکردنی ئامۆژگــاری و بەرچاوڕوونی بە کۆمەڵگەی کوردی، پیشاندانی ڕێگـای ڕزگـاری و هۆشیاری تـاکی کـورد لـە میانـەی بەرجەستەکردنی بنەماکانی تری نەتەوەگەرایی)

لە شیعرەکانی (هێمن)دا بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر هۆکار و بەربەست لەبەردەم بەئەنجامگەیشتنی نەتەوەگەرایی کورد دەخاتەڕوو، کە ئەویش (هۆکاری و بەربەستە دەرەکییەکان و هۆکارو بەربەستە ناوەکییەکان).
هەڵبەتە هۆکار و بەربەستە دەرەکییەکان بە دوو باس و هۆکار و ڕەهەندی وەکو: (پیلان و دژایەتی دوژمنانی هاوسێ بە ڕەزامەندی و هاوکاری دەوڵەتە زلهێزەکان، هەروەها کوشتن و لەناوبردنی کورد و بەتاڵانبردنی سامان و بەرهەمی کوردەواری) دەخاتەڕوو.
هەروەها هۆکار و بەربەستە ناوەکییەکانی ناو شیعرەکانیشی بە شەش فاکتەر و باسی وەکو: (لەخەومان و دواکەوتن و سستی لە ڕاپەڕین و کۆڕی خەبات، هەبوونی دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، بەڵای خاین و خۆفرۆش و جاش و نەفسنزمەکانی کۆمەڵگا، دیاردەی کۆیلەکردن و بەندکردنی ڕەگەزی مێینە و دابڕاندنی لە کۆڕی خەبات، بەجێماوی و ناهۆشیاری و دواکەوتوویی و نەزانی و نەخوێندەواری کچان، زوڵم و زۆری و چەوسانەوەکانی ئاغا و دەرەبەگی کۆمەڵگەی کوردی) بەرجەستەدەکات.
لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (هێمن)دا تەنیا پەنجە نەخستراوەتە سەر برین و کێشەو هۆکارو بەربەستەکانی بەردەم پرسی گەل و بەئامانجگەیشتنی نەتەوەگەرایی کوردی، بەڵکو دەرمان و تیماری برین و چارەسەری بەربەستەکانیش پێشکەشکراوە. کە بە شێوەیەکی گشتی حەوت چەرەسەری جەوهەری خراونەتەڕوو، کە ئەوانیش بریتین لە: (هێزو ڕووبەڕووبوونەوە و جەنگ و خەباتی لاوەکان، یەکبوون و یەکگرتن و یەکڕیزی و برایەتی لە نێوان تاکەکان، ڕابوون و هەستان و ڕاپەڕینی جەماوەری گەل، چوونە قوتابخانە و دەستکردن بە خوێندن و فێربوون، هۆشیاربوونەوەی چینی جوتیار و کرێکار و ڕەنجدەرانی، هەبوونی تاکی پاك و شارەزا و لێهاتوو بەتوانا، فەراهەمبوونی ئازادی و هۆشیاری ڕەگەزی مێینە).

# سەرچاوەکان

## 1- کوردییەکان

### أ- دیوانی شیعرەکانی (هێمن)


- حەبیب، وریا. **مامۆستا هێمن موکریانی.** سلێمانی: چاپ و پەخشی چوارچرا، ٢٠٠٨.


### ب- کتێبەکان:


- ئازاد، د. کەیوان. **کورد و دەوڵەت لە مێژوودا.** زنجیرەی بڵاوکراوە لە ماڵپەڕی باستیوز، 2018-2018، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی، 2020.
- ئاشوری، داریوش، پازارگاد، دکتۆر بەهائەددین، روزبە. **فەرهەنگی نوێ.** بورهان قانع، لە فارسییەوە کردویەتی بە کوردی. سلێمانی: 2003.
- ئامێدی، د. عەبدوڵڵا یاسین عەلی. **هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا (1939-1970).** هەولێر: وەزارەتی پەروەردە، 2005.
- ئامێدیان، فەخرەدین. **فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی.** سنە: شەمیمی سنە، 2013.
- ئەبریشەمی، د. عەبدوڵلا. **نەتەوەخوازی.** وەرگێرانی: سەلاحەدین ئاشتی.. ؟: چاپخانەی شڤان،؟.
- ئەلعەزاوی، د. قەیس جەواد. **ڕەگ و ڕیشەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی.** وەرگێڕانی لە فەرەنسی: د. موحسین ئەحمەد عومەر. ئیستانبوڵ: بەردان، 2015.
- ئەحمەد، د. کەمال مەزهەر. **رینیسانس، لەگەڵ باسێکی تر بە ناونیشانی ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ.** چاپی سێیەم. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، 2006.
- ئەحمەد، د. کەمال مەزهەر. **چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد.** ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە. بەشی یەکەم، بەغداد: الادیب البغدادیە، 2001.
- احمد، بهمن کاك عبدالله. **دۆزی کورد، لە رێککەوتننامەو پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان دا لە سایکس بیکۆ تا جەزائیر (1916-1975).** هەولێر: چاپخانەی هاوسەر، 2017.
- بابایی، غولامەرزا عەلی. **فەرهەنگی سیاسی ئارەش.** وەگێرانی لە لایەن: زاهیر محەممەدی و یاسین حاجی زادە. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات، 2013.
- باپیر، عەلی. **سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلامـــدا.** هەولێر: نوسینگەی تـــەفسیر، 2005.
- بەهرامی، گوڵباخ. **دەوڵەتی کوردستان، بۆچوونی جیاواز.** هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2015.
- بۆرەکەی، سەدیق( سافی زادە) **مێژووی وێژەی کوردی،** بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2008.
- بەدلیسی، شەرەفخانی. **شەرەفنامە**. وەرگێڕانی: هەژار، بەغدا: لە چاپکراوەکانی کۆری زانیاری کورد، 1972.
- چنگیانی، د. جەزا. **هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەت.** هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، 2017.
- حسامی کەریمی. **یادی هێمن.** سوید: ؟، 1987.
- حسێنی، رەزا سەید. **قوتابخانە ئەدەبییەکان.** وەرگێرانی: حەمەکەریم عارف، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2006.
- حەسەن، **محەمەج فەریق. هێمن و بۆنی غەریبی.** هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس، 2008.

- حەمەباقی، محەمەد. **شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری( 1880) لە بەڵگەنامەی قاجاریدا.** هەولێر: چاپخانەی موکریان، 2000.
- خانی، ئەحمەد. **مەم و زین.** ئامادەکردن و پەراوێزنووسینی هەژار. هەولێر: ئاراس، 2008.
- خەزنەدار، د. مارف. **مێژووی ئەدەبی کوردی.** بەرگی حەوتەم، چاپی دووەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2010.
- خەزنەدار، د. مارف. **مێژووی ئەدەبی کوردی.** بەرگی دووەم، چاپی دووەم، هەولێر: ئاراس، 2010.
- خەزنەدار، د. مارف. **مێژووی ئەدەبی کوردی.** بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر: ئاراس، 2010.
- دزەیی، عبدالواحد موشیر. **پراگماتیکی دەق و گوتار.** هەولێر: ناوەندی ئاوێر، 2014.
- زادە، محمد حاجی. **فەرهەنگی ڕاڤەیی "ئیزم"ـەکان.** وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سیروان مووساپوور، شوێنی چاپ: تاران، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی، 2018.
- زاگرۆس، ژیرۆ. **هەتیتەو مەتەرێزی ناسیۆنالیزم (کوردستان هەتیتەی ناسیۆنالیزمی دەمارگیرو مەتەرێزی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی).** ؟: ئەلیکترۆنی، 2021.
- سابیر, ڕەفیق. **ئیمرتۆریای لم لەبارەی ئیسلام خێل و ناسیۆنالیزم.** چاپی چوارەم، سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، 2014.
- سابیر، ڕەفیق. **کلتور و ناسیۆنالیزم.** چاپی سێیەم، هەولێر: چاپخانەی تیشک، 2008.
- ساڵح, مەجید. **بیری نەتەوەیی لای شێخ نوری شێخ ساڵح.** سلێمانی: ؟، 2016.
- سمیس، ئەنتونی **دی. نەتەوەخوازی، تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو.** وەرگێڕانی هوشیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس، 2004.
- سورخی، ڕەحیم. **شیکردنەوەیێکی ڕەخنەیی گوتاری ڕۆژنامەنووسی کوردی.** هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم. 2013.
- سەعید, هیوا عەزیز. **ناسیۆنالیزمی کوردی( 1880 – 1939).** سلێمانی: بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری( ی.ن.ک)، 2003.
- شەبانی، ئەحمەد. **فەرهەنگی زانستی- سیاسی، (فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان)،** کوردی- فارسی – ئینگلیزی. سنە: پاساژ عێزەتی، 2010.
- عبدالخالق، مسعود. **مەوسوعەی جودی، بۆ چەمك و زاراوەكانی سەردەم.** هەولێر: نوسینگەی تەفسیر، 2008.
- عەبدولوەهاب شێخانی. ***فەرهەنگی شێخانی (کوردی-کوردی).*** دهۆك: چاپخانەی خانی. 2009.
- عەلی، د. تالیب حوسێن. **شیکردنەوەی گوتار (شانۆگەری- ڕۆمان- تەنز- شیعر).** هەولێر: هێڤی، 2019.
- عەلی، د. جەعفەر. **ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی.** چاپی دووەم، هەولێر: ڕۆژهەڵات، 2013.
- فاتح، موحەمەد، **ناسیۆنالیزم و سیاسەت.** هەولێر:؟، ٢٠١٢.
- فەتاح، رزگار عومەر. **ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نووری دا.** هەولێر: چاپخانەی موکریانی
- ڤان بروینسێن، مارتین. **مایکێل گونتەر،...هیتر. ناسیۆنالیزمی کورد و ڕوانگەی ڕۆژئاوا.** وەرگێڕانی: وریا ڕەحمانی. سلێمانی: سەردەم، 2012.
- قادر، شێرکۆ حمە أمین. **شیکارکردنێکی گوتاریی هەواڵ.** سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، 2009.
- قانیع، مەریوان وریا. **ناسیۆنالیزم و سەفەر، کورد لە دیاسپۆرا.** سلێمانی: چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٥.
- قەرەداخی، عەتا. **گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی.** بەرگی سێیەم، سلێمانی: چاپخانەی رەنج، 2007.
- قەرەداخی، عەتا. **گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی،** بەرگی دووەم، سلێمانی، 2013.

- قەرەداخی، عەتا. ***گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی***. بەرگی چوارەم، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، 2021.
- قەرەداخی، عەتا. **گەڕان بە دوای بووندا.** سلێمانی: سەردەم، 2002.
- کۆچیرا، کریس. **بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی.** وەرگێرانی لە فارسیەوە: حەسەن رەستگار. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات، 2013.
- کۆمەڵێك مامۆستا. **فەرهەنگی هەراشان.** هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، 2007.
- کەمال، دیارعەلی. گوتاری سیاسی کوردی لەروانگەی پێشگریمانەکانەوە، نامەی دکتورا. هەولێر:؟،2010.
- کۆچێرا، کریس. **کورد لە سەدەی( 20 و 19)دا.** وەرگێرانی: محەمەد رەیاتی، چاپی دووەم، تەهران: چاپخانەی سەقز. 1369.
- گەنتەر، مایکڵ. **فەرهەنگی مێژووی کورد.** وەرگێرانی: مامکاك. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس، 2007.
- لازاریڤ، میخاییل سیمۆنویچ. **ناسیۆنالیزم لە رۆژهەڵاتی نزیك، ناسیۆنالیزمی عەرەب، کورد، تورك.** وەرگێرانی لە رووسییەوە: مەنسور سدقی. ؟:؟، 2016.
- محەمەد، مەسعوود. **بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوێیەك بێت.** دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، 1984.
- مستەفا، حەسەن. **پرەنسیپە گشتییەکانی سیستەمە سیاسییەکان.** چاپی دووەم، سۆران: کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی، 2017.
- موکریانی، د. کوردستان و چەند نووسەرێکی تر. **فەرهەنگی هەڕاشان.** دەزگای ئاراس، هەولێر 2007.
- موکریانی، گیوی. **فەرهەنگی کوردستان.** هەولێر: دەگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 1999.
- میهرداد، ئەکرەم. **ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، رەخنە).** سلێمانی: مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک.)، 2006.
- مەحمود، ئومێد. **ڕۆڵی هێز لە بە دەوڵەتبوونی کوردستاندا.** سلێمانی: سەردەم، 2017.
- ناوخۆش، سەڵام. **ئایین و ناسیۆنالیزم.** هەولێر: نووسینگەی تەفسیر، 2006.
- نەوڕۆڵی، فارس. **دەروازەی چەمکەکان.** چاپی چوارەم، چاپخانە: تاران، 2020.
- نیزامەدین، فازل. **ئەستیرە گەشە، فەرهەنگی کوردی – عەرەبی.** چاپی سێیەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2003.
- نێعمەت مەلا. **مامۆستا هێمن، شاعیری گەل. لە یادی ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی هونەری کوردەواری.** ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی، ٢٠١٢.
- نەبەز، جەمال. **بیری نەتەوەییی کوردی نە بیری قەومیەتی رۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی رۆژاوایی یە.** لەندەن: بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە، ٢٠٠٢.
- هۆبزباوم، ئێریك، ئەندرسۆن، بندکت،...هیتر. سابیر، ئارام جەمال (وەرگێر). **رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم.** سلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2004.
- هێمن. **چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز.** مهاباد: چاپەمەنی و ئینشاراتی ڕەهرەو، 1999.
- هەژار. **هەنبانە بۆرینە**، فرهنگ کوردی- فارسی. تهران: سروش، 2000.
- هەمەدانی، بابە تاهیر. **گەنجیە بەشێک لە چوارینەکانی بابەتاهیری هەمەدانی.** وەرگێرانی: دڵزار. بەغدا: بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی ئازادی، 1960.
- یەلدرم، د. قەدری. **حاجی قادری کۆیی خانی دووەم.** گۆڕینی لە پیتی لاتینییەوە: د.عوسمان دەشتی. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، 2016.
-

**ت- نامە ئەکادیمییەکان**


- ئاگرین, عەبدوڵڵا عەزیز. **کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردیی کوردستانی عێراقدا 1961 - 1970**، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، 1999.
- ئاگرین، عەبدوڵڵا عەزیز. **شیعری سیاسی کوردی لە خوارووی کوردستان ( 1918-1830).** نامەی ماستەر. کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، 1994.
- ئەحمەد، شۆڕەشڤان عادل. **شرۆڤەکرنا گۆتارا سینەمایی یا فیلمێ کوردی "دەربازبوون ژ غوبارێ " ل دویڤ مۆدێلا (جۆن فیسك)ی.** نامەی دکتۆرا، زانکۆی زاخۆ، 2022.
- ئەرگون، زولکوف. **نەریتا نەتەوەیی د هەڵبەستا نوویا کوردیدە (1880-1970).** نامەی دکتۆرا، زانکۆی زاخۆ، 2017.
- حسین، هیوا کریم. **کاریگەری گوتاری ئەدەبی لەسەر ڕای گشتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا (بە نموونە ی باشوری کوردستان 1992-2003).** نامە دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، 2020.
- حەمە بچکۆل، ئاهەنگ شەفیق. گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو ساڵانی (١٩٩٥ - ٢٠٠٥). نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٩.
- خضر، عثمان حمد. **ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شیعری هێمن.** نامەی ماجستێر، زانکۆی سەڵاحەدیین، کۆلێجی ئاداب، 2001.
- سلیمان، اسماعیل حمدامین. **پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا.** نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدیین، هەولێر، 2012.
- شەریف، هاوکار یاسین. **کاریگەری گوتاری ڕۆژنامەوانیی کوردی و ڕۆڵی لە پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی پرسی ڕیفراندۆم لەڕۆژنامەی "خەبات".** نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، 2022.
- صالح، ئاوارە کەمال. **ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا.** نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٠.
- عەبدوڵڵا، فەهمی شوکری. **نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی (1650-1707)دا.** نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر،2009.
- قادر، شیرکو حە مە ئە مین. **شیکارکردنیکی گوتاریی چیروکە هە وال.** نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، 2009.
- کەمال، دیار عەلی. **گوتاری سیاسی کوردی لەڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە.** نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، 2010.
- محمد، ارام محمد عبدالله. **بیری نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوە لە کورتە چیرۆکی کوردیدا بەنمونەی (کۆی کورتە چیرۆکەکانم)ی عەبدوڵا ئاگرین.** نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، 2022.
- محەمەدئەمین، یوسف نوری. ئەرگۆمێنت لە گوتاری ئاینی ئیسلامدا. نامەی دکتۆرا. زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، 2022.
- مستەفا. ئاسۆ عومەر، ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعیری لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو 1920-1970). نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، 2019.
- میران جلال محمد، **گوتار لە ڕۆمانی کوردیدا (1975 -2000) باشووری کوردستان.** تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، 2014.
- نەبی، کامیران محەمەد. قۆناغێن **وەرارا هزرا نەتەوایەتی د هوزانا کوردی دا - ژ دەست پێکێ تاکو دوماهی یا سەدێ بیستێ -** نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، 2005.
- نەبی، کامیران محمد. **قۆناغەکانی گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی لە شیعری کوردیدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی سەدەی بیستەم.** نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، 2005.

-یونس، عەدنان حەمەدەمین. ڕەهەندەکانی گوتاری سیاسیی کوردی لە هەرێمی کوردستان (سەردەمی شەڕی داعش بە نمونە). زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٢٠.

**ث- ڕۆژنامە و گۆڤارەکان**

**ج-** ئەحمەد، د. کەمال مەزهەر. **کوردی سلێمانی و بەغدا لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا.** پەیڤین (گۆڤارێکی روناکبیری وەرزییە)، ژمارە 9. سلێمانی، 2000.

- ؟، **چەمکناسی: نەتەوە، ناسنامەی ئێتنیکی، ناسنامەی نەتەوەیی.** وەرگێران و ئامادەکردنی: هەورامان فەریق، وەرزنامەی ئێراناسی، گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات، ژمارە 2، ساڵی یەکەم، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، 2ی کانوونی دووەمی 2022.
- ڕۆحانی، ئیحسان مەردۆخ. **نەتەوەخوازی و کێشی شیعری کوردی.** گۆڤاری ئەدەبیاتی کوردی، ساڵی 6، ژمارە 1، زنجیرەی 9، بەهارو هاوینی 2020.
- سعدون، سامان عزالدین. **ڕۆڵی شیعری سیاسی لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورددا.** گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە3، خول 5، رەزبەر 2018.
- سەعید، د. محەمەد ئەحمەد. **بیری نیشتمانی و گیانی نەتەوەیی لە شیعری دیالێکتی گۆراندا.** گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە 12، بەشیB، 2003.
- شاوێسی، دلێر اسماعیل حەقی. **نەتەوە و نەتەوایەتی هۆکارەکانی لاوازی هۆشیاری نەتەوایەتی لای کورد و دروست نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی.** گۆڤاری زانکو بۆ زانستە ئینسانییەکان،، ژمارە7، ساڵی سێیەم، هەولێر: زانکۆی سەلاحەددین، 1999.
- عەبدوڵڵا، سەلام عەبدولکەریم. **کورد لە ڕوانگە ی تێزی (ئاوێتە کردنی تورکیی ئیسلامیی/ Türk-Islam Sentenzi) لە تورکیا.** گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی پەروەردەی زاستە مرۆڤایەتییەکان، 2019، ل.208.
- عومەر، د. موحسین ئەحمەد. **ئەدەب و کۆمەڵگا**، گۆڤاری ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی دەیەم، ژمارە 105، 2005.
- قارەمانی، جەعفەر و ئەحمەدی، سەید ئەسعەد شێخ. **جوانیناسی و شیعری هێمن.** گۆڤاری توێژینەوەی ئەدەبی کوردی، ساڵی 3، ژمارە 4، پایز و زستانی 2016.
- کەریم، ئازاد عەبدولواحید و سەلام، کوێستان جەمال، **سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی(لە دەقی شیعری نەسرینی فایەق بێکەسدا).** گۆڤاری کاروان، ژمارە 155، 2001.
- محمد, محمد بکر. **تیۆریزەکرنا هزرا نەتەوەگەری لە هۆزانا کلاسیکا کوردیدا.** گۆڤاری مەتین، ژمارە 116، 2001.
- محمد، محمد بکر. **تیۆریزەکرنا هزرا نەتەوەگەری لە هۆزانا کلاسیکا کوردیدا.** گۆڤاری مەتین. ژمارە 118، چریا دووێ،2001.
- محەمەد، مەسعود، **(چاوپێکەوتن)** گۆڤاری ڕامان، ژمارە 17، 05/ 11/ 1997.
- هەرکی، صالح. **ئایا زمانی یەکگرتووی کوردی مومکینە.** گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە ١٥١، هەولێر، ٢٠٠٧.

**ح- ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێت:**

- بەشی (لغت نامەها)، ماڵپەڕی: (لام تاکام)، وەرگیراوە لە: (01/ 12/ 2024)، بەم لینکە: معنی گرا - لغتنامە دهخدا

- بەختیار سەجادی (وتووێژ). **هێمن لە نێوان نوێخوازی و نوێبوونەوەدا.** چاوپێکەوتن، لە ماڵپەڕی: (ماڵی کتێبی کوردی)، (05/ 05/ 2021)، وەرگیراوە لە: (27/ 11/ 2023)، بەم لینکە: هێمن لە نێوان نوێخوازی و نوێبوونەوەدا؛ وتووێژ لەگەڵ د. بەختیار سەجادی - ماڵی کتێبی کوردی
- حیدری، سەوزە. **ماموستا وە فایی (شاعر نامی کورد زبان).** ماڵپەڕی: (سۆزی میحراب)، (28/ 04/ 2017). وەرگیراوە لە: (21/ 01/ 2024)، بەم لینکە: https://sozimihrab.org/%D9%85%D8%A7%D9%85%D9%88%D8%B3%D8%AA%D8%A7-%D9%88%D9%87-%D9%81%D8%A7%DB%8C%DB%8C-%D8%B4%D8%A7%D8%B9%D8%B1-%D9%86%D8%A7%D9%85%DB%8C-%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF-%D8%B2%D8%A8%D8%A7%D9%86/
- حەمە، سەردار عەبدوڵا. «**لینین »لەم ڕۆژەدا ژیانئاوایی کرد!.** لە ماڵپەڕی: (بۆ پێشەوە)، (21/ 01/ 2023). وەرگیراوە لە: (25/ 01/ 2025)، بەم لینکە: »لینین»لەم ڕۆژەدا ژیانئاوایی کرد ! – Bo Peshawa

-ڕەشید، سامان. شورشی دەوڵەت بوون. (28/ 09/ 2015). ماڵپەڕی (ئەرشیف)، وەرگیراوە لە: (1/ 11/ 2022) بەم لینکە: شۆڕشی دەوڵەت بوون: Free Download, Borrow, and Streaming: Internet Archive

- زادە، د. محەمەد حوسێن. **ناسیۆنالیزمی نەمر.** لە (22/ 02/ 2024)، ماڵپەڕی: (چاوی کورد)، لە بەشی: نەتەوە و دەوڵەتسازی، وەرگیراوە لە: (10/ 06/ 2024). بەم لینکە: ناسیۆنالیزمی نەمر - Chawy Kurd

-زیـــبا تـەهـــــــا. ڕۆڵی ئافرەت لە سەرکەوتنی شۆڕشەکاندا. لە (28/ 05/ 2024 )، ماڵپەڕی: (پارتی دیموکراتی کوردستان)، وەرگیراوە لە: (05/ 12/ 2024)، بەم لینکە: ڕۆڵی ئافرەت لە سەرکەوتنی شۆڕشەکاندا

- شمس، د. سەعید. **بزاڤی ناسیۆنالیزم و دەوڵەت-نەتەوە، پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە نێوان خەون و راستی دا.** چاوپێکەوتنێکی ئامادەکراوە لە لایەن: هادی محەمەدی. ماڵپەڕی: (پرووشە)، (27/ 11/ 2012). وەرگیراو لە: (20/ 5/ 2020). بەم لینکە: https://www.blogger.com/profile/09814411629168270029
- عومەر، سومەیە. **شێواندنی هۆشیاری و فریودانی هاووڵاتی.** لە بەرواری (15/ 10/ 2024). ماڵپەڕی: (چاوی کورد) وەرگیراوە لە: (01/ 11/ 2024)، بەم لینکە: شێواندنی هۆشیاری و فریودانی هاووڵاتی- Chawy Kurd
- عەبدوڵڵا، د. ژینۆ (راپۆرت). **ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا، (کرمانجی خواروو 1920 – 1970).** ماڵپەڕی: (ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خا، خاك تیڤی)، (04/ 01/ 2020)، وەرگیراوە لە: (22/ 11/ 2024)، بەم لینکە: ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا
- قەرەداخی، عەتا. **ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیعر لای مەحوی.** ماڵپەڕی: (وتاری کورد)، (09/ 08 /2022)، وەرگیراوە لە: (14/ 11/ 2024)، بەم لینکە: WTARIKURD - عەتا قەرەداخی: ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیعر لای مەحوی.

-قەرەداخی، عەتا. ڕەگەزی خاک و جیهانبینی نەتەوەیی لە شیعری حەسیب قەرەداخی دا.... **ماڵپەڕی (دەنگەکان)، (1/ حوزەیرانی/ 2022)، وەرگیراوە لە: (2024/1/22)، بەم لینکە:** ڕەگەزی خاک و جیهانبینی نەتەوەیی لە شیعری حەسیب قەرەداخی دا... نووسینی: عەتا قەرەداخی – Denegkan

- محەمەد، پ.ی.د. دارا حەمید. **دەق و گوتار لە زمانی کوردیدا، چەمک و جیاوازی.** کۆنفرانس. زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، بەرواری بڵاوکردنەوە: (29/10/2020)، لینکی ماڵپەڕی بڵاوکراوە: دەق و گوتار لە زمانی کوردیدا چەمك و جیاوازی SUE Conferences –
- موهتەدی، سیامەند. **ئەتنیك چییە؟** ماڵپەڕی: (خاك)، لە (23/ 12/ 2021)، وەرگیراوە لە: (14/ 01/ 2025)، بەم لینکە: ئەتنیک چییە؟

www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=27083&type=farhang

-نورالدین، ڕاوێژ. **هێمن موکریانی.** ماڵپەڕی:/ (زانیاری)، (09-03-2021). وەرگیراوە لە: (22/ 11/ 2023)، بەم لینکە: هێمن موکریانی

zaniary.com/blog/6047880473087

**-ئەحمەد، زامدار.** ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی. **ماڵپەڕی: (وشە)، (31/ 07/ 2017)، وەرگیراوە لە: (19/ 12/ 2022)، بەم لینکە:**

-ئەبووبەکر، کەنار . سمکۆی شکاک. ماڵپەڕی: (زانیاری)، (14-08-2022)، وەرگیراوە لە: (01/ 01/ 2025). بەم لینکە: **سمکۆی شکاک**

**-ئەمین، پ. د. بەختیار.** خاک و ژینگەی ئێمە و ئەوان. **ماڵپەڕی: (ئاوێنە)، (09/ 06/ 2022)، وەرگیراوە لە: (22/ 2/ 2024)، بەم لینکە:** خاک و ژینگەی ئێمە و ئەوان

**٢- عەرەبییەکان:**

- فندي، رشيد. **الفكر القومي الكوردي بين خاني و حاجي قادر الكويي.** ؟: ؟، 2008.
- العوني، محمد علي. **العلوم السياسية، دراسة في الاصول و النظريات و التطبيق،1988.** ط1، بيروت: عالم الكتب، 1988.
- علي، عثمان. **الأسس الفكرية للحركة القومية الكردية.** الحلقة الثانية، مجلة ئالاي ئيسلام، السنة التاسعة، العددان(3،2)، نوفمبر، 1995.
- عكاشة، محمود. **لغة الخطاب السياسي: دراسة لغوية تطبيقية في ضوء نظرية الاتصال.** مصر: دار النشر للجامعات، 2005.
- عبيدي. منيبة. التحليل النقدي للخطاب. عمان: دار الكنوز، 2016.
- عبدالرحمن، طه. **اللسان والميزان والتكوثر العقلي، الطبعة الاولى،** دارالبيضاء: المركز الثقافي العربي، 1998.
- الشهري، عبد الهادي بن ظافر. **استراتيجيات الخطاب: مقاربة لغوية تداولية.** بيروت: دار الكتاب الجديد، 2004.
- سييف، فيدو. **القوميه والاممية والپروليتارية- الماركسيه فى القرن العشرين.** ترجمه: د. نجاح الساعاتى، دمشق: مطبعه العلم، 1983.
- روبول، اوليفيي. **مدخل الى الخطابة،** ترجمه: رضوان العصبة، أ فريقيا الشرق، المغرب: دارالبيضاء، ٢٠١٧.
- البشرى، د. عبدالغنى. **اثر سياسة القوميات فى الحركة القومية العربية،** القاهرة: ادارة المطبوعات و المنشورات للقوات المسلحة، 1964.
- أحمد، د. جمال رشيد. **ظهور الكورد في التاريخ – دراسة شاملة عن خلفية الأمة الكوردية ومهدها.** اربيل: مطبعة وزارة التربية، 2003.

**٣- فارسییەکان/**

- **؟، گزارش میراث آریا به بهانه زادروز سردار ملی؛ چگونه «ستارخان» قهرمان عصر مشروطه شد؟. وب سایت: (میراث آریا)، (2023/10/20)، بازیابی شده در: (2025/01/01)، در این لینک: چگونه «ستارخان» قهرمان عصر مشروطه شد؟/ الگوی مقاومت در برابر استبداد و استعمار - خبرگزاری میراث آریا**
- صفری، صبا. **ژاندارک، اسطوره شهامت در تاریخ فرانسه.** برگرفته از وبسایت: (ایوار) در: (1397/10/24)، بازیابی شده در: (25/ 01/ 2025)، در این لینک: ژاندارک که بود و چرا او را دوشیزه اورلئان می‌نامند؟ - ایوار

## ٤ـ ئەوروپییەکان/


- Wehmeier, Sally, ed. **The Oxford English Dictionary.** 6th ed. Britain: Oxford University Press, 2001.
- Mathieu Huard-Champoux. **Des théories du nationalisme à la construction identitaire nationale: l'identité nationale dans un contexte de légitimation politique en chine.** Mémoire de maîtrise (sous la dir. de M. André Laliberté), Université du québec à montréal, 2008
- Marshall, T.H. **Citizenship and Social Class and Other Essays**. Cambridge: Cambridge University Press, 1950.
- **Gellner, Ernest.** Nations and Nationalism (New Perspectives on the Past). **Ithaca: Cornell University Press, 1983.** Citizenship." In Encyclopedia Britannica, 15th ed., vol. 6. Chicago: Encyclopedia Britannica Inc., 2010
- Encyclopædia Britannica; or, A Dictionary of Arts, Sciences, &c. 2nd ed., vol. 3. Edinburgh: Printed for J. Balfour, W. Gordon, J. Bell, et al., 1778, 1996.
- Anderson, Benedict**. Imagined Communities: Refleetions on the origins and spread of nationalism Revised edition**. NewYork: Verso, 1991.
- **GEOFFREY, LEECH.** Principle of pragmatics **، London: longman, 1983.**
- "?. Primordialism." The Politics Shed, (12/ 03/ 2024). Received on date: (21/ 12/ 2024). Retrieved from: The Politics Shed - Primordialism